HALABJA UNIVERSITY JOURNAL

VOLUME 8
ISSUE 1
MARCH 2023

HALABJA UNIVERSITY JOURNAL

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە

گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمییە
زانکۆی هەڵەبجە بڵاوی دەکاتەوە

ADDRESS
huj@uoh.edu.iq
www.huj.uoh.edu.iq
Iraq, Kurdistan Region, Halabja Governorate, Ababayle

داهێنانەکانی خانای قوبادی لە بواری ئەندێشەو هونەری داستانە شیعردا

فازیل مەجید مەحموود[1]، شۆخان رمضان قادر[2]
[1,2] بەشی کوردیی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: fazil.qasim@univsul.iq

پوختە:

خانای قوبادی یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی کورد و سەربە ئەدەبییاتی کلاسیکە؛ لە کۆتایی سەدەی (١٧)؛ سەرەتای سەدەی (١٨)دا ژیاوە؛ شاعیرێکی ئازادیخواز بووە و لە دژی زوڵم و زۆرداری وەستاوەتەوە؛ شانازی بە زمانی کوردییەوە کردووە؛ لەو شاعیرانەیە، کە زۆرترین بەرهەمی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە؛ لە هەندێك بواردا پێشەنگی شاعیرانی ئەدەبی کوردی بووە؛ لەوانە : (وەرگێرانی قورئانی پیرۆز و داستانە شیعرییەکان، فۆرمی تەرجیع بەند، داشۆرین "هەجوو")، سەرەڕای ئەوەی، کە لە سەردەمێکی پڕ لە کێشەو شەڕو ئاژاوەدا ژیاوە، بەڵام هەموو هێزو تواناکانی خستۆتە گەڕ لە پێناو داهێناندا بووەتە ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە ئەدەبی کوردیدا و داهێنانی کردووە لەبەر ئەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە داهێنانەکانی بخاتە ڕوو بۆ ئەوەی ببێتە بنچینەیەك بۆ نووسینی توێژینەوەی زانستی و پاڵنەرێك بێت بۆ توێژەری کورد، تا زیاتر گرنگی بەم شاعیرە بدەن، کە سەربە دیالێکتی گۆرانە، لە پای ئەوەی پەراوێز خراوە بە گوێرەی پێویست بایەخی پێنەدراوە. توێژینەوەکە بە میتۆدی مێژوویی، وەسفی شیکاری نووسراوە.

وشە کلیلییەکان:(خانای قوبادی، داستانە شیعر، داهێنان)

الملخص:

خانا القبادي من الشُّعراء الكرد البارزين، ينتمى إلى الأدب الكلاسيكى، عاش في نهاية قرن السابع عشر وبداية قرن الثامن عشر الميلادي، وكان طالباً للحُرِّية و وقف ضد الظلم والإستبداد، وكان مفتخراً باللغة الكردية، وهو من الشعراء الذين تركو آثاراً كثيرة، وكان قدوةً لشعراء الأدب الكردى في بعضِ النواحي، منها (تفسير القرآن الكريم و ترجمة الملاحم الشعرية، والترجيع والهجاء). وعلم الرغم من أنة عاش فى عصر مليءٍ بالحروب والصراعات. فإنّه وظف كل طاقاته و قدراته الفنية الإبداع، فأبدع فى الأدب الكردي، وصار ترجمة على الرغم من أنه نجماً متلألئاً في سماء الأدب الكردي. وعليه، فحاول البحث إبراز إبداعاته لكي تكون أساساً ينطلق من البحث العلمي، وتكون دافعاً للباحث الكردي كي يزد الهتمام بهذا الشاعر المنتمي إلى اللهجة الگورانيه، لأنه لم يُهتم به على وجه المطلوب وبااقدر الكافي. **مفتاح الكلمات:** (خانا القبادي، الملحمه، الإبداع)

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
DOI Link	http://doi.org/10.32410/huj-10445
ڕێکەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٥ | ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٣ | ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	fazil.qasim@univsul.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	©٢٠٢٣ پ.د.فازیل مەجید مەحموود،شۆخان رمضان قادر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

Abstract

Khana Qubadi was one of the great poets of classical Kurdish literature. He lived at the end of seventeenth century and the beginning of eighteenth century. He always seeked freedom and he was against oppression and violence. He was proud of Kurdish language. Qubadi has the greatest collection of poems. In some genres, he was the role model for other Kurdish poets such as: translation of the Holy Quran, Epics, Repetition, Satire. Despite that his era was full of wars and conflicts, he could skilfully use his artistic abilities and he brought many literary innovations into Kurdish literature. Therefore, he shines like a star in Kurdish literature. This paper tries to shed light on his literary inventions in order to be used as a source for scientific researches and to make Kurdish researchers pay more attention to this great poet, who is from Goran dialect, because he is one of the poets with numerous poems, but he has not gained reseachers' attention yet.

Keywords: (Khana Qubadi، Poetry epic، Invention)

پێشەکی

خانای قوبادی یەکێکە لەو شاعیرە مەزنانەی، کە لە بواری هزرو ئەندێشەی داستانە شیعردا پێش شاعیرانی سەردەمی خۆی کەوتووە و داهێنای گەورەی کردووە؛ ئەم داهێنانانەی بوونەتە هۆی سەرمەشقبوونی شاعیر لە ئەدەبیاتی کوردیدا و ڕەوشی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی نوێکردووەتەوە؛ ئەم باسە هەوڵێکی کورتە بۆ تیشك خستنە سەر ئەو داهێنانە بە پێزانەی شاعیر، هەرچەندە خانا بە پڕ بەرهەمترین شاعیر دادەنرێت وەك ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا دەدرەوشێتەوە، بەڵام بە داخەوە بە پێی پێویست گرنگی پێنەدراوە لە لایەن توێژەرانەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی، کە توێژینەوەیەك سەبارەت بە داهێنانەکانی ئەم شاعیرە مەزنە لە ڕوانگەی (داستانە شیعر)ەوە ئەنجام بدەین؛ توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە

بەشی یەکەم : سەرەتایەکی تیۆری سەبارەت بە داستانە شیعر

پاری یەکەم : زاراوەو پێناسەی داستانە شیعر

پاری دووەم: سەرەتای ئەم ژانرە گرنگە لە ئەدەبیاتی کوردیدا.

بەشی دووەم: داهێنانەکانی خانای قوبادی لە بواری ئەندێشەو هونەری داستانە شیعردا

پاری یەکەم : جۆرو بابەتی داستانە شیعرەکانی خانای قوبادی .

پاری دووەم: داهێنانە گرنگ و بەرچاوەکانی شاعیر لە داستانە شیعردا . لە کۆتایشدا چەند ئەنجامێك و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو بە هیوای ئەوەی ببێتە پڕکەرەوەی کەلێنێکی بچووك لە گرنگی دان بە خانای مەزن.

بەشی یەکەم: سەرەتایەکی تێۆری سەبارەت بە داستانە شیعر

پاری یەکەم: زاراوە و پێناسەی داستانە شیعر

تێگەیشتن لە چەمك و مانای ژانرە ئەدەبییەکان هوکارێکی سەرەکییە بۆ دیاریکردن و پۆلێنکردنی ژانرەکان وەك ڕەگەزێکی سەربەخۆی ئەدەبی، هەروەها ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی قوڵترو فراوانتر سەیر بکرێن و تێگەیشتنی دروستییان لەبارەوە هەبێت. داستانە شیعر یەکێکە لە ژانرە گرنگ و بە بایەخەکانی ئەدەب؛ زاراوەی داستان چەندین مانا لەخۆدەگرێت هەر میللەتێك زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ داستانە شیعر سەرەتا ((زاراوەی داستان لە وشەی (EPOS)ی یۆنانی وەرگیراوە و بەرامبەر بەمەش لە زمانی لاتینیدا وشەی (EPICUM) بەکاردێت لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر بەمە زاراوەی (EPIC) بەکاردێت))(حوسێن، مەولود، ٢٠١٨، ١٩١).

(د.شمیسا) ش پێی وایە ((زاراوەی داستان (epos) کە بە یۆنانی مانای وشەو چیرۆکە وەك خوازەش مانای ئەفسانە دەدات، کە بووە بە بنچینەی وشەی ئیپیك (epic) وەك ئاوەڵناویش مانای گێڕانەوە دەدات بەدەستەوە، واتا بەرهەمێك کە دەکرێت بگێڕدرێتەوە)) (شمیسا، ١٣٨٣، ٤٠) دەتوانین بڵێین داستان گێڕانەوە بووە ئەم گێڕانەوەیە سەرەتا سەرزارەکی بووە و کەسێك ڕووداوێکی گێڕاوەتەوە، کە سادەو ساکار نەبووە؛ مانای کوشتارگەی گەیاندووە.

عەلائەددین سەجادی سەبارەت بە زاراوەی داستان دەڵێت ((داستان و ئەفسونیش هەیە، داستان زۆرتر بۆ نەبەردی و پاڵەوانان بەکارئەهێنرێت وشەکە لە بنەڕەتدا (داواستان)ە واتە شوێنی جەنگ و شەڕوشۆڕ. وەیا (دادستان)ە واتە شوێنی عەدل، لە هەردوو بارا وەکو عیلمی بەلاغە ئەڵێ (تەسمیەی حالە بە ئیسمی مەحەل) درێژبوونەوەی زەمان وشەکە زمان کورتی کردۆتەوە و بووە بە "داستان")) (سەجادی، ١٣٨٩، ١١٩) مەبەست لە ئەفسوون (ئەفسانەیە)، کە بەرهەمی دێرینەی بیری مرۆڤایەتییە و هەمەلایەنە لە ئەنجامی پێویستییەکانی ژیان و ئارەزووە بێ کۆتاکانی مرۆڤ کۆبووەتەوە و بەمرۆ گەیشتووە. ((لە زمانی کوردیشدا بۆ داستان چیرۆکی شیعری و بەیت بەکاردێت، بەڵام بەکارهێنانی وشەی داستان لەوانی دیکە باوترە، وە لە کوردانداکارێك پێی دەگوترێت داستان، کە ئازایی و چەلەنگییەکی زۆر لە لایەن ڕۆڵەکانی میللەت نوێنرابێت، بەو واتایەی هەموو کارێکی سادەو ئاسایی پێی ناوترێت داستان.)) (قادر، ٢٠٠٩، ١٦). کەواتە تا ئەم قۆناغە وشە و زاراوەی (داستان) لە ئەدەبی کوردیدا پەسەندکراو چەسپاوە.

ژانرە ئەدەبییەکان هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئەو خاسییەت و تایبەتمەندییە وا دەکات لە ژانرێکی دیکە جیابکرێتەوە، هەروەها هەر نوسەرێك بەپێی بیرو تێگەیشتنی تایبەتی خۆی پێناسەیان بۆ دەکات؛ بۆ نموونە (داستانەشیعر) چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە لەلایەن نووسەرانەوە، لەبەرئەوەی ژانرێکی سنورداروە یەکێکە لە لوتکە بەرزو زیندووەکانی ئەدەب و هەمیشە لە گەشانەوەدابووە؛ لەگەڵ ئەو سەردەمە دێرینەی بەسەریدا تێپەڕبووە هەر بە نەمری و زیندوویەتی ماوەتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بەرهەمی ڕەنج و ماندوو بوون و ئەزموونێکی قوڵی مرۆڤایەتییە، هەروەها بەهۆی سنورداریەکەیەوە کۆمەڵێ ڕێساو یاسای تایبەت بە خۆی هەیە پێویستە پەیڕەو بکرێت لەلایەن داستاننووسانەوە، بۆیە ئەو پێناسە زۆرانەی، کە بۆ داستان کراوە چەندین خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە.

(د.فاتمە مدرسی) لە بارەی داستانەوە دەڵێت: ((داستان epic بە واتای بوێری و دلاوەرییە جۆرە شێوازێکی ئەدەبی و گێڕانەوەیەکی ڕێکوپێکە لە بوارەکانی قارەمانیدا، کە لەسەر ڕووداوە ئاساییەکان و کردارەکانی شەڕی پاڵەوانەکان قسە دەکات داستان جۆرێکە لە شیعر لە داستاندا جۆرێك لە وەسفکردنی تێدایە، کە وەسفی کردارەکانی پاڵەوانی و جوامێری و شانازییەکانی نەتەوەیەك یان کەسێك دەکات)) (مدرسی، ١٣٩٠، ١٤٠)، واتە داستان گێڕانەوەیەکی ئەدەبییە بە شیعر دەهۆنرێتەوە بە شێوەیەکی ڕێکخراو وەسفی ڕووداوە ئاسایی و نائاساییەکان و پاڵەوانەکان دەکات، هەروەها ((داستان چیرۆکی پاڵەوانێکە لە ڕێگەی شیعرەوە دەگێڕدرێتەوە، لە دوو توێی دا کرداری سەمەرەو ناوازە دەبینرێ، کە خوداوەندەکان و پاڵەوانە میلییەکان و پیاوانی ئاینی لە شارستانییەتی کۆن ئەنجامی دەدەن، ئامانجیش بەرز ڕاگرتنی پاڵەوانەکان و سەرکەوتنە لە ڕادەبەدەرەکانییانە)) (عبدالله، ١٩٧٨، ١٧).

دەتوانین بڵێین داستان بریتییە لەو ژانرە ئەدەبییەی، کە ڕووداوو و بەسەرهاتی پاڵەوانەکان دەخاتە ڕوو چەندین جۆریان هەیە لەوانە

(پاڵەوانی میللی، خوداوەندەکان، پیاوانی ئاینی..) و ئەفسانەیەکی لە ڕادەبەدەرو سەرسوڕهێنەر دەبینرێ، بەجۆرێك هەندێ جار دەچێتە سەرو واقیع، لەبەرئەوە بە بێ (خەیاڵ) هیچ نووسەرو شاعیرێك نووسینی داستانێکی کاریگەرو پڕ چێژو خرۆش لە توانایدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەفسانەکان بنەمای واقیعی و مێژووییان هەیە بە گشتی خەیاڵ نین، بۆیە داستان توانیوویەتی سوود لەو لایەنە (مێژووی و واقیعییانە) وەربگرێت بەجۆرێك، کە ((داستان ئەو شیعرەیە شاعیر دەینووسێت و بابەتێکی چیرۆکئامێزانەی پێ دەگێڕێتەوە، کە لە ژیانی پاڵەوانان و پاڵەوانێتی و شەڕی مێژووییەوە وەرگیراوە لەگەڵ تێکەڵکردنی هەر هەموو ئەوانە لەگەڵ شێوە ئەفسانەییەکەدا کە هەست و نەست بوورۆژێنێت)) (تاڵەبانی، ٢٠١٠، ٧٦)، هەروەها ((داستان بەرهەمێکی گێڕانەوە ئامێزە ناوەرۆکی ئەو بەرهەمانە کراون بە پاشخانی قارەمانگەلێك، کە ڕەنگ و بۆی ڕەگەزی و نەتەوەییان هەڵگرتووە، کە لە ناوییاندا ڕووداوو گەلێکی چاوەڕوانەکراو ڕوویانداوە)) (میرصادقی، ١٣٩٣، ٦٤) یاخود داستان ئەو بەرهەمە ئەدەبییەیە، کە ((بریتییە لە گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی مەزن لە بەرەبەیانی مێژووەوە، کە لە پێناوی پاراستنی شەرەفی نەتەوەییدا بە هۆنراوە وتراون، یان نووسراون لەم پاڵەوانێتی یانەدا پەیوەست بەسەردەمەکانیانەوە دەستی ئادەمیزاد تێکەڵە لەگەڵ دەستی خواوەندو فریشتەکاندا، لەبەرئەوە شتێکی ئاساییە، کە ڕووداوەکان هەموویان ڕاستەقینەنین))(ئەبوبکر، ٢٠٠٧، ٥٠).

لە داستاندا دوو جیهانی جیاواز هەن (واقیعی و خەیاڵی) داستاننووس ئەم دووانە بە لێهاتوویی و زانینەوە تێکەڵاوی یەکتر دەکات، تا لە گێڕانەوەی ڕووداوی هەردوو جیهانەکە جۆرێك لە جوانی و چێژ بە خوێنەر ببەخشێت، هەروەها ببێتە هۆکاری زوو تێگەیشتنی خوێنەر لە بابەتی سەرەکی داستاندا، لە هەمان کاتدا وەك فەلسەفەیەکی مرۆڤی سەرەتای سەیردەکرێت، لەبەر ئەوەی جیهانێکی پڕاو پڕ لە بیرکردنەوەو بیرۆکەی هەست پێنەکراوە، بۆیە بە دێرینترین و گرنگترین ژانری ئەدەبی لەقەڵەم دەدرێت، کە)) بریتییە لە بە دوایەکداهاتنی کۆمەڵێك ڕووداوی ڕاستەقینەو مێژووی یاخود دروستکراوو داهێنانیە، هەربۆیە خەیاڵکردن، دەستەمۆکردن و موسەخەرکردنی کردار دەخاتەڕوو خەسڵەتی دیاری داستان ئەوەیە، کە بتوانێت ئێمە ناچار بکات، کە بمانەوێت بزانین دواتر چی ڕوودەدات لەم مانا گشتییەدا تەنها کات هۆکارێکی گرنگەو ئەوەی کە چی ڕوویداوە و دواتر چی ڕوودەدات . داستان شا دەماری هەموو بەرهەمێکی گێڕانەوەیی و نمایشی داهێنەرانەیە، لە هەموو جۆرەکانی ئەم دووگروپەدا داستان دەبێتە ڕشتەو زنجیرەی ئەو ڕووداوانەی، کە بە پێی تەرتیبی بە دوای یەکداهاتنی کات ڕوودەدەن، لەم ڕووە داستان توخمی هاوبەشی جۆرەکانی ئەدەبی داهێنەرانەیە لە قیصە، ڕۆمانس، کورتەچیرۆك، ڕۆمان، نمایشنامە، فیلمنامە، شیعری گێڕانەوەیی و شێوازەکانیتر داستان بوونی هەیە))(میرصادقی، ١٣٩٤، ٢٩-٣٠). بابەتی داستانی ئەدەبی و نووسراو باس لە کێشەی تایبەتی و لایەنی دەروونی ناخی کەسەکان دەکات، بەڵام داستانە فۆلکلۆرییەکان باس لە کێشە گشتییەکانی مرۆڤ دەکەن زیاتر پەیوەستن بە گەل و نەتەوەو ژیانی کۆمەڵگا، بۆیە((داستان بە تایبەتی(داستانی فۆلکلۆری)وەك ئاوێنەی خاسییەتەکانی گەل وایە و گوزارشت لەو پاڵەوانێتی و دڵداریانە دەکات، کە لە هەناوی مێژووی گەلێکەوە هەڵقوڵاوە لەبەر ئەمە گەشەسەندنی مێژووی داستانەکانیش بە گەشەسەندنی مێژووی گەلەوە بەستراوەتەوە))(خەیات، ٢٠١٣، ٧).

دەتوانین بڵێین(داستان) کۆمەڵە ڕووداوێکی ڕاستی و مێژووی و خەیاڵییە؛ باس لە ئازایەتی و دەسەڵاتی پاڵەوانان و پاشاو شازادە و خواوەندەکان دەکات، کە بەشێوەیەکی زنجیرەیی و بە دوا یەکداهاتنی کات ڕوودەدەن، یاخود ڕووداوە مەزنەکە باس لە کەسێکی جوامێرو پاڵەوان دەکات، کە لەلایەن هێزێکی گەورەی ئاینی و سیاسی و پاشایەتییەوە پاڵپشتی لێدەکرێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بەرزو پیرۆزەی کە هەیەتی وەك ئامانجی (نەتەوەیی و نیشتیمانی، گەیشتن بە خۆشەویست، نەهێشتنی زوڵم و زۆرداری.....هتد) واتە بەگشتی بابەتەکانی داستان ڕووداو کارەساتی مەزنن بابەتە بچووك و بێبایەخەکان نابنە بابەتی داستان، چونکە ئەو کەسانەی دەبنە پاڵەوان و ڕووداوەکانیان بەسەر دێت کەسی ئاسایی نین، بەڵکو پلەو پێگەی گەورەیان هەیە و لە ناو کۆمەڵگادا بە ڕێزەوە سەیر دەکرێن، هەروەها داستاننووس (وەسف و خەیاڵ) وەك دوو بنەمای سەرەکی بەکاردەهێنن بۆ درێژبوونەوەی داستان تاوەکو خوێنەر ڕووبەڕووی بێزاری نەبێتەوە بەڵکو ببێتە هۆی پەیوەست بوونی خوێنەر بە داستانەکەوە، بەشێوەیەك داستانەکە دابەش دەکات بەسەر چەند بەندێکدا و هەریەك لە بەندەکانیش ناونیشانی تایبەت بە خۆیان بۆ دادەنێت، کە باس لە ڕووداوێك دەکات پاشان هەموو بەشەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوەو بە شێوازێکی جوانی ئەدەبی و هونەری دەیانخاتە ڕوو وا لە خوێنەر دەکات هەست بە پچڕانی زنجیرەی ڕووداوەکان نەکات و زیاتر ئاوێتەی داستانەکە بێت و چێژی لێ وەربگرێت.

پاری دووەم :سەرەتای داستانە شیعری کوردی

ئەدەبی فۆلکلۆر کەرەستەی خاوی هەموو ژانرە کۆن و نوێیەکانە، لەبەر ئەوەی ((زۆر لە زاناکانی جیهان ئەوەیان دووپاتکردووەتەوەو بە کۆمەڵانی خەڵکیان سەلماندووە، کە فۆلکلۆر لەگەڵ بوونی مرۆڤەوە هەبووە هەر بۆیەش بیرو نەریتی کۆمەڵایەتی کۆن و کەلەپووری نەتەوایەتی بە پێی پێشکەوتنی شارستانییەتی و قۆناغەکانی مێژووبی پێشکەوتوون لە هەمان کاتیشدا ئەو گەلە زۆر گیرو گرفت و ناخۆشی و دەرد و ئازاری بینیوە، فۆلکلۆریش لەگەڵ گەشەکردنی گەلەکەی خۆیدا لە سەرکەوتنی بەسەر ئازارەکانی ژیاندا پێشدەکەوێ و گەشەدەکات)) (ئیبراهیم، ١٩٧٩، ٧٦). واتە فۆلکلۆر بەردی بناغەی ژانرەکان و هەموو ئەدەبی نووسراوە جا پاراستنی ئەم ئەدەبە بە پێزە لەلایەن باو باپیرانەوە بووە، کە شوێن دەستییان لە مێژووبی ئەدەبییاتدا دیارە، یاخود لەلایەن ئەوشاعیرە بەهرەمەندە بووە، کە بەهرەی لە خواوەندی شیعرەوە وەرگرتووە و بەرهەمەکەی لە قاڵبێکی ئەدەبیدا دارشتووە وکردوویەتییە شاکارێکی ئەدەبی بەپێزو گرنگ، کە لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکە سوودی وەرگرتووە بە هەندێك گۆڕانکاری بە پێی بیرو گوزارشتی سەردەم و بارودۆخ و زمانی میللەتەکە، جا یەکێك لەو بەرهەمە گرنگ و بەپێزە داستانە فۆلکلۆرییەکانە، کە چەندین سەدە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گێڕدراونەتەوە، تا ئەو شاعیرە لە فەوتان ڕزگاری کردوون. ئەم داستانانە داهێنانی ئەو شاعیرە نیین، بەڵکو بۆ هەموو نەتەوە دەگەڕێنەوە((واتە داستانی گەل کە لەناو کۆمەڵدا سەری هەڵداوەو خۆی لە خۆیدا هەبووەو کەس دروستی نەکردووە، بەڵکو شاعیر لە چەند بەیتێکدا دای ڕشتووە وەك داستانی (ئەلیازە و ئۆدیسا)، کە هۆمیرۆس تەنها دایڕشتۆتەوە، بەڵام دروستی نەکردووە، هەروەها داستانی شانامەی فیردەوسی داستانێکی تەبیعی و میللی یە)) (ڕەسول، ١٩٨٩، ٩٠).

داستانی جیهانی لە ڕووی مێژووبی و پەیدابوونییەوە دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆری گرنگدا بە پێی قۆناغی مێژووبی ئەوانیش (داستانی سروشتی و داستانی دەستکرد) ((داستانی سروشتی شیعرێکی سەرەتایی لەسەر ڕوداوێکی مێژووبی یا ڕووداوێك، کە خەڵك وا گومان دەکەن بنیاتنراوە و مێژووبیە وەکو گەمارۆدانی تەرواده بەوە جیادەکرێتەوە، کە زۆر کۆنەو ناتوانرێت ئەو شاعیرە بناسرێت، کە داستانەکەی داهێناوە یا چەند شاعیرێك بەشداربیان لە هۆنینەوەی داستانەکەدا کردووە یا گەل بە تەواوەتی بەشدارە تیایدا و ناوی دانەرەکانی ونبووە)) (ترحیینی، ١٩٨٨، ١٨) مەبەست لە داستانی سروشتی داستانی سەرەتای ژیانی ئادەمیزادە ڕوونتر بڵێین داستانی (فۆلکلۆر)یە، کە زیاتر ڕوداوی مێژووبی تێدا بەدیدەکرێت وە ((بە ڕەسەنترین جۆری داستان دادەنرێت و وەکو ئینسکلۆپێدیاییەکی گەورە وایە، کە گشت لایەنەکانی ئەو گەلەی، یا ئەو ڕووداوەی، کە داستانەکە باسی لێوەدەکات تێدا تۆمار کراوە، هەروەها ئەم جۆرە داستانانە مۆرکێکی سەراپای ئەو میللەتانەیان پێوە دیارە و هونەر لەم جۆرە داستانانە وا دەکەوێتە بەرچاو، کە سروشتی بێت، زیاتر لەوەی دەستکرد بێت، لە دوای ئەمە شاعیران، یا ئەو کەسانەی خاوەن بەهرەن هەوڵی تۆمارکردنی ئەو چیرۆك و ئەفسانە دەدەن و پاشان کەسانی دیکە دێن هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی دایبڕێژن لە قاڵبێکی ئەدەبی و پێکهاتەکەی لە شێوەیەکی داستانیدا دەربخەن، ئینجا شێوەیەکی گەشەسەندن وەردەگرێت و دەماو دەم و زار بە زار دەگێڕدرێتەوە تا ئەو ڕۆژەی شاعیرێك دێت و لە قاڵبێکی کۆتایدا دایدەڕێژێت)) (حوسێن، مەولود، ٢٠١٨، ٢١٦)، بۆیە داستانە فۆلکلۆرییەکان کاریگەرییان لەسەر نووسەرانی داستانی ئەدەبی دروستکردووە، لەبەر ئەوە نووسەران بە ئەدەبی فۆلکلۆر و داستانە فۆلکلۆرییەکان سەرسام بوون و سوودیان لە و داستانانە وەرگرتووە و داستانی نووسراویان پێ هۆنیوەتەوە، کە واتە جۆری دووەمی داستان داستانی دەستکردە جۆرە داستانێکی سەربەخۆیەو دانەری دیاریکراوە، کە بەپێی بۆچوونی خۆی کار لەسەر ڕەگەزە پێویستییەکانی ناو داستانەکە دەکات و لاسایی داستانە سەرەتاییەکان دەکاتەوە، بەڵام چوارچێوەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە ((لەم جۆرە داستانانە شاعیر بابەتێك دادەهێنێت، یا بە شێوەیەکی ئازاد سود لە بابەتە کۆنەکان وەردەگرێت، بەڵام پێوەری داستانە کۆنەکان دەپارێزێت))(شمیسا، ١٣٩٣، ٦٦). کەواتە لە جۆری دووەمدا نووسەر دیارە و بە پێی بیرو بۆچوونی خۆی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکات و ڕەگەزە پێویستییەکانی بنیاتی داستانەکە دادەنێت.

ئەم دوو جۆرە دابەشکردنی داستانە لەسەر بنەمای سەرهەڵدان و قۆناغی مێژووبییە، بەڵام لە ڕووی بابەتەوە داستان دابەشکراوە بۆ چوار جۆر ئەوانیش((داستانی ئەفسانەیی، داستانی پاڵەوانی، داستانی ئایینی و عیرفانی، داستانی دڵداری)) (حوسێن، مەولود، ٢٠١٨، ٢١٩-٢٢٠). نەتەوەی کوردیش وەك هەموو نەتەوەکانی دیکە بەم وێستگە مێژووبییەی ئەدەبیدا تێپەڕبووە و خاوەنی دوو جۆر داستانە ئەوانیش(داستانی

فۆلکلۆر، داستانی نووسراو)؛ سەرجەم سامانی زانستی نەتەوەی کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا قۆناغی ئێستا دوو بەشی سەرەکییە یەکەمیان ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکییە، کە بەشێوەی شیعرو بەیت و پەخشان و ڕازو مەتەڵ و پەندی پێشینان...هتد بووە وە بە شێوەی سینە بە سینە تا قۆناغی ئەمڕۆ گەیشتووە ئەم بەرهەمانە دانەریان دیار نییە نادرێنە پاڵ تاکە کەسێکەوە، بەڵکو موڵکی هەموو میللەتن. دووەمیان ئەدەبی نووسراو ناسراوی کوردە، کە دانەرو خاوەنیان دیارە لە چ زارو شێوەزارێکی کوردن، بۆیە سامان و بەرهەمەکانی یەکەمی نەتەوەی کورد دەبنە بناغەو دامەزرێنەری بەرهەمە ئەدەبییەکانی دووەم.

(د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: ((ئەدەبی نەنووسراو بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەدەبی نووسراو، ئەم ئەدەبە لە ناوجەرگەی ئەوەوە هەڵقوڵاوە، گەلێ لە بەرهەمە گەورەو مەزنەکانی گێتی ئەدەبی نەنووسراو بوون و لە پاشانا بوون بە ئەدەبی نووسراو زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمی نەتەوەکان و گەلێ لە شاکارە ئەدەبییەکان سەرچاوەی یەکەمیان ئەدەبی فۆلکلۆر بووە)) (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٥٨) واتە ئەدەبی نەنووسراوی فۆلکلۆر بووە بە بنەما بۆ ئەدەبی نووسراوی وەك (داستان)، بە پێی سەرچاوەکان بنەمای داستانی کوردی (بەیت و بالۆرە)یە، ((چونکە ئەوەی پاشتر وەک بەرهەمی جدی نووسەران لە ژێر ناوی داستاندا دەبینرێت، بناغەکەی بەیتی فۆلکلۆری کوردییە، هەروەها ئیپیکی کوردی، نمونەی نووسراو و پێشکەوتووی، بەیت و بالۆرەیە. ئەم ژانرە بە پێچەوانەی زاری سۆرانی یان زمانی فەرمی نووسین، لە زارەکانی گۆرانی و کرمانجی، لە ترۆپکی خۆیدایە. نموونە گرنگ و سەرکەوتوو و باشەکانی داستان لە شێوەکانی ئەوینداری و پاڵەوانی و عیرفانی و کۆمەڵایەتی، بەو دوو شێوەزارە نووسراونەتەوە)).(کەسنەزانی، ٢٠٢٢، ١٨٩).

هەر لە بارەی (بەیت و داستان)ەوە ڕای جیاواز هەیە؛ لەوانە (د.کەیفی ئەحمد) بۆچوونی لەگەڵ (عوبەیدوڵلا ئەیوبیان) جیاوازە لەو بارەوە دەڵێت : ((عوبەیدوڵلا ئەیوبیان لەبارەی بەیتەوە پێی وایە بەیت کوردی نییە، بەڵکو بریتییە لە لەتە شیعرێك، ئەویش لەلای هەردوو نەتەوە عارەب و فارس، لەکوردیدا بە بەیت دەڵێن (بەندوباو)، هەرچەندە لەلای زۆر کەس بەیتەکەش بەکارهاتووە، هەروەها لە ئەسڵی زمانی کوردیدا (چریکەش)ی پێدەڵێن دەبێ ئەوەش بزانین کە ئێمەی کورد هەرچی سەربردەو داستانێکمان هەیە ئەوا بە شێوەی بەندو چریکەش دامانڕشتووە، بەڵام بە ڕای ئێمە ئەو وتەیەی ئەیوبیان بەهەڵە تێگەیشتنە لە واتای(بەیت)، چونکە بەیت لێرەدا وەك گوزارشتکردن لە لەتەشیعرێك نییە، بەڵکو گوزارشتە لەو ڕووداوانەی کە لە کۆندا ڕوویانداوە جا قارەمانێتی یا دڵداری یا ئاینی بن، هیچ پەیوەندی بەو واتایەی بەیتی شیعری عەرەبی و فارسییەوە نییە، لە هەمانکاتدا چریکەش بەهیچ شێوەیەك واتای بەیت ناگەیەنێت، بەڵکو ئەویش جۆرە دارشتنێکی دیکەیە)) (ئەحمد، ٢٠١٩، ١٦٢) . دەتوانین بڵێین لە بەیتی کوردیدا چیرۆك و بەسەرهاتەکان بە زۆری لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدان؛ لەگەڵ چیرۆکی ئەفسانەیی و دڵداری....هتد نەتەوەکانی دیکەی دراوسێدا ئاوێتەی یەکدی بوون؛ ئەو بەرهەمانەی، کە لە شێوەی بەیتدان باس لە ڕووداوە پاڵەوانی و ئاینی و ئەفسانەییەکان ....هتد دەکەن لە قۆناغی دواتر بە داستانی کوردی لە قەڵەم دەدرێن، کە هەریەکەیان بەپێی شوێن و زارو شێوەزاری بەیت بێژەکانەوە هۆنراونەتەوە، هەر نەتەوەیەك بە پێی ئاستی شارستانی و ڕۆشنبیری تایبەتی خۆی داهێنەرو دامەزرێنەری داستانی نەتەوەکەیەتی . توێژەران لە بارەی سەرەتاو بوونی داستان لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا بیرو بۆچوونی جیاوازیان هەیە بەگشتی دان بە بوونی داستانی کوردیدا دەنێن بۆ نموونە (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) دوو جۆر داستان دیاریدەکات ئەوانیش ((داستانی قارەمانێتی و داستانی دڵداری و ئەڤینی)) (ڕەسوڵ، ١٩٧٩، ٤٢)،

دەکرێ بڵێین ئەمە پۆلێنی داستانە لە ڕووی بابەتی داستانەکانەوە، بەڵام بۆ جۆرەکانی داستان بە شێوەیەکی گشتی لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا دابەش دەبن بە دوو جۆرەوە ئەوانیش: (داستانی فۆلکلۆری، داستانی نووسراو). داستانە فۆلکلۆرییەکان بە زمانێکی سادەو ساکار نووسراون؛ بە جۆرێك زمانی قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵك بووە؛ بەو پێیەی گێڕەرەوەکان کەسانی شارەزاو بە ئەزموون بوو لە لادێی دیهاتەکانی کوردستان لە دایك بوون و گەورە بوون؛ کاریگەری زمانی بێگانەیان بەسەرەوە نەبووە، بۆیە داستانەکان تایبەتمەندی خۆیان هەبووە و جیاواز بوون لە بەرهەمی ئەو نووسەرانەی، کە کاریگەری زمانی بێگانەیان تێدا بەدیدەکرێت، لەبەرئەوەی ((زمانی داستان و وێنەی داستان و کاتی داستان و گێڕانەوەی نێو داستان خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی خۆیانن بە هەموویانەوە داستان لە هۆنراوەی لیریکی و درامای نێو تێۆری ئەدەبی کۆن

جیا دەبێتەوە))(گەرمیانی، ٢٠٠٨، ١٧).

داستانی فۆلکلۆر و نووسراو لە ڕووی بابەت و ناوەڕۆکەوە هاوبەشن؛ لە نێوان نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەو واتایەی، کە نەتەوەیەك خاوەنی ڕەسەنی داستانەکەیە لەڕووی ڕووداو شوێن و ناوی پاڵەوان و....هتد نووسەرانی نەتەوەکانی دراوسێی هەوڵیانداوە ئەو داستانە وەربگرن و بە پێی بیرو بۆچوونی خۆیان دایبڕێژنەوە؛ وەك ئەو داستانە گرنگ و بە بایەخانەی، کە خانای قوبادی لە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی وەریگرتوون و بە بەرگێکی کوردایەتی دایڕشتوونەتەوە، ئەمەش بۆ تواناو لێهاتوویی خانای پێشەنگ دەگەڕێتەوە لە هۆنینەوەی ئەو بەرهەمانەدا و بوونیان لە ناو گەنجینەی ئەدەبیاتی کوردیدا . خانا لە ئاستێکی باڵادا شارەزای دونیای هزرو زمانی گێڕانەوەی (نیزامی گەنجەوی) بووە؛ بە جۆرێك توانیوویەتی پێنج بەرهەمی ئەو شاعیرە فارسە بە دارشتنەوەیەکی هونەری و لەو پەری لێهاتووی فۆرم وناوەڕۆکی ئەو بەرهەمانە بە زمانی کوردی دابڕێژێتەوە، کەواتە((سەرچاوەی چیرۆکە شیعرییەکان لای کورد و لای هاوسێکانی لە دوو جێگاوە هەڵدەقوڵێن، یەکێکیان لە ناوەوەیە، واتە خۆماڵی، ئەوی دیکەیان لە دەرەوەیە واتە بێگانە)) (خەزنەدار، ٢٠٠٢، ٣٢٨) ئەو دوو جۆرەش موڵکی ئەدەبیاتی داستانی ئەو میللەتەن، کە یەکەم جار بەو زمانە ئەو داستانە هۆنراوەتەوە.

لەبارەی داستانی ئەدەبیاتی گۆرانەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت : ((هەندێک لە داستانە بە ناوبانگەکانی ڕۆژهەڵات، کە لە ئەدەبی فارسی و عەرەبی دا باو بوون، لە لایەن شاعیرانی گۆرانەوە بە شیعر هۆنراونەتەوە و لە ئەدەبی فارسی وەرگیراون و هەندێکیان جلی کوردیان لەبەر کراوە، لەوانە شیرین و فەرهاد، لەیل و مەجنوون، بارام و گوڵئەندام، خورشید و خاوەر، مەنیژە و بیژەن، شێخی سەنعان و تەرسا))(مستەفا، ٢٠١٢، ٢٥٠).

وەك دەزانین نەتەوەی کورد خاوەنی سێ ئەزموونی ئەدەبی و زمانییە، وەك کۆڵەکە ئەدەبیاتی کوردی لەسەر ئەو سێ ئەزموونە ڕاگیراوەو دامەزراوە، ئەوانیش ئەزموونی (گۆرانی، کرمانجی، سۆرانی)یە هەریەك لەو ئەزموونانە خاوەنی تێکست و داستان و بەرهەمی ئەدەبیی بەپێزن، بەڵام خاڵێك، کە ئەو سێ ئەزموونە لە یەکتر جیا بکاتەوە؛ بوونی داستانە، کە لە ئەزموونی گۆرانی و کرمانجیدا ڕێژەیەکی گرنگ و بەپێز هەیە؛ پێچەوانەی زاری سۆرانی، گەر بوونی داستان لەو دوو ئەزموونە بەهۆی کاریگەری نەتەوەی دراوسێشەوە بووبێت و شاعیران وەرگێڕانیان ئەنجامدا بێت ئەوا گرنگ ئەوەیە ئەو دوو ئەزموونە نەتەوەی کوردیان بێ بەش نەکردووە لەو ژانرە گرنگەی ئەدەبییات، کە (داستان)ە، چونکە بەشێوەیەکی لێهاتووانە لەو پەری داهێناندا لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە بەرهەمەکەیان دارشتووەتەوە و گەنجینەی ئەدەبیاتی کورڕییان دەوڵەمەند کرددوە.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا داستان بە ((بەرهەمی پاش ئەفسانە و قۆناغی بەرەو وردبوونەوەی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی هەڵوێست و مرۆڤە پاڵەوانەکانیشی سەر بە هەواری بیری خۆیانن داستان ئەوەندەی برەو بە مرۆڤ دەدا ئەوەندە دینداری ناخاتە بەر کارو خەمی پێشەوەی)) (جوتیار، ١٩٨٤، ٧) . واتە داستان بەرهەمی قۆناغی ڕۆشنبیری و فراوانبوونی ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤەکانە و گرنگییەکی زۆر بە مرۆڤ دەدات؛ بە پێچەوانەوە بایەخێکی ئەوتۆ بەلایەنی دین و بیرو باوەڕ نادات، بەڵام ئەم بۆچوونەی نووسەر پێچەوانەی هەندێ داستانی کوردییە؛ بەتایبەت لە بارەی دین و بیرو باوەڕەوە، کە بابەتێکی گرنگی ناو داستانەکانە؛ لەو داستانانەش (مەم و زین)ی ئەحمدی خانییە، کە باس لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و تەسەوف دەکات، بە جۆرێك بەشی سەرەتای باس لە وەسف و ستایشی خوای گەورە و پێغەمبەری ئیسلام (محمد) (د.خ) دەکات، پاشان باس لە کێشەکانی کورد دەکات؛ لە نەبوونی سەرۆك و دەسەڵاتدارێکی دڵسۆزو بە ئەمەك، هەروەها نەبوونی یەکریزی و برایەتی نێوان کوردان باسدەکات و ڕەخنە لەو ناتەبایەی کوردان دەگرێت.

بەگشتی سەرهەڵدانی داستان پەیوەستە بە پەیدابوونی بیری نەتەوایەتییەوە؛ لە ناو ئەدەبیاتی کوردیشدا بە پێی سەرچاوەکان سەرەتای بیری نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە بۆ دوای شەڕی چاڵدیران (١٥١٤ز)، کە لە نێوان فارس و تورکەکان بوو؛ لەم قۆناغەدا نەتەوەی کورد هەستی بە زوڵم و زۆرداری و ماف خواردن کرد لە لایەن ئەو دەسەڵاتە داگیرکەرانەوە، بۆیە ئەو هەستە بووە هۆکاری سەرهەڵدانی چەند بنچینەیەکی سەرەتای شیعری نووسراوی کوردی و داستان، نموونەی دیارو گرنگی داستانی کوردیش (مەم و زین) ی ئەحمەدی خانییە، خانی لەم

داستانە گرنگە توانی بیری نەتەوایەتی بڵاوبکاتەوە؛ داوای یەکریزی و یەکگرتووی لە میللەت دەکرد، تا بتوانن دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکەن، لەبەر ئەوە لەو قۆناغەدا داگیرکەر بە هەمووشێوەیەك هەوڵی سەرکوتکردنی نەتەوەی کوردی دەدا؛ هۆی سەرەکیش ئەوە بوو، کە چەند قۆناغێك پێش خانی ((عوسمانییەکان لە شەڕی چاڵدیرانی ساڵی ١٥١٤ سەرکەوتن یەکێك لە ئەنجامە هەرە گەورەکانی ئەم شەڕە چوونی بەشێکی هەرە گەورەی کوردستان بوو بۆ ژێر دەسەڵاتی عوسمانی)) (عەلیاوەی، ٢٠٠٤، ٢٣)، بەپێی سەرچاوەکان سەرەتای داستانی کوری بەرهەمەکانی فەقێ تەیران، کە دەکەونە قۆناغی دوای شەڕی چاڵدیران، لەبەر ئەوەی بیری نەتەوەی کورد لە دوای ئەو شەڕەوە دەستی پێکردووە؛ بەهۆی زوڵم و زۆری دەسەڵاتی داگیرکارەوە هەستی نەتەوەییان لا دروست بووە، ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی هونەری داستان، کە (سەرەکیترین و چاکترین هەوڵیش لەم بوارەدا بریتیین لە بەرهەمەکانی فەقێ تەیران، کە چەند بەرهەمێکی چیرۆکی یا، گێڕانەوەی نووسیوە و بە سەرەتایەکی گرینگ دادەنرێت لە بواری داستاننووسی کوردیدا وە دەسترەنگینی نواندووە لە تۆمارکردنی چەند چیرۆکێکی میللی و بە شێوەی شیعری، کە ناوەڕۆکییان کوردییە، بەڵام زیاتر دیمەنی ئاینی و سۆفیگەرییان بەسەردا زاڵە. بەرهەمەکانی فەقێ تەیرانیش بریتین لە :

١-چیرۆکی شیعری شێخی سەنعان : ئەم بەرهەمەی لە (٣١٣) دوبەیت و لە هەندێ نووسخەش (٣٣٤) دوو بەیتە.

٢-زەمبیل فرۆش : ئەم بەرهەمە لە (٦٠) چوارین یا (٢٤٠) دێڕە شیعر پێکهاتووە.

٣-بەیتی دمدم : لە (٢٢٦٨) دێڕە شیعرە (٦٧) چوارین و کێشی خۆماڵی حەوت برگەییەو سەروای (ااا) (ب ب ب ب) (ج ج ج ج) ٥ .) (حوسێن، مەولود، ٢٠١٨، ٣٢٤-٣٢٥).

(د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: (بەیتەکانی فەقێ تەیران لە ڕووی ڕوخسارەوە هەمووی لەسەر بەندی دوو بەیتی (چوارین) ی هەشت سیلابی قافیە (اا ب) دانراون کۆمەڵێ چیرۆکی شیعری (بەیت) ی جوانی بۆ نەوەکانی کوردی داهاتوو بە جێ هێشتووە

٤-بەیتی ئەسپی ڕەش : ئەم حیکایەتە پێوەندی بە غەزەواتەکانی ئیسلامەوە هەیە لە سەرەتای بڵاو بوونەوەیدا.

٥-بەیتی بەرسیسی عابید : (٢١١) چوارین (٤٢٢) دێڕە شیعرە وە بە کێشی ڕەجەزو ڕەمەل هۆنراوەتەوە.

٦-بەیتی ئاڤ و ئاڤ : گفتوگۆی لەگەڵ ڕووبار دیجلە کردووە لە بارەی جوانی سروشتەوە هۆنراوەتەوە.

٧-بەیتی دلۆ رابە : ئەم بەرهەمەی لەسەر بنچینەی چوارین هۆنراوەتەوە، کێشی هەشت سیلابی خۆماڵییە و لە (٧٧) بەند پێکهاتووە) (خەزنەدار، ٢٠١٠، ٢٤٤-٢٤٦، ٢٥٥-٢٥٦، ٢٦٤).

کەواتە بنەمای داستای کوردی (بەیت و باڵۆرە)یە، هەروەها سەرهەڵدانی داستان پەیوەستە بە پەیدابوونی بیری نەتەوایەتییەوە؛ لە ناو ئەدەبیاتی کوردیشدا، بە پێی سەرچاوەکان سەرەتای بیری نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە بۆ دوای شەڕی چاڵدیران (١٥١٤ز) وە بەرهەمەکانی فەقێ تەیران بە باشترین سەرەتا دادەنرێن بۆ هونەری داستاننووسی کودری، هەرچەندە شاعیر توانای سنوردار بووە لە درێژکردنەوەی هۆنراوەکاندا و دیمەنەکان کەمتر پێکەوە گرێدراون وە زمانێکی کوردی پەتی بەکار هێناوە؛ واتە ڕەگەزەکانی ناو بەرهەمەکان تاڕادەیەك لە ئاستی شێوازی داستاندا نین، ئەمەش لە ئەدەبیاتی کوردیدا نابێتە کەم و کوڕی، لەبەر ئەوەی دەشێ ئەم بابەتانە لەگەڵ داستانی نەتەوەکانی دیکە هاوتا بن، کەواتە نەتەوەی کورد خاوەنی چەند داستانە شیعرێکی هاوبەشە لەگەڵ میللەتانی ڕۆژهەڵاتداو لە هەمان کاتدا چەند داستانی تایبەت بەخۆی هەیە، کە قارەمانەکانی کوردن و بەزمانی کوردی هۆنراونەتەوە.

بەشی دووەم: خانای قوبادی و داهێنانەکانی لە بواری ئەندێشەو هونەری داستانە شیعردا

پاری یەکەم : جۆرو بابەتی داستانە شیعرەکانی خانای قوبادی .

خانای قوبادی یەکێکە لە شاعیرە بە تواناکانی ئەدەبیاتی کوردی؛ بەداخەوە زانیاری پێویست دەربارەی ناوی تەواوی و هۆزو ساڵی لەدایك بوون و مردنی و چۆنییەتی بیرکردنەوەی...هتد ڕوون نییە؛ نووسەران بەپێی شیکردنەوەی بەرهەمەکانی زانیارییەکان دەخەنە ڕوو؛ دوا زانیاری لە بارەی ئەم شاعیرە مەزنە ئەوەیە، کە ((ناوی (محمد کوڕی قوباد بەگی جافی جوانڕۆ)یە و لە هۆزی قوبادییەکانە و لە ساڵی

(١٠٩٨ك)ی لە دایك بووە و لە ساڵی(١١٦٨ك.)، کە دەکاتە تەمەنی (٧٠) ساڵی کۆچی دواییی کردووە لە گۆڕستانی (بانی گومگان) نێژراوە)) (قوبادی، ٢٠١٦، ٧٨-٩٤) واتە تا ئەم قۆناغە ئەوە ناو و هۆز و ساڵی لەدایکبوون و مردنی خانای قوبادییە؛ چەندین بەرهەمی گرنگ و بەپێزی هەیە لە ئاستی شیعری و ئاستی گێڕانەوەیدا. بەرهەمەکانی بریتین لە :

((١-بە شێك لە دیوانی شیعری خانا، لە ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی کاروان عوسمان خەیات(ڕێبین) (٢٠١٦).

٢-خوسرەو شیرین، ئەم بەرهەمە چەند جارێك چاپ و بڵاو کراوەتەوە، یەکەمین جار محمدی ملا کریمی مودەڕیس لە ساڵی (١٩٧٥)دا بڵاوی کردەوە.

٣-لەیلاو مەجنوون، ئەم بەرهەمە لە ساڵی (٢٠١١) غەفار ئیبراهیمی لە بنکەی ژین چاپی کردووە.

٤-سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین، ئەم بەرهەمە لە لایەن مامۆستا موحەمەد ڕەشیدی ئەمینی پاوەییەوە ئامادەی چاپکراوە، دەزگای ئاراس لە هەولێر ساڵی (٢٠١١) چاپی کردووە.

٥-یوسف و زلێخا، ئەم بەرهەمە مامۆستا حەکیم مەلا ساڵح لە ساڵی (٢٠٠٦) ئامادەی کردووە، کۆڕی زانیاری کوردستان بە ژمارە (١٧) لە زنجیرەی کتێبەکانی خۆیدا لە هەولێر چاپی کردووە.

٦-شیرین و فەرهاد، حەکیم مەلا ساڵح دەڵێت کۆپی نوسخەیەکی ئەم بەرهەمەم لە بەردەستدایە تاکو ئێستا چاپ نەکراوە.

٧-ئەسکەندەرنامە، ئەم بەرهەمە تا ئێستا نوسخەی بەردەست نەکەوتووە غەففار ئیبراهیمی ئەوەی پێمان گوت کە نووسخەیەکی نەفیسی ئەم بەرهەمەی لەلای مەلایەك دیوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەرچەند هەوڵی داوە کە بە هەرچەند و چۆنێك بێت بە دەستی بهێنێت، بەڵام نەیتوانیوە)) (قوبادی، ٢٠١٦، ١٠٣-١٠٥). سەبارەت بە شیرین و خوسرەو محمەدی مەلا کەریم مودەڕیس دەڵێت : ((زۆر بە ئاواتەوە بوم بۆم بلوایە بەیت بەیتی ئەم شیرین و خوسرەوە نازارەم لیك بدایەتەوە تا بۆ هەموو کورد زمانێك وەك بۆ ئەوانە بوایە کە زاراوەی گۆرانی ئەزانن)) (قوبادی، ١٩٧٥، ١٠)

د. نەوشیروان مستەفا " پۆلێنی بابەتی داستانەکانی بەم جۆرە کردووە.

((١-داستانی دڵداری

٢-داستانی ئەخڵاقی

٣-داستانی جەنگی)) (ئەمینی، ٢٠١٢، ٢٥٠)

کەواتە داستانە شیعرییەکانی خانای قوبادی (خوسرەو و شیرین، شیرین و فەرهاد، لەیلاو مەجنوون، سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین، یوسف و زلێخا) (شیرین و فەرهاد) تا ئێستا چاپ نەکراوە، بەڵام حەکیمی مەلا ساڵح ئاماژە بە بوونی دەدات و دەڵێت : ((شیرین و فەرهاد: ئەم شاکارە لە (٢٣٤٠) بەیت پێکهاتووە خانا دوای خوسرەو شیرینەکەی نووسیویەتی. هەروەکو لە سەرەتاکەیدا بەم دوو بەیتە ئاماژەی پێدەکات

جەدمای کیتاب خوسرەو و شیرین جە ڕووی تەواریخ ویەردەی وەرین

داستانی شیرین و فەرهاد تاق وستان جامرێز بێستوون کەین یاد)) (ملا ساڵح، ٢٠٠٦، ٦) واتە لە دوای کتێبی خوسرەو شیرین لە ڕووی سەردەمی ڕابردوو؛ داستانی شیرین و فەرهاد و تاقۆسان و شاخی بێستونی ئاوێنە بەند یاد بکەینەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین لەسەر بنەمای ئەو پۆلێنکردنەی (د. نەوشیروان مستەفا) بۆ بابەتی داستانی داستانەکانی خانای قوبادی دەکرێن بە سێ بەشەوە، کە ئەمانەن:

یەکەم : داستانە شیعرییە دڵدارییەکان (خوسرەو و شیرین، شیرین و فەرهاد، سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین، لەیلاو مەجنوون)

دووەم : داستانە شیعرییە ئەخلاقییەکان (یوسف و زلێخا)

سێیەم : داستانە شیعرییە جەنگییەکان ئەتوانین بڵێین ئەم بابەتە لە داستانەکانی بەگشتی هەیە، کە بەشێوەی جەنگی خەیاڵی باسی کردوون

وەك (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)، کە دەچێتە بواری داستانی جەنگی و خەیاڵی و ئەفسانەیی، کاتێك سوڵتان ئیبراهیم بۆ گەیشتن بە نۆش ئافەرین ڕووبەڕووی چەندین جەنگ دەبێتەوە لە لایەن شازادەی وڵاتەکانی دیکەوە لە هەموو جەنگەکاندا سەرکەوتوو دەبێت، لەم جەنگانەدا ئەفسانەیەکی زۆر بەکار هاتووە، هەر لە ڕووی جۆری چەك و هێزو توانای پاڵەوانەکانی دێو درنج و ئاژەڵ و باڵدارەکانەوە....

دەتوانین بڵێین جۆری داستانەکانی خانای قوبادی پۆلێن دەکرێت بە سێ جۆرەوە ئەوانیش:

یەکەم : داستانە شیعرییە ڕاستییەکان وەك داستانی (یوسف و زلێخا).

دووەم : داستانە شیعرییە خەیاڵییەکان وەك داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین).

سێیەم : داستانە شیعرییە وەرگێڕاوەکان وەك داستانی (خوسرەو و شیرین، شیرین و فەرهاد، لەیلاو مەجنوون، یوسف و زلێخا).

پاری دووەم : داهێنانی خانای قوبادی لە بواری بیرو هونەری داستانە شیعردا

خانای قوبادی یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە بواری هزرو ئەندێشە پێش شاعیرانی سەردەمی خۆی کەوتووە و داهێنای گەورەی کردووە؛ ئەم داهێنانانەی بوونەتە هۆی سەرمەشقبوونی شاعیر لە ئەدەبیاتی کوردیدا و ڕەوشی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی نوێکردووەتەوە، لەسەر بنەمای سەرچاوەئەدەبییەکان، کە ئاماژە بە توانای هونەری شاعیر دەکەن لەوانە (ڕزگار جەباری) دەڵێت: ((خانا لە ئاستی هونەریدا لە چەند بابەتێکدا کە دەستپێشخەری تێدا کردووە و داهێنان و نوێگەری تێدا کردووە بووەتە پێشەنگی سەردەمی خۆی لەوانە: (وەرگێڕانی ئەدەبی، بیری نەتەوەیی، "هەجوو" داشۆرین، بیری ئازادیخوازی و دادپەروەری، قاڵبە شیعرییەکان))) (جەباری، ١٣٩٩، ٤٧)، واتە ئەمانە داهێنان و نوێگەرین لە داستانە شیعرییەکانی خانا چ لە داستانە وەرگێڕاوەکانی، یاخود لەو داستانانەی، کە کۆی کردوونەتەوە و بە سەلیقەی هونەری خۆی دایڕشتوون وەك(سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین) کەواتە داهێنانەکانی خانای قوبادی بریتین لە:

یەکەم/ وەرگێڕانی ئەدەبی : خانای قوبادی دەستێکی باڵای هەبووە لە بواری وەرگێڕاندا، کە ((لە قۆناغی سەرەتادا "بۆ وەرگێڕان" لەو سەردەمە دێرینەی کە کورد هیچ نەخشەدانانێکی کولتووری بۆ خۆی نەبووە شاعیرانی گۆران لە سەدەی حەڤدەدا شان دەدەنە بەر کاری وەرگێڕان)) (پیربال، ٢٠٠٢، ٢٥). بێگومان لە ناو ئەدەبیاتی گۆراندا بە تایبەتی و لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە گشتی خانای قوبادی پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە؛ لە بواری وەرگێڕاندا، چونکە ((خانای قوبادی لە کاتی خۆیدا بۆ یەکەم جار دەستی کردووە بە وەرگێڕانی سێ بەرهەمی نیزامی (٥٣٠-٦١٩ك.م) و بەم کارەی هەم دەبێتە یەکەمین وەرگێڕی کوردی هەم مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبەکەماندا دەگەڕێنێتەوە بۆ نزیکەی سێسەد ساڵ بەر لە ئێستا)) (مەلاساڵح، ٢٠٠٦، ٧) بەگشتی شاعیرانی کلاسیك ئاماژەیان بە ناو نازناوی خۆیان کردووە، کە وەك دیاردەیەك بووە لە شیعرەکانیانا بەکاریان هێناوە، خانای قوبادیش ئەم دیاردەیەی بەکارهێناوە، خاڵێکی گرنگتر لەمە ناوهێنانی ئەو شاعیر و نووسەرە بووە، کە سەرسام بووە پێی و داستانەکەی وەرگێڕاوە؛ بەجۆرێك ((لەسەرەتای هەموو داستانە وەرگێڕدراوەکانیدا پەراوێك یا بەشی خۆی پەراوێز بۆ ئەو بەرهەمە دەنووسێت کە وەری گێڕاوە، وەکو چۆن مۆری داستانەکانی دەکات، بەهەمان شێوەش ئاماژە بەوە دەکات داستانەکەی وەرگێڕاوە بۆ نموونە لەداستانە شیعری (خوسرەو و شیرین)دا دەڵێت :

((بەندەیچ (حسب الامر) ئەو سروش غەیب بەڕەشح خامەی موشکین بێ عەیب

بەی تەور کەردمان ئەی نامەی نامی ئینشا بە دەستوور نەزم (نێزامی)

لەم بەیتەدا بۆمان ڕوون بوویەوە خانا چۆن ئاماژە بە وەرگێڕان دەکات. لە داستانی لەیلێ و مەجنوونیشدا چەندین پەراوێز دەنووسێت:

بە واتەی حەکیم، دانای ((نێزامی)) گەنجەوی، ئێلیاس بن یوسف نامی

ئەم گێڕانەوەیە لە زاری نیزامی گەنجەوی و ناوهێنانی تەواوی شاعیر، خاڵێکی گرنگە لە دەسترەنگینی و ڕاستگۆیی وەرگێڕ، لەم پەراوێزەدا خانا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەمەی لە چی سەرچاوەیەکەوە وەرگێڕاوە)) (قوبادی، ٢٠١٧، ٦٦-٦٧).

واتە لە داستانە وەرگێڕدراوەکاندا ئاماژەی بەو شاعیرە داوە، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەری هەبووە، بە جۆرێك وای لە خانا کردووە

دەست بداتە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی؛ یەك لەو شاعیرانە (نیزامی)یە، کە بە ئاشکرا لە خوسرەو شیریندا ئاماژە بە ناوی نیزامی دەدات بەوەی بەرهەمی ئەوە و وەریگێڕاوە، جا ((بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە خانا وەرگێڕانی کردووە، لە (خوسرەو شیرین) دا بە ئاشکرا لە (١٧) شوێندا ناوی نیزامی هێناوە و لە بەرانبەردا لە (٢٠) شوێندا ناوی خۆی هێناوە)) (جەباری، ١٣٩٩، ٤٧). سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو شێوازی وەرگێڕانەی خانا دەقاو دەق نییە، چونکە هەمیشە گۆشەیەکی بۆخۆی هێشتووەتەوە تا بیرو ئەندیشەی خۆی بخاتە ڕوو، جا لە هەر بوارێك خۆی ویستبێتی؛ بەتایبەت لەبواری بیری نەتەوەی و زمان.

حەکیمی مەلا سالح دەڵێت : ((جا ئەگەر لەو بەرهەمانەی کە خانا وەری گێڕاون وردبینەوە دەبینین کە شێوەی وەرگێڕانەکەی ئەوە نییە دێڕ بە دێڕ بە دوای (نیظامی) دارۆشتبێ، بەڵکو ناوەڕۆکەکەی لەو وەرگرتووەو ئیتر بەو شێوەیەی کە خۆی پێی باشبووە دایڕشتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە گەڵێ شوێندا دەقاو دەق بەیتەکانی ئەوی هێناوە و بە شێوەیەکی جوان وەریگێڕاون با بۆ سەلماندنی قسەکەمان لێرەدا چەند بەیتێ لە(لەیل و مەجنوون)ەکەی بە نموونە بێنینەوە ڕەنگە وەك مشتێ بەس بێت بۆ نموونەی خەرمانەکە.

نیظامی: خانا:

کای تازە گل خزان رسیدە وات ئەی تازە گوڵ خەزان رەسیدە

رفتە ز جهان جهان ندیدە نە جیهان لوای جیهان نەدیدە)) (مەلاسالح، ٢٠٠٦، ١٠)

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندی وەرگێڕانەکانی خانای قوبادی کورتکردنەوەو درێژکردنی بەیتە شیعرەکانە؛ بەوەی لە هەندێ شوێن چەند هەزار بەیتی کورتکردووەتەوە، یاخود بە پێچەوانەوە وەك لە (خوسرەو شیرین) دا ((ئەم بەرهەمە لای نیزامی (٦٥٠٠) دێڕە لەسەر کێشی هەزەجی شەشی حەزفکراو یای مەقسوورە. لای خانا (٥٥٢٦) دێرە لەسەر کێشی دە سیلابی خۆمالی)) (جەباری، ١٣٩٩، ٤٧). لێرەدا زۆر بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، کە خانا داهێنانی کردووە لەم داستانەدا؛ بەوەی دێڕە شیعرەکان لای خانا ژمارەیان کەمترە لە چاو نیزامی، بەمەش گۆڕانکاری لە دێڕەشیعرەکاندا کردووە، هەروەها کێشی داستانەکەشی گۆڕیووە بە کێشی دە برگە، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوازێکی بەرزی ئەدەبی مەبەست و پەیامی داستانەکەی گەیاندووەتە خوێنەر، هەروەها لە وەرگێڕانی (قورئانی پیرۆز)دا بەتوانا بووە؛ توانای وەرگێڕانەکەی لە ئاستێك بووە مەزنی و باڵا دەستی(خوای گەورە) و بچووکی بەندەی خستووەتە ڕوو؛ لەم بارەوە بیروڕای جیاواز هەیە هەندێك لە نووسەرانی وەك (سوڵتانی، سەید تاهیر هاشمی، حەکیمی مەلا سالح)، پێیان وایە بەو هۆیەوە زانایانی ئایینی و والی ئەو سەردەمەی تورە کردووە؛ ئەوانیش بەندیان کردووە و لە دین دەریانکردووە، بەڵام ساغکەرەوەی دیوانەکەی خانا دەڵێت: ((پێم وانییە هێنانی ئایەتی قورئان بۆ نێو شیعر، تاوانی ئەوەندە گەورە بێت ببێتە هۆی لە دین دەرکردن هەر لە سەردەمی پەیامبەرەوە هەتاوەکو ئێستا ئەم کارە کراوە. وە خانا ئەگەر لەم کارەیدا تەفسیری کردبێت یان شیکاری و ڕەخنەی کردبێت، پێم وانییە بە شێوەیەك بێت ببێتە هۆکاری کوشتنی)) (قوبادی، ٢٠١٦، ١٢٣-١٢٥)، هەروەها لە بارەی تەرجیع بەندەکەی خاناوە ڕوونکردنەوەی زیاتری خستووەتە ڕوو؛ بەوەی سەرەتا حەوت تەرجیع بەندەکەی خستووەتە ڕوو، پاشان بە پێی لێکدانەوەیان بۆی ڕوون بووەتەوە و دەڵێت : ((جگە لە پیاهەڵدان و وەسفکردنی خوای گەورەو خۆ بچووککردنەوە لە بەرانبەر حەزرەتی حەقداو تاوانباری و بێدەسەڵاتی بەندە لە ئاست گەورەیی ئەودا، هیچ شتێك نابینی کە جێگەی ئەوە بێت مەلا، یان کۆلکە مەلایەکیش بێت فەتوای تەکفیرو دەرکردنی خانا لەو سنوورە بدات. وەك لە بەیتی پێنجەم دەڵێت:

پادشای شاهان، ئیقلیم هەستی نەققاش تەسویر بڵندی و پەستی

گەر وردبینەوە ئەم بەیتە کوفر نییە، چونکە خودا خاڵقی خێرو شەڕیشە، ئەگەر چی مەفهومی پەستی و بڵندی لێرەدا دوو مەفهومی وجوودی و عورفییان لەخۆ گرتووە. هەڵبەت نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە ئەوان تا ئەندازەیەکی باش شارەزاییان لە عەقیدەو تەسەوری دینییدا هەبووە بە تەواوی بە فلتەری چوار مەزهەب و قوتابخانەی ئەشعەریدا تێپەڕیون، هەر بۆیەش خوڵقاندنی پەستی لێرەدا، لای خانا شێوازێکی دیکەیە لە نەقشی ئیلاهی لە جیهانی بووندا)) (سەرچاوەی پێشوو١٢٣-١٢٥)، هەروەها لە بارەی وەرگێڕانەکانی خاناوە دەڵێت: ((ڕاستە ئەو بە وەرگێڕ دادەنرێت، بەڵام ئەم سەد لە سەد خۆی بە دەقەکانەوە گرێ نەداوە لە هەندێك برگەدا، دووسەد بەیتی کردۆتە دە بەیت، لە برگەی

تردا دوو بەیت کراوەتە چوارسەد بەیت سەرەڕای ئەمەش، گیانی کوردەواری و بە تایبەت هەورامانی سەدەی (١٨)ی پێوە دیارە و ئەمەش جۆرێکی ترە لە هونەری وەرگێڕان)) (قوبادی، ٢٠١٦، ٢٨).

کەواتە داهێنانی خانا لەم بوارەدا زیاتر لەوە بەرجەستە دەبێت، گەر خۆی ئاماژەی پێ نەکردایە هەستت بە وەرگێڕان نەدەکرد، بەڵکو بە تەواوی لە نووسین و بەرهەمی خۆی دەچێت؛ هێندە بە وردی و بە سەلیقەوە داستانەکەی وەرگێڕاوە بە تەواوی هەست و سۆزی خۆی ئاوێتەی بەرهەمەکە کردووە.

دووەم/ نیشتیمان پەروەری و بیری نەتەوەی : نشتیمان و نەتەوە یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی شاعیرانی کورد؛ شاعیرانی پێشەنگ لەم بوارەدا (ئەحمەدی خانی و خانای قوبادی و حاجی قادری کۆیی)ن لەم بارەوە توێژەر (عوسمان نووری (ڕێبین))، پێی وایە نووسەرانی کورد لە دیاریکردنی قۆناغی ئەو چەمکەدا سەدەی شانزدە بۆ نۆزدە دیاریدەکەن و ئەحمەدی خانی بە پێشەنگ دادەنێن و پاشان خێرا پەی بۆ حاجی قادری کۆیی دەبەن؛ لێرەدا شوێنی خانا ون دەکەن؛ واتە لە دابەشکردنی بیری نیشتیمانی کوردیدا تواناو لێهاتوویی خانا فەرامۆش دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا بیری نیشتیمانی کوردی دوو قۆناغە، کە ((یەکەم قۆناخی پێش سەدەی نۆزدە کە بە قۆناغی بنیاتنانی هزری نیشتیمان پەروەری ناوزەد دەبێت و ئەحمەدی خانی و خانای قوبادی بنەمای ئەو هزرە دادەمەزرێنن، دووهەم قۆناخی پاش سەدەی نۆزدە کە قۆناخی ناسیۆنالیزمەو لە حاجی قادری کۆییەوە تا سەردەمی ئێستاکە درێژەی هەیە)) (ڕێبین، ١٣٩٩، ٦٠)، هەروەها چەمکی نیشتیمان پەروەی و ناسیۆنالیزم لە یەکتر جیادەکاتەوەو دەڵێت : ((زۆر جار نیشتیمانپەروەری لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا تێکەڵ دەکرێن، نیشتیمانپەروەی پێشینەیەکی زۆر کۆنتری هەیە، بەڵام ناسیۆنالیزم دیاردەیەکە پێشینەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە بەملاوە کەوابوو لە نیشتیمانپەروەرییەوە بۆ ناسیۆنالیزم ئێمە سێ کەسمان هەیە لە سێ شێوەزارو سێ قوتابخانەی شیعری و سێ جوغرافیاو سێ سەدەی جیاوازدا

یەکەم : ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) بایەزید، کوردستانی باکوور، شێوەزاری کرمانجی ژوور، قوتابخانەی کرمانجی ژوور، شاعیرو بیرمەندی سیاسی، یەکەم بنەمای ئەندێشەی نیشتیمانپەروەری.

دووەم: خانای قوبادی (١٧٠٤-١٧٧٤)، جوانڕۆ، کوردستانی ڕۆژهەڵات، شێوەزاری گۆرانی، قوتابخانەی گۆران، هۆنەرو بیرمەند، دووەم بنەمای ئەندێشەی نیشتیمانپەروەری

سێهەم : حاجی قادری کۆیی (١٨١٦-١٨٩٧)، کوردستانی باشوور، کۆیە، شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست، قوتابخانەی سۆران، شاعیرو بیرمەند، سێهەم بنەمای نیشتیمانپەروەری و یەکەمین بیرمەندی ناسیۆنالیستی کوردی)) (سەرچاوەی پێشوو، ٦٢- ٧٧).

کەواتە لە قۆناغی بیری نەتەوەی کوردا لە سەدەی (١٧، ١٨، ١٩) سێ کەڵە شاعیر و نووسەرو بیرمەندی سیاسی و وەرگێڕ هەیە، کە چەندین شاکارو بەرهەمی بەپێزو گرنگیان بۆ گەنجینەی ئەدەبی کوردی تۆمارکردووە؛ بوونەتە پێشەنگی بیری نەتەوەی و نیشتیمانپەروەری لە ئەدەبیاتی کوردیدا، لێرەدا خانا، کە لە قۆناغی دووەمە ڕۆڵێکی گرنگ و گەورەی گێڕاوە؛ لە بواری زمان و نیشتیمانپەروەی دا؛ زمانی ئەدەبی زمانی هەست و سۆزو ئامانجە خانا بەم زمانە داوا دەکات گرنگی بە هەستی نەتەوەی بدەن؛ زمانی نەتەوەی فەرامۆش نەکەن هاو شێوەی (ئەحمەدی خانی)، کە مەم و زین دەکاتە بەهانەیەك بۆ گەیاندنی هەستی نەتەوایەتی و داوا دەکات لە دەسەڵاتدارانی کورد نەبنە پاشکۆی بێگانان و بەزمانی نەتەوەیی خۆیان بنووسن؛ خاناش داستانە شیعرەکان دەکاتە بەهانەیەك بۆ گەیاندنی ئامانجی نەتەوەی و نووسین بە زمانی کوردی. ڕاستە زۆر کاریگەری زمانی فارسی لەسەر بووە، بەڵام ئەو کاریگەرییە نەبووەتە هۆی ئەوەی، کە بەو زمانە بنووسێت. کەواتە ((خانا سێسەد ساڵ لەمەوبەر بیری ئازادی و نەتەوەپەرستی و زمانپارێزی و نیشتمانپەروەری خستۆتە ئاراوە. ئەو کەسێکە بەرهەمی وا بەنرخ و بە پێز و بەهێزی بە کوردی بۆ جێهێشتووین کە ئێمەی کورد ئەمڕۆ دەتوانین بە شانازییەوە خۆمانی پێوە ڕانێین و بەسەربەرزی بڵێین ئێمەش خانامان هەیە)) (سارۆ، ١٣٩٩، ٥٤-٥٥).

سێیەم/ هەجوو (داشۆرین): جۆرە شیعرێکە ناوەڕۆکێکی جنێو ئامێزی هەیە؛ شاعیران بە زمانی شیعری خۆیان بۆ چەندین مەبەست

و ئامانجی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دینی و ...هتد خۆیان بەکاری دەهێنن، یاخود جۆرە ڕەخنەیەکی توند و زبرە، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە بێ دەسەڵاتییەکە، کە شاعیر دەسەڵاتی بەسەر کە س و ڕوودا، یاخود ئەو بابەتەدا ناشکێت توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کەسە، یاخود بابەتە دژەی نابێتەوە؛ جنێو وەك چەکێك بەکار دەهێنێ بۆ سەرکەوتنی خۆی. بەگشتی شاعیرانی کلاسیکی ئەدەبی کوردی لەم بوارەدا تووشی ڕەخنە بوونەتەوە؛ لە لایەن کۆمەڵگاوە و پەراوێز خراون، بۆیە دەبینین لە دوای مردنیان شیعری هەجوویان بڵاوکراوەتەوە، کاتێك باس لە سەرەتای شیعری هەجووی ئەدەبی کوردی دەکرێت وە ((لەسەر بنەمای زۆرێك لەسەرچاوەکان داشۆرین لە ئەدەبی کوردیدا بۆ نالی و پاشان بەشێوەیەکی فراوان بۆ شیخ ڕەزای تاڵەبانی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە بەرهەمەکانی خانادا و بە تایبەتی لە شاکاری خوسرەوشیریندا چەند دێڕێك بەسەر دەکەینەوە کە داشۆرینی پیرەژنێکە. دەتوانین بە یەکەم داشۆرین لە ئەدەبی کوردیدا ناودێڕی بکەین و یەکەمین داشۆرین بدەینە پاڵ خانا)) (جەباری، ١٣٩٩، ٥٢)، هەروەها حەکیمی مەلا ساڵحیش دەڵێت : ((کە خوسرەو شیرینەکەی خانای قوبادی دەخوێنینەوە دەبینین لە گۆشەیەکدا قەڵەمی خستۆتە سەر ئەم شێوازە شیعرەو بە شێوەیەکی هونەرمەندانە دایڕشتووە)) (مەلا ساڵح، ٢٠٠٦، ١٥).

کەواتە خانای قوبادی لە پێش هەموو شاعیرانی کورد ئەم جۆرە مەبەستەی (داشۆرین)ی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردی، پاشان شێخ ڕەزا برەوی پێداوە و وەك بەشێکی سەرەکی لە ئەدەبی کوردیدا چەسپاندوویەتی. بەم بەیتەی لە خوسرەو شیرینەکەیدا داهێنانێکی دیکەی خستووەتە ناو خەرمانی داهێنانە ئەدەبییەکانییەوە و گومانەکان دەڕەوێنێتەوە لە بارەی شیعری داشۆرین لای خانا، چونکە هەر کەسێك ئەم بەیتە بخوێنیتەوە بە ڕوونی هەست بە داشۆرین دەکات کە داشۆرینێکی توند و زبرە بۆ ئەو پیرەژنەی نێراوە بۆ لای شیرین، کە دەڵێت:

((شەخسێ پەرستار یاونا ئەوشەو — بە عەرز شیرین بێهۆشی خوسرەو
شیرین پەی یاری و مەخسەرەو مەزاق — کەیوانوی قۆخێ کۆر دەم فەراق
پشت دەرقوپیای چون پشت کیسەڵ — ساڵ صەدو شەست، هەشت گوان چون دەڵ
چەم تەنگ و ڕو چرچ ، لوت چەفت و چڵمن — لەب کەوەو لیکن ، دەنگ وە دەنگ جن
پاو سم شەق شەق ، ساق ساق سمی خەر — سەر چون قژاکە ، جە مەیمون بەدتەر
بن بەخەڵ بۆگەن ، پڕ جە سپێ و ڕشك — لانەی قۆلانچە و مار و مور و مشك.....)) (مەلا کریم، ١٩٧٥، ٦٣١).

واتە ئەو شەوە کارەکەرێکی نارد بۆلای شیرین؛ ئەو کارەکەرە لە تاو خوسرەو هۆشی نەمابوو؛ ئەو کەیوانووە بۆ ڕابوادن و گاڵتەکردن باش بوو؛ ژنێکی پشت چەماوە و کوێر و دەم ناشرین بوو؛ پشتی وەکو پشتی کیسەڵ دەر پەڕی بوو؛ تەمەنی سەد و شەست ساڵ دەبوو؛ وەك مێینەی سەگ هەشت گوانی هەبوو؛ چاوی بچوك و دەم و چاوی چرچ و لوتێکی نارێك و چڵمنی هەبوو؛ لیوی شین و لیکن و دەنگی هەر لە دەنگی جنۆکە دەچوو؛ پێی شەق شەق و پوزی لە هی کەر دەچوو؛ سەری وەك قژاکە بوو لە مەیموون ناشرینتر بوو؛ بن باڵی بۆگەن بوو پڕ بوو لە ئەسپێ و ڕشك لانەی قۆلانچەو مارو مورو مشك بوو.....

لە داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)یشدا لە بەندی(٢٩) (دەرمانداوکردنی سوڵتان ئیبراهیم و ڕفاندنی نۆش ئافەرین لە لایەن سەلیمەوە) دەڵێت :

((گۆش بدەر بە ئەو ناپۆختەو ناخام — جە ئەمیر سەلیم دێوانەی کەم فام
ئەو ناموافێق دێوانەی دەغەڵ — زەهرش پەنهان بی دایم نە بەغەڵ
سەلیم ناپاك دڵ پڕ ژ تەشویش — نۆش ئافەرینش وست نەتەرك وێش — لە بەندەکانی دواتردا دەڵێت:
ئەی چەرخ غەدار شەرمێ نییەن پێت — خەجاڵەت نابی تۆ جە کردەی وێت
واتش ئەی سەلیم چون ئامای وەی جا — جە کۆن شازادە ئەرێ بێ حەیا
ئاخر هورێزا دەست دا بە ساتوور — واتش ئەی ناپاك لەعین بەد نوور)) (قوبادی، ٢٠١١، ٢٢٧- ٢٣٥)

دەکرێ ئەم چەند دێڕە لە باسکردنی ناپاکی سەلیم بە هەجوو دابنرێت، کە هەجووی کوڕی یەکێك لە وەزیرەکانی باوکی نۆش ئافەرینە؛ ژەهر

دەکاتە ناو خواردنەکەی شازادە، تا بە نۆش ئافەرین بگات، چونکە عاشقییەتی و دەیەوێت بە نسیب خۆی بێت. خانا سەلیم بە (کەم فام و ناموافێق و ناپاك و خەجاڵەت و لەعین بەد نوور) باسی دەکات ئەم وشانەش ئاماژەن بە داشۆرین لەم بەندەی داستانەکەدا.

چوارەم/ بیری ئازادیخوازی و دادپەروەری: خانای قوبادی لەبەر ئەوەی ڕێبازێکی تایبەت بە خۆی هەبووە؛ خاوەنی ئەندێشەیەکی ئازادی خواز بووە؛ دژی زوڵم و ستەم و نادادپەروەری بووە و بانگەشەی بۆ ئازادبوونی بیروباوەڕی مرۆڤ کردووە؛ لەم بارەوە ((لەسەر شانۆی ڕووداوی نێوان خوسرەو دیهاتییەکان بۆ سەردەمی دەسەڵاتی هۆرمز و شازادەی جێنشین بۆمان دەگێڕێتەوە و وەسفی دەستدرێژی یەکێك لە پیاوەکانی خوسرەو دەکات کە هەڵسوکەوتێکی نادادپەروەرانەو ستەمکارانە بەرانبەر گوندنشینەکان دەکات شاعیر ڕووداوەکە زەق دەکاتەوەو پێ لەسەر کێشەی دادپەروەری و ستەم و زۆرداری دادەگرێت:

ئەسپش کشتزار موسڵمانان وەرد غوڵامش قۆرەی دیهقان بە جەور بەرد.....

شاعیر دەربارەی ڕووداوێك دەدوێت کە دوور نییە بەرهەمی خەیاڵسازی خۆی بێت، لە چرکەیەکدا کە خوسرەو مەست و بێ ئاگا دەبێت غوڵامێکی ئەسپەکەی بەرەڵا دەکاتە ناو کشتوکاڵی جوتیاران، ئەوانیش سکاڵای خۆیان دەبەنە لای هورمز کە ناداد پەروەری و زوڵمێکی گەورە لە لایەن غوڵامێکی شازادەی جێنشینەوە لەوان کراوە. شا سزایەکی زۆر قورس بۆ کوڕەکەی خۆی دەبڕێتەوە و گوێ ناداتە ئەوەی کە تاوانبار کوڕەکەی خۆیەتی و زوڵملێکراو جوتیارێکی بێ پشت و پەنایە. گێڕانەوەی ئەم ڕووداوەی نێوان خەسرەو باوکی، ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕۆژگاری خاناوە هەیە، ڕەنگە کەمتر پەیوەندی بە سەردەمی چیرۆکەکەی خوسرەو هورمزەوە هەبێت لەوانەیە ئەرکی شاعیر ئەوە نەبووبێت سەرنجی خەڵکی بۆ ستەم و زۆرداری و نادادپەروەریی ئەو سەردەمەی خۆی ڕاکێشابێت و ئەفسانەکەی بۆ مەبەستێکی سیاسی شاراوە بەکارهێنابێت)) (قوبادی، ٢٠١٦، ٤١-٤٣) پاشان، کە ئەنجامی ئەم دادپەروەرییەی هورمز دەبینێ ئارەزووی سەرکردەیەکی دادپەروەر دەکات بۆ نەتەوەکەی، دواتر دەکەوێتە سەرزەنشتی خۆیی، کە زمان درێژی نەکات بە وشەی پرسی (کۆن) واتە (لە کوێ)یە پرسیار لە خۆی دەکات و دەڵێت :

((خانا بۆ وەسەن زوباندرازی کۆن ئەو صاحیب عەدڵ تۆپێش بنازی

دوا بەیتی ئەم کۆپلەیەی سەرەوە، کرۆکی پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتی شاعیرە. ئەو لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و دەڵێت: "بەسە زماندرێژی!" ئینجا پرسیارێك لە خۆی دەکات: " ئەو کەسە دادپەروەرە لە کوێیە کە تۆ پێی بنازیت؟! ئەم پرسیارە هەروا لە خۆڕا نەکراوە. شاعیر ویستوویەتی ئەوە بدرکێنێت کەسێکی لەبەر چاودا نییە شانازی پێوە بکات، بۆ ناتوانێت شانازی بە کەسایەتی، یان سەرکردەیەکەوە بکات؟ ئەو لەسەر نەخشەی سیاسی کوردستان کەسێکی دادپەروەری (صاحب عەدڵ) بەرچاو ناکەوێت شایانی شانازی پێوەکردن بێت یاخود ئاماژەی بۆ گەورە پیاوانی سەردەمی خۆی کردووە و دەڵێت :

مەعلووم بۆ جە لای بزورگان دەور هەرکەس عادڵ بۆ چون هورمز بەی طەور.....

واتە ئاشکرا بێت لای گەورە پیاوانی سەردەم، ئەگەر دادپەروەر بن وەکو هورمز خوا لە ئاگر دەیان پارێزێت، ئەگەر صەد جار کافریش بن. گرنگ دادپەروەرییە لای شاعیر، نەك بڕوا هێنان بە دین و ئیمان. لەم خاڵە دا خانا لەگەڵ ئەحمەدی خانیدا یەك دەگرێتەوە کە هەردووکیان بانگەشەیان بۆ دادپەروەری کردووە)) (سەرچاوەی پیشوو، ٤٣، ٤٤).

لەبارەی پەیامی ئەم بەیتەی خانا (د. نەوشیروان مستەفا) دەڵێت: ((لە سیستەمی سیاسی و کارگێری ئێران دا ، شا هەبووە، کە گەورەی هەموو وڵات بووە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دا حاکم بە نازناوی جیاواز و بە پلەی جیاواز هەبووە. تەنیا بە حاکمەکانی کوردستان و لورستان گورجستان پلەی والی بەخشراوە، بۆیە پیاوێکی شارەزای وەکو خانا، کاتێ وشەی والی بەکارهێناوە، ئەبێ مەبەستێکی دیاریکراوی هەبووبێ ئەگینا ئەیتوانی وشەیەکی تر بەکار بهێنێ)) (ئەمین، ٢٠١٢، ٢٦٠). واتە خانا مەبەستی سەرەکی کوردو والییەکانی بووە وە داواکەی لە سەرکردەی کوردی کردووە، کە دادپەروەر بن؛ دواجار بینیوویەتی کەسێکی وا لە گۆڕەپانی کوردی دا نییە پەشیمان بووەتەوە سەرزەنشتی خۆی کردووە، کە بوەستێ لەسەر ئەو پەیامەو درێژدادڕی نەکات. هەر لە بارەی زوڵم و ستەمەوە نموونەی ستەمی ئەهلی شەریعەت

بەرانبەر سۆفی و عاریفاندا دەهێنێتەوە وخۆی بە(نەسیمی) دەشوبهێنێ دەڵێت :

((ئەر چون نەسیمی مەکەنان پۆسم هەرتا زیندەنان هەر تۆنی دۆسم

بۆ ئەم بەیتە بەیتێکی داخراوەو تێگەیشتنی ئاسان نییە؟ خانا خۆی دەخاتە "جێگەی نەسیمی"یەوە، یان لە ناو پێستی ئەودا خۆی دەدۆزێتەوە. با ئێمە پێشەکی بزانین نەسیمی کێیە؟ عیماد الدینی نەسیمی (١٣٦٩-١٤١٧ز) یەکێکە لە شاعیرە سۆفییە گەورەکان و بە عەرەبی و فارسی و تورکی شیعری هەیە. بە یەکێك لە پێشەوا ناسراوەکانی ڕێبازی"حروفیە"دادەنرێت ساڵی (١٤١٧ز) لە شاری حەلەب، لەسەر فەتوای پیاوە ئایینییەکانی شام هەر بە زیندوویەتی پێستی دەگروون و پاشان پارچە پارچەی دەکەن. ئێمە ئەگەر زانیمان "حروفییەکان" ڕیبازێکی شۆڕشگێڕ بوون و دژی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی سەردەمی خۆیان بوون و بۆ دادپەروەری خۆیان خەباتیان کردووە، ئەوجا دەردەکەوێت خانای قوبادیش لە کام سەنگەردا بووە و بۆ ئەوەندە لەسەر عەدڵ و دادپەروەریی و کۆمەڵایەتی جەخت دەکات؟)) (قوبادی، ٢٠١٦ ٤٥،٤٤). هەر سەبارەت بە دادو دادپەروەری لە (شیرین و خوسرەو)دا و لە و بەندەی، کە خوسرەو ئامۆژگاری دانیشتوانی دەکات دەڵێت :

((بە لەفظ فەصیح شیرین تەر جە قەند پەرێ بزورگان بەزم دڵ پەسەند

چەند نوکتەی شەریف شۆخ دڵ پەزیر بە دورر کەلام بەی طەور کەرد تەقریر

واتش هەر شەخسێ ساحێب شوعورەن مەعلوم جە ئاداب نادانی دوورەن

چون زومرەی بەعضێ بەد جینس بێ پیر نە شمارا ئەرباب دەروێش بە فەقیر

دورەن جە ڕای دین رەویەی کافری تۆ بە عەیب وێت هیچ را نەبەری

بەڵێ هەردەم عەیب مەردوم بشماری عەیب وێت جە خەڵق پەنهان بداری

ئەمانەت فەرضەن ئەر هەنت شوعور بە خوردی دوشمەن هیچ نەبەر مەغرور

مکەرۆ عاجز بە دانای دادوەر پەششەیێ صەد پیل ئەژدەها پەیکەر

هیچ کەس جەی دنیای ئاشفتەی پڕ شۆر دامان دەوڵەت نەگرتەن بە زۆر

دەوڵەت نە بە زۆر نە بە کردارەن دەوڵەت هەر بە داد پەروەردگارەن)) (ملاکریم، ١٩٧٥، ٢٩٧-٢٩٨)

لێرەدا ئاماژە بە کەسانی عاقڵ و دانا دەکات و ئامۆژگاری گەورەکان دەکات، کە هەر کەسێك چاك بێت چاکی دێتە ڕێ و لە خراپی دوور دەبێت وە ئەو کەسانە بە دورە دین دەزانێ، کە عەیب و عاری خۆیان نازانن و نابینن؛ لە هەمانکاتدا عەیبی خەڵکی دەژمێرن و عەیبی خۆیان دەشارنەوە، هەروەها کاتێك دەڵێت: ئەمانەت فەرزە مەبەستییەتی بڵێت دەبێت ئەو فەرزە وەك خۆی بە داد و دادپەروەری بە ئەنجامی بگەیەنیت و لە خۆبای نەبێت لەبەر ئەوەی هیچ کەس بە زۆرو زۆرداری دەوڵەتی نەگرتووە، یاخود بەزۆرداری دەوڵەتی بەڕێوە نەبردووە؛ دەوڵەت بە زۆرداری و ستەم نابرێت بەڕێوە، بەڵکو هەر بە تەنها بە دادپەروەری و پابەند بوون بە دادی پەروەردگار بەردەوام دەبێت.

پێنجەم/ قاڵبە شیعرییەکان : شاعیرانی گۆران بە گشتی شیعرەکانیان مەسنەوی جوت قافییەی دە برگەی خۆماڵی بوون؛ خانای قوبادیش بە هەمان ڕێچکەدا ڕۆشتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی خانا دەستێکی باڵای هەبووە لە بواری هونەریدا جیا لە شاعیرانی سەردەمی خۆی داهێنانی لە قاڵبە شیعرییەکاندا کردووە؛ بە پێی سەرچاوەکان بۆ یەکەمجار فۆرمی تەرجیع بەندی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، بەڵام ((مامۆستا محمد عەلی قەرەداغی، دیوانە شیعرێکی گۆرانی- هەورامی چاپ و بڵاوکردووەتەوە بە ناوی (دیوانی عەزیز). ئەم دیوانە دوو چاپی بینییوە. لە پێشەکی چاپی یەکەمدا مامۆستا بۆی ساغ نەبووەتەوە کە ئەم عەزیزە کێیە؟ چونکە لە میژوودا چەند شاعیرێکمان بە ناوی عەزیزەوە هەیە. گومانی مامۆستا لە نێوان (عەزیز دەردین: کە ناوی لە لیستی شاعیرانی لای ڕەنجووری هەیە و لە شاعیرانی کۆنە) و (شێخ عەزیز جانەوەری سیراجەددینی نەقشبەندی بووەو هاوچەرخی مەولەوی بووە) ماوەتەوە، بەڵام لە چاپی دووەمدا بە پێی هەندێ شیعری تازە دۆزراوەی تر گومانەکە بە لای دووەمیاندا شکاوەتەوە و بووەتە یەقین. بەڵام من پێموایە زۆربەی شیعرەکانی ئەم دیوانە مۆرکێکی کۆنیان هەیەو بە دووری نازانم هی عەزیز دەردین بن. مەبەست لەمە بوونی تەرجیعبەندێکە لە دیوانەکەی عەزیز. ئەم تەرجیع بەندە لە ١١ بەند پێکهاتووە

و تەرجیعەکەی بەم چەشنەیە:

یاعەلی دەخیل بدەر نەجاتم سوپای خەم کەردەن قەطع حەیاتم

ئەگەر ئەم شاعیرە عەزیز دەردین بێت کە دەشێ هاوچەرخی خانا یان کۆنتر بێت ئەوا خاوەنی یەکەم تەرجیع بەند بە هەڵپەسێراوی دەمێنێتەوە، بەڵام تا ئەو بابەتە ساغ دەبێتەوە لە ئێستادا خانا بە یەکەم شاعیر دادەنرێت کە تەرجیع بەندی نووسیووە)) (جەباری، ١٣٩٩، ٥١، ٥٢) دیارترین نموونەی تەرجیع بەند لای خانا لە شیعرە ئاینییەکانە وە ئەم داهێنانەی خانا بەگشتی لە بەرهەمەکانیدا دەبینرێت، کە((لە دیوانی خانای قوبادیدا چەندین تەرجیع بەند بەرچاو دەکەوێت، وەك: حەوت تەرجیع بەند، داستان لە شێوەی تەرجیع بەند، نامەی شیعری لە شێوەی تەرجیع بەند... ئەگەرچی تەرجیع بەند قاڵبێکی تایبەتی خۆی هەیە لە شیعری عەرەبی، فارسی، تورکی و کوردیدا، بەڵام لەلای خانای قوبادی و لە شێوەزاری گۆرانیدا ئەم قاڵبە گۆڕانی بەسەردا هاتووە)) (قوبادی، ٢٠١٦، ١٨٠). ئەم جۆرە قاڵبە شیعرییە بۆ بابەتی خواداناسیوو عریفانی و وەسف و عیشقە، کە خانا داهێنانێکی گەورەو گرنگی تێدا کردووە یەکێك لەو گۆڕانکارییانەی، کە کردوویەتی لەم بەندانەیە، کە دەڵێت:

((نیاز وات: زەریف خەندەوە، خەندەوە خانە وات: شیرین خەندەوە، شیرین خەندەوە

زەریفی زەریف ها بەو خەندەوە شیرینی شیرین ها بۆ خەندەوە

یەکش باف زەرین گرت و چەندەوە دەست خەنارەنگ گرت وە چەنەوە

خەنە ها وەلای زەرڕەی قەندەوە خاس خەنە کەردی هەم بە خەنەوە

لەم تەرجیع بەندەدا گۆڕانکارییەکی بێوێنە ئەنجامدەدات، ئەویش تەرجیع بەندێکی تازە دروست دەکات و لەناو تەرجیع بەندەکەدا قاڵبی گفتوگۆ هەیە. هەر بەندێك تایبەتە بە یەك کەس، واتە بەندی یەکەم تایبەتە بە "نیاز " و بەندی دووەمیش تایبەتە " خانە " بەندی یەکەم دابەش بووە بەسەر چوار بەشدا و نیاز دەستپێشخەرە، خاناش هەمان کار دووبارە دەکاتەوە لە بەندەکانی تردا ئەم کارە بە شێوەی سەربەخۆ دەڕوات و دابەشکردنی تێدا نییە. دەتوانین بۆ ئەم قاڵبە شیعرییە دوو ناو دابنێین: تەرجیع بەند و تەرکیب بەند، چونکە ئەم دوو قاڵبە شیعرییە زۆر لە یەکەوە نزیکن. لە تەرجیع بەندیشدا تەنها نیوەبەیتی دووەمی هەموو بەندەکان وەکو یەکن. دەبینین خانا گۆڕانکاری زۆری بەسەر قاڵبە شیعرییەکاندا هێناوە. ئەم گۆڕانکارییانەش ئاماژەی دەسترەنگینی و ورت و ورایی خانان و زۆر بە جوانی و بە شێوەیەکی ناوازە کارەکەی کردووە و جوانکاری و تێکهەڵکێش و لێوەرگرتن (اقتباس)ێکی ناسکی کردووە و ئەم جۆرە داهێنانە بەشێوەیەکی کوردانەو ناوازە دەردەکەوێت))(سەرچاوەی پێشوو، ١٨٦).

کەواتە خانای قوبادی یەکێکە لەو شاعیرە پایە بەرزانەی، کە داهێنانێکی گەورەو بەپێزی لە شیعر و بەرهەمە ئەدەبییەکانی بە گشتی کردووە؛ لە بە شێك لەو داهێنانانەی دەبێتە سەرمەشق و پێشەنگ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەوانە: لە بواری (وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز و داستانە شیعرییەکان، فۆرمی تەرجیع بەند، داشۆرین "هەجوو") ئامانجی لە وەرگێڕانی (قورئانی پیرۆز) ئەوە بووە، کە تاکی کورد بە زمانی نەتەوەی خۆی (قورئانی پیرۆز) بخوێننەوەوە، هەروەها گرنگییەکی زۆری بە زمانی کوردی داوە و شانازی پێوە کردووە؛ پێی وا بووە هیچی لە زمانەکانی دیکە کەمتر نییەو دەتوانێت چەندین شاکاری بەنرخ و بە پێزی پێ بنووسرێت. شاعیرێکی مرۆڤ پەروەرو ئازادیخواز بووە و باگەشەی بۆ دادپەروەری نەهێشتنی زوڵم و زۆرداری کردووە بەم بیرە وردو دەسترەنگینییەی دەبێتە پڕ بەرهەمترین شاعیری کورد، کە تا ئەم قۆناغەش نووسەران بەردەوام بەرهەم و شاکاری جوانی ئەم کەڵە شاعیرە دەدۆزنەوە، لەگەڵ ئەوەی سەردەمی ژیانی پڕ بووە لە جەنگ و کوشتن و بڕین، بەڵام بلیمەتانە توانییویەتی داهێنانی گەورە لە ئەدەی کوردیدا بکات وە بلیمەتی خانای قوبادی بووەتە هۆی ڕێگا ڕۆشنکەرەوەی شیعرو ئەدەبیاتی قۆناغی دوای خۆی، کە شاعیرانی وەك مەولەوی ئەو وێستگە ئەدەبییەی بگرنە ئەستۆ و برەوی زیاتری پێ بدەن.

ئەنجام :

١- لە ڕووی بیری نەتەوەییەوە لە نیشتیمانپەروەرییەوە بۆ ناسیۆنالیزم و لە سەدەی (١٧، ١٨، ١٩) سێ کەڵە شاعیر و نووسەرو بیرمەندی سیاسی و وەرگێڕ لە سێ شێوەزارو سێ قوتابخانەی شیعری و سێ جوغرافیاو سێ سەدەی جیاوازدا هەیە ئەوانیش (ئەحمەدی خانی، خانای قوبادی، حاجی قادری کۆیی).

٢- خانا دەستێکی باڵای لە داهێنانی بیرو و هونەری داستانە شیعردا هەبووە داهێنانەکانی لە بواری (وەرگێڕانی ئەدەبی، بیری نەتەوەیی، "هەجوو" داشۆرین، بیری ئازادیخوازی و دادپەروەری، قاڵبە شیعرییەکانی تەرجیع بەند) دایە .

٣- لە بواری (وەرگێڕانی ئەدەبی، "هەجوو" داشۆرین، قاڵبە شیعرییەکانی تەرجیع بەند) دەبێتە سەرمەشق و پێشەنگی شاعیرانی کورد.

لیستی سەرچاوەکان

بە زمانی کوردی :

١-ئەمین، نەوشیروان مستەفا(د)، ٢٠١٢، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، چ٢، الدار العربیه للعلوم- ناشرون.

٢-ئەحمەد، کەیفی، ٢٠١٩، بنیاتی هونەری داستان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا (بە نموونە زاری کرمانجیی نێوەڕاست)، چ١، چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپوری کورد.

٣-پیربال، فەرهاد، ٢٠٠٢، مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا (لە کۆنەوە تا ١٩٣٢)، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردە (١٠)، هەولێر.

٤-جەباری، رزگار، سارۆ، غەفار، ١٣٩٩، یەکەمین کۆنگرەی شاعیری بەناوبانگی کورد خانای قوبادی، کۆمەڵێك توێژینەوەی کۆنگرەکە، چ١، جوانڕۆ.

٥-جوتیار، خالد، ١٩٨٤، فۆلکلۆر، چاپخانەی (الحوادث)، هەولێر.

٦-حوسێن، مەولود، سەنگەر، ڕێزان، ٢٠١٨، ژانرە ئەدەبییەکان، چ١، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاودێر، هەولێر.

٧-حسەین، هەڤاڵ ئەبوبەکر، ٢٠٠٧، چەشە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ژیان و ژین دا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٨-خەزنەدار، مارف(د)، ٢٠٠٢، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٩-خەزنەدار، مارف(د)، ٢٠٠١، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چ١، هەولێر، دەزگای ئاراس.

١٠-خەزنەدار، مارف(د)، ٢٠١٠، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چ٢، هەولێر، دەزگای ئاراس.

١١-خەیات، کاروان عوسمان، ٢٠١٣، داستانی گورگ و ڕێوی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

١٢-ڕەسول، عیزەددین مستەفا(د)، ١٩٧٩، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

١٣- ڕەسول، شوکریە(د)، ١٩٨٩، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر.

١٤-ڕێبین، عوسمان، ١٣٩٩، یەکەمین کۆنگرەی شاعیری بەناوبانگی کورد خانای قوبادی، کۆمەڵێك توێژینەوەی کۆنگرەکە، چ١، جوانڕۆ.

١٥- سەجادی، علاالدین،(د) ١٣٨٩، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٣، انتشارات کردستان، سنندج.

١٦-سەجادی، علاالدین،(د) ١٣٨٩، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٣، انتشارات کردستان، سنندج.

١٧- عەلیاوەیی، عەبدوڵڵا(د)، ٢٠٠٤، کوردستان لە سەردەمی عوسمانی دا ، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

١٨-قوبادی، خانا، ٢٠١١، سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین، کۆکردنەوە و داڕشتنەوەی حەمەڕەشی ئەمینی. چاپی یەکەم.، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

١٩-قوبادی، خانا، ٢٠١٦، دیوانی خانای قوبادی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)، چ١، چاپخانەی شوان، سنە.

٢٠- قوبادی، خانا، ٢٠١٧، لەیلێ و مەجنوون، ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەی کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)، چ١، چاپخانەی، شوان سنە.

٢١- قوبادی، خانا، ١٩٧٥، شیرین و خوسرەو، ساغکردنەوەی (محمدی ملا کریم مودەریس)، زنجیرەی ژیانەوەی کەلەپوری ئەدەبی کورد- ژمارە(٢)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢٢-ملاساڵح، خانا، ٢٠٠٦، یوسف و زلێخا، ساغکردنەوەی (حەکیم ملاساڵح)، چ١ چاپخانەی گشتی هەولێر، کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە (١٧).

نامەی ئەکادیمی بە زمانی کوردی:

١-قادر، سەنگەر،٢٠٠٩، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) ی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی دا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٢-کەسنەزانی، بوشرا، ٢٠٢٢، ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

١-ترحیینی، فایز(د)، ١٩٨٨، الدراما و المذاهب الادب، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت.

٢-عبدالله، محمد حسن(د)، ١٩٧٨، فنون الأدب (أصول، نصوص، قراءت)، ط٢، دار الكتب الثقافيه، الكويت.

سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:

١-شمیسا، (د) سیروس، ١٣٩٣، انواع ادبی، چاپ چهارم، نشر میترا، تهران.

٢-مدرسی، فاطمه، ١٣٩٠، فرهنگ توصیفی نقد و نظریه‌های ادبی، ضاث اول.

٣-میرصادق، جمال، ١٣٩٣، شناخت داستان، مؤسسه انتشارات، تهران.

٤-میرصادق، جمال، ١٣٩٤، عناصرداستان، انتشارات سخن، چ٩ تهران.

گۆڤار

١- ابراهیم ، عمر، ١٩٧٩، فۆلکلۆر بەرهەم و دەستکەوت بەهرەی پتر لە هەزاران ساڵی پێش ئێستایە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ٧٦.

٢-تاڵەبانی، موکەرەم، ٢٠١٠، ئایا سەردەمی داستان بەسەرچووە، گۆڤاری کاروان، ژ(٢٤٨)، ٧٦.

٣-گەرمیانی، عادل، ٢٠٠٨، گرنگی داستان و ڕۆمان لە تێۆری ئەدەبدا، گۆڤاری نەوشەفەق، ژ٥٥.

ژن لە ئەدەبی کوردیدا
دیوانەکانی (ڕەنگدان، ملوانکە)ی "شیرکۆ بێکەس" بە نمونە

کانیاوبە کرعەبدوڵا[1]، شوانە نوری عەبدوڵا[2]
[1] بەشی کوردیی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: kanyaw.abdulla@uoh.edu.iq

پوختە

ئەم توێژینەوەیە (ژن لەئەدەبی کوردیدا دیوانەکانی "ڕەنگدان، ملوانکە"ی (شیرکۆ بێکەس)بە نمونە). بەشێوەیەکی گشتی تیایدا هەوڵدراوە، دوولایەن بە چڕیی بخرێنەڕوو، ئەوانیش: (ژن و شیعری شێرکۆ بێکەس)ن. لەلایەکەوە ژن وەک پێکهێنەرێکی بونیادی ئەدەبی باسکراوە، لەلایەکی تریشەوە، هەمان پێکهێنەر، بەڵام لە شیعری شێرکۆ بێکەس و تایبەتتریش هەرکام لە دیوانەکانی (ملوانکە، ڕەنگدان) بەنموونە هێنراونەتەوە. دەشێت زۆرێک لە ناوەڕۆکە ئامادەکان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، بەڕادەی پێویست گرنگییان پێدرابێت و کرابێتن بە کەرەستەی گەلێک توێژینەوە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی کارکردنە لەسەر ژن و ئامادەیی ئەم ڕەگەزەی سروشت، هەروەها خستنەڕووی بەها و ئاستی ژن لەئەدەبیاتی کوردیداو بەدیاریکراویش لەدیوانەکانی شێرکۆ بێکەسدا، هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بوون. ڕێبازی (پەسنیی- شیکاریی)، لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە، ئەویش بەوپێیەی؛ کە لە هەنگاوی یەکەمدا، لایەنی پەسنی(وەسفی) لە توێژینەوەکەدا پەیڕەوکراوە، کە خۆی لە باسکردن و خستنەڕووی سەرنج و بۆچوونە جیاوازەکاندا دەبینێتەوە لەسەر بابەتەکان، پاشانیش شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بۆچوون و ڕوانینە هاوشێوە و جیاوازەکان و خستنەڕوویان لە بەرهەم و شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا و شیکردنەوەی زیاتری دەقە شیعرییەکانە لەم ڕوانگانەوە.

کلیلی وشەکان: (ژن ، شیعر، شێرکۆ بێکەس)

الملخص

هذا البحث(المرأة فی الادب کردی، دواوین (رەنگدان،ملوانکە) لشیرکو بیکەس نموذجا) حاول بشکل عام أن یعرض جانبین مرکزین ، وهما: (المرأة و شعر شیرکو بیکەس)، تم ذکر المرأة کمکون للبنیة الأدبیة من جهة، ومن جهة أخری نفس المکون لکنه تم الإستشهاد بها في شعر شیرکو بیکەس و بشکل أخص في کل من دیواني(ملوانکة و رنکدان) ربما حظیت کثیر من المحتویات المعدة في قصائد شیرکو بیکەس بالإهتمام بنسبة لازمة و تحویلها إلی مادة مجموعة من الأبحاث، لکنه العمل علی المرأة و موقعها و حضورها و کذلك تقدیم قیمة و مستوی المرأة في الأدبیات الکوردیة و تحدیدا في دواوین شیرکو بیکەس کان من الأسباب الرئیسیة لإختیار هذا البحث، تم إستخدام المذهب الوصفي التحلیلي في هذا البحث، وذلك لإتباع الجانب الوصفي للبحث في الخطوة الأولی الذي یتمثل في الشرح و عرض وجهات النظر المختلفة علی المواضیع، ومن ثم تحلیل و توضیح وجهات النظر المتشابهة و المختلفة و عرضها في الأعمال الشعریة لشیرکو بیکەس و تحلیل أکثر للنصوص الشعریة في هذه المنطلقات

الکلمات المفتاحیة: (المرأة، الشعر، شیرکو بیکەس)

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
DOI Link	http://doi.org/10.32410/huj-10446
ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/٤ | ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٩ | ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠	
ئیمەیلی توێژەر	kanyaw.abdulla@uoh.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	©٢٠٢٣ کانیاوبە کرعەبدوڵا، شوانە نوری عەبدوڵا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

Abstract

This research “Woman in Kurdish Literature, Rangdan and Mlwanka's Divans by Sherko Bekas as Example” aims to explore two factors, which are : “Women and Sherko Bekas poems”. On one hand, women are as an component of the basis of literature, and on the other hand, the same component, but in the poetry of Sherko Bekas especially in the poem collections of “Milwanka and Rangdan” which have been taken as examples. Many prepared indexes might be paid enough attention in the poems of Sherko Bekas and have been made elements of many researches. But generally, working on the position of women and existence of this genre of nature, and contributing the status and value of women in Kurdish literature and more specifically in the poem collections of Sherko Bekas, were the main reasons of choosing this research. The descriptivism criteria have been applied in the research which contains variety of critics and view points about the subjects, then analysis and explaining coequal and different opinions in the poems of Sherko Bekas and further analysis of texts in these terms.

Keywords: Women, Poetry, Sherko Bekas

پێشەکی

دەشێت لە ناو ئەدەب و ئەدەبیاتدا، گەلێک لە دیاردە و بوارە جیاوازەکانی ژیان بدۆزرێنەوە، کەڕەگەزی شیعر و ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکان، ئاوڕیان لە زۆرێک لە پێکهێنەرەکانی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی داوەتەوە. بێگومان ژنیش بەدەر نییە لەم ڕاستییە. هەربۆیە بەپێویست زانراوە پێگەی ژن لە شیعردا بخرێتەڕوو. "شێرکۆبێکەس" وەک دیارترین نوێنەری قۆناغی نوێی ئەدەبیات و شیعری کوردیی، ڕوانینی تایبەتی سەبارەت بە زۆرێک لە پێکهێنەرەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی هەبووە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە گرنگییەکی تایبەت بە شیعرەکانی و پێکهێنەری ناوەڕۆکە شیعرییەکانی بدرێت، شاعیر بە بوونی کۆمەڵێکی زۆر لە دەق شیعریی و دیوانەوە، ئاوڕی لە زۆرێک لە دیاردەکانی ژیان داوەتەوە."دیوانی ڕەنگدان ودیوانی ملوانکە" لە دیارترین دیوانەکانی شێرکۆ بێکەسن کە بەڕێژەیەکی زۆر تایبەت و تەرخان بە ژن و توخمی مێینە کراون، لەم توێژینەوەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە و دەقی تایبەت ودیاریکراو و تەرخان بەژن هێنراونەتەوە. ئەو مەبەست و ڕوانگە تایبەتییەی شاعیریش، کە لە ناو دەقەکاندا باسکراون، خراونەتەڕوو. ئەم توێژینەوەیە،لەدووبەش پێکهاتووە.بەشەکانیش کراون بەچەند پارو وەچەپارێکەوە وبەمجۆرە دارێژراون:

بەشی یەکەم/ وێنای ژن لە ئەدەبیاتدا

پاری یەکەم/ ژنی کورد لەژیانی ڕۆشنبیری کوردیدا

یەکەم/ ژن لە شیعردا

دووەم/ ژن لە چیرۆک و ڕۆماندا

پاری دووەم/ ژن لە قۆناغە شیعرییەکاندا

یەکەم/ ژن لە قۆناغی کلاسیکدا

دووەم/ ژن لە قۆناغی ڕۆمانتیکدا

سێیەم/ ژن لە ئەدەبیاتی نوێ وهاوچەرخدا

بەشی دووەم/ پێگەی ژن لە ئەدەبیاتی شێرکۆ بێکەسدا

پاری یەکەم/ پێکهێنەری ناوەڕۆکە شیعرییەکانی شێرکۆ بیکەس

یەکەم/ سروشت

دووەم/ ئازادی

سێیەم/ ژن

پاری دووەم/ ئامادەیی ژن و ڕەنگدانەوەی لە دیوانی (ڕەنگدان)دا

پاری سێیەم/ ئامادەیی ژن و ڕەنگدانەوەی لە دیوانی (ملوانکە)دا

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژەران لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوە زانستییەدا ئەوەیە، کە یەکێک لەلایەنە گرنگەکانی ناو دونیای ئەدەبیات، کەبریتییە لەبایەخدان بەژن وپێگەی ژن لەبەرهەمی نوسەران و بەدیاریکراویش لە بەرهەمەکانی "شێرکۆبێکەس" دا بۆ خوێنەران شرۆڤە بکات و ببێتە بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەداهاتودا.

بەشی یەکەم/ وێنای ژن لە ئەدەبیاتدا

پاری یەکەم/ ڕۆڵی ژنی کورد لەژیانی ڕۆشنبیری کوردیدا

ژنی کورد وەکو هەموو ئافرەتی دنیا خاوەنی کەسایەتی و ژیانی خۆیەتی وپایەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە لەمێژووی ژیانی کوردەواریدا. ژنی کورد ئافرەتێکی دەست ڕەنگینە لەماڵ و منداڵ پەروەردە کردنداو جوانیەکی تایبەتی خۆی هەیە, ئافرەتی کورد زیرەك وچالاکەوزۆرجارفەرمانڕەوایی ودەسەڵاتی گرتۆتەئەستۆو سەرکەوتوبووە تیایدا(ئافرەت لەگەڵ پیاودا لەقۆناغی ڕزگاری گەلدا خەباتی کردووە ,هەرگیز دەستەوستان نەبووە,بەڵکو لەزۆر ڕاپەڕین و تێکۆشان لەپێناوی بەدیهێنانی ژیانێکی بەختیاردا دەوریان هەبووە بەدرێژایی ساڵانی خەبات و هەتائێستاش، ئەوەی ئاشکرایە لەڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) دا دەورێکی بەرچاویان هەبووە هەر ئەوبوو لەگەڵ هاوسەر و باوك وبرایدا کۆچڕەوی کرد , ئەمانە کاروکردەوەکانی ئافرەتن لەقۆناغی ڕزگاریدا چونکە هەستیان بەوە دەکرد , ژیان تەنیا خواردن ونوستن نیە بەڵکو ڕۆشنایی وەرگرتن وهەڵوێستە)(مامە،٢٠٠٢: ١٥)

لەئەدەبی سەرجەم گەلانی دونیادازۆرجار ژن بۆتە سەرەبابەتی بەرهەمەئەدەبیەکان , ئەدەبی کوردیش لەم خاسیەتە بەدەر نییە, بەتایبەتی لەشیعردا. هەمیشە شاعیران وڕوناکبیرانی کورد داوای خەبات وسەربەستی ئافرەتی کوردیان کردووەو داوایان لێکردون، کەداوای مافەڕەواکانی خۆیان بکەن بۆ ئەوەی ژیانێکی شایستە بژین، ئەگەر سەرنجی هۆنراوە کۆن و تازەکانیش بدەین ئەوا بەئاشکرا ئەم خاسیەتە ئەبینین. ژنی کوردیش هەر لەکۆنەوە خەباتی کردووە لەپێناوی سەربەستی وئازادیدا شان بەشانی پیاو جەنگاوەو بەتەواوەتی لەخەبات و تێکۆشاندا لەپێناوی ئازادی نیشتیماندا بەشداری دەکات وبەشداری کردووە، شاعیرانمان لەهۆنراوەکانیاندا بەزمانی ژنەوە قسە دەکەن وئازایەتی وقارەمانی ژنی کورد دەردەبڕن، کەچۆن لەمردن سڵ ناکەنەوە وخۆیان دەکەنە قوربانی و ڕوولەدوژمن دەوەستن.

یەکەم: ژن لەشیعردا

ژن لای شاعیرانمان بەشێکە لەکۆمەڵ , لەپێناوی مەسەلەکانی کۆمەڵ تێدەکۆشن , چونکە مەسەلەی ژنیش بەشێکە لەو مەسەلە گشتیەی کۆمەڵ. ژن تەنها پەیکەرێکی جوانی نییە, بەڵکو خەباتگێڕو شۆڕشگێڕو ئیلهامبەخشی هەست ونەستی شاعیرە. شاعیرانیشمان پلەی بەرزوبەنرخیان داوەبەژن وبەچاوی ڕێزەوە سەیریانکردونو شانازیان پێوەکردون.((لەباسکردنی کێشەی ئافرەت لەنێو هۆنراوەدا نابێ ڕۆڵی شاعیرانی کوردمان لەیاد بکرێ , کاتێ بوێژەکان بۆیان دەرکەوت کەوا ئافرەتی کورد زیادلەپێویست چەوساوەتەوەو ماڵوێران وبێدەرەتانە، کورەی دەروونیان هاتە جۆش و خامەیان کەوتەکار, ئەوەبوو خۆشی وناخۆشی وباری نالەباری ئافرەتی کورد لەنێو هۆنراوەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە))(موکریانی،١٩٨٠: ٢٧) زۆر جار دەڵێن ئەگەر بێت وئافرەت خۆی باس لەکێشەکانی خۆی بکات جوانتر دەتوانێت هەست

ونەست وئازارو کیشەکان دەربڕێت, چونکە خۆی لەو ڕوداوانەدا ژیاوە. ((نکۆڵی لەوە ناکرێ کەجیاوازی مەودای کۆمەڵایەتی و ئابوری وسیاسی نێوان پیاو ژن لەکۆمەڵگاکانی دنیادا جیاوازە , دەڵێن کەس وەکو ژن خۆی ناتوانێ گوزارشت لەو کێشەیە بکات , ئەمە ڕاستە پیاوێك بۆ ئەوەی بتوانێ گوزارشت لەکیشەی ژن بکات دەبێ خۆی لەجێگەی ژن دابنێت و وێنەی خۆی بکات کەژنێکە)) (قەرەداغی،٢٠٠٢: ٧)، چونکە ژن دەیەوێت ژنانەیی خۆی بەکاربهێنێت بۆ گرنگی پێدانی وشەو دەربڕینەکانی((مادەم ژنان ئەزمونی تایبەتی خۆیانیان هەیە، ئەوا هەرخۆیان دەتوانن دەربڕی ڕاستەقینەی ژیانی خۆیانبن بەهەموو ڕونکردنەوەو هەڵچوونە تایبەتییەکانی خۆیان، هەربۆیە ژنان بەوشێوەیە ناڕوانن شتەکان هەروەک چۆن پیاوان بۆی دەڕوانن، لێرەوە بیروهەستی جیاوازیشیان دەبێت))(إبراهیم، ٢٠٠٨: ٢٣١)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین کەشاعیرانی گەورەی کوردزۆر بەجوانی توانیویانە ئازارو کێشەکانی ئافرەت بخەنە ناو هۆنراوەکانیانەوەو داوای تێکۆشان لەژنان بکەن و چاویان بکەنەوە بەرامبەر بەوهەموناهەموواریانەی، کەبەرامبەر بەژنی کورد دەکرێ. واتە دەتوانین بڵێین، کەشاعیرانمان توانیویانە زۆر ڕاستگۆیانە ئەو هەست وسۆزەی ژنی کوردمان بۆ بگەیەنن. (بێکەس)ی شاعیر داوا لەژنان دەکات بێنە ناوکۆمەڵەوەوعەباوپەچە فڕێ بدەن وبێنە کۆڕی خەبات. شاعیر بەناوی (نەسرین) ناوێکەوە قسە لەگەڵ ئافرەتی کورد دەکات ودەڵێت:

نەسرین دەمێکە داخت لەدڵمە

گیرۆدەی بەندی , ژیانت زوڵمە

وامن پێت دەڵێم چونکە لەسەرمە

هەستە تێکۆشە تاخوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێدە,چ وادەی شەرمە (بێکەس، ١٩٨٠: ٥٣)

لەشیعری (هێمن موکریانی) دا زۆر بەجوانی باسی ژن لەهۆنراوەکانیدادەبینین، شاعیر لەڕیزی پێشەوەی ئەو شاعیرە کوردانەیە بەدڵێکی پڕ لەسۆزەوە باسی لەئافرەتی کوردی کردووە وبەخەبات و تێکۆشانی بەستۆتەوە, لەگەڵ نیشتیماندا ئەیان کات بەیەك و خۆشەویستی خۆی بۆهەردوکیان دەرئەبڕێ.((هێمن وەك مرۆڤ سەیری ئافرەت دەکات نەك تەنیا وەك جوان , ئافرەت لای هێمن (مرۆڤێکی جوانە) وهەم مرۆڤایەتییەکەیی وهەم جوانییەکەشی پێویست ئەکەن سەربەست وئازاد بێ)(مەلاکەریم،١٩٧٥: ١٢٢) هەروەها هێمن بانگی ئافرەتی کورد دەکات بۆ ڕاپەڕین وفڕێدانێکی شۆڕشگێڕانەی عەباو پەچەو ڕووکردنە خوێندن چونکە تەنیا خوێندن چاری دەردی کۆمەڵایەتی و کوردەواری ئەکات وەکو چۆن شاعیرخۆی دەڵێت:

کۆیلەیەتی باوی نەماوە , کیژی کوردی خۆشەویست

ڕاپەڕە , هەستە لەخەو , ئاخر چ وەختی نوستنە

دەرکە بشکێنە , پەچە بدڕێنە ڕاکە مەدرەسە

چاری دەردی کوردەواری خوێندنە, هەرخوێندنە (موکریانی، ١٩٧٤: ٧٢)

گەر سەیری هەر دەقێکی شیعریی بکەین دەبینین شاعیرانمان جگە لەوەی شیعریان بۆ خاک و نیشتمان، یان ئازادی، یان هەر بابەتێکی تر نووسیوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە دەقەکانیاندا باسی ژن کراوە و وێنایەکی جوانیان بۆکردووەو وەسفی بەژن وباڵایان کردوون و هەروەها باسی ئەڤینداریان بۆ ئەم ڕەگەزەکردوە.دەتوانرێت ئەوە بوترێت، کە ژن لەناو دەقە شیعریەکاندا پانتایەکی گەورەی گرتووەو پێگەی ژن وکارەکتەری ژن لە شیعردا زۆر بەجوانی وێناکراوە (پیرەمێرد) یەکێکە لەو شاعیرانەی هەرچەندە تەمەنی بەرەوو ژوور هەڵکشاوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشداکاتێک خوێنەر دەقە دڵداریەکانی شاعیر دەخوێنیتەوە واهەست دەکات شاعیرێکی لاوئەوبەرهەمەی نوسیبێت "پیرەمێرد "یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لەبەرهەمەکانیدا بەشێکی شیعرەکانی بۆجوانی ژنان نوسیوەو وەسفێکی جوانی بۆکردوون .بۆنموونە لە دەقە شیعرێکدا باسی جوانیی کچە جافی کردووەو دەڵێت:

کچۆڵەی بەناز، کچۆڵەی بەناز

جنسی لەتیفی شۆخی سەرفراز

بازی عیشوە باز، دۆستی شەکەر ڕاز

پێکە نینەکەت بۆزام مەرهەم ساز (پیرەمێرد، ١٣٩٢: ١٥٦)

لەدەقێکی دیکەیدا دەڵێت:

(ئافرەت)

بەڕۆژ زوڵف بێنێتە سەر ڕوو، ئەڵێت: هاوارە، ڕۆژگیرا!

بەشەو رووی دەرکەوێ، مژدە ئەدەن: وا جەژنە مانگ گیرا. (پیرەمێرد، ١٣٩٢:٢٠٦)

لێرەدا پیرەمێرد ڕوخساری ژن بەخۆر و مانگ دەچوێنێت پێی وایە گەر یار پرچەکانی بێتێتە سەر ڕووی ئەوا خۆر ئەشارێتەوە و بەمەش ڕۆژگیران ڕوودەدات یان ئەگەر بەشەودا ڕووخساری دەرکەوێ ئەوا جەژنە وەک دەزانرێت زاناکان و مەلا ئاینیەکان بە دەرکەوتنی مانگ کە نیوەی دەردەکەوێت دەیکەن بە جەژن. پیرەمێرد هاتووە ڕێک ئەم دیاردەی چواندوە بە ڕوخساری ژن کە دیمەنێکی جوان و دڵگیرە. لێرەدا ئەوە بەدی دەکرێت کە هەڵبەستەکانی پیرەمێرد بۆ ژن وێناکارییەکی باڵای تێدا بەدیدەکرێت، کەچواندونی بەودیمەنە جوان وسەرنجڕاکێشانەی، کەلەسروشتدا هەن.

یەکێکی دیکە لەو شاعیرانە(قانع)ی شاعیرە کە لە دێرە شیعرەکانیدا پێگەی ژن و وەسف و وێنای ژنی کردوە هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا باسی ئەو دیاردانەی کردوە کە لە کولتور و کۆمەڵگەی کوردیدا هەبوون سەربارەت بە ژن و پێگەی ژن، شاعیر هاتووە ئەم دیاردانەی کۆمەڵی لەناو هۆنراوەکانی باسکردوە . باسی ئەو بەشخوراویەی کە ژنان لەوکاتەدا لەناوکۆمەڵگادا هەیانبووە، شاعیر ئەم پەیامەی بەچەند دێڕێک گەیاندووە و دەڵێت:

کچی بەستە زمان دەوری ژیانی

سینەمایێکە ئەگەر بزانی

کە لەدایک بوو ئاهەنگی نیە

دەڵێن: ئای کچە! فائیدەی چیە؟ (قانع، ١٣٨٤:٣٥٠)

هەر لەهەمان دێڕدا شاعیر زۆر بە جوانی ئەو نایەکسانییەی، کە لە نێوان کوڕ و کچدا هەبووە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ونەیانهێشتووە کچ لە چوارچێوەی ماڵدا بێتە دەرەوە. تەنها وەک خزمەتکارێکی ماڵ چاویان لێکردووە، دەیخاتەڕوو. دەڵێت:

نابێ بە دارتاش نابێ بەتوجار

نابێ بە ناڵبەند نابێ بە عەتتار

ئەگەر لە حەوشە سەر بێنێنە دەر

دایکی تێی ئەخورێ: بێ حەیای ماکەر (قانع، ١٣٨٤:٣٥١)

دووەم: ژن لە چیرۆک و ڕۆماندا

هەرچەندە لە ناو دێڕەشیعرەکاندا ژن ئامادەیەکی بەر چاوی هەیە، لەگەڵ ئەویشدا چیرۆک وڕۆمان بەدەرنەبوونە لەوەی بایەخ بەژن نەدەن، بەڵکو ئەم دووژانەرەش بایەخیان بەژن و پێگەی ژن داوەو ئەم توخمە سەرەکییەی پێکهێنەری ژیانیان پشتگوێ نەخستووەو بوون بەرەگەزێکی گرنگ لەپێکهێنانی دەقەگێرانەوە بەندییەکاندا، چەندین رۆمان و چیرۆک هەیە، کەلەو بوارەدا رۆڵە جیاوازەکانی ژنان دەخەنەڕوو. تەنانەت نووسەری رۆمانی ژنیش بوونە یەکێک لەوانە: (ئەلیف شەفەق)ی تورکیە، کە لە ئێستادا یەکێکە لەڕۆماننووسە باشەکانی دونیاو باوەڕی بەیەکسانی ژن وپیاو هەبووە.ئەوەی کەزۆر دەنگدانەوەی هەبووە رۆمانی (چل ڕیساکەی عەشق)ە وخاوەنی چەندین بەرهەمی دیکەیە وەکو (رۆمانی شەرەف، رۆمانی زۆڵەکەی ئیستەنبوڵ، هەرسێ کچەکەی حەوا..... هید). چەندین نموونەی رۆمان هەن، کە لەدەوری تەوەرە سەرەکیەکەی ئەم توێژینەوەیە دەخولێنەوە. بۆنموونە (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی)، کە یەکێکە لەو رۆمانانەی باسی توخمێ ژن دەکات. دەتوانین بڵێین لەبەشێک لەچیرۆک و رۆمانی کوردیدا، پیاو لەبری ژن قسەی کردوە و لەبری ئەو نوسیویەتی. باسی ماف و ئەرکی کردووە وگوزارشتی لێکردووە. رۆمانی (چاوەکانی)، کە نوسەر(بوزورگ عەلەوی) نوسەریەتی، باسی ئامادەیی ژن دەکات لەناورۆماندا لەڕوانینێکی جیاوازەوە باسیدەکات. دەتوانین بڵێین نوسەر لەم رۆمانەدا بە چاوێکی رۆمانسیانەوە باسی ژن دەکات. هەموو رۆمانەکە لە چوارچێوە تابلۆیەکدا دەخولێتەوە، کە چاوی ژنێک نیشاندەدات، کە باس لە نیگارکێشێک دەکات بەناوی (مامۆستا ماکان)، کاتێک وێنەی هەر تابلۆیەکی کێشاوە، هەر وێنەیەک ڕووداو و کارەساتێکی خۆی لە پشتەوەبووە. بەڵام کۆتا تابلۆی بەر لەمردنی هیچ لێدوانێکی لەسەر نەوتووە. ئەویش دوو چاوی ژنێک بووە، کە کێشاویەتی. هەر کەسێک وێنەی تابلۆکەی ببینایە لێکدانەوەی تایبەتی خۆی بۆ دەکرد، هەر بۆیە یەکێک لە خوێندکارەکانی (مامۆستا ماکان) سەرنجی خۆی لە سەر تابلۆکە خستوەتە ڕوو لە تابلۆکەدا وا تێڕوانینی بۆدەکات، کە پەیوەندییەک لە نێوان ئەم چاوانە و (مامۆستا ماکان)دا هەبێت. لێرەدا نوسەر بەشێوەیەک باسیدەکات، کە هەر خوێنەرێک لەگەڵ خوێندنەوەی رۆمانەکەدا، سەرنجی بەرەو ئەوچاوانە ببات، بەجۆرێک لە ئەندێشەی خۆیدا وێنەیەکی بۆ بکێشێت وەک خۆی ئاماژەی بەوە کردوە و دەڵێت: ((تابلۆی"چاوەکانی" بریتی بوو لە دەموچاوی سادەی ئافرەتێک، دەموچاوێکی درێژی ئافرەتێک کە زوڵفەکانی وەکو قیری تواوە بەسەر شانەکانیدا هاتبووە خوار. هەمووشتەکانی ئەم دەموچاوە نائاشکرابوون. لووت و دەم و ڕوومەت و نێوچەوانی بەرەنگێکی تاریک کێشرابوون)). (عەلەوی، و.بەرزنجی،٢٠٠٢: ١٥).

نوسەری دیار و بەناوبانگ (شێرزاد حەسەن)، کە خاوەنی هەریەک لەم بەرهەمە ئەدەبییانەیە (شیعر و چیرۆک و رۆمان). بێگومان لەنێوان دەقەئەدەبییەکانیدا، باسی لە هەموو ئەو بابەتانە کردووە، کە پەیوەندیان بە ژنەوە هەیە. بەشێوەیەکی تایبەت گرنگی پێداوە.نوسەر لەنوسینەکانیدا هەوڵیداوە باسی ئەوزوڵم و نایەکسانییەی، کەبەرامبەر ژن دەکرێت بخاتەڕوو. هەربۆیە لە رۆمانێکیدا بەناونیشانی (ژنێک بەسەر منارەوە)، باسی ڕوانینی کۆمەڵگا دەکات. "کۆمەڵگا و ئاین و پیاو"چۆن سەیری ژن دەکەن و باسی ئەو دابونەریتانەی، کە لەنێوان کۆمەڵگادا بوونیان هەیەو نابێت ژن نزیکیان بێتەوە. هەروەها ئەو زوڵم و نایەکسانی و جیاوازییانە دەخاتەڕوو، کە بەرامبەر بە ژن دەکرێت، کە ڕەنگە هەندێکجار ژنان ئاواتیان خواستبێت لەو توخمە نەبوبان و لە توخمی نێر بونایە. (شێرزاد حەسەن) هاتووە لەنێو رۆمانەکەیدا ئەم دیاردانەی خستوەتەڕوو، کە لەنێوان ژیانی واقعیدا بەرجەستەن. ((تاو ناتاوێک بە دەستە چکۆلانەکەی فرمێسکی دەسڕێت، ئەو دەستەی، کە هێشتا بۆنی خۆخەکەی لێدەهات و توکی سەرپێستی خۆخەکەی وەک سەری دەرزی دەچەقییە سەر کوڵمەکانت، کە ئەم بە ناو لەپ، فرمێسکەکانتی دەسڕییەوە. هێشتا دەنگ و قاقای دێو ئاسای ئەو پیاوە غەریبە دەگەیشتە گوێت و لەوەختی سڵاو و بەخێرهاتن، نیازی بوو بەبیانووی تەوقەکردنەوە دەستت بگوشێت)). (حەسەن،٢٠١١: ٢٧).

بەمشێوەیە بۆماندەردەکەوێت، کە لە رۆمان و چیرۆکەکاندا، گرنگییەکی باش بەپێگەی ژن دراوە. بە جۆرێک لەگەڵ ئەوەی باسی جوانیی ژن کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کێشەوبابەت ودیاردانەی دەربارەی ئەم توخمە هەبوون، کراون بە باس و نوسینی رۆمان و چیرۆک و نوسەران بەئاشکرا ئەم دیاردانە لەنێو بەرهەمەکانیاندا دەبینرێت.

پاری دووەم: ژن لە قۆناغە شیعرییەکاندا

ئەگەر سەرنج بدەینە مێژووی ئەدەبیات دەبینین سەرەتا وبناغەکەی بەشیعر دەستپێکردووە. شیعر گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. شیعری کوردیش بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە. ئەوقۆناغانەیش بریتین لە (کلاسیک، ڕۆمانتیک، ئەدەبیاتی نوێ و هاوچەرخ..). هەریەکە لەم قۆناغانەیش تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە. . ((لەنێو ئەدەبیاتدا هیچ شاعیرێك نیە کاریگەریی ئەدەب و شاعیرانی پێش خۆی لەسەر نەبێ))(عەبدوڵاوهاورێکانی، ٢٠٢١: ٧) نووسینی شیعر لە قوناغی کلاسیکدا جیاوازە لە نوسینی شیعرلە قۆناغی ڕۆمانتیک و ئەدەبی نوێدا. لە هەریەک لەم قوناغانەیشدا باس لە پێگەی ژن کراوە.

یەکەم: ژن لەقۆناغی کلاسیکدا

کلاسیزمی کوردی ئەو ئەدەبەنوسراوەی کۆنی کوردە، کەپەیڕەوی لەسیستەمی عەروزکردووەوئەو گەنجینەئەدەبییە دەوڵەمەندەیە، کەبیریی داهێنەرانەی دەیان شاعیری وەک: (باباتاهیرو مەلای جزیریی و سێکوچکەی بابان و ئەحمادی خانیی و ....هتد) لەلاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبماندا دایانهێناوە. لەم قۆناغە شیعرییەدا گرنگی بە ژن دراوەو بەچاوێکی بەرز لەپێگەی ژنیان ڕوانیوە وشاعیران ژنیان بەسەرچاوەو ئیلهام بەخشی شیعرەکانیان داناوە. یەکێک لەو شاعیرە دیارانەی کە سەر بەم ڕێبازەیە(نالی)شاعیرە کە زۆر گرنگی بەژن و پێگەی ژن لەناوشیعرەکاندا داوە. نالی یەکێکە لەو شاعیرانەی لە وەسفی ژندا گەشتوتە لوتکە، نالی لە وەسفکردنی دولبەرەکەیدا زۆر بەجوانی دەقەشیریەکانی ڕازاندۆتەوەو دەڵێت:

پێم دەڵێن مەحبوبە خێل و قیچە مەیلی شەڕ دەکات.

خێل و قیچە یان تەرازوی نازی نەختی سەردەکات. (نالی، ١٣٦٢: ١٠٨)

لەم دەقەدا شاعیر بەشێوەیەکی بەرز و جوان لە باسی یارەکەیدا کۆمەڵێک جوانی دەخاتە پاڵی و بە زمانێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستییەوە لێیدەڕوانێت، کە دەڵێت ئەوە مەحبوبە نیە، کە چاوی خێل وقیچ بێت، بەڵکو ئەو نازدەکات. شاعیر لێرەدا بەتەواوەتی شێوازێکی جوان بەیارەکەی دەدات وەک ئەوەی هیچ عەیبێکی نەبێت. لە دێڕێکی دیکەدا دەڵێت:

دەستم لەگەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە

وابزانە خوێنی خۆمە، یامننەتی ڕەقیبە. (نالی، ١٣٦٢:٣٩٤)

شاعیر لێرەدا دەیەوێت ئەوە بڵێت بە حەبیبە، کە دەستی لێبەرنەدات. ئەو کوژراوی دەستی خۆشەویستی ئەوە.

"سالم" ی شاعیریش یەکێکە لەشاعیرە بەناوبانگەکان، کەلەزۆربەی شیعرەکانیدا باس لە خۆشەویستی یارەکەی دەکات و ژنی کردوە بەسەرچاوەو ئیلهامی شیعرەکانی لە یەکێک لە شیعرەکانیدا دەڵێت:

فەلەک زەحمەت لەدڵ مەیلت بەدەرکا

بینای هەستیم ئەگەر زیروزە بەرکا

تەلاشی عیشقی بێ، هەر کەس لە دڵدا

دەبێت سینەی سییەربێ وتەرکی سەرکا. (سالم، ١٣٩٩: ٩٠)

شاعیر لێرەدا مەبەستی خۆشەویستی یارەکەیەتی، کە کەس ناتوانێ لە دڵی دەربکات دەڵێت ئەگەر چەرخی گەردوون سەرو ژێرم بکات و لەناوم بەرێت، گرانە بتوانێ خۆشەویستیت لە دڵم دەربکات هەر دەمێنێتەوە. بەمشیوەیە باس لە خۆشەویستەکەی دەکات کەچەند بەنرخە لەلای و ئەوەندە خۆشی دەوێت کەس ناتوانێت خۆشەویستەکەی لەدڵی دەربکات. وەلە بەشێکی دیکەی شیعرەکەیدا دەڵێت ئەوەی عیشق لە دڵیدا بوبێت سینگی بکاتە قەڵغانی تیری نیگای یارو لەم ڕێیەدا واز لەسەری خۆی بهێنێت.)مەحوی) یەکێکی ترە لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی ، دەستێکی باڵای هەبووە لەپیاهەڵدان و وەسف کردنی جوانی ژنداو شیعرەکانی ڕازاندووەتەوە بەپیاهەڵدان وجوانی ژندا، شاعیر لەهۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

خەیاڵی زوڵفی دەرناچێ لە دڵ تا دەرنەچێ لە ڕۆحم

سپێراوە خەزێنەی بەختی ئێمە بەو سیامارە (مەحوی، ١٣٨٩: ٥٠٤)

پرچی یار هێندە کاریگەرە بۆ ڕاکێشان و گیرۆدەکردنی دڵی دڵداران ، خەیاڵی پرچی دەرناچێت ، هێندە جوان و سەرنج ڕاکێشە هەتا ڕۆحی دەرنەچێ ، گەنجینەی بەختی عاشقان و دڵداران کە لە دونیای دا سپێراوە بە پرچی ڕەشی یارەوە.

دووەم: ژن لەقۆناغی ڕۆمانتیکدا

لەشیعری نوێی کوردیدا ژن پایە و گرنگی و سەنگی خۆی هەبووەلەناو دەقە شیعرەکاندا شوێنی بۆ تەرخان کراوە ، بەجۆرێك زۆربەی شاعیرە ڕۆمانتیکەکان باسی جوانی ژنیان تێدا کردووە و خۆشەویستیان بۆژن دەربڕیوە ، ئەو گرنگی پێدانەیش لە پلەیەکی بەرزدا بووە. ناوەڕۆکی زۆربەی شیعرەکان بەجوانی پرچ ولێوی ئاڵ وبەژن و باڵای ژندا. لە هەمان کاتدا جوانی ژن و سروشت کاریگەری زۆری لەسەر شاعیرەکان هەبووە. هەروەها ((دەر خستنی جوانی سروشت و ئافرەت لە ڕیزی پێشەوەدایە)) (حسێن، ٢٠١٠: ٢٨٢)، بەڵام لای هەندێك لە شاعیران جوانییەکانی ژنیان لە جوانیەکانی سروشت پێ بەهاتربووە(گۆران) ی شاعیر یەکیکە لە شاعیرە ڕۆمانسییەکان ، کە دەورێکی باڵای لەشیعری ڕۆمانتیکی کوردیداهەبووە. گەر باسی ژن بکەین لە نێو شیعرەکانی (گۆران) دا ، کەم شاعیری کورد وەك ئەو تەعبیری لە ژن کردووە وەك خۆشەویست ، جوانی ژن وادەکات گۆران نەشئەی شیعری بگاتە لوتکە و بەشێك لە شوناسی مامۆستا گۆران وێناکردنی ژنە لە ئەدەبیاتی کوردیدا،شاعیر جوانی ژن دەکاتە سەر مەشقی جوانیەکانی بوون ، بە ئاشکرا بانگەوازی جوانی ژن دەکات ، هەستکردن بە جوانیەکانی ژن، شاعیر تەنها کۆپی ژنە بینراوەکانی ناو دەقەکانی پێش خۆی ناکاتەوە بەڵکو ئەو جوانیانەی لەسەر ڕووی کەسێك ڕووماڵی کردوون وێنادەکات. ئافرەت لای شاعیر سەرچاوەی گشت جۆرە جوانیەکەو تالەژیاندابووە لەم جوانییە تێر نەبووە، شاعیر بە ئاشکرا باس لە جوانی ژن دەکات باسی ئەو جوانییە دەکات، کە بەچاوی خۆی بینیویەتی.لەدەقێکی دیکەدا دەڵێت:

قژکاڵی لێوئاڵی پرشنگی نیگاکاڵ

ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ

ئەی کچە مەنگەکەی بەدەنگی چپە دوو

گەندەمووی دەموچاو، مەچەک هەڵنەگرتوو (گۆران، ١٣٨٦:٦٥)

((گۆران شاعیری ئافرەت وجوانییە،شاعیری سروشتە،کاتێک باسی ئافرەت وجوانییەکانی دەکات،وەک وێنەکێشێکی لێهاتوو وایەبەرانبەرتابلۆکەی وەستابێت))(عەبدوڵا، ٢٠٢١: ٤١). لەم شیعرەدا گۆرانی شاعیر باسی لەسێ جۆرجوانی کردووە؛ جوانی سروشت، جوانی کچێک، لەنێو ئەم دووجوانییەشەوە جوانییەکی تری هەمیشەلەیادبووەئەویش کوردستانە، کەلەدوادێری ئەم پارچەشیعرەدا بەبێناو ناوی بردووە(پیرەمێرد)ی شاعیر لە بواری خوێندندا بایەخێکی زۆری داوە بەوشیارکردنەوەی ژنان لەڕێگەی خوێندەوارکردنیانەوە، کە بێگومان ئەمەیش کارێکی گرنگ و کاریگەر بووە ، بێگومان بۆ ئەو سەردەمە مەگەر تەنها کەسێکی وەکو پیرەمێرد توانیبێتی ئەو کۆسپ و تەگەرانە بشکێنێ کە ڕێگر بوون لەبەردەم خوێندەوارکردنی کچان و ژناندا. یەکێك لەتێڕوانینی نوێخوازانەی پیرەمێرد لەم بوارەدا. بایەخدان بوو بە هوشیارکردنەوەی ژنان لە ڕێگەی خوێندەوارکردنیانەوە ، کە بێگومان بۆ ئەو سەردەمە گرنگ و پڕ بایەخ بووە،کەژنان بخوێنن ، چونکە ڕێگری لە ئافرەت کراوە بخوێنن. لەم شیعرەدا دەڵێت :

ئەی کچینە وەرنە مەکتەب ئێوە تەسکینی دڵن

زینەتی باغ و تەرەقین، ڕەونەقی دەستەی گوڵن

تازە ئێمە تێگەیشتووین دایکی چاکی خوێندەوار

نەسڵی وا دێنێتە مەیدان قەومەکەی پێ بێتە کار (پیرەمێرد، ١٣٩٢:٣٢)

شاعیر لەڕێگەی دەقە شیعرەکانییەوە هەوڵیداوە، لەلایەك کچان و ژنان مافی خۆیان پێ بدرێت ولەلایەکی دیکەیشەوە هوشیاریان بکاتەوە بەوەی، کە بە چەکی خوێندەواری دەتوانن شوێن پێی خۆیان لەناو خێزان و کۆمەڵگە بکەنەوە و بەرگی دواکەوتووی دابماڵن. هەروەها (ئەحمەد هەردی)یش کە، شیعرەکانی نمونەی باڵان و بەشێکی زۆری شیعرەکانی باسی ژن دەکات : هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێت :-

ئەم دڵەی وەك بت پەرستێ ڕوو ئەکاتە چاوەکەت

نوێژ ئەکا بۆ : تیشکی چاو و زوڵفە تێك ئاڵاوەکەت

گەرچی ئەیشێلی بەزەبری قۆندەرەو پێڵاوەکەت

قەت بە دڵڕەق باست ناکەم ، نایزرێنم : ناوەکەت (هەردی، ١٩٨٤: ٧٠)

ئەم شیعرەی ئەحمەد هەردی کە نمونەی جوانی خۆشەویستیە بۆ ژن ، لە خۆشەویستی ژندا گەیشتووەتە لوتکەی جوانی هەروەها کە باس لە خۆشەویستیەکەی دەکات و ئەگەر چی دڵڕەق بووە بەرامبەری ، وەك لە شیعرەکەدا دیارە ، بەڵام ئەو بە دڵڕەق باسی ناکات، هەموو جوانی ئەو شیعرە دەتوانین بڵێین لەوەدایە ، شاعیر کە بە هەستێکی جوانەوە دەڵێت (نایزرێنم ناوەکەت)

سێیەم: ژن لە ئەدەبیاتی نوێ و هاوچەرخدا

شاعیرانی هاوچەرخ باسی ئەو کێشانەیان دەکرد، کە ڕووبەڕووی ژن دەبوویەوە و دەبووە کۆسپ لە بەردەمیاندا. هەروەها ئەو دیاردانەی زۆر بڵاوبوون، وەک ژنبەژن و یەکسانی لەگەڵ پیاواندا. شاعیرانی گروپی ڕوانگەیش جەختیان لەسەر ئازارەکانی ژن دەکردەوە.شاعیری گەورەی کورد(شێرکۆ بێکەس)، یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە هەمیشە پشتگیری ژنی کردووە. هیچ جیاوازییەکی نەکردووە لەگەڵ پیاودا. هەمیشە هانی ژنی داوە، کە شانبەشانی پیاو کاربکات. بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆ باسکردن لە ژن وکێشەکانی ژن و چارەسەرکردنی ئەو کێشانە تەرخانکردوە. هەمیشە جوانترین شیعری بۆ نوسیون. هەروەها ژنی ئاگادارکردوەتەوە لەو مافانەی، کە هەیەتی بۆ نموونە شاعیر لە دیوانی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە)دا دەڵێت:

خانمەکان!

گوێچکەتان باش!

من جوتێ گوارەی خوشکێکی

قەیرەی ((کامەران))م

((هێشو یەکم کە لەگەڵت و سپی سپی و

بەلاملدا وەختێ کە شۆڕ شۆڕ ئەبمەوە

هەتا تیکی سەرشانم

من زۆر کەم ئەچمە دەرەوە و

لەناو قوتووە شینەکەمدا

وەڕس، وەڕس پاڵکەوتووم و

هەر لە ماڵم. (بێکەس، ٢٠١١ :١١٨)

شاعیر لەم شیعرەدا پێمان دەڵێت زۆرن ئەو کچانەی بونەتە قوربانی دەستی کۆمەڵگە و ئازادیان لێ زەوت کردوە لەناو چوار دیواردا ژیان بەسەر دەبن، هەموو خەون و خەیاڵەکانیان لەگۆڕ دەنێن، لەم دەقەدا باس لە کچی قەیرە دەکات کە دورە لە گرنگی پێدان و نازهەڵگرتن کە چۆن لەلایەکی ئەم نیشتیمانە فڕێ دراون. هەروەها شاعیر لە دەقێکی دیکەدا دەڵێت:

شەوباش:

من ناوم کراسی ژنانەیە

ئەوەی نیشتیمان پێی شەرمە

بیکاتە بەری خۆی منم!

ئەم مێژوو نێرە ئەم نیشتیمانی سمێلە

تەنها جارێ منی نەکردە بەرهەتاوێ

بەر جۆگە ئاوی، بەر شوشە گوڵاوێ

ئەوانەی منیان لە بەرکرد. گسک بوون

مەنجەڵ بوون. تەنەکەی خۆڵ... (بێکەس، ٢٠١١:٣٨)

لێرەدا شاعیر باس لەو ڕەفتارانە دەکات، کەبەرامبەر بەتوخمی (مێ) دەکرێن لەم نیشتیمانەدا، شاعیر لەزۆربەی شیعرەکانیدا لەگەڵ ئەوەدابووە کە بێ جیاوازی لەگەڵ توخمی نێردا بەهەمانشێوە مامەڵە لەگەڵ توخمی "مێ" بکرێت.کە باس لەتوخمی "مێ" دەکرێت لەئەدەبیاتی هاوچەرخدا، ناکرێت ڕۆڵی(قوبادی جەلیزادە) لەبەرچاونەگیرێت، چونکە ئەم شاعیرە توانیویەتی لەنێو شیعرەکانیدا بایەخێکی زۆربە ژن بدات ، جیاواز لە شاعیرانی تر هەمیشە جوانی ژن و کێشەکانی ژن لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. قوبادی شاعیر ، لە شیعرەکانی دا خەریکی ئازاد کردنی جەستە و کۆت و پەیوەندییەکانی و ڕۆڵ و بایەخێکی تەواو بە جەستەی ژن دەدات ، لەم ڕووەوە خۆی دەڵێت ((قسەکردنی بەردەوام و شیعر نوسین لەسەر جەستەی ژن بە هەموو ئەندامەکانیەوە تەئکیدکردنە لەسەر نرخ و بایەخی جەستەو هەوڵێکە بۆ ڕاهێنانی خەڵك بۆ ڕێزگرتن لە تەواوی جەستە ، شکاندنی پەرژینی ئەو شەرمەیە کە زۆربەی ڕۆح و دەرونی مرۆڤی داگیر کردووە)) (مەولود، ٢٠١٣: ٩٤)، هەروەها لە پارچە شیعرێکدا بە ناو نیشانی (پرچ) دەڵێت :-

شەوان بەخۆمی دادەم. ..

نیوەڕۆیان ،

شیعر لە سایەیی دەنوسم

سەری ساڵان ،

بخورەو دایدەگیرسێنم. .. .

کەمەندەو

پێی بە قەڵایان هەڵدەگەڕێم

ئەو دەمەیش گەمارۆ دەدرێم

پەتەو خۆی پێ دەخنکێنم (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ١٥٧)

لەم شیعرەدا جوانیی و ناسکی جەستەی ژن بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە، لە میانەی مامەڵکردنی شاعیر لەگەڵ پرچی ژندا ، بە جۆرێك پرچ دەبێتە تیشکی دانەبڕاو لەژیانی پیاودا، ئەو هەموو وەسفەی لەم شیعرەدا دەیبنین حالەتی نمایندەی پرچ و بەکارهێنانی جیاواز لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە بەشێکە لە جوانی ژن ، بەشێکە لەو جوانیەی شاعیر لە ژێریدا هەم دەحەسێتەوەو هەم دادەگیرسێت و هەم لە میانەی پرچ دا بەسەر قەڵاکاندا هەڵدەگەڕێت ، لە دوا وێستگەیشدا ئەوە دیسان پرچە دەبێتە پەتی سێدارە و شاعیر خۆی پێدەخنکێنێت. ((ژنانی کورد چەشنی ژنانی دیکەی ڕیفۆرمخواز هەندێجار شەرمنانەو بەترسەوە وشەی خۆی درکاندووەو هەندێجاریش ڕاشکاوانە داکۆکی لەخواستە هیومانستییەکانی کردووەو بۆتە زمانحاڵی هاوڕەگەزەکانی خۆی لەپێناو خەباتکردنی ئازادانەو شکاندنی کۆت وبەندی سەپاوی سەریان)) (حسێن، ٢٠١٠: ٩٤)یەکێک لەژنە دیارو بەرچاوەکانی ئەم قۆناغە(دایکی سۆلاف)ە ، ئەم ژنە شاعیرەش بەرهەمەکانی لەگۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەوسەردەمە بڵاوکردۆتەوەو باس لەکێشەو گرفتەکۆمەڵایەتییەکانی سەردەمەکەی دەکات((هۆنراوە لای ئەو وەک پێویستییەک لەدایک ئەبێت... پێویستی دەربڕین.. پێویستی ڕاگەیاندنی بانگەوازی مرۆڤپەروەرانەی خۆی بۆگێڕانەوەی مرۆڤایەتی ئافرەت

لەڕێگەی کردنەوەی دەرگاکانی ئازادیی و خوێندەوارییەوە))(سۆلاف، ١٩٨٢: ل٩)، کەواتە بانگەشەی شاعیربۆسەربەستی ژن وخوێندەواریی و نەهێشتنی نەریتەکۆمەڵایەتییەکانە، وەکوژنێک بوێرانە دەست بۆباسکردنی نەریتەکۆمەڵایەتییەکان دەبات و پەردە لەڕووی ڕاستییەکان هەڵدەماڵێ کەچۆن ژن بەنەگبەتی هێنەرو شەرمهێنەری خێزان دانراوە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو کۆمەڵگا پیاوسالارەیە، کەدەسەڵاتی ڕەهای بەناوکۆمەڵگادا شۆڕبۆتەوە: لەدەقێکیدا دەڵێت:

گریام گریام

بۆخۆم گریام

چونکە کچ بووم

کە پێچامیان

شەتەل درام

هەموو لێویان هەڵئەقورتاند

لەسوچێکا فڕێدرام

بەبێ ئاهەنگیش ناونرام

سەرەخۆشیان لەباوکم کرد

وتیان باشبوو

دایکی نەمرد (دایکی سۆلاف، ١٩٨٢: ١٦٩)

شاعیر لێرەدا پێمان دەڵێت، لەکۆمەڵگای پیاوسالاریدا ئەوە پیاوانن نرخ وبەها بۆشتەکان دادەنێن و بەمەش پیاو دەسەڵاتی ڕەهای دەبێت و ژنیش دەسەڵاتی بەسەردا دەچەسپێنرێ ودەبێتە ئەوژنەی کۆمەڵگا دەیەوێت نەک خۆی.

"کەژاڵ ئەحمەد" ی شاعیریش لەشیعرەکانیدا لەسەر مەسەلەکانی تایبەت بەژنان دەدوێت ودەیەوێت لەڕێگەی ئەدەبەوە پەیامی ژنانەی خۆی بگەیەنێت، زۆرجاریش دژی ئەونەریتەکۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگا دەوەستێتەوە، کەژنی بێدەنگ کردووە و بێ هیچ بنەمایەک ژنی کردۆتە ژێردەستەی پیاو، لەپارچەشیعری"دژێکی دژ" باس لەبێدەسەڵاتی ژن و مەحکومکردنی ژن دەکات و دەڵێت:

گوڵەکان مەحکومن بەوەی

دڕکەکان دراوسێیان بن

چەند دڵم بۆگوڵ ئەسوتێ

سێبەر بەبێ ئارەزوی خۆی

کراوە بەژنی هەتاو

دڵم بۆسێبەر ئەسوتێ

سواری دەم ولوت پێچراوی

قەترانی شەو

ناهێڵێ کچی ڕوناکی

لەشوێنێکدا ئۆقرە بگرێ (ئەحمەد، ١٩٩٩: ٣٩)

لێرەدا شاعیر بەبەکارهێنانی وشەدژیەکەکان جیاوازی نێوان نێرومێ دەردەخات وئەم دەقەی"کەژاڵ ئەحمەد" گوتاری ژنێکی کوردە، کەبەردەوام بێدەنگ کراوەو لەژێر نەریتی باوی کۆمەڵگادا مەحکوم کراوەو بێ ویستی خۆی خواستی ئەوی تری نێری بەسەردا جێبەجێ کراوە.

بەشی دووەم: پێگەی ژن لە ئەدەبیاتی شێرکۆ بێکەسدا

پاری یەکەم :پێکهێنەری ناوەڕۆکە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس

ئەدەبیاتی هیچ گەلێک لەهەمووقۆناغەمێژوویەکاندا بەیەک ئاست وشێوازبەردەوام نەبووە. هەمیشە گۆڕانکاریی یەکێک بووە لە خەسڵەتە دیارەکانی ئەدەب بەگشتی. ئەدەبیاتی کوردیش هەمان ڕاستیی گۆڕانکاری دەیگرێتەوە. مەرج نیە هەمیشە گۆڕانکارییەکان ئەدەبیاتی کوردییان بەرەوپێشەوە بردبێت، بەڵکو لە هەندێک قۆناغی مێژوویدا، خامۆشییەکی مەودا درێژ باڵی بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا کێشاوە. نمونەش بۆ ئەمە ئەو بێدەنگییەی ئەدەبیاتی کوردییە، کەلەدوای (باباتاهیری هەمەدانی)ەوە هەتاوەکو هاتنی شاعیرانی وەک (مەلای پەرێشان، خانای قوبادی)دا دەبینرێت. بەهەمانشێوە لەدوای ئەمانیشەوە تا هاتنی (مەلای جزیری و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی)، پاشانیش، تادەگات بەسەرهەڵدانی ئەدەبیاتی قوتابخانەی بابان لەلای (نالی و سالم و کوردی) بەڕوونی لەبەرچاوە، لەدوای قوتابخانەی شیعریی بابانەوە بەردەوام ئەدەبیاتی کوردی و بەدیاریکراویش ئەدەبیاتی نوسراو بەردەوام لە گۆڕانکاریی و نوێکردنەوە و داهێنانداا بووە. لە (نالی)یەوە تا(حاجی قادری کۆیی) و پاشان بۆ (ڕەشیدنەجیب وپیرەمێرد و شێخ نوری و گۆران)، لەدوای ئەمانیشەوە ئەدەبیاتی کوردیی لەسەر دەستی شاعیران و نوسەرانی وەک (شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵا پەشێو، کاکەمەم بۆتانی، لەتیف هەڵمەت،.....تادەگاتە بەختیار عەلی)، دەگاتە ئەوپەڕی نوێکردنەوەوداهێنان.

لەم ڕوانگەیەوە ناتوانین باس لە نوێکردنەوە وداهێنان بکەین، ئەگەرباس لەنوسەرێکی دیاری وەک (شێرکۆ بێکەس) لە ئەدەبیاتی کوردیدا نەکرێت، کە دەوترێت داهێنەر بەو واتایەی، کە پڕۆسەی داهێنان لە چەندین ڕوانگە و ئاستی جیاوازەوە خۆی دەنوێنێت. ئەم ڕاستییە لە بەشێکی زۆری قۆناغە جیاوازەکانی ئەزموونی شیعریی شاعیردا دەبینرێتەوە. بۆنمونە داهێنان

لە زمانی شیعریی و هونەریی و دارشتنی جیاواز و هێنانە ناوەی جۆری جیاوازی نوسین، هەروەها ژانەری جیاواز، نوسینی تایبەت بە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردیی و ژیان لەگەڵ ئازار و مەینەتی و نارەحەتیەکانی کۆمەڵگاکەیدا، بوون بە بەشێک لە ئەزموونی شیعریی (شێرکۆ بێکەس)، کە ئەمەش بۆ خۆی وەک یەکێک لە مۆرکەکانی داهێنان دەکەوێتە بەرچاو. شێرکۆشاعیرێکە،کە(شاعیرانەوشەکان ی زمان هەڵدەبژێرێت وێنەی شیعریی وئیستاتیکای دەق دەڕازێنێتەوە) (عەبدوڵا، ٢٠١٩: ٦٠) دەوڵەمەندی و ناوەڕۆکی شیعریی و مەبەستە شیعریەکان لای (شێرکۆ بێکەس)، بەواتایەکی تر نوسین بۆ چەندین مەبەستی جیاواز بۆ خۆی دەبێت بەیەکێکی دیکە لە خاسێتەکانی داهێنان لە شیعریی (شێرکۆ بێکەس)دا. هەمیشە (شێرکۆ بێکەس) هەوڵیداوە بە ڕێگەیەکی جیاواز لە شاعیرانی دیکە شیعر بنوسێت دەستێکی باڵای هەبووە لە شیعرنوسیندا و هەمیشە لە پشت نوسینەکانیەوە هێمایەک هەیە. واتە بە جۆرێکی دیکە شاعیر زمانی شیعرەکانی هێمایی بوون، کە ئەوانیش هێمای(ئازادیی، سروشت، ژن، نیشتیمان)، پێکهێنەری ناوەڕۆکی شیعرەکانی (شێرکۆ)بوون.

یەکەم: سروشت

سروشت وەک ڕەگەزێکی پێکهێنەر لەشیعری زۆربەی شاعیراندا ئامادەیی بەرچاوی هەیە. بەم پێیە سروشت و پێکهێنەرەکانی ناوی، دەبن بە یەکێک لەڕەگەزە زیندووەکانی ناونوسین وبەدیاریکراوی شیعری (شێرکۆ بێکەس) شاعیرسروشتی وەک یەکێک لەپێکهێنەری ناوەڕۆکەشیعرەکانی بەکارهێناوە.سروشت وەک سەرچاوەیەکی ئیلهامی شاعیردەرکەوتووە. تەنانەت سێگۆشەی (ژن، سروشت، ئازادیی) وەک ڕەگەزە بنەڕەتییەکان لە دونیابینیی شاعیردا بەکارهێنراون. بۆ ئەمەش دەتوانرێت چەندین نمونەی شیعریی شاعیر بهێنرێنەوە، کە سروشت تیایاندا پێکهێنەری سەرەکییە، لەوانەیش (ڕوبار، نسێ، ژن و باران، کورسی). لەخوارەوە نمونەیەک لەو شیعرانەی شاعیر، کە سەرتاپای ناوەڕۆکی شیعرەکە بە دەوری ڕەگەزی سروشتدا دەخولێتەوە، دەخرێتەڕوو:

بێ کۆتایی

گوێم گرت لە... شاخ

باسی زەریای بۆ ئەکردم.

زەریا.. پەخشانی پێدەشتی

خوێندەوە بۆم.

سروشت. داستانی هۆنراوەی

سەرشانۆی ئادەمیزادی پیشاندام!

کاتێکیش گوێم لە زەمین گرت!

باسی"گەردون"ی بۆکردم!

نهێنییەکان: دەیان ژەنیم

وەک منداڵ خەویان لێخستم!

ئەی سنوری بێ کۆتایی

کەی ئەتگەمێ؟! (بێکەس، ٢٠٠٦: ٢٨٥)

شاعیر لە وشەکانی (شاخ، زەریا، پێدەشت، زەمین، گەردون) سوودی وەرگرتووە، کە دەتوانین بڵێین بیرۆکەی تەواوی شیعرەکە و ئەو مەبەستەشی، کە شاعیر دەیەوێت بیگەیەنێت بۆ هەر هەموویان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی سروشتی بەکارهێناوە سەرەڕای دەسەڵاتی زۆری شاعیر لەشیعردا، کەچی هێشتایش سروشت و گەردون هێندە بەرفراوانن، کە نەیتوانیوە پەی بە هەموو نەهێنییەکانیان بەرێت. ئەمەش دەبێتە باشترین نمونەی ئامادەیی سروشت لە ناوەڕۆکە شیعرەکانی شاعیردا.

لە دەقێکی دیکەدا شاعیر باسی ئەندامەکانی جەستەی خۆی و تەواوی بوونی ژیانی پەیوەستی سروشت و پێکهێنەرەکانی ناو سروشت دەکات وەک لە شیعری (بەهارە شیعرێک)دا دەڵێت:

وەکو درەختێکی تەنیای

بەر زەردەپەڕ

لە پاڵ دەوەنی گردێکدا

ڕاوەستاوم

سەر و مل تا ناوقەدم

لەبەر هەتاو

قاچ و قول و تا ژوور ئەژنۆ

نوقمی سێبەر

بەرامبەرم

کێوی بەردینی گەردن لوس

وەک دیواری شوشەی شینباو

ڕێک هەڵکشاو.... (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦ :٧٧)

وەک دەبینرێت شاعیر ئاوێتە بونێک لە نێوان خۆی و جەستەی خۆی وسروشتی چواردەوریدا دروستدەکات. هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەک (لێکچواندن، خواستن)، لە نێوان جەستەی خۆی و درەختێکدا دروستدەکات بەم شێوەیە سروشت وەک یەکێک لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی بونیادی دەقی شیعریی لای شاعیر دەردەکەوێت.

(شێرکۆ بێکەس) یەکێک بووە لەو شاعیرانەی، کە سروشتی جوانی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە لەناو شیعرەکانیدا شاعیر زۆرجار جوانی ژنی

چواندوه به جوانی سروشت. بۆنمونه له شیعرێکیدا زۆر به جوانی باسیکردووه و دەڵێت:

له پەپولەی ناو باخەوە

بۆ گوڵاڵەی کەژ و نزار

له هەنگە زەردەی شاخەوە

بۆ سەر گەڵا و بۆ گوێ ڕووبار. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٤)

لێرەدا شاعیر باس له سروشت دەکات باس له باخچەی جوان و پڕلەگوڵ و پەپولەکان دەکات. لەبەشێکی دیکەی شیعرەکەدا دەڵێت:

لەجوانی بێ ناوەوە!

بۆ شۆخ و شەنگی دەرکەوتوو

له وەنەوشەی خزاوەوە

بۆ گوڵە باخی سەرکەوتوو. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦ :٥٤)

لێرەدا شاعیر باس له جوانی ژن دەکات وە چواندوێتی به سروشت و گوڵ، که ئەوەندە جوان و شۆخ و شەنگە وەک گوڵە باخە.

دووەم: ئازادی

لەدوای جەنگە جیهانییەکانەوە و دابەشبونەوەی نەخشەی جوگرافیای دونیا و به دیاریکراویش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گەلانی ناوچەکە وایانکرد، که گەلانی ژێردەست و داگیرکراو بیر له ئازادی و سەربەخۆی بکەنەوە. گەلی کوردیش وەک پێکهێنەرێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و داگیرکراو، بێگومان بیر له ئازادی و سەربەخۆیی دەکاتەوە. (شێرکۆ بێکەس)، کەنەوەی دوای جەنگی جیهانی دووەمە، لەبەرئەوەی بەدیاریکراوی له ١٩٤٠ز لەدایکدەبێت، پاشانیش هەر له بارودۆخێکی لەو شێوەدا دەستدەکات به شیعر نوسین. ئاشکرایە، که هەمیشە ڕوداو و بیرکردنەوەکانی ناو کۆمەڵ و کۆمەڵگا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕەوتی نوسین و ڕۆشنبیری دەبێت. (شێرکۆ بێکەس)یش، هەمیشە بارگاوی و کاریگەر بووە بەو ڕوداوانەی لەناو کۆمەڵ و کۆمەڵگاکەیدا ڕویانداوە. هەربۆیە ئازادی و بیرۆکەی ئازادی دەبن به هەوێنی بەشێک له شیعرەکانی، نەک بەشێکی ئاسایی و چەند دانەیەک له شیعرەکانی بەڵکو ئازادی و بیرکردنەوەی ئازاد و مرۆڤی ئازاد، ژیانێکی ئازاد، ئەو فەلسەفانەبوون، که (شێرکۆ بێکەس) هەمیشە پێی لەسەردادەگرت و جەختی لەسەر دەکردەوە. هەربۆیە له زۆرێک له گۆڕانکاریەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگای کوردیدا ڕاستەوخۆ بەشداری دەبێت و ئازادی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگای کوردی و تەنانەت هەموو دونیا دەخوازێت. هەربۆیە شیعر بۆ منالێکی ئەفریقی و گەلی فەڵەستین و گەلانی ئەمریکای باشوور دەنوسێت. تەنانەت لەو سەردەمەی ژیانیدا، که ڕوو له شاخ دەکات و تێکەڵی بزوتنەوەی سیاسی کوردستان دەبێت. هێشتایش به هەمان ڕوانین و مەبەستی ئازادیەوە ئەم کارە دەکات. هەر وەک چۆن خۆی دەڵێت:

لەناو هەناوی هەورەوە

مژدەی سەوز دائەباری

لەناو چاوی کانیەوە

ئاوی ژیان هەڵئەقوڵی

لەناو دەروونی شاخەوە

مەلی بەربەیان هەڵئەفڕی

لەناو بریتی کێڵگەوە

گوڵەگەنم ئەهاتەدەر

لەناو لولەی چەکیشەوە

ڕێی ئازادی. (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٧٣)

وەک دەبینرێت شاعیر تەنانەت چەک و ئامێرەکانی جەنگیش هەر لە پێناوی ئازادی و ڕێی ئازادیدا بەکاردەبات. بەو واتایەی بڕوای بەوە هەیە، کە بۆ بەدەستخستنی ئازادی، پێویستە تا ڕادەی بەکارهێنانی چەکیش سڵنەکەینەوە. بەهەمان شێوەی(مژدەی سور، ئاوی ژیان، مەلی بەربەیان، گوڵەگەنم)، ئازادیش هەمان واتای جوان و گرنگی لەلای (شێرکۆ بێکەس)هەیە.

شاعیر بەجۆرێک بڕوای بە ئازادی هەیە، تەنانەت لە هەندێ دەقدا بەشێک لە جوانییەکانی دیکەش بە قوربانی ئازادی دەکات. بۆنمونە (گوڵ، ژن، ژیان، مۆسیقا، شیعر). تەنانەت بوونی هەموو ئەمانەیش لە پێش ئازادییەوە بە گرنگ و پێویست نازانێت و هەموویان دەخاتە خزمەت ئازادیەوە. هەروەک لە دەقی(پرسیار)دا دەڵێت:

کە مرۆڤ نەبوو... گوڵ چییە.

چەندە جوان بێ و

چەندە بۆن خۆشیش!

کە ژن نەبوو... ژیان چییە

بە هەزار ساڵیش من بژیم!

کە ماڵ مۆسیقای تیانەبوو

ئیتر گوێ بۆ ئەبێ هەبێ!

کە شیعرێک ناخ نەبزوێنێ و

لەناو زەینا

چرای خۆی دانەگیرسێنێ و

ناوبەناو داتنەچڵەکێنێ

تۆ پێم ناڵێی بۆ بنوسرێ

کە ئازادیش نەبوو ئیتر

گوڵ یەعنی چی و

شیعر چیە و

ژیان خۆی چی (بێکەس، ٢٠٠٦: ١٨٣-١٨٤)

بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە شاعیر مرۆڤ و چەمکی ئازادی بەیەکەوە گرێدەدات و وەک یەک بوون لە قەڵەمیان دەدات. هەربۆیە بەلای شاعیرەوە، ئازادی، لە یەکەم هەنگاوی دوای مرۆڤ بوونەوە دەستپێدەکات.

هەروەها لەشیعرێکدا سەرجەمی بۆنەکانی گەلەکەی خۆی بەتەواوی پیرۆزییەکانیشەوە دەخاتە دوای ئازادی مرۆڤەوە. هەروەک دەڵێت:

پێش ئاڵا خۆی

من ئازادی ڕەنگەکانی ئاڵام ئەوێ!

بەر لە سرود

من سەربەستی وشەکانی ناویم ئەوێ!

بەر لە ڕادیۆ

من ڕزگاری هەموو دەنگەکانم ئەوێ!

بەر لە تیڤی

من سەربەخۆیی تەواوی جوگرافیای

هەموو چاوەکانم ئەوێ! (دیوانی تەون، ٢٠٠٩: ١٨٧)

لە دەقێکی دیکەدا دەڵێت:

ئێوە ئەتوانن شیعرمان دەربەدەرکەن

ماڵەکانمان بدەن بە کۆڵی دووکەڵ و دەبابەدا و

بەکۆمەڵ بیانگوێزنەوە!

ئێوە ئەتوانن ئازارمان

لە پێکەنینی خۆتاندا بتوێننەوە!

ئەتوانن و ئەتوانن ئەتوانن و...

بەڵام ئەوەی لە خەونی گورگە بۆرەکەی

یەکەمەوە، نەهاتە دی و نایشیەتە دی

ئەوەی هەرگیز پێتان ناکرێ:

سڕینەوەی ئازادییە لە ڕۆحماندا (دیوانی تەون ، ٢٠٠٩: ٥١)

لێرەدا شاعیر باس لە زەوتکردنی ئازادی دەکات لەلایەن دەسەڵاتەوە، کە دەسەڵاتداران دەتوانن دەست وەربدەنە نوسینی شیعری شاعیرەکان. واتە ناهێڵن بە ئازادی خۆیان بنوسن. سەرجەمی ژیان و خەون و ئاواتی دونیایی ئەم گەلە ژێرپێبخەن و لە جوگرافیای ژیانکردنمان بگوازنەوە، وەک چۆن لە پڕۆسەی شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباراندا، بەسەر گەلی کوردیاندا هێنا. هەروەها دەشتوانن ئێمە بکەن بە کەرەستە و هۆکاری خۆشی و پێکەنین و چێژەکانتان، بە گریانمان، بە ئازار و ڕەنج و ژیانکردنمان، بە بونمان.... پێبکەنن. هەموو ئەوەی، کە بە خەیاڵتاندا دێت، دەتوانن بەرامبەرمان ئەنجامیبدەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن ئەو ئازادیەمان لێبستێننەوە، کە لە ڕۆحماندا پەنگیخواردووەتەوە. چونکە ئازادی، بەشێک لە باوەڕی ئێمە پێکدەهێنێت، ئازادییە کۆتا هیوای ژیان بە ئێمە دەبەخشێت. بەبێ هەموو بوونەکانی دیکە دەتوانین بژین، بەڵام هەرگیز ناتوانین بەبێ بوونی ئەو هەستی ئازادییەی، کە لە ڕۆحماندایە و ئێوەیش هەرگیز دەستتان پێی ناگات، ناتوانین بژین.

سێیەم: ژن

بە درێژایی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی، هیچ کاتێک نەبووە، کە توخمی مێینە بەشێکی گرنگی لە ئەدەبیاتی کوردیدا پێکنەهێنابێت. نوسەران، ئەدیب و شاعیر و ڕۆماننوسان، هەمیشە بەشێکی گرنگی دەقەکانیان بۆ ناساندن و گوزارشتکردن لە ژن و جوانییەکانی، نەهامەتی و بەدبەختی و ئازار و جیاکارییەکانی ژن تایبەت و تەرخانکردوە. بەم شێوەیە بە درێژایی قۆناغە ئەدەبییەکانی ئەدەبیاتی کوردی، هەمیشە ژن لە ڕوانگەی جیاوازەوە ئامادەیی هەبووە، چ وەک نوسەرانی ژن بێت یاخود ئەو دەقانەی، کە گوزارشتیان لە تایبەتێتییەکانی ژن کردوە، ئەگەر لەسەر زمانی پیاوانیشەوە نوسرابێت. (شێرکۆ بێکەس)یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە کەم دیوانی شیعریی هەیە دەقێک یان چەند دەقێکی تایبەت بە ژن و ڕوانگە جیاوازەکانی ژنی تێدا نەبێت. ئەگەر چاوێک بە دیوانەکانیدا بخشێنرێت بەردەوام ژن بە تەواوی پێکهێنەرەکانیەوە، چ وەک جوانیی بێت یاخود خۆشەویست، نوسینەوەی ئازارەکانی ژن، ژن وەک پێکهێنەری کۆمەڵگا، دایک، خوشک، غەدرلێکراو، بەبچوک بینین، لە ڕوانگەی ئاینەوە و.... هتد. ژن بەم ناوەڕۆکانەوە ئامادەیی هەمیشەی هەیە. تەنانەت لەو دەقانەشدا، کە بۆ نەهامەتی گەلەکەی نوسیون، زۆرترین جەختکردنەوەکانی هەر سەبارەت بە ژنە لەو ڕووداوانەدا. بۆنموونە لە دیوانی(دەربەندی پەپولە)دا، کە سەرجەمی دیوانەکە تایبەتە بە کارەساتەکانی (کیمیاباران هەڵەبجە و ئەنفال)، کەچی شاعیر لەوێشدا دەیەوێت نەهامەتییەکان لە دیمەنی مێینەیەکدا

بنوێنێت، هەروەک دەڵێت:

ئەوە خەزانی باڵای سەحەرە

ئەوە دەنکە ملوانکەی خەونەکانی سەحەرە

ئەوە دەست و ئەوە پەنجە و ئەوە مەمکی

بەجێماوی سەحەرە

ئەوە قیژەی مرواری سەحەرە

ئەوە خۆڵەمێشی ماڵەبابی سەحەرە. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦: ١٤)

جارێکی دیکە شیعر بۆ ژن وەک (دایک)دەنوسێت، وەک دەڵێت:

(دایک)

دایکم لە شۆڕەبی پایز ڕووتەڵەتر...

لە تاق تاقکەر تەنیاتر...

لە پەڕەسێلکە هەژار تر...

دایکی منە

دایکم تاریکەشەو کراسێکی دایە

گەڵا ڕێزان لەبەری کرد. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦: ٢٢٣)

لەڕاستیدا ژن هەوێنی بەشێکی زۆری شیعرەکانی(شێرکۆ بێکەس)پێکدەهێنێت. ئەمەش لە بڕوای تەواوی (شێرکۆ بێکەس)ەوە دێت بە ژن و دۆزە هەمەجۆرەکانی ژن بوون، کە لە بڕوای(شێرکۆ بێکەس)دا، ژنبوون لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا سەختە و بەردەوام لەژێر چەپۆکی نێر و بیرکردنەوە چەوتەکانی کۆمەڵگادایە، کەچی(شێرکۆ) وەک نوسەرێکی ڕاستەقینە، ئەم سەرنجە باوانەی کۆمەڵگا دەخاتەبەر چەپۆکی ڕەخنە و هەمیشە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا بە(ژن و پیاوەوە)ی داوە، کە زیاتر لە ڕوانگەی جوانییەکانەوە(بەتایبەتی جوانیەکانی ژن) ەوە دونیا ببینن. هەروەک چۆن خۆی لەم دەقەدا ژن و خۆشەویستیی ژن وەک ئیلهامبەخش بۆ دەقەکانی خۆی دەبینێت:

وەختێ زانیم

من ناتوانم

شتێکی تازە بنوسم

ئەوسا ئیتر وەک گڵۆپێک

لەناو سەرما

ناوەکەت دائەگیرسێنم و

لەبەر عەشقێکی ڕووناکدا

ئەڤینت باشتر ئەبینم و

قەسیدەی جوانتر ئەنوسم (دیوانی تەون، ٢٠٠٩: ١٧١)

هەروەها لە دەقێکی دیکەدا بە ناونیشانی (بێ تۆ)، باس لەوە دەکات، کە بەبێ ژن ناتوانێت شیعر بنوسێت. وەک دەڵێت(بێ چاوی تۆ، چاوی شیعرم کوێرە)، واتە ژن سەرچاوە و ئیلهامی شیعرەکانی(شێرکۆ بێکەس)بووە.

بێ تۆ

وەک چۆن ئاسمان بێ ئەستێرە، یان بەهار بێ گوڵ

ئەم کوێر ئەبێ و ئەو جوانەمەرگ، ئەچێتە ژێر گڵ!

بێ چاوی تۆش، چاوی شیعرم، کوێرە و ڕێ نەبین

بێ لێوی تۆ، ئازیزەکەم، بەهار و گوڵ ...چین؟!. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦: ٨٢)

پاری دووەم: ئامادەیی ژن و ڕەنگدانەوەی لە دیوانی(ڕەنگدان)دا

هەمیشە چەند پایە و ڕەگەزێک هەن وەک بنەڕەتەکانی نوسین لەلای نوسەر یاخود شاعیران دەبینرێن. ئەو ڕەگەزانە لە بڕوای بنەڕەتیی نوسەر یاخود شاعیرەکەوە سەرچاوە دەگرن. بۆ نمونە (ژن) لای (شێرکۆ بێکەس)، یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی نوسین. بۆیە زۆر بەکەمی دیوانێکی شاعیر دەبینرێت، کە ژن یەکێک لە ناوەڕۆکەکانی پێکنەهێنابێت. بۆیە (شێرکۆ بێکەس)، لە بڕوای قوڵی خۆیەوە شیعر بۆ ژن و بارودۆخە تایبەتەکانی ژنبوون دەنوسێت. بەلای شێرکۆ بێکەسەوە بەشێک لە جوانی و (ئەگەر نەڵێین هەموو جوانی) و نرخی ژیان و ئاشتی و خۆشەویستی و ئازادی، تەنانەت مێژوو، کلتور....هتد بە ژنەوە دەبەستێتەوە.

ئەگەر ئەمە بڕوای بنەڕەتی(شێرکۆ بێکەس)بێت بە ژن و ژیانی ژن و چۆنیەتی ڕوانینی ئەوانی دیکە لە ژن و ئەم بیرەش لە تەواوی نوسینەکانیدا ڕەنگی دابێتەوە (وەک لە پارەکانی پێشوتردا خرایەڕوو)، ئەوا لە نوسینی ئەو دەقانەیدا، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان بۆ ژن نوسراون، بێگومان ژن ئامادەییەکی فراوانتری لەو دەقانەدا دەبێت و ڕەنگدەداتەوە. هەرکام لە دیوانەکانی (ڕەنگدان) و (ملوانکە)، بە ڕێژەیەکی زۆر ژن وەک بەشێک لە بنچینە پێکهێنەرەکانی ئەو دیوانانە دەبینرێت. ئەوەی لەم پارەدا گرنگە تیشکی بخرێتەسەر، ئەو ڕوانینە جیاوازانەی شاعیرە، کە سەرنجی بۆ ژن لە دیوانی (ڕەنگدان)دا دەنوێنن. شاعیر لەم دیوانەدا لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە ڕوانینەکانی خۆی سەبارەت بە ژن بەیان دەکات هەروەک خۆی دەڵێت:

من ناوم(کوێستان)ە

ژنێکی کەلاریم

بەڕێکەوت، هەربەناو، ((کوێستان))م

ئەگینا من پڕم لە گڕە و

ئەگینا من باوکم لە خێڵی پەنگرە و

من دایکم لە هۆزی ژیلەمۆ و سوتانە. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦ : ٢٨٨ – ٢٨٩)

لێرەدا شاعیر ئەو جۆرە لە مێینە بوون پێناسە دەکات، کە لە کلتور و کۆمەڵگاکەیدا تەنها ناوەکانیان بۆ دەمێنێتەوە و ئەگینا تەواوی ژیانی ڕاستەقینەی خۆیان بە دنیایەک ئازار و دەردەسەری دەورەدراوە. هەربۆیە (کوێستان)، کە وەک ناو، گوزارشتە لە ناوێکی سەرنجڕاکێش و جێگەیەکی سەوزایی و پڕ لە هەستی ژیاندۆستی، لە کاتێکدا ئەوانەی لە ژیانی کوێستاندا هەن (گڕ، پەنگر، ژیلەمۆ و سوتان)ن. ئەمە ژیانی ڕاستەقینەی یەکێک لە نوێنەرەکانی ژن و مێینەیە لە کلتور و کۆمەڵگای(شێرکۆ بێکەس)دا. ئەگەر زیاتریش بڕۆین ئەمە بیرکردنەوە و ڕوانینی شاعیر دەخاتەڕوو سەبارەت بە مێینە، لە ڕاستیدا سەرجەمی توخمی دووەم واتە (مێینە) لەلای (شێرکۆ بێکەس)، وەک باشترین نمونەی نەفرەتلێکراو دەردەکەوێت. هەروەک چۆن لە بەشێکی دیکەی دیوانی(ڕەنگدان)دا دەڵێت:

توخمی من، لەم ناوە، هەر ئەڵێی تریفەی ژێر هەوری

مانگێکی ترساوە

توخمی من

لاسکە گیایی ژێر پێیەو

هەمیشە و هەمیشە

ئاوێکی گریاوە

ئەوەتەی لە بیرمە خەنجەری سمێڵدار

مۆڕەی دێ و نەڕەی دێ و

هەر بە ژوور سەرمەوە وەستاوە. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦ :٢٨٩)

ئەگەر سەرنج لەم دەقەبدەین دەبینرێت شاعیر سەرجەمی دەسەڵاتی شیعریی خۆی لەوپێناوەدا خستۆتەکار، کەڕوانینە تایبەتەکانی خۆی سەبارەت بە توخمی مێینە لە کۆمەڵگاکەیدا بخاتەڕوو، کە هەروەك چۆن ئەم توخمە دەچوێنێت بە(تریفەی ژێر هەوری مانگێکی ترساو)، لێرەدا شاعیر جوانیی ئەم توخمە بەراورد دەکات بە (تریفەی مانگ)، بەڵام کام (مانگ)ە؟ (مانگێکی ترساو). یاخود توخمی مێینە وەك (لاسکەگیای ژێرپێ) دەبینرێت، کەهیچ کات پێیەکان وەك جوانییەك، لاسکەگیاکان نابینین بەڵام هەمیشە دەیانپلیشێننەوە. لە ڕاستیدا دروستکردنی وێنە هونەرییەکانی ناو دیوانی (ڕەنگدان)یش، هەر لەپێناو گوزارشتکردنن لە نەهامەتییەکانی توخمی مێینە. بۆ نمونە (مانگی ترساو، لاسکە گیای ژێرپێ، ئاوی گریاو، خەنجەری سمێڵدار، ڕوخسارم نانێکی سوتاوە، تۆڕی پیاوان، هێلکەی پیس....هتد). سەرجەمیان وەک وێنەی هونەریی و دەسەڵاتی شاعیر دەبینرێن بۆ گوزارشتکردن لە دۆخی ژن بوون.

خوێنی مێینەیەک نوسیی

بەگەورەی ئاوای نوسیی:

ڕۆژەکانم هەریەک ڕەنگە و

شەقامەکان هەریەک ڕەنگە و

سمێڵەکان هەریەک ڕەنگە

قانونەکان هەریەک ڕەنگە و

ئەوەی لە وڵاتی مندا ڕەنگاوڕەنگە

ئامێرەکانی کوشتنمە و ڕەنگی مەرگە. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦ : ٣٥٧)

لەکلتورو کۆمەڵگایەکدا، کە بەهای ئینسان و جوانیی ڕەنگەکان فەرامۆشکراوە، هەربۆیە زۆر ئاساییە، کە توخمێکی وەك مێینە، ژیانی سەرتاپا لەو ڕەنگە پێکهاتبێت، کە کلتور و ئەوانی دیکە بۆی دیاریدەکەن. (شێرکۆ) زۆر باش درکی بەم ڕاستیە کردووە و کردویەتی بە هەوێنی بەشێکی زۆر لە شیعر و وێنە هونەریەکانی. ئەگەر سەرنجی ئەو بەشانەی دیوانەکەیش بدەین بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت، کە شاعیر ئەم دیاردەیەی وەك دەنگێکی زاڵ لە ڕەنگداندا بە دیارخستووە. هەربۆیە (ڕۆژ، شەقام، سمێڵ، قانون)، هەر هەموویان یەک ئامانج دەپێکن، کە ئەویش پەراوێزخستن و پشتگوێخستنی توخمی مێینەیە، تا لە کۆتایدا کوشتنێکی ڕەنگاوڕەنگ ئامێزیان بۆ دەکاتەوە. لە دەقێکی دیکەدا شاعیر دەڵێت:

ڕەنگ قفڵەکەن..

نە بادا ڕەنگێکی جیاواز

لە پرێکدا بێتە ژووریٚ!.

ڕەنگ ئەفڕێنن... نە بادا سڕی ڕەنگێکی

تازەی لابێ و بیدرکێنێ.

ڕەنگ کەڕ ئەکەن...نەبادا گوێ لە زەنگی ڕەنگێکی تر بێ و ڕابپەڕێ!

ڕەنگ لاڵ ئەکەن.. بۆئەوەی ڕەنگ هەر هیچ نەڵێ

بەردەوامیش هەر لە شەودا ڕەنگ ئەکوژن

بۆ ئەوەی کەس ڕەنگی بکوژ و تاوانبار قەت نەبینێ! (دیوانی شێرکۆ بێکەس ، ٢٠٠٦: ٣٥٢)

لەم شیعرەدا شاعیر باس لە ڕەنگی زیندانی کراوان و ڕەنگی ژنی شار بە دەرکراوان و زوڵمی ڕەنگ و هەروەها خۆشەویستی و قوربانی و نەهێشتنی ڕەنگاڵەیی و فرەیی ڕەنگەکان، کە ئەمەیش بەشێوەیەکی هونەرییانە، ئاماژەیە بۆ ئەو سەرکوتی و نادادییەی، کە لە کۆمەڵگاکەیدا بەرامبەر ژنان و توخمی بەرامبەر نێرینە دەکرێت. لەڕاستیدا خواستنی وشەی ڕەنگ و تەنانەت ناونانی دیوانەکەیشی بە (ڕەنگدان)، دەشیت لەو ڕاستییەوە بێت، کە شێرکۆ بێکەس درکی بەوە کردووە، کە ژنان زیاتر سەروکاریان لەگەڵ ڕەنگ و جیاوازییەکان و ناسینەوەی ڕەنگە جیاوازەکان و ئەو ڕەنگاڵەییەی، کە لە ژیانی ژناندا هەیە. هەر بۆیە دیوانەکەی و سەرتاپای دیوانی (ڕەنگدان)یش، لە خزمەت ئەو بیرەدا بێت، کە شێرکۆ مەبەستییەتی. بەو واتایەی، کە خواستنی وشەی (ڕەنگ)، لە سەرتاپای دیوانەکەدا، بەشێوەیەکی هونەرییانە و ڕەوانبێژییانە، لەبری ژن و وەک خواستنێک بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنرابێت.

ڕۆژەکانی ڕەنگی بێ ژن....

لە پەڕە پەڕەی دەفتەری هەڵوەشاو و

شەوەکانی ڕەنگی بێژن... لە پرتە پرتی فانۆزێ

لە بەردەمی گژە باداو...

لە تەنیایی قەڵەم پاندانێکیش ئەچوو..

مرەکەبی تیانەمابێ و هیچ نەنوسێ. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦ : ٣.٦-٣.٧)

لەڕاستیدا لەلای شاعیر ڕۆژەکانی ژیانی مرۆڤایەتی چونکە خۆیان هەمەڕەنگ و هەمەجۆرن، ئەوا هیچ کات بەبێ مێینە یاخود ژن ناتوانن ڕۆژێکی تەواو بۆ مرۆڤ دەستەبەرکەن. بەم پێیە بەلای شاعیرەوە ڕۆژ و شەو هەردوو تاریکن لەبەر ئەوەی ژنیان تێدانیە. هەروەها هەرچەندە قەڵەم و پاندان، ئیشی یەکەمیان نوسینە، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا، کە بۆ ژن نەنوسن یاخود لەپێناوی ژندا نەنوسن، ئەوا وەك و ئەوە وایە هیچ مرەکەبی تێدا نەبێت و بێ ڕەنگ بێت و هیچ وشەیەکی لێنەیەتە دەرەوە. بەم جۆرە تەواوی ژیان و بوون بەلای شاعیرەوە، وەك ڕەنگاڵەییەکەی خۆی، پێویستە گوزارشت لە ژن بکات، پێیوایە گەر ژن نەبێت ژیانیش نییە. هەروەك خۆی دەڵێت نەبوونی ژن وەك (قەڵەمێکی بێ مرەکەب و پەڕەی دەفتەری هەڵوەشاوە و پرتە پرتی فانۆزێ لەبەردەم کزەبا)دا دەچێت. کەواتە سەرنجامی فانۆسێکی بەر باش کوژانەوەیە، کوژانەوەش بە واتای ناخۆشی و خراپی و تاریکی دێت، کە بەلای شاعیرەوە ئەگەر بێت و ژیانێك ژنی تێدانەبێت ئەوا سەرئەنجامەکەی هەر کوژانەوە و تاریکی دەبێت.

پاری سێیەم: ئامادەیی ژن و ڕەنگدانەوەی لە دیوانی(ملوانکە)دا

مێینە وەک پێکهێنەرێکی سروشت و بوون بە چەندین لایەن و بواری جیاواز هەم خۆی گوزارشت لە خۆی دەکات هەم ئەوانی دیکەش بە پێی ئەو ڕوانینە یان بۆی گوزارشتی لێدەکەن هەربۆیە جارێک وەک دایک جارێکیش وەک خوشک و جارێکیش وەک خۆشەویست و لە کۆتایشدا وەک توخمی بەرامبەر دەخرێتەڕوو سەرتاپای هەموو ئەمانەش وێنای مێینە لە کۆمەڵگایەکدا دەنوێنن. نوسەران و شاعیرانیش بە خواستن لەو وێنایە بیر و ڕاو سەرنجەکانی خۆیان سەبارەت بە توخمی مێینە دەنوسنەوە تەنانەت هەموو ئەو لایەنانەی دیکەش باسدەکەن کە بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندیان بە سروشتی ژیان و بوونی مێینەوە هەیە بۆ نمونە(جوانی سروشت، خۆشەویستی، یەکسانی.... هتد) ئەو ڕەگەزانەن کە دەوری ژیانی مرۆڤایەتی و مێینەیان داوە(شێرکۆ بێکەس)لەبەشێکی زۆری شیعرەکانی گرنگیەکی یەکجار بەرزی بەهەموو ئەم لایەنەداوە هەندێکجار دووان یان زیاتر لەمانەیش کۆدەکاتەوە و لەپێناو مەبەستی تایبەتی خۆیدا و گوزارشتیان لێدەکات وەک لەم دەقەی خوارەوەدا دەخرێتەڕوو:

خەوتووە. خانمی پایزە. خەوتووە مانگی زیز.

خەوتووە و توێژاڵێ لە تەمیش نیشتۆتەسەر پێڵوی.

خەوی خێر. ئەی پەری!. خەوی خۆش ئەی ئازیز!.

دەتوخوا بابنووێ و هیچ نەبێ لە خەویا ئازادی ببینێ.

دەتوخوا لێیگەڕێن، با دوورێ لە چاوی باوکی خۆی.

با دوورێ لەوماڵەوە، لە تانەو دار کاریی برای خۆی

خەوتووە خانمی پایزە. خەوتووە مانگی زیز.

خەوی خێر. بۆ پەری.خەوی خۆش بۆ ئازیز. (دیوانی ملوانکە ، ٢٠٠٧: ٨٧)

کۆکردنەوەی هەرکام لە (خانم و خەون و پایز) لە پێناوی مەبەستە سەرەکییەکەی شاعیردا، کە ئەویش ئازادیە بەهایەك بە دەقەکە دەبەخشێت و خوێنەر بەرەو ئەو تێگەشتنە کێش دەکات کە لە ڕاستیدا ئەوە هەر لەخەوندایە، کە مێینە ئازاد بژی ئازاد بیربکەنەوە هەربۆیە شاعیر داواکارە ئەم مافەش لە مێینە نەسەنرێتەوە، کە هیچ نەبێت با لە خەوندا ئەزموونی ئەو ژیانە بکەن کە شایستەیانە لەم دەقەدا هەرچەندە شاعیر بە کۆمەڵێ وێنەی جوان مەبەست و سەرنجەکانی خۆی دەربارەی مێینە و ژیانی مێینە خستۆتەڕوو، بەڵام هێشتایش هیچ لەو ڕاستیە کەم نابێتەوە کە ڕەنگدانەوەی ژن و مێینە لە دیوانەکەدا بە جۆرێکە کە بەشێکی زۆر لە نەهامەتیەکانی ژنی تێدارەنگداوەتەوە بەم شێوەیە (شێرکۆ بێکەس) لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە لە(ملوانکە)دا گوزارشتی لە ژن کردووە بیروڕاکانیشی ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی ژیانی ژنە لە کۆمەڵگای کوردیدا. ملوانکە کەلە کۆمەڵگای کوردیدا وەك یەکێك لە هۆکارەکانی جوانکاری و ڕازاندنەوە بۆ ژنان بەکاردەهێنرێت (شێرکۆ) دەیەوێت لەملوانکەیەکەوە سەرگوزەشتەی ژن بوون لەکۆمەڵگاکەیدا بخاتەڕوو هەربۆیە لەتەواوی دیوانەکەدا ملوانکە بەکارهێنراوە بۆ خستنەڕووی مەبەستەکانی شاعیر، لەژیاندا هەمیشە پیاو و ژن وەک دوو جەمسەری تەواوکەری ژیان بوونیان هەیە، بەڵام ژن لە ڕوانگەی(شێرکۆ بێکەس)ەوە، بە جۆرێک لە دیوانەکەدا خراوەتەڕوو کە هەمیشە ڕیزبەندی دووەمی لە کۆمەڵگای کوردیدا پێبەخشراوە لە ڕاستیدا دووەمێکی خراپیش وەک خۆی دەڵێت:

لێرە بۆ پیاوەتی خەوشە

لەهیچ بۆنەیەکدا لە چوونە ژوورەوەدا

لە هاتنە دەرەوەدا

ژن پێش خۆی بخات

تەنها لە یەک وەختا نەبێت

کە ئەم بە دار ڕاوی بێ و

ئەویش لە پێشیەوە ڕاکات! (دیوانی ملوانکە ، ٢٠٠٧: ٨٢)

وەک دەبینرێت شاعیر بەوجۆرە کۆمەڵگاکەی خۆی دەخاتەڕوو، کە هەمیشە ژن تێیدا لە پلەیەکی خوارترەوەیە و تەنانەت لە چوونەدەرەوە و هاتنەژوورەوەشدا هەمیشە دەبێت وەک ئەو مرۆڤە پلە دووە لە ژن بڕوانرێت، کە هیچ مافێکی لە پێش پیاوەوە نەبێت مەگەر تەنها لەو کاتانەدا بێت کە لە ڕەنج و ئازاردا پێش پیاو بکەوێت.

لە ئاسماندا عەقڵی نوقسانە مانگە شەو

چونکە مێیە

لەسەر زەوی عەقڵی نوقسانە وەنەوشەیی

چونکە: مێیە

لە دەنگا عەقڵی نوقسانە کزەبا

چونکە مێیە

بەڵام لەناو دەنگ و ڕەنگ و بۆنی شمشێر و

شیر و ڕم و مەنجیق و خوێندا

هەر هەموویان عەقڵیان ساغە و

تەواو تەواو

چونکە نێرن. (دیوانی ملوانکە ، ٢٠٠٧: ٨٤)

شاعیر لەم دەقەدا باس لە ڕەگەزی مێ دەکات کە چۆن بەکەم سەیردەکرێن لەناو کۆمەڵگادا لەم دەقەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕەگەزی مێ عەقڵی بە کەم یان ناتەواو دادەنرێت، بەڵام پیاوبە پێچەوانەوە لە هەموو بوارەکاندا عەقڵی بەساغ و تەواو کامڵ دادەنرێت. ئەم جیاوازیە زۆرەی لەنێوان ئەم دوو ڕەگەزە دایە بە هۆی بەکەم سەیرکردنی ژنەوەیە لەلایەن کۆمەڵگەوە.بە تێڕامان لەم دەقە شیعرییە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هەرچەندە هەموو شتەکان جوانیش بن بەڵام ئەگەر بۆ ڕەگەزی مێ بێت عەقڵی بەناتەواو دادەنرێت، بەڵام ئەگەر بۆنی خوێن و شمشێرو ڕمی لێبێت مادەم نێرە عەقڵی بەتەواو کامڵ دادەنرێت.

هەروەها لە دەقێکی دیکەدا (شێرکۆ بێکەس) بە جوانی پشتگیری لە ژن دەکات و ئەوەش دەردەخات کە ژن نیوەی کۆمەڵگایە گەر ژن ئازادانە بەژدار نەبێت لەهەر کایەو بەشێکی کۆمەڵگادا ئەوا بەنیوەی ئەمێنێتەوە هەروەك دەزانین لەکۆمەڵگەدا زۆر شت بۆ ژن سنوردار کراوە، بەڵام پیاوان ئازادانە بەشداری تێدادەکەن لەگەڵ ئەوەشدا لەژێر ناوی شەرەف و ناموسدا کۆمەڵگە کراوەتە زیندانێك بۆ ژن وەك خۆی دەڵێت:

شەقام ئەڵێ تا مێینەم بە شەو و ڕۆژ ئازادانە پێدا

نەڕوات

وائەزانم شەقامێکم دەست و قاچێکم نوقسانە

ڕووبار ئەڵێ تا مێینە ئازادانە خۆی لەناوما

هەڵنەکێشێ

وائەزانم ڕووبارێکم نیوەی شەپۆلم نوقسانە. (دیوانی ملوانکە ، ٢٠٠٧: ١٢٦)

ئەنجام

١- ئەدەبیاتی کوردی لە تەواوی قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکانی خۆیدا، ژن وەک ناوەڕۆکێکی گرنگ بووە بە بەشێکی دانەبڕاو لە بەرهەمی بیر و بیرکردنەوە و نوسینی نوسەران و شاعیران. هەربۆیە لە تەواوی قۆناغەکانی وەک کلاسیک و ڕۆمانتیک و ئەدەبیاتی نوێ وهاوچەرخیشدا، ژن بەجۆری جیاواز و تایبەت ئاوڕی لێدراوەتەوە.

٢- ناوەڕۆکە هەمەڕەنگەکانی شیعر و بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس، بەجۆرێکن، کە لە بەشێکی زۆری دیوانە شیعرییەکانیدا، ژنی وەک ڕاستییەکی فەرامۆشکراوی ناو کۆمەڵ و کۆمەڵگاکەی خۆی نوسیوەتەوە و لەپێناوی هەموو ئەو لایەنانەی، کە بەشێک لە ژیانی ژنیان پێکهێناوە، دەقی تایبەتی و تەنانەت دیوانی تایبەتیشی بۆ داناون، دیوانەکانی ڕەنگدان و ملوانکە، باشترین نموونەن.

٣- لە خوێندنەوەی هەرکام لە دیوانەکانی (ڕەنگدان) و (ملوانکە)دا، هەست بە ئامادەیی کۆی ژن و مێینە دەکەین. بەو واتایەی، کە تەواوی ئەو لایەن و بوارە جیاوازانەی، کە ژیانی ژنیان پێکهێناوە، بە زمانێکی شیعریی تایبەت و دروستکردنی وێنەی هونەری تایبەت بە ژن و لە ڕوانگەی بیری شێرکۆ بێکەسەوە، دەبینرێنەوە. تەنانەت شاعیر ئازار و ژان و ناڕەحەتییەکانیش، زیاتر لەسەر زمانی ژنان و بە بەرگێکی ژنانەوەنوسیویەتییەوە.

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم-سەرچاوەکوردییەکان:

١- کتێب/

١- ئەحمەد، کەژاڵ(١٩٩٩)، بەندەری بەرمۆدا، ، چاپی ١و ٢، سلێمانی.

٢- بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٠)، دەربەندی پەپولە، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاسا.

٣- بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٦)، دیوانی ڕەنگدان، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٤- بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٦)، دیوانی ڕەنگدان، بەرگی دووەم، سلێمانی.

٥- بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٦)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی پێنجەم، سلێمانی.

٦- بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٧)، دیوانی ملوانکە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٧- بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٩)، دیوانی تەون، سلێمانی.

٨- بێکەس، شێرکۆ (٢٠١١)، ئێستا کچێک نیشتمانمە، سلێمانی.

٩- بێکەس،شێرکۆ(٢٠١٦)، خێراکە مردن خەریکە بگات، چاپی دووەم، سلێمانی.

١٠- جەلیزادە، قوباد(٢٠٠٧)، شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١١- حسێن، فوئاد، ئافرەت لەهۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی جاحض، بەغداد.

١٢- حەسەن، شێرزاد(٢٠١١)،(ڕۆمان)، ژنێک بەسەر منارەوە، سلێمانی.

١٣- حسێن، هەڤاڵ ئەبوبەکر(٢٠١٠)، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەشیعری کوردیدا، چاپخانەی لەریا.

١٤- دایکی سۆلاڤ(١٩٨٢)، چەپکێ وەنەوشە، بغداد، دارالقادسیە للطباعە.

١٥- ڕەسوڵ،محمد (١٣٩٢)، دیوانی پیرەمێرد، ناوەندی بڵاوکردنەوەی سنە، سنە.

١٦- ساحێب قران،عبدوللرحمان بەگ(١٣٩٩)، دیوانی سالم، تاران.

١٧- عەلەوی، بزورگ (٢٠٠٢)،(ڕۆمان)، چاوەکانی، وەرگێڕانی:ئازاد بەرزنجی، تاران.

١٨- قانع، بورهان(١٣٨٤) ،دیوانی قانع، تاران.

١٩- قەرەداغی، مهاباد(٢٠٠٢)، ئازادکردنی مێژوو(لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی ژنان)، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢٠- گۆران، عبدوللە (١٣٨٦)، دیوانی گۆران، تاران.

٢١- مەولود، ڕێزان ساڵح(٢٠١٣)، پێگەی ژن لەدیدی قوبادی جەلیزادەو نزار قەبانی دا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٢- موکریانی،کوردستان(١٩٨٠)، هۆنراوەی ئافرەتی کورد، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

٢٣- مەلاکەریم، محەمەد (١٩٨٠)،دیوانی بێکەس ، چاپخانەی ئەدیب، بغداد.

٢٤- مدرس،مەلا عبدالکریم، عبدولکەریم، فاتح ، مەلا کەریم، محمد (١٣٦٢)، دیوانی نالی، تاران.

٢٥- مدرس، مەلا عبدالکریم(١٣٨٩)، دیوانی مەحوی، چاپی شەشەم، إنتشارات کردستان. سنه.

٢٦- مامە، سۆزان(٢٠٠٢)، ژن وگەڕان بەدوای ناسنامەدا ، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی.

٢٧- هێمن(١٩٧٤)، تاریک وڕوون، بڵاوکراوەی بنکەی پێشەوا.

٢٨- هەردی، ئەحمەد(١٩٨٤)، ڕازی تەنیایی، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

٢- نامەی ئەکادیمی/

٢٩- حسێن، سابیر(٢٠١٠)، دیاردەی فێمینیزم لەئەدەبی چەند نوسەرێکی مێینەی کورد، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین.

٣- گۆڤار/

٣٠- مەلاکەریم، محەمەد(١٩٧٥)، خەباتی شیعری کوردی لەپێناو ئازادکردنی ئافرەتدا، گۆڤاری بەیان،ژمارە٢٦ .

31-Abdulla, K.B., 2021. Lyric in Abdullah Goran's Poems. Halabja University Journal, 6(4), pp.31-48.

-32Abdullah, K. B., Raheed Mera, A., and Hamafaraj, D. S., 2021. Poetic Image in" Salm's Poems. -Journal of Garmian University, 8(1), pp.1-11.

-33 Abdulla, K.B. and Hamafaraj, D.S., 2019. Erotic vision in the poetry of (Qubadi jalizada). Halabja University Journal, 4(3), pp.47-63.

دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:

١-گۆڤار:

٣١- إبراهيم، رزان محمود(٢٠٠٨)، النسويه فى الأدب والنقد، مجلهالأردنية في اللغه العربيهوأدابها، المجلد(٤)، عدد ١،جامعة مؤتة عمادة البحث العلمي, الأردن.

جێندەر لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی شێوەزاری هەورامییدا

عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف[1]، ژینۆ نزار أحمد[2]
[1] بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی زمانی کوردی، پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: abduljabar.maroof@univsul.edu.iq

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بۆ ناونیشانی (جێندەر لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی شێوەزاری هەورامییدا) تەرخانکراوە. کە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو و شیکردنەوەی مۆدێلی نواندنی جێندەر لە شێوەزارەکەدا. جێندەر وەک شاوشەیەک بۆ ڕەهەندیی زایەندیی (sexuality) و ڕێزمانیی و کۆمەڵایەتیی بەکاربراوە. هەنگاوەکانی توێژینەوەکە، لە سنووری ڕەهەندیی زایەندیی و ڕێزمانییدا ئەنجامدراوەو کارەکانی توێژینەوەکە بە فەرهەنگ دەستیپێکردووە، ئەویش بەو پێیەی فەرهەنگ پاشخانی زانیاریی زمانیی و نازمانییەکانی لە کەرەستە بەرایی و توخمە یەک لێکسێمەکانیدا هەڵگرتووە. دەستنیشانکردنی ناواخنی ئەو یەک لێکسێمانە پەیوەست بە جێندەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە فۆرمەکان لە فەرهەنگەوە نیشانەکراوی جێندەرییان بۆ کام ڕەهەندەیان هەیە، تا لەوێوە لە بەڕێزمانبوونی (grammaticalization) توخمە فەرهەنگییەکەدا، بەتایبەتیی لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا جاریکی تر پرۆسەی نواندنی جێندەر تاقیبکرتەوە، تا بزانرێت پەیوەست بە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژییەوە (مۆرفۆلۆژیی دروستکردن و شکانەوە) سیستەمی تەواوکاریی جێندەریی چۆن مامەڵە دەکات، بۆیە پرۆسەکە چ وەک هەڵگواستن و لێکدان و چ شکانەوەش کاری تێداکراوە. توێژینەوەکە هەنگاوەکانی بە پێی ڕێبازی وەسفیی شیکاریی ئەنجامداوەو کەرەستەی توێژینەوەکەشی لە شێوەزاری هەورامییەوە وەرگرتووە.

وشە کلیلیەکان: جێندەر، زایەند، نیشانەکردن، فەرهەنگ، شکانەوە.

الملخص

هذه الدراسة بعنوان (الجندر في المعجم وصرف اللهجة الهورامية). محاولة لتقديم وتحليل نموذج تمثيل الجندر في اللهجة. تم استخدام الجندر كالكنيه للأبعاد الجنسية والنحوية والاجتماعية. أجريت خطوات البحث ضمن حدود أبعاد الجنس والنحوية ، وبدأ العمل البحثي بالمعجم ، حيث يحتوي المعجم على خلفية المعلومات اللغوية وغير اللغوية في مواده الأولية وعناصره أحادية اللغة. يوضح لنا تحديد محتوى هذه المعاجم المرتبطة بالجندر الأبعاد التي تحتوي عليها النماذج من المعجم. تشكل مورفولوجيا (البناء والانعكاس) هي الطريقة التي يعمل بها النظام التكميلي بين الجنسين ، لذا فإن العملية متضمنة في كل من التكوين الكلمات أو الانعكاس. أجرى البحث بالمنهج الوصفي في التحليل ، وأخذت المواد البحثية من لهجة الهورامي.

الكلمات المفتاحية: الجندر، الجنس، التميز، المعجم، الانعكاس.

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
DOI Link	http://doi.org/10.32410/huj-10447
ڕێکەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٢٥ | ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٤ | ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	abduljabar.maroof@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	©٢٠٢٣ پ.د.عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، ژینۆ نزار أحمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

summary

This paper is entitled (Gender in the lexicon and Morphology of Hawrami Dialect). It is an attempt to present and analyze the model of gender representation in the dialect. Gender has been used as a hyponym for sexual, grammatical and social dimensions. The research steps were conducted within the boundaries of the gender and grammatical dimensions and the research work began with the lexicon, since the lexicon contains the background of linguistic and non-linguistic information in its primary materials and mono lexical elements. Identifying the content of these gender-related lexicons shows us to which dimensions the forms have gender markings from the lexicon. From there, the process of gender representation can be tested again in the grammaticalization of the cultural element, especially in the morphological structure Morphologically (the morphology of creation and Inflection) is how the gender complementary system works, so the process is involved both as transfer, interpretation and Inflection. The research was conducted according to the descriptive method of analysis and the research materials were taken from Hawrami dialect.

Keywords: gender, Sex, marking, Lexicon, Inflection

پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە تایبەت بە (جێندەر لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژی شێوەزاری هەورامییدا)، تێیدا بنەماو پێواژۆی فەرهەنگی و مۆرفۆلۆژی دروستکردن و شکانەوە لە خستنەڕوو بەرجەستەکردنی جێندەر لە هەرسێ ڕەهەندی زایەندی و ڕێزمانی و کۆمەڵایەتییەوە، جێبەجێدەکرێت. هەرچەندە سنووری توێژینەوەکە بۆ زایەندو توخمی ڕێزمانی تەرخانکراوە, پێواژۆکە لە فەرهەنگەوە بۆ ڕێزمان دەستپێدەکات، بەڵام قۆناغی نواندنی پێش فەرهەنگی وەک تیۆری داڕشتنی نیشانەکان لە پێش بوونیان بە پۆلەڕەگەز کراوەتە دەستپێکی پۆلەڕەگەزداڕشتنی جێندەرپی لە ناو فەرهەنگدا. پاشان هەنگاوەکان بەرەو ڕێزمان_مۆرفۆلۆژی نراون بۆ ئەوەش لەبەر سنووری توێژینەوەکە نواندنی فەرهەنگی و مۆرفۆلۆژییانەی ناوو ئاوەڵناو وەرگیروان. توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی فەرهەنگ_ڕێزمانییەو ڕێبازی پەسنی شیکارپی تێدا جێبەجێکراوە. ئەگەرچی لایەنی تیۆرپی توێژینەوەکە بۆ زمانی کوردییە بە گشتی، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە داتاو نموونەو جێبەجێکردنەکانی لە شێوەزاری هەورامی وەرگرتووە. وەک ئاماژەی بۆ کرا، توێژینەوەکە لە نێوان فەرهەنگ و ڕێزمان_ مۆرفۆلۆژییدایە، بۆیە بەش و پارو وەچەپارەکان بەو شێوەیە داڕێژراون، لە فەرهەنگ و ناساندنی چەمکی فەرهەنگەوە دەست پێبکات، لە پاشاندا پارەکان بۆ مۆرفۆلۆژی وشەدروستکردن و شکانەوەی پۆلەڕەگەزەکان تەرخانکراون. لە کۆتاییشدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان گەڵاڵەکراون.

١/١) فەرهەنگ

زمان پێش ئەوەی بە قۆناغی کۆدکردندا تێپەڕێت، دەربڕین و گۆکردنە. هەمو وشەو دەربڕاوو کەرەستە زمانییەکانیش لە فەرهەنگدا داکراوە. فەرهەنگ دەروازەی مەعریفی و زمانی مرۆڤە، (کۆگای هەموو زانیارییەکانە، کە لە توخمە پێکهێنەرەکانییدا، زانیارییە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و واتاییەکان هەڵگیراون) (Adami, 2017,4). یاخود (پێکهاتەی سیستەمێکی زمانەوانییە، کە دەتوانرێت وەك لیستێك یان تۆڕێك لە وشەکان سەیربکرێت، کە چۆنییەتی دەربڕین و ماناو تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیەکان لەخۆ دەگرێت . (زاراوەی فەرهەنگ ناڕوونە، تا ئەو کاتەی بۆ <فەرهەنگی دەروونی>، وەك نوێنەرایەتیکردنی زانیاری وشەیی لە مێشکی قسەکەراندا بەکاردێت، هەم وەك لیستێکی بەرفراوانی (ئەلیکترۆنی چاپکراو)ی بابەتە وشەییەکان، کە لە زمانێکی دیاریکراوەوە بەکاردێت.(بلومفیلد، ١٩٩٣) واگریمانە دەکات، کە" فەرهەنگ تەنیا زانیارییەکانی تیدایە، کە بە تەواوی تایبەتمەندن. هەر تایبەتمەندی وشەیەك، دەتوانرێت

، بە فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسیش پێشبینی بکرێت")بروانە:(Lexicon - Glottopedia) ئەمەش بە واتای ئەوەی، فەرهەنگ بڕی ئەو زانیارییەی تیدایە، کە بە هۆی یاسا ڕێزمانییەکانەوە داوادەکرێت، وەك زانیاری مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی، کە بە دەروازەی زانیاری ناودەبرێت. لە ڕێی هەبوونی ئەو زانیارییانەوە، ئاخێوەری گشت زمانێك، دروستەی دروست و واتا ڕاست و پێچەوانەکەی دەناسێتەوە. چۆمسکی(فەرهەنگ بە کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی وشە دادەنێت، کە ناوەڕۆکێکی فراوانی هەبێت(Pustejovsky&Batiukova, 2019,1). هەروەها لەتیۆری ستانداردی فراوانکراودا، فەرهەنگ بەو بنەمایە دەسەلمێنێت، کە لە ئاستی قۆڵ بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەکانی پشتی پێدەبەسترێت و ڕۆڵی بابەتانە بە کەرەستە سینتاکسیەکان دەبەخشێت. (بە پێی تیۆرییەکەی چۆمسکی" فەرهەنگ وەك وشە نامە لە ژمارەیەك یەکەی فەرهەنگی پیکهاتووە، کە ئەم یەکانە بریتین، لە مۆرفێمە سەرەکییەکان و هەڵگری زانیاری فۆنەتیکیی و واتایین("(ئەحمەد ،٢٠١٥، ٣٧). یا خود فەرهەنگ (بەو یەکانە دادەنرێت، کە لە ناو تۆڕە ئاڵۆزەکاندا ڕێکخراوە)(2010Geeraerts&Hanne ,146). بە واتایی ئەوەی، کە(ڕێکخراوەیی فەرهەنگ بنەمای پەیوەندی نێوان وشەکانە، بەو واتایەی هێزی کارپێکردنی، بۆ ڕێکخراوەیی دروستەی فەرهەنگی دەگەڕێتەوە)ئەحمەد، ،٢٠١٥، ٣٨). یاخود (فەرهەنگی زمان، لە وشەکانی پێکهاتووەو کە بە شیوەیەکی چرو تێکئاڵاو، لە مێشکدا ڕیزکراون، ئەم جۆرە ڕیزبەندییە یارمەتیدەرە، بۆ دۆزینەوەی وشەکان، بەچەندین شێوە)(عەزیز، ٢٠١١، ٢٣). فەرهەنگ بە پێی ئەو یاسایانەی حوکمی دەکات، وەکو یاسای چۆنییەتی دارشتنی کەرەستە فەرهەنگییەکان لەناو یەکەی گەورەتردا و یاسای چۆنییەتی هەڵگواستنی کەرەستە فەرهەنگییەکان و پاشان یاسای کۆتو بەندەکان، کەبەسەر دروستە فەرهەنگییەکانەوە مەرج دادەنێت. بۆ نمونە دروستەیەکی سینتاکسی بە هۆی یەکە فەرهەنگییەکانەوە بەرهەمدێت. دەبێت ئاماژە بەوەش بدرێت، کە(واتای وشەکان لە فەرهەنگدا تایبەتە ، جیاوازە لەو واتایەیی، کەلە سیاق ڕستەدا دەیبەخشێت).(بڕوانە https://wittyquestion.com/what-is-a-lexical-marker/ .واتە واتای <پیاو> لە فەرهەنگدا جیاوازە لەو واتایەیو کە دەیبەخشێ لە کۆنتیکستی ڕستەدا. وەك > ئازاد وەك پیاو قەرزەکەی دایەوە<. لە لایەکی ترەوە بە گشتی دەتوانرێت بگوترێت: فەرهەنگی زمانێك بریتیە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان دەربارەی وشە و گوزارشتە زمانییەکانی ئەو زمانەو ئەمەش ئاماژە بە (ا) وشەنامە، بە تایبەت وشەنامەی زمانی ئاسایی(language classical)، (ب) فەرهەنگی زمان (language of vocabulary) وەك وشەکانی زمانیکی دیاریکراو، (پ) بەکارهینانی کۆزانیاری دیاریکراوی زمان دەدات، بەم پێیە فەرهەنگ لە لێماو هەمو جۆرەکانی چەمك، زانیاریی سینتاکسی و سیمانتیکی و پراگماتیکی، پەیوەست بە لێکسیمەکانەوە پێکهاتووە." (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٣٩).ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە <فەرهەنگ> پێکهاتەی سایکۆلۆژیی زانیارییە لێکسیکییەکانە، کە بە پێی دەروازەی زانیاری ڕێکخراوە، هەروەك ڕێکخستنی لێماکان بە پێی سیستەمی ئەلفبێ، زانیاری دەربارەی (پۆلەرەگەز، دەنگ، واتا) تۆمارکراوە. بۆ نمونە دەروازەی زانیاری وشەیەکی وەکو(پیاو) جگە لە پۆلەرەگەزی(ناو)دەربڕین و واتا سیمانتیکییەکەی، فۆرمە جیاوازە هەڵگواستراوەکانیشی وەك (پیاوەتی، پیاوەتی،) تیدایە. فەرهەنگی هەر زمانێك، بریتییەو لە لیستی ئایتمە ئاشکراکانی زمانەکە، کە پێویستە هەمو قسە پێکەریکی زمانەکە بیزانێت و بیناسێتەوە، چونکە ئەم لیستە بۆ تاك بووەتە نیشانەیەکی لە خۆوەیی نەك بە هەندیك ڕێگا پێشبینی بکرێت. ((زۆربەی ئایتمەکانی ئەم لیستە بریتین لە وشە، هەندێکی تریان بریتین لە یەکە گەورەکان، وەك ئیدیۆم و هەندێکیشی بریتین، لە یەك بچوکەکانی وەك لاگرەکان))(ئەحمەد، ٢٠١٣، ١٠). لێرەوە پەیوەست بە ناسینەوەی ئایتمە فەرهەنگییەکان، بۆ ئەم لیکۆڵینەوەیە تیشك دەخرێتە سەر: (ا)ناسینەوەی فۆرمی، (ب) فۆرمەکە بۆ نیشاندانی زانیاری، لەسەر (زایەند). واتە فۆرمی جیاواز بۆزایەندی جیاواز دادەڕێژرێت. فەرهەنگ پەیوەستە بە ڕێزمانەوە، ئەو یەکە زانیارییانەن، کە زانینیان دەربارەی فۆنۆلۆژیی ومۆرفۆلۆژیی و سینتاکس هەڵگرتووە. هەروەك فەرهەنگ لە ڕوانگەی تیۆری ستانداردی چۆمسکیەوەو یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێزمان، لەبەر ئەوە کەرەستە فەرهەنگییەکانی زمان خاوەنی دروستەی ناوەکی خۆیانن، کە بە هۆی یاسا فەرهەنگییەکانی وەك(فۆرمدارشتن، هەڵگواستن و یاسای کۆت و بەندکردن و مەرج و سنور دانان) دەنوێنرێت. بەم پێیە، فەرهەنگ بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی وشەکانی زمان خەزن دەکات، بە جۆرێك قسەکەر بەهۆی بیری کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە، ئەو ریککەوتنەی لە نێوان فۆرم و واتاکەیدا هەیە و پێڕەوبەندیی لە بەکارهێنانی ئاوەزیانەدا وەها دەکات ئۆتۆماتیکییانە دەستی پێبگاتەوە. لەبەر

ئەوەی لیکۆڵینەوەکە، وشەو کەرەستەکانی لە فەرهەنگەوە وەردەگرێت، دەبێت بپرسین، کە : (ا) ئایا ستراکتۆرێك بۆ فەرهەنگی شێوەزاری هەورامی هەیە؟، یاخود ئایا سیستەمێك بۆ وشەسازی جێندەر لە فەرهەنگەکەدا هەیە؟ (ب) ئایا سیستەمی جێندەر لە فەرهەنگدا نادیارە(غیابی)یە؟(پ) سیستەمی جێندەر لە فەرهەنگدا، بۆ گشت وشەکان دارێژراوە، یاخود سیستەمەکە گشتگیرو تەواوکارانەیە، لەفەرهەنگ و ڕێزماندا(مۆرفۆلۆژی و سینتاکس)دا ، واتە وەك ئەڵقەیەك، فەرهەنگ و ڕێزمان بەیەکەوە دەبەستێتەوە؟ بیگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە پەیوەست بە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی لەم توێژینەوەیەدا، بە نمونەو بەڵگە ئەوە دەسەلمێنرێت، کە کۆی سیستەمەکە سیستەمێکی تەواوکارانەیە، گشت وشەو کەرەستەکانی ناو شێوەزارەکە، هەریەکەیان بە پێی تایبەتمەندی خۆیی لە فەرهەنگ یاخود لە یەکێك لە ئاستەکانی ڕێزماندا نیشانەکراون و نیشانەی جیاوازی جێندەریان بۆ دارێژراوە. بەسەرنجدان لەو پێناسەیەی بلومفیلد، کە دەڵێت " فەرهەنگ پاشکۆ/پاشانەی ڕێزمانە)" عبدالدائم، محمد، 2006، 246)لە(Taufiqurrochman,2009,14)،وەرگیراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە <فەرهەنگ> لەسەر بنەمای دیاریکردنی پەسنکردنی ڕێزمانی دانراوە.و فەرهەنگ و ڕێزمان تەواوکەری یەکترن. واتە مەرج نییە فەرهەنگی بنەڕەتی هەموو دیاردەکانی زمان بەدەستەوە بدات، فۆرمی بۆ هەموو چەمك و ناوڕۆکەکان دارشتبێت، بۆیە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس ئەرکی تەواوکردنی زمانەکە دەگرنە ئەستۆو هەر هەمان ڕوانینە بۆ جێندەر لە شیوەزارەکەدا.

٢/١) چەمکی نیشانەکردن لە فەرهەنگ و ڕێزماندا

نیشانەکردن پێواژۆی نواندنی گشتییانەو تایبەتییانەی پۆلەڕەگەزەکانی زمانە، واتا بەرواردکردنی زانیارییەکانی ناو توخمێک یان پۆلەرەگەزێک بەیەکتریە و تێیدا زانیارییەکانی کامیان وردتر بێت، ئەوا زانیارییە وردترەکە نیشانەکراو(marked) ئەوەی دیکەیان پێچەوانەکەی دەبێت. پێواژۆکە نواندنێکی نێو فەرهەنگیی _ڕێزمانیی هەیە، ئەویش بەو پێیەی کەرەستە گەنجکراوەکانی ناو فەرهەنگ لە نێوخۆیاندا دابەشکردنێکی گشتیی_ تایبەتییان هەیە. کەرەستەکان بە پێی بەڕێزمانبوونیان بۆ نیشانەکردنی زانیاریی ڕوون و ئاشکرا دەردەخەن. پەیوەست پێکهاتە فەرهەنگییەکە زانیارییەکان لە نێوان <پوور و مام و خاڵ>دا پەیوەست بە نیشانەکردنەکانەوە جیاوازن، بە جۆرێک پەیوەست بە <پوور>ەوە لە فۆرمە فەرهەنگییەکەیدا نیشانە نەکراوە، کەچیی هەریەک لە <مام و خاڵ> نیشانەکراون. هەریەک لەو سێ توخمە نیشانەکراوییە فەرهەنگییەکەیان بۆ [+/- نێر] یەکلایی بووەتەوە، بۆیە نیشانەکراویی و نیشانەنەکراویی <پوور> و <خال و مام > بە پەیوەندییە خزمایەتییەکەیانەوە بەستراوەتەوە. بە جۆرێک بۆ زانیارییەکانی پەیوەست بە ڕوونیی پەیوەندییە خزمایەتییکەیەوە نیشانەنەکراوە، بۆیە دەبێت لە بەڕێزمانبوونەیدا نیشانەو ڕوون بکرێتەوە، ئەوەش لە کاتێکدا هەردوو وشەکەی تر، هەر لە پێکهاتەی فەرهەنگەوە پەیوەندییەکەیان تێدا نیشانەکراوە، بڕوانە هێڵکاریی (١).

هێڵکاریی(١)

هێڵکارییکان ئەوە دەردەبڕن، کە سیستامێکی پڕاوپڕ و تەواوکاریی لە نێوان فەرهەنگ و ڕێزمانەوە پەیوەست بە نیشانەکردن هەیە، بۆیە پێشبینیی ئەوە دەکرێت، کە لە هەرکام لە پێکهاتەکاندا، جا فەرهەنگ بێت یان ڕێزمان. لە ناو پێکهاتەی ڕێزماندا مۆرفۆلۆژیی دەزگایەکی نیشانەکردنێکی فۆرمیی پێڕەوبەندانەیە. مۆرفۆلۆژیی پێکهاتەیەکی ناو ڕێزمانە، کە جگە لە دروستکردنی فۆرمی نوێ بۆ واتای نوێ ، لە ڕێی تەرزو یاساکانییەوە، زانیارییە واتاییەکانی فۆرمیك ورد دەکاتەوە و نیشانەی دەکات(مەعروف, ٢٠٢٠, ١٧٠). واتا بەرهەمهاتوویەکی مۆرفۆلۆژیی جا چ هەڵگوێزراو بێت لێکدراو، ئەوا جگە لە واتای نوێ، بۆ نیشانکردنی توخمێکی فەرهەنگیی دەبێت، بەوەش بەرهەمهاتووەکە بەشێک لە واتای بناغە فەرهەنگییەکە نیشانەدەکات. وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا کەرەستە فەرهەنگییەکان/یەک لێکسێمەکان لەناو پێکهاتەی فەرهەنگییدا بەسەر نیشانەکراوو نیشانەنەکراوییدا دابەشبوون، بۆ نموونە گەر بڕوانێتە <کەو> هەرچەندە هەر لە فۆرمەکەیەوە،

بۆ نیشانەی [+باڵندە] دارێژراوە، بەڵام نیشانەنەکراوی نیشانەکانی [+/- نێر]دایە. مۆرفۆلۆژی بە پێواژۆی لێکدان لە فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکانی بۆ یەکێک لەو دوو نیشانەیە فۆرم دادەرێژێت. بڕوانە <ماکەو> و <نێرەکەو> و هێڵکاری (٢).

هێڵکاری (٢)



هێڵکارییەکە ئەوە دەردەبڕێت، کە نیشانەکردنەکان بۆ بە فۆرمکردنی نیشانەکانی [+/-] پێواژۆکەش تا ئەو سنوورە بە مۆرفۆلۆژییە، بەوەش نیشانەکان یەکلادەکرێنەوە. شایەنی ئاماژە پێدانە ئەو زمانانەی ژمارەو ناواخنی مۆرفێمەبەندەکانیان فراوانە، پێرەوی نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژیانەیان بەهێزە (www.analytictech.com/mb119/markedne.htm). هەردوو پێواژۆی مۆرفۆلۆژی دروستکردن و شکانەوەش، لە سنوری بیرۆکەی نیشانەکردندا بوون و ڕەهەندێکی فروانیان هەیە. مۆرفێمەکانی دارشتن سەرەڕای ئەوەی بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بۆ واتای نوێ چالاکن، ئەوان وشەهەڵگوێزراوی بەرهەمدێنن. وشەی فەرهەنگیی <کورد> واتای مرۆڤ_نەتەوەی هەیە، جگەلەوە نیشانەکانی [+ هەبوونی زمان، +شوێن]یشی هەیە، بەوەش بیچمەکە/فۆرمەکە چەپکێک نیشانە پێکیدەهێنێت. بە هەڵگواستنی مۆرفۆلۆژیانە /- ستان/ بۆ شوێن نیشانەی دەکات. بەوەش مۆرفێمەکە جگە لە بەرهەمهێنانی واتای شوێن، نیشانەی یەکێک لە سیماکانی وشەکە <کورد> دەکات. بڕوانە هێڵکاری (٣)

هێڵکاری(٣)



مۆرفێمەکانی شکانەوەش لە پێواژۆکانی شکانەوەدا یەکێک لە چەپکە نیشانەکانیان بە بناغەکان دەدەن. ئەگەرچیی مۆرفێمەکانی شکانەوە ژمارەیان کەم و سنووردارە، بەڵام لەناوخنەکەیاندا چەپکە نیشانەکانیان وادەکات، نیشانەکردنەکانیان چالاکتربێت لە هەڵگواستنەکان. مۆرفێمە بەندە ڕیزمانییەکان، هەڵگری واتان و زیاتر لە نیشانەیەکی واتاییان هەیە، بۆیە دەکریت بۆ گەیاندنی واتای دیاریکراو، یەکیك لە نیشانەکانی پێشبخرێت و دەستنیشانبکرێت. مۆرفێمی(ێك/ و/ەکە/ خاوەنی نیشانەبن، کەلە(٤) دا دیاریکراون. بڕوانە(مەعرووف، ٢٠٢٠، ٤١).

٤) ەکە ێك

+ناسراو	- ناسراو
+دیاریکراو	-دیاریکراو
+تاك	+تاك

بە هەمان پێوەری هێڵکاریی و نموونەکانی سەرەوە توخمە فەرهەنگییەکان گشتیی و نیشانە نەکراون، شکانەوە لەو ڕوانگەیەوە، لە بەڕێزمانبوونی توخمەکاندا نیشانەیان دەکات. لێکسێمی <کوڕ>، بۆ نیشانەکانی [+مرۆڤ و +نێر] زانیارییەکی ڕوون و ئاشکرا دەردەبڕێت، بەڵام کۆدێکە لەدەرەوەی ئەو نیشانانە [+ گشتیی]ە، بە شکانەوەی بە مۆرفێمی /ەکە/ بۆ نیشانەکەنی ناوخنی مۆرفێمەکە نیشانەدەکرێت، بڕوانە هێڵکاریی (٤)

هێڵکاریی(٤)

[+مرۆڤ ، +نێر]

↓

کوڕ [+گشتیی]

کوڕەکە [+ناسراو، +تاک]

کوڕ ↙ ↘ ەکە

نموونەو بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن ئاستی نواندنی نیشانەکان و پۆلەڕەگەزەکان بە فەرهەنگ و پێش_فەرهەنگ و پاش_فەرهەنگ/ بەڕێزمانبوونەوە بەستراونەتەوە، بەجۆرێک پیش_فەرهەنگیی دنیای دەرەوەو پێش پۆلەڕەگەزداڕشتنە (pre categorization)، نەناو فەرهەنگی هەر زمانێکدا پۆلەڕەگەزەکان/بیچمەکان بۆ نیشانەکان دادەڕێژرێن، بۆ وردکردنەوەی نیشانەنەکراویی بیچمە/فۆڕمە نیشانەنەکراووئا{استةکردنیان بەرەو تایبەتێتیی دەخرێنە ناو ڕێزمانەوە. بەمەش تایبەتێتیی پێرەوی زمانەکان دەردەکەوێت، لە پارو وەچەپارەکانی داهاتوودا ئەو پێواژۆیە پەیوەست بە جێندەرەوە لە زمانی کوردیی شێوەزاریی هەورامییدا جێبەجێدەکرێت.

٣/١) جێندەرو نیشانەکردنی جێندەریی:

جێندەر شاوشەی زانیاریی و ڕەهەندەکانی زایەند(sex)و توخمی ڕێزمانیی(grammatical gender)و جۆری کۆمەڵایەتیی هەیە.. https://en.wikipedia.org/wiki/Gender_and_Language بە پێی سنوری توێژینەوەکە بۆ جیاوازیکردن لە نێوان (زایەند/ڕەگەز/Sex) و (جێندەری ڕێزمانی)دا، چەند تیۆرییەکی زمانەوانان دەخرێتەڕوو، پاشان لە ژێر ڕۆشنای یەکێك لەو تیۆرانە، ئەو دوو زاراوە، لە فەرهەنگ و ڕێزماندا بۆ شیکردنەوە و پراکتیزەکردنی وشەو کەرەستەکان، لە پێواژوەکانی تایبەت بە زایەند و جێندەری ڕێزمانی، لە شێوەزارەکەدا بە شێوەیەکی گشتیی پشتیان پێدەبەسترێت. تیۆرییەکانی (Greenberg, 1968,73-113)و (Brugmann, 1897,8-9)، دوو تیۆرین سەبارەت بە جێندەر، کە تەواو پێچەوانەی یەکترین. هەردوو تیۆریەکە، ئەو پرسیارە دەوروژێنن، کە ئایا جێندەری ڕێزمانی وشەکان، لەسەر بنەمای زایەند/ڕەگەزی بایەلۆژییە، یان نا؟ زۆرێک لە ناوەکان، لە فەرهەنگدا بۆ]+/- نێر[نیشانە نەکراون، هەر بۆیە، لە پرۆسە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیەکانداو نیشانە دەکرێن، ئەگەر وشەکە/ ناوەکە بۆ مرۆڤ/ئاژەڵ بێت، لەسەر بنەمای بایەلۆژیی، نیشانەدەکرێن، بەڵام ئەگەر وشەکە/ ناوەکە، نازیندوو/ ناوێکی واتایی بێت. لەسەر بنەمای جێندەر(جۆری کۆمەڵایەتی) نیشانە دەکرێن، بە نێر، یاخود مێ دادەنرێت. بەڵام (گرینبێرگ) پێی وایە، کە "هیندۆئەوروپیەکان جێندەری ڕێزمانی وشەکانیان، لەسەر بنەمای (زایەند/Sex)بنیادنراوە ، زیندوو بێت یا نازیندوو". لە لایەکی دیکەوە بۆچوونی (بروگمان) ئەوەیە، کە" جێندەری ڕێزمانی، جیاوازە لە زایەند ". لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە، جێندەری ڕێزمانی هیچ پەیوەندییەکی بە زایەند/ڕەگەزی بایۆلۆجیەوە نییە و هیندۆئەوروپیەکان بەکارهێنانی ئەم تایبەتمەندییەیان فراوانتر

کردووە. (هێرت پێی وایە "هیندۆئەورووپیەکان جێندەری ڕێزمانییان بەکارهێناوە؛ بەڵام ئەوان ناویان بەکارنەهێناوە، تەنیا بەکارهێنانیان لە جێناوەکان و تا ڕادەیەک سیفاتەکان بوو")(بختیاری ،ئەوانیتر،٢٠٢٠: ٢١٢). پاش ئەمان تیۆرێکی نوێ هاتە کایەوە، لەلایەن زانای بواری زمانەوانی (کۆربێت)، کە تەواوکەری تیۆرەکەی (گرینبیرگ)ە. پێی وایە، کە (سیستەمی جێندەر؛ دەتوانێت لەسەر بنەمای زایەند/ڕەگەزی بایۆلۆژی یان هەندێک فاکتەری دیکە، وەک جیاوازی نێوان مرۆڤ و غەیرە مرۆڤ، یان جیاوازی نێوان شتە زیندوو و نازیندووەکان، بنیاتبنرێت (1991، 62)) (Shoham, 2019,17)). بە پێی تیۆرییەکەی، زمانەکان بە پشتبەستن بە ئاشکرایی و شاراوەیی، نیشانەی زایەند بەسەر دوو پۆلدا دابەش دەکات: (ا) ئەو زمانانەی کە جێندەری ڕێزمانی ئاشکرایان هەیە کە تێیدا دەتوانرێت زایەند، لە شێوەی وشەدا ببینرێت. (ب) ئەو زمانانەی کە "جیندەری ڕێزمانی شاراوە"یان هەیە کە ناتوانرێت زایەندەکەیان، لە شێوەی وشەدا بناسرێتەوە. (هەروەها پێی وایە، کە بەپێی تەرخانکردنی جێندەری ڕێزمانی بۆ وشەکان، مرۆڤ دەبێ دەستی بگات بە زانیارییە بنەڕەتییەکانی وشەکان، کە واتای وشەکە و فۆرمی وشەکە لەخۆدەگرێت)(کۆربێت،١٩٩١ :٨). لە کتێبەکەیدا دوو سیستەمی واتا و فۆرمی، بە مەبەستی نیشانەکردن و دیاریکردنی زایەند و جێندەری ڕێزمانی بۆ وشەکان خستۆتەڕوو، هەروەها ئاماژەی بە چۆنیەتی هاوتاکردنی جێندەری وشە کردووەو مامەڵە لەگەڵ (کۆتوبەندکردنەوەی وەك سنووردارکردنی کەس، ژمارە، مەزاج ، دەنگ و ...هتد)دەکات، کە بۆ هاوتاکردنی جێندەر ، لە وشەکاندا بەکاردەهێنرێن)(بختیاری، بهروز،ئەوانیتر،٢٠٢٠: ٢١٢-٢١٣). توێژینەوەکە؛ بۆ شیکردنەوە و خستنەڕوو و جیاوازیکردن لە نێوان (جیندەر/ زایەند، جیندەری ڕێزمانی)بە پێی تیۆرییەکەی (کۆربیت)، داتاو زانیارییەکان لە شێوەزارەکەدا دەخاتەڕوو. ئەو تیۆرانەی زایەند و جێندەری ڕێزمانی جیادەکەنەوەو لەسەر بنەما جیاوازەکان و پشت بەستنی لیکۆڵینەوەکە، بە تیۆریەکەی (کۆربێت)ە، کە زایەندی لەسەر بنەمای بایەلۆژی و جێندەری ڕێزمانیشی لەسەر بنەماو فاکتەرە جیاوازەکانی وەك: بایەلۆژی و زیندوبی و نازیندوبی و ....) دیاریکردو هەروەها نیشانەکردنی زایەندی فەرهەنگی بە پشت بەستن بە واتاو جێندەری ڕێزمانیش بە فۆرمی وشەکە. لەگەل ئەوەشدا جێندەر وەك جۆر،یاخود پۆلی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای کلتورو جیاوازی کۆمەڵایەتی خرانەڕوو.لە ئەنجامدا ئەوە هەڵدەهێنجرێت، کە پەیوەندیەکی تەواوکارانە لە نێوان زایەندو جێندەری ڕێزمانی و کۆمەڵایەتیدا هەیە و لەسەر بنەمای جیاوازە پێکەوەبەستراوەکان، پۆلە ڕەگەزەکان نیشانە دەکرێن. بڕوانە هێڵکاری(٥)، لە (Martina Werner،2،2021) وەرگیراوە.

هێڵکاری(٥)



١/٢) نیشانەکردنی فەرهەنگی (lexical marking)

فەرهەنگ کەرەستەخاوەکەی ڕێزمانی تێدا خەزندەکرێت، کە تاکن و یەك (لێکسیم)ن، واتە لە ڕووی فۆرمەوە یەك سەگمێنتین، جا نواندنەکان لە هەر پێکهاتەیەکی ڕێزمان بن، هەر دەبێت یەك سەگمێنتی/ سادەبێت. ئەوەش ئەوە دەردەخات، کە (فۆنێمەکان ، مۆرفیمەکان ،وشەکان) بە زانیارییە ڕێزمانییەکانەوە لە ناو فەرهەنگدا هەڵگیراون. لە ڕێزماندا هەریەك لەوانە دروستکەری سێتێکن، هەر یەک لەو سێتانە بۆ (فۆنۆلۆژی بڕگەکانە، مۆرفۆلۆژیش وشە ناسادەکانە، سینتاکسیش فرێز و ڕستەکانە)، بۆیە لەم پارەدا تەنها گرنگی بەو یەك(لێکسێم)انە دەدرێت، کە لە شێوەزاری هەورامییدا لە فەرهەنگدا لەسەر بنەمای بایەلۆژی، بۆ زایەند دارێژراوە. واتە یەك لیکسێمەکان]+/- نێر]،]+/- مێ] نیشانەدەکات، هەموو ئەو وشانەی بەبێ پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژی لە فەرهەنگدا بۆ زایەند دارێژراون، ((پەیوەست بە پۆلە ڕەگەزێکی فەرهەنگییەوە (وشەوە) بە تەنها بە بێ شکانەوە و دارشتن، زانیاری لەسەر زایەند دەدات، واتە خودی پۆلە

ڕەگەزەکە بە فۆرمەکەی دەربڕی زایەندەو زانیاری لەسەر ئەوە دەدات)((مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٣٥). بەمەش نمونەکانی ناو فەرهەنگ، دەبنە دابەشکردنێکی سەرەتایی بۆ جیاکاریی زایەند، ئەویش بەواتای ئەوەی وەک لە پاری پێشوودا ئاماژەی بۆ کرا، بیچمی پۆلەڕەگەزەک خۆی نیشانەکەری جێندەر/زایەندەکەیە، بەوەش هەریەک لە پۆلەڕەگەزەکانی تریش پێشبینیی ئەوەیان لێدەکرێت، کە ناواخنێکی جێندەریی/ زایەندیی لە کۆی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکاندا هەبن. لەبەرئەوەی نیشانەکردنی بیچمیی لە ئاستە فەرهەنگییەکەیەوە زایەندەکەی تێدا نیشانە کراوە، دەبێت لە قۆناغی پێش_فەرهەنگیییدا/ لە دنیای دەرەوەو پێشئەوەی ببێتە پۆلەڕەگەزو هێمای زمانیی لە شێوەی نیشانەی [+/-]ن و نەبوونەتە فۆرمی زمانیی. لەو بارەیەوە بڕوانە نموونەکانی (١)و شیکردنەوەو نموونەکانی (٢و ٣)!

١) ا. /ئەدا/ ، /تاتە/ (دایك و باوك)
ب. /هەسورە/ ،/هەسروە/ (خەزورو خەسو)
پ. /بەران/ ،/مەیە/ (بەران و مەڕ)
ت. /کەڵەشیر/ ، /کەرگە/ (کەڵەشێر و مریشك)
ج. /بەق/ ، /چیلی/ (کەو و ماکەو)
ح. / گەماڵ/ ، /دەڵە/ (گەمال و دەڵ)

نمونەکانی(١)، کە لە پۆلەڕەگەزی (ناو)ن بۆ جیاکاری و نیشانەکردنێکی زایەندی فۆرمییان بۆ داڕێژراوە، زانیاری زایەندیی (sexy) لەوبارەیەوە دەدەن و هەر لە فۆرمەکەیانەوە زانیارییەکە بەدەست دێت. وەک ئاماژەشی بۆکرا لە قۆناغی پێش فەرهەنگییدا کەتیگۆرییان نییەو تەنها ئەو نیشانە واتایی زایاندییان هەیە نەک فۆرم، بەوەش تایبەتمەندیی زارەکە لەو ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت، کە گشتێتی بۆ نواندنی پۆلە ڕەگەزەکانی نییە، واتا لە خوارەوەی هەرەمەکە نواندنی هەیە. بۆ ئەوەش پێشبینی دەکرێت، کە لە ڕێزماندا چینی نواندنی جێندەر لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە. بۆیە لە هێڵکارییەکاندا نیشانەی] ± نێر[، کراوەتە سەرەوەی هەرەمی هێڵکارییەکە، ئەوەش قۆناغێکی پێش فەرهەنگییەو بۆ جیاکردنەوەی بە های جێندەرەکەیە، کە لە ناو فەرهەنگدا وشەی بۆ دانراوە، چونکە دەکرێت هەر لەو وشانەدا پێش کەتیگۆری و پێش فۆرم داڕشتن نیشانەکە جیاکەرەوەی (نێرومێ)بێت، چونکە نیشانەی] - نێر[لە فەرهەنگدا /ژەنە/،/دەڵە/ش دادەڕێژرێن، واتە فۆرمەکە بۆ بەها کۆمەڵایەتیی و جێندەرەکەشە. بڕوانە نیشانە واتاییەکان لە (٢)دا.

٢) ا. [± نێر]مرۆڤ
/تاتە/ /ئەڎا/
+ نێر - نێر
+ ژنهێنان + شوکردن

ب. [± نێر]باڵندە
/چیلی/ /بەق/
+ نێر - نێر

پ. [± نێر]ئاژەڵ
/گەماڵ/ /دەڵە/
+نێر - نێر

وشەی / توتە/ لە شێوەزاری هەورامییدا بەرامبەر بە/ سەگ/ ، لە کرمانجی ناوەراست- شێوەزاری سلێمانی ، کە قۆناغی پێش کەتیگۆری (Pre_Catigorical) فەرهەنگی (گەماڵ و دەڵە) و خاوەنی نیشانەی گشتیی زایەندە]± نێر[ەو، لە نیشانەکردنی تایبەتدا بۆ (گەماڵ و دەڵە) جیادەکرێنەوە، بە پێی نیشانەکان. بڕوانە(ت)

ت. [± نێر] توتە
/گەماڵ/ /دەڵە/
+نێر - نێر

بە هەمان شێوە، وشەی/ ژەرەژ: کەو/ وشەیەکە، کە پەیوەست بە زایەندەوە نیشانە نەکراوە ،نیشانەی گشتی] ± نێر[ی هەیە، لە فەرهەنگدا و لە مۆرفۆلۆژی شکانەوەشدا ،بەرامبەر بە نیشانەکان فۆرمیان بۆ داڕێژراوە. بڕوانە (٣)

٣) ا. لە فەرهەنگدا :
[± نێر] ژەرەژ
/بەق/ /چیلی/
+ نێر - نێر

ب- لە مۆرفۆلۆژی شکانەوەدا، بۆ جێندەری ڕێزمانی (نێر) مۆرفێمی سفر(∅) و بۆ (ێ) مۆرفیمی/_ە/، وەردەگرێت و فۆرمە شکاوەکان، جیاکاری جێندەری دەنوێنن. بڕوانە(٣_ب).

ب. [± نێر] ژەرەژ
+ نێر - نێر
ژەرەژ(∅) ژەرەژە

شێوەزارەکە لە پرۆسەی گەردانکردن و شکانەوەدا باڵادەستی نیشانەکردنی زیاترەو ئاخێوەری شێوەزارەکە دەستکراوەترە لەو پرۆسانەدا، چونکە هەبوونی زانیاری بۆ فۆرمە فەرهەنگییەکان پێویستی بە کارامەییە، بۆیە دانانی مۆرفێمێك، بۆ نواندنی جێندەر ساناترو بەبەرهەمترە. بە لگەکان بۆ /بەق/ و/چیلی/ لە لایەك و /ژەرەژ∅ ، ژەرەژە/ ئەوە دەردەبڕن، کە شکانەوە/گەردانکردن جێگای فۆرمداڕشتنی فەرهەنگی گرتوەتەوە.

٢/٢) نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژی:

٢/٢_١)مۆرفۆلۆژی:

لە پاری پێشودا ئەو کەرەستانە خرانەڕوو، کە لە فەرهەنگدا سادەو یەك لێکسیمین و خاوەن نیشانەی[+/- نێر]ن. لەم پارەشدا باس لەو پۆلەڕەگەزانە دەکەین، کە لە فەرهەنگدا خاوەنی نیشانەی[±نێر]ن، بۆیە لە مۆرفۆلۆژییدا، بە پێی پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژی، بە رێزمانی نیشانە دەکرێن بۆ جێندەر. مۆرفۆلۆژی وەك ئاستێکی سەرەکی زمان لە دروستەی ناوەوەی وشە دەکۆڵێتەوە ((مۆرفۆلۆژی لێکۆڵینەوەی پێکەوەهاتن و پێکەوەبوونی جۆراوجۆری پێڕەوبەندانەی systematic فۆرم و واتایە لە وشەدا))(مەحوبی،١:٢٠١٠). لە ئەنجامی پرۆسەکانییەوە وشەی نوێ بە فۆرم و واتاو ئەرکی نوێ دروستدەکات، ((لە رێی تەرزو یاساکانییەوە زانیارییە واتاییەکانی فۆرمێك ورد دەکاتەوە و نیشانەی دەکات))(مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٣٦).هەمو ئاستێك کەرەستەی تایبەتی خۆی هەیەو کەرەستەی سەرەکی ئاستی مۆرفۆلۆژیش،مۆرفێمە. (بلومفیلد مۆرفێم وەك بچوکترین یەکەی واتاداری زمان دادەنێت)(قادر، ٢٠٠٢، ١٥). مۆرفیمیش وەك بچوکترین دانەی ئاستی مۆرفۆلۆژی، لە لایەن زمانەوانانەوە پۆلینکراوە بە سەر چەند جۆرێکدا، بە پێی ئاستی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی وەك دانەیەکی سەربەخۆ، ئەوانیش مۆرفێمە بەند و سەربەخۆکانن. لەسەر بنەمای چەمك و واتاش پۆلینکراوە بۆ مۆرفێمە فەرهەنگی(لێکسیکی) و ئەرکی(سینتاکسی)یەکان)بڕوانە (فەتاح، قادر،٢٠٠٦: ٢٩). لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا مۆرفۆلۆژی وەك پێوەرێك بۆ نیشانەکردنی جێندەری بە بێ گوێدانە لایەنی سیمانتیکی لە نێوان ناوو نیشانە دیاریکەرە جێندەرییەکە دادەنرێت. واتە لەسەر تایبەتمەندییەك، یان بنەمایەکی دیاریکراوی لۆژیکی نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای یاسایەکی رێزمانییە، کە جێندەرو ئەوکەسە/شتە ئاماژەپێکراوە، ناوێك نوێنەرایەتی دەکات. بۆ نموونە: لە زمانی پورتوغالی و ئیسپانیدا ئەو ناوانەی بە پیتی /o/یاخود کۆنسنانتێکی کپ کۆتاییان دێت بە رەگەزی (نێر) دادەنرێت، ئەو ناوانەشی بە پیتی/ a/، یاخود بە پیتێکی دەنگدار کۆتاییان دێت بە رەگەزی (مێ)دانراون. ئەو ناوانەی، کە بەو فۆنێمانە کۆتاییان نایەت، لە رێگەی بنەڕەتی وشەکە، یاخود هەرڕێگەیەکی تر، کە بە بێ هیچ پێوەرێك جێندەرەکەیان جیادەکرێتەوە، ئەمەش، هەندێ یاسای ئاماژەیی پشت گوێدەخات، بۆ نمونە وشەی (miembro : ئەندام) هەمیشە نێرە ئەگەر ئاماژە بە (کچ و ژن)یش بکات، بەڵام (passoa : کەس) مێیە ، ئەگەر ئاماژە بە کوڕو و پیاو بکات. هەروەها زۆرن ئەو زمانانەی، کە جیاکردنەوەی جێندەری رێزمانیان هەرەمەکی نییەو پشت بە چەند دەستورو یاسایەکی رێزمانی دەبەستێت. بۆ نمونە: لە زمانی ئێرلەندیدا ئەو ناوانەی بە پاشگرەکانی /eoir,_oir,_în_/کۆتاییان دێت، هەمیشە نێرن، لە کاتێکدا ئەو ناوانەی بە پاشگرەکانی/eog,_õg,_laan_/ کۆتاییان دێت هەموکات مێینەن. لە زمانی عەرەبیشدا ئەو ناوانەی بە (ة) تأنیث کۆتاییان هاتووەو وەك نیشانەیەك بۆ مێ دادەنرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی ناوە کۆ نێرینەکان، کە بە /_ة/ی (جمع مکسورة) کۆتاییان هاتوە، کە هەندێ جار لەگەڵ ناوی تاکی مێینە تێکەڵ دەکرێت، وەك/استاذ ، اساتذة/ یاخود هەندێ ناوی کەسی تایبەتی (نێر) ،وەك(خلیفة، أسامة،...هتد).بڕوانە(Grammatical gender - Wikipedia. (ئەوەی جێی گوتنە نواندنی مۆرفۆلۆژیانەی جێندەر لەم ئاستەدا (ا) بۆ دەرخستنی نیشانەکانی ناو توخمێکی فەرهەنگیین، ئەویش بەو پێیەی لە پاری پێشوودا گریمانەی ئەوە کرا، کە کۆی توخمە فەرهەنگییەکان نیشانەی [+/- نێر]یان هەیە، (ب) ئەو جێندەرەی لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا دەنوێنرێن، رەهەندێکی زایەندیی یان رێزمانییان هەیە، بۆ ئەوەش دەبێت مۆرفێمێکی بەندی هەڵگواستن یان رێزمانی هەبن تا ئەو دوو رەهەندە ڕوون بکاتەوە. ئەویش بەو پێیەی مۆرفۆلۆژی کەرەستەو پرۆسەیە، کەرەستەکان/ مۆرفێمەکان هەڵگری واتاو نیشانەکانن، پرۆسەکانیش دەیاننوێنن.

٣/٢) پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژی

٣/٢_١) پرۆسەی وشە دروستکردن:

یەکێك لە پرۆسە گرنگ و بەبەرهەمەکانی مۆرفۆلۆژی، وشەدروستکردنە. مۆرفۆلۆژی وشەدروستکردن، ئەوزانستەیە کە لە چۆنیەتی دروستکردن و پێکهاتنی وشەکان دەکۆڵیتەوە. ((زانست و تیۆری وشە دروستکردن خۆی بە کێشە و پرسیاری شیکردنەوەی وشە ئاوێتەکان، بە دانانیان لە گروپ و خانەی وشە لێکدراوەکان و وشە هەڵگوێزراوەکاندا خەریك دەکات)) (مەحوبی،٢٠١٠،٢٣٧).لەم لقەی زانستی زماندا، وشەکان بۆ پێکهێنەرەکانیان/سەربەخۆ و ناسەربەخۆ شیدەکرینەوە، ((لێرەدا لە رووی واتاوە لێی ناکۆڵرێتەوە ،بەڵکو کاری پێویست و گرنگ نیشاندانی چۆنیەتی پێکهاتن و دروستبونی وشە و دیاریکدنی مۆرفێمەکانێتی/کەرتەکانییەتی)(رەمەزان،٢٠١٥،٢٥). لەرێگەی زانینی دروستکردنی وشەکان و رێزبوونی پێکهاتەکانیانەوە، دەتوانین وشەی نوێ دروستبکەین. ((Ipsen,١٩٩٨-١٩٩٩, ٤٤) پێیوایە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ،دەبێت پێڕەوی یاسا مۆرفۆلۆژیەکانی ئەو زمانە دیاریکراوە بدۆزینەوە،کە کاری تیدا دەکەین)(ئەحمەد،٢٠١٢، ٣٣). ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، دەبێت شارەزایی پرۆسەی لکاندن و لەیەکدانی زمانەکە بین، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت ئەو یەکە زمانیانەی/مۆرفێمانەی، کە لە وشەیەکدا شیدەکرینەوە، لە دەربڕاوی تر یان لە وشەی تر بە هەمان واتا بە کارهاتبن. سەرەڕای ئەوە دەبێت پرۆسە وشەدروستکردنەکە بۆ واتایەکی نوێ بێت، بەرهەمنەهێنانی واتای نوێ لە دروستکراوێکی مۆرفۆلۆژییدا، وادەکات وا پرۆسەی دروستبوونەکە هەڵبەوشێتەوە. رەوانگەی واتایی و دروستبووی نوێ بۆ جێندەر تاقیدەکرێنەوە، چونکە مەبەستی گۆڕانە واتایی و ناورۆکییەکەی وشەکە بۆ توێژینەوەکە جێندەرە.

٣/٢_١_١) هەڵگواستن :

یەکێك لە پرۆسەکانی وشەدروستکردن< هەڵگواستنە> کردەیەکە؛ وشەی هەڵگوێزراو دەرکردەکەیەتی، بەیارمەتی مۆرفێمەکانی هەڵگواستن، کە چەند مۆرفێمێکی (بەند)ن، لە توانایاندا هەیە واتای وشەکان بگۆڕن یان وشەی نوێ بەرهەم بێنن، ئەم مۆرفیمانە بۆ (پێشگر prefixes، ناوگر infix، پاشگرsuffixes)پۆلێن دەکرێت.((هەڵگواستن بەرهەمەکەی وشەیەکی ئاڵۆزەو لاگرەکەی لە جۆری مۆفێمی هەڵگواستنەو لە توانایدا هەیە پۆلە رەگەزی وشە بگۆڕیت، بەڵام دەگونجێت وشە نوێیەکە لە هەمان پۆلە رەگەزدا بمێنێتەوە)) (ئەحمەد، ٢٠١٢،٣٧). کەواتە وشەی هەڵگوێزراو لە مۆرفێمێکی سەربەخۆو لاگرێك پێك دێت کەلە زمانی کوردیدا بە زۆری بە یارمەتی

پێشگر و پاشگر یا خود پێشگرو پاشگر پێکەوە بۆ هەڵگواستنی وشەی نوێ بەکاردەهێنرێت. مۆرفێمەکانی هەڵگواستن لە زمانی کوردیدا سەری وشە ئاڵۆزەکە پێکدەهێنن تایبەتمەندیەکانی خۆیان دەدەن بە وشەکە .((مۆرفێمە هەڵگویزەرەکان یەکێك لە ئەدگارەگرنگەکانیان ئەوەیە کە دەشێت پۆلە رەگەزی بناغەکانیان بگۆڕن،بە واتا >>ناو<< دەتوانرێت لە >>کردار<< ەوە و >>ئاوەڵناو<<لە>>ناو<<ەوە و>>ناو<<لە>>ئاوەڵناو<<ەوە هەڵبگوێزرێت.)) (مەحوی،٢٠١٠،١٨٣). زاڵیتی و حوکمی مۆرفێمەکانی هەڵگواستن و هەژمارکردنیان بە سەر وشەکە بەواتای ئەوە دێت، کە لە ڕوانگەی دروستەو واتاشەوە پرۆژە نوێکە بەرهەم دەهێنێت، چونکە لە ڕووی دروستەوە فۆرمی وشەکە دەکاتە هەڵگوێزراو، لە ڕووی واتاشەوە واتای مۆرفێمەکە سەردەکەوێت. نرخی ئاستی نواندنی ئەو مۆرفیمە هەڵگواستنانە X-١ ن، کە بە تەواوی لە مۆرفۆلۆژیدا دەسەڵاتیان هەیەو لە مۆرفۆلۆژییدا وشە دروستدەکەن، بڕوانە نواندنە فەرهەنگی و دروستەییەکەی لە (١) و هێڵکاریی (٦)دا:

1) أ. $Y + X^{-1} \longrightarrow X^0$ وەك (سیاوی: ڕەشی، پرتەقاڵی، کوردستان، سۆزایی:سەوزایی

ب. $X^{-1}+Y \longrightarrow X^0$ وەك (هورئامای: هەڵهاتن، هورشیەیی:هەڵچوون، ئەنەئاوردەی :داهێنان، چەنەبڕیەی: لێبڕین

هێڵکاریی (6)



هێڵکاریی (٦)دا ئەوە دەردەبڕدرێت، دەسەڵات و جۆری توخمی (X-١) ەکان سەردەکەونە سەرەوەی پرۆژەکان، بەڵام ئاستی خوارەوە، کە ئاستی فەرهەنگییە، بە ناواخنە فەرهەنگیەکەیانەوە لێکدەدرێنەوە، چونکە جارێ فەرهەنگیین و لەسەرەوە دەبنە مۆرفۆلۆژی. بۆیە دەبێت: (ا) واتای سەرەوە/ واتا مۆرفۆلۆژییەکەی لە واتای ئاستە فەرهەنگییەکەی جیا بێت، ئەگەر نا دروستبووە مۆرفۆلۆژییەکە هیچ سودێکی فەرهەنگی نابێت و کەلەبەری فەرهەنگی پڕناکاتەوە، (ب) پەیوەست بە جێندەرەوە مۆرفێمێکی هەڵگواستن هەبێت کە کەموکوڕی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکە یان ڕاستەرە بگوترێت، مارکە لە (Y)ەکە بدات.

پەیوەست بەوەوە نموونەو بەڵگەکانی شێوەزارکە ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە لە فەرهەنگدا مۆرفێمی هەڵگواستنی (X-١) بە نیشانەی [+/-نێرە]ەوە نیە تا وشەی هەڵگوێزراوی زایەندیی/ جێندەریی بەرهەمبهێنێت. بەوەش شێوەزارەکە نواندنی جێندەری/زایەندیی بە هەڵگواستن نییەو ئەم پرۆسەیە کەلێن و کەموکوڕی فەرهەنگی پڕناکاتەوە.

٢/٣_٢_١) پرۆسەی لێکدان:

یەکێکیتر لە پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژیی دروستکردن، پرۆسەی <لەیەکدان>ە؛ بریتییە لە خستنەتەکیەکی چەند مۆرفێمێکی سەربەخۆ یان چەند زنجیرە مۆرفێمێکی سەربەخۆ، بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو، بەبێ یارمەتی یان بە هۆی مۆرفێمێکی لێکدەرەوە. ((لەیەکدان) لە دوو ڕەگ یان دوو بناغە کەمتر دروست نابێت. ئەم پرۆسەیە یاخود ڕێگەیە(بەبەرهەمە)، لە زۆربەی زمانە جیهانیەکاندا وەك(ئینگلیزی ، ئەڵمانی.)) هەیە(عبدوالرحیم، ٢٠١٤، ٧٨). یاخود (پرۆسەی لێکدان بریتیە لە یەکگرتنی وشەیەك یان دووان ،کە وشەیەکی نوێ پێکدەهێنن. زۆر جاریش لێکدانەکەیان ئەوەندە بەهێزە، کە ناتوانرێت لێکجیابکرێنەوە، هەندێک جاریش لێکدانەکەیان لاوازە بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت.)(دزەیی ،٢٠١٣، ٩٠). دەرکردەی کردەی وشە لەیەکدان بەرهەمهێنانی وشە لێکدراوەکانە لە زماندا، کە کردەیەکی بەبەرهەمە و ئاخێوەر بەشێوەیەکی بێسنوور دەتوانێت وشەی لێکدراوی نوێ بەرهەمبێنێت. پرۆسەی لێکدان؛ بەپێی مۆرفۆلۆژی بەرهەمهێنان، لە (X , Y) بەرهەمدێت، کە ئەمانە هەر یەکەیان لە قۆناغێکدا خاوەنی ڕێزبوونی خۆیانن. لایەنە دروستەیەکەی ڕیزبوونی (X , Y) ئەوەمان پێدەڵێت، کە (X)ەکان جڵەوی دروستەیی و جڵەوی واتاییان بەدەستەوەیە . واتە وەک چۆن لە هەڵگواستندا (X-١)ەکان هێزی دروستەیی و واتایی وشەکە بوون، لێکدانیش هەر ئاوا لەلایەن توخمە پرۆژەسازدەرەکەوە(X٠) وشە لێکدراوی لێبەرهەمدێت، (بڕوانە نموونەی (٥)و هێڵکاریی (٧)) بۆ تەرزی لێکدان، بە پێی پارامێتەری جیاوازی سەرەکە، کە بریتین لە: (X + Y) و (Y + X).

٤) ا. باڵابەرز، چەمکەوە:چاوشیین، دەرەتاریك : چەمی تاریك،.....

ب. سوورەچنار، شوخەژەنی، سۆزەگیواو:سەوزەگیا،....

هێڵکاریی (٧)

مۆدێلی لەو چەشنەی لێکدان بۆ نیشانەکردنی جێندەر لە شێوەزارەکەدا تا ڕادەیەکی زۆر دەگمەن و تاکوتەرایە، چونکە داتاو نموونەی وەها لەبەردەستانین، کە پرۆسەی لێکدانەکە بۆ نیشانەکردنی جێندەریی/زایەندیی بن، بۆ ئەوەش پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن پەیکاڵی ئارگومێنت دروستکردنەکەی فەرهەنگە، نەک خۆی دروستکەری جێندەرکە بێت، بۆیە لە مۆرفۆلۆژیی دروستکردندا (ا) فۆرمە نوێکە بۆ نیشانکردنە بۆ چەمکی تر، بڕوانە(ا)، (ب) وشەدروستکردنەکە بۆ واتای نوێیە نەک نیشانەکردن(بڕوانە نموونەکانی (٤)). لەلایەکی ترەوە پۆلە ڕەگەزی <هەر: کەر> لە فەرهەنگدایەو ئارگومێنتێکە بۆ جۆرێک لە ئاژەڵ دارێژراوە، کە خاوەنی نیشانەی گشتیی زایەندە، واتە ئەم چەپکە نیشانانە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون بە شیوەی[±نێر]، لە مۆرفۆلۆژییدا بە پێی جێندەر بۆ یەکێك لە نیشانەکان فۆرمی بۆ دارێژراوە. هەریەك لە وشەکانی< نێر> لە / نیرەهەر/ و <ما> لە / ماهەر/ دا، بۆ نیشانەکردنی یەکێک لە نیشانەکانی [±نێر]ن، بەڵام پرۆسەکە لەو ڕووەوە ناچالاکە، کە تەنها لەگەڵ وشەی /هەر/دا هاتوون، لەو ڕوانگەیەوە پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە

وشەکانی /نیرەهەر و ماهەر/ ڕەگێکی ئێرانیان هەیە و پێشتر بە ئامادەکراوی هاتبێتنە زمانی کوردییەوە، چونکە دروستەو پرۆسەکە، تاك و تەرایە، جیاکردنەوەیەکی جێندەرییە، بە مۆرفۆلۆژی دروستکردن.(بڕوانە (٥) و (٦)!)

٥) [± نێر] هەر

[+نێر] نیرەهەر ↙↘ [- نێر] ماهەر

٦) ا. لالوە

/لالوە/ + / ژەنی/ ⟵ لالوەژەنی (خاڵوژن)

ب. مامو

/مامو/+ /ژەنی/ ⟵ مامووژەنی (مامۆژن)

لە (٧)دا هەریەك لە /لالوە، مامو، ژەن/ وشەی سەربەخۆن لە فەرهەنگدا، هەڵگری نیشانەی زایەندی خۆیانن و بە جۆرێك، پۆلە ڕەگەزەکانی / لالوە ، مامو/ نیشانەی] +نێر] و /ژەن/ نیشانەی] -نێر] ی هەیە لە فەرهەنگدا، بەڵام لە کاتی لێکداندا، لە دروستەکەدا جێندەری ڕێزمانی بۆ] -نێر] زاڵدەبێت و لە سەرەوەی پرۆژەکەدا نیشانەی زایەندیی مێ بەرهەمدێتەوە، بەوەش نیشانەکردن لە دروستبووە مۆرفۆلۆژییەکەدا بۆ خزمایەتییە نەک زایەند، چونکە لە ئاستە فەرهانگییەکەدا <ژەن> خۆی بە فۆرمەکەی بۆ زایەند نیشانەکراوە(بڕوانە هێڵکارییەکانی(٨)).

هێڵکاریی(٨)

ا. [- نێر] لالوەژەن ⟵ مۆرفۆلۆژی_نیشانەکردن بۆ خزمایەتی ⟶ ب.[- نێر] مامووژەن

[+نێر] لالوە ↙↘ [-نێر] ژەن

[+نێر] مامو ↙↘ [-نێر] ژەن

٢/٣_٢) شکانەوی مۆرفۆسینتاکسی:

مۆرفۆسینتاکس پێڕەوێکی نێو مۆرفۆلۆژی و سینتکاسە، کە لە ئەنجامی تێکچڕژانی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسەوە درووستدەبێت. واتە ئەو پرۆسانەی زمان دەگرێتەوە، کە((نواندنی تایبەتیی سینتاکسی، لە ڕێی ئەو کەرستەی مۆرفۆلۆژییەوە دێننەکایەوە، کە ئاکاری سینتاکسییانەیان هەیە. واتە لە ڕیگەی بوونی مۆرفێمی بەندی وەکو(Flexives)، یان کلیتیك))(محمد،قادر، ٢٠١٠، ١٢٥). کەرەستەی ئەم ئاستە تیکچڕژاوەش، مۆرفێمە. بەمەش((مۆرفێم بچوکترین یەکەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسە، لە ڕووی واتا یان ئەرکەوە- ئەرکی دارشتن یان ڕێزمانی))(قادر،٢٠٠٣، ١٤). لەم پارەدا مۆرفۆسینتاکس، وەك پێڕەوێکی شکانەوە دەخرێتە ڕوو، نەک نواندنی ڕستەیەکی سینتاکسی بە مۆرفێم. واتا لێرەدا مۆرفۆسینتاکس وەک دەوروبەری مۆرفۆلۆژی پۆلەڕەگەزەکانی ناوو ئاوەڵناوو کردار و هەروەها شکانەوەو گەردانکردنی (وشە)ش کاری لەسەردەکرێت. ((هەموو فۆرمە مۆرفۆلۆجییەکان دەگرێتەوە، کە ئەرکی سینتاکسیان لە فرێزدا هەیە، ئەمەش مۆرفێمەکانی شکانەوە لە زماندا دەگرێتەوە))(عەلی،٢٠١٥، ٩١). واتە (ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆژییانەی، کە ئەرکی سینتاکسیان هەیە، لە بارەکانی وەك (ناسراویکردن. ژمارە ،تاك و کۆ، ڕەگەز)، ئەم فۆرمانەش مۆرفێمی بەندن، واتە وەك یەکەیەکی مۆرفۆلۆجی ئازاد، نە واتا دەبەخشن نەبەکاردێن)(قادر ،١٨،٢٠٠٣) و بۆ پەیوەندیی نێوان پێکهاتەی فەرهەنگ و سینتاکس پەیوەست بە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسەوە بڕوانە خشتەی(١).

خشتەی(١)

مۆرفۆلۆژی	مۆرفۆسینتاکس	سینتاکس

لە خشتەکەی سەرەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە مۆرفۆسینتاکس پرۆژەیەکی نێوەندیی نێوان مۆرفۆلۆژی و سینتاکسە. لە ڕوانگەی ئەوەی بەشداربووی پرۆسەکە مۆرفێمی مۆرفۆلۆژییە، بەڵام لە ڕوانگەی ئەوەی مۆرفێمە بەشداربووەکە مۆرفێمی بەندی سینتاکسییە، دەچێتە سنوری سینتاکسیشەوە. بیرۆکەی مۆرفۆسینتاکسی ئاراستەیەکە بۆ تێکەڵکردنی هەردوو پێکهاتەکە، بەڵام بیرۆکەی ناساندنی پرۆسەکە وەك پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی دەبێت، شکانەوەو گەردانکردن بێت. واتە لقێکی دروستکردنی فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان بێت، واتە چۆن مۆرفۆلۆژی وشەدروستکردن هەیە، دەبێت مۆرفۆلۆژی شکانەوەش هەبێت.

٢/٣_٢_٢) پرۆسەی شکانەوە (inflection):

(شکانەوە(inflection) گۆڕینی فۆرمی وشە فەرهەنگییەکانە بۆ بەرجەستەکردنی واتای ڕێزمانی) (Nordquis,2020). شکانەوەکە بۆ دەوروبەرە مۆرفۆلۆژی پۆلەڕەگەزەکانە، واتا ئەو مۆرفێمە بەندانەی یاسابەندانە دەچنە سەر (ناو، ئاوەڵناو و کردار)، بەوەش پرۆسەکە لە چێوەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت(بڕوانە بەشی سێ کە ڕوانگەی سینتاکسی بەسەر پێواژۆکەدا زاڵدەکرێت). مامەڵەکردنی مۆرفۆلۆژیانە لەگەڵ مۆرفێمەکانی بەنددا وادەکات، کە مۆرفێمەکانی شکانەوە بە توخمی پرۆژەسازدەر هەژمار ناکرێن، بەوەش وەک لە پاری مۆرفۆلۆژی وشە دروستکردندا ئاماژەی بۆکرا، توخمی هەڵگواستنی وشەی نوێ ئاستی نواندنی (X-1)ی هەیە، بەڵام توخمی لێدانی وشەی نوێ (X)ن، بەڵام ئەو توخمانەی لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژییەوە تەنها بۆ شکاندنەوەن، هیچکام لەو دوو ئاستی نواندنەیان نییە، چونکە بەپێی ڕوانگەی مۆرفۆلۆژی توخمەکانی شکاندنەوە تەنها بۆ شکاندنەوەی ڕێزمانی و سینتاکسیانەی توخمە فەرهەنگییەکانن. شکانەوە وەك یەکێك لە پرۆسە گرنگەکانی مۆرفۆلۆژی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە جیاکردنەوەی جێندەری ڕێزمانی لە شێوەزارەکەدا. پەیوەست بە دابەشکردنەی بۆ بۆ چەشن و جۆری مۆرفێمەکان کراوە . لە دابەشکردنی مۆرفێمەکانی شکانەوە/مۆرفێمەبەندە ڕێزمانییەکاندا، لە

شێوەزارەکەدا لەبەر زاڵێتیی سیستەمی جێندەر تێیدا کۆمەڵێک مۆرفێمی شکانەوەی جێندەریی هەیە، کە لەم پێکهاتەیەدا بەشێکن لە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی ناوو ئاوەڵناوەکان.

شکانەوە بە پرۆسەیەکی بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژیی دادەنرێت ((لە مۆرفۆلۆژی بەرهەمهێناندا شکانەوە بریتییە، لە پێواژیەکی داڕشتنی فۆڕمی وشە، بۆ ئەوەی کاتیگۆرییە ڕێزمانییە جۆراو جۆرەکانی وەك دۆخی ڕێزمانی، ڕوکار ، ڕێژە، کەس، ژمارە، توخم، دیاریکردن و دەرخستن، بکەر دیاری و نادیاری نیشانبدات))(عەزیز، ٢٠٢٠ ،٧). پاشگرەکان ڕۆڵی کارا دەبینن لە پرۆسەکەدا. زۆربەی جار شکانەوە بە هۆی پاشگرێکەوە دەبێت بۆ سەر ڕەگی وشەکە، کە شێوەی ڕێزمانی وشەکە دەگۆڕن، بەڵام پۆلە ڕەگەزەکەی ناگۆڕن، واتە مۆرفێمەکانی شکانەوە ((لە ئەنجامی پێویستیەکی سینتاکسیەوە دێنە ئاراوە، نەواتا ئەگۆڕن و نەبەشی ئاخاوتن، تەنها کەرەستە دەگۆڕن)) (فتاح ، ١٩٨٩، ٤٦). شکاندنەوەی (ناو و ئاوەڵناو کردار) بە هۆی زیادکردنی چەند نیشانەیەك بوپۆلە ڕەگەزەکان، کە ((یاسابەندانە و هەر وشەیەك بە پێی تایبەتمەندی خۆی لە بەرجەستەبوونی قەدە_وشەکەیدا دەکرێن/دەبن بە نیشانە(توخمی نێرو مێ ،دۆخی ڕیزمانی،ژمارە ، کەس). نوێنەری ئەو کاتەگۆریانەی شکاندنەوە لە ڕیی نیشانەوە/بە نیشانە دەبێت))(مەحویی،٢٠١٠، ٢٤٢). مۆرفێمەکانی شکاندنەوە لەگەڵ مۆرفێمێکی سەربەخۆدا فۆڕمێکی شکاوە دروست دەکەن، کە (کات و توخم و ژمارە ودۆخ) دیاریدەکەن. ئەوەی لەم باسەدا مەبەستە، دیاریکردنی (جێندەری ڕێزمانی: Grammatical Gender)، بە هۆی مۆرفێمەکانی شکانەوە ، کە بە شکانەوەی فۆرمەکە جیاکاری جێندەری دروستدەبێت، لە شێوەزارەکەدا بە هۆی چەند نیشانەیەکی تایبەتی شکانەوەوە جێندەری ڕێزمانی (نێرو مێ) بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی (تاك)، جا وشەکە (ناو،ئاوەڵناو ،جێناو ،کردار،...هتد) بێت نیشانە دەکرێت.بڕوانە(بێدار،٢٠١٢ ،٤٤-٤٥). لە ڕوانگەیەکی ترەوە، شکانەوە بریتییە: (لەو گۆڕانانەی کە بۆ مارکە لێدان بە سەر فۆڕمی وشەکاندا دێت و وەك ئەو جیاکارییەی لە حاڵەتی دۆخ و توخم وژمارە و تاف و کەس و ڕێژە و ڕووکار و بەبرشتی و ...دەردەکەون)(حوسێن،٢٠١١، ١٧). پێناسەکە بۆ توێژینەوەکە جێی بایەخ دەبێت، ئەویش بەوپێیەی شکانەوەی بە مارکە لێدانی وشەفەرهەنگییەکانەوە بەستووەتەوە، ئەوەش لەگەڵ گریمانەی لێکۆڵینەوەکەدا دەگونجنێت، کە پێی وایە توخمە فەرهەنگییەکان لە ناواخنیاندا نیشانەی جێندەریی [+/- نێر]یان هەیە، کەواتە ڕێگایەکی مارکەلێدان/نیشانەکردنی ئەو ناواخنە فەرهەنگییە بەهۆی مۆرفێمەبەندەکان/ مۆرفێمەکانی شکانەوە دەبێت. هەنگاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیوەست بەو پێناسەیەوە دەنرێت، لەبەرئەوەی ڕوانگەی کارەکە مارکەلێدانی جێندەری ڕێزمانییە، بەوەش ئەم قۆناغەی نواندنیی جێندەری دەبێتە تەواوکەر پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی کە وەک ئاشکرا کرا تەنها بۆ زایەندەو بنەمایەکی بایۆلۆژیی هەیە. واتا لە پێکهاتەی فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردندا زایەند دەبێتە ڕاڤەو وەچەی شاوشەی جێندەر، لێرەشەوە وچەیەکی تری جێندەرکە، جێندەری ڕێزمانیی دەبێت و بۆ مارکەلێدانی نیشانە ناوکییەکانە.

٢/٣_٢_٢_١) شکانەوەی مۆرفۆسینتاکس بۆ جێندەر

مۆرفێمە سینتاکسیەکان لە کۆمەڵێك کەرەستە پێکدێن، کە بە تەنها واتایان نیە و نابنە هۆی گۆڕینی واتاو پۆلە ڕەگەزەکان، بەڵکو وەك کەرەستەیەکی مۆرفۆلۆژیی بۆ بەرهەمهێنانی واتای ڕێزمانیی بەشداری لە پێواژۆی بەڕێزمانبوون(Grammaticalization)دا دەکەن، ئەوانیش ئەو مۆرفێمە سینتاکسیانەن، کە بۆ جیاکردنەوەی توخمی ڕێزمانی لەگەڵ پۆلەڕەگەزەکان(ناو ، ئاوەڵناو) دێن و بە شێوەی فۆڕمی (ناسراویی ، نەناسراویی، یان مۆرفێمی ناساندنی جێندەریی، جێناوی لکاو، پاشگرەکانی پلەی باڵاو بەراورد....)

٢/٣_٢_٢_١_١)مۆرفێمەکانی ناسراوی و نەناسراوی لە شکانەوەی ناودا:

ا- مۆرفێمەکانی ناسراویی:

مۆرفێمی (ناسراویی) یەکێکە لە مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی دەوربەری پۆلەڕەگەزی ناو. لە زۆربەی زمانەکاندا مۆرفێمەکە نیشانەکانی [+ناسراویی،+ ژمارە، + دیاریکراویی]تێدا هەڵگیراوە. ئەوە سەرەڕای ئەوەی هەندێک زمانی دیکەی وەک (فەرەنسیی و ئەڵمانی) مۆرفێمی ناسراویی بۆ نێرو مێ فۆڕمی تایبەت بە خۆی هەیە. لە زمانی ئەڵمانییدا مۆرفێمی ڕێزمانی ناسراوی جێندەرو ژمارەوە دۆخی ناوەکە دەردەخەن. مۆرفێمەکانی / der/ بۆتاکی نێر و بۆ مێ/die/ و بۆ بێلایەن /das/ و /die/بۆ کۆی گشتیان.بۆ نمونە:/der mann: پیاوەکە/،/die frau:/ ژنەکە/،/das: kind مناڵەکە/بڕوانە:(Richard, ٢٠٢٢,١). لە فەرەنسیشدا مۆرفێمی ناسراوی/le/ بۆتاکی نێرو و/la/ بۆ می ،/les/ بۆ کۆی هەردوکییان. بۆ نمونە:/Le garcon:کورەکە/،/ La fille: کچەکە/،/Les garçons, les filles /:/کچەکان ،کوڕەکان/. بڕوانە(.(hrenglish, ٢٠٢٢, ٢بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە لە زمانی فەرەنسیی و ئەڵمانیدا ناسراویی وشەیە نەک مۆرفێمێکی بەند بێت، بۆیە فۆرمەکەی سەربەخۆیە، کەچیی لە زمانی کوردییدا ناسراویی بە مۆرفێمەو لکاوە.(زمانی کوردیی ناوەڕاستیش هەمان نیشانەکانی [+ناسراویی،+ ژمارە، + دیاریکراویی]ی هەیە، ئەویش بەو پێیەی کوردی ناوەڕاست نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژیانەی بۆ جێندەر نییە(مەعرووف،٢٠٢٠، ١٤٤).بەڵام شێوەزاری هەورامیی پەیوەست بەو مۆرفێمەوە جیاکاریی دەکات و جێندەری ڕێزمانیی ناوەکە نیشانەدەکات، (بە جۆرێك مۆرفیمی /_ەکە/، بۆ ناوی]+ نێر[، مۆرفێمی /_ەکیە/، بۆ ناوی]- نێر[و /ەکیە/یش بۆ کۆی نێرو مێ دەنوێنرێن)(قادر،٢٠٠٢، ٦٣).(بڕوانە نموونەکانی (٧)):

٧) ا. / کوڕ/ + /_ەکە/ ⟵ کوڕەکە (کوڕەکە)

ب./کناچیە/ + /_ەکیە/ ⟵ کناچەکێ (کچەکە)

پ. /مامۆسا/ + /- ەکە/ یان / - ەکیە / مامۆساکە ، مامۆساکیە

ت. /تەوەن/ + / - ەکیە / ⟵ تەوەنەکیە (بەردەکە)

نموونەکانی (٧) ئەوە نیشان دەدەن، کە مۆرفێمەکانی ناسراویی لە نێوان لیڤڵی/ فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژییدا خاوەنی دوو نواندنی جێندەرییین، <کوڕ ، کناچە> هەر لە بیچمەکەیانەوە فۆڕمداڕێژراوێکی زایەندیین، بەڵام پەیوەست بە <مامۆسا> و <تەوەن> جێندەرەکە ڕێزمانییە. ئەگەرچیی بۆ ئارگومێنتی <مامۆسا>، کە نیشانەی [+مرۆڤ]ی هەیە، پێشبینییلێکراوە، بەڵام لە هیچ کام لە نیشانەکانی [+/- نێر] لە

فۆرمەکانیاندا ڕەنگی نەداوەتەوە، بڕوانە هێڵکارییەکانی (٩)و(١٠).



ب- مۆرفێمەکانی نەناسراوی:

مۆرفێمی نەناسراوی بەشێکە لە پۆلەڕەگەزی ناو، هەروەها خاوەنی نیشانەکانی [+ناسراوی،+ ژمارە، + دیارینەکراوی]، بەوەش بە یەک نیشانە خۆی لە مۆرفێمیی ناسراوی جیادەکاتەوە. لە شێوەزارەکەدا (مۆرفیمی /_ یُو/ بۆ ناوی]+ نێر[و /_یُوە / بۆ ناوی]- نێر[ ) نیشانەی نەناسراوین (بێدار، ٢٠١٢، ٦٧). وەک دەبینرێت، هەرچەندە مۆرفێمەکە زانیاریی جێندەریی ڕێزمانیی بە ناوەکە دەدات، کەچیی مۆرفێمەکە خۆی بۆ نادیاریی و دەرنەخستنە، بەڵام لەبەرئەوەی نیشانەکردنی جێندەریی ناساندن و ئاشکراکردنی تێدایەو لە پێڕەوی شێوەزارەکەش جێندەرو نیشانەکردنی جێندەریی تێدا زاڵە، بۆیە نیشانەی [+/- نێر]لە سەرەوەی نیشانەکانی [+ناسراوی،+ ژمارە، + دیارینەکراوی]ەوەیە، چونکە جێندەرە ڕێزمانییەکە دیارییکراوی دەکات. سەرەڕای ئەوەش دەبێت ئەوە بزانرێت، کە ڕوونکردنەوەکە بۆ شکانەوەی ناوەکەیە، واتا لەسەرەوەی هەڕەمەکەیە، نەک ئاستە فەرهەنگییەکە، چونکە ئەو وشە فەرهەنگیانەی لە لیڤڵ/ئاستی فەرهەنگییدا زایاندیان دیاری کراوە، لەو ئاستەدا نیشانەکراون، بڕوانە نموونەی(٨) هێڵکاریی (١١)و (١٢).

٨) ا. /بەران/ + /یو/ بەرانیو (بەرانێك)
ب. /جانتا/ +/یو/ جانتێو (جانتایەك)
پ. /کتە/ + /یوە/ کتیوە (پشیلەیەك)
ت. /هارگا/ + /یوە/ هارگیوە (ئاگردانێك)



سەرەڕای ئەو مۆرفێمانەی بۆ چەمکی ناسراوی باسییان لێوەکرا، لەبەر ئەوەی شێوەزارەکە پێڕەوی جێندەریی تێدا گشتگیرو پڕاوپڕە، بۆیە مۆرفێمی تایبەتی بەو پێڕەوە هەیە، بە جۆرێک مۆرفێمەکە هەمان نیشانەکانی [+/- نێر +ناسراوی،+ ژمارە، + دیارییکراوی]یشی هەیە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە، کە ریزبەندیی نیشانەکردنەکە لە پێشدا بۆ جێندەرە پاشان نیشانەکانی [+ناسراوی،+ ژمارە، + دیاریکراوی]. مۆرفێمەکانی ناسراوی جێندەریی لە شێوەزارەکەدا بریتین لە /Ø/ بە نیشانەی [+نێر]ەوە (واتا بۆ نێر ئارتیکلێکی بێ بیچمە(Zero article)) /ە / بە نیشانەی [- نێر]ەوە) (بڕوانە نموونەکانی (٩ ،١٠)).

٩) ا. گاو(فەرهەنگی) [± نێر]
گاو(Ø) [+ نێر] گاوە [- نێر]
ب. هیتیار(فەرهەنگی) [± نێر]
هیتیار(Ø) [+ نێر] هیتیارە [- نێر]

١٠) ا. [± نێر] ماموسا(فەرهەنگی)
ماموسا(Ø) [+ نێر] ماموسێ [- نێر]
ب. [± نێر]نانەوا (فەرهەنگی)
نانەوا(Ø) [+ نێر] نانەوێ [- نێر]

١١) ا. مامۆسا + / _یە/ ⟵ مامۆسێ
ب. نانەوا + /_یە/ ⟵ نانەوێ

لە نمونەکانی (١١) بە پێی یاسای مۆرفۆفۆنۆلۆژی /_ا/ و //-یە/ یەکدەگرن و دەگۆڕین بۆ مۆرفیمی /_ێ/، بەڵام ئەو نیشانانە بۆ (تاکن) و چونکە لە شێوەزاری هەرامییدا نیشانەی جێندەری ڕێزمانی لە حالەتی(کۆ)دا بۆ (نێر و مێ)و جیاناکرێتەوە و هەردوو ڕەگەزەکە مۆرفیمی کۆ (یە) وەردەگرن .بڕوانە(١٢)

١٢) ا. ژەنی+ /_یە / ⟵ ژەنیە (ژنان)
ب. پیا + /_یە / ⟵ پیایە (پیاوان)

٢/٣_٢_٢_١_٢)شکانەوەی مۆرفۆلۆژیانەی ئاوەڵناو بۆ جێندەر:

ئاوەڵناوەکان پۆلە ڕەگەزێکی فەرهەنگین و قۆناغی فەرهەنگیان سادەیە و جڵەوی واتایی و سینتاکسی خۆیانیان هەیە، لە پێکهاتەی سینتاکسدا بەرهەمهێنەری فرێزی ئاوەڵناوین، واتا ئەو زانیارییە واتایی و سینتاکسییەکانیان لە فرێزدا جێبەجێ دەبێت. بە پێی زانیارییە سینتاکسییەکان ئاوەڵناو بەتەنها نایەت، واتە ئەگەرچی لە فەرهەنگدا وەک (A٠) هەڵگیراون، بەڵام لە سینتاکسدا بۆ (X, Y) دەگۆڕێن. سەرەڕای ئەوە ئاوەڵناوەکان لە فەرهەنگەوە لە ناواخنیاندا زانیاریی مۆرفۆلۆژییانە هەیە، دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی سیمایەکی جیاکەرەوەی ئەوانە، واتا وەک هەر پۆلەڕەگەزێکی تری فەرهەنگیی شکانەوەی مۆرفۆلۆژیی تایبەت بە ئاوەڵناو هەن. مۆرفێمەکانی نواندنی جێندەر یەکێکن لەو مۆرفێمانەی دەوروبەری ئاوەڵناو. بەوەش ئاوەڵناو بە سێ ڕێگا مامەڵە لەگەڵ جێندەر دەکات، یان بە شکانەوەی مۆرفۆلۆژییانە بۆ جێندەر، یان بە ڕێککەوتنی سینتاکسیی لە چوارچێوەی فرێزدا، یان ناوەخنی واتایی جێندەریی خۆی هەیە(بڕوانە بەشی سێیەم). شێوەزارەکە لە هەرسێ ڕوو و گریمانەکەوە مەمەڵە لەگەڵ ئاوەڵناو دەکات. بۆ ئەم پارو بەشە شکانەوەی مۆرفۆلۆژییانەی ئاوەڵناوو دەوروبەری مۆرفۆلۆژییانەی ئاوەڵناو شیدەکرێتەوە. دەبێت ئەوە بزانرێت، کە ئاوەڵناو لە گشت زمانەکاندا((لە ڕووی واتاو سینتاکسیشەوە، زگماکیانە سروشت و کەسێتی پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو پەیوەستە بە پەسنکردندنی ناوەوە)(سەعید، ٢٠١٩، ٨٧). واتە گشت زانیارییەکانی لە ڕێگەی ناوێك/تەواوکەرێکەوە بەرجەستە دەکرێت، لەمەوە ئەوە ڕوونەبێتەوە، کە ئاوەڵناو، لە فەرهەنگدا، خاوەنی نیشانەی جێندەری نییە، بە پێچەوانەی ئەوەی، لە لێکۆڵینەوەکاندا، ئاوەڵناو لە فەرهەنگدا ئاماژە بە تاکی نێر کراوە ((هەموو ئاوەڵناوەکان لە بنەڕەتدا ، وەك کەتیگۆرییەکی فەرهەنگی ، تاکی نێر نیشان دەدەن. کاتیك دێنە ناو پێکهاتەی سینتاکسەوە_ لە دروستەی فرێزدا_ نیشانەی توخم وەردەگرن))(فتاح،٢٠٠٦، ٦٢).ئەم بۆچوونەش،لەگەڵ بەڵگەو بۆچوون و نمونە شیکراوەکانی ئەم لیکۆڵینەوەیەدا، پێچەوانەیە. ئەویش بەو پێیەی ئاوەڵناوەکان ئەگەرچی مۆرفێمی جێندەرەکەیان لە ناوەوە وەردەگرن، بەڵام دەوروبەرە مۆرفۆلۆژییەکە هی خودی ئاوەڵناوەکەیە. هەروەهادەبێت ئەوە بزانرێت، بە پێی تیۆری فەرهەنگیی و بەپێی تیۆری (X) (X-Bar)ەکان تەواوکەرەکان/(Y)ەکان هەڵدەبژێرن، نەک بە پێچەوانەوە، بۆیە لەبەرئەوەی لە مۆدێلی ڕێزمانیی کورددیدا پۆلەڕەگەزەکان لە ڕیزبوونەکاندا (فەرهەنگ-مۆرفۆلۆژی-سینتاکسە (بڕوانە خشتەی (٢)))، کەواتە ئاوەڵناوە شکاوەکە تەواوکەرەکە/فرێزەناوییەکە هەڵدەبژێرێت. دەروبەری مۆرفۆلۆژییانەی ئاوەڵناو لە شێوەزارەکەدا بەو جۆرەیە کە: ئاوەڵناوی فەرهەنگیی لە ناواخنیدا نیشانەکانی [+/- نێر]هەیە.بەڵام لە مۆرفۆلۆژییدا ئاوەڵناوەکان بۆ تاکی مێ، نیشانەی (- ە) وەردەگرن، بەجۆرێک بە هۆی گۆڕانە مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکانەوە: ئەگەر ئاوەڵناوەکە(ا) بە نەبزوێن کۆتایی هاتبێت. وەك: درێژ، ژیر،زیرەك،سەربەس، نەفام،... (ب) بە بزوێنی (ی) کۆتایی هاتبێت. وەك: هۆرامی، زمسانی، تەختانی،...) بڕوانە نموونەو هێڵکارییەکانی (١) و(٢). بۆ تاکی نێریش مۆرفێمی (∅)، بڕوانە هەمان نموونەو هێڵکارییەکانی (١٣)و (١٤).

خشتەی(٢)

فەرهەنگ	(A٠)
مۆرفۆلۆژی	(A)ی شکاوە
سینتاکس	(-A) فرێزی ئاوەڵناوی

١٣) ا. [+نێر] ژیر
ژیر(∅) ژیرە
[+ نێر] [- نێر]

ب. [+ نێر] زیرەك
زیرەك(∅) زیرەکە
[+ نێر] [- نێر]

پ. کناچیۆ ژیرە کوری ژیر∅
j j j j

ت. ژەنیۆ زیرەکە پیای زیرەك∅
j j j j

١٤) ا. (+نێر) هۆرامی
هۆرامی(∅) هۆرامییە

ب. (+نێر) تەختانی
تەختانی(∅) تەختانییە

لە نمونەکانی (١٤) هەریەك لە وشەکانی /هۆرامی/،/تەختانی/ بە نەبزوێنێك کۆتایی هاتووە، بۆیە کاتێك نیشانەی /_ ە/ ی بۆ زیاد دەکرێت، بە پێی یاسای (VV)، نیمچە بزوێنی (ی) دێتە نێوانیانەوە.
ئاوەڵناوەکان بۆ تاکی (مێ) نیشانەی (- یە) وەردەگرن، ئەگەر: (ا). بە بزوێنی(ە_ e) کۆتایی هاتبێت، ئەوا /_ە/ بە هەمان یاسای (VV*) ، /_ە/ لە ناو دەچێت .بڕوانە(١٥).

١٥) ا. گۆره + /_یه/ ⟵ گۆریه (گەوره)
ب. چەرمه + /_یه/ ⟵ چەرمیه (سپی)

(ب). ئەگەر ئاوەڵناوەکە بە بزوێنی (ا) کۆتای هاتبێت و ئەوا بە پێی یاسای فۆنۆلۆژیی تایبەت بە شێوەزاری هەورامی، بزوێنی (ا) لە ناو دەچێت و فۆنێمی (یە)، دەگۆڕێت بۆ (ێ).بڕوانە(١٦)

١٦) ا. زانا + /_ یه/ ⟵ زانێ
ب. ئازا + /_ یه/ ⟵ ئازێ

پەیوەست بە نمونەکانی (١٦_ا،ب) پێویستە ئەوروونبکرێتەوە، کە فۆرمەکانی (زانێ،ئازێ) فۆرمێکی مۆرفۆفۆنۆلۆژییانەیە، لە ئەنجامی چوونە سەریەکی هەردوو بزوێنی(ا،ه) درووستبووە، بەوەش دروستەکە بەم شێوەیە پێشنیازکراوە، بڕوانە(١٧).

١٧) زانا +/_ه/ ⟵ زانێ

کەواتە،/ێ/ ئەلۆمۆرفی / ه/ کەیە، نەك یەك مۆرفێم بێت. بڕوانە :/زیرەك ،زیرەکە/، /دریژ، دریژە/.

لە لایەکی ترەوە مۆرفێمەکانی پلەی باڵاو بەراورد وەك تایبەتمەندییەکی ئاوەڵناو، بەشێکن لە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی و شکانەوەی ئاوەڵناوەکان، بەوەش شکانەوەی ئاوەڵناوەکە بە دوو شکانەوەدا دەڕوات، بەڵام لەبەرئەوەی لە شێوەزارەکەدا سیستەم و شکانەوەی جێندەریی زاڵەو حوکم دەکات، بۆیە نیشانەی جێندەرەکە دەچێتە سەر کۆی ئاوەڵناوە باڵاو بەراوردەکە. بڕوانە نموونەکانی (١٨ و ١٩) وهێڵکاریی (١٣)، بەوەش هەمان مۆرفێمەکانی جێندەر بۆ ئاوەڵناوی فەرهەنگیی و ئاوەڵناوی شکاوەی پلەی باڵاو بەراوردیشە، چونکە /Ø/ بۆ جێندەری نێر و /_ه/ش بۆ مێیە.

١) پلەی بەراورد :

١٨) ا. [/زیرەك/ + /_تەر/]+Ø ⟵ زیرەکتەر (زیرەکتر) [+نێر]
ب. کورەکە زیرەکتەر بی جە کناچەکی. (کورەکە زیرەکتربوو لە کچەکە).
پ. [/زیرەك/ + /_تەر/]+ /_ه/ ⟵ زیرەکتەرە (زیرەکتر) [-نێر]
کناچەکی زیرەکتەرەبی جە کورەکە. (کچەکە زیرەکتربوو لە کورەکە).

٢) پلەی باڵا :

١٩) ا. [/زیرەك/ + /_تەرین/]+Ø ⟵ زەریفتەرین (زیرەکترین) [+نێر]
ب. پیاکە زیرەکتەرینشا بی. (پیاوەکە زیرەکترینیان بوو).
پ. [/ زەریف/ + /_تەرین/]+/_ه/ ⟵ زەریفتەرینە (جوانترین) [-نێر]
ت. کناچەکی زەریفتەرینە بی. (کچەکە جوانترین بوو).

هێڵکاریی(١٣)

ا. زیرەکتەرØ/زیرەکتەرینØ (ئاوەڵناوی شکاوە[+نێر]) ب. زیرەکتەرە/زیرەکتەرینە (ئاوەڵناوی شکاوە[-نێر])

زیرەکتەر/زیرەکتەرین Ø
ئاوەڵناوی شکاوە بۆ پلەی بەراوردو باڵا

زیرەکتەر/زیرەکتەرین ه
ئاوەڵناوی شکاوە بۆ پلەی بەراوردو باڵا

٣- مۆرفۆلۆژیی بچوککردنەوە

نیشانەی بچوککردنەوە، وەك یەکێك لە نیشانەکانی شکانەوە لە مۆرفۆلۆژییدا، کە دەکرێت وەك نیشانەیەکی دەستنیشانکردنی جێندەری ڕێزمانی پۆلە ڕەگەزێك دابنرێت. نیشانەکان دەچنە سەر (ناو، ئاوەڵناو)، بەجۆرێك کاتێك دەچنە سەر ناوی کەسێك یان گیاندارێك، بۆ مەبەستی دەربڕینی (خۆشەویستی) دێت، بەڵام کاتیك دەچێتە سەر ناویکی (واتایی) بەمەبەستی بچوکردنەوە دێت. لێرەدا دەبێت پرسیاری ئەوە بکرێت، کە ئایا بچوکردنەوە مۆرفۆلۆژیی دروستکردنەیان شکانەوەیە؟

١- ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر(ناو):(بێدار،١٤٥).

ا- پاشگرەکانی /لە ،لە/ بۆڕەگەزی (نێر) و (لی،لی) بۆ ڕەگەزی (مێ) ،دەچنە سەر ناو، جا ناوەکە ماددی بێت یان واتایی.(بڕوانە(٢٠)

٢٠) ا. ئازاد + /_لە/ ⟵ ئازادلە (ئازادلە)
ب. /کناچیە/ + /_لی/ ⟵ کناچلی (کچۆلە)
پ. /تەوەن/ + /_لی/ ⟵ تەوەنلی (بەردی بچوك)

لە نمونەی (٢٠_ا)دا (ئازادلە) وەك نیشانەیەك بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بەکارهاتووە و لێرەدا (لە) نیشانەیەکی گەردانکردنە، بەڵام لە (ب)دا، (کناچلی) وشەیەکی نوێ دروستبووە و پاشگری (_لی)ئەرکی وشەداڕێژێك دەبینێت. لە (پ)دا (تەوەن) ڕەگەزەکی (مێیە) و نیشانەی/_لی/ بۆ ڕەگەزی (مێ) وەرگرتووە، وشەیەکی نوێ(تەوەنلی) داڕشتوە.

ب- پاشگری (_چە) بۆ (نێر) و(چیە) بۆ مێ، وەك نیشانەیەکی بچوکردنەوە دەچێتە سەر ناو و وشەیەکی نوێ دادەڕێژێت.

٢١) ا. /باخ/ +/_چە/ ⟵ باخچە
ب. /هەڵو/ +/_چیە/ ⟵ هەڵوچیە (هەڵوژە)
پ./ڕوە/ +/_چیە/ ⟵ ڕوچی (ڕۆژوو)

ت- پاشگری /_وڵە/ بۆ /نێر/ دەچێتە سەر ناو و ناوێکی دارێژراو دروستدەکات.بڕوانە(٢٢)

٢٢) ا. /جام/ + /_وڵە/ ⟵ جاموڵە (جامی بچوك)

ب. /زەنگ/ +/ وڵە/ ⟵ زەنگوڵە

٢- ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ئاوەڵناو:

ا- پاشگری/_ جڵانە/ بۆ نێرو /_ جڵانیە/ بۆ مێ و دەچنە سەر ئاوەڵناو وەك نیشانەیەکی بچووکردنەوە و وشەدارێژ.بڕوانە(٢٣)

٢٣) ا. /گولانە/ + /_جڵانە/ ⟵ گولانجڵانە (بچکۆلانە) [+ نێر]

ب. /گولانە/ + /_جڵانیە/ ⟵ گولانجڵیە (بچکۆلانە) [- نێر]

ب- پاشگری/_کوڵە/ بۆ نێرو /_کوڵیە) بۆ مێ دەچێتە سەر ئاوەڵناوو وشەیەکی نوێ دادەڕێژرێت. بڕوانە(٢٤)

٢٤) ا. /پان/ +/_کوڵە/ ⟵ پانکوڵە (پانکۆڵە) [+ نێر]

ب. /پان/ + /کوڵیە/ ⟵ پانکوڵیە/ (پانکوڵە) [- نێر]

نمونەکان ئەوە نیشان دەدەن، کە بچوکردنەوە، هەم مۆرفۆلۆژی دروستکردنە، هەم شکانەوە. بڕوانە نمونەکانی(٢١) و(٢٠).
لە ئەنجامی خستنەڕوو و شکردنەوەو هەڵسەنگاندنی داتاو زانیارییەکان پەیوەست بە هەردوو پێکهاتەی فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژی و پرۆسەکانی، ئەوە دەردەکەوێت، کە شکانەوە پرۆسەیەکی پاش فەرهەنگییەو دەچێتە قۆناغی نیشانەکردنی جێندەری ڕێزمانییەوە، ئەویش لەبەرئەوەی نیشانەکردنەکان ئەگەرچی ڕوانگەیەکی زایەندی و دەستپێکێکی زایەندی هەیە، بەڵام لە شکانەوەکەدا ڕێزمان بڕیار لەسەر نیشانەکردنەکان دەدات، واتە لێرەوە دابەشکردنێکی ڕێزمانی دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی توخمێك، کە مەرج نییە، زایەندی بێت، بەڵام زایەند باگگراوەندی فەرهەنگی پرۆسەیەکەو نواندنەکەی لە ڕێزماندا دەبێت. لەوەشەوە زیاتر ئەوە دەسەلمێت، کە شێوەزارەکە توخمەکانی/ واتاکۆی توخمەکانی بەسەر] ± نێر[دا دابەشکردووە، چونکە ئەگەر لە قۆناغی فەرهەنگی بە فۆرم و لە قۆناغی ڕێزمانییدا بە مۆرفۆلۆژی دروستکردن. نیشانەکردنێك بە فۆرم نەبێت، ئەوا شیوەزارەکە بە مۆرفیمەکانی گەردانکردن پرۆسەکە تەواو دەکەن بڕوانە هێڵکارییەکانی خوارەوە

١- [± نێر] ⟵ پۆلەڕەگەز، پۆلەڕەگەز

[± نێر] ⟵ مۆرفیمی شکانەوە، مۆرفیمی شکانەوە

بەوەش /تەوەن/ و/ژەن/ لە دوو دیوی فەرهەنگی و مۆرفۆلۆژییدا دو پێواژۆی جیای نیشانەکردن دەبن. بە جۆرێك وەك لە هێڵکارییەکانی خوارەوەدا دەردەخرێ، پرۆسەی مۆرفۆلۆژی وئاستێکی تری نیشانەکردن دەبێت. (بڕوانە خشتەی(٣)و نمونەی(٢٥)):

خشتەی(٣)

فەرهەنگ
(ژەن)
مۆرفۆلۆژی درووستکردن

٢٥) ا. [± نێر] ⟵ ئەدا، تاتە

ب. تەوەن ⟵ تەوەنی

نیشانەکردن بە پێی مۆدێلی ڕێزمانی شێوەزارەکەو لە نیشانە بۆ پۆلەڕەگەز دروستکردن و پاشان قۆناغی ڕێزمان دەچێت، چونکە نیشانەکان لە فەرهەنگدا پۆلەڕەگەزیان بۆ دادەڕێژرێت، پاشان مۆدێلەکە بەرەو شکانەوە و سینتاکسی و مۆرفۆسینتاکسی دەچێت، بۆ جێندەر و دیاریکردنی جێندەری لە کۆی مۆدێلی ڕێزمانی شیوەزارەکەدا نیشانە دەکرێت، لەوەوە مۆدێلەکە جاریکی تر دادەڕێژرێتەوە.(بڕوانە خشتە(٤))

خشتەی (٤)

پێش فەرهەنگ
فەرهەنگ
مۆرفۆلۆژی درووستکردن
سینتاکس
مۆرفۆسینتاکس

بە پێی مۆدێلەکە کۆی فەرهەنگ و ڕێزمان تەواوکەری سیستەمی جێندەرین، نەك تەنها پێکهاتەیەك. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا لە شێوەزارەکەدا جێندەری ڕێزمانی، کە لە مۆرفۆلۆژی شکانەوەو سینتاکسی و مۆرفۆسینتاکسدا هەیە، تەواوکەری زایەندە یان بە تەنها سیستەمێکی جێندەرییە ؟ سەرتاپای توێژینەوەکە بە دوای وەڵامێکی زانستییە بۆ ئەو پرسیارە، بۆیە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا وەڵامەکە دەست دەکەوێت، بەلام گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە سیستەمی دابەشکردنێکی تەواوکارانەیەو هەرپێکهاتەیەك بە تەرزی خۆی نیشانەکردنەکە دەکات، بە جۆرێك لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژی دروستکردندا، فۆرم بۆ نیشانەکردنەکە جێبەجێدەبێت، بەڵام لە مۆرفۆلۆژی گەردانکردن وسینتاکسی و مۆرفۆسینتاکسدا، مۆرفێم نیشانەکردنەکە دەنوێنێت. بەوەش ئەوە دەردەکەوێت، کە زایەند بناغەی جیاوازی جێندەری ڕێزمانی دادەنێت. ئەویش بەو پێیەی نیشانە مۆرفێمییەکە، کە لە زایەندەوە بۆ جێندەری ڕێزمانی دێتە خوارەوە چونکە ڕوونکردنەوە و ناسینەوە جێندەریەکە لەو فۆرمانە دەبێت، کە زایەندیین. (بڕوانە/ژەن، تەوەن، هەنگور/لە خشتەی(٥))

خشتەی(٥)



جێندەری هەر سێ توخمەکە، ئەوە دەردەخات، کە مۆرفۆلۆژی شکانەوە تەواوکەری سیستەمی جێندەرییە، ئەویش لەبەرئەوەی هەریەك لە فۆرمەکانی (تەوەن، هەنگور، ژەن) لە شکانەوەدا نرخی جێندەرییەکەیان دەردەکەوێت، بە جۆرێك کەلەگەڵ زایەندی (ژەن) یەکدەگرنەوە. بەمەش پێشبینی دەکرێت، کە جێندەری ڕێزمانی درێژکراوەی/تەواوکەری زایەندی فەرهەنگی بێت، یان هەریەك لە سێ توخمەکە لە فەرهەنگدا خاوەنی نیشانەکانی]± نێر[بن، چونکە شکانەوەو گەردانکردنەکان، بە پێی ئەو نیشانەیە مامەڵە لەگەڵ توخمە نازایەندییەکان دەکات و هەمان مۆرفێم (نێر/مێ)دەدات. پێشبینیەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کۆی داتاو وشەکانی شێوەزارەکە، لە نێوان]± نێر [دا دابەشکراون و پرۆسەکە بە کەتیگۆری فۆرمدارشتنی مۆرفۆلۆژی و گەردانکردن و ڕێککەوتن جێبەجێکراوە. پەیوەست بە ڕیککەوتن.

ئەنجامەکان:

١-لە شێوەزاری هەورامییدا سیستەمی جێندەریی لە نێوان قۆناغی پێش_فەرهەنگیی و فەرهەنگیی و ڕێزمانیدا پێڕەوێکی تەواوکاریی و بێکەمکوڕیی هەیە.

٢-لە پێکهاتەی فەرهەنگەکەیدا دارشتنی پۆلەڕەگەزەکان و ئارگومێنتەکان بۆ زایەندن، لەوەشەوە لە ڕێزمان_بەتایبەتی مۆرفۆلۆژییدا ئەگەرچی جێندەر نواندنی ڕێزمانیی هەیە، بەڵام پەیکاڵی نیشانەی [+/- نێر]ن، ئەویش بەو پێیەی لە شکانەوەی مۆرفۆلۆژییانەی پۆلەڕەگەزەکاندا هەمان مۆرفێمی جێندەریی وەردەگرن، ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە جێندەر و ڕەهەندەکانی، بنەمایەکی زایەندییان هەیە.

٣-داتاو نموونەکان ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە لەسەر بنەمای فۆرمدارشتنی فەرهەنگیی (lexical argumentation) لە فەرهەنگە پۆلەڕەگەزەکان بۆ زایەندن، شێوەزارەکە لە مۆرفۆلۆژی دروستکردندا پۆلەڕەگەزی دەگمەن تاکوتەرای بۆ زایەند هەیە، کەچی مۆرفۆلۆژی شکانەوەی کە بۆ جێندەری ڕێزمانییە چالاک و بەبەرهەمە، بەوەش سیستەمی ڕێزمانیی شێوەزارەکە ئازادانەو بەهێزترە لە فۆرمدارشتنەکەی.

سەرچاوەکان

بەزمانی کوردی:

ا- کتێب:

١- سدیق، فاروق(٢٠١١). لەدایکبوونی وشە. چاپخانەی شڤان. چاپی یەکەم ،سلێمانی
٢- مەعرووف، عەبدولجەبار(٢٠٢٠). لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی. چاپی یەکەم..چاپخانەی سارا. سلیمانی
٣- بێدار،جمال(٢٠١٢). لە بابەت ڕیزمانی هۆرامیەوە(نیشانەی نێرو مێ لە زاری هەورامییدا).چاپی یەکەم.
٤- فەتاح، محەمەد و قادر، سەباح(٢٠٠٦). چەند لایەنیکی مۆرفۆلۆجیی کوردی.بەشی ڕووناکبیری،چاپخانەی ڕوون. سلێمانی.
٥- مەحوبی ، محەمەد (٢٠١٠).مۆرفۆلۆژی وبەیەکداچوونی پێکهاتەکان. بەرگی یەکهەم.زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.
٦- ئەحمەد، بیستون (٢٠١٢).کۆمەڵەوشە وپێکەوەهاتن لەزمانی کوردیدا.سلێمانی.چاپی یەکەم.بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.سلێمانی
٧- دزەیی ،عەبدولواحید (٢٠١٥).وشەسازی زمانی کوردی.چاپی سێیەم.چاپخانەی ئاودێر،هەولێر.
٨- حوسێن،شیلان(٢٠١١). پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا. چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ. سلێمانی.

ب- نامەی زانکۆیی(بڵاونەکراوە):

-9 ئەحمەد،تریفە(٢٠١٣). پراگماتیکی فەرهەنگی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکانی.نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی،سلێمانی.
١٠- سەعید، سازان(٢٠١٩). نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردییدا. نامەی دکتۆرا. کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
١١- قادر، شێرکۆ(٢٠٠٢). مۆرفێمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا. نامەی ماجیستێر. کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی،سلیمانی.
١١- فەتاح، شنە(٢٠٠٦). ئاوەڵناو وەك کەرەستەی فەرهەنگی و سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامییدا.نامەی ماجیستێر. کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
١٢- عەلی، پێشڕەو(٢٠١٥). یاسامۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە دارشتەی مۆرفۆسینتاکسدا. نامەی ماجیستێر.سکوڵی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
١٣- ڕەمەزان، هێمن(٢٠١٥).پرۆسەو یاساکانی وشەدروستکردن لە زمانی کوردیدا(بەشەدیالێکتی سلێمانی).نامەی ماجیستێر.زانکۆی سلێمانی.سلێمانی
١٤- عەزیز ،ئاریان(٢٠٢٠).ناوی کرداری ،کرداری شکاوەو کرداری ئاڵۆز.نامەی دکتۆرا.کۆلێژی زمان.زانکۆی سلێمانی.سلێمانی
١٥- عەبدولڕەحیم ، عثمان (٢٠١٤).وشەی زمانی کوردی وڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی.نامەی ماجیستێر.کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
١٦- قادر،ئەبوبەکر(٢٠٠٣). بەراوردیکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا. نامەی دکتۆرا.کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی.سلێمانی.

پ- گۆڤار:

١٧- ئەحمەد،تریفە(٢٠١٥). زانیاری پراگماتیکی لە کرداردا.گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،بەشی(B)٤٦.
١٨- محمد، فەرەیدوون ، قادر، ابوبکر(٢٠١٠). کەرەستە مۆرفۆسینتاکسیەکان لە کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژوورودا.گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B)١٢٣،٢٧-١٤٩.
١٩- فەتاح، محەمەد(١٩٨٩).کار پۆلێنکردن بە پێی ڕۆنان،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، (١٢١).

بە زمانی عەرەبی:

Taufiqurrochman-٢٠،R(٢٠٠٩). . دراسة معجمية نشأتها ونضرياتها ومدارسها Ittijâh.١(٢),١٧٣-١٨٨

بە زمانی فارسی:

٢١- بختیاری،بهروز، همکاران(٢٠٢٠). جنس دستوری در هورامی.دوماهنامه علمی،پژوهشی،٥(٣٥)،٢٠٩-٢٣٢.

بەزمانی ئینگلیزی:

22-Shoham, A.(2019). "Grammatical Gender Marking: The Gender Roles Mirror". Temple University, USA,19(4),16-19
23- Corbett, G.(2014). The Expression of Gender. Walter de Gruyter GmbH, Berlin.
24- Ademi, V.&Ademi,L .(2017)"Lexicon theory and speech synthesis" Faculty of Philology, Tetovo University – Tetovo, Republic of Macedonia .
25 dirk,G.& hanne, C.(2010). The Oxford Handbook of Cognitive Linguistics. oxford;oxford university press.
26- Corbett, G.(1991). Gender. Cambridge University press.
27- Brugmann, k.(1897).The Nature and Origin of the noun Genders in the Indo-European Languages. New York.

28-Greenberg, J.(1963). Some Universals of Grammer with Particuler refrence to the Order of Meaningful Elements. Universals of Language.cambridge: MIT Press.

پێگەی ئەلیکترۆنی:

29- Lexicon - Glottopedia
30- https://wittyquestion.com/what-is-a-lexical-marker
31-https://alantologia.com/page/14515/
32-https://en.wikipedia.org/wiki/Grammatical_gender
33-https://www.thoughtco.com/what-is-an-inflectional-morpheme-
34-www.analytictech.com/mb119/markedne.htm)
35- https://en.wikipedia.org/wiki/Gender_and_Language

کاریگەری قوتابخانەکانی دەرهێنانی سینەمایی لەسەر دەرهێنەری کورد

هیوا محمد لطیف[1]، عبدالناصر مصطفی ابراهیم[2]
[1] بەشی سینەما، کۆلێجی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێجی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: hiwa.lattif@univsul.edu.iq

پوختە:
ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەی سینەما کە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە بەدەستی دەهێنێت و وەک هونەرێکی خاوەن فۆرم و ناوەرۆک و جەماوەریی، و ئەو هێزە گەورەیەی کە هەیەتی بۆ تۆمارکردن و نواندنەوەی واقع لەلایەک و توانای بەرهەمهێنانی جادوییانەی وێنە و بابەت، بەشێکی زۆری دەکەوێتە ئەستۆی کرداری دەرهێنان و وەک لێپرسراوی یەکەمی بەگەڕخستنی فیلمەکان دەردەکەوێت. کەواتە دەرهێنان کاتێک کە ڕێچکەی خۆی دەدۆزێتەوە وەک بوارێکی سەربەخۆی نێو دنیای فیلمسازی و سینەما، ئەوا لێرەوە تێڕوانین و ئایدیای دەرهێنەرەکان چ وەک تاک و چ وەک گرووپ دەبنە هۆی سەرهەڵدانی قوتابخانەی جیاوازی دەرهێنانی سینەمایی کە ئەم قوتابخانانە چەند بنەما و ڕێسایەکی تایبەتمەند بە خۆیان دادەڕێژن و فۆرم و ناوەرۆکی فیلمەکانیان لەسەر بنیاد دەنێن، و دواتر کاریگەرییەکانیان بە فراوانی لە نێو جیهانی سینەمادا بڵاو دەبێتەوە و دەبنە بەشێکی گرنگ لە تیۆرە سینەماییەکان، کە دواجار دەکرێت کاریگەرییەکانی ئەم قوتابخانانە لەنێو فیلم و بەرهەمە جیاوازە سینەماییەکانی دەرهێنەرانی جیهاندا بەرچاوبکەون و بدۆزرێنەوە. بۆیە دەبینین لەم ساڵانەی دواییدا کورد بەدەرنەبووە بەو کاریگەریبوونە و دەرهێنەرانی فیلمە کوردییەکان بە ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ لە ژێر ئەو کاریگەریانەدا فیلمەکانیان درووست دەکەن. ئەم کاریگەریبوونەشیان بە پێی ئەو پەیام و ناوەرۆکەی کە فیلمەکانیان هەڵیانگرتووە و لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆی گەلەکەیان و ئازارەکانیان و دیدگاکانیان یەکدەگرێتەوە. هەروەها لەلایەکی تریشەوە بەهۆی کەمی ئەو بودجەیەی کە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێک پێویستە دەرهێنەر و فیلمسازانی کورد دەیانەوێت بە تەکنیک و تێچوویەکی کەم ئەو فیلمانە درووستبکەن و هەروەها بتوانن بەباشی خەیاڵ و ئایدیاکانیان جێگا بکەنەوە.

وشە کلیلەکان: قوتابخانە، دەرهێنان، سینەما.

الملخص
ان النجاح المميز الذي يحققه السينما في بداية القرن العشرين ، كفن جماهيري صاحب شكل و محتوى ، و القوة العظيمة التي يتمتع بها للتسجيل و تمثيل الواقع من جهة و قوة الانتاج الساحر للصور و المواضيع، يقع معظمه على عاتق عملية الإخراج ، و يظهر المخرج كمسؤول اول عن الافلام. لذا عندما يجد الإخراج مساره كأساس متين في عالم صناعة الافلام و السينما ، حينها تكون النظرة و فكرة المخرجين كافراد او كمجموعات تؤدي الى نشوء مدارس مختلفة للاخراج السينمائي ، حيث تقوم هذه المدارس بإنشاء العديد من الاسس و الانظمة الخاصة بهم يتم على اساسها انشاء الشكل و محتوى افلامهم، ثم ينتشر تأثيراتها في عالم السينما بشكل موسع و يصبح جزأ مهم من النظريات السينمائية . بالامكان رؤوية و ايجاد تأثيرات هذه المدارس في الافلام و المنتجات السينمائية المختلفة للمخرجين العالميين، لذا نرى في السنوات الاخيرة ان الكورد لم يكن مستثناة من هذه التأثيرات و كان مخرجوا الافلام الكوردية يصنعون افلامهم متأثرين بتلك التأثيرات بشكل مباشر او غير مباشر، و كانت هذه التأثيرات تطابق مع الظروف الداخلية لشعوبهم و معاناتهم و رؤوياهم وفقاً للرسالة و محتوى الافلام التي يحملونها. من جانب اخر و نظراً لصغر حجم الميزانية التي يتطلبها انتاج فلم ، يريد المخرجون و صانعوا الافلام الكوردية ان يصنعوا الافلام بتقنيات و تكلفة قليلة و ان يستطيعوا ان يثبتوا خيالهم و افكارهم بشكل جيد.

الكلمات المفتاحية: مدرسة ، إخراج ، سينەما.

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
DOI Link	http://doi.org/10.32410/huj-10448
ڕێکەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٨ | ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/٢٧ | ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	hiwa.lattif@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	©٢٠٢٣ هیوا محمد لطیف، پ.ی.د عبدالناصر مصطفی ابراهیم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

Abstract

The distinctive success achieved by cinema, at the beginning of twentieth century, as a mass art with form and content, and the great power it has for recording and representing reality, on one hand, and the magical production power of images and subjects, most of it falls on the process of movie production, and the director appears as the first responsible of movies.

When directing finds its path as a solid foundation in the world of movie making and cinema industry, then the outlook and idea of directors, as individuals or as groups, leads to up-rise of different studies of movie directing, where these studies constitute many principles and regulations of their own, which they build form and content of their films, and their influence will spread in the world of cinema extensively and become an important part of cinematic theories.

Influences of these studies on movies and various cinematic productions of international directors can be seen and found, therefore in recent years we notice that Kurds were not exempt from these influences, and Kurdish movie directors were, directly or indirectly, making their movies under effects of these influences. These influences matched with the internal conditions of their people, their suffering, and their visions, according to message and content of the movies they include.

On the other hand, due to the small budget required to produce a film, Kurdish filmmakers and directors need to make films with low cost and techniques and to be able to prove their imagination and ideas well.

Keywords: School, Directing, Cinema.

بەشی یەکەم

یەکەم: گرفتی توێژینەوە

لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەگەڵ سەرهەڵدانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی هونەر و ئەدەب لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە و کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ژیاری مرۆڤایەتی، هەموو ئەو شێوازە هونەرییە جۆراو جۆرانەش کاریگەرییان بەشێوەیەک لەشێوەکان بەسەر یەکەوە هەبووە و بەجۆرێک کە نەدەتوانرا ستایل و ئاراستەکانیان لە ڕووی فۆرم و ئەو بابەتەی کە پێشکەشیاندەکرد جیابکرێتەوە. هەر لەبەرئەوەش کە سینەما لەناوخۆیدا دەتوانێت تەکانێک بدات و ئاراستە و دیدگای نوێ بهێنێتە ناوخۆی و کێبڕکێ لەنێو فیلمسازان و دەرهێنەران درووستببێت چ لە ڕووی فۆرمی فیلمەکانیان یاخود لە ڕووی ناوەڕۆک و پەیامی گشتی فیلمەکە. کاتێک کاریگەرییەکانی ئەم قوتابخانە سینەماییە جیاوازانە لە نێو جیهاندا بڵاودەبنەوە، تا چەند دەرهێنەر و فیلمسازی کورد بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر ئەم کاریگەربوونە؟ یاخود چۆن کاریگەربوون بەم قوتابخانە سینەماییانە؟.

دووەم: گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە چڕدەکەینەوە:

١-توێژینەوەکە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵەران و گرنگیپێدەرانی سینەما لە هەرێمی کوردستان.
٢-دەوڵەمەند کردنی سەرچاوە زانستییەکان و کتێبخانەکانی تایبەت بە سینەما لە هەرێمی کوردستان.
٣-لێکۆڵینەوەیەکی نوێیە و دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگا بەڕووی خوێندکاران و لێکۆڵەرانی سینەما لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم: ئامانجی توێژینەوە

توێژینەوەکەمان ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بەئامانجی خۆی دەزانێت:

١-دەرخستنی کاریگەریی سیمای قوتابخانەکانی دەرهێنانی سینەمایی لە نێو درووستکردنی فیلمە کوردیەکان.
٢-دەرخستنی کاریگەرییە جوانیناسیی و بابەتییەکانی قوتابخانەکانی دەرهێنانی جیهانی لەسەر دەرهێنەرە کوردەکان.

چوارەم: سنوری توێژینەوە

١-سنوری شوێن: هەرێمی کوردستان- عێراق (هەولێر، سلێمانی، دهۆک)
٢-سنوری کات: (٢٠١٠ – ٢٠٢١)
٣-سنوری بابەت: ناساندنی قوتابخانە سینەماییە جیاوازەکان و کاریگەرییان لەسەر دەرهێنەری کورد دەکاتە بابەتی خۆی.

پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە

توێژەر پشتی بە ڕێبازی شیکاری وەسفی بەستووە کە ڕێکدەکەوێت لەگەڵ زانستە مرۆڤایەتیەکاندا، وەک ئەدەب و هونەر، (کە بە واتای وەسفی هەرچی گیانلەبەر یان بێ گیان، و دیاردەیەک لە ئێستادا (ئامادە لە ئێستادا) و پێکهاتەکەی و کردارە باوەکانی و تۆمارکردنی و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی. لێکۆڵینەوە لە حەقیقەتە ئێستاییە پەیوەندیدارەکان بە سروشتی دیاردەیەک و هەڵوێستێک یاخود کۆمەڵێک خەڵک و کۆمەڵێک ڕووداو یاخود کۆمەڵێک بارودۆخ یان هەر جۆرە دیاردەیەکی تر.)(سعید، ١٩٩٠، ل٩٤)

شەشەم: کۆمەڵگای توێژینەوە

لەم بوارەدا کۆمەڵگای توێژینەوە بە هەرێمی کوردستانی عێراق دەستنیشان دەکرێت بە فیلمێک، لێرەشەوە توێژەرە دەستنیشانی ئەو فیلمەی کردووە لە یەکەی شیکردنەوەی فیلمدا کە قوتابخانەی ڕیالیزم دەگرێتەوە.

حەوتەم: دیاریکردنی دەستەواژەکان

١-قوتابخانە:

((بەپێی پێناسەی فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)، قوتابخانە بەو شوێنە دەوترێت کە قوتابی تێدا فێر دەکرێت، جا چ لە شێوەی قوتابخانە بێت یاخود زانکۆ و کۆلێج بێت. یان هەر دامەزراوەیەک کە ڕێنمایی دیاریکراو سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو دەبەخشێت. یاخود گروپێک لە هونەرمەند، نووسەر یاخود فەیلەسووف کە لە هەمان ڕا و بۆچووندا هاوبەش بن.) (Soanes, etal, ٢٠٠٦, p. ٨١١)

٢-دەرهێنان:

((وشەیەکە زمانی ئینگلیزی لە بنەچەی وشەی (direct)ی زمانی لاتینییەوە وەریگرتووە، بەڵام بنەچەی وشەکە بە لاتینی (diregere) یە کە بەمانای: هەڵدەستێت؛ بەڕێکدەخات؛ ئاراستەدەکات؛ ڕێنیشاندەرە. لەگەڵ ئەوەشدا مانای سینەمایی وشەکە سیفەتە بۆ ئەو کەسە بەکاردێت کە ئامۆژگاری دەدات بە ئەکتەرەکان و کاستی فیلمەکە بەمەش وشەکانی نێو سیناریۆ دەکات بە وێنە و لەسەر سکرین نمایشدەکرێت.)) (جاکسون، ٢٠٠٨، ل ١٣٠ – ١٣١)

٣- سینەما:

(کورتکراوەی وشەی Cinematographeە، ئەم وشەیە واتای جیاوازی هەیە، لە یەککاتدا ئاماژەیە بۆ بۆ ستایلێکی تەکنیکی و بەرهەمهێنانی فیلم (کارکردن لە سینەمادا) و نمایشکردنی (ئاهەنگە سینەماییەکان) و هۆڵی نمایش (ڕۆشتن بۆ سینەما) و کۆمەڵێک چالاکی لەو بوارەدا (مێژووی سینەما) و هەروەها کۆمەڵێک سەرچاوە و نووسراوی بەفیلمکراو کە پۆلێنکراون بۆ چەند بەشێک، وەک؛ سینەمای ئەمریکی و سینەمای بێ دەنگ و سینەمای خەیاڵکرد و سینەمای بازرگانی...) (جورنو، ٢٠٠٩، ل١٦)

بەشی دووەم

تەوەری یەکەم: جۆرەکانی قوتابخانەی دەرهێنانی سینەمایی

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و لەگەڵ سەرهەڵدانی سینەما، کامێرا تەنها وێنەی دەگرت، وەک ئەو چاوە بوو کە ئەرکەکەی تەنها ڕوانین بوو لە شتەکان و وێنەی دەگرتن بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی هەبێت لەسەر چۆنیەتی گواستنەوەی بابەتەکان، ئەمەش بە ڕوونی لە فیلمەکانی برایانی لومیێر(Lumiere Brothers) دا دەردەکەوێت، لێرەدا وەک دەبینین لە فیلمەکانیاندا هیچ کاریگەرییەکی دەرهێنەر نییە بەسەر درووستکردنی فیلمەکەوە چونکە ئەوان بەئامێرە نوێکەی خۆیان تەنها وێنەی ڕۆژێک یان ساتێکی مرۆڤیان وەرگرتووە و پاشان نمایشیان کردووە، واتە کارەکە تەنها جۆرێک لە تەکنیک بووە. (ئامێری سینەماتۆگراف تەنها ئامێرێک بووە نەک نێوەندێکی هونەری، توانیویەتی وێنەی جوڵاو تۆمار بکات و پاشان لەسەر سکرین نمایشی بکات کە ئەمەش سەرکەوتنێکی تەکنیکی بووە نەک هونەریی و دەرخستنی لایەنی جوانیی و ئاسۆی ڕوونیان تێدا نەدیوە وەک هونەر) (روبنسون، ١٩٩٩، ل ٢٥)، پاشان لە سەرەتای سەدەی بیستەوە کە سینەما بەرەوپێش دەچێت و وەک هونەرێکی گرنگ خۆی دەچەسپێنێت لە دنیادا، ئەوا دەبینین هەم وەک لایەنی تەکنیکی دەرهێنەر ئەرکەکانی جیا دەکاتەوە و کاریگەرییەکی باڵاتر درووستدەکات لە فیلمەکاندا و دیدگا و خەیاڵی خۆی زیاتر جێدەکاتەوە و کامێرا دەجوڵێنێت بە پێی ئەو خواست و ویستەی خۆی کە هەیەتی بەرامبەر بە گێڕانەوەی وێنەییانەی چیرۆکی فیلمەکە (لەم ماوەیەدا دەبینین فیلم گرتەی جیاواز دەگرێتە خۆ و وەک پێوانەی فیلمەکە دەردەکەوێت نەک جیاوازی. درووستکەری فیلم لەم ماوەیەدا زیاتر بەو هۆکارە گرتەکان دوا بەدوای یەکدا بەکاردەهێنێت بە ئامانجی جەختکردنەوە لە خاڵە دیارەکان لە نێو ڕوودایکدا وەک لایەنی گرنگی بیناکردنی گێڕانەوە بە درێژی یاخود درووستکردنی پەیوەندییە کاتی-شوێنییەکان بە شێوەیەکی ڕوون) (بیرسون، ٢٠١٠، ل ٧٦)، ئەمەش دەبێتە سەرهەڵدانی تایبەتمەندێتی دەرهێنەر بەسەر کەشی گشتی فیلمەکەوە لە بواری گرتە و جیاوازی فیلم، چونکە لەم ماوەیەدا دەرهێنەر بونیادی خۆی دادەڕێژێت لە ڕێگای خوێندنەوەی بۆ بوارەکانی مێژوو و جوانیانسی و ئایدیۆلۆژی کە ئەمانەش لە فۆرمی فیلمێکدا کۆدەکاتەوە کە بە شێوەیەکی فەلسەفی، و بە مەبەست لە نێو فیلمدا بە کاتێکی دیاریکراو پێشکەشیان دەکات. فیلمیش دەبێت بەخششێک بێت کە جوانیی و زانستی تایبەت بە خۆی تێدابێت کە دواتر هەڵگری چێژبێت بۆ ئەو بینەرەی کە دەیبینێت. لێرەشەوە دەرهێنەر فۆرمی تایبەتمەند بە خۆی پەیدا دەکات، کە پاشان ڕەخنەگران هەم لەباری جوانیناسی و هەم لە باری تەکنیکییەوە شێوەیەک بەو خواستانەی دەرهێنەر دەدەن و دەیانخەنە نێو

چوارچێوەیەکی تیۆریی و لەوێدا کارەکانیان هەڵدەسەنگێنن و وەک شێوەیەک لە قوتابخانە جیایان دەکەنەوە لەوانیتر، بە نموونە هەندێک دەرهێنەر دەخەنە نێو (ڕیالیزمی نوێی ئیتاڵی، ئەم بزووتنەوەیە زۆر بەردەوام نەبوو. بەڵام بەشێوەیەکی فراوان وەک بزووتنەوەیەکی کاریگەر و جیاواز بووە جێی بایەخ و سەرسامی. گرنگترین سیماکانی ئەم بزووتنەوەیە، بەکارهێنانی ئەکتەری ناپرۆفیشناڵ و وێنەگرتن لە شوێن و جێگای دەرەوەی ستۆدیۆ و جەختکردنەوە لەسەر بابەتە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان.) (جاکسون ٢٠٠٨، ل ٣١٧)، هەندێکیتریان دەخەنە نێو ئێکسپرێسیۆنیزمی ئەڵمانی) وەک چەمکێک ئاماژەیە بۆ ئەو فیلمە هونەرییە ئەڵمانیانەی کە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا کاریگەربوون بە بزووتنەوەی ئێکسپرێسیۆنیزم. فیلمەکانیش تایبەتمەندی ئەم شێوازەیان وەرگرتبوو، ڕووناکی پێگەیەکی بەرزی هەبوو، گێڕانەوەش لەسەر یەک هێڵ نەبوو، مەیل بۆ وێنەگەلێک کە لە خەون دەچوون. (هوراك، ٢٠١٥، ل ٤٤٥) و بەو تیۆرانە جێیان دەکەنەوە. ئەگەرچی دەرهێنەرانێک هەبوون کە ئەم جۆرە لە سنووربەندیی و لە چوارچێوە گرتنەی خۆیانیان بەدڵ نەبووە و حەزیان کردووە یان هەوڵیان ئەوەبووە کە زیاتر ئازاد بن و لەنێو کۆت و بەندا گیرنەکرێن، بەڵام دەرهێنەرانیتر بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە خۆیان بە بەشێک بە نموونە (شەپۆلی نوێی فرەنسی) زانیوە کە چەمکێک بووە ڕۆژنامەنووسە فرەنسیەکان دایانڕشت بۆ تۆمارکردنی یەکێک لە گرنگترین پەرەسەندنەکانی مێژووی سینەما. ئەوەش لەسەر دەستی کۆمەڵێک ڕەخنەگری گەنجی سینەمایی درووست بوو کە بە مەبەست پێشێلی یاسا سینەماییەکانیان کرد. کە چەند تایبەتمەندیەکی هەبوو، پشتبەستن بە شوێنی ڕاستەقینە بۆ وێنەگرتن، کامێرا لەسەر دەست هەڵگیرێت، بڕینی لەناکاو لە ڕێی مۆنتاژەوە. بگرە خۆشیان بەشێک بوون لە درووستکردن و بنیادنانی. (جاکسون ٢٠٠٨، ل ٣٢٤). (مێژووی سینەما مێژوویەک نەبووە لەسەر یەک هێڵ بەردەوام بێت، بەڵکو مێژووەکەی لەسەر ئەو ساتە جیاواز و تایبەتمەندانە درووست بووە کە بوونەتە هۆی بەربەست و هەڵگەڕاونەتەوە بەرامبەر بنەچە جێگیرەکان، چی ئەگەر ئەم بنەچانە بنەچەی جوانیناسی بووبن یاخود بنەچەی ئابووری بووبن) (آنبال، ٢٠٠٠، ل ٣)، ئەمەش بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکانی فکر و ئایدۆلۆجیا و کلتور بووە و کاریگەریان هەبووە لەسەر ئایدیا و دیدگای دەرهێنەران، کەواتە دەبێت بڵێین ئەوە دەرهێنەران بوون کە بە کارەکانیان ڕەوت و قوتابخانە سینەماییەکان بنیاد دەنێن و پاشان تیۆرسێن و ڕەخنەگران دێن لەسەر بناغەی کارەکانی ئەوان ڕەوت و قوتابخانە جیاوازەکان ناودەنێن، چونکە بەگشتی دەرهێنەران وەک بناغەیەکن و (بناغەکانیش گەڕانن بە دوای شێوازی دەرهێنەرێک و جیاکردنەوەیان لە دەرهێنەرانی دی، بەو واتایەی دەکرێت حاڵەتێک یان چەند حاڵەتێک هەبن تێیدا کۆمەڵێک دەرهێنەر هاوشێوەی یەک بن لە شێوازدا، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە پێکەوە پەیوەستن بە یەک جۆری شێواز و قوتابخانەوە) (ثامر، ٢٠١٦، ١٠٩).

هەر لەوکاتەی کە سینەما دەکەوێتە سەرپێی خۆی و وەک هونەرێک دەناسرێت دەرهێنەر بە بەڕێکخەر و داینەمۆی سینەما دەناسرێت لەبەر ئەوەی هەموو کارەکان لەسەر بنیادی ڕوئیا و دنیابینی ئەو دەوەستێت و دواجار فیلمسازی و سینەما بە گشتی لەسەر بناغەی وێنە دەوەستێت و دەگێڕدرێتەوە، بەواتایەکی تر(دەرهێنەر بەرپرسی یەکەمی شیکردنەوەی گشتی دەق سیناریۆکەیە و دیاری کردنی ڕەهەند و ڕەگەزەکانیەتی و دیسان شیکردنەوەیان بۆ هونەرمەندانی وەک ئەکتەر، دیزاینەر و تەکنیکییەکان. ئەرکە لەسەر دەرهێنەر کە هەموو ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنان لەبەرچاو بگرێت و جەخت بکاتەوە لەسەر یەکگرتوویيان پێکەوە) (جانيتي، ١٩٨١، ل ٣٧٣)، کەواتە پێویستە دەرهێنەر خوێندنەوە و دنیابینی خۆی بخاتە سەر سیناریۆ و ئاراستەی ڕووداوەکانی ناوی تێکەڵ بە دنیابینی و تێگەشتنی خۆی بکات و پاشان بتوانێت کە پەیوەندییەک لەنێوان خۆی و بەشەکانی وەک دیزاین و جل و بەرگ و لایەنە تەکنیکییەکانی وەک ڕووناکی و کامێرا درووست بکات و بەشێوەیەکی پێویست و گونجاو بەڕێوەیان بەرێت کە دواجار یەکانگیر بن لەگەڵ ئەکتەر و پێکەوە هەموو ئەو لایەن و بەشانە ببنە وێنەی سینەمایی لە کاتێکی گونجاو و دیاریکراودا کە هەڵگری پەیامێکی هونەری و تەکنیکی و جوانیناسی چێژبەخش بن.

ئەم قوتابخانە و ئاراستانە لەسەرەتای سینەماوە (لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە بە دوو ئاراستە گەشەیان کردووە: ڕیالیزم و ئێکسپرێسیۆنیزم. برایانی لومیێر بە فیلمی وەک - گەشتی شەمەندەفەر- کە وەک جادویەک بوو بەرامبەر بینەران چونکە وا دەردەکەوت کە جڵەوی ڕووداوەکانیان بە شێوەیەکی خۆڕسک گرتووە وەک لە ژیانی واقعدا دەیبینین. بە نزیکەیی لە هەمان کاتدا جۆرج میلیە کۆمەڵێک فیلمی درووستکرد کە نغرۆ بوون لەنێو خەیاڵ و گرنگیان بە ڕووداوی تەواو خەیاڵی دەدا، وەک فیلمی – گەشتێک بەرەو مانگ – کە ئەم فیلمە پێکهاتەیەک بوو لە گێڕانەوەی سەیر و وێنەگرتنی فێڵاوی) (جانيتي، ١٩٨١، ١٥-١٦) کەواتە وەک لە فیلمی (گەشتی شەمەندەفەر- The Arrival of a Train)ی برایانی لومیێردا کە ساڵی ١٨٩٥ وێنەیان گرتووە، دەبینین ئەوە کاریگەری وێنەی واقعییە کە وا لە بینەر دەکات توشی ترس و شڵەژان بێت، چونکە وێنەی جوڵاوی شەمەندەفەرێک دەبینێت کە بەرەو ئاراستەی چاوی دێت، ئەوەش یەکەمجار بوو بینەر خۆی ببینێتەوە، چونکە برایانی لومیێر کامێراکەیان بە ئاراستەیەک دانابوو کە شەمەندەفەرەکە بەرەو ڕووی کامێرا دێت (شەمەندەفەرەکە لە قوڵایی سکرینەوە دەگات بەرەو لێنزی کامێراکە، ئەمەش دەبێتە هۆی ترس و تۆقینی بینەر لەوەی کە بکەونە ژێر پێچکەکانی، بەم جۆرە ڕوانینی مرۆڤ و ڕوانینی ئامێرەکە یەکانگیر دەبن و بۆ یەکەمجار کامێرا دەبێتە پێکهاتەیەکی درامی و وێنەی واقعی ژیان دەبەخشێت) (سادول، ١٩٦٨، ل٣٢)، ئەمە لە یەککاتدا هێزی سینەما و کاریگەری وێنەی جوڵاو و هەروەها گۆشەی کامێرا دەگەیەنێت بە شێوەیەکی واقعی، کە ئەم کاریگەریەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەرهەست و سۆز و کاردانەوەی بینەر و ڕوانینی بینەر، هەروەها دەرکەوتنی سینەما پیشان دەدات وەک هونەرێکی نوێ و چاوەڕواننەکراو لە دنیادا. لەگەڵ گەشەکردنی ئەم هونەرە نوێیە و پێشکەوتنی لایەنە تەکنیکیەکانی سینەما و هەروەها بە سود وەرگرتن لە چیرۆک و بەتایبەتیش کاریگەری هونەرێکی دێرینی وەک هونەری شانۆ ئەوا دەبینین چیرۆکیش دێتە ناو سینەما و بیرکردنەوەی جیاواز و دنیابینی جیاوازی دەرهێنەر دەبێتە هۆی گەشەکردنی زیاتری هونەری سینەما و ئاراستەی جیاواز لە واقع پیشان دەدات و خەیاڵی دەرهێنەر کاریگەریەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر گێڕانەوە و وێنە درووستدەکات بە شێوەیەک کە کەسێکی وەک جۆرج میلییە و لە فیلمی (گەشتێک بەرەو مانگ - A Trip to the Moon) دا کە لە ساڵی ١٩٠٢ درووستیکرد، زیاتر ڕۆدەچێت بەناو ئێکسپرێسیۆنیزمدا (دەق فیلمەکە لە دوو ڕۆمانی بەناوبانگی نووسەری ئینگلیزی ویلس وەرگیرابوو، بەڵام میلییە ئایدیای سەرەکی چیرۆکەکەی بە تایبەتمەندی خودی خۆیەوە جێبەجێکرد کە بە ڕۆحێکی گاڵتەجاڕانە لە نێو خەیاڵێکی سەرنجڕاکێشدا پیشانمان دەدات) (سادول، ١٩٦٨، ل ٤٨)، ئەم فیلمە وەک سەرەتایەکی گرنگە بۆ وەرگرتنی دەق و گۆڕینی بە وێنە و جێکردنەوەی تەکنیکی سینەمایی ئەگەرچی سەرەتاییش بن، بۆ خۆی جگە لەوەی کە شێوەیەکی نا واقعی سینەمایی بووە و بە ئاراستەی ئێکسپرێسیۆنیزمدا ڕۆشتووە لە هەمان کاتدا وەک سەرەتا و بناغەیەکی گرنگی ڕەگەزێکی

سینەمایی دادەنرێت کە بە (سینەمای خەیاڵی زانستی – Scinece Fiction) دادەنرێت، شێوازێکی سینەماییە کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە، زۆرکات پشت بە تێچووی زۆر و کاریگەرییە تایبەتییەکان و هەروەها لە نێو فیلمەکاندا و نواندنی کەم دەبەستێت (جاکسون، ٢٠٠٨، ل ٤٠٤).

پاشان ئەو دوو شێوازە سەرەکییە لق و پۆپی جیاوازیان لێ بووەتەوە و ئەوانیش بە پێی خۆیان گەشەیان کردووە، ئەگەرچی ئەم گەشەکردنانە لە شێوەدا گەشەکردنێکی تیۆری دەردەکەون بەڵام لە نێو کاری دەرهێنەرانەوە هەڵقوڵاون (پێکهاتەی فیلم بە وێنە و دەنگەوە، دەرئەنجامی هەڵبژاردنێکە کە دەرهێنەر لە بارودۆخێکی مێژووبی تایبەتدا هەڵیبژاردووە) (Bordwell, ١٩٩٧, p ٤) کەواتە فیلمەکان پێش ئەوەی تیۆر بن پراکتیکن و زۆرتر لەسەر بناغەی کارە پراکتیکییەکانی دەرهێنەرانەوە ئەم تیۆریانە دارێژراون، ئەگەرچی هەندێک کات کارەکە پێچەوانە دەبێتەوە واتە تیۆرییەک هەیە و پراکتیکەکەی لەسەر بناغەی ئەو تیۆرییە بنیاددەنرێت و جێبەجێ دەکردێت. لەم دیدگایەوە بۆمان دەردەکەوێت کە وا بۆچوونێکی تر هەیە بۆ بینینی جیاوازی لەنێو فیلمدا ئەمەش وا دەردەکەوێت هەوڵێکە بۆ بناغەیەکی جیاوازتر لە بینین و شیکردنەوەی فیلم کە ئەوانیش یەکەمینان ڕیالیزمە،لە سینەمادا ئاماژەیە بۆ دوو ڕێگای جیاواز لە درووستکردنی فیلمدا، و دوو چارەسەر بۆ وێنەی سینەمایی. لە حاڵەتی یەکەمیاندا ئاماژەیە بۆ ئەو فیلمە سینەماییەی کە واقع دەنوێنێتەوە و هەڵگری متمانەیە بەرامبەر کارەکتەر و ڕووداوەکان. لە حاڵەتی دووەمدا خاڵی دەستپێکی لە میکانیزمی کامێرادا دەبێت بەرامبەر بە کۆپیکردنەوەی واقع. (واتس، ٢٠١٦، ل ١٠٤٧)، دووەمیان ئێکسپرێسیۆنیزمە، ئەم جۆرە سینەمایە مەیلی بۆ تێڕامان لە خود هەیە، بەرەو ئەوەی کە وا لە بینەر بکات بە هەستیاریەوە لە وێنە ساختەکە بڕوانێت و هۆشداربێت بە شوێنەکەی وەک بەکاربەری وێنە، ئەگەرچی ئەوە لەڕێ بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی دیکۆرە وێنەکێشراوەکان، یان بەکارهێنانی نائاسایی فیلمی خامی ڕەنگکراو و لێنزەکان، یاخود نامۆکردنی بینەر بە نواندنە لەڕادەبەرەکەی ئەکتەران لەنێو ئەم شێوازەدا. (هوراك، ٢٠١٥، ل ٤٥٥)، ئەم دوو بناغە جیاوازە دەمانبەن بۆ مەنهەجێکی زانستی و هونەرِی سینەمایی کە بە چەند شێوازێکی نوێ دەردەکەون (شێوازی قۆناغ دەستەواژەیەکە بۆ شێوازێک یاخود بزووتنەوەیەک کە هێندە زاڵ و گشتگیرە هەموو ئەو ماوەیە بەو ناوەوە دەکرێت. ئێکسپرێسیۆنیزمی ئەڵمانی نموونەی شێوازی قۆناغە، کە سەرەتای ساڵانی بیستەکانی داگیرکردبوو) (کاسبیار، ١٩٨٩، ل ١٥٤)، بەڵام هەرچی شێوازی جۆرە ئەوا بە پێچەوانەی شێوازی قۆناغ (شێوازی جۆر شەرمنە جار لە دوای جار سەرهەڵدەداتەوە و دەکرێت لە هەر زەمەن و سەردەمێکدا بەدی بکرێن. ئێکسپرێسیۆنیزم و ڕیالیزم دوو نموونەی شێوازی جۆرن.) (کاسبیار، ١٩٨٩، ل ١٥٥)، ئەمەش کاری دەرهێنەر لەنێو فۆرم و ناوەڕۆکی فیلمدا دەگرێتەوە، کە داخۆ کارەکەی دەچێتە کام قۆناغ؟ ئەگەرچی زۆر گرانە کاری دەرهێنەران لە قاڵب بدرێت و بخرێتە یەک چوارچێوەی تیۆریەوە، چونکە ئەوان دەکرێت لە هەر فیلمێکیاندا چەندان شێواز بەکاربهێنن و بچنە نێو شێوازە جیاوازەکانەوە، بەمەش تیۆرسێنان و شیکەرەوان و ڕەخنەگرانی سینەما ناچار دەبن کە هەوڵبدەن سیما و ڕووخسارەکانی شێوازە جیاوازەکان لەنێو هەر فیلمێکدا بدۆزنەوە و دیاریان بکەن، (ئەوەی کە وا لە هەرفیلمێک دەکات بە ئێکسپرێسیۆنیستی (یا هەر شێوازێکی تر) بناسرێت ئامادەیی ژمارەیەکی زۆر تایبەتمەندێتی ئێکسپرێسیۆنیستی لە فیلمەکەدایە. ئەگەرچی ئەم ژمارە سەرو زیادە ناروونە، بەڵام ئەم ناروونییە وادەکات چەمکی شێواز بە شێوەیەکی ئازادانە تر واتا بکەینەوە و لە واتایەکی بێ ڕۆح دوورتر بکەوینەوە. بۆ زۆربەی مێژوونووسانی سینەما ئامادەبوونی زۆرینە (یان هەندێجار تەنها زۆرینەیەک) لەم تایبەتمەندییە ئێکسپرێسیۆنیستییانە بەسە بۆ ئەوەی فیلمەکە بە ئێکسپرێسیۆنیستی دابنێین.) (کاسبیار، ١٩٨٩، ل ١٥٥)، بەڵام دەرهێنەر لە خۆوە و بێ پاساو فیلمەکەی پڕ ناکات لە تایبەتمەندێتی شێواز و قوتابخانەی جیاواز بەڵکو ئەو لە ڕووی ناوەڕۆک و لە ڕووی فۆرمەوە دەیەوێت کارەکەی هەم لە ڕووە مرۆڤایەتی و جوانیناسی و هونەرییەکەوە کامڵ بێت، هەم زەمەن و کاتی فیلمەکەش لە چوارچێوەیەک بێت کە بتوانێت بیگەیەنێتە بینەر و دواجار پەیامێک بێت کە بینەر قبوڵی بێت و بتوانێت تێی بگات. زۆرجار دەرهێنەر بیر لەوە ناکاتەوە کە ڕەخنەگر دواتر چۆن کارەکەی دەخاتە نێو قاڵب و تیۆرێکی سینەمایی بەڵکو ئەو تەنها کاری خۆی و فیلمی خۆی درووست دەکات، وەک چۆن ڕەخنەگر کاری خۆی دەکات. لێرەدا مەبەستی دەرهێنەر ئەوەیە کە کارەکەی جیاوازتر درووست بکات و بەگشتی دیدگای نوێ و دنیابینی و تێگەشتنەکانی خۆی بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ڕۆژ لە نێو فۆرم و شێوەی نوێ جێ بکاتەوە بەشێوەیەک کە فۆرم لەگەڵ ناوەڕۆک و چیرۆکدا یەکانگیر بن و چوارچێوەی زەمەنێکی دیاریکراو نمایشی بکات.

تەوەری دووەم: کاریگەری قوتابخانەکانی دەرهێنان لە فیلمی کوردیدا

کاتێک بە تێڕوانینێکی ورد تەماشا دەکەین و فیلمەکان هەڵدەسەنگێنین دەبینین زیاتر کاریگەریی سینەمای ئەورووپی دیارە بەسەر فیلمە کوردییەکانەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ دەرهێنەر چونکە (دەبێت وا تەماشای چەمکەکانی شێواز بکرێت کە لە ڕووی کاتەوە ڕێژەیین. لەگەڵ گۆڕانکارییە بەردەوامەکان لە بوارەکەدا و لە گەڕانی مێژووییدا، دەکرێت چاوەڕێی گۆڕانکاری بین لە لیستی دیاریکردنی شێوازدا، بەم شێوەیە سروشتێکی کراوەی دیاریکراو لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە وادەکات ئەم فیلمە یان ئەویان لە خۆیدا سەر بە شێوازێک بێت) (کاسبیار، ١٩٨٩، ل ١٥٦)، کە وا دەکات زیاتر تەماشای ئەو ماوە زەمەنیە بکەین کە فیلمەکەی تێدا درووستکراوە، لەبەرئەوەی کۆمەڵێک کاریگەری هەیە کە دەکەونە سەر دەرهێنەر و شێوازی گێڕانەوەکەی، کە دیسان دەبێت ئەوانەش لەبەرچاو بگیرێن، وەک کاریگەرییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان کە ئەمانە بە گشتی کاریگەرییان هەیە لەسەر دیدگا و ڕوانینی دەرهێنەرێک دەربارەی درووستکردنی فیلمەکەی، (وەک (کروبیر)ی زانا جیایان دەکاتەوە، کە شێوازی هونەرەجوانە نمایشییەکان لە سێ توخم پێکهاتوون، یەکەمیان ئەو بابەتەیە کە هونەرمەند مامەڵەی لەگەڵ دەکات، دووەمیان تێگەشتنی هونەرمەندەکەیە بۆ بابەتەکە، سێیەمیان فۆرمی تایبەتمەند و ڕێگای جێبەجێ کردنیەتی) (مونرو، ٢٠١٤، ل ١١٥)، کە دەبێت دەرهێنەر بەباشی هەڵیانبسەنگێنێت و کاریان تێدا بکات و بیانقۆزێتەوە و بیانکاتە بەشێک لە فیلمەکەی، ئەمەش هەرچەندە لایەنی جوانیناسیانە و دیدگای جوانی دەرهێنەر دەگرێتەوە بۆ فیلمەکە، لەگەڵ ئەوەشدا تووشی چەند تەنگوچەڵەمەیک دەبێتەوە بەتایبەت لە ڕووی ئابووری و نمایشی فیلمەکانەوە، چونکە ئێمە لە کوردستان بەتەواوی کەرتی بەرهەمهێنانی فیلممان نییە و ناتوانین بەو ئاستەی وڵاتانی پێشکەوتوو فیلمەکانمان درووستبکەین، لەبەرئەوەی (لە جیهانی

سینەمادا دوو فاکتەری هاوتەریب هەن لێکتر جودا نابنەوە و یەکێک تەواوکەری ئەوی تریانە، یەکێکیان پیشەسازی فیلمسازییە، وەک هەر پیشەسازییەکی دیکەی بازرگانی کە تێیدا پێوەری بازاڕ و قازانج و زیانی تێدا دەکرێت و فیلم وەک هەر کەرەستەیەکی دیکە دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت، بە هەزاران کۆمپانیا لە کەرتی تایبەتدا بە هەموو کەرەستەکانی خۆیانەوە ڕکابەری لەگەڵ یەکتر دەکەن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین داهات، فاکتەری دووهەمیان بوون و نەبوونی هۆڵی سینەما و بینەری سینەمایە کە تێیدا سینەما دەبێتە یەکێک لە پێداویستییە شارستانییەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ وەک هەر پێداویستییەکی ڕۆژانە و ناتوانێت لێی جودا بێتەوە) (عەبولرەحمان، ٢٠١٨، ل ٥٤)، کە نەبوونی ئەو هۆکار و فاکتەرانە وا دەکات دەرهێنەر پشت بەو سەرچاوە مرۆیی و لۆجستیانە ببەستێت کە لەبەردەستیدان و بەرکاریان بهێنێت، چونکە دەرهێنەری کورد زۆربەی جار خۆی بابەتی فیلمەکەی دەنووسێت و دەستنیشانی دەکات، ئەمەش لەسەر بناغەی سەرچاوە داراپی و هونەریی و مرۆییەکانی بەردەستیەتی و دەیەوێت جۆرێک لە فیلم بخولقێنێت کە بەدەربێت لە تێچووی زۆر و نزیک بێت لە ئایدیا و تێگەشتنی خۆی بۆ دەوروبەرەکەی.

دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەو کاریگەریانە بە ئاگایی یاخود نائاگایی یان بەر جۆرێک بێت کاریگەری خۆیان لەسەر دەرهێنەری کورد و پاشان لەسەر تەواوی فیلمێک جێهێشتووە، ئەمەش دەکرێت لە نێو تەواوی پێکهێنەرە گشتیەکانی فیلمی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا دیاری بکرێت، بە هەردوو ڕەگەزە سەرەکیەکەی فیلمەوە چی دیکۆمێنتاری بن یاخود فیلمی درامی بن.

١-٢ڕەگەز و پێکهاتەکانی فیلمی کوردی

پاش ئەو دۆخە سیاسییەی کە لە باشوری کوردستان (کوردستانی عێراق) لە ساڵی ١٩٩١ دروستدەبێت و بەشێک لە کوردستانی باشور ئازاد دەبێت و بەتەواوی دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی کورد و خۆی بەڕێوەی دەبات، ئەمەش وادەکات لە هەموو ڕووەکانەوە بەرهەمەکان بکەونە دەست کورد خۆی و جۆر و چەندێتی بەرهەمهێنان لە هەموو بوارەکاندا ئازادییەکی تەواوی دەبێت و سانسۆرەکان یان نامێنن یاخود زۆر کەمدەبنەوە (ئەم پرسە نەک بووە هۆی دابینکردنی ئاسایش، بەڵکو دەرفەتێکی خولقاند تاکو کوردەکان لە هەوڵی سەقامگیرکردنی دەستەڵاتی خۆیاندا بن. کوردەکان بە دامەزراندنی تەلەفزیۆنی کوردی و بەرهەمهێنانی فیلمی ڤیدیۆیی، یەکەمین قۆناغیان بۆ بەریلاوترکردنی ئامادەکردنی بەرهەمی دیداریدا بڕی.) (سینا، ٢٠١٨، ل ١٢٤)، بەتایبەت بۆ بەرهەمە هونەریی و کەلتوریەکان، ئەمەش وادەکات کە سینەما بەجۆرێکی تر خۆی دەرخات لەم پارچەیەدا و بەتەواوی بکەوێتە دەست هونەرمەندی کورد، چونکە بەش و بەڕێوەبەرایەتی تایبەتمەند لە شارەکاندا هاوشان لەگەڵ هونەرەکانی تر و لایەنەکانی تری ژیان، تایبەت بە سینەماش درووست دەبن و حکومەت وەک ئەرکێکی کلتوری بەڕێوەیان دەبات و لە سەرەتادا لە پەنا کەناڵەکانی تەلەفزیۆندا ئەرکی بەڕێوەبردن و بەرهەمهێنانی بەشێک فیلمەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی. ئەمە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی فیلمە کوردیەکان، ئەگەرچی لە سەرەتاوە زۆربەی ئەو فیلمانەی کە بەرهەمدەهاتن فیلمی کورت و ڤیدیۆیی بوون و زیاتر تایبەت بوون بە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە، بەڵام بۆخۆی ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ دەرکەوتنی هونەرمەندانی دیار و بەرچاو لە بواری فیلم و فیلمسازی دا لە هەموو ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی ناو فیلمێکدا، پێکەوە هونەرمەندانی کورد بەپێی دنیابینی و شارەزاییان لە سینەمادا واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری و ئایدیای خۆیان بۆ دەوروبەرەکەیان، فیلمەکانیان بە هەردوو جۆرەکەی واتە بەڵگەنامەیی و درامی درووستدەکەن. ئیتر لێرەوە هونەرمەندی سینەماکار و دەرهێنەرە کوردەکان لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شوناسێک لە نێو سینەمادا کە تایبەتمەندی و دنیابینی خۆیانی تێدا جێ بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی بابەتەکانی ناو فیلمەکانی ئەم قۆناغە دەربارەی نەهامەتی و کارەساتەکانن کە بەسەر کورددا هاتوون، واتە لێرەدا هونەرمەند و دەرهێنەری کورد زیاتر بەرەو جۆرێک لە خۆ نمایشکردنەوەی ئازاری نەتەوەکەی دەچێت (فیلمەکانیان جۆرێک لە قاڵبی سیاسی وەردەگرن و دەیانەوێت ئەوەی لە ڕابردوودا نەتوانراوە بکرێت بەهۆی سەرکوتکردنەوە لە ئێستادا بکرێت و بخرێتە چوارچێوەیەکی سینەماییەوە، ئەمەش لەڕێگای هێنانەوەی بابەتەکان بۆ سەردەمی خۆی و دیسان درووستکردنەوەیان بەشێوەیەک کە لەگەڵ توانا و کەرەستە و تەکنیکە بەردەستەکانی بگونجێت و بتوانێت فیلمەکانی بەو جۆرە درووستبکات کە خۆی دەیەوێت، ئەگەرچی ئەم ویستە بۆخۆی پڕە لە ئاستەنگی تەکنیکی چونکە لەژێر ئابڵوقەیەکی ئابووریی و کەلتوری چڕدایە و بە ئاسانی دەستی ناگاتە کەرەستە هاوچەرخەکانی سینەما، بەڵام هەوڵەکان و بەرهەمەکانی دەرهێنەر و هونەرمەندی کورد شایانی ڕێزن، چونکە بۆخۆی بناغەیەکی بەرچاو دادەڕێژێت، لەم نێوانەدا، فیلمسازە کوردەکان بە لەبەرچاوگرتنی زەمینە زیهنییەکان و هەروەها ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نواندنەوەی خراپی کەسایەتی کورد لە فیلمە پێشووەکاندا لە ئاراستەی چارەسەری ئەم کێشەیەدا، دەستیان کرد بە درووستکردنی فیلم سەبارەت بە کوردەکان...) (سینا، ٢٠١٨، ل ٢٤١). فیلمسازی کورد دەیەوێت خۆی لەڕێگای فیلمەوە جارێکی تر کەسایەتی کورد بە شێوە و ناوەڕۆکێکی جوان و باشترەوە دەرخات، بە تێچوویەکی کەم پەیامێکی گرنگ کە لە ڕابردوودا لێی بێ بەش بووە بگەیەنێت، دەتوانین بڵێین لەم قۆناغەدا دەرهێنەری کورد ئەگەر بە ئاگاییەوە بووبێت یاخود نائاگایی بە تێڕوانین لە فیلمەکانی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان ئەوا زیاتر لەژێر کاریگەری (سینەمای ئازاد یاخود ڕیالیزمی بەریتانی) دا بووە (کە بزووتنەوەیەکی بچووک بوو بەڵام کاریگەرییەکانی بەهێز بوون، لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە بەریتانیا سەریهەڵدا، مەبەست لێی دۆزینەوەی نواندنەوەی "گرنگی ژیانی ڕۆژانە بوو" بەجۆرێک کە دووربکەونەوە لە کۆتوبەندە بازرگانییەکان.) (جاکسون، ٢٠٠٨، ل ١٩٣)، چونکە سینەماکە هەژارانەیە و زیاتر بە فیلمی دیکۆمێنتی دەستپێدەکات و بایەخ بەو بابەتانە دەدات کە بەشێکن لە کورد و لە تاکی کورد بەتایبەت کەسانی ئاسایی کە ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری جینۆساید و ئەنفال و کیمیاباراندا بوون و ئەوان خۆیان بە بەشێک لە ڕووداوەکە دەزانی و زۆرجار بابەتەکان لە دەوری ئەواندا دەخولێتەوە و دەبنە پاڵەوانی فیلمە کوردیەکان (ئەم جۆرە بڕواگەلە تەرکیز دەکەنە سەر کەسە کوژراوەکان، مەرگ و خەسارەکان و جەخت لەسەر خراپی دوژمنان دەکەنەوە. لەم جۆرە دیمەنسازییەدا، پێداگریی لەسەر چارەنووسی کارەساتبار و ناخۆشی گرووپی خۆیی دەکەنەوە، مەرگ و بریندار بوونی کەسەکان بەرجەستە دەکرێتەوە و شایەتی و بەڵگە دیدارییەکانی پێوەندیدار بە گرووپ وەک نیشانەیەک بۆ قوربانی بوون، پیشان دەدرێت) (سینا، ٢٠١٨، ل ١٦٤)، هەروەها گرنگی گرتەکان وەک جۆرێک لە حاڵەتی جوانیناسی تایبەت بە بابەتەکە و نزیکی لە کارەکتەرەکان و ئاشنایی کارەکتەر لەگەڵ دەوروبەریدا دەردەخات، کە

ئەمەش دەبێتە ڕاستەوخۆ پیشاندانی بابەتی مەبەست کە گرێ و تەنگوچەڵەمەی زۆر کەم دەخاتە بەردەم کارەکتەر، بابەتەکە وەک بابەتێکی ئاسایی تەماشا دەکرێت و کارەکتەرەکان دیالۆگی خۆیان دەڵێن، کە ئەم کارە لەوانەیە هەژاری نووسەر و دەرهێنەر بێت لە ئاستی هونەرێکی وەک سینەمادا کە ناتوانن وێنەییانە مەبەستە جوانیناسییەکانی پەیوەست بە سینەما و فیلمەکانیان بگەیەنن لە چوارچێوەیەکی پەیامداری سینەمایی، یاخود کاریگەری هونەری شانۆیە بەسەر هونەرمەند و دەرهێنەرەکانی فیلمەکانەوە، چونکە بەشێکی بەرچاوی ئەوان لە نێو شانۆوە هاتبوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین جۆرێک لە مەبەستی دەرهێنەر و نووسەری فیلمەکان تەماشا دەکرێت چونکە ئەو دەیەوێت بینەری ئاسایی وردە وردە بەرامبەر بە فیلمی کوردی ڕابهێنێت و بتوانێت تا ئاستێکی باش تەماشاکەری فیلمەکە بێت و هەم لەڕێگەیەوە بتوانێت خەیاڵ و دنیابینی مرۆڤی کورد بدوێنێت و ئاشنای بەشێک لە ڕابردووەکەی خۆی بکات. وەک لە فیلمی (بەهەشتێکی سوتاو)دا دەبینین کە ساڵی ١٩٩٥ بەرهەمهاتووە و لە دەرهێنانی (ئاراس ڕەشید)ە. دەرهێنەر دەیەوێت بینەر بە ڕابردووی خۆی ئاشنا بکات بەتایبەت کە کورد وەک قوربانییەکی سەرەکی جەنگی دوو وڵات کە ئێران و عێراقن و لەنێو کاریگەریەکانی ئەو جەنگەدا کۆمەڵگەی کورد بێ دەستەڵات تەماشاکەر و قوربانیدەرە. لێرەدا وردە وردە سینەما لە باشوری کوردستان خەریکە دەکەوێتە سەرپێ، بەوەی دەیەوێت کارەساتەکان بیرنەچنەوە و بەشێک لە بونیادی فیلمەکانی خۆی لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە بە چیرۆک و پاڵەوانی جیاواز درووستدەکات. ڕاستە لەم کاتەدا فیلمەکان بە کامێرای سەرەتایی دیجیتاڵی وێنە دەگیرێن بەڵام ئەوە بۆخۆی وادەکات کە سینەماکار یاخود هەر کەسێک کە ئاشناییەکی کەمی هەیە لەگەڵ هونەری سینەما بتوانێت (چیرۆکە سۆزداری و هەستەکانی خۆی و بۆچوون و فەلسەفەی خۆی دەربڕێت، و هیچ گومانێکیشی تێدا نییە ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر بەرهەم و فکری سینەماکارە نەریتییەکان، و سینەماکاری نوێ دەخاتە سەر نەخشەی ئەم هونەرە کە سیمای سەرەکییان بریتییە لە داهێنان بە کامێرای بچووکی دیجیتاڵی و مۆنتاجی دیجیتاڵی) (شيمي، ٢٠١٣، ل ٢٨٤) کە ئەمەش ڕەنگە زیاتر بە هۆکاری ئەو ئابڵوقە ئابوورییە بووبێت کە عێراق لەو سەردەمەدا تێیکەوتووە و بووەتە هۆی ئەوەی کە هونەرمەندان و دەرهێنەرانی سینەمایی لە کوردستان بیر لە ڕێگای ئاسانتر بکەنەوە و بە تێچووی کەمتر فیلمەکانیان درووست بکەن.

لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکدا فیلمە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەرە بەرە ڕێچکەی خۆیان دەدۆزنەوە و بەرهەمهێنان و بودجەی فیلمەکان کەمێک زیاتر دەبن، ئەویش بەهۆی کرانەوەی وڵاتی عێراق بەڕووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لابردنی ئابڵوقەی ئابووریی لەسەری، لەم ماوەیەدا فیلمی بڵندی سینەمایی درووستدەکرێن، و ڤیستیڤاڵی سینەمایی لە شارەکاندا سازدەکرێن و فیلمسازان و دەرهێنەران دەکەونە پێشبڕکێ لە ڕووی ئاستی فیلمەکانەوە لە بواری جوانیناسی و تێگەشتن لە بابەتەکانی دەوروبەریان و بابەتی نێو فیلمەکانیانەوە، ئەمەش وا دەکات هەرێمی کوردستان ببێتە ناوەندێکی گرنگی درووستکردن و نمایشکردنی فیلمە کوردیەکان بۆ دەرهێنەرانی پارچەکانی تری کوردستان و کوردانی دانیشتوی ئەورووپا، (ئەگەرچی هونەری سینەما و فیلمسازی لە جیهانی ئێمەدا دیاردەیەکی نوێیە. بەڵام، جیاهنبینیەکی کاریگەریشە لەسەر مرۆڤی کورد، بەتایبەت نەوەی نوێی ئەمڕۆ. لە کاتێکدا، ئەم هونەرە وەکو خۆی لەنێو کلتور و ئاگایی گشتی کۆمەڵدا بەتەواوەتی جێنەکەوتووە. جگەلەوەی ئەمە جۆرێک ڕێخۆشکەر نەبووە بۆ گەشە و پەرەسەندنی سینەمای کوردی. هەروەها، لەبەرئەوەی سینەما نەخراوەتە سەرتۆپی فاکتەرەکانی گەشەی کولتوری لە سیاسەتی فەرهەنگسازیدا.) (جەمال، ٢٠٢٠، ل ١٢٨)، هەر لەم قۆناغەدا فیلمەکان زیاتر گرنگی بە ڤێستڤاڵە نێو خۆیی و نێودەوڵەتیەکان دەدەن و بینەرانی گشتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان وەلا دەنێن، ئەم کاریگەر بوونە ڕۆڵی خراپ دەگێڕێت لەسەر دەرهێنەر و وادەکات تەنها هەواڵ و بەشداری فیلمەکەی لە ڤیستیڤاڵەکاندا بەلاوە گرنگ بێت وەک لەوەی کە بابەت و فۆرمی فیلمەکەی دەیەوێت چی پەیامێک بگەیەنێت یاخود چۆن ئەو پەیامە بگەیەنێتە بینەرەکەی، وەک بەرهەمهێنەر (مەمەد ئەکتاش) دەڵێت (دەرهێنەری کورد هەیە، فیلمی کوردی هەیە، بازاڕی سینەمای کوردی نییە، ئەمڕۆ لە کوردستان کە فیلم بەرهەم دێ هەرکەس چاوی لە ڤیستیڤاڵە، خەڵک دەبینێ بەهەمەنی قوبادی فیلمی بەرهەمهێناوە، کاتێک ئەو دەچێتە کان یان ڤیستیڤاڵی سان سباستیان، یان کوردستان تیڤی هەواڵێک لەسەر فیلمی شەوکەت ئەمین لە ڤیستیڤاڵی دوبەی دەبینێ و حەزدەکا ئەویش وابێ، ئەوە هەڵەی هەرە گەورەیە، لە هەموو دنیا کەسێک کە کاری سینەما دەکا بەر لە هەموو شتێک لە وڵاتی خۆی دەژگا و میکانیزم و سیستەمێکی سینەما دادەنێ) (مەلاهەمزە، ٢٠١٠، ل ٤٦)، بۆیە دەبینین کە فیلمە کوردیەکانی سەرەتای ساڵانی دووهەزار زیاتر ئاڕاستەیان بەرەو دەرەوەی کوردستان بووە، و دەرهێنەران و بەرهەمهێنەران ویستویانە وەک جۆرێک لە شەرعیەتدان بە فیلمەکانیان بەشداری بکەن لە ڤیستیڤاڵە نێودەوڵەتیەکانی دەرەوەی کوردستان و عێراق، کە ئەمەش هەرچەندە حەقێکی شەرعی خۆیانە، لەگەڵ ئەوەشدا وا دەکات گرنگی بە بینەری ناوخۆیی نەدەن و تەنها بیر لە دەرەوە بکەنەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی بەرهەمهێنان، کە وا دەکات بەشی پێویست داهات لە فیلمەکەوە نەگەڕێتەوە، و هەروەها کورد وەک بینەر ئاشنایی کەمتر هەبێت دەربارەی فیلمەکان، و تەنها لە چاوی ڤیستڤاڵەکانەوە ئاشنای فیلمە کوردیەکان دەبێت و ئەمەش کاریگەری نەرێنی دادەنێت لەسەر تێڕوانینی کورد دەربارەی دەرهێنەرەکان، چونکە ئەوان لە چاوی کەسانی دەرەوەی کوردەوە بە دەرهێنەران ئاشنا دەبن و تەماشای کارەکانیان دەکەن، واتە هەرچی زۆرتر و باشتر و بە ئەنجامی باشترەوە فیلمەکان لە ڤیستیڤاڵەکان بێنە دەرەوە ئەو دەرهێنەرە باشتر تەماشا دەکرێت لەلای بینەری کورد، کە ئەمە دەبێت پێچەوانە بێت، چونکە دەبێت دەرهێنەری کورد یەکەمجار چاوی بینەری کوردی لەلا گرنگ بێت و هەڵوێست و دیدگای ئەو بخاتە پێش هەموو شتێک، ئەمەش وا دەکات کە گاریگەری لەسەر دەرهێنەر هەبێت چ لە ڕووی بابەتی داهاتووی فیلمەکەی چ لە ڕووی شارەزایی لە خواست و ویستی کۆمەڵگە و کێشەکانی ناوی و خستنەڕووی ئەو کێشانە بە شێوازێکی جوانیناسی ئەوتۆ کە بینەر بە گرنگیەوە تەماشای بکات و هەڵیسەنگێنێت و کاریگەری دابنێت.

_٢_٢دەرهێنەری کورد و ڕێچکەگرتن

قوتابخانەکانی دەرهێنانی جیهانی بە شێوەیەکی ڕوون کاریگەریان هەبووە سەر ئایدیا و ئاکتەر و سیناریۆو ڕوانگەی گشتی دەرهێنەر، بەهۆی تەماشاکردنی فیلمە کوردیەکان دەتوانین بڵێین دیدگای دەرهێنەرەکان کە باگگراوندی زانستی و خوێندنەوە و ئایدیان زیاتر نزیک دەبێتەوە لە قوتابخانەی واقعی، کە زۆر شارەزایانە لە درووستکردنی فیلمدا دەچێتە نێو بناغەی فێربوون و خۆی لە ناخی هونەرمەندانی سینەمادا دەچێنێت. ئەوە وایکردووە کە دەرهێنەرانی کورد خۆیان بە بەرپرس بزانن بەرامبەر بە مێژووی سینەمای کوردی کە دەبێتە ئەرکێک لەسەر شانیان بۆ گواستنەوەی ژیانی ڕاستەقینەی کورد لە کوردستانی عێراق. بە شێوەیەک کە واقعیانە بوارەکانی کات وشوێن و جل و بەرگ و دیالۆگ دەرخەن ونمایشی بکەن، هەر دەرهێنەرێک بەدەرنییە لە کاریگەری دۆخی گشتی، وەک دۆخە کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابووریەکان، و پاشان دۆخی گشتی سیاسی کورد کە وایکردووە ئەو فیلمانە بە جۆرێکی جیاواز ئامادە بکرێن بۆ نمایش (بەدڵنیاییەوە فیلمە سینەماییەکان ڕەنگدانەوەی کلتورن، ئەگەر مەبەستمان لە کلتور: شێوازی ژیان، و بەها باوەکانی نێو کۆمەڵگە بێت، ئەوا مەودای ئەو کاریگەرییە لە چڕیی و قوڵی ئەو فیلمانەدایە کە دەرهێنەران درووستیان دەکەن و خاوەن هۆشیاریی و تێگەیشتنی جیاوازن، تەنانەت بەو بەشە واقعیەی وێنەشەوە کە هیچ سینەماکارێک ناتوانێت بەسەریدا تێپەڕێت، هەتا ئەگەر بشیەوێت خۆی لە کۆمەڵگاکەی دابڕێت) (الفقي، ٢٠٢٠، ل ٨٨)، لەم ڕوانگەیەوە درووستکردنی هەر جۆرە فیلمێکی کوردی دەکەوێتە سەر ئاستی ڕۆشنبیری دەرهێنەران و هەر دەرهێنەرێکیش توانای درووستکردنی فیلمەکەی لە باگگراوندی ڕۆشنبیری خۆی و لە تێگەشتن و خوێندنەوەی بۆ کۆمەڵگەوە دێت، چەند خوێندنەوە و تێگەشتن و بۆچوونی دەربارەی کۆمەڵگەکەی خۆی لە بواری سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیەوە زۆربێت دەبێتە پشتیوانیەک بۆ درووستکردنی فیلمێکەی، نەک جۆرێک فیلمی ئاسایی بەڵکو فیلمێکی بەنرخ کە دواڕۆژ هەڵگری ئایدیایەکی جیاواز و بەنرخ بێت بۆ کۆمەڵ، چونکە فیلم لە بنەڕەتدا دەبێتە بەڵگەیەک کە هەڵگری کلتور و ڕۆشنبیری و جل و بەرگ و هەڵسوکەوتی کەسەکان و پێناسەی ئەو شوێن و کاتەی کە تێیدا وێنەی گیراوە، ئەمەش زۆر گرانە بۆ دەرهێنەرێکی بێ باگگراوند، لەبەرئەوەی بەرپرسیارێتی دەرهێنەر بەرامبەر کۆمەڵگاکەی قورسە، چونکە بەرپرس دەبێت بەرامبەر بینەر و مێژوو. (کارەکە خراپتر دەبێت کاتێک چارەسەرە فکری_هونەرییەکە لە نێو خۆیدا دەبێتە بنەمایەکی سەرەکی تەنها بۆ جەماوەری فیلمەکە، ئەوەش لە کاتێکدا وا دەگەیەنێت کە لەنێو پلان و هاوکێشە نەگۆڕەکاندایە. لەگەڵ ئەوەی هەر فیلمێک پڕۆسەی گێڕانەوەی چیرۆکێک لە خۆ دەگرێت، بەمەش کۆمەڵێک زانیاریی ڕیزکراو و بەیەکداچووش لەخۆ دەگرێت، کە چارەسەرە فکری_هونەرییەکەی لە دەربڕینی ناوەڕۆک و قەبارە و جۆرەکەی تێناپەڕێت، و لەسەر ئەم بنەمایەش تەماشای چەمکە هەڵواسراوە مەعریفیەکەی دەکەین) (نوار، ٢٠١٢، ل ١٤)، درووستکردنی فیلم بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت و ئەوەش شتێکی ئاساییە لە بنەما و ڕێزمانی تایبەت بە سینەما، هەموو فیلمێکیش دەبێت چارەسەری خۆی هەبێت کە بە بیر و دیدگا کۆنترۆڵ دەکرێت، و لە ڕێی دوو خەسڵەتەوە پەیوەندیش درووستدەکات یەکێکیان تەکنیکی و دووەمیان ئەرکە، بنەمای ئەمەش دیدگای دەرهێنەرە بەرامبەر دیدگا و ڕوانینی بینەران، کە چ جۆرە بینەرێک مەبەستن بۆ ئەوەی فیلمەکە ببینن، چونکە فیلم کۆنترۆڵی سیاقی پلانەکان دەکات و دەکەوێتە ژێر هاوکێشە چەسپیوەکانەوە، و هەموو جۆرێکی فیلم لەنێو چوارچێوەی گێڕانەوەی چیرۆکی تایبەت بە خۆیدایە، هەروەها پێکدێت لە کۆمەڵێک لە پێکداچوون و هەڵگری کۆمەڵێک زانیاری بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بگاتە چارەسەرکردنی گشتی ئەو ئایدیایەی کە دەیەوێت بیگەیەنێت، ئەمەش لە چوارچێوەی دەربڕینی تێگەشتنی پەرچدانەوەی واقعی ناوەڕۆکی فیلمەکە دەرناچێت، (هونەری فیلمی سینەمایی سەرەتا ڕووکاری خۆی درووستدەکات، ئەگەر کامێرا و کەرەستە میکانیکییەکانی بە تەنها جێبهێڵێت دەستەوەستان دەبێت لە درووستکردنی هەرجۆرە وەهمێکدا، چونکە پێویستی بە دەستێوەردانی درووستکەری فیلمەکە هەیە بە هەموو کارامەییە تەکنیکی و هونەرییەکانیەوە) (ستیڤنسون، ١٩٩٣، ل ٣٩)، لەم ڕوانگەیەوە لە فیلمی کوردیدا کۆد و ئاماژەی جیاواز دەبینین کە ئەمەش تایبەتمەندە بە زانستی سیمیۆلۆجیا، وەک دیالۆگەکان بە زمانێکی تایبەت (زمانی کوردی)، یاخود جلوبەرگ کە دەستنیشانی جۆر و ئاستی کۆمەڵگەکە دەکات لەگەڵیشیدا شوێن و کات دیاری دەکات، لە هەندێک حاڵەتی تایبەتیشدا دەبینین وەک سەما و هەڵپەڕکێ یاخود ڕووداوێکی ئەو کاتە، کەواتە (ئەو زانیاریانەی کە لە فیلمی سینەماییەوە وەریاندەگرین تەنها زانیاری سینەمایی نین، بەهۆی ئەوەی کە فیلم پەیوەندی بە جیهانی ڕاستەقینەوە هەیە، و ئەگەر بینەر نەگەیەنێتە ئاستێک کە جیاوازی لەنێوان ئەم شت یان ئەو شتیان بکات لە نێو شتە واقعییەکانی دەوروبەری خۆی ئەوا فیلمکە خاوەن تێگەشتنێکی ڕوون نییە، و ئیتر چۆن دەبێتە ئاماژەیەک بۆ پێکهاتەی جیاواز لە پەڵەی ڕووناکی سەر سکرین) (لوتمان، ١٩٧٩، ل٦٠)، دەتوانین بڵێین دەرهێنەرەکانی کوردستان ئەم ئایدیا و فکر و زمانە سینەماییەیان خستووەتە ناو فیلمی کوردی، کە ئەمەش سیمایەکی تایبەت بە کەسایەتیەکانە، (گرنگی سینەما لەوەدا نییە کە وێنەی جوڵاوی ڕەنگدار دەخاتە پێشچاو، ئەوەش نا کە توانای فریودانی بە واقع و حەقیقەت هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا سینەما تایبەتمەندییەکی تری هەیە، تایبەتمەندییەک کە تا ڕادەیەک لە شانۆشدا بوونی هەبووە، بەڵام بە هێندەی ئەو کاریگەرییە نا کە لە سینەمادا هەیە، تایبەتمەندییەکە وا لە بینەر دەکات هەستبکات کە تەماشای ئێستا دەکات، ئەوان وا دەزانن کە ڕووداوەکان ئێستا لەسەر سکرین لە پێشچاویان ڕوودەدەن، بە شێوەیەکی یەکسان بۆ ئەو فیلمانەی کە ڕووداوەکانیان باسی ئەم سەردەمە دەکەن، یان هەڵگری چیرۆکێکن کە ڕووداوەکانی دەگەڕێنەوە نێو مێژوو یاخود لە داهاتوو دەکۆڵنەوە.) (مدانات، ٢٠٠٧، ل٩)، جارێکی تریش کە دەڵێین دەرهێنەری کورد ئەو کەسانەن کە هەڵگری بیر و ئایدیا و باگگراوندی ڕۆشنبیری و هەڵگری کێشەکانی کۆمەڵگەن و زۆرینەی کێشەکانی کۆمەڵ بە شێوەی درووستکردنی فیلمی سینەمایی دەردەبڕن کە پێی دەڵێن فیلمی کوردی، هەر پەرچدانەوەیەک کە کاریگەری هەبێت لەسەر دەرهێنەرەکە لەنێو فیلمەکە ڕەنگدەداتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە چەند ئەو دەرهێنەرە کوردانە پابەندن بە ڕۆشنبیری سینەمای جیهانی لە بواری بینین و خوێندن و پەیوەست بوونیان پێوەی. ئەوەش زیاتر ڕەنگدانەوەی سینەمای ڕیالیزمە، (مەبەستەکەش لێرەدا پەیوەست نییە بە شەفافی و بێلایەنی یاخود سینەمایەک کە وەک ئاوێنە ڕەنگبداتەوە، بەڵکو چیتر ڕیالیزم لە ناخەوە پەیڕەو دەکرێت لە ڕێگەی خود دەربڕینێکی چڕەوە تا ئەوپەڕی وگەڕان بە شوێن فۆرمێک کە زمانی سینەمایی بەشێوەیەکی فراوان دەوڵەمەند بکات.)(پریدال، ٢٠٠٤، ل٦٣٩) لەم ڕوانگەیەوە دەرهێنەرانی کورد لەنێو فیلمەکانیاندا ئازاد دەبن و بە ئازادی بۆچوون و ئایدیاکانیان دەگەیەنن لەڕێی فۆرمگەلی جیاواز، هەروەها کاریگەرییان دەبێت لەنێو کۆمەڵدا، یاخود کێشەکانی کۆمەڵ و کەلتوری کوردیی بگەیەننە نێو کۆمەڵگەکانی دەرەوە و ئاشنای بکەن بەجیهان، ئەمش بە پشتبەستن بە تێگەشتن و خوێندنەوەکانی خۆیان بۆ واقعی ژیانی نێو کوردستان و

کاریگەریيە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان بەگشتی لەنێو کۆمەڵدا و دووبارە دارشتنەوەیان لەنێو فیلمدا، ئەمەش وەک کاریگەربوون بە قوتابخانە و ڕێبازە جیاوازەکانی ڕیالیزم دەردەکەوێت کە لەنێو فیلمەکانی ئەم قوتابخانەیەدا دەردەکەوێت و دەبینیت زۆربەی فیلمەکان هەڵگری کێشەکانی کۆمەڵگان و ئاستی ژیانی کەسەکان ڕوون دەکەنەوە و ئەکتەرەکانیش وەک بەشێکی دانەبراو لە کۆمەڵ دەردەکەون، ئەمەش تایبەتمەندییەکە کە ڕەنگدەداتەوە لە فیلمی واقعیدا. (بۆ پێکهێنانی وێنە پێویستیمان بە توخمە وێنەییەکانە، کە وێنەش لە هەندێک مەودای چەقی کوڕی دیاریکراودا بەدەست شێواندنێکی ناچاریەوە دەناڵێنێت، کە ئەو شێواندنەش هەمیشە بێ تاوان و لە خۆوە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ناساندنە پشتگیری لە تیۆرییە ڕیالیستیەکان ناکات، بەڵکو دەیانخاتە نێو جۆرێک لە گفتوگۆوە.) (فینتورا، ٢٠١٢، ل ٢٤)، دەرهێنەر لە درووستکردنی فیلمی سینەمایی دیمەنی جیاواز بەکاردەهێنێت، ئەمەش لەسەر بناغەی درووستکردنی فیلمی سینەماییە چونکە پێویستە پێکهێنەرە وێنەییەکانی وەک مەودای سەرچاوەکان بەکاربهێنین بە مەبەستی درووستکردنی شتێکی بە واتا و بەنرخ، لەبەرئەوەی فیلم هەمیشە پێویستە واتایەک ببەخشێت، وەک جۆرێک لە پرسیار و وەڵام کە لە هەندێک حاڵەتدا پیویستی بە ڕوونکردنەوەیە، لە زۆر حالەتیشدا پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات چونکە وێنەکە خۆی باسی خۆی دەکات (دەکرێت بینەر لەوە تێبگات کە دەرهێنەر ویستوویەتی چی بڵێت یاخود بە پێچەوانەوە بە هەڵە تێبگات. بینەر بەپێی ئاستی سەرنج و ئاستی چێژ و پەروەردە و ڕۆشنبیری و بۆچوونە ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیدگا تایبەتەکانی، دەتوانێت لە نێو خودی وێنەکەدا واتای زۆر و هەمەچەشن ببینێت) (مارتن، ٢٠١٧، ل ٣٤)، ئەمەش داهێنانی دەرهێنەرە بۆئەوەی بکەوێتە ناو جۆرێک لە گەنگەشە و گفتوگۆی دیالێکتیکی لەگەڵ بینەرەکەی، ئەم گفتوگۆیە مەودایەک دەدات بە بینەر تاوەکو فیلمەکە هەڵسەنگێنێت لەوکاتەی کە بەراوردی دەکات لەگەڵ جۆری ژیانی خۆیدا، ئەمەش دەکەوێتە سەر چۆنیەتی پیشاندانەوەی تواناکانی خۆی وەک دەرهێنەر لەنێو فیلمەکەیدا، لەوەی کە ئایا تێگەشتنی بۆ واقعەکەی چۆنە و ئەو واقعەش چۆن ڕەنگیداوەتەوە لە فیلمەکەدا بە شێوەیەکی هونەری، چونکە هونەر فراوانتر و گشتگیرترە لە کۆمەڵگا، فیلمی سینەمایی هەمیشە توانای ئەوەی هەیە بگاتە دەست هەمووان، لەبەرئەوەی بەتەواوی کەرەستەی ئاگایی مرۆڤ بەکاردەبات، ئەوەش بە واتای ئەوە دێت کە لەپەنا زمانی گێڕانەوە و نووسراودا خۆی نزیک دەکاتەوە لە وێنە و جوڵە و دەنگەکان و لە ڕێگەیانەوە پەیوەندی لەگەڵ تەواوی مرۆڤایەتی دا دەبەستێت. (رابجیر، و شیریر، ٢٠١٨، ل ٢٤٣)، هونەری سینەماش لەو جۆرە هونەرانەیە کە شتەکان بە فراوانی وەردەگرێت و لە ئاستی ئایدیا و بیروباوەڕدا کاردەکات و هەموو جۆرە خەیاڵێکی تێدا جێ دەبێتەوە. سەرکەوتووترین جۆری خەیاڵ لەلای دەرهێنەری کورد و لە نێو فیلمە کوردیەکاندا ئەو خەیاڵەیە کە پێی دەڵێن خەیاڵی ڕیالیزم، کە هەڵهێنجراوی واقعی ناو کۆمەڵگەیە بە دیدێکی تاکەکەسیانە و باوەڕ و ئایدیای خودی دەرهێنەر، کە ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگە تێیدا ڕەنگدەداتەوە. وەک ئەو دەرهێنەرانەی کە باس لە ژیانی کۆمەڵگە بە گشتی و کاریگەری کۆمەڵگەو تاکەکان بەسەر یەکترەوە لە فیلمەکانیاندا دەکەن، ئەو دەرهێنەرانەش هەریەکێک بە جۆرێک کاری کردووە و جیاوازی خۆی دەرخستووە، ئەمەش بووەتە هۆی دەرکەوتنی شێوازە جیاوازەکانی فیلم و دەرهێنەرە جیاوازەکان.

بەشی سێیەم

فیلمی (هەزار و یەک سێو) دیدگایەکی هێماگەریانە بۆ واقع:

فیلمی کوردی (١٠٠١ سێو – Apples١٠٠١) بەشداری لە چوار ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کردووە و بووەتە براوەی دووخەڵات (خەڵاتی باشترین فیلم لە ڤیستیڤاڵی بەڵگەفیلمی ڕۆما) و (خەڵاتی باشترین فیلمی بەڵگەنامەیی لە ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆک).

ستافی ئامادەکردنی فیلمی دیکۆمێنتی بڵندی (هەزار و یەک سێو) بریتین لە: نووسین و دەرهێنان: تەها کەریمی، وێنەگر: مێهدی ئازادی، دەنگهەڵگر: ئەرەستوو مەفاخری، مونتاژ: هەردی قادر، دەنگدانەر: ئارش ڕەسافی، یاریدەدەری دەرهێنەر: کارزان کاردۆزی، بەڕێوەبەری بەرهەم: سەیوان سەعیدیان، فۆتۆگرافەر و یاریدەدەری بەرهەم: ئەوین شەریفی، ڕاوێژکار: عومەر محەمەد، یاریدەدەری وێنەگر: گەیلان ئەحمەد، پۆستەر: ڕووناک ڕەسوولپوور، بە بەشداری دەربازبووانی ئەنفال: فەرەج، عەبدوالقادر، هاشم، کەریم و ئەبابەکر، گێڕانەوە: فەرەجی تۆپخان. بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی گشتی: هاوڕێ کەریمی.

بەرهەمهێنان: کۆمپانیای (ئاوا میدیا) و تەها کەریمی و بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری گەرمیان و وەزراەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

١-چیرۆکی فیلم

تەنها (١٣) کەس توانیان بە بریندارى لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا ڕزگاریان ببێت. لە کاتێکدا ئەوان شایەتی ئەو تاوانە گەورەیە بوون. سێ کەس لەم (١٣) شاهیدە ئێستا لە ژیاندان نەماون و تەنیا (١٠) شاهید زیندوون و فیلمی (هەزار و یەک سێو) چیرۆکی ئە وان بۆ بینەر دەگێڕێتەوە، ئەوان پێیان وایە ئەو ڕۆژە ئەرکیان تەواو دەبێت کە کۆی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە دنیادا ئەو وشەیەیان سێرچ کردبێت. کاری دووهەمیان ئەوەیە کە هەر ساڵێک، هەزار و یەک سێوی مێخەکڕێژ بنێرن بۆ ئەو وڵاتانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداربوون لە تاوانی ئەنفالدا، یاخود بێدەنگ بووان لە ئاست ئەو تاوانە گەورەیەی مرۆڤایەتییدا. ئەوان بۆ یەکەمجار و لەم فیلمەدا هەزار و یەک سێو دەنێرن بۆ شاری هەزار و یەک شەو واتە (شاری بەغدا)، کە بڕیاری ئەو تاوانەی لێدرا و ... وەک پەیامێک بۆ بیرنەچوونەوە و ئاشتی و دووبارە نەبوونەوەی.

٢-ڕیالیزمی هێماگەری و شیکردنەوەی فیلمی (هەزار و یەک سێو)

کاتێک دەڵێین سینەما هونەری واقعە ئەوا بەشێکی گرنگ لە گواستنەوەی واقع لە ڕێگای هێما و گوزارشتە هێماییەکانەوە دەبێت و دەرهێنەر پشت بەو هێمایانە دەبەستێت بۆ دەوڵەمەندکردن و گەیاندنی پەیامی گشتی فیلمەکەی، درووستکردنی ئەو هێمایانەش هەروا

لە خۆوە نییە و دەبێت دەرهێنەر ئاگاداری چۆنیەتی بەکارهێنانیان بێت لە نێو فیلمەکەدا (لە ڕێگای واقعەوە ڕەمزەکان بە شێوەیەک هەڵدەهێنجرێن کە ئەو هێمایانە بەلایەنی کەمەوە واقعی ماددی خۆیان لەدەست نەدەن ئەمەش بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕووتکردنەوە یاخود هێما ڕووتەکان لە بەستنەوەی هۆکار و بابەت لەگەڵ واقعدا) (ئامر، ٢٠١٦، ل ١٣٩) مادام ئەم شێوازە قوتابخانەیە پشت بە واقع دەبەستێت و دەیەوێت لە ڕێگای بەهێماکردنی واقعەوە بابەتەکان بگوازێتەوە ئەوا دەرهێنەر هەم لە لایەنی بابەتیەوە واقع دەکات بە هێما هەم لە ڕووی فۆرمەوە، چونکە دواجار دەرهێنەر بەم هێمایانە دەیەوێت واقع بە شێوەیەکی جوانیناسیانەی نوێ پیشان بداتەوە و ڕێچکەی خۆی لە فیلم و سینەمادا بە جۆرێکی نوێ بدۆزێتەوە، ئەم هێمایانەش لە فۆرمی فیلمەکەدا بە نموونە لە گۆشەی کامێرا یاخود قەبارەی گرتەکانەوە دەستمان دەکەون، یاخود کاریگەری موزیک درووستی دەکات یان کەرەستەیەکی بەکارهاتوو لەنێو فیلمەکەدا جا چ دیکۆر بێت یاخود هەر کەرەستەیەکی تر، ئەمەش بە ئاماژە دان بە هێمایەکی دیاریکراو یاخود چەند هێمایەک کە دەکرێت دەرهێنەر بە مەبەست لەنێو فیلمەکەیدا درووستیان بکات و نمایشیان بکات (بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی هێما لە فیلمدا پێکدێت لە گۆڕینی شتێک یان جوڵەیەک یاخود ڕووداوێک بۆ نیشانەی دال، یاخود بۆ ئاگایی لە بوونی ئاسۆیەک لە پشت ئەو شتەی کە ئاشکرایە بە بەرکەوتنی وێنەکان پێکەوە، یاخود بە هەڵبژاردنی ئەو هەڵوێست و ڕووداوانەی کە خاوەن تایبەتمەندی زیاتری مرۆڤایەتین) (مارتن،٢٠١٧، ل ١٢٠) کەواتە ئەم قوتابخانەیە واقع دەکاتە چەق هێماکانی و لە قاڵبێکی درامی وێنەییدا بابەت و پەیامەکانی دەخاتە سەر پەردەی سینەما و دەیگەیەنێتە بینەر، ئەرکی بینەریش ئەوەیە ئەو هێمایانە بشکێنیت و لە زهن و بیری خۆیدا لێکدانەوەیان بۆ بکات و تێیان بگات و بەباشی هەڵیان بسەنگێنێت بۆئەوەی بە دنیابینییەکی نوێوە تەماشای دەوروبەرەکەی و لە ڕووداوەکانی دەوری خۆی تێبگات.

دەبینین دەرهێنەر لەڕێی هێماکانەوە واقع جارێکی تر بەرجەستە دەکاتەوە، کە دەتوانین بڵێین ئەمە کاریگەربوونە بە (ڕیالیزمی هێماگەری) بەو تێگەشتنەی کە، (هێماکان شتگەلێکی دەرەکین، پێدراوی ڕاستەوخۆن کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژیریماندا لە پەیوەندیدان، بەڵام ئەم شتانە وەک بوونی سەربەخۆی خۆیان وەرناگیرێن، بەڵکو بە واتای فراوانتر و گشتگیرتر وەردەگیرێن. پێویستە هێماکان دیاری بکەین بۆ: واتا و دەربڕین. واتاکان پەیوەستن بە نیشاندان یاخود بابەتەوە، کە ناوەڕۆک چۆن دەنوێنن. دەربڕینەکانیش بوونێکی هەستەوەریانەن یاخود لە شێوەی وێنەیەکدان.) (هیغل،١٩٨٦، ل١١) بەم ڕێگایەش دەرهێنەر هەوڵدەدات جۆرێک لە کۆد و مامەڵەی جیاواز بەکاربهێنێت لە فیلمەکەیدا بەوەی کە واقعێک هەیە و ئەو دەیەوێت بە ڕێگایەکی جیاوازتر بیگێڕێتەوە، ئایدیا و تێگەشتن و ڕوانینی خۆی و خەیاڵی جوانیناسیانەی خۆی تێکەڵ بکات، باسکردنی ڕووداوەکان لەلای کەسانی ئاساییە ئەوان دەبنە پاڵەوان لە فیلمەکەدا، ئەمەش وا دەکات کە فیلمەکە تەنها نەبێتە فیلمێکی درامی بەڵکو بە کاریگەر بوون بە ڕووداوێکی دەستەجەمعی کە بەسەر گەلی کوردا هاتووە، دەرهێنەر هەوڵدەدات فیلمەکە تێکەڵەیەک بێت لە درامی و دیکۆمێنتاری و ببیتە فیلمێکی دیکۆدرامی، چونکە بەشێکی گرنگ لە فیلمەکە ئایدیا و تێگەشتنەکانی دەرهێنەر سەبارەت بە ڕووداوەکە دەیباتە پێشەوە، کە دەرهێنەر (تەها کەریمی) تێیدا هەوڵی کۆمەڵێک لەوکەسانە دەردەخات کە لە کارەساتی ئەنفال ڕزگاریان بووە و ئێستا دەیانەوێت هەزار و یەک سێو مێخەکرێژ بکەن و وەک نیەتێکی ئاشتیخوازانە و لێبوردەییانە بیدەنە دەم ڕووباری دیجلە بەرەو ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق. سێوی مێخەکرێژ لەنێو فیلمەکەدا وەک هێمایەکی کوردەواری و کەلتوری کوردی دەبێتە بابەتی نێو فیلمەکە، چونکە وەک ئاشکرایە کە سێوی مێخەکرێژ هێمای ئاشتی و یەکتر قبوڵکردنە لەنێو کەلتوری کوردیدا، و وەک کەرەستەیەکی کەلتوری کە گەلی کورد لەسەری کۆکن بەکاردەهێنێت، چونکە بە چەند دیمەنێکی جیاواز دەبینین کە سێوەکان بەسەر ئەو ماڵانەدا دابەشدەکرێن کە کەسوکاری ئەنفالن و هێندەی کەسە ئەنفالکراوەکانیان سێویان پێ دەبەخشن بۆ ئەوەی مێخەکرێژیان بکەن. لەگەڵ ئەوەی ئەم فیلمە پێکهاتەیەکی چیرۆکیی فیلمی دیکۆمێنتاری هەیە، بەڵام ئەو هێمایانەی کە خراونەتە نێو فیلمەکە بۆخۆی ئاماژەن بۆ نیەتێک لە ڕەوتی ژیانی کوردستانیان و بەڕێگای ئاوی دەگوازرێتەوە بۆ ناوچەکانی تری عێراق. هەر لە ناونیشانی فیلمەکەوە تەماشا بکەین کە (هەزار و یەک سێو)ە، تێدەگەین کە دەرهێنەر بە وەرگرتنی ناوی چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەوە) دەیەوێت دیسان ئاماژەیەکی نوێ بنیادبنێت دەربارەی تاوانی ئەنفال، کە ئەگەرچی لەوێ (شەهرەزاد) کارەکتەری سەرەکی و گێڕەرەوەی چیرۆکەکان لە هەزار و یەک شەوەدا، وا دەکات پادشا (شەهریار) بۆچوونی بگۆڕێت و چیتر ژنان نەکوژێت لە پێناو مانەوەیدا چیرۆک دەخولقێنێت. بەڵام لەنێو فیلمی (هەزار و یەک سێو) کارەکتەرەکان ماونەتەوە و چیرۆکەکانیان دەنێرنە شاری بەغداد (شاری هەزار و یەک شەوە) و وەک شایەدێک و بڕیاردەر لە ڕووداوی کارەساتی ئەنفال دەیناسێنن. لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی ئامرازی ئینتەرنێت بۆ ناساندنی ئەم تاوانە لە جیهاندا، وەک ئەوەی کە ئەکتەرەکان دەیانەوێت کە کۆی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بەدوای تاوانی ئەنفالدا بگەڕێن. لێرەدا دەرهێنەر دەیەوێت کارەساتەکە بە جیهانی بکات چونکە وەک لە گرتەی نزیک Close Upی مۆنیتەری کۆمپیوتەرەکە دەیبینین کە بە زمانی ئینگلیزی نامەیەک دەنووسرێت، بەو ئاماژەیە دەیەوێت ئەوە دەربخات کە ئینتەرنێت ڕێگایەکی ئاسانترە بۆ ناساندن لەم سەردەمەی ئێستاماندا چونکە مرۆڤەکان هێندە لە نێو دنیای مەجازیدا هەن و دەگەڕێن، هێندە لەنێو ژیانی ڕاستەقینەدا نین. ئەکتەرانی نێو فیلمەکە هەموویان کەسانی نێو ژیانە ڕاستەقینەکەن و خۆیان خاوەن چیرۆکەکەن، بەڵام دەرهێنەر لە ڕێگای کۆمەڵێک سێو کە مێخەکرێژکراون وەک هێمایەک دەیەوێت جۆرێک پەیامی ئاشتەوایی و لێبوردەیی بۆ ئەوانە ڕەوانە بکەن کە لە خوارووی جوگرافیاکە دەژین، بەمەش دەڵێن ئێمەی قوربانی هیچ کاتێک کێشەیەکمان لەگەڵ ئێوە نییە، بەڵکو کێشەمان لەگەڵ ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە هەیە کە دەیەوێت ئێمە نەهێڵێت و بمانسرێتەوە. کامێرا لەگەڵ ئەوەی هەستێکی تۆماریمان پێ دەبەخشێت لەوەی کە ڕاستەوخۆ دەچێتە بەردەم کەسەکان و دەیاندوێنێت و قسەمان بۆ دەکەن، لەگەڵیشیدا سروشت دەکاتە بەشێکی گرنگی فیلمەکە لە ڕێگای گرتە فراوان و گەورەکانیەوە، بەمەش دەیەوێت کارەکتەرەکانمان بە خۆیان و دەورەبەرەکەیانەوە بناسین و تێبگەین کە چۆن و لە کوێدا دەژین، زمانی کارەکتەرەکان زمانێکی سادەی گشتییە و هەمووان دەتوانن بە باشی تێی بگەن و هیچ زیادەڕەویەکی نە خراوەتە سەر دیالۆگەکان.

دەرئەنجامەکان

١. قوتابخانەکانی دەرهێنانی سینەمایی بەکاریگەری شێواز و قوتابخانەکانی تری ئەدەب و هونەر لەنێو سینەمادا سەهەڵدەدەن، ئەوەش لە ئەنجامی لە چوارچیوەگرتنی کاری دەرهێنەران لە نێو تیۆرییە سینەماییەکان لەلایەن ڕەخنەگران و شیکەرەوانەوە.

٢. قوتابخانەکانی دەرهێنانی سینەمایی بە دوو ئاراستەی سەرەکی گەشەیان کردووە ئەوانیش؛ ریالیزم و ئێکسپرێسیۆنزمن.

٣. پێشکەوتنی چەمکی دەرهێنان لەنێو سینەمادا وایکردووە ئەو هونەرە وەک هونەرێکی سەرەکی و بایەخدار لەنێو دنیادا بەربڵاوبێت چی لە ڕووی هونەریی و چی لە ڕووە پیشەسازیەکەی سینەما.

٤. کاتێک لە ساڵی ١٩٩١وە بەشێک لە کوردستانی باشوور ئازاد دەبێت، کاری سینەمایی بەرەبەرە بەرەپێش دەچێت و دەرهێنەران بە هاوکاری کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان و حکومەتی هەرێم دەتوانن ئازادییەکی بەرچاو بەدەستبهێنن لە درووستکردنی فیلمەکانیاندا.

٥. لە هەر وڵات و شوێنێک بەشێوازی تایبەتمەندی کەلتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەت بەوێ ئەم قوتابخانانەی دەرهێنانی سینەمایی دەردەکەون، دەرهێنەری کورد بەم کاریگەرییە دەیەوێت ڕابردووە کارەساتبارەکەی لەنێو فیلمەکانیدا بنوێنێتەوە.

٦. دەرهێنەری کورد لەڕووی بابەت و فۆرمەوە زیاتر پشت بەو کارەسات و تاوانانە دەبەستێت کە بەسەر کورددا هاتووە.

٧. دەرهێنەری کورد زیاتر بۆ درووستکردنی فیلمەکانی زیاتر پشت بە قوتابخانە ڕیالیزمەکان دەبەستێت.

٨. ڕیالیزمی هێماگەری ڕەنگدانەوەی هەیە لەنێو فیلمە کوردییەکاندا، و دەرهێنەری کورد هێماکان وەک کەرەستەیەک دادەنێت کە گەلی کورد لەسەری کۆکن و بەشێکن لە کەلتورەکەی.

سەرچاوەکان

١-کوردی

١. جەمال، نەوزاد. (٢٠٢). سینەما و فەلسەفە سەرەتایەک لە فەلسەفەی فیلم. چاپی یەکەم. ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی. هەرێمی کوردستان-عێراق.

٢. سینا،خوسرەو. (٢٠١٨). شوناسی کولتوری و سینەمای کورد. چاپی یەکەم. وەرگێڕانی: جەمشید بەهرامی. بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی. سلێمانی. هەرێمی کوردستان-عێراق.

٣. عەبولرەحمان، حەیدەر. (٢٠١٨). دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی سینەمای کوردی. چاپی یەکەم. چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین. هەولێر. هەرێمی کوردستان-عێراق.

٤. مەلاهەمزە، مەسعود. (٢٠١٠). پرسەکانی فیلمسازی کوردی گفتوگۆی فیلمسازانی کورد. چاپی یەکەم. بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر. هەولێر. هەرێمی کوردستان-عێراق.

٥.نووسەری نییە. (٢٠٠٧). هەزار و یەک شەوە. چاپی یەکەم. وەرگێڕانی: جەوهەر مەحمود داراغا. چاپخانەی شڤان. سلێمانی. هەرێمی کوردستان-عێراق.

٢-عەرەبی

٦. آنبال، جي. (٢٠٠٠). المدارس الجمالية الكبرى في السينما العالمية. الطبعة الاولى. ترجمة: مي التلسماني. المشروع القومي للترجمة. القاهرة. مصر.

٧. الفقي، محمد. (٢٠٢٠)، السينما في العصر النيوليبرالية. بدون طبعة و الجهة الناشرة.

٨. بيرسون، روبيرتا. (٢٠١٠). "السينما في السنوات الاولى" موسوعة تاريخ السينما في العالم- المجلد الاول- السينما الصامتة. اشراف: جيوفري نويل سميث. الطبعة الاولى. ترجمة: مجاهد عبدالنعم مجاهد. المشروع القومي للترجمة. القاهرة. مصر.

٩. پريدال، رينيه، (٢٠٠٤). خمسون عاما من السينما الفرنسية ١٩٤٥ – ١٩٩٥. الطبعة الاولى. ترجمة: سوزان خليل. المشروع القومي للترجمة. القاهرة. مصر.

١٠. ثامر، رعد عبدالجبار. (٢٠١٦). نظريات و اساليب الفيلم السينمائي. الطبعة الاولى. دار الورد الاردنية للنشر و التوزيع. عمان. الاردن.

١١. جورنو، ماري-تيريز. (٢٠٠٩). معجم المصطلحات السينمائية. الطبعة الاولى. ترجمة: فائز بشور. المؤسسة العامة للسينما. دمشق. سوريا.

١٢. رابيجر، مايكل، و هيريس-شيرير، ميك. (٢٠١٨). الاخراج السينمائي تقنياته و جمالياته. الطبعة الاولى. ترجمة: ناصر ونوس. دائرة الثقافة و السياحة (كلمة). ابوظبي. الامارات.

١٣. روبنسون، ديفيد. (١٩٩٩). تاريخ السينما العالمية ١٨٩٥ – ١٩٨٠. الطبعة الاولى. ترجمة: ابراهيم قنديل. المشروع القومي للترجمة. القاهرة. مصر.

١٤. سادول، جورج. (١٩٦٨). تاريخ السينما في العالم. الطبعة الاولى. ترجمة: ابراهيم كيلاني، فايزكم نقش. دار منشورات عويدان. بيروت. لبنان.

١٥. سعيد، ابوطالب محمد. (١٩٩٠). علم مناهج البحث. الجزء الاول. دار الحكمة للطباعة و النشر. الموصل. العراق.

١٦. ستيڤنسون، رالف. دوبري، جان. (١٩٩٣). السينما فنا. الطبعة الاولى. ترجمة: خالد حداد. المؤسسة العامة للسينما. دمشق. سوريا.

١٧. شيمي، سعيد. (٢٠١٣). الصورة السينمائية من السينما الصامتة الى الرقمية. الطبعة الاولى. الهيئة العامة لقصور الثقافية. القاهرة. مصر.

١٨. فينتورا، فران. (٢٠١٢). الخطاب السينمائي لغة الصورة. الطبعة الاولى. ترجمة: علاء الشنانة. المؤسسة العامة للسينما. دمشق.

سوريا.
١٩. كاسبيار،آلان. (١٩٨٩). التذوق السينمائي. الطبعة الاولى. ترجمة: وداد عبدالله. الهئية المصرية العامة للكتاب. القاهرة. مصر.
٢٠. مارتن، مارسيل. (٢٠١٧). اللغة السينمائية طبعة اقلام عربية الاولى. ترجمة: سعد مكاوي. اقلام عربية للنشر و التوزيع. القاهرة. مصر.
٢١. مونرو، توماس. (٢٠١٤). التطور في الفنون- الجزء الثاني. الطبعة الاولى. ترجمة: محمد علي ابودرة، لويس اسكندر جرجس، عبدالعزيز توفيق جاويد. الهيئة العامة لقصور الثقافية. القاهرة. مصر.
٢٢. مدانات، عدنان. (٢٠٠٧). عدسات الخيال: مقالات في السينما. الطبعة الاولى. المؤسسة العامة للسينما. دمشق. سوريا.
٢٣. واتس، فيل. (٢٠١٦). "الواقعية" موسوعة السينما (شيرمير)- الجزء الثالث. إشراف و تحرير: باري كيث جرانت. الطبعة الاولى. ترجمة: احمد يوسف. المركز القومي للترجمة. القاهرة. مصر.
٢٤. هوراك، يان كريستوفر. (٢٠١٥). "التعبيريه" موسوعة السينما (شيرمير)- الجزء الثاني. إشراف و تحرير: باري كيث جرانت. الطبعة الاولى. ترجمة: احمد يوسف. المركز القومي للترجمة. القاهرة. مصر.
٢٥. هيغل، فريدريش. (١٩٨٦). الفن الرمزي/ الكلاسيكي/ الرومانسي. الطبعة الثانية. ترجمة: جورج طرابيشي. دار الطليعة للطباعة و النشر. بيروت. لبنان.

٣-ئینگلیزی

26. Bordwell, David. (1997). On the History of Film Style. Harvard Unuversity Press. Massachusetts. USA.
27. Soanes, Catherine and Hawker, Sara and Elliott, Julia. (2006). Oxford Dictionary of Current English. Osxford University Press. New York. USA.

ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان لەبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەکی مەیدانییە بۆ خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری سلێمانی

کاروان محەمەد حەسەن[1]، ئەمیرە ئەحمەد ڕەشید[2]
[2,1] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: karwan.hasan@univsul.edu.iq

پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکانە لەبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان و زانینی ڕێژەی بەکارهێنان و گرنگی وبایەخی ئەو کەناڵانەیە بۆ خوێندکاران ، گرنگی توێژینەوەکەش بۆ بەرچاو ڕوونی کەناڵە پەروەردەییەکانە لە بەئاگابوونیان لەو بەرنامە فێرکارییانەی کە پێشکەشی دەکەن و چۆنێتی ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئاستی فێربوونی خوێندکاران ، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر توێژینەوەیەکی وەسفی ئەنجامداوە لەڕێگەی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەڕێگای هەڵبژاردنی مەبەستدار ، کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خوێندکارانی قۆناغەکانی (١٠، ١٢،١١) ی هەردوو بەشی (زانستی و وێژەیی) بۆ هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) ی ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی کە ژمارەیان(٤٥٥) خوێندکارە ، بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ئاماری وەڵامەکانیش توێژەر ئامرازی ئامارپی بەکار هێناوە ، لەکۆتایدا توێژەر بەو ئەنجامە گەیشتووە کە خوێندکاران بەڕێژەیەکی بەرز وەك سەرچاوەیەک بۆ فێربوونی وانەکانیان سودیان لە تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکان وەرگرتووە ، هەروەها زۆر بەی ئەو خوێندکارانەی کە کەناڵە پەروەردەییەکان بەکار دەهێنن لە ڕەگەزی (مێ) ن و ڕەگەزی نێر ڕێژەکەیان کەمترە .

کلیلە وشەکان : ڕۆڵ ، کەناڵە پەروەردەییەکان ، فێربوون

الملخص

يهدف هذا البحث الى الكشف عن دور القنوات التربوية في رفع مستوى التعلم لدى طلبة اقليم كردستان ومعرفة نسبة استخدامهما واهمية هذه القنوات للطلبة ، تكمن أهمية البحث لرؤية واضحة لقنوات التربوية في وعيهم بالبرامج التعليمية التي تقدمونها وكيفية انعكاسهم على مستوى تعلم الطلبة ، ولهذا الغرض قام الباحثة بعمل بحث الوصفي من خلال توزيع استمارة المسح (الاستبيان) من خلال الانتقاء المتعمد ، ويتكون مجتمع البحث من الطلبة (١٠ ، ١١ ، ١٢) من كلا القسمين (العلمي و الادبي) لكلا الجنسين (ذكورا و اناثا) ، من مدارس الثانوية محافظة السليمانية والبالغ عددهم (٤٥٥) طالبا وطالبة ، ولاستخراج احصائيات الاجابات استخدمت الباحثة ادوات الاحصائية ، وفي النهاية توصلت الباحثة الى استنتاج مفادة ان الطلاب بنسبة عالية استفادوا من مشاهدة قنوات التربوية كمصدر لتعلم دروسهم ، فضلا ان غالبيةالطلاب الذين يستخدمون القنوات التربوية من جنس (الاناث) و الذكر لديهم معدلات أقل .

الكلمات المفتاحية : الدور ، القنوات التربوية ، التعلم

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
DOI Link	http://doi.org/10.32410/huj-10449
ڕێکەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/١٠ | ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٤ | ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	karwan.hasan@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	©٢٠٢٣ پ.ی.د.کاروان محەمەد حەسەن، ئەمیرە ئەحمەد ڕەشید، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

Abstract

This research aims to reveal the role of educational channels in raising the level of learning among the students of the Kurdistan Region and to know the percentage of their use and the importance of these channels for studentsn , The importance of the research for a clear vision of the educational channels lies in their awareness of the educational programs they offer and how they reflect on the level of student learning , for this purpose the researcher has done a thoughtful research through the distribution of the survey form (questionnaire) to the students of grades (10,11 and 12) of the two sections (literary and scientific) for both genders , whose number (455) students in sulaymaniyah , to get their snswer , and in the end the researcher came to the conclusion that students benefited greatly from watching educational channels, the majority of students who use educational channels are female and have lower rates .

Key words : role , educational channels , learning

پێشەکی

ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی و کەناڵە پەروەردەییەکان بەتایبەتی گرنگی و بایەخەییان لەو پڕۆگرام وبەرنامە وبابەتە فێرکاریانەوە سەرچاوە دەگرێت کە بڵاوی دەکەنەوە و دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ وانەکانی خوێندنی خوێندکاران ، کەناڵە پەروەردەییەکانیش لەپڕۆسەی خوێندندا بە یارمەتیدەرێکی گرنگ ئەژمار دەکرێن کە دەبنە هۆی ئاسانکاریەکی بەرچاو بۆ خوێنکاران و خودی مامۆستایانیش ، لەو ڕوانگەیەوە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان بەیەکێك لەو ئەرکە گرنگانە دادەنرێت کە کەناڵە پەروەردەییەکان پێی هەڵدەستن ، ئەمەش وای لە توێژەرکرد (ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان لەبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان) بکاتە کێشەی سەرەکی توێژینەوەکەی ، هەتا وەکو لەم سۆنگەیەوە لەبەش وباس ورێوشوێنی مەیدانیی پەیوەستدا بگاتە وەڵامێکی زانستی گونجاو ، هەروەها توێژەر دەیەوێت بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئایا کەناڵە پەروەردەییەکان وەک پێویست توانیویانە ڕۆڵیان لە باشتر تێگەیشتنی خوێندکاران بۆ وانەکان هەبێت و لەڕێگەی خویندنی ئۆنلاین و بەکارهێنانی ئەو کەناڵانە بۆ بابەتی فێربوونی وانەکان سوود بە پڕۆسەی فێرکاری لەهەریمی کوردستاندا دەگەیەنن ، چونکە توێژەر پێی وایە کە وەڵامدانەوەی ئەم پرسەش بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بایەخێکی گرنگی بۆ توێژەرانی دیکە وکتێبخانەی کوردی دەبێت ، بۆئەم مەبەستەش توێژینەوەکە بەسەر(چوار)بەشدا دابەش کراوە-: بەشی یەکەم پێکهاتووە لەچوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە کە کێشە و ئامانج و گرنگی و جۆر وکۆمەڵگە و سامپڵ و ئامراز وڕاستی و جێگیری و سنور و چەمك و گریمانەی توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو دەگرێتەوە ، بەشی دووەمیش بەناوونیشانی ڕاگەیاندن و پەروەردەیە کە لە چوار پاڕ پێکهاتووە ، پاڕی یەکەم باسی نێوان ڕاگەیاندن و پەروەردە کراوە ، پاڕی دووەم باسی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کراوە ، پاڕی سێیەم باسی کەناڵە پەروەردەییەکان و فێرکردن کراوە ، پاڕی چوارەم باسی بایەخی کەناڵە پەروەردەییەکان لە بواری فێرکردندا کراوە ، هەرچی بەشی سێیەمیشە لەپراکتیکنامەی توێژینەوەکە پێکهاتووە ، لەکۆتایدا سەرەڕای برگەکانی پێشوو لەسەرتوێژینەوەکە ، ئامار وبابەت و شرۆڤە وشیکردنەوە وئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردە و سەرچاوەکان لەخۆدەگرێت .

بەشی یەکەم : چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە : یەکەمین هەنگاوی هەرتوێژینەوەیەکی زانستی بریتی یە لە دیاریکردنی کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە ، هەستکردن بوونی کێشەیەک کە پێوستی بەوەسف و لێکدانەوە و چارەسەرکردن هەبێت ،سەرەتایەکی لۆژیکیە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی وردی زانستی ، کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لەخستنەرووی (ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی فیربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان) ، بۆزیاتر ڕوونکردنەوەی کێشەی ئەم توێژینەوەیە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا خۆی دەبینێتەوە :-

١- ئایا کەناڵە پەروەردەییەکان ڕۆڵیان لە پڕۆسەی فێربوون و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران چۆنە ؟

٢ - ئایا ڕێژەی بەرکەوتنی خوێندکاران لەگەڵ کەناڵە پەروەردەییەکاندا چەندە ؟

٣ - ئەو بوارانە کامانەن کە زیاتر کەناڵە پەروەردەییەکان بایەخیان پێدەدەن ؟

٤ - ئایا خوێندکاران بەچی ڕێژەیەک لە کەناڵە پەروەردەییەکان سوودمەند بوون ؟

دووەم : ئامانجی توێژینەوەکە : هەموو توێژینەوەیەکی زانستی کۆمەڵێک ئامانجی هەیە ، دەکرێت ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش لەم چەند خاڵەدا دیاریبکرێت :

١- ناساندن و شیکردنەوەی چەمکی کەناڵی پەروەردەیی و فێربوون .

٢ - خستنەڕووی تواناو ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان و لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئەوکەناڵانە لەلایەن خوێندکارانەوە .

٣ - دیاریکردنی ڕادەی بەکارهێنانی کەناڵە پەروەردەییەکان لەلایەن خوێندکارانی هەریمی کوردستانەوە .

٤ - دەرخستنی پێگەو گرنگی کەناڵە پەروەردەییەکان لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان .

٥ - زانینی ڕادەی پشت بەستن و بەکارهێنانی کەناڵە پەروەردەییەکان لەلایەن خوێندکارانی هەرێمی کوردستانەوە وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ فێربوون .

سێیەم : گرنگی توێژینەوەکە : توێژەر پێی وایە ئەم توێژینەوەیە گرنگی هەیە لەڕووی :-

١- گرنگی ئەکادیمی :- لە پێناو پەرەپێدان بەلایەنی زانستی بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی پڕۆسەی فێربوون کە بریتی یە لەکەناڵە پەروەردەییەکان ، کە دەبێتە توێژینەوەیەکی زانستی و کەلێنیک لەنێو کتێبخانەکانی ناوەندە ئەکادیمییە جۆراوجۆرەکاندا پڕدەکاتەوە لەهەرێمی کوردستاندا .

٢- گرنگی پراکتیکی :- بەو پێیەی کەناڵە پەروەردەییەکان یەکێکن لەوکەناڵە گرنگانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە خوێندکارانەوە هەیە ، گرنگە لەو ڕۆڵانە تێبگەین کە لەسەر ئاستی فێربوونی خویندکاران دروستی دەکات ، هەروەها ئەم توێژینەوەیە بەرچاو ڕوونیەک دەدات بە کەناڵە پەروەردەییەکان تا لەوە بەئاگابن کە ئەو بەرنامە فێرکاریانەی پێشکەشی دەکەن بەگشتی چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر خوێندکاران دروست کردووە و هەتا چ ئاستێک لێی سوودمەند بوون .

٣ - گرنگی بۆ خوێندکار :- بەوپێیەی بەرنامە فێرکاریەکان لەڕێگەی تەلەفزیۆنە پەروەردەییەکانەوە خۆیان دەکەن بە گشت ماڵێکدا و بەشێکی زۆری خوێندکاران تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ مەبەستی فێربوون بەکاردەهێنن ، ڕۆڵیان لە پڕۆسەی فێربووندا هەیە ، ئەم توێژینەوەیە دەبێتە بەرچاو ڕوونیەک بۆ شێوازی مامەڵەی خوێندکاران لەگەڵ ئەو کەناڵانە و بەئاگابوون لە ناوەرۆك و بەهای بەرنامەکان .

چوارەم: جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە : ئەم توێژینەوەیە جۆرێکە لە توێژینەوەی "وەسفی" کە ئامانج لێی شیکردنەوە و وەسف کردنی دیاردەیەکە بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی و زانیارییەکانی تایبەت بەو دیاردەیە، چونکە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان لەبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان، بە بەکارهێنانی میتۆدی "ڕووپێوی" مەبەستدار، بەوپێیەی شێوازێکی زانستییە بۆ دەستکەوتن و کۆکردنەوەی زانیاری و پۆلێنکردنیان. هەروەها ئەم توێژینەوەیە فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە لەپێناو زانینی ڕادەی سوود وەرگرتنی خوێندکاران لەکەناڵە پەروەردەییەکان و کاریگەری ئەوکەناڵانە لەبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوونیاندا.

پێنجەم : کۆمەڵگاو سامپڵی توێژینەوەکە : ١ - کۆمەڵگای توێژینەوە : کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لەخوێندکارانی قۆناغەکانی (١٠، ١١، ١٢) ی ئامادەیی هەردووبەشی (زانستی و وێژەیی) لە خوێندنگاکانی ناوەندی شاری سلێمانی کە هەردوو پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) دەگرێتەوە لەگەڵ دەرەوەی شاری سلێمانی کە پەروەردەکانی (شارباژێڕ ، دووکان ، سەیدسادق ، دەربەندیخان ، چەمچەماڵ ، پشدەر ، پێنجوێن ، شارەزوور ، ڕانیە ، قەرەداغ) دەگرێتەوە کە هەموو پەروەردەکان دەکاتە (١٢) مەلبەند کە سەر بە بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانین ، ژمارەی گشتی خوێندکارانیش (٩١١١٠) خوێندکارە ، نموونەی توێژینەوەکەش وەرگرتنی خوێندکارانە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێیان داوە ، بەپاساوی ئەوەی خوێندکاران و ئەرکەکانیان پەیوەستە بە پڕۆسەی فیربوونەوە . بڕوانە خشتەی ژمارە (١) ، ژمارەی خوێندکاران لە ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی تێدایە .

خشتەی (١)

کۆمەڵگای توێژینەوەو ڕێژەی وەرگرتنی خوێندکاران لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردەی پارێزگای سلێمانی

(ژمارەی خوێندکاران لە ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی)

پەروەردەکان	ڕۆژئاوا	ڕۆژهەڵات	چەمچەماڵ	ڕانیە	پشدەر	سەیدسادق	دووکان	شارەزوور	دەربەندیخان	پێنجوێن	شارباژێڕ	قەرەداغ	کۆی گشتی
ژمارەی خوێندکاران	25190	15577	12475	12088	6478	5111	4009	3957	3062	1665	1097	401	٩١١١٠
ڕێژەی وەرگرتن	127	79	63	60	32	25	20	19	15	8	5	2	455

٢ - سامپڵی توێژینەوەکە : هەستاین بە وەرگرتنی نموونەیەکی گونجاو بۆ توێژینەوەکەمان بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریەکان کە ئەنجامەکانی ورد و گشتگیرن ، کە وەرگرتنی سامپڵێکی هەرەمەکی چینایەتی بۆ (٤٥٥) لەخوێندکارانی قۆناغەکانی (١٠، ١١، ١٢) ی ئامادەیی بەهەردووبەشی (زانستی و وێژەیی) یەوە لە خوێندنگاکانی ناوەندی شاری سلێمانی و دەرەوەی شاری سلێمانی هەڵبژاردووە ، پشت بەستن بە ئاماری پەروەردەییەکانی شاری سلێمانی کە ژمارەیان دەگاتە (٩١١١٠) نەوەد و یەک هەزار و سەد وە خوێندکار بە ڕێژەی (٥,٠٪) سفر پۆینت پێنج لە سەد وەرگرتووە . بڕوانە خشتەی ژمارە (٢) تایبەتمەندی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە ڕوونەدەکاتەوە .

خشتەی (٢) تایبەتمەندی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە ڕوونده‌کاته‌وه

تایبەتمەندی دیمۆگرافی	بڕگە	دووبارە بوونەوەکان	%
ڕەگەز	نێر	194	43.9
	مێ	248	56.1
تەمەن	١٦ بۆ ١٧ ساڵ	126	28.5
	١٨ بۆ ١٩ ساڵ	136	30.8
	٢٠ ساڵ بۆ سەروە	180	40.7
قۆناغی خوێندن	١٠	117	26.5
	١١	130	29.4
	١٢	195	44.1
شوێنی نیشتەجێبوون	ناوەندی شاری سلێمانی	177	40.0
	دەرەوەی شاری سلێمانی	265	60.0
پسپۆری خوێندن	زانستی	183	40.4
	وێژەیی	259	59.6
کۆی گشتی		442	100

خشتەی ژمارە (٢) ڕوونی دەکاتەوە : کە بەرزترین ئاستی ڕەگەز لەم توێژینەوەیدا بریتی یە لە ڕەگەزی مێ کەدەکاتە (٥٦,١٪) ، ڕەگەزی نێر (٤٣,٩٪)ی توێژینەوەکەیە ، بەرزترین ئاستی تەمەن بریتی یە لە تەمەنی نێوان (٢٠ ساڵ بۆ سەرەوە) بەڕێژەی (٤٠,٧٪) و تەمەنی نێوان (١٨ بۆ ١٩ ساڵ) (٣٠,٨٪) ،هەروەها نزمترین ئاستی تەمەن بە گوێرەی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لە تەمەنی نێوان (١٦ بۆ ١٧ ساڵ) کە بە ڕێژەی (٢٨,٥٪) ، وە بەرزترین ئاستی قۆناغی خوێندن بریتی یە لە قۆناغی (١٢) دەکاتە (٤٤,١٪) لە کاتێکدا قۆناغی (١١) دەکاتە (٢٩,٤٪) هەروەها نزمترین قۆناغی خوێندن بریتی یە لە قۆناغی (١٠) کە بە ڕێژەی (٢٦,٥٪) ، بەرزترین ئاستی شوێنی نیشتەجێبوون بریتی یە لە (دەرەوەی شاری سلێمانی) دەکاتە (٦٠,٠٪) لە کاتێکدا (ناوەندی شاری سلێمانی) دەکاتە (٤٠,٠٪)، بەرزترین پسپۆری خوێندن بریتی یە لە پسپۆری (وێژەیی) دەکاتە (٥٩.٦٪)هەروەها پسپۆری (زانستی) بە ڕێژەی (٤٠,٤٪) ، ئەم ئەنجامانە ش دەریدەخات کە ڕەگەزی مێ بایەخ بە کەناڵە پەروەردەییەکان ئەدەن بەراورد بەڕەگەزی نێر ،هەروەها ئەو خوێندکارانەی کە تەمەنیان لەنێوان ٢٠ ساڵ و زیاترە بایەخیان بۆ کەناڵە پەروەردەییاکان زیاترە بەراورد بەو خوێندکارانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٦ بۆ ١٧) و(١٨ بۆ١٩) ساڵە ، هەروەها ئەو خوێندکارانەی لە قۆناغی (١٢)ن زیاتر بەیاخ بە کەناڵە پەروەردەییاکان ئەدەن بەهۆی پێویستی زۆری خوێندکاران بۆ ئەو کەناڵانە لەو قۆناغەدا ، چونکە بە تەنها هۆڵەکانی خوێندن ناتوانن پێویستی خوێندکار بۆ تێگەیشتن لەوانەکانیان دەستەبەر بکەن ، لە کاتێکدا خوێندکارانی قۆناغەکانی(١٠، ١١) ی خوێندن کەمتر پێویستیان بەو کەناڵانە هەیە ، هەروەها خوێندکارانی بەشی وێژەیی زیاتر بایەخ بە کەناڵە پەروەردەییاکان ئەدەن بەراورد بە خوێندکارانی بەشی زانستی ، هەروەها خوێندکارانی خوێندنگاکانی دەرەوەی شاری سلێمانی زیاتر تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن بەراورد بە خوێندکارانی ناوەندی شاری سلێمانی ،ئەمەش دەریدەخات کە خوێندکارانی دەرەوەی شاری سلێمانی بەهۆی نەبوونی ئامرازەکانی تری فێرکردنەوە پەنا بۆ ئەو کەناڵانە دەبەن .

شەشەم : ئامرازی توێژینەوەکە : توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە ، کەچەندین پرسیاری پەیوەست بەبابەتی توێژینەوەکەی ئاراستەی بەشداربووان کردووە.

حەوتەم: ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە :

١ - ڕاستی ڕواڵەتی Facevalidity : توێژەر بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستی فۆرمی ڕاپرسیەکەی بەکارهێناوە ، بەرلەوەی ئەوفۆرمە پڕبکرێتەوە و بکرێتە بنەمای کارکردن پیشانی چەند پسپۆڕو شارەزایەکی بواری ڕاگەیاندن و پەروەردە دراوە پاشان بەگوێرەی پێویست گۆڕانکاری لە بڕگەکاندا کراوە و ڕاستی فۆرمەکە دەکاتە ٤٤).٩٦٪) ، بۆ دیاری کردنی ڕاستی ڕواڵەتی توێژینەوەکە ، پشتبەستراوە بە دوو پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن و سێ پسپۆڕی بواری پەروەردەیی بنەڕەتی ، پسپۆڕەکانیش لەم بەڕیزانە پێکهاتوون(پ.د. جواد نعمت حسین ، زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

پ.د. سابر بکر مستەفا ، زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

پ.د. کەریم شەریف قەرەچەتانی ، ، زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

پ.ی.د. سەلام نصرالدین،زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان– بەشی ڕاگەیاندن

پ.ی.د. شێرکۆ جبار محمد ، زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی - کۆلێجی کارگێڕی - بەشی تەکنیکی میدیا).

٢ – جێگیری توێژینەوەکە Reliability Statistics : توێژەر جێگیریی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکەی بەڕێگەی ڕێکی ناوەکی (الاتساق الداخلی

Internal Consistency) بەبەکارهێنانی هاوکێشەی (ئەلفاکرونباغ - Cronbach's alpha) دەرهێناوە کە دەکاتە (٠.٩٥٣) .

هەشتەم: سنووری توێژینەوەکە : ١- بواری کات : ئەم ڕاپرسیە بۆ وەرزی خوێندنی ٢٠٢١ ز - ٢٠٢٢ ز ئەنجامدرا لەسەرەتای مانگی شوباتی ٢٠٢٢ز بۆ مانگی نیسانی ٢٠٢٢ زکۆتایی پێهێنرا.

٢ - بواری شوێن : شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکە توێژەر بەمەبەست شاری سلێمانی هەڵبژاردووە و خوێندنگاکانی پارێزگای سلێمانی بۆقۆناغەکانی (١٠،١١،١٢) ی هەردوو بەشی (زانستی و وێژەیی) .

٣ - بواری مرۆیی : ژمارەی ئەو خوێندکارانە دەگرێتەوە کە لە ڕاپرسیەکەدا بەشداربوون و ژمارەیان (٤٥٥) خوێندکاربوو .

نۆیەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە : توێژەربە پێویستی دەزانێت لەتێڕوانینی زانستی و گۆشەنیگای بۆ توێژینەوەکەی چەمکەکانی توێژینەوەکەی پێناسە بکات ، واتە تەنها پێناسەی ئیجرائی چەمکەکانی کردووە کە پەیوەندی بەواقعی توێژینەوەکەوە هەیە بەم شێوەیە :

١- ڕۆڵ :- بریتی یە لە ئەرکێک یان ڕەفتارێک کە کەسێک یان لایەنێک دەیگێڕێت لەکاتێکی دیاریکراودا و بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو ، وەک ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان لەبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان (الكسواني ، ٢٠٠٩ ، ص١٣) .

٢- کەناڵی پەروەردەیی :- ئەو کەناڵانە دەگرێتەوە کەبەرنامەی پەروەردەیی و فێرکاری پەخش دەکەن ، ئامانجیان بڵاوکردنەوەی زانین و ڕۆشنبیریە ، هەروەها پێشکەشکردنی خزمەتە بە چینێکی فراوانی کۆمەڵگا لە نێویاندا خوێندکارانی خوێندنگا و زانکۆ و پەیمانگاکانن (الطيطي ، وآخرون ، ٢٠٠٨ ، ص٨٥) .

٣- فێربوون :- مەبەست لە چەمکی فێربوون لەم توێژینەوەیەدا ڕەفتارێکی کەسیە کە تاک لەپێناو بەدەستهێنانی زانیاری و ئەزموون و زانین پێی هەڵدەستێت و دەتوانێت لە ڕێگەی پیادەکردنی کارێکەوە فێر ببێت ، لێرەوە کەسی فێربوو ئامانجی تیگەیشتنە لە واتای فیربوون ، کرداری فێربوون بەهۆی چەند ئامرازیکەوە ئەنجام دەدرێت وەکو(کتێب ، ئەنتەرنێت ، خوێندنگە و چەند ئامرازێکی تری فێرکردن ، پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان فیربوون و کرداری فێرکردندا هەیە (الشعباني ، ١٣٨٣ ، ص٢٢) .

دەیەم : گریمانەی توێژینەوەکە : ١- پەیوەندی ئاماژەی ئامارِی لە نێوان کاتی تەرخانکراو بۆ تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکان لەلایەن خوێندکارانەوە و ڕۆڵیان لە چاندنی فێربووندا هەیە.

٢- جیاوازی ئاماژەی ئامارِی لە نێوان سامپڵی توێژینەوەکە لە تەماشاکردنی خوێندکاران بۆ کەناڵە پەروەردەییەکان بەپێی گۆڕاوە دیموگرافیەکانی (ڕەگەز ، تەمەن ، قۆناغی خوێندن ، ، پسپۆڕی خوێندن) هەیە .

یازدەیەم : توێژینەوەکانی پێشوو : ١- توێژینەوەی (مسعود ، ٢٠١٠) بەناوونیشانی (دوافع استخدامات طلبة المرحلة الثانوية لوسائل الاعلام التربوي والاشباعات المتحققة منها بمحافظتي المينا والاسكندرية) ، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیەندنی پەروەردەییە لەلایەن خوێندکارانی قۆناغی ئامادەییەوە لەهەردوو پارێزگای مینا و ئەسکەندەریە لەوڵاتی میسر ، توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا مەنهەجی وەسفی بەکارهێناوە و کۆمەڵێک فۆرمی ڕاپرسی بەسەر خوێندکاراندا دابەشکردووە ، گرنگترین ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسیەکەش بریتی بوو لە : پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوان ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەلایەن خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی و ئەوپاڵنەرانی کە هۆکارن بۆ بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەو ئاستی بەشداریکردنیان لەگەڵ ئامرازەکاندا و گەشەپێدانی ئاستی فێربوونیان .

٢- توێژینەوەی (Rowand,2000)) بە ناوونیشانی :)مدى استخدام معلمي المدارس الحكومية للبرامج التعليمية في القنوات التعليمية في المدارس) .

ئامانجی زانینی ڕادەی بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی فێرکاریە لە خوێندنگاکاندا لە لایەن مامۆستایانەوە ، هەروەها چۆنێتی ئاراستەکردنی خوێندکارەکانیانە بۆ سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامانە ، سامپڵی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە کۆمەڵێک مامۆستای خوێندنگا حوکمیەکان لە وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، هەروەها توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بە پرۆگرامی وەسفی شیکاری بەستووە ، لە کۆتایدا گەیشتووە بە کۆمەڵێک ئەنجام کە گرنگترینیان ئەمانەن :-

- ئەو مامۆستایانەی کە کەمترین ئەزموونیان هەیە ئەم پرۆگرامە بەکاردەهێنن .
- ٢٣٪ ی مامۆستایان ئامادەییان پیشانداوەکە پرۆگرامە فێرکاریەکان لە خوێندنگاکانیاندا پیادە بکەن .
- ئەو مامۆستایانەی کە زۆرترین مەشق دەکەن زیاترئامادەن ئەم پرۆگرامە جێ بەجێ بکەن .

أ- پێگەی ئەم توێژینەوەیە لەناو توێژینەوەکانی پێشوودا :-

لە ڕێگەی پیشاندانی توێژینەوەکانی پێشوودا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا لەچەند ڕوویەکەوە یەکدەگرێتەوە وەلەچەندڕوویەکی ترەوە لەگەڵیاندا جیاوازە ، ئەم توێژینەوەیەی ئێستا ئامانجەکەی دیاریکردووە کە بریتی یە لە(ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان لەبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان) بەمەش ئەم توێژینەوەیە لەڕووی ئامانجی توێژینەوەکەوە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ هەریەک لەتوێژینەوەکانی (مسعود ، ٢٠١٠) و (Rowand,2000) ، گرنگترین خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەم توێژینەوەیە و هەردوو توێژینەوەکەی پێشوو ئەمانەن : -

١- هەردوو توێژینەوەکان لەجۆری توێژینەوەی (وەسفی) ن ڕێبازی (ڕووپێوی) (مسحي) یان بەکار هێناوە و هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیەن کە هەمان میتۆد و ڕێبازی تێدا بەکارهاتووە .

٢- هەردوو توێژینەوەکە ئامانجیان زانینی ڕادەی تەماشاکردنی سامپڵی توێژینەوەیە بۆ کەناڵە پەروەردەیی و فێرکاریەکان ، کەئەم حاڵەتەش یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە .

٣ - یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕۆڵ و کاریگەری کەناڵە پەروەردەییەکانە ، بەهەمان شێوەش لە هەردوو توێژینەوەکانی پێشوودا ئاماژە بەهەمان ئامانج کراوە .

٤- ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ هەردوو توێژینەوەکەدا خاڵی لەیەکچووی تێدایە ، لەبەر ئەوەی بابەتی باسکراو لەبەرنامەو کەناڵە پەروەردەییەکانەوە جێگەی گرنگی پێدانی وەگرانە و پێویستە ڕادەی گرنگی و سودبینینی وەرگران بخرێتە ڕوو لەبارەی بابەتی باسکراو .

ب - جیاوازی نێوان ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو : ئەم توێژینەوەیە زیاتر ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان و بەدیاریکراویش کەناڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی دەردەخات لە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوونی خوێندکارانی هەرێمی کوردستاندا ، هەروەها تەوەرو بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسیەکە لە توێژینەوەکانی پێش خۆی جیاوازن .

ت - سوود وەرگرتن لەتویژینەوەکانی پێشوو : ئەم توێژینەوەیە توانیویەتی سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرێت لەڕووی میتۆدو ئامرازی توێژینەوەکان ، ئاشنابوون بەو هەوڵە زانستیانەی کەلەبواری پەیوەندی نێوان کەناڵە پەروەردەییەکان و خوێندکاراندا نراون ، هەروەها لەڕووی تیۆریشەوە سەرچاوەیەکی باش بوون بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو بابەتانەی پەیوەستبوون بە پەیوەندی نێوان خوێندکاران و کەناڵە پەروەردەییەکان ، هەروەها سەرچاوەیەکی باش بوون بۆ ڕێکخستنی پلانی توێژینەوەکە و ئاشنابوونی توێژەر بەکۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی بەتایبەتی لەبواری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و فێربووندا .

بەشی دووەم : ڕاگەیاندن و پەروەردە :

یەکەم : پێناسە و چەمکی ڕاگەیاندن :

یەکێک لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی کاری پەیوەندییکاران دەبێتەوە بریتی یە لە تێکەڵاوبوونی هەردوو زاراوەی (پەیوەندی کردن و ڕاگەیاندن) ، هەندێك جار سنووری زاراوەی ڕاگەیاندن ئەوەندە فراوان دەبێت ، کەچەمکی پەیوەندی کردنیش دەگرێتەوە ، هەندێك جاریش تەنیا تایبەت دەبێت بە ڕاگەیاندنەوە ، لەگەڵ ئەم تێکەڵاوبوون و جیاکرنەوەیەش هەریەکەیان خەسڵەتی خۆی هەیە پەیوەندیکردن لەسەر دوو ڕەهەند ، کاردەکات ، کە ئاوێتەی یەکترن ویەکتری تەواو دەکەن ، یەکێکیان ڕەهەندی وەزیفییەو خۆی لەپڕۆسەی گواستنەوەی زانیاری و بیرو هەڵوێستەکاندا دەبینێتەوە ، ئەوەی تریشیان ڕەهەندی بەستنەوە یان ئاوێتەییە ، خۆی لەوەرگرتنەوەی کاردانەوەی ئەوانی تردا دەبینێتەوە ، کە (بەبێ ئەم ڕەهەندە بازنەی پەیوەندیکردن تەواو نابێت) ، بەڵام ڕاگەیاندن ئەم ڕەهەندی بەستنەوەیە لەخۆناگرێت زۆر بەدەگمەن نەبێت ، مەرج نی یە بۆ تەواوبوونی کارەکەی بەزۆری تەنها لەسەر ڕەهەندی گواستنەوە کار بکات (ئەسعەد ، ٢٠١٣ :ل ٤٥-٤٦) .

- ڕاگەیاندن پڕۆسەیەکە بەهۆیەوە واتا و زانیاری و بیروبۆچوون لەکەسێکەوە دەگوازێتەوە بۆ کەسێکی تر واتا لە (نێرەر)ەوە بۆ (وەرگر) بەمەبەستی هێنانەدی ژمارەیەک ئامانجی ویستراو (کەرکوکی ، ٢٠٠٨ : ل٧) .

دووەم : واتا و چەمکی پەروەردە : پەروەردە "بە مانای چاندنی زانیاریی و شارەزایی مەعریفی دێت لە ڕێگەی چەند دامەزراوەیەکی دیارییکراوەوە کە بۆ ئەو مەبەستە دامەزراون وەکو خوێندنگاکان ". بەمەش دەبێتە زاراوەیەکی هاوشێوەی فێرکردن ، هەروەک زانراوە کە پڕۆسەی فێرکردن بەشێکە لە لایەنی پەروەردەیی ، کە کورت دەبێتەوە لە گەشەپێدانی لایەنی عەقڵی و مەعریفی و شارەزایی ، ئەم مانایەی پەروەردەش لەلایەنی فێرخوازەوەیە کە کاری پێدەکات چی لە ڕێگەی ئەزموون و دۆزینەوەکانی خۆیەوە بێت یان لە سەر دەستی کەسانی ترەوە فێری بوبێت (مرسي ، ٢٠٠٩: ص٨) .

سێیەم : پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و پەروەردە : پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و پەروەردە پەیوەندییەکی بەهێزو کاریگەرو دینامیکیە لەنێوان سروشت و هێز و ئەرکی دامووەدزگاکای ڕاگەیاندن و پەروەردەدا ، هەردووکیان بە گرنگترین دامەزراوەکانی پێگەیاندن دادەنرێن ، هەروەها بەیەکێک لە دامەزراوە پێگەیاندنی تاك ئەژمار دەکرێن بەدریژایی تەمەنی ، پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و پەروەردە پەیوەندییەکی پێکەوەبەستراوی بەهێزە ، بوونی پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوانیاندا یارمەتی گەشەسەندنی ڕۆشنبیری دەدات و دواجار ئەنجامی باشی دەبێت لە فکرو پەروەردە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا (خضر، ٢٠١٨: ص١٧) .

پڕۆسەی پەروەردەش لە هەندێك لایەنەوە بریتی یە لە پڕۆسەی ڕاگەیاندن ، بۆیە لەڕووی تێگەیشتنی گشتیەوە ڕاگەیاندن و پەروەردە دژبەیەکتر نین ، ئەوەی جێگەی سەرنجە کە پەروەردە پڕۆسەی ئاراستەکردنی کۆمەڵایەتییە کە لە سەر بنەمای فێرکردن وەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی کلتور و ئاساییکردنەوەی تاکەکان و گۆڕینی ڕەفتار و هەڵوێستەکان بەکاردێت ، هەروەها ڕاگەیاندنیش هەر لە بنەڕەتەوە پڕۆسەیەکی ئاراستەکردنی تاکەکانە ئەمەش لە ڕێگەی دەوڵەمەندکردنیان بە ئەزموونی ڕاست و زانیاری دروست بەمەبەستی یارمەتیدانیان لەپێکهێنانی ڕای گشتی دروستدا دەربارەی ڕوداوێک لە ڕووداوەکان یان کێشەیەک لە کێشەکان (موسی ، ٢٠٠٢ : ص١٩٦- ١٩٩) .

چوارەم : مانا و چەمکی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی : چەندین توێژینەوە و لێکۆلینەوەی زانستی لەگۆشەنیگای جیاوازەوە دەرکەوتن کە باسی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی دەکەن ، هەموویان لەسەر ئەو ڕایە کۆک بوون کە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستی هەیە ، زاراوەی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی هەتاوەکو کۆتایی ساڵی حەفتاکان بەم شێوەیە مایەوە ، دواجار یونسکۆ هەستا بە پێشخستنی سیستمی زانیارییە پەروەردەییەکان و شێوازەکانی پەسەندکردنیان و جیاکردنەوەیان و سوودوەرگرتن لێیان ، لەو کاتەوە چەندین لێکۆڵینەوە و نووسین دەستیپێکرد کە باسیان لەوە دەکرد کە ئەم زاراوەیە چەندین پێناسە لەخۆدەگرێت (بصفر ، واخرون ، ٢٠١١،ص٧١- ٧٤).

لە پێناسەیەکی فراواندا بۆ ڕاگەیاندنی پەروەردەیی هاتووەکە : کە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی چەند جۆرێکی جیاوازی دەرگای زانیاریەکانە کە بەبناغەیەک بۆخوێندکاران و مامۆستایان دادەنرێت ، کەگرنگترینیان کتێبخانە و تەلەفزیۆن و چەند ئامرازێکی تر دەگرێتەوە (عبید ، ٢٠١١، ص٣ - ٣٩) .

توێژەر پێی وایە کەڕاگەیاندنی پەروەردەیی بریتی یە لە کۆمەڵێک ئەزموون وکارامەیی و کۆششە لەبواری فێرکاریدا ، کەخوێندکارلەڕێگەی خوێندنگاو ئامادەکردن و وەرگرتنی پەیامە هەمەچەشنەکان و ڕۆژنامەگەریی و کەناڵی پەروەردەیی و ئەنجامدانی سیمینار بەدەستیان دەهێنێت .

پێنجەم : ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی : ئامرازەکانی (بیستراو و بینراو) دەگرێتەوە کە ئەوانیش مەبەست لێیان ئەم ئامرازانەیە :

١- ئامرازی بینراو و بیستراو : ئەم ئامرازانە دەگرێتەوە ؛

أ - تەلەفزیۆن :- ئامرازێکی گرنگە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کە کۆکراوەی دەنگ و وێنە و وشەو ڕەنگ و جوڵەیە ، ئەمە وادەکات

تەلەفزیۆن لەتوانایدا بێت کۆنترۆڵی هەستەوەرەکانی بینین و بیستن و هەست و سۆز و هزر بکات ، بەتایبەتی لەو زانیاریانەی کە ناتوانرێت بەتەنها بۆ وەرگر بگواسرێتەوە ، بۆیە تەلەفزیۆن بەرادەیەکی زۆر لە گەیاندنی کەسی کاریگەرترە (جەلال ، ٢٠١٨ ، ل٢٠) .

ب - ئینتەرنێت :- لە ئێستادا بە گرنگترین ئامرازی ڕاگەیاندن دادەنرێت ، ئەویش بەهۆی بەجیهانیی بوونی وئاسانی لە بەکارهێنانیدا ، هەروەها بەهۆی زۆری زانیاریەکانی و هەمەجۆری سەرچاوەکانیەوە (الدليمي ، ٢٠١١ ، ص ١٧٥) .

پ - کۆمپیوتەر:- ڕۆڵی کۆمپیوتەر وەک ئامرازێکی فێرکاری لە جەختکردنەوەی ئاراستەکانی پەروەردەیی نوێ لە فێرکردنی خۆیی ولە زیاد بوونی بەرپرسیارێتی تاک لە فێربووندا دەردەکەوێت ، لە هەمانکاتدا دەرکەوتنی فێربوونی ئۆنلاین لەم سەردەمەدا بایەخی کۆمپیوتەر زیاتر دەکات (الدهشان ، ٢٠١٠ ، ص١٢- ١٤).

٢- ئامرازی کاغەزیی :-

أ- کتێب :- مەبەست لەو کتێبانەیە کە لەخوێندنگاکاندا وەک پڕۆگرامی خوێندن بەکاردەهێنرین ، هەروەها کتێبی تریش دەگرێتەوە ، ئەو کتێبانەی کە وەک پڕۆگرامی خویندنن لە ڕووی سوود و توانای زۆرەوە بەیەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێن ، دەتوانرێت لەناو ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەییدا جەخت لەسەر کاریگەرێتیان بکرێتەوە (الرفاعي ، ٢٠٠٨ ، ص٨٤) .

ب - ڕۆژنامە :- ڕۆژنامە بایەخێکی زۆری هەیە ، چونکە وەک پەنجەرەیەک وایە کە تاک لەڕێگەیەوە بەجیهان ئاشنا دەبێت ، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە گشتی دەچنە خانەی خولاوەکانەوە کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا بە ئەڵقەیەکی پەیوەندی گرنگ دادەنرێن ، وە بەوە جیادەکرێتەوە کە بەئاسانی بەردەست دەبن (الدليمي ، ٢٠١١، ص١٧٣) .

شەشەم : کەناڵە پەروەردەییەکان و فێرکردن :

لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا چەندین بەکارهێنەری جیاوازبۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بوونیان هەیە ، زۆرترینیان خۆیان لە بەکارهێنانی کەناڵە پەروەردەیی و فێرکاریەکاندا دەبیننەوە ، گومانی تێدا نیە کە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بواری فێرکاریدا دووجۆرن ئەوانیش ئامرازی فێرکردنی کراوە و ئامرازی فێرکردن لە دوورەوە ، سەبارەت بە ئامرازی فێرکردن لە دوورەوە لایەنێکی گرنگە لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو کە تاکەکان دەتوانن لە هەر کاتێکدا کە مەبەستیان بێت لە ماڵەکانی خۆیاندا بەکاری بهێنن(الشعباني ، ٢٠١٢ ،ص ٢٢٤). دوو سەرچاوەی سەرکی هەن بۆ کەناڵە پەروەردەییەکان ئەوانیش :

١- تەلەفزیۆنی پەروەردەیی (EducationalTv)(ETV) : مەبەست لە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی کۆمەڵیك بابەت و پڕۆگرامی دەنگی و وێنەییە لەگەڵ کۆمەڵێک پاشکۆ وەکو چاپەمەنیەکان و چەند بابەتێکی فێرکاری کە بەهۆی ئێزگەی تەلەفزیۆنەوە بەرهەم دەهێنرێن و پەخش دەکرێن ، هەروەها هەڵدەستێت بەگواستنەوەی چەندین زانیاری بینراو و بیستراوی ڕوون لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکاندا بۆکۆمەڵگا (جریسات ،٢٠١١ : ص٣٦) .

٢- تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان : تۆڕە کۆمەڵەیەتییەکانیش بە یەکێک لە دامەزراوە ئەلکترۆنیە پەروەردەییە گرنگەکان دادەنرێت ، کە لەبەرەوپێشبردنی چەند لایەنێکی گرنگ لە کەسایەتی خوێندکار لە ڕووی ئەکادیمی یان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە ، توێژینەوەکانی پێشوو لەسەر ڕۆڵی پەروەردەیی و فێرکاری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان هەمەچەشنە بوون ، هەروەک لە توێژینەوەی (کالبیدوKalpidoوکوستنCostin و مۆرسMorris) باس لەوەکراوە کە(فەیسبووک facebook) تۆڕێکی کۆمەڵایەتیە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەهێز دەکات وڕۆڵی لە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوونی خویندکاراندا هەبووە ، لە نێوو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی تریشدا (یوتیوب youtube) دادەنرێت بە بەهێزترین بەکارهێنەر لە بواری ئینتەرنێتدا هەرچەندە زۆرینەی خەڵک لە پێناو بەسەربردنی کاتێکی خۆش بەکاریدەهێنن ، بەڵام لەهەمان کاتدا (یوتیوب) لە بواری فێرکاریدا بە ئامرازێکی کاریگەر دادەنرێت ، ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) لە زمانی نووسەرەکەیەوە (جون گرین JohnGreen) وە بڵاوی کردووەتەوە کە تۆڕی کۆمەڵایەتی (یوتیوب) دادەنریت بە زانایەک کە هەموو کەسێک لە ڕێگەی ئەو پارچە ڤیدیۆیانەی ناو یوتیوبەوە دەتوانێت بەخێرای زانیاری چاکی لێ دەستبکەوێت ، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت (یوتیوب) وەک ئامرازێکی سەرەکی و جێگرەوەیەکی فێرکردن تەماشا بکرێت ، هەروەها سودمەندە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک وانەو بابەتی زانستی (أوباري . ٢٠١٥ . كيفية استخدام اليوتوب في التعليم بطريقة آمنة و فعالة.) https://www.new-educ.com/%D٨%AF%D٨%AE%D٨%AA%D٨%D٨%B٣%D٨%AV%A%٨A-%D٨%D٩%٨١%D٩%-A٨%D٨%٨٨%٨A%D٩%AA%D٩%D٨%٨٨%٨A%D٩%D٩%٨٤%D٩%AV%D٨%-٨٥%D٩%V ٨٥%٨A%D٩%D٩%٨٤%D٩%B٩%AA%D٨%D٨%٨٤%D٩%V

حەوتەم : بایەخی کەناڵە پەروەردەییەکان لە بواری فێرکردندا :

١- بایەخی کەناڵە پەروەردەییەکان بۆ مامۆستا :

أ - یارمەتی مامۆستا دەدەن و دەبنە هۆی باشترکردنی چۆنێتی وانە ووتنەوە .

ب - یارمەتی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستا دەدەن .

پ - گۆڕینی ڕۆڵی مامۆستا لە کەسێکەوە کە تەنها ئەرکی گواستنەوەی زانیاری بێت بۆ کەسێک کە ڕۆڵی پیلان دانان بێت بۆ فێرکردن .

ت - یارمەتی مامۆستا دەدەن کە بەشێوەیەکی باش وانەکان بۆ خوێندکاران ڕوون بکاتەوە و بگاتە دەستی خوێندکاران و باشتر بەدواداچوون بۆ زانیارییەکان بکەن.

ج – دەستەبەرکردنی هەموو کاتەکان بۆ فێرکردن بەشێوەیەکی باش .

چ - کۆشش و کات بۆ مامۆستا دەستەبەردەکەن ، بەجۆرێک بتوانێت زیاتر لە جارێک ئامرازێکی فێرکردن بەکاربهێنێت (قیدوم ، ٢٠١٦، ص١١٤) .

٢- بایەخی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ خوێندکاران :- ئامرازەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گیانی ئارەزووکردنی خوێندکاران بۆ زانست زیاتر دەکەن ، چونکە خوێندکاران هەمیشە ئارەزووی بەکارهێنانی ئامرازی نوێ دەکەن لە بواری فێرکاریدا ، کە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بە گەنجینەیەکی باش دادەنرێن (قیدوم ،٢٠١٦ ، ص ١١٤) .

٣- بایەخی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ وانەکانی فێرکاری :- کەناڵەکانی ڕاگەیاندن یارمەتی گەیاندنی زانیاریەکان و تواناکان دەدات کە پەیوەستن بە وانە فێرکاریەکانەوە ، هەروەها یارمەتی خوێندکاران دەدات کە هەست بەو زانیاریانە بکەن هەستپێکردنێکی نزیک ، تەنانەت ئەگەر ئاستەکانیش جیاواز بن ، هەروەها یارمەتی زانیاریەکان دەدات کە بە زیندوویی لەناو مێشکی خوێندکاردا بمێننەوە و کار لەسەر ڕوونکردنەوەی زانیاریەکان دەکات ، چەندین تاقیکردنەوەی جیاواز ئەنجامدراون کە تێیدا ئامرازی ڕاگەیاندن بەکارهێنراون وەک تەلەفزیۆن لە بواری پاڵپشتیکردنی پرۆسەی فێرکاری خوێندنگادا و لەهەندێک لە وڵاتاندا سوودی لەبەرەو پێشبردن و ڕێکخستنی فێرکاریدا هەبووە ، یەکێک لەو وڵاتانەی کە ئەو تاقیکردنەوەیەی تێدا ئەنجامدرا وولاتی (یابان) بووکە لەساڵی شەستەکاندا ڕادیۆی بەکارهێنا لە بواری فێرکردنی زمانی ئنگلیزیدا (التلواتي . ٢٠١٤ . لماذا يجب استخدام التكنلوجيا في الفصول الدراسية ؟ وكيف يمكن ذلك ؟). https://www.new-educ.com/comment-utiliser-la-technologie-dans-la-salle-de-classe

بەشی سێیەم : پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی ، وەک پێوانەیەک بۆ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە ، فۆرمەکان دابەشکراوە بەسەر خوێندکاراندا ،خوێندکارەکانیش ئەو خوێندکارانەن کە لە قۆناغی (١٠ - ١١ -١٢)ی ئامادەیی ، ئەم بەشەش لە دوو تەوەری سەرەکی پێکدێت کە ئەمانەن : -

تەوەری یەکەم : پەیوەندی نێوان بەرتوێژ و کەناڵە پەروەردەیەکان :

لەم تەوەرەیەدا بە داتا و ڕێژەی سەدەی ڕوونکردنەوە دەدرێت لەو پەیوەندیەی کە لە نێوان بەرتوێژ و کەناڵە پەروەردەیەکاندا هەیە ، بەو پرسیارانەی کە لە خوێندکار کراوە و ژمارەی پرسیارەکان لەم تەوەرەیەدا (١١) پرسیارە ، هەر یەک لەو خشتانەی خوارەوەش ڕوونکردنەوە دەدات دەربارەی پرسیارەکانی تەوەری یەکەم .

خشتەی (٣) ئایا تەماشایی کەناڵە پەروەردەیەکان دەکەیت ؟

تەماشاکردنی کەناڵی پەروەردەیی	دووبارە بوونەوەکان	%	ناوەندە ژمارەیی	لادانی پێوانەی	گرنگی ڕێژەیی
بەڵێ	186	42.08	2.33	0.499	77.67
تارادەیەک	217	49.10			
نەخێر	39	8.82			
کۆی گشتی	442	100			

لەخشتەی ژمارە (٣) دەردەکەوێت کە خوێندکاران بەریژەی (٤٢,٠٨٪) تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن، بەڕێژەی (٤٩,١٠٪) (تارادەیەک) بە ڕێژەی (٨,٨٢ ٪) تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان ناکەن ، لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕێژەی تەماشاکەرانی کەناڵە پەروەردەییەکان بەرزترە لەو خوێندکارانەی کە تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان ناکەن ، ناوەندە ژمارەیی بریتی یە لە(٢.٣٣)، هەروەها لادانی پێوانەی دەکاتە (٠.٤٩٩) وە گرنگی ڕێژەیی(٦٧.٧٧).

خشتەی (٤) ئەو هۆکارانە چین کە وایکردووە تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان نەکەیت ؟

تەماشا نەکردنی کەناڵی پەروەردەیی	دووبارە بوونەوەکان	%
لاوازی ناوەڕۆکی بەرنامەی کەناڵە پەروەردەییەکان	33	23.74
دووبارەیی و لەیەکچوونی بەرنامەی کەناڵە پەروەردەییەکان	18	12.95
نەبوونی یان خراپی پەخشی کەناڵە پەروەردەییەکان	24	17.27
سەرقالیم بە کۆشش کردن و نەبوونی کات بۆ تەماشاکردنی تەلەفزیۆن	43	30.94
نەبوونی باکگراوندی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی پێشکەشکار	21	15.11
کۆی گشتی	139	100

لەخشتەی ژمارە (٤) دا دەردەکەوێت کەبە هۆی چەند هۆکارێک خوێندکار ناتوانێت تەماشای کەناڵە پەروەردەیەکان بکات ئەوانیش بەڕێژەی (٢٣,٧٤٪) بەهۆی (لاوازی ناوەڕۆکی بەرنامەی کەناڵە پەروەردەییەکان)، (٩٥.١٢٪) بەهۆی (دووبارەیی و لەیەکچوونی بەرنامەی کەناڵە پەروەردەییەکان) ، (٢٧.١٧٪) بەهۆی (نەبوونی یان خراپی پەخشی کەناڵە پەروەردەییەکان) ، (٣٠,٩٤٪) بەهۆی (سەرقالی بە کۆشش کردن و نەبوونی کات بۆ تەماشاکردنی تەلەفیزیۆن) ، (١٥ .١١٪) بەهۆی (نەبوونی باکگراوندی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی پێشکەشکار) ، ئەم ڕێژانەش ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە زۆربەی خوێندکاران بەهۆی دووبارەیی و لەیەکچوونی بەرنامەی کەناڵە پەروەردەییەکان تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان ناکەن دوابەدوای ئەویش هۆکارەکانی ترن .

خشتەی (٥) لە کەیەوە بایەخ بە کەناڵە پەروەردەیەکان دەدەیت ؟

بایەخدان بە کەناڵی پەروەردەیی	دووبارە بوونەوەکان	%
کەمتر لە ساڵێک	214	53.1
لە ساڵێک بۆ دوو ساڵ	90	23.3
لە سێ ساڵ زیاتر	99	24.6
کۆی گشتی	403	100

لەخشتەی ژمارە (٥) دەردەکەوێت بەڕێژەی (٥٣,١٪) بۆ ماوەی (کەمتر لە ساڵێک) و بەڕێژەی (٢٣,٣٪) بۆ ماوەی (ساڵێک بۆ دوو ساڵ) و بە ڕێژەی (٢٤.٦٪) لە سێ ساڵ زیاتربایەخ بە کەناڵە پەروەردەییەکان دەدەن .

خشتەی (٦) چ کاتێک بەگونجاو دەزانیت بۆ تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکان؟

کاتی گونجاو	دووبارە بوونەوەکان	%
بەیانیان	73	18.1
نیوەڕوان	36	8.9
ئێواران	70	17.4
شەوان	224	55.6
کۆی گشتی	403	100

لەخشتەی ژمارە (٦) دەردەکەوێت کە خوێندکاران بەڕێژەی (٥٥,٦٪) شەوان ، بەڕێژەی (٨,٩٪) نیوەڕوان ، بەڕێژەی (١٨,١٪) بەیانیان ، بەڕێژەی (١٧,٤٪) ئێواران تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن .

خشتەی (٧) ماوەی تەماشاکردنی ڕۆژانەت بۆ بەرنامەی پەروەردەییەکان چەندە ؟

تەماشاکردنی ڕۆژانە	دووبارە بوونەوەکان	%
کەمترە لە یەک کاتژمێر	225	55.83
لە یەک کاتژمێر بۆ دوو کاتژمێر	150	37.22
لە دوو کاتژمێر زیاتر	28	6.95
کۆی گشتی	403	100

لەخشتەی ژمارە (٧) دەردەکەوێت کە کەمتر لە یەک کاتژمێر بەرزترین ئاستی تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکانە کە دەکاتە (٥٥,٨٣٪) ، هەروەها بەڕێژەی (٦,٩٥٪) لە دوو کاتژمێر زیاترو بە ڕێژەی (٣٧,٢٢٪) لە یەک کاتژمێر بۆ دوو کاتژمێر تەماشای بەرنامە پەروەردەییەکان دەکەن .

خشتەی (٨) لەگەڵ کێ تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەیت ؟

تەماشا کرنی کەناڵە پەروەردەییەکان	دووبارە بوونەوەکان	%
بەتەنیا	256	63.5
لەگەڵ خێزانەکەم	130	32.3
لەگەڵ هاوڕێکانم	17	4.2
کۆی گشتی	403	100

لەخشتەی ژمارە (٨) دەردەکەوێت کە خوێندکاران بەڕێژەی (٦٣,٥٪) بە تەنیا ، بەڕێژەی (٣٢,٣٪) لەگەڵ خێزانەکانیان ، بە ڕێژەی(٤,٢٪) لەگەڵ هاوڕێکانیان تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن .

خشتەی (٩) لەبارەی بینینی بەرنامەی پەروەردەییەکانەوە لەگەڵ هاوڕێکانت گفتووگۆ دەکەیت ؟

گفتووگۆ کردن	دووبارە بوونەوەکان	%
بەڵێ	32	7.9
هەندێک جار	175	43.4
نەخێر	196	48.6
کۆی گشتی	403	100

لەخشتەی ژمارە (٩) دا دەردەکەوێت کە خوێندکاران لەبارەی بینینی بەرنامەی پەروەردەییەکانەوە بەڕێژەی (٧,٩٪) لەگەڵ هاوڕێکانیان گفتووگۆ دەکەن و بەڕێژەی (٤٨,٦٪) گفتووگۆ ناکەن، بە ڕێژەی (٤٣,٤٪) هەندێک جار گفتووگۆ دەکەن .

خشتەی (١٠) زیاتر لە ڕێگەی کام یەکێک لەم ئامێرانەوە تەماشای بەرنامە پەروەردەییەکان دەکەیت ؟

بەکارهێنانی ئامێر	دووبارە بوونەوەکان	%
کۆمپیوتەر	17	4.2
مۆبایل	172	42.7
تەلەفزیۆن	198	49.1
ئایپاد و تابلێت	16	4.0
کۆی گشتی	403	100

لەخشتەی ژمارە (١٠) دەردەکەوێت کە خوێندکاران بەڕێژەی (٤,٢٪) لەڕێگەی کۆمپیوتەر و بەڕێژەی (٤٢.٧ ٪) بە مۆبایل و بەڕێژەی (٤٩,١٪) بە تەلەفزیۆن و بەڕێژەی (٠.٤ ٪)بە ئایپاد و تابلێت تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن .

خشتەی (١١) لە کاتی تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکاندا زیاتر بایەخت بە کام لەم بەرنامانە داوە ؟

بایەخی بەرنامە	دووبارە بوونەوەکان	%
فێرکاری وانە	261	39.43
گفتوگۆی پەروەردەیی	68	10.27
دیداری پەروەردەیی	41	6.19
ڕێنمایی پەروەردەیی	101	15.26
فێربوونی زمان	138	20.85
ڕاوێژکاری خێزانی	53	8.01
کۆی گشتی	662	100

لەخشتەی ژمارە (١١) دەردەکەوێت کە خوێندکاران بەڕێژەی (٣٩,٤٣٪) لە کاتی تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکاندا بایەخ بە بەرنامەکانی فێرکاریی وانەکان و بە ڕێژەی(١٠,٢٧٪) بایەخ بەرنامەی گفتووگۆی پەروەردەیی و بە ڕێژەی (٦,١٩ ٪) بایەخ بەرنامەی دیداری پەروەردەیی و بەڕێژەی (١٥,٢٦٪) بایەخ بە بەرنامەی ڕێنمای پەروەردەیی و بە ڕێژەی (٢٠,٨٥٪) بایەخ بەفێربوونی زمان و بەڕێژەی (٨,٠١٪) بایەخ بە بەرنامەی ڕاوێژکاری خێزانی دەدەن .

خشتەی (١٢) سوودت لە زانیارییەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان وەرگرتووە ؟

سوود وەرگرتن	دووبارە بوونەوەکان	%
زۆر	103	25.6
تارادەیەک	271	67.2
هەرگیز	29	7.2
کۆی گشتی	403	100

لەخشتەی ژمارە (١٢) ڕوونکراوەتەوە کە خوێندکاران بەڕێژەی (٢٥,٦٪) سوودیان لە زانیارییەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان وەرگرتووە و بە ڕێژەی (٢.٦٧٪) تاڕادەیەک سوودمەند بوون و بە ڕێژەی (٧.٢٪) هەرگیز سوودمەند نەبوون .

خشتەی (١٣) ئەو هۆکارانە چین بوونەتە هۆی سوود وەرنەگرتنت لە کەناڵە پەروەردەییەکان ؟

سوود وەرنەگرتن	دووبارە بوونەوەکان	%
گرانی تێگەشتنی بابەتەکان	18	30.51
ناڕوونی لە ووتنەوەی وانەکان لە لایەن مامۆستای وانەکانەوە	5	8.47
لاوازی لە خستنەڕووی بەڵگە و سەلماندنی زانستیدا	13	22.03
پێشکەشکردنی زانیاری کۆن و ڕووکەشانە	11	18.64
کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەکان بۆ من گونجاو نەبووە	12	20.34
کۆی گشتی	59	100
کۆی گشتی	403	100

لەخشتەی ژمارە (١٣) دەردەکەوێت کە خوێندکاران بەریژەی (٣٠,٥١٪) بەهۆی (گرانی تێگەشتنی بابەتەکان)، بەرێژەی (٨.٤٧٪) بەهۆی (ناڕوونی لە وتنەوەی وانەکان) ، بەرێژەی (٢٢.٠٣٪) بە هۆی (لاوازی لەخستنەڕووی بەڵگەو سەلماندنی زانستی)، بەرێژەی (١٨.٦٤٪) بەهۆی (پێشکەشکردنی زانیاری کۆن و رووکەشانە)، بەرێژەی (٢٠.٣٤٪) بەهۆی (نەگونجانی کاتی پیشکەشکردنی بەرنامەکان) سوودیان لە کەناڵە پەروەردەییەکان وەرنەگرتووە .

تەوەری دووەم : پرسە تایبەتەکان بە بابەتی توێژینەوەکە :

بڕگەکانی پێوانە (مقیاس) پێکدیت لە شیکارکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەرتوێژان کە ئەمانەن :-

بەشی یەکەم : پەیوەندی نێوان خوێندکار و کەناڵە پەروەردەییەکان :-

بۆچوونی بەرتوێژوان لەبەرامبەر (پەیوەندی نێوان خوێندکار و کەناڵە پەروەردەییەکان) خراوەتە ڕوو ، کە لە چوارچێوەی (١٥) بڕگەدایە ، توێژەر داتاکانی خستووەتەڕوو هەروەها ڕێژەی سەدی و ناوەندە ژمێری و ڕیزبەندی لەبڕگەکانی شیکارکردووە ، لەم بەشەدا توێژەر کاری بە یاسای لیکارت کردووە بۆ سێ بژاردەی پێوانەیی (وایە ، هەندیکجار ، وانییە) .

هەرەیەکە لە (دووبارە بوونەوە ، ناوەندە ژمارەیی ، لادانی پێوانەی و گرنگی ڕێژەی) رووی دەکاتەوە پەیوەندی نێوان (خوێندکار و کەناڵە پەروەردەییەکان) پیشانی دەدات بەشێوەیەکی گشتی ناوەندە ژمارەیی دەکاتە (٢,١٢) ، لادانی پێوانەیی دەکاتە (٠,٧٥) هەروەها گرنگی ڕێژەیی دەکاتە (٧٦.٧٠) .

سەبارەت بە بڕگەکانیش بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە ، بڕگەی (کەناڵە پەروەردەییەکان هۆکارێکن بۆ زیاتر ئاشنا بوونم یاخود ناساندنی مامۆستایانی قۆناغەکانی خوێندنی (١٠ و ١١ و ١٢) کە قۆناغێکی گرنگی خوێندنن) کە لە پلەی یەکەمدا دێت ، ناوەندە ژمارەیی بریتیە لە(٢.٤١) ،لادانی پێوانەی بریتیە لە (٠.٧٥)،هەروەها گرنگی ڕێژەیی(٨٠.٤٨٪) . بڕگەی (کەناڵە پەروەردەییەکان بەدەر لە وانەکانی خوێندن گرنگی بە بواری (هونەر و وەرزش) یش دەدەن)، کە ناوەندە ژمارەیی بریتی یە (١.٧٠) ئەو ئەنجامەش لە ئاستی ناوەند دایە ، لادانی پێوانەی بریتیە (٠.٨٠)وە گرنگی ڕێژەیی بریتیە لە (٥٦.٨٢٪) ، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٤) .

خشتەی (١٤) پەیوەندی نێوان خوێندکار و کەناڵە پەروەردەییەکان روون دەکاتەوە

پەیوەندی نێوان خوێندکار و کەناڵە پەروەردەییەکان	وا نیە	هەندێک جار	وایە	ناوەندە ژمارەیی	لادانی پێوانەی	گرنگی ڕێژەیی %	ئاست	ریزبەندي
	Fr.	Fr.	Fr.					
	%	%	%					
کەناڵە پەروەردەییەکان هۆکارێکن بۆ زیاتر ئاشنا بوونم یاخود ناساندنی مامۆستایانی قۆناغەکانی خوێندنی (١٠ و ١١ و ١٢) کە قۆناغێکی گرنگی خوێندنن	63	110	230	2.41	0.75	80.48	بەرز	1
	15.63	27.30	57.07					
کەناڵە پەروەردەییەکان ناورۆکی وانەکان ڕوون دەکەنەوە	48	170	185	2.34	0.68	78.00	بەرز	2
	11.91	42.18	45.91					
پەخشی وانەکان لە کەناڵە پەروەدەییەکاندا وا لەخوێندکاردەکات بتوانێ چەندجارێ سەیری وانەکان بکاتەوە	75	132	196	2.30	0.76	76.67	ناوەند	3
	18.61	32.75	48.64					
کەناڵە پەروەردەییەکان هاندەرن بۆ پابەندبوونم بە بنەما فێرکارییەکانەوە	68	152	183	2.29	0.74	76.18	ناوەند	4
	16.87	37.72	45.41					
کەناڵە پەروەردەییەکان یارمەتیدەرێکی بەهێزبوون بۆ فراوانکردنی ئاستی هۆشیاری خوێندکاران دەربارەی وانە زانستیەکان	66	189	148	2.20	0.70	73.45	ناوەند	5
	16.38	46.90	36.72					
کەناڵە پەروەردەییەکان هاوبەشن لە فراوان بوونی ئاسۆی فێربوونم.	47	228	128	2.20	0.63	73.37	ناوەند	6
	11.66	56.58	31.76					
کەناڵە پەروەردەییەکان بایەخی زیاتریان بۆ بابەتە زانستییەکانە	82	163	158	2.19	0.75	72.95	ناوەند	7
	20.35	40.45	39.21					
کەناڵە پەروەردەییەکان هۆکارێکن بۆ گۆرینی ڕەفتاری خوێندکاران سەبارەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون و هەوڵدان بۆ بەدەستهینانی نمرەی بەرزتر	72	186	145	2.18	0.71	72.70	ناوەند	8
	17.87	46.15	35.98					
کەناڵە پەروەردەییەکان هۆکار بوون بۆ ئاشنابوونم بە شێوازی نوێی فێربوونم	88	157	158	2.17	0.76	72.46	ناوەند	9
	21.84	38.96	39.21					
کەناڵە پەروەردەییەکان هاوکارن لە زەمینەی ڕۆشنبیری پەروەردەیی و فێرکاریم	85	182	136	2.13	0.73	70.89	ناوەند	10
	21.09	45.16	33.75					
کەناڵە پەروەردەییەکان ڕۆڵیان لەکەمکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێی خوێندکاراندا هەیە .	116	169	118	2.00	0.76	66.83	ناوەند	11
	28.78	41.94	29.28					
کەناڵە پەروەردەییەکان تەنها لە کاتی کردەی خوێندن و تاقیکردنەوەکاندا بابەتی وانەکان پەخش دەکەن .	151	121	131	1.95	0.84	65.01	ناوەند	12
	37.47	30.02	32.51					
کەناڵە پەروەردەییەکان گوزارشت نین لە پێداویستی خوێندکار سەبارەت بە هۆشیارکردنەوەیان	137	178	88	1.88	0.74	62.61	ناوەند	13
	34.00	44.17	21.84					
کەناڵە پەروەردەییەکان گرنگی بەسەرجەم قۆناغەکان نادەن بەتایبەتی قۆناغی ١٠ و ١١	186	94	123	1.84	0.86	61.46	ناوەند	14
	46.15	23.33	30.52					
کەناڵە پەروەردەییەکان بەدەر لە وانەکانی خوێندن گرنگی بە بواری (هونەر و وەرزش) یش دەدەن	205	112	86	1.70	0.80	56.82	ناوەند	15
	50.87	27.79	21.34					
کۆی گشتی	1489	2343	2213	**2.12**	**0.75**	**70.76**		
	24.63	38.76	36.61					

بەشی دووەم : پەیوەندی مامۆستای وانەبێژ و بەرنامە پەروەردەییەکان بە خوێندکارانەوە .

بۆچوونی بەرتوێژوان لەبەرامبەر (پەیوەندی نێوان مامۆستای وانەبێژ و بەرنامە پەروەردەییەکان بەخوێندکارانەوە)خراوەتە ڕوو ، لەچوارچێوەی (١٠) بڕگەدایە ، هەریەکە لە (دووبارە بوونەوە ، ناوەندە ژمێرەیی ،لادانی پێوانەی و گرنگی ڕێژەی)ڕوونکراوەتەوە کە ناوەندە ژمێرەی دەکاتە (٢,٣٠) ، لادانی پێوانەی دەکاتە (٠,٧٤) و گرنگی ڕێژەی دەکاتە (٧٦,٧٤) . سەبارەت بە بڕگەکانیش بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە ، بڕگەی(لە کاتی ووتنەوەی وانەکەیدا خۆش نووسی لە مامۆستای وانەبێژدا لە کەناڵە پەروەردەییەکان گرنگە ، تاوەکو خوێندکار تێگەیشتنی هەبێت بۆ بابەتەک)ە ناوەندە ژمێرەییەکەی بریتیە لە(٦٣.٢)، ئەم ڕێژەیەش لە ئاستێکی بەرز دایە ، لادانی پێوانەی بریتیە (٠.٦٧)،گرنگی ڕێژەیی دەکاتە(٨٧.٥٩٪). بڕگەی (مامۆستای وانەبیژ لە ووتنەوەی وانەکانی لە کەناڵە پەروەردەییەکاندا هۆکارەکانی فێربوون (وسائل تعلیم) بەکارناهێنێ)، کە ناوەندە ژمارەیی بریتیە لە (١.٩٠)، کە ئەو ئەنجامە لە ئاستی ناوەند دایە ، لادانی پێوانەی (٠.٧٥)وە گرنگی ڕێژەیەکەی بریتیە لە (٦٣.١٩٪). بڕوانە خشتەی ژمارە (١٥) .

خشتەی(١٥) پەیوەندی مامۆستای وانەبێژ و بەرنامە پەروەردەییەکان بە خوێندکارانەوە روون دەکاتەوە

پەیوەندی مامۆستای وانەبێژ و بەرنامە پەروەردەییەکان بە خوێندکارانەوە	وا نیە	هەندێک جار	وایە	ناوەندە ژمارەیی	لادانی پێوانەی	گرنگی ڕێژەیی %	ئاست	ریزبەندی
	Fr.	Fr.	Fr.					
	%	%	%					
لە کاتی ووتنەوەی وانە (خۆش نووسی) لە مامۆستای وانەبێژدا لە کەناڵە پەروەردەییەکان گرنگە، تاوەکو خوێندکار تێگەیشتنی هەبێت بۆ بابەتەکە	42	66	295	2.63	0.67	87.59	بەرز	١
	10.42	16.38	73.20					
مامۆستای وانەبێژ لەکاتی ووتنەوەی وانە پێویستی بە داتاشۆ و وایت بۆرد و پێداویستی تر هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی وانەکەی بۆ ئەوەی خوێندکار باشتر تێبگات	39	83	281	2.60	0.66	86.68	بەرز	٢
	9.68	20.60	69.73					
لە کەناڵە پەروەردەییەکاندا و لە کاتی ووتنەوەی وانەکاندا خویندکار لەلایەن مامۆستای وانەبێژەوە بەشداری پێناکریت	56	123	224	2.42	0.72	80.56	بەرز	٣
	13.90	30.52	55.58					
مامۆستایانی وانەبێژ لە کەناڵە پەروەردەییەکان بۆ ووتنەوەی وانەکان پڕ زانیاری و بە ئەزموونن .	41	173	189	2.37	0.66	78.91	بەرز	٤
	10.17	42.93	46.90					
ڕۆتین و دووبارەیی لە پێشکەشکردنی وانەکاندا ، بەهەمان ستایل و شیوازی ئەداو دیکۆر، خوێندکار توشی (مەلەل) بێزاری دەکات	72	136	195	2.31	0.76	76.84	ناوەند	٥
	17.87	33.75	48.39					
مامۆستای وانەبێژ لە کەناڵە پەروەردەییەکان دەتوانێت ڕاستەوخۆ زانیارییەکان بگەیەنێت .	73	148	182	2.27	0.75	75.68	ناوەند	٦
	18.11	36.72	45.16					
نەبوونی پەیوەندی (کۆنتاک) لە نێوان مامۆستا و خوێندکار لە وتنەوەی وانەکان لە کەناڵە پەروەردەییەکاندا ، مامۆستا ناچاردەبێت لەبەردەم کامێرادا نواندن (تمثیل) بکات ، بۆیە لە وتنەوەی وانەکەیدا مامۆستا سەرکەوتوو نابێت	91	122	190	2.25	0.80	74.86	ناوەند	٧
	22.58	30.27	47.15					
مامۆستای وانەبێژ لە کەناڵە پەروەردەییەکان هاوشێوەی مامۆستای ناو پۆلەکانی خوێندنگا سەرکەوتوون لە ووتنەوەی وانەکان	92	133	178	2.21	0.79	73.78	ناوەند	٨
	22.83	33.00	44.17					
مامۆستای وانەبێژلە کەناڵە پەروەردەییەکان ئازادنین لە ووتنەوەی وانەکاندا هاوشیوەی وتنەوەی وانەکان لە ناو پۆلەکانی خوێندنگادا	132	107	164	2.08	0.85	69.31	ناوەند	٩
	32.75	26.55	40.69					
مامۆستای وانەبیژ لە ووتنەوەی وانەکان لە کەناڵە پەروەردەییەکان هۆکارەکانی فێربوون (وسائل تعلیم) بەکارناهێنێ	137	171	95	1.90	0.75	63.19	ناوەند	١٠
	34.00	42.43	23.57					
کۆی گشتی	775	1262	1993	**2.30**	**0.74**	**76.74**		
	19.23	31.32	49.45					

بەشی سێیەم : کەناڵە پەروەردەییەکان لەڕووی ئەرکی پەروەردەیی و فێرکارییەوە .

بۆچونی بەرتوێژان لە بەرامبەر (کەناڵە پەروەردەییەکان لەڕووی ئەرکی پەروەردەیی و فێرکارییەوە)کە لە چوارچێوەی (١٢) بڕگەدایە ، توێژەر هەرەیەک لە (دووبارە بوونەوە ، ناوەندە ژمێرەیی ، لادانی پێوانەی و گرنگی ڕێژەی) روون دەکاتەوە ، ناوەندە ژمێرەی دەکاتە (٢,١٢)، لادانی پێوانەی دەکاتە (٠,٧٤)، هەروەها گرنگی ڕێژەی دەکاتە (٧٠,٥٢) .

سەبارەت بە بڕگەکانیش بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتیەدەردەکەوێت ، بڕگەی(کەناڵە پەروەردەییەکان بەشدارن لە بڵاوکردنەوەی زانیاری پەروەردەیی و فێرکاری)کە لە پلەی یەکەمدا دێت ، ناوەندە ژمێرەیی دەکاتە (٢.٣١) ،لادانی پێوانەیی دەکاتە (٠.٦٣)، گرنگی ڕێژەیی (٧٧.٠١٪) . بڕگەی(کەناڵە پەروەردەییەکان دەتوانن جێگەی مامۆستای تایبەت بگرنەوە) ناوەندە ژمێرەیی بریتی یە لە (١.٧٦)ئەو ئەنجامە لە ئاستی ناوەند دایە ، لادانی پێوانەی بریتیە لە(٠.٧٩)وە گرنگی ڕێژەیەکەی بریتی یە لە(٥٨.٦٤٪) ، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٦) .

خشتەی (١٦) کەناڵە پەروەردەییەکان لەڕووی ئەرکی پەروەردەیی و فێرکارییەوە ڕوون دەکاتەوە

کەناڵە پەروەردەییەکان لەڕووی ئەرکی پەروەردەیی و فێرکارییەوە	وا نیە	هەندێک جار	وایە	ناوەندە ژمارەیی	لادانی پێوانەی	گرنگی ڕێژەیی %	ئاست	ریزبەندی
	Fr.	Fr.	Fr.					
	%	%	%					
کەناڵە پەروەردەییەکان بەشدارن لە بڵاوکردنەوەی زانیاری پەروەردەیی و فێرکاری	37	204	162	2.31	0.63	77.01	ناوەند	١
	9.18	50.62	40.20					
کەناڵی پەروەردەیی سەرکەووتوو بووە لە دەستنیشان کردنی ماموّستای وانەبێژی(گونجاو و شیاو)بۆ ووتنەوەی وانەیەکی دیاریکراو	56	172	175	2.30	0.70	76.51	ناوەند	٢
	13.90	42.68	43.42					
بەهۆی کەناڵە پەروەردەییەکانەوە بابەتە فێرکاریەکان بەشێوەیەکی زانستی دەخرێنەڕوو	61	185	157	2.24	0.70	74.61	ناوەند	٣
	15.14	45.91	38.96					
لەکەناڵە پەروەردەییەکاندا وانەکانی بەشێوازێکی سادە و ڕووکەش دەخرێنەڕوو	84	141	178	2.23	0.77	74.44	ناوەند	٤
	20.84	34.99	44.17					
پەخشی وانەکانی خوێندن لە کەناڵی پەروەردەییەکاندا و بە زمانە جیاوازەکان بەپێی ناوچەکان گرنگی پێ دەدرێت	78	166	159	2.20	0.74	73.37	ناوەند	٥
	19.35	41.19	39.45					
لەکەناڵە پەروەردەییەکانداماوەی پەخشی وانە و بەرنامەکان لە ڕووی ئەرکە پەروەردەییەکانەوە کەمە	94	163	146	2.13	0.76	70.97	ناوەند	٦
	23.33	40.45	36.23					
زۆری دووبارەبوونەوەی بەرنامەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان لە ڕووی فیربوونەوە کاریگەری کەمتر دەبێ	90	171	142	2.13	0.75	70.97	ناوەند	٧
	22.33	42.43	35.24					
بەکارهێنانی زمان و زاراوەی قورس لە گفتووگۆی بەرنامە پەروەردەییەکان بوەتە هۆی ئەوەی نەتوانم سوودمەند بم	121	139	143	2.05	0.81	68.49	ناوەند	٨
	30.02	34.49	35.48					
کەناڵە پەروەردەییەکان نەیان توانیوە وەک پێویست گەشە بە هۆشیاری فێرکاریی بدەن	125	135	143	2.04	0.82	68.16	ناوەند	٩
	31.02	33.50	35.48					
بەرنامە پەروەردەییەکانی کەناڵە پەروەردەیەکان لە ڕووی تەکنیک و شێوازی دارشتنەوە لاوازن	103	184	116	2.03	0.74	67.74	ناوەند	١٠
	25.56	45.66	28.78					
کەناڵە پەروەردەییەکان لە گەیاندنی زانیاریدا زیاتر پشتیان بە زانیارییە دەرەکیەکان بەستووە	102	215	86	1.96	0.68	65.34	ناوەند	١١
	25.31	53.35	21.34					
کەناڵە پەروەردەییەکان دەتوانن جێگەی ماموّستای تایبەت بگرنەوە	187	126	90	1.76	0.79	58.64	ناوەند	١٢
	46.40	31.27	22.33					
کۆی گشتی	1138	2001	1697	**2.12**	**0.74**	**70.52**		
	23.53	41.38	35.09					

- ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەکان و شیکردنەوەیان :

١- پەیوەندی ئاماژەی ئاماریی لە نێوان تەماشاکردنی خوێندکارانی هەرێمی کوردستان بۆ کەناڵە پەروەردەییەکان و ڕۆڵیان لە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون هەیە .

خشتەی (١٧) پەیوەندی نێوان گۆڕاوی (ئایا تەماشایی کەناڵە پەروەردەیەکان دەکەیت و سودت لە زانیارییەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان وەرگرتووە) ڕوون دەکاتەوە

ئایا تەماشایی کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەیت		سودت لە زانیارییەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان وەرگرتووە			کۆی گشتی
		زۆر	تارادەیەک	هەرگیز	
بەڵێ	Count	65	113	8	186
	% of Total	% 16.10	% 28.00	% 2.00	% 46.20
نەخێر	Count	38	158	21	217
	% of Total	% 9.40	%39.20	% 5.20	% 53.80
کۆی گشتی	Count	103	271	29	403
	% of Total	% 25.60	67.20%	% 7.20	% 100.00
0.000	P-value (ئاستی بەڵگەداری)	18.10	Chi- Square Test (تاقیکردنەوەی کای)		

خشتەی ژمارە (١٧) پەیوەندی نێوان (گۆڕاوی ئایا تەماشایی کەناڵە پەروەردەیەکان دەکەیت و سودت لە زانیارییەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان وەرگرتووە) ڕوون دەکاتەوە ، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کای (Chi- Square Test) ، بەهای کای (Chi- Square Test) دەکاتە (١٨,١٠) وە بەهای ئاستی بەڵگەداری (P-value) دەکاتە (٠,٠٠٠) سەرئەنجام دەردەکەوێت پەیوەندیەکی ئاماریی بەڵگەداریی هەیە لە نێوان (گۆڕاوی ئایا تەماشایی کەناڵە پەروەردەیەکان دەکەیت و سودت لە زانیارییەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان وەرگرتووە) ، لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (P-value) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥).

٢- جیاوازی ئاماژەی ئاماریی لە نێوان سامپڵی توێژینەوەکە لە تەماشاکردنی خوێندکاران بۆ کەناڵە پەروەردەییەکان بەپێی گۆڕاوە دیموگرافیەکانی (ڕەگەز ، تەمەن ، قۆناغی خوێندن ، ، پسپۆڕی خوێندن) هەیە .

خشتەی (١٨) پەیوەندی نێوان تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەیەکان و زانیاری گشتی ڕوون دەکاتەوە

زانیاری گشتی	ئایا تەماشایی کەناڵە پەروەردەیەکان دەکەیت					تاقیکردنەوەی کای	
	بڕگە	بەڵێ		نەخێر		Chi- Square Test	P-value ئاستی بەڵگەداری
		Fr.	%	Fr.	%		
ڕەگەز	نێر	95	51.08	85	39.17	5.743	0.017
	مێ	91	48.92	132	60.83		
تەمەن	١٦ بۆ ١٧ ساڵ	47	25.27	70	32.26	3.669	0.16
	١٨ بۆ ١٩ ساڵ	66	35.48	60	27.65		
	٢٠ ساڵ بۆ سەروە	73	39.25	87	40.09		
قۆناغی خوێندن	١٠	39	20.97	74	34.10	9.895	0.007
	١١	56	30.11	64	29.49		
	١٢	91	48.92	79	36.41		
شوێنی نیشتەجێبوون	ناوەندی شار	78	41.94	85	39.17	0.318	0.573
	دەرەوەی شار	108	58.06	132	60.83		
پسپۆڕی خوێندن	زانستی	97	52.15	71	32.72	15.557	0.000
	وێژەی	89	47.85	146	67.28		
کۆی گشتی		186	100.00	217	100.00		

خشتەی ژمارە (١٨) پەیوەندی نێوان (تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەیەکان و زانیاری گشتی) ڕوون دەکاتەوە ، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کای (Chi- Square Test) ، سەرئەنجام دەردەکەوێت پەیوەندیەکی ئاماریی بەڵگەداریی هەیە لە نێوان (تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەیەکان و ڕەگەزو قۆناغی خوێندن وپسپۆڕی خوێندن) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (P-value) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) .

دەرئەنجامەکان

توێژەر دوای کۆکردنەوەی داتا و زانیاری توێژینەوەکە و خستنەڕوویان بە چەندین ڕێگە و شێوازی شرۆڤەکاری و ئاماری ، لێرەدا گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژینەوەکە لەڕووی مەیدانییەوە پێی گەیشتووە دەخاتە ڕوو :-

١- کەناڵە پەروەردەییەکان پانتاییەکی بەرفراوانی ژیانی خوێندکارانیان داگیرکردووە ، ئەمەش پەیوەندی بەگرنگی و بایەخی ئەو کەناڵانەوە هەیە بەبابەتە فێرکاریەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ژیانی خوێندنیاندا .

٢- زۆربەی خوێندکاران بۆ تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکان زیاتر تەلەفزیۆن بەکار دەهێنن و بایەخی زیاتر بە تەماشاکردنی بەرنامە فێرکاریەکان دەدەن ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی تێچوونی تەلەفزیۆن .

٣- زۆربەی خوێندکاران بەتەنها تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن .

٤- بەرنامە فێرکاریەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان پڕبینەرترین بەرنامەن بەراورد بە بەرنامەکانی تری ئەو کەناڵانە .

٥- زۆرترین ڕێژەی تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکان لە ڕەگەزی مێ یە و ڕەگەزی نێر کەمترە .

٦- زۆربەی خوێندکاران بەهۆی دووبارەیی و لەیەکچوونی بەرنامەی کەناڵە پەروەردەییەکان تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان ناکەن دوابەدوای ئەویش هۆکارەکانی ترن .

٧- خوێندکاران زیاتر بەشەوان کاتیان بۆ تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکان هەیە و پێویستە ئەو کەناڵانە زۆرتربەرنامە فێرکاریەکانیان لە کاتی شەواندا پەخش بکەن .

٨- زۆربەی خوێندکاران بەهۆی گرانی تێگەیشتنیان لە بابەتی بەرنامە فێرکاریەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان سوودیان لەو کەناڵانە نەبینیوە .

٩- زۆرینەی خوێندکاران کەمتر لە ساڵێک بایەخ بە کەناڵە پەروەردەییەکان ئەدەن .

١٠- زۆرینەی خوێندکاران ڕۆژانە کەمتر لەیەک کاتژمێر تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن .

مامۆستایانی وانەبێژ لە کەناڵە پەروەردەییەکاندا بەڕێژەیەکی بەرز لەووتنەوەی وانەکاندا پڕ زانیاری و بە ئەزموونن

١١- تاڕادەیەك و بەشێوەیەکی مامناوەند مامۆستایان لەکەناڵە پەروەردەییەکانەوە لە گەیاندنی وانەکاندا توانیویانە ڕۆڵی مامۆستای ناو پۆل بگێڕن .

١٢- هەموو خوێندکارانی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان وەکو یەکتر سوودمەند نین لەو وانانەی کەلەناڵە پەروەردەییەکانەوە پەخش دەکرێن ، چونکە جیاوازی لە شێوە زاری وانە بێژەکاندا هەیە .

پێشنیازو ڕاسپاردەکان

یەکەم : پێشنیازەکان / لەچوارچێوەی ئەو ئەنجامانەی سەرەوەدا توێژەرچەند پێشنیازێک دەخاتە ڕوو : -

١- توێژە پێشنیاز دەکات بۆ لایەنی بەرپرسی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی بایەخ بە کەناڵی پەروەردەیی بدات و بەتایبەتی بەیەخ بە کەناڵ تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بدات و کار لەسەر کردنەوەی کەناڵی زیاتری پەروەردەیی بکات ، چونکە ئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە خوێندکاران بەرێژەیەکی بەرز تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن و لەنێویاندا تەلەفزیۆن بە سەرچاوەی یەکەمی ئەو کەناڵانە دادەنێن کە سوودمەندە بۆیان لە بواری فێرکاری و تێگەیشتنی وانەکانیاندا .

٢- کار لەسەر هاندانی خوێندکاران بکرێت لە لایەن مامۆستاو پسپۆڕانی پەروەردەییەوە بۆ بە بەکارهێنانی کەناڵە پەروەردەییەکان لە لایەن خوێندکارانەوە بەتایبەتی لە ڕەگەزی نێر ، چونکە لە ئەنجامی توێژینەوەی مەیدانیدا دەرکەوت کە ڕێژەی بەکارهێنانی کەناڵە پەروەردەییەکان لە نێو خوێندکارانی ڕەگەزی نێردا لە چاو ڕەگەزی مێدا کەمترە .

٣- لەکاتی ئامادەکردنی بەرنامە فێرکاریەکانی کەناڵە پەروەردەییەکاندا پێویستە مامۆستای پسپۆڕ لەوانەکاندا بانگهێشت بکرێن و مامۆستایانی وانە بێژ لەکاتی وتنەوەی وانەکاندا شێوازی ئاسان بەکار بهێنن بۆ ئەوەی خوێندکاران بە ئاسانی لە وانەکان تێبگەن و سوودی لێ وەربگرن .

دووەم : ڕاسپاردەکان / لەچوارچێوەی ئەو ئەنجامانەی سەرەوەدا توێژەرچەند ڕاسپاردەیەک دەخاتە ڕوو بۆ توێژەرانی دیکە :

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لەسەر کەناڵە فێرکاریەکان لە نێو تۆڕەکۆمەلایەتیەکاندا ، لێرەوە توێژەر چەند ناونیشانێک دیاری دەکات بەئامانجی ئەنجامدانی توێژەنەوە لەداهاتوودا : -

أ - ڕۆڵی کەناڵی فێرکاریی یوتیوب لە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان .

ب - ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە پرۆسەی فێربوونی خوێندکارانی هەرێمی کوردستاندا .

پ - کاریگەری تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر وئیتەرنێت لەسەر بەرەوپێشچوونی پرۆسەی فێرکاریی لەهەریمی کوردستاندا .

٢- ئەنجامدانی هەمان توێژینەوە ، بەڵام سامپڵی خوێندکارانی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك وەربگیرێت .

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم : سەرچاوە ی کوردی

کتێب

١- ئەسعەد ، چۆلی . (٢٠١٣) . زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا . چاپخانەی کەمال . سلێمانی .

٢- جەلال ، سامان . (٢٠١٨). هونەری ڕۆژنامەوانی/ تەلەفزیۆن ، ڕادیۆ ، ڕۆژنامە،میدیای ئەلکترۆنی . چ١. چاپخانەی ڕۆژهەڵات . هەولێر .

٣- کەرکوکی ، حەبیب . (٢٠١١) . ڕاگەیاندن و سیاسەت ، وانەی قۆناغی چوارەم ، کۆلێژی ئاداب / بەشی ڕاگەیاندن ، بۆسالی خوێندنی ٢٠١٠ – ٢٠١١ ز .

دووەم : سەرچاوە عەرەبیەکان

أ -کتێب

١- أمبابي ، علي . (٢٠٠٧) . الاعلام التربوي المقرؤ فى المؤسسة التعليمية . العلم والايمان للنشر و التوزيع . دسوق .

٢- بصفر ، و اخرون . (٢٠١١) . ألإعلام التربوى (مفهوم،فلسفة،أهدافة) . مؤسسة طيبة للنشر. القاهرة .

٣- خضر ، وفاء . رؤية جديدة في الأعلام التربوي . ط١ . دار الفجر للنشر و التوزيع . مصر .

٤– الدليمي ، عبدالرزاق . (٢٠١١) . الاعلام التربوي . دار المسيرة . عمان .

٥ - الرفاعي ، عقيل . (٢٠٠٨) . الاعلام التربوي . دار الجامعة الجديدة . الاسكندرية .

٦- الشهاري ، محضار . (٢٠١٨) . تكنلوجيا في عمليتي التعليم و التعلم . ط١ . مطبعة جامعة أسيوط . كلية التربية . مصر .

٧- الطيطي ، وآخرون . (٢٠٠٨) . إنتاج وتصميم الوسائل التعليمية . دار عالم الثقافة. عمان .

٨- مرسي ، محمد . (٢٠٠٩) . أصول التربية . عالم الكتب . القاهرة .

٩ - موسى ، محمد .(٢٠٠٢) . التربية وقضايا المجتمع المعاصر . دار الكتاب الجامعي . الامارات العربية المتحدة .العين.

ب –گۆڤار

١- الشعباني ، مالك . (٢٠١٢) . "دور التلفزيون في التنشئة الاجتماعية " . مجلة العلوم الانسانية و الاجتماعية: (٧) : ٢٢٤ .

٢ - عبيد ، عبدالعزيز . (٢٠١١) . "ألإعلام التربوي واتجاهاته و تصنيفاته الحديثة وكيفية الافادة منها في البلدان العربية" . مجلة التربية الجديدة : (٧) : ٣- ٣٩ .

٣ - قيدوم ، حسينة . (٢٠١٦) . " الابعاد النفسية و الاجتماعية للعالم الافتراضي" . المجلة العربية للعلوم : ١ (٧) : ١١٤ .

پ - نامەی ئەکادیمی

١- جريسات ، آمال . (٢٠١١) . " فاعلية برامج الاعلام التربوي وعلاقتها بالانضباط السلوكي لدى الطلبة" ، اطروحة دكتوراة . كلية العلوم التربوية و النفسية ، جامعة عمان العربية ، عمان .

٢- الدهشان ، جمال . (٢٠١٠) . " استخدام الهاتف المحمول في التعليم و التدريب " ، ندوة في تطبيقات تقنية المعلومات و التصال في التعليم و التدريب . كلية التربية ، جامعة الملك سعود ، الرياض .

٣ - الكسواني ، حنان . (٢٠٠٩) . "دور الصحافة الاردنية اليومية في التوعية الصحية دراسة في التحليل المضمون " ، رسالة لنيل شهادة الماجستير . كلية الاعلام ، جامعة الشرق الاوسط للدراسات ، الاردن .

ت - سايته‌كان

١ -أوباري ، الحسين . (٢٠١٥) " كيفية استخدام اليوتوب في التعليم بطريقة آمنة وفعالة ". https://www.new-educ.com/%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%AE%D8%AF%D8%A7%D9%85-%D8%A7%D9%84%D9%8A%D9%88%D8%AA%D9%8A%D9%88%D8%A8-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B9%D9%84%D9%8A%D9%85

2- التلواتي ، رشيد . (2014) . "لماذا يجب استخدام التكنلوجيا في الفصول الدراسية" . https://www.new-educ.com/comment-utiliser-la-technologie-dans-la-salle-de-classe

سێیەم : سەرچاوەی فارسی

كتێب

- شعباني ، حسن . (١٣٨٣) . مهارتهای آموزشي و پروشي ، چاپ هجدهم . سازمان سمت . تهران . ايران .

کاریگەری بەرنامەیەکی چارەسەری ڕەفتاری بۆ گەشەپێکردنی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی ئەو منداڵانەی وریاییان کەمەو چالاکیان زۆرە (ADHD) لە قۆناغی باخچەی منداڵان

سوهام ئەحمەد عەبدوڵا[1]
[1] بەشی باخچەی منالان ،کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: suham.abdalla@univsul.edu.iq

پوختەی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لەزانینی کاریگەری بەرنامەیەکی چارەسەری ڕەفتاری لەسەر پەرەپێدانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەو منداڵانەی تووشی شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی بونەتەوە لە قۆناغی باخچەدا،لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی نیمچەئەزموونی بەکارهێنرابوو ،پشت بەسترابوو بەدیزاینی تاقیکاری پێش وەختەو دوایی بۆیەک کۆمەڵ، نموونەی توێژینەوەکە لە (١٤) منداڵ پێکهاتبوو ، بەشێوەی مەبەستدار (قصدي)هەڵبژێردرابوون لەو منداڵانەی دەستنیشانکراون کە شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەییان هەبو ،بەدووگرووپ وەرگیرابون بەپیی تەمەنی ژیریان ، گرووپی یەکەم (٦) منداڵ لەسەنتەری پێش وەختەی (نێرگز) لەشاری سلێمانی ،گرووپی دووەم (٨) منداڵ لە قوتابخانەی (سەرشەقام)ی بنەڕەتی لەپۆلی تایبەت .پێوانکاری شڵەژانی کەمی بەئاگایی و فرە جووڵەیی(لەئامادەکردنی توێژەر) بەکارهێنرا بۆپێوانی ئاستی شڵەژانەکە لای نموونەی توێژینەوەکە ، پاشان بەرنامەی چارەسەری ڕەفتاری جێبەجێکرا کەلە (٢٢) دانیشتن پێکهاتبوو ،دوای بەرنامەکەش بەهەمان شێوە پێوانکاری شڵەژانی کەمی سەرنج و فرە جووڵەییان بەسەردا جێبەجێکرایەوە بۆزانینی جیاوازی ئاستی شڵەژانەکە پێش جێبەجێکردنی بەرنامەکەو دوای بەرنامەکە ، بۆچارەسەرکردنی داتاکان بەرنامەی (spss) بەکارهێنرابوو. ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست کەبەرنامەی چارەسەری ڕەفتاری کاریگەری بەرزی هەبوە لەسەر پەرەپێدانی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە،هەروەها کاریگەری بەرزی هەیە لەسەر کەمکردنەوەی نیشانەکانی شڵەژانی کەم سەرنجی فرە جوڵە.

وشەکلیلیەکان:چارەسەری ڕەفتاری ،شڵەژانی کەم سەرنجی فرەجوڵە ، کەم سەرنج ، فرە جوڵە

ملخص البحث:

يهدف البحث الى تحديد أثر برنامج للعلاج السلوكي فى تنمية التفاعل الاجتماعي لدى الأطفال ذوي نقص الأنتباه وفرط النشاط في مرحلة رياض الأطفال، وذلك باستخدام الطريقة الشبه تجريبية، بناءاً على تصميم المجموعة الواحدة (قبل البرنامج وبعده) ، تكونت عينة البحث من (١٤) طفلاً وكان اختيارهم بشكل قصدي و الأطفال التي تم تشخيصهم بأضطراب نقص الأنتباه وفرط الحركة، وتم توزيعهم على مجموعتين وفقًا للعمر العقلي. تكونت المجموعة الأولى من (٦) أطفال في مركز الطفولة المبكرة (نرجس) في السليمانية ، تكونت المجموعة الثانية من(٨) أطفال في المدرسة الابتدائية (سرشقام) من الفصول الخاصة.

وتم استخدام مقياس اضطراب نقص الأنتباه وفرط الحركة (من إعداد الباحثة) لتحديد مستوى الأضطراب لعينة البحث ، ثم تم تنفيذ برنامج العلاج السلوكي المكون من ٢٢ جلسة، وبعد البرنامج تم قياسهم أيضًا من حيث نقص الأنتباه وفرط النشاط لتحديد الاختلاف في مستويات الأضطراب قبل البرنامج وبعده.

كما تم استخدام برنامج spss لتحليل النتائج. وأظهرت النتائج فعالية البرنامج السلوكى فى تنمية مفاهيم التفاعل الاجتماعى لدى عينة الدراسة، كما وبينت فاعليته فى التقليل من اعراض برنامج العلاج السلوكي كان له تأثير كبير على النمو الاجتماعي لأفراد عينة البحث ، كما كان له تأثير كبير في تقليل أعراض نقص الأنتباه وفرط النشاط.

الكلمات المفتاحية: العلاج السلوكي ،اضطراب نقص الأنتباه وفرط النشاط، نقص الانتباه ، فرط النشاط

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
DOI Link	http://doi.org/10.32410/huj-10450
ڕێککەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/١٥ | ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٢٨ | ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	suham.abdalla@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	©٢٠٢٣ م. سوهام ئەحمەد عەبدوڵا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

Abstract :

This research aims to determine the impact of the behavioral therapy program on the development of social interaction for children with attention deficit hyperactivity disorder in kindergarten, using the quasi-experimental method, based on a pre- and post-experiment design for one group, and the research sample consists of (١٤) children, and they were chosen on nonrandomly , children diagnosed with ADHD were distributed into two groups based on their mental age (intelligence). The first group contains (٦) children in the early childhood center (Narjis) in Sulaymaniyah, the second group contains (٨) children in the primary school (Sarshaqm) from special classes.

The Attention Deficit Hyperactivity Disorder Scale (prepared by the researcher) was used to determine the level of disorder for the research model, then a behavioral treatment program consisting of ٢٢ sessions was implemented, and after the program they were also measured in terms of attention deficit and hyperactivity to determine the difference in levels of disorder before and after the program.

The (spss) program was also used to analyze the results. The results showed that the behavioral treatment program had a high impact on the social development of the research example, and it had a high effect in reducing the symptoms of attention deficit hyperactivity disorder

Keywords: Behavioral Therapy, Attention Deficit Hyperactivity

.

کێشەی توێژینەوەکە:

شلەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی دادەنرێت بە دیارترین شلەژانە ڕەفتارییە باو و بەریلاوەکان لە نێو منداڵاندا، قۆناغی منداڵ لەگرنگترین قۆناغەکانی ژیانە کە هەموو تاکێک پێیدا تێپەڕ دەبێت بە تایبەتی قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە (٤_ ٦) ساڵی لەم قۆناغەدا منداڵ بۆ یەکەم جار لە خێزان دەچێتە دەرەوە و بازنەی پەیوەندیەکانی فراوان دەبێت تەنها لە چوارچێوەی خێزاندا نامێنێتەوە.لەجیهانی خێزانێکی دیاری کراوەوە دەچێتە چوار چێوەیەکی کۆمەڵایەتی و بینینی منداڵانی هاوتەمەنی خۆی و دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵیان لە چوار چێوەی باخچەیەکدا ،لەکاتێکدا باخچە بەماڵی دووەمی منداڵ دادەنرێت ،مامۆستای باخچەش بەجێگرەوەی دایک دادەنرێت ، بەشێوەیەک کارامەییە کۆمەڵایەتی و ژیری و ئەکادیمیەکانی منداڵ گەشە دەکەن و زیرەکی و تێ گەیشتنی منداڵ فراوان دەبێت . هەروەها چەندین گۆڕانکاری لەلایەنی هەستی کۆمەڵایەتی و هەڵچونی ڕودەدەن، ئەم گۆڕاکاریانەش کاریگەری گەورەیان لەسەر ڕەفتارەکانی منداڵ بەشێوەیەکی باش وخراپ دەبێت ،ئەم شلەژانە لەئێستادا بە یەکێک لە شلەژانە زۆر بڵاوەکان دادەنرێت ، هەروەها تێبینی کراوە بەردەوام لەزیاد بونیش دایەو کاریکەریگەری دەکاتە سەر لایەنەکانی تری ژیانی منداڵەکە پەیوەست بەلایەنی ڕەفتاری و فێربونی ،ئەمەش وایکردوە ئەم شلەژانە ببێتە جێی بایەخی توێژەران و گرینگیەکی زۆری پێ بدەن و چەندین توێژینەوەی زانستی لەم بارەیەوە ئەنجام بدرێت . هەروەک کۆمەڵەی ئەمریکی بۆپزیشکی ژیری لە ڕینیشاندەری ئاماری دەست نیشانکردنی چوارەم بۆ شلەژانە ژیریەکان ئاماژە بەوەدەدەن کە بەرزبونەوەیەکی گەورە هەیە لە ژمارەی ئەو منداڵانەی توشی ئەم شلەژانە دەبن بەراورد بەو ڕێژەیەی لە ئاماری پێشودا هەبووە ، هەروەها توێژینەوە تازەکانیش ئاماژە بەوەدەدەن کە کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی لە قۆناغەکانی خوێندندا زۆر دوبارە دەبنەوە (الطیبانی وآخرون،٢٠١٣:ص ١٦).

لێرەوە دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

" ئەم بەرنامەیە تا چەند کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەو منداڵانەی شلەژانی کەم سەرنجی فرەجوڵەیان هەیە لە قۆناغی باچەدا دەبێت"

گرنگی توێژینەوەکە(أهمیة البحث):

لایەنی تیۆری :

لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتەسەر گرنگترین نیشانەکان و ئەو هۆکارانەی کەلەوانەیە ببنە هۆی شلەژانی کەم سەرنجی فرەجوڵە لای منداڵانی قۆناغی باخچە،ڕیگاکانی خۆپاراستن و چارەسەری ئەم شلەژانە ،ئەمەش سوودێکی زۆری دەبێت بۆ باخچەکانی منداڵان و ئەو خێزانانەی ئەم جۆرە منداڵانەیان هەیە ، بۆناسینەوەی ئەم منداڵانەو چۆنێتی هەڵسووکەوت کردن لەگەڵیان.

لایەنی پراکتیکی :

لەم توێژینەوەیەدا بەرنامەیەکی چارەسەری ڕەفتاری بەکارهاتووە ، دەشێت لەڕێگای دەرئەنجامەکانەوە کە توێژەر پێی دەگات ، ئەنجامێکی باشی هەبێت لە کەمکردنەوەی ئاستی شلەژانی کەم سەرنجی فرەجوڵە ، هەروەها لەسەر پەرەپێدانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەو منداڵانە ، بەمەش ئەم توێژینەوەیە لە داهاتوودا سوودی دەبێت و دەتوانرێ وەک بەرنامەیەکی چارەسەری بەکاربهێنرێت.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە(أهداف البحث) :

١.دەستنیشانکردنی ئاستی شڵەژانی کەمی بەئاگایی و چالاکی زۆر لای نموونەی توێژینەوەکە لە قۆناغی باخچە .
٢.زانینی کاریگەری بەرنامەی چارەسەری ڕەفتاریەکە لەسەر گەشەکردنی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی ئەو منداڵانەی وریاییان کەمەو چالاکیان زۆرە .
٣.زانینی جیاوازی کاریگەری بەرنامەی چارەسەری ڕەفتاری لەسەر گەشەکردنی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی بەپێی تەمەنی منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە.

گریمانەی توێژینەوەکە (الفروض البحث):

" نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەسەرئاستی بەڵگەداری(٠,٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی تاکەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی پێش جێبەجێ کردنی بەرنامەی چارەسەری ڕەفتاری ، وە ناوەندی ژمێرەیی نمرەی تاکەکانی هەمان کۆمەڵە دوای جێبەجێ کردنی بەرنامەکە بۆپێوانکاری شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی"

سنووری توێژینەوەکە(حدود البحث):

١. مرۆیی : منداڵانی قۆناغی باخچەی منداڵان تەمەن (٦.٤) ساڵ .
٢. کاتی : ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢).
٣. شوێن :منالانی باخچە حکومی و ناحکومیەکانی سەنتەری شاری سلێمانی وپۆلی تایبەت .

زاراوەکانی توێژینەوەکە(مصطلحات البحث):

کاریگەری)أثر): ئەو کاریگەرییەیە کەبەرنامەی پێشنیازکراو دەتوانێت لە پەرەپێدانی کارلێکی کۆمەڵایەتی هەیبێت ، ئەم کاریگەریە لەڕووی ئامارییەوە بەپێی قەبارەی بەرنامەکە دیاری دەکرێت .(الزغل وآخرون ،٢٠١٣)
بەرنامەی چارەسەری ڕەفتاری(برنامج العلاج السلوكي): بریتییە لەکۆمەڵێک شێوازو ڕێوشوێنی ڕەفتاری ئامانجدار کە لە (٢٢)دانیشتن (جلسة)پێکهاتووە، بۆگۆڕینی ڕەفتاری تاکەکان ،بەمەبەستی کەمکردنەوەی نیشانەکانی شڵەژانی کەم سەرنجی فرە جوڵەیی ، هەروەها پەرەپێدانی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە، ئەم بەرنامەیە پشت دەبەستێ بەتیۆرەکەی سکینەر بەبەکارهێنانی پاداشت .
گەشەپێکردن (النمو):بریتییە لەکۆمەڵێک گۆڕانکاری جەستەیی و ژیری و کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی ، لەمیانەی ئەو گۆڕانکاریانەوە تواناکانی مرۆڤ و ئامادەکاریە شاراوەکانی دەردەکەوێت بەشێوەی تواناو کارامەیی و تایبەتمەندی .(میلاد،٢٠١٥،ص١٩)

شڵەژانی کەمی سەرنج و چالاکی زۆر (اضطراب نقص الانتباه والنشاط الزائد):

پێناسەی ڕێنیشاندەری دەستنیشانکردن و ئاماری نەخۆشیە دەروونیەکان (چاپی پێنجەم)(DSM-٥ (٢٠١٣)
ئەم شڵەژانە وەک یەکێک لەو شڵەژانانە پۆلێن دەکات کە سەرچاوەکەی تێکچوونەدەماریەکانە ، دەردەکەوێت لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەکردندا، کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر لایەنی کەسی و ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی هەبێت (محمد سلیمان،٢٠١٣،ص٦)

بەشی دووەم

لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

یەکەم : پەروەردەی تایبەت(التربیةالخاصة):

بابەتی پەروەردەی تایبەت بەیەکێک لەبابەتە نوێیەکان دادەنرێت لە بوارەکانی پەروەردەو دەرونزانیدا بەراورد بە بابەتەکانی تر لەم بوارەدا،بناغەو سەرەتای ئەم بابەتەش دەگەڕیتەوە بۆسەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیست .ئامانجی پەروەردەی تایبەت خزمەتکردنی کەسانی نائاساییە ،ئەو کەسانەی لایانداوە لەناوەندی گشتی بۆکەسانی ئاسایی لە پەرەپێدانی ژیری و هەستی وهەڵچونی و جوڵەیی و زمانەوانی،ئەمەش بوەتە جێی سەرنج و گرنگی پێدانی پەروەردیاران بەم چینە،لەڕێگەی دەستنیشانکردن و دانانی بەرنامەی پەروەردەیی و هەڵبژاردنی ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو بۆیان.(القمش والمعایطة،٢٠٠٧، ١٩)

پێناسەی پەروەردەی تایبەت:

بریتییە لەکۆمەڵێک بەرنامەی فێرکاری وپەروەردەیی خۆپارێزی و چارەسەری تایبەت کەپێشکەش دەکرێت بەکەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەمەبەستی چاودێریکردن و یارمەتیدانیان بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان،وەبەدەستهێنانی ئامانجەکانیان و گەشەکردنی بیروبۆچوونی ئەرێنی دەربارەی خودی خۆیان، بۆ ئەوەی گەورەترین پلەی گونجاوی کەسی و پەروەردەیی و پیشەیی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کەسانە بەدەست بهێنرێت.(الشریف،٢٠١١،ص ٢١)

خاوەن پیداویستی تایبەت (ذوي احتياجات الخاصة):

ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ڕووبەڕووی بارودۆخێکی تایبەتی ژیان دەبنەوە بە هۆی نەبوونی یان کەم وکورتی لە تواناکانیان و ئامادەباشیەکانیان لە لایەنی جەستەیی و هەستی و ژیرییەوە یان بە هۆی بارودۆخ و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە بە ناوێکی تایبەت ناو دەبرێن لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکان و یاسادانان و هاوشێوەکانیان (مجید، ٢٠٠٨،ص٢٣)

دووەم :شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی :

چەمکی شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی :

بێگومان قۆناغی منداڵی لە گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤە، لەم قۆناغەوە بناغەی کەسایەتی مرۆڤ دادەنرێت و دەبێتە بنەمایەک بۆ داهاتووی کەسەکان لە میانەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە کە مرۆڤەکان لە دەوروبەرەوە وەری دەگرن، سەرەتا شێوازێکی دیاریکراو لە شێوازەکانی ڕەفتار وەردەگرێت، ئەگەر مرۆڤ بە شێوەیەکی باش ئەو قۆناغانای تێپەڕاند واتا هەموو پێداویستییە (جەستەیی و دەروونی وکۆمەڵایەتیەکانی) بە تەواوی و هاوسەنگی بۆ پڕکرایەوە ئەوا چێژوەردەگرێت لە دروستی دەروونی و جەستەیی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی و ژیری ، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو ئەوا بێگوومان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە دەبێتەوە کە کاریگەری دەکاتە سەر تەمەنی منداڵی و دەگوێزرێتەوە بۆ قۆناغی هەرزەکاری و دەبێتە کێشە بۆ تەواوی ژیانی کەسەکە بە درێژایی ژیان. یەکێک لەو کێشە گەورانەی کە زۆر باوە و بڵاو بۆتەوە لە نێو منداڵاندا بە تایبەتی لە نێو قۆناغی سەرەتایی کێشەی "شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەییە" ئەم کێشەیەش هۆکارێکە بۆ گرانفێربوون و کەمی یان پەرشوبڵاوی سەرنج و فرەجوڵەیی.(الجعافر، ٢٠٠٨، ص٦)

ئەم شڵەژانە بارودۆخێکی نەخۆشی ڕەفتارییە دەستنیشان دەکرێت لای منداڵان و هەرزەکاران، دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک نیشانەی شڵەژانەکە ، کە دەستپێدەکات لە قۆناغی منداڵی و بەردەوام دەبێت تا قۆناغی هەرزەکاری و پێگەیشتووی ،ئەم نیشانانەش دەبێتە هۆی نەگونجاندنیان لە ژیاندا لە ناو ماڵ و سەرجادە و قوتابخانە و نێو کۆمەڵگاش بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر نەناسرێنەوە دەستنیشان نەکرێن و چارەسەر نەکرێن. (مجید، ٢٠٠٨،ص ٣٧٣-٢٧٤)

لە دیارترین تایبەتمەندیەکانی ئەم شڵەژانە بریتییە لە کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی ، واتە ئەو منداڵانە ڕێزگرتنی خودیان لاوازە و پەیوەندیان لەگەڵ هاوڕێکانیان نەگونجاوە، توانای فێربوونیان لاوازە لە قوتابخانەدا ، هەروەها جوڵەشیان زۆرە و مەحاڵە بتوانن دابنیشن لە یەک شوێندا،ئەم شڵەژانە زیاتر لە کوڕاندا دەردەکەوێت وەک لای کچان بە ڕێژەی (١.٣)، وە نیشانەکانی ئەم شڵەژانە بە زۆری لە پێش تەمەنی ٧ ساڵییەوە دەردەکەوێت لە تەمەنی ٣ ساڵیدا ، نیشانەکانی بەردەوام دەبێت لە قۆناغی هەرزەکاریشدا ، لەگەڵ تێبەڕبوونی تەمەن گۆڕانکاری گەورە ڕوودەدات لەوەی بەسەر مێشکیاندا هاتووە. (سعدات، ٢٠٠٦، ص٢٨)

ڕێژەی بڵاوبوونەوەی شڵەژانی کەم سەرنجی فرەجوڵەیی(AHDH) :-

ئەم شڵەژانە یەکێکە لەو شڵەژانانەی کە بەڕێژەیەکی دیار لە نێو منداڵانی جیهاندا بڵاوە بە تایبەتی لە قۆناغی چوونە قوتابخانەدا بە پێی ڕێنیشاندەری دەستنیشان کردنی ئاماری بۆ شڵەژانە ژیرییەکان لە چاپی چوارەمدا (DSM٤) بڵاوی کردەوە کە ڕێژەی بڵاوبوونەوەی شڵەژانی کەمی سەرنج لە نێوان (٣-٥ ٪) منداڵانەدایە لە قۆناغی قوتابخانەدا ، ڕێژەی تووشبوون بەم شڵەژانەش لە شوێنێکەو بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت،هەروەک توێژینەوە ئەمریکیەکان دەریان خست لە ڕێژەی ٣٪ ، هەروەها توێژینەوە بەریتانیەکان بڵاویان کردەوە کە ڕێژەکەی مەزەندە دەکرێت بە یەک منداڵ لە هەزار منداڵدا، (مصطفى، ٢٠١١، ص١٦٥)

وە ئەم شڵەژانە زیاتر لە کوڕاندا دەردەکەوێت وەک لە کچان بەڕێژەی (٣-١) یان (٥-١) ، هەروەها ڕێژەکەی بەرز دەبێتەوە بە پێی ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، هەرچەندە بۆماوەش کاریگەری هەیە لەسەر زیاد بوونی ڕێژەکەی. (عسکر، ٢٠٠٥، ص٧٥)

تیۆرەکانی شیکردنەوەی شڵەژانی کەم سەرنجی فرەجوڵەیی (النظريات مفسرة لاضطراب الإنتباه والنشاط الزائد_ ADHD)

یەکەم/ تیۆری وزەی زیادە(النظرية الطاقة الزائدة):

ئەم تیۆرە یارمەتی دەرە لە شیکردنەوەی شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی، لە لایەن هەردوو زانا فریدیرک شیلر (١٧٥٩-١٨٠٥) و هربرت سبنسر (١٨٢٠-١٩٠٣)، پێیان وایە جووڵەی زیادە لە ئەنجامی بوونی وزەی زیادەیە لای بوونەوەری زیندوو، پووختەی تیۆرەکە ئەوەیە کە جووڵە بۆ ڕزگار بوونە لە وزەی زیادە. (محمد سلیمان، ٢٠١٦،ص٢٠)

دووەم/ تیۆری بایۆلۆجی:

زانایانی ئەم تیۆرە تیشکیان خستۆتە سەر چوار بووار کە ئەمانەن:

١.بووارەکانی پەیوەست بە دەمارەکان: ئەمانەش بریتین لە دۆپامین و نۆرۆپینفرین و کامیان کاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتارەکانی پەیوەست بە کەی ئاگایی و فرەجووڵەیی.

٢.بووارەکانی دەمارە دەروونیەکان: خاوەنی ئەم گریمانەیە پێیان وایە هۆکاری ئەم تێکچوونە دەگەڕێتەوە بۆ بریندار بوونی کۆئەندامی دەمار لە بەشی پێشەوەی توێکڵی مێشک ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی کارەکانی مێشک.

٣.شیوازی کارەکانی پێکهاتەی دەماری : دەرکەوتووە ئەو کەسانەی کە دەنالێنن بە دەست کێشەی کەمی سەرنج و فرەجوڵەییەوە بە هۆی کەمبوونەوەی مێتاپۆلیزمی گلوکۆزە لە لۆبەکانی پێشەوە و دیوارەکانی توێکڵی مێشکدا

٤. بووارەکانی پەیوەست بە بۆماوەیی: بە پێی ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر دووانەو کەسە نزیکەکان ئەنجام دراووە ڕێژەی تێکچوون لەگەڵ زیادبوونی پەیوەندی تاکەکاندا زیاد دەکات، هەروەها لە دووانە هاوشێوەکاندا زیاتر دەردەکەوێ وەک لە دووانەیەکی نایەکسان .(یمینة واسماء، ٢٠٢٠، ص٢٣)

سێیەم/تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی:(النظرية التعلم الأجتماعي)

ڕابەرانی ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە منداڵ زۆربەی شتەکان لە ڕێگەی وەڵامدانەوە و تێبینی کردنی شتە بینراوەکانەوە فێردەبێت، ئەمەش لە ئەنجامی تێکەڵاوی لەگەڵ منداڵانی تر یان تەماشاکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.(عبدربه،٢٠١٤، ص٢٩)

چوارەم /تیۆری زانەکی(النظرية المعرفية):

ڕابەرانی ئەم تیۆریەش پێیان وایە پێشکەوتنی ڕەفتاری تاک لە ئەنجامی پرۆسەی پێشکەوتنی ڕەفتاری تاک لە ئەنجامی پرۆسەی پێشکەوتنی تاک لە لایەنی ژیری دەبێتە بنەمایەک بۆ داهاتووی ئەو کەسە، واتە تێگەیشتنی پشت دەبەستێت بە پەرەسەندنی زانەکی (مەعریفی) کەسەکە(رمضان، ٢٠١٤)

هۆکارەکانی شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی:

یەکەم: هۆکاری بۆماوەیی:

دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکانی سەبارەت بە بۆماوە و جیناتەکان دەرکەوت ڕێژەیەکی زۆری ئەو منداڵانەی لە ڕابردوودا توشی شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی بوون هۆکارەکەی ئەوەیە پێشینەیەکی مێژوویان هەبوە لەخێزانەکەیاندا لەگەڵ ئەو نەخۆشییە،هەروەک دەرکەوت ئەو دایکو باوکانەی کێشەیان لەگەڵ ئاڵوودەبوون بەمادده کحولیەکان و ڕەفتاری ناپەسەندی کۆمەڵایەتیان هەیە ڕێژەی تووشبوونی شڵەژانی منداڵەکانیان زیاترە بەراورد بەئەوانی تر.(عسکر، ٢٠٠٥، ص٥٨)

دووەم/هۆکاری ئەندامی یان بایۆلۆجی:

لەڕابردوودا باوەڕیان وابوو هۆکاری ئەم شڵەژانە تێکچوونی مێشکە ،بۆیەناویان نابوو پەککەوتنی سادەی مێشک یان تێکچوونی ئەندامی مێشک.تا ئێستاش جێگیر نەبووە کە تێکچونێکی کەمی مێشک ببێتە هۆکاری ئەم شڵەژانە.(مجید،٢٠٠٨، ص٢٥٧)

سێیەم/ هۆکاری ژینگەیی:

هۆکارە ژینگەییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە تووشبوونی منداڵ بە شڵەژانی کەمی سەرنج و فرە جوڵەیی هەیە، ئەم کاریگەرییەش هەر لە ساتە وەختی پیتاندنی منداڵەوە دەست پێدەکات، ئەم هۆکارەش دابەشدەکرێت بەسەر سێ قۆناغدا:

١.قۆناغی دووگیانی

٢.قۆناغی لەدایکبوون

٣.قۆناغی دوای لە دایکبوون(سید احمد و بدر،٢٠٠٩، ص٤١)

چوارەم/ هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی:

گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە کە کار دەکەنە سەر ئەم شڵەژانە هۆکارە دەروونی و کۆمەڵاییەتیەکانی پەیوەست بە خێزانە وەک پەیوەندی نێوان دایک و باوک وە پەیوەندیان لەگەڵ منداڵ، شێوازی مامەڵە کردنی هەڵە لەگەڵ منداڵدا، خێزانی ناجێگیر لە ڕووی ئابووری و دەروونی و کۆمەڵاییەتیەوە ، زیاتر منداڵ توشی شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی دەکات، یان مردنی یەکێک لە باوان و جیابوونەوەی دایک و باوک یان خراپی باری دارایی خێزان هۆکاری سەرەکین بۆ تووشبوون بەم شڵەژانە.(عبدربه، ٢٠١٤، ص١٠٨)

تایبەتمەندی و نیشانەکانی شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی:

یەکەم/ کەمی سەرنج(نقص الانتباه)

زۆرترین تایبەتمەندی کە بڵاوە لای ئەو منداڵانەی توشبووی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیین بریتییە لە لاوازی تەرکیز و سەرنج بە شێوەیەک ئەو منداڵانە زۆر توشی پەرشو بڵاوی سەرنج دەبنەوە، ماوەی سەرنجدانیان کورتەو ناتوانن بەئاگابن لەسەر شتێک لەو ماوەیەی بۆیان دیاری کراوە.(القاضی، ٢٠١١، ص٤١)

ئەم نیشانانە پێویستە بە لایەنی کەمەوە شەش مانگ بە بەردەوامی لە منداڵەکەدا بوونیان هەبێت، ئەوا بەم شڵەژانە دەستنیشان دەکرێت، لە گرنگترین ئەو نیشانانەی کە بە پێی ستانداردی جیهانی(DSMN) دەستنیشان دەکرێت بۆ کەمی سەرنج بریتین لە:

١.شکست هێنان لە گرنگی دان بە وردەکاری و سەرنجدان بە هەڵەکانی لە بواری خوێندن و کارەکانی تریشدا.

٢.شکست هێنان لەوەی سەرنجی هەبێت لەسەر کارێک یان چالاکییەک و بەردەوام بێت لەسەری، جا ئەو کارە یاری بێت یان هەر کارێکی تر.

٣.بە گرنگیپێدانەوە گوێ ناگرێت.

٤.ناتوانێت بەردەوام بێت لەسەر شتێک و تەواوی بکات وەک ئەرکی قوتابخانە، هەروەها ناتوانێت پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکات.

٥.دوورکەوتنەوە لەو کار و چالاکیانەی کە پێویستی بە تەرکیز و توانای ژیری هەیە.

٦.بەردەوام شتە پێویستییەکانی وندەکات وەک یاری و کتێب و پێداویستییەکانی قوتابخانە.

٧.زۆربەی جار ئەرکەکانی لەبیر دەکات.(عسکر، ٢٠٠٥، ص٥٩)

دووەم/فرەجوڵەیی(الفرط الحرکة):

زۆربەی منداڵان لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانیاندا جووڵەیەکی زۆریان هەیە یان ئاستی سەرنجیان لاوازە.

بەڵام لەم جۆرە شڵەژانەدا بە ڕادەیەکی زۆر جوڵەیان هەیە تەرکیزیان لاوازە لە یەک شوێن زیاتردا ، بۆ نمونە لە ماڵ و لە قوتابخانەشدا هەمان ڕەفتاریان هەیە،ئەمەش خاڵێکی گرنگە لە دەستنیشان کردنی ئەوکەسانەدا بە جۆرێک بەم نیشانەیە جیا دەکرێتەوە لە نەخۆشییەکانی تر.

- چالاکی زۆر یان فرەجووڵەیی بە نزیکەیی لە تەمەنی سێ ساڵییەوە دەردەکەوێت، بەڵام بەڕوونتر لە ساڵەکانی سەرەتای چوونە قوتابخانەوە دەردەکەوێت.(الجعافرة، ٢٠٠٧،ص٢٨)

- بەشێوەیەک ئەو منداڵەی کە تووشبووی کەمی سەرنج و فرەجوڵەییە جووڵەیەکی جەستەیی زۆری بێ هۆکاریان هەیە بەبێ بوونی هیچ ئامانجێک، بەردەوام بەبێ هۆکار لە شوێنی خۆی هەڵدەستێ و دەچێتە شوێنێکی تر، هەروەها هەندێک جووڵەی جەستەیی دەکات کە دەبێتە هۆی ژاوەژاو و کەسانی دەورو بەری بێزار دەکات.

- ناوەڕۆکی کێشەکە ئەوەیە کە منداڵی فرەجوڵە، جوڵەیەکی زۆر زیاتری هەیە لە منداڵانی هاوتەمەنی خۆی، زۆربەی جووڵەکانی ناپەسەندن و هیچ ئامانج و مەبەستێکیان نییە. (القاضی،٢٠١١، ص٤٥)

- هەروەها ئەم منداڵانە بەردەوام دەست و پێیەکانیان دەجوڵێنن و هەرشتێک بەردەستاین بکەوێت دەیکەن بە دەمیاندا وەک قەڵەم و کەلو پەلی یاری،جووڵەکانیان هێندە بێزارکەرە دەورەبەرەکەیان تەواو بێزار دەکەن وەک ئەوەی هەرکات بەسەر زەویدا بڕۆن بە قاچیان دەنگێک درووست دەکەن، یان بە قاچیان لە مێزەکەی بەردەمیان دەدەن، یان بە دەستیان کەل و پەل و شتەکانی دەوروبەریان دەسوڕێننەوە.(سید احمد و بدر، ٢٠١١، ص٥٢)

سێیەم/ هەڵەشەیی (الأندفاعیة):

کاتێک خەڵکی بیر لە هەڵەشەیی دەکەنەوە، بە زۆری بیردەکەنەوە لە هەڵەشەیی پەیپێبردن (الادراکی) کە بریتییە لە ڕەفتار کردن بە بێ بیرکردنەوە، بەڵام هەڵەشەیی منداڵی توشبوو بە شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی کەمێک جیاوازە،ئەویش ڕەفتار کردنە بەرلەوەی بیر بکاتەوە، لەبەر ئەوەی چاوەڕێ کردن بۆ ئەم منداڵانە قورسە، یان دواخستنی داواکارییەکانیان قورسە، هەروەها ئەم منداڵانە لەو بابەتانەی کە لە دەرەوەی بابەتی سەرەکین قسەدەکەن، ئەم منداڵانە قسە بە کەسانی تر دەبڕن، وە بەسەر جادەدا دەڕۆن بێ ئەوەی سەیری دەوروبەریان بکەن، یان بەسەر داری بەرزدا سەردەکەون.(الجعافرة، ٢٠٠٨، ٣٦)

سێیەم گەشەی کۆمەڵایەتی (النموالاجتماعي) :

دیاری کردنی گەشەی کۆمەڵایەتی بابەتێکی گرانە بەهۆی زۆری لێکۆڵینەوەکان دەربارەی چەندین بابەت کەدەکرێت بکەونە چوارچێوەی ئەم بابەتەوە ، لێکۆڵینەوەی هەڵچوونەکان وهیواو بەهاو خووە ڕەفتاریەکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان وزمان. (جابر ٢٠٠٤ ، ص ٩٣)

یەکەم پەیوەندی کۆمەڵایەتی منداڵیش لەگەڵ دایکیدایە ، سەرجەم دەرەنجامی توێژینەوەکانیش لەسەر ئەوە کۆکن کە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی منداڵ لە داهاتوودا بەندە بەو پەیوەندییەی دایك لەگەڵ منداڵەکەی لە ساڵەکانی یەکەمی تەمەنیدا دەیبەستێت، ئینجا ئەگەر پەیوەندییە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و دڵسۆزی بێت ئەوا ئەو منداڵە لە داهاتوودا دەتوانێت باشتر لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵەکەیدا خۆی بگونجێنێت وە بە پێچەوانەشەوە ئەگەر پەیوەندیەکەی توند و ڕەق و توندوتیژ بوو ئەوە لە داهاتووشدا ئەو منداڵە بە ئاسانی ناتوانێت پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە دروست بکات .(قەرەچەتانی ، ٢٠٠٩ ،لا ١٢٥)

نیشانەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی(سمات النمو الاجتماعية):

١.دڵەڕاوکێی منداڵ بۆلەدەستدانی چاودێری ئەگەر ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکانی نەشیاوبێت .
٢.شڵەژانی ڕەفتارکاتێک ململانێ یان ناکۆکی ڕووبدات لەهەڵسووکەوتی گەورەکاندا.(حسونة،٢٠٠٧،ص١٥)
٣.فێربوونی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیە گونجاوەکان.
٤.هاوکاریکردن و حەزوئارەزووی تێکەڵاوبوون.
٥.لێک جیاکردنەوەی ڕەوشتەکۆمەڵایەتیە بەسوودەکان لەدابونەریتە خراپەکان.(قەرەچەتانی،٢٠٠٩،ل١٢٩)

دامەزراوەکانی بەکۆمەڵایەتی بوون (مؤسسات التنشئة الاجتماعية):

یەکەم/خێزان(الأسرة)
دووەم /دامەزراوە پەروەردەییەکان(مؤسسات التربوية)
سییەم /کۆمەڵی هاوەڵان(الجماعه الرفاق)
چوارەم/ڕاگەیاندنەکان(الأعلام)
پێنجەم/پەرستگا(شوێنەکانی خوداپەرستی) .(جابر ، ٢٠١٤ ،ص١٠٤_١١٣)

توێژینەوەکانی پەیوەست بە شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی:

توێژینەوەی (الزغل ، ٢٠١٣) بە ناونیشانی : فاعلية برنامج لخفض بعض سلوكيات نقص الأنتباه و فرط الحركة لدى عنيه من المعاقين عقليا متوسطي الأعاقة.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە کەم کردنەوەی هەندێ لە ڕەفتارەکانی ئەو منداڵانە بوو کە تووشبووی کەمی سەرنج و فرە جوڵەیی بوون لەگەڵ ئەوەی ئەو منداڵانە کەمو کورتی ژیریشیان هەبوو،هەروەها ئامادەکردن و جیبەجێکردنی بەرنامەیەک بۆ کەمکردنەوەی نیشانەکانی ئەم شڵەژانە.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ئەزموونی بەکار هێناوە هەروەها توێژینەوەکەشی بریتیبوو لە ٢٠ منداڵ کە دابەشکرابوون بەسەر دوو کۆمەڵەدا هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو کە هەریەکەیان ژمارەیان ١٠ منداڵ بوو.

توێژەر ئەم کەرەستانەی بەکارهێنابوو لەتویژینەوەکەیدا:

_ فۆرمی زانیاریە سەرەتاییەکان .
_ پێوەری ستاندفۆرد-بینیە بۆ زیرەکی .
_ پێوەری زیاکردنی سەرنج و کەمکردنەوەی جوڵە.

بۆ شیتەڵکردنی زانیاریەکانیشی توێژەر پشتی بەستبوو بە ئەم ئامرازە ئاماریانە:

-هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن شێوازی (دابەشکردنی نیوەیی split-half)
-شیکردنەوەی هۆکاری (Factor Analysis)
-تاقیکردنەوەی ویلکۆکسۆن بۆ زانینی جیاوازی ناو کۆمەڵەی ئەزموونی لەکاتی پێوانەجیاوازەکاندا(لە پێشوەختە دواتر لە دووروەوە).
-تاقیکردنەوەی مان ویتنی (Man Whitny U test)

گرنگترین دەرئەنجامەکانیش ئەوەیان دەرخست کەجیاوازی ئاماری هەبوو لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو دوای جێبەجێکردنی بەرنامەکە ، ئەمەش مانای وایە بەرنامەکە کاریگەری هەیە لەسەر کەمکردنەوەی نیشانەکانی شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی .

توێژینەوەی (أمينة ، ٢٠١٥) بە ناونیشانی (بناء برنامج علاجي سلوكي لخفض حدة نشاط الحركي الزائد و تشتت الأنتباه لدى الأطفال المرحلة الأبتدائية).
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی کاریگەری بەرنامەیەکی چارەسەری ڕەفتاریبوو لە کەمکردنەوەی ئاستی شڵەژانی فرەجوڵەیی و کەمی سەرنج لای منداڵانی قۆناغی سەرەتایی.
توێژەر شێوازی ئەزموونی بەکارهێنا بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەکەی ، هەروەها پێوەرێکی ئامادە کرد بۆ پێوانی کەمی بە ئاگایی و فرە جووڵەیی ، بەرنامەی چارەسەرەکەش هەر توێژەر ئامادەی کردبوو ، هەردوو ئامرازی تێبینی و چاوپێکەوتنی بەکار هێنابوو بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان.

کۆمەڵگای توێژینەوەکەشی بریتی بوو لە لە کۆمەڵێک منداڵانی تووشبوو بە کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی لە چەند قوتابخانەیەکی جیاواز لە ویلایەتی (تلمسان)، تەمەنیان لە نێوان(٩-١٠) ساڵدا بوو لە پۆلی چواری سەرەتایی بوون.
توێژەر نمونەی توێژینەوەکەی لەم کۆمەڵگایە هەڵبژاردبوو کە ژمارەیان ٣٠ قوتابی بوو لەوانەی دەستنیشان کرابوون کە توشبووی ئەم شڵەژانەن و دابەشی کردن بۆ هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ، هەریەکەیان ژمارەیان ١٥ قوتابی بوو، بەرنامەی چارەسەرییەکەی بۆ ماوە سێ مانگ بەسەردا جێبەجێکردن کە لە ٢٦ دانیشتن پێک هاتبوو، توێژەر بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکەی و هەڵسەنگاندنی کاریگەری بەرنامەی چارەسەرییەکەی ئام کەرەستە ئاماریانەی بەکار هێنابوو:
-ناوەندی ژمێرەیی.
-لادانی پێوانەیی.
-پیوەری (T) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان دوو کۆمەڵەکە.
-بەرنامەی SPSS.
دوای چارەسەرکردنی ئاماری توێژەر بۆی دەرکەوت ، بەرنامەی چارەسەری ڕەفتاری کاریگەری هەیە لەسەر کەمکردنەوەی شڵەژانی فرەجوڵەیی وپەرشوبڵاوی سەرنج و شەڕەنگێزی ، هەروەک چون کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی خوێندنیان ، بەڵام ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست کەهیچ جیاوازیەکی ئاماری نییە بەپێی ڕەگەز.

توێژینەوەی (نبيلة ، ٢٠١٥) بە ناونیشانی (فعالية العلاج السلوكي لأطفال المتمدرسين مفرطي الحركة و متشتتي الأنتباه ما بين ٦-١٢ سنة).
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە چارەسەر کردنی ئەو منداڵانە بوو کە توشبووی فرەجوڵەیی و کەمی سەرنجن لە ڕێگەی گۆڕینی ڕەفتارەکانیان و کەم کردنەوەی ڕەفتارکانی ئەم شڵەژانە.
کۆمەڵگای توێژینەوەکەشی بریتیبوون لە قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی لە ناوچەی (المحقن) ، تەمەنیان لە نێوان (٦-١٢) ساڵیدا بوو.
نمونەی توێژینەوەکە ٧ منداڵ بوون دوای دەستنیشانکردنیان بە پێوەری کونرز بە شێوەی بەمەبەست هەڵبژێردراو بوون.
وە توێژەر پشتی بەستوە بە شێوازی (دراسة حالة) لە توێژینەوەکەیدا، هەروەها هەردوو هۆکاری چاوپێکەوتن و تێبینی کردنی بەکار هێنابوو بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی.
لەگرنگترین دەرئەنجامەکان کەتوێژەر پێی گەشت ئەوەبوو کەبەرنامەی چارەسەری ڕەفتاری کاریگەری هەیە لەسەرکەمکردنەوەی نیشانەکانی شڵەژانی فرەجووڵەیی و پەرشوو بڵاوی سەرنج ، هەروەها ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست چارەسەرکردنی کێشەدەروونی وخێزانیەکانی منداڵ دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی نیشانەکانی شڵەژانەکە.

ڕێکاریەکانی توێژینەوەکە(اجراءات البحث):

یەکەم:میتۆدی توێژینەوەکە(منهج البحث):

لەم توێژینەوەیەدا لەمامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕاوەکان میتۆدی نیمچە ئەزموونی(شبه تجريبي) بەکارهێنراوە بەپێی ئەو گریمانانەی کەتوێژەر هەوڵی بەدەست هێنانی ئاستی دروستیان دەدات ، توێژەر پشتی بەستوە بە دیزاینی تاقیکاری پێشینەو دواینە بۆیەک کۆمەڵە (قبلي وبعدي)

دووەم:کومەڵگەی توێژینەوەکە(مجتمع البحث) :-

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەمنداڵانی تووشبوو بە شڵەژانی کەمی سەرنج وفرەجوڵەیی لە باخچەی منداڵانی حکومی وناحکومیەکانی سەنتەری شاری سلێمانی و پۆلە تایبەتەکان.
سێیەم:نموونەی توێژینەوەکە(عينة البحث) :
نمونەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لەو منداڵانەی کە توشبووی شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەین لەقۆناغی باخچەی منداڵاندا لەتەمەنی(٦-٨)ساڵیدان، ژمارەیان (١٤) منداڵ بوو، نمونەکە بەشێوەی مەبەستدار(قصدي) هەڵبژێردران ، لە سەنتەری پێش وەختەی (نێرگز) و قوتابخانەی (سەرشەقام)ی بنەڕەتی ، بەپێی تەمەنی ژیریان هەڵبژێردراون(العمرالعقلي)نەک تەمەنی کاتیان (العمر الزمني).

چوارەم:کەرەستەی توێژینەوەکە (أداة البحث) :

کەرەستەی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە پێوانکاری شلەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی ، توێژەر بەپشت بەستن بەئەدەبیات و توێژینەوەکانی پێشووتر لەم بوارە ئامادەی کردووە ،بەمەبەستی پێوانی ئاستی شلەژانەکە لای نموونەی توێژینەوەکە ،پێوانکارەکە بەشێوە سەرەتاییەکەی لە(٣٢)بڕگەپێکهاتبوو ،بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیش توێژەر پشتی بەستووە بەشێوازی (لیگرت). ئەو سەرچاوانەی توێژەر پشتی پێبەستوە لە ئامادەکردنی پێوانکاری شلەژانی کەمی سەرنج و فرە جوڵەیی:

_توێژینەوەی أمینة(مقیاس فرط النشاط الحركي وقصور االنتباه والعدوانية وفقا لدليل التشخيصي واإلحصائي لالضطرابات النفسية والعقلية DSM IV٤

_توێژینەوەی الزغل

_توێژینەوەی تذكرات(استبيان كونر)

_توێژینەوەی شلون

_توێژینەوەی نبيلة(مقياس كونرز)

ڕاستی و دروستی (الصدق)

بۆئەم مەبەستە توێژەر ڕاستی ڕواڵەتی و ڕاستی بونیادی دەرهێنا بۆ پێوانکاری شلەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی :

ڕاستی و دروستی ڕواڵەتی (الصدق الظاهري) :

بۆئەم مەبەستەش پێوەری کەمی سەرنج و وفرەجوڵەیی بە شێوە سەرەتاییەکەی کەلە(٣٢)بڕگەپێکهاتبوو بوو بۆ کۆمەڵێک شارەزا و پسپۆری بوارەکە نێردرا، بەمەبەستی هەڵسەنگاندن وبڕیاردان لەسەرگونجاوی بڕگەکان کە ژمارەیان (١٢)شارەزا بوو,توێژەر بۆدەرهێنانی ڕاستی ڕواڵەتی پێوەرەکە دوو ئامرازی ئاماری بەکارهێناوە کەپێکهاتوون لەڕێژەی سەدی بۆهەمووبڕگەکان ، دەرهێنانی بەهای (کای سکوێر)،لەئەنجامدا(٢٨) بڕگە مانەوە تەنها (٤)بڕگەلابران ،خشتەی (١) ڕاستی ڕواڵەتی پێوانکارەکە پیشان دەدات.

خشتەی (١) ڕاستگۆیی ڕواڵەتی

ژمارەی بڕگەکان	ژمارەی ڕازیبووەکان	Chi- Squared	بەهای خشتەیی ئاستی (٠,٠٥)	ئاستی بەڵگەداری	ڕێژەسەدی %
١،٢،٤،٨،١٠،١٥،١٦،٢٦،٣١	١٢	١٢		بەڵگەدارە	٪١٠٠
3,6,11,17,19,21,23,27,29	١١	٨,٣٣		بەڵگەدارە	٪٩١,٦
٩،١٢،١٣،١٤،١٨،٢٠،٢٢،٢٤،٢٥،٣٢	١٠	٥,٣٣	٣,٨٤	بەڵگەدارە	٪٨٣,٣
٥،٢٨	٩	٣		بەڵگەدارنیە	٪٧٥
٨،٣٠	٨	١,٣٣		بەڵگەدارنیە	٪٦٦,٦

دوای ئەنجامدانی یاسای هاوکۆڵکەی پەیوەندی پیرسن Pearson Correlation بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی بڕگەکانی پێوەرەکە بە نمرەی گشتی پێوەرەکە, دەرکەوت گشت بڕگەکانی پێوەری شلەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی بەڵگەدارییان هەیە و پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە هەر بڕگەیەک لە (٠.١ بۆ ٠.٣) بێت لاوازە, هەر بڕگەیەک لە (٠.٣ بۆ ٠.٥) بێت مامناوەندە, هەر بڕگەیەکیش لە (٠.٥ بۆ ١.٠) بێت ئاستێکی بەرزی هەیە

خشتەی ژمارە (٢) پەیوەندی بڕگەکانی پێوەرەکە بە نمرەی گشتی

ژمارەی بڕگەکان	پەیوەندی	ژمارەی بڕگە	پەیوەندی	ژمارەی بڕگە	پەیوەندی
١	*٥٧٦	١١	**٩٥٥	٢١	**٩٥٣
٢	**٨٦٩	١٢	**٩٥١	٢٢	**٦٧٠
٣	**٨٩٦	١٣	**٧٨٨	٢٣	**٨٦٦
٤	**٨٣٠	١٤	**٩٣٤	٢٤	**٨٦٦
٥	**٨٦٣	١٥	**٩١٥	٢٥	**٩٠٧
٦	**٨٢٢	١٦	**٧٧١	٢٦	**٩٢١
٧	**٧٥٠	١٧	**٩٥٥	٢٧	**٨٨٩
٨	**٨٥١	١٨	**٨٨٦	٢٨	**٨٨٢
٩	**٨٦٥	١٩	*٥٤٧		
١٠	**٧٧٢	٢٠	**٨٢٠		

جێگیری بە ڕێگای یەکگرتووی ناوەکی ئەلفاکرونباخ (Cronbach's Alpha Coefficient)
دوای بەکارهێنانی جێگیری بە ڕێگای یەکگرتووی ناوەکی (ئەلفا کرونباخ) بۆ (١٤) بەشداربوو بەهای هاوکۆڵکەی ئەلفا کرۆنباخ بۆ سەرجەم بڕگەکان، کە (٢٨) بڕگە بوون بریتی بوو لە (٠,٩١٢)، کە ئەمەش واتای ئەوەیە هاوکۆڵکەی جێگیری بە ڕێگای یەکگرتووی ناوەکی زۆر بەرزە و بەڵگەداری ئاماریە، سەیری خشتەی ژمارە (٣) بکە

خشتەی (٣) دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگای یەکگرتووی ناوەکی (ئەلفا کرۆنباخ)

ئاماری جێگیری	
ژمارەی بڕگەکان	Cronbach's Alpha
٢٨	٠,٩١٢

بەرنامەی چارەسەری ڕەفتاری:

بەرنامەیەکی چارەسەریە بۆ گەشەپێکردنی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەو منداڵانەی تووشی شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی بوونەتەوە ، بەرنامەکە پشتی بەستووە بە تیۆرەکەی سکینەر بەبەکارهێنانی پاداشت ،ئەم بەرنامەیە لە (٢٢) دانیشتن پێکهاتوە لەخشتەی (٤) ژمارەی دانیشتنەکان و جۆری چالاکیەکان ڕوونکراوەتەوە،هەردانیشتنێک ئامانجێکی تایبەتی هەبوو لەهەفتەیەکدا (٣) دانیشتن ئەنجامدراوە ، هەردانیشتنەو (٣٠) دەقیقەی دەخایاند بۆماوەی دوو مانگ بەرنامەکە بەسەر منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە ئەنجامدراوە.

خشتەی (٤)دانیشتنەکانی بەرنامەکەو جۆری چالاکیەکانی

دانیشتنەکان	جۆری چالاکی
دانیشتنی یەکەم	کۆکردنەوەی تۆپەکان
دانیشتنی دووەم	دروستکردنی ئەهرامەکان
دانیشتنی سێیەم	یاری بەرمیلەکان
دانیشتنی چوارەم	ڕێونەی کەروێشک و گێزەر
دانیشتنی پێنجەم	ڕاوکەری ماسی
دانیشتنی شەشەم	بازدان
دانیشتنی حەوتەم	یاری چاوشارکێ
دانیشتنی هەشتەم	پێشبڕکێی کیسەکانی لم
دانیشتنی نۆیەم	پێشبڕکێی بەربەستەکان
دانیشتنی دەیەم	جوڵەی ئاژەڵەکان و باڵندەکان
دانیشتنی یانزەیەم	تۆپ
دانیشتنی دوانزەیەم	کۆکردنەوەی تۆپەکان
دانیشتنی سیانزەیەم	ڕێکخستن و پاککردنەوەی ژووری نامەبەر
دانیشتنی چواردەیەم	یاری نامەبەر
دانیشتنی پازدەیەم	کوپی ئاو
دانیشتنی شازدەیەم	دانیشتن لەسەر کورسی
دانیشتنی حەڤدەیەم	کڵاو
دانیشتنی هەژدەیەم	تۆپی سەبەتە
دانیشتنی نۆزدەیەم	ڕاکێشانی پەت
دانیشتنی بیستەم	یاری پەت
دانیشتنی بیست ویەک	تۆپ وقاپ
دانیشتنی بیست و دوو	یاری دەستەسڕ

ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

_ کای سکوێر بۆڕاستگۆیی ڕووکەشی.
_ هاوکۆلکەی ئەلفاکرۆنباخ بۆدۆزینەوەی جێگیری بەڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی.
_ تێستی ویلکۆکسن بۆزانینی ئاستی کاریگەری بەرنامەی ئامادەکراو.

خستنە ڕووی ئەنجامی گریمانەی گشتی توێژینەوەکە:

" نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەسەرئاستی بەڵگەداری(٠,٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی تاکەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی پێش جێبەجێ کردنی بەرنامەی چارەسەری ڕەفتاری ، وە ناوەندی ژمێرەیی نمرەی تاکەکانی هەمان کۆمەڵە دوای جێبەجێ کردنی بەرنامەکە بۆپێوانکاری شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی"

نموونەی توێژینەوەکە بەگشتی:
بۆئەم مەبەستەش توێژەر هەستا بەهەژمارکردنی ناوەندی ژمێرەیی ولادانی پێودانگی بۆئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ، ژمارەیان (١٤) منداڵ بوو، خشتەی(٤) ئەو ئەنجامەمان بۆ دەخاتە ڕوو:

خشتەی (٤) ڕوونکرنەوەی ناوەندی ژمێرەیی ولادانی پێوەری نمرەکانی پێودانگی شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی پێش بەرنامەکەو دوای بەرنامەکە بۆ (١٤) نموونە

ئامراز	جێبەجێکردن	نموونەی توێژینەوە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێودانگی	نزمترین	بەرزترین
پێوانکاری شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی	پێش تاقیکردنەوە	١٤	١٠١.٣٥	١١.٦١	٧٣	١١٥
	دوای تاقیکردنەوە	١٤	٨٦.٦٤	١٦.٥٥	٥٤	١١٤

ئەم خشتەیە ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێودانگی سەرجەم ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو ،پاشان بۆزانینی کاریگەری بەرنامەکەوپشت ڕاستکردنەوەی گریمانەی سفری توێژەر تێستی ویلکۆکسنی Wilcoxon))بەکارهێنا ، بەهۆی بچوکی قەبارەی نموونەکەو دابەش نەبوونی نموونە بەشێوەی چەماوەی سرووشتی ،هەروەک لە خشتەی (٥) ئەنجامەکان خراونەتە ڕوو:

خشتەی(٥) ڕوونکرنەوەی تێستی ویلکۆکسن بۆزانینی کاریگەری بەرنامەی چارەسەری ڕەفتاری

ئامراز	جێبەجێکردن پێشی/دوایی	ژمارەی نموونە	ناوەندی پلەیی	کۆی گشتی پلەکان	بەهای Z	p.Sig(2-tailed)	ئاستی گوزارشتی بەڵگەداری ٠.٠٥
پێوانکاری شڵەژانی کەمی سەرنج وفرە جوڵەیی	پلەئەرێنیەکان	١٣	٧	٩١	٣.١٨٢-	٠.٠٠١	بەڵگەداری ئاماری هەیە
	پلەنەرێنیەکان	٠	٠.٠	٠			
	نەبوونی کاریگەری	١					
	کۆی گشتی	١٤					

خشتەکە بەهای (Z) ڕوون دەکاتەوە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی بۆتاکەکانی کۆمەڵەی تاقیکاری توێژینەوەکە پێش جێبەجێکردنی بەرنامەکەو دوای جێبەجێکردنی بەرنامەکە بۆپێوانکاری شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی کەژمارەیان (١٤) منداڵ بوو، بەهای (Z) دەکاتە (-٣.١٨٢) ، هاوتای بەهای بەڵگەداری (٠.٠١) دەکات ،ئەمەش بەهایەکی بەڵگەداری ئاماریە ، چونکە بەهای (P) بچووکترە لە (٠.٠٥) ، مانای ئەوەیە بەرنامەی چارەسەری ڕەفتاری کاریگەری بەرزی هەبووە لەسەرمنداڵانی نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی ، هەروەها لە خشتەکەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بەرنامەکە کاریگەری بەرزی هەبووە لەسەر (١٣)منداڵ لەنموونەی توێژینەوەکە کە ناوەندی پلەییەکەی (٧) دەرچووە ، وەکۆی گشتی پلەییەکەی دەکاتە (٩١) ،وە هیچ کاریگەریەکی خراپیشی نەبووە لەسەر هیچ کام لە منداڵەکان ، تەنها یەک منداڵیش وەکو خۆی ماوەتەوەو نەگۆڕاوە.

دەرئەنجامەکان:

گرنگترین ئەنجامەکان کە توێژینەوەکە پێی گەشت ئەوە بوو کە بەرنامەی چارەسەری ڕەفتاری کاریگەری بەرزی هەبوو لەسەر کەمکردنەوەی نیشانەکانی شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی لای منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە ، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (الزغل) ، وە هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەکەی (نبيلة) ، هەروەها ئەم ئەنجامە هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەکەی (أمينة).

راسپاردەکان:

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە چەند ڕاسپاردەیەک دەخەینە ڕوو کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١.پێویستە بەرنامەی ڕێنمایی تایبەت دابنرێت بۆ مامۆستایانی باخچەکانی منداڵان بۆ ئاشنابوون بە نیشانەکانی ئەم جۆرە شڵەژانە، بە مەبەستی ناسینەوەی ئەو منداڵانەی تووشبوی ئەم شڵەژانەن و چۆنێتی مامەڵەکردن لە گەڵیان.

٢.گرنگی دان بەمنداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەگشتی ،بەتایبەتیش ئەو منداڵانەی تووشبوی ئەم شڵەژانەن لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە لەڕێگەی ئاسانکاری بۆ دەستنیشانکردنی ئەم منداڵانە لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزای بوارەکەو کردنەوەی شوێنی تایبەت بۆ ڕاهێنان و چارەسەرکردنی ئەم منداڵانە.

٣.بەکارهێنانی ئەم بەرنامەیە وەک بەرنامەیەکی چارەسەری ڕەفتاری لە باخچەو قوتابخانە بنەڕەتیەکاندا بەمەبەستی کەمکردنەوەی نیشانەکانی ئەم شڵەژانە.

پێشنیارەکان:

ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەشت چەند پێشنیازێکی هێنایە ئاراوە گرنگترینیان:

١.ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ئەزموونی بەناونیشانی (بەکارهێنانی بەرنامەیەکی ڕێنمایی بۆ باوانی ئەومنداڵانەی تووشی شڵەژانی کەمی سەرنج و فرە جوڵەیی بوونەتەوە لەقۆناغی بنەڕەتیدا).

٢.ئەنجامدانی توێژینەوەیەکبەناونیشانی (دەستنیشانکردنی شڵژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی لەقۆناغی باخچەدا لە باخچەکانی ناو شاری سلێمانی).

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکبەناونیشانی(ئەوکێشانەی دایک و باوکی منداڵانی تووشبوی شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی پێوەی دەناڵێنن لە کوردوستاندا).

سەرچاوەکان:

_ أمينة ،لحمري (٢٠١٥) ، بناء برنامج علاجي سلوكي لخفض حدة نشاط الحركي الزائد و تشتت الأنتباه لدى الأطفال المرحلة الأبتدائية ، كلية العلوم الأنسانية والأجتماعية ، جامعة أبو بكر بلقايد – تلمسان.

_الجعافرة، حاتم (٢٠٠٧) ، الأضطرابات الحركية عند الأطفال، دار أسامة، الأردن، عمان،ط١.

_ الزغل، وائل ثروت حسن (٢٠١٣)، فاعلية برنامج لخفض بعض سلوكيات نقص الأنتباه و فرط الحركة لدى عينة من المعاقين عقليا متوسطي الاعاقة، رسالة ماجستير غير منشور، كلية التربية، جامعة عين شمس.

_ الشريف،عبدالفتاح عبدالمجيد (٢٠١١) ، التربيةالخاصة وبرامجها العلاجية ، مكتبة الأنجلو المصرية ، القاهرة ،ط١

_ الطيباني وآخرون(٢٠١٣) ،وەرگیراوە لە توێژینەوەی تزکرات،عبدالناصر(٢٠١٧) ، فعالية العلاج باللعب في خفض اعراض قصور الانتباه و فرط النشاط الحركي لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية ،أطروحة دكتورا غيرمنشورة ، كلية العلوم الأنسانية والأجتماعية ، جامعة محمد لمين دباغين سطيف ٢ .

_ القاضي ، خالد سعد (٢٠١١) ،تعديل سلوك الأطفال ذوي اضطراب نقص الانتباه وفرط النشاط ، عالم الكتب.

_ القمش ، مصطفى ومعايطة ،خليل (٢٠٠٧) ، سيكولوجية ذوي الأحتياجات الخاصة ، دار المسيرة ،عمان ،الأردن،ط١

_ تزكرات، عبدالناصر (٢٠١٧) ، فعالية العالج باللعب في خفض اعراز قصور االنتباه و فرط النشاط الحركي لدى تاميذ المرحلة االبتدائية، اطروحة دوكتورا غير منشورة، كلية العلوم االنسانية و االجتماعية،جامعة محمد لمين و باغنين سطيف -٢

_ جابر ،جودة بني (٢٠٠٤) ، علم النفس الأجتماعي ،دار الثقافة ، عمان ،ط١

_ حسونة ، أمل محمد(٢٠٠٧) ، مهارات الأجتماعية لطفل الروضة ، الدار العالمية ، ط١.

_ رمضان ، علي (٢٠١٤) ، حركة الزائدة وتشتت الأنتباه ، مقالةمنشورة من ويب ، استرجعت بتأريخ ٢٠٢٢/٧/٣ www.awladuna.blogs pot.com

_سعدات،محمود فتوح محمد (٢٠١٦)،اضطراب نقص الأنتباه المصحوب بفرط النشاط (صعوبات التعلم).

_ سيد أحمد،السيدعلي وبدر،فائقة محمد(١٩٩٩) ،اضطراب الأنتباه لدى الأطفال ، النهضة المصرية ، القاهرة ،ط١.

- شلون، منار محمود(٢٠١١) ، فعالية برنامج عالج السلوكي مستند الى التعزيز االجابي في خفض تشتت االنتباه لدى االطفال الروضة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم التربية و نفسية، جامعة عمان العربية.

-

_ عبدربه ، هبة عبدالحليم (٢٠١٤) ،النشاط الزائد ، دارجامعة الجديدة ، الأسكندرية.

_عسكر،عبدالله (٢٠٠٥) ، الأضطرابات النفسيةللأطفال ، مكتبةالأنجلو،مصر،ط١.

_ قەرەچەتانی ، کریم شەریف (٢٠٠٩) ، سایکۆلۆژیایی گەشە (منداڵ و هەرزەکار) ، چاپخانەی پەیوەند ، سلێمانی ، چ١.

_مجيد،سوسن شاكر (٢٠٠٨)، اتجاهات المعاصرة في رعاية وتنمية مهارات الأطفال ذوي الأحتياجات الخاصة، دار صفاء، عمان ط ١.

_ محمد سليمان ، شيماءمحمد عبداللة (٢٠١٦) ، برنامج نفس الحركي للحد من اضطراب تشتت الأنتباه وفرط الحركة للطفل الروضة ،أطروحة دكتورا غير منشورة ، كلية التربية للطفولة المبكرة ، جامعة القاهرة.

_مصطفى،أسامة فاروق (٢٠١١)، مدخل الى الأضطرابات السلوكية واللأنفعالية، دارالمسيرة عمان،ط١.

_ ميلاد ، محمود محمد(٢٠١٥) ، علم النفس النمو المعرفي ، دارالأعصار العلمي ،عمان ، ط١.

_ نبيلة،يوبي (٢٠١٥) ، فعالية العلاج السلوكي لأطفال المتمدرسين مفرطي الحركة و متشتتي الأنتباه ما بين ٦-١٢ سنة ،علم النفس وعلوم التربية والأرطوفونيا، جامعة وهران.
_ يمينة ، بختاوي وأسماء ،بنت خليفة (٢٠٢٠) ، اضطراب تشتت الأنتباه المصحوب بفرط النشاط الحركي وعلاقته بعسر الكتابة ، رسالة ماستر غيرمنشورة ، كلية العلوم الأنسانية والأجتماعية والعلوم الأسلامية ، جامعة أحمد درابة أدوار.

پاشکۆی (١)
پێوانکاری شڵەژانی کەمی سەرنج و فرەجوڵەیی

مامۆستای بەڕێز.....

ئەم پرسیارنامەیەی لەبەردەستی بەڕێزتاندایە پێک هاتووە لەکۆمەڵێک بڕگەو دەستەواژە کەئاماژەیە بۆڕەفتارەکانی ئەومنداڵانەی کەسەرنجیان کەمەو جوڵەیان زۆرە ،بۆیەداواکارین لەبەڕیزت نیشانەی(/) لەوخانەیە دابنێیت کە ئەو ڕەفتارە بەو ڕێژەیە لەو منداڵەی لای بەڕێزتدا هەیە بەرامبەر هەربڕگەیەک،ئەوەی زۆرگرنگە بیزانی ئەوەیە ئەم توێژینەوەیە بۆمەبەستی زانستی ئەنجام دەدرێت و زانیاریەکانت پارێزراو دەبن، ڕاست وەڵامدانەوەی بڕگەکان یارمەتی دەردەبن بۆووردتر دەستنیشانکردنی منداڵەکە.

سوپاس بۆ هاوکاری بەڕێزتان

نموونە

بڕگەکان	بەبەردەوامی	زۆربەی کات	هەندێک جار	زۆر بەکەمی	هیچ کات
جوڵەکانی جۆراوجۆرن			/		

ناوی سیانی منداڵ.....
بەرواری لەدایک بوون / /
ناوی باخچە.....

ژ	بڕگەکان	بەبەردەوامی	زۆربەی کات	هەندێک جار	زۆر بەکەمی	هیچ کات
١	جوڵەکانی خێراو جۆراو جۆرن					
٢	بەئـاگایی بۆڕووداوو وورووژێنەرەکانی دەورو بەری لاوازە					
٣	حەزناکات بەشداری بکات لەو یاریانەی کەپیویستیان بە توانای ژیری هەیە					
٤	زەحمەتە بۆی کارو چالاکیەکانی تا کۆتای ئەنجام بدات					
٥	سەرقاڵ دەبێت بە هەندێ شتی وەک(پەنجەکانی ,جلەکانی,قژی)					
٦	ناتوانێ بە ئاگایی هەبێت لە سەر شتێک بۆ ماوەیەکی زۆر					
٧	کەسێکی تێک دەرە					
٨	زۆربەی جار سەری لێدەشێوێت					
٩	ناتوانێت چاوەڕوانی بکات تا نۆبەی دێت لە کاتی یاریکردندا					
١٠	کاتێک ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ دەکەیـت ،ناتوانێت گوێ بگرێت وبە ئاگابێت					
١١	لۆمەی کەسانی تر دەکات کاتێک ڕەفتارێکی هەڵە دەکات					
١٢	هاوکاری هاوڕێکانی ناکات					
١٣	ناتوانێ تێبینی جیاوازی و لەیەک چونەکان بکات لەنێوان شتەکاندا					
١٤	بەئاسانی بەئاگایی پەرش وبڵاو دەبێت لەکاتی بوونی وڕوژێنەرێکی دەرەکیدا					
١٥	وەڵام دەداتەوە پێش تەواوکرنی پرسیارەکە					
١٦	زۆرشتی بیر دەچێ لەژیانی ڕۆژانەیدا					
١٧	گران فێری شت دەبێ					
١٨	منداڵانی تر بێزار دەکات					
١٩	دەبێت ڕاستەوخۆداواکاری وئارەزوەکانی جێبەجێ بکرێت					
٢٠	ئازاری جەستەیی کەسانی تر دەدات					
٢١	حەزی لەیاری ترسناک هەیە بێ ئەوەی بیر لە ئەنجامەکەی بکاتەوە					
٢٢	یاری وچالاکیەکانی هاوڕیکانی تێک دەدات و ناتوانێت وەک ئەوان یاری بکات					
٢٣	قسە بە مامۆستاوهاوڕێ وکەسانی چواردوری دەبڕێت					
٢٤	بەبێ پرس هەڵدەستێت و جێگاکەی خۆی بە جێدەهێڵێت					
٢٥	دەچێتە سەر چالاکیەکی تر پێش ئەوەی یەکەم تەواو بێت					
٢٦	ناتوانرێت جووڵە دووبارە بوەکانی بوەستێنرێت					
٢٧	زۆر هەڵەشەو بە پەلەیە					
٢٨	زوو زوو داڵغە لێدەدات وفکری دەڕوات					

(کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی نابینایان)
توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانی

واحدە حمەویس نصرالله [١]، شڤان عبدالکریم عارف[٢]
[٢،١]بەشی کۆمەڵناسی ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی سلێمانی،شاری سلێمانی،هەرێمی کوردستان،عێراق
Corresponding author's e-mail: wahida.wais@univsul.edu.iq

پوختەی توێژینەوەکە

توێژەر توێژینەوەیەکی ئەنجامداوەبەناونیشانی(کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی نابینایان، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانی) ئەمەش بە ئامانجی زانینی هەندێک لە کێشە دەروونی وخێزانی و کۆمەلایەتیەکانی نابینایانی شاری سلێمانی بەرەچاوکردنی رەگەز. توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بەستووە بە میتۆدی چۆنایەتی وبەکارهێنانی چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان هەروەها لێتوێژراوان پێکهاتبون لە ٢٠ نابینای شاری سلێمانی لە رەگەزی نێر و مێ، کە سێ تایبەتمەندی سەرەکیان هەبوو ئەوانیش: تەمەنیان سەرووی ٢٥ ساڵ بون ، خێزاندار و خاوەن کاربوون.

گرنگترین ئەنجامەکان ئەوە پیشان دەدەن کە زۆربەی نابینایانی رەگەزی مێ هەستیان بە کەمی دەکرد، بەڵام رەگەزی نێر هەستیان بە کەمی نەدەکرد هەروەها نابینایانی نێر و مێ هەستیان بە نائومێدی دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی خێزانی نابینایانی مێ هەستیان بە شەرم و کەمی دەکرد لەبەر ئەندامە نابینایەکەیان هەروەها لەرووی کۆمەڵایەتیەوە نابینایانی نێر هەست بە شەرمەزاری دەکەن لە گرێدانی پەیوەندی هاوڕێیە تیدا.

کلیلە ووشەکان:(کێشەی دەرونی،کێشەی کۆمەڵایەتی،نابینا).

Abstract

The researcher conducted a research entitled (Psychological and social problems of the blinds, a field study in Sulaymaniyah city.) Further, regardless of the gender, the research aims to reveal the psychological and social problems of the blind in Sulaymaniyah. The researcher relied on qualitative method based on semi-open interviews to collect data and information. In addition, the participants consisted of 20 blind people in Sulaymaniyah, 10 males and 10 females, who had three main characteristics: they were all over 25 years old, married and employed.

The most important results show that most of the blind females felt inferior, but males did not However, most families of the blind females felt ashamed and inferior because of their blind member, Socially, the blind males are more likely to feel embarrassed about making friends. It can be said, the research shows that in education the blind students are not treated well by the teachers. Also, the poor buildings of the schools and lack of audio recordings of scientific resources are the major problems for the blind people. Lack of scientific resources that are written in braille was also a problem.

Keywords :(psychological problem, social problem , blind).

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
DOI Link	http://doi.org/10.32410/huj-10451
رێکەوتەکان	رێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٥ | رێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/٢٨ | رێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	wahida.wais@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	©٢٠٢٣ پ.ی.د. واحدە حمەویس نصرالله، شڤان عبدالکریم عارف، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر رەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

ملخص الدراسة

قدم الباحث دراسته بعنوان: (المشاكل النفسية والاجتماعية لدى المكفوفين - دراسة ميدانية في مدينة السليمانية) تهدف الدراسة إلى التعرف على بعض المشاكل النفسية والعائلية والاجتماعية للمكفوفين في مدينة السليمانية باتخاذ الجنس بعين الاعتبار. اعتمد الباحث على المنهج النوعي والمقابلات شبه المنظمة لجمع البيانات والمعلومات، وتألفت عينة الدراسة من عشرين(٢٠) كفيفاً في السليمانية من الذكور والإناث اشتركوا في ثلاث خصائص رئيسة وهي: أنهم تجاوزوا الخامسة والعشرين من العمر، متزوجون و ذات وظائف . أظهرت النتائج أن أغلب المكفوفات من الاناث شعرن بالنقص والدونية ، لكن المكفوفين الذكور لم يشعروا بذلك، مع ذلك أغلبية عوائل الكفيفات شعرن بالعار والنقص بسبب احتضانهن ومن الناحية الاجتماعية تبين أن المكفوفين كانوا محرجون في إقامة علاقات اجتماعية مع مجتمعهم.

الكلمات المفتاحية: المشكلة النفسية ، المشكلة الاجتماعية ، المكفوف.

پێشەکی

پێشکەوتنی گەلان بەوە دەناسرێت کە گشتگیرەو هیچ توێژێك لێی بێبەری نابێت ، کەسانی نابینا هاوشێوەی کەسانی چاوساغ هاوتای یەکن لە ئەرك و مافدا،مادام مرۆڤن بۆیە پێویستە بەشێکی گەورەی بایەخدانمان تەرخان بکەین بۆ دەرخستنی لایەنە لاوازو بەهێزەکانی ژیانیان لە کۆمەڵگادا.

خوای گەورە باکی بەسەر مرۆڤەوە هەیە لەوەدا کە باشترین نیعمەتی پێ بەخشیوە وەك نیعمەتی (هەست) پاش ژیری چونکە هەست مرۆڤ دەبەستێتەوە بە دنیای دەرەوە کەلەرێگەیەوە دەتوانین زانیاری و ئەزموونی دەرەکی گەڵالە بکەین تێڕوانینەکانمان لەبارەی دەروروبەرەوە هەستەکان بۆمان دەستەبەر دەکەن ، بۆیە کێشە لەهەریەکێك لەو هەستانە هەبێت کاریگەری نەرێنی لەسەر کەسایەتی و رەفتارهو پەرچە کرداری کەسەکە بەجێ دەهێڵێت. بوون بە خاوەن پێداویستی تایبەت چەندین دیاردەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەیی و ئابووری دەگەیەنێت جاران کە ئەم توێژە جێی گرنگی و بایەخ پێدان نەبوون بەڵام ئێستا بوونەتە جێی گرنگە پێدان و چاودێری و سۆزی کەسانی دیکە بەشێوەیەك کەزۆربەیان بوونەتە جێی سەرنج و تێڕامان و شانازی لەکۆمەڵگادا (علی ابراهیم ،٢٠١٣).

سەرەڕای ئەوەی کەهەستی بینین رۆلێکی گەورە دەبینێت لەژیانی تاکداو بێبەشبوون لێی ئەمەش واتایەکی زۆر دەگەیەنێت لای کەسەکە ، لەڕووی هەستیشەوە کەسەکە پێی وایە نوقمی دنیایەکی تاریکە ، تەنانەت کەسەکە پێی وایە بەنابینا بوون کە ترس و مەترسی دایپۆشیوە لەناو ماڵ و خوێندنگاو شەقامدا هەروەها بێبەشە لەبینینی ئەندامانی خێزانەکەی و هاوڕێکانی و ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی وەك دیارە لەدەستدانی بینین وا لەمرۆڤ دەکات کە کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەبێت جیای بکاتەوە لەکەسانی دیکەدا کە کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی.. (هدی سلامە ، ٢٠٠٩).

یەکەم

ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

١.کێشەی توێژینەوەکە :

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە ئەو پرسیارەیە کە ئایا هەندێك لەوکێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی کە نابینایانی شاری سلێمانی هەیانە چین ؟ چونکە زۆرجار خودی نابیناکە دۆخەکەی خۆی ڕەنگە قبوڵ نەبێت یان ڕەنگە قبوڵی بێت و کۆمەڵگە قورسایی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی و ژیانکردنی کۆمەڵایەتی بۆ دروست بکات.

٢- گرنگی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی کاتێک ئەنجامدەدرێت بەگوێرەی ئەو بابەتەی توێژینەوەی لەسەر دەکات، لەرێگەی خستنەڕووی زانیاریەکانی ناو توێژینەوەکە، کۆمەڵێک سود و گرنگی لەخۆ دەگرێت،

لە هەرێمی کوردستان نابینایان کاتێک کە بەر کۆمەڵگە دەکەون لە ژیاندا کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتیان بۆدروست دەبێت کەکاریگەری دەکاتە سەر لایەنی دەروونییان. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکی زانستییە بۆ زانینی ئەو کێشانە، هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ ئەو توێژەرانەی لە دوای ئەم توێژینەوەیە دێن و دەیانەوێ لەم بوارەدا کاربکەن و توێژینەوە ئەنجام بدەن. گرنگیەکی تری ئەوەیە لەرێگەی خستنەڕووی زانیارییەکانی ناو توێژینەوەکە کۆمەڵێک راسپاردە دەدرێتە ئەو توێژەرانەی دوای ئەم توێژینەوەیە دێن، کە گرنگی بەم بوارەبدەن و توێژینەوەی زیاتری لەسەر بکەن. سودێکی تری ئەوەیە کە کۆمەڵێک پێشنیار ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی وئەو شوێن و لایەنانەی پەیوەستن بەم بابەتەوە دەکرێت، کەبتوانن گرنگی زیاتر بەچارەسەرکردنی کێشەکانی نابینایان بدەن.

٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا سێ ئامانجی سەرەکی هەیە کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:
٢-١ زانینی هەندێک لە کێشە دەرونیەکانی نابینایانی شاری سلیمانی بە ڕەچاوکردنی ڕەگەزی نابیناکان
٢-٢مزانینی هەندێک لە کێشە خیزانیەکانی نابینایانی شاری سلێمانی بە ڕەچاوکردنی ڕەگەزیان.
٢-٣ زانینی هەنێک لە کێشە کۆمەڵایەتیەکانی نابینایانی شاری سلێمانی بە ڕەچاوکردنی ڕەگەزیان.

٤-بوارەکانی توێژینەوەکە:

أ-بواری کاتی : بریتییە لەو ماوەیەی کە کارە مەیدانییەکانی تیادا ئەنجامدراوە لە یەکەم چاوپێکەوتنەوە کەلەبەرواری ٢٠٢٢/٥/١٠ ئەنجامدرا لەگەڵ یەکەم لێتوێژراودا تا بیستەم چاوپێکەوتن کەلەبەرواری ٢٠٢٢/٧/٤بوو ، کە کۆتا لێتوێژراوبوو .
ب- بواری مرۆیی : بریتییە لەنابنایانی شاری سلێمانی .
ج-بواری جوگرافی : بریتییە لەشاری سلێمانی کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجامدرا .
دووهەم

ناساندنی چەمکەکان

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا سێ چەمکی سەرەکی هەیە و دەیەوێت بەشێوازێکی زانستی و ئەکادیمی بیان ناسێنیت کە ئەم چەمکانەی لای خوارەوەن :
أ-کێشەی دەروونی
ب-کێشەی کۆمەڵایەتی
ج- نابینا.

أ-کێشەی دەروونی :

کێشەی دەروونی بریتییە لەو کێشەیەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێی ناوەکی لە ناخی تاکدا ، یان ململانێی دەرەکی لای تاکەکە بەهۆی کەسانی چواردەوریەوە و ئەم ململانێیەش هۆکارە بۆ لاوازی خۆگونجاندنی کەسی و بێبەشی دەکات لە ئارامی و دەروون دروستی. (الهاشمی،٢٠٠٣ ،ل٨٦)،هەروەها کە ئەو تەنگژەیەیە کە مرۆڤ پێوەی دەناڵێنێ کۆمەڵێك نیشانەی دەروونی و جەستەیی لەخۆدەگرێت و لە چوارچێوەی تێکچوون لە بیرکردنەوە و هەڵچوون تاك دەینوێنێت و پێوەی دیارە. (المنصوری ،٢٠٠٨, ل ١٩)،یاخود کێشەی دەروونی بریتییە لە هەردۆخێکی دەروونی ناجێگیر کە پێویستی بە چارەسەرو ڕاستکردنەوە هەیە.
پێناسەی ڕێککاری بۆ چەمکی کێشەی دەروونی :
لەبەر ڕۆشنایی پێناسەکانی پێشوو بۆ چەمکەکە دەتوانین بڵێین کە کێشەی دەروونی بریتییە لە کۆمەڵێك بەربەست و ئاستەنگی کە دووچاری نابینایان دەبێتەوە و ئەبێتە هۆی ململانێ لە ناخیاندا و ململانێی دەرەکی لەگەڵ کۆمەڵگا وە هۆکاریشە بۆ نەگونجاندنیان لەگەڵ دەوروبەرو بەدینەهێنانی ئامانجەکانیان لە ژیاندا.

ب- کێشەی کۆمەڵایەتی :

کێشەی کۆمەڵایەتی بریتییەلە ئاستەنگی و لادانی ڕەفتاریی پەیوەست بە پەیوەندی گەنج بە کەسانی دیکەو بەهاکانی کۆمەڵگاو خێزان و داب و نەریت و یاساو ڕێساکانی کۆمەڵگا. (المنصوری ،٢٠٠٨, ل ٢٠)
هەروەها کێشەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە لاوازی تاك لەبەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە شێوازێکی سەرکەوتووانە و جێگیر کەلەسەر متمانە بەخۆبوون و لێبووردەیی و هاوکاری دەوەستێت. (الخریشا ، ٢٠٠٩ ,ل ٤٧٨)

پێناسەی ڕێککاری بۆ چەمکی کێشەی کۆمەڵایەتی :

لەبەرڕۆشنایی پێناسەکانی پێشودا دەتوانین بڵێین کێشەی کۆمەڵایەتی هەر نەنگی ، بەربەست و نەگونجاندنێکی نابینایە لەناو کۆمەڵگادا لەوچرکە ساتەوەی کە بەرکۆمەڵگا دەکەوێت چ داب و نەریت و کلتور بێت یان ڕێساو یاسا کۆمەڵایەتییەکان یان ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کەسانی دەوروبەر لەگەڵیاندا کەهۆکارە بۆ دروستبوونی کێشە لەڕووی ژیانکردنی کۆمەڵایەتییەوە.

ج- نابینا :

- لەڕووی پزیشکییەوە نابینا :

بریتییە لەو دۆخەی کە مرۆڤەکان توانای بینین لەدەست دەدان لەڕێی ئەو ئەندامەی کە پێیدەبینن واتە چاو بەهۆی گرفتێکی کتوپڕ کەلەرووداوێکدا تووشی دەبێت ، یا زگماکی یان بەلەدایکبوون نابینایە لەبۆچوونی پزیشکییەوە نابینا ئەو کەسەیە کە ئاستی بینینی ناگاتە ٢٠/ ٢٠٠ پێ لە باشترین حاڵەتتدا تەنانەت بەبەکارهێنانی چاویلکەشەوە واتە ئەگەر مرۆڤێکی ئاسایی لەدووری ٢٠٠ پێ تەنێك ببینێ پێویستە نابینا لە نزیکی ٢٠ پێوە ببینێ (عبید ،٢٠٠٠،ل١٤٢).

بەڵام کەسانی کەمبینا ئەو کەسانەن کەوا ئاستی بینینیان (٧٠/٢٠ تا ١٠٠/٢٠)پێیە لە باشترین حاڵەتتدا وە لەدۆخی ئاساییدا مرۆڤی بینا (چاوساغ) ئاستی بینینی بریتییە لە ٢٠/٢٠ پێ. . (بشایی ،١٩٨٢ , ل ٥٤)

- لەڕووی یاساییەوە نابینا :

بریتییە لەو دۆخەی کە مرۆڤ تیایدا هەستی بینین لەدەست دەدات و کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ڕۆڵبینین و گەشەکردنی. (عبید ، ٢٠٠٠،ل١٤٢)،مەبەست لە نابینا بریتییە لەو کەسانەی کە توانای بینینان بەتەواوەتی لەدەستداوە یاخود بەشێکی بینایان لەدەستداوە و کەمبینان. (احمد،١٩٦٧،ل٨٧)

- پێناسەی ڕێککاری بۆ چەمکی نابینا :

لەبەر ڕۆشنایی پێناسەکانی پێشووەوە بۆ چەمکەکە دەتوانین بڵێین نابینا ئەو کەسەیە کە بەهۆی هەر هۆکارێکەوە بێت توانای بینینی نییەو لەکۆمەڵگادا بەچەندین کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی تێپەڕ دەبێت و پێویستی بە ئامرازی تایبەت هەیە وەك گۆچان ، نووسینی برایل و بەدەنگکردنی ئامێرە زیرەکەکانی وزەك و مۆبایل و تابلێت و ئایپاد و لاپتۆپ و. . . هتد تاوەکو بتوانێت بەلایەنی کەم وەك مرۆڤێکی ئاسایی بژی و زاڵ بێت بەسەر ئەو بەربەستانەی کە دێنە ڕێی.

سێهەم : هەندێك لە کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی نابینایان

١- کێشەی هەڵچوونیەکان :

کێشەی هەڵچوونی یەکێکە لە کێشە دەرونیەکان کە هەریەك لە هەستیاری دەروونی و ئاسان ورژانە ، کەلەم دۆخەدا نابینا ناتوانێت و دەسەوسانە بەرامبەر بە کۆنترۆڵکردنی خۆی لەکاتی هەڵچوونیدا، بۆیە تووشی دووفاق دەبێت لە هەست و دووڕویی و هەڵچوون و یاخیبوون و ترس و دلەڕاوکێیە (Canolyn , 2009. Pp, 15 – 17).

٢- کێشە پیشەییەکان :

ئەمانەش هەریەك لە کەم وکوڕی لە فێربوون و ڕاهێنان و شیاندنی پیشەیی و هەڵە پیشەییە ڕەخساوەکان و چۆنیەتی چوونە ناویەوە بۆ بەشداری کردن تیایدا دەگرێتەوە کە دەبنە هۆی خراپی گونجاندنی پیشەیی و دیارەی بیکاری ئابووری و پشت بەستن بەوانی دیکە بەهۆی نابینایی یەوە (العلیوی ، ١٩٩٣ ، ل ٥٦).

٣- هەستکردن بە کەمی :

لە یاری ناچاربوونی خێراز بەداواکردنی پاڵپشتی دارایی لە پێناو پڕکردنەوەی تێچووی کەسی کەم ئەندام ، لەم کاتەدا کەسەکە هەست بە کەمی دەکات و ئەگەر کەم ئەندامیەکە جەستەیی بێت و بینرێت ئەوە تووشی ئازاری دەروونی دەبێت و هەست بە شەرم دەکات و لەهەمان کاتدا خۆی بە لاواز دەبینێت لە ئاستی هاوڕێکانی چونکە پێ وایە ناتوانێت هێز و توانای خۆی دەربخات بەهۆی دۆخەکەیەوە بۆیە ترسی لە داهاتوو هەیە و پێی وایە نارووونە و تاریکە و لە ئەنجامدا چەندین زەبری دەروونی تووشی دەبێت خۆی بە کەمتر دەبێنێت بەراورد بە کەسانی دیکە (المليجی ، ١٩٨٥ ، ل ٣٤٠).

٤ - هەستکردن بە تاوان :

هەستکردنی بە تاوان لە لای نابینایان وەك یەکێك لە کێشە دەرونیە بەرچاوەکان دادەنرێت وسێ شێوە لەخۆدەگرێت (بشیر ، ١٩٨٣ ، ل ١٠٦ – ١٠٨)

- نابیناکە پێی وایە دۆخەکەی بەرئەنجامی گوناهێکە کە کردوویەتی بۆیە بەردەوام ئازار دەچێژێت لە ڕووی دەرونیەوە چونکە بیر لە دۆخەکەی و هۆکارەکەی دەکاتەوە.

- نابینا هەستدەکات کە بارێکی گرانە بەسەر خێزانەکەیەوە و لەم کاتەدا کە ئەگەر هاوسەری کەم نابیناکە کاربکات کەسی

-نابینا پێی وایە بوەتە بارگرانی لەسەر بوودجە و داهاتی خێزانەکەی بەهۆی ئەم دۆخەوە کە هاوسەرەکەی کار دەکات و هەست بە شەرمەزاری دەکات . چونکە پێی وایە سەرچاوەی مەترسییە بۆ ئەندامانی خێزانەکەی.

٥- نا ئومێدی :

یەکێك لە کێشە هەرە دیارەکانی هەندێك لە نابینایان بە تایبەت و کەم ئەندامانیش بە گشتی بریتییە لە هەست کردن بە نائومێدی لەدەرئەنجامی دۆخەکەیانەوە کە تووشی دەبن ئەویش: ئەو کردەیەیە کە تیایدا تاکی نابینا درك بە کۆسپە و تەگەرەیەکی بەردەم وەدیهێنانی پێداویستییەکانی و تێرکردنی پاڵنەرەکانی پێشبینی ڕوودانی تەگەرەیەکی ئایندەی دەکات (فەهمی ، ٢٠١٢ ، ل ٢٢٣).

٦- کێشەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی :

لەبەرئەوەی کە نابینا مرۆڤە و بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە بێگومان بە بەردەوام لە تۆڕێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا دەژی ، واتە پەیوەندی دەبەستێت لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە وەك هەر کەسێکی دیکەی ئاسایی ، بەڵام نابینایی کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانی کەسەکە لەگەڵ ئەندامانی تری خێزان و هاوڕێکانی و لە خوێندنگا و کۆمەڵگادا دەبێت. بەهۆی هەست نەکردنی نابینا کە بە یەکسانی لەگەڵ هاوڕێکانی دیکەی بەو پێیەی ئەم کەسێکی جیاوازە کە نابینایە گۆشەگیر دەکات چونکە هەست بە کەمی دەکات و تێکەڵیان لاوازە (محمود ، ٢٠٠٩ ، ل ٦٣).

٧- کێشەی هەستکردن بە شەرم لای خێزانی نابینایان :

گەرچی خێزان بچوکترین و گرنگترین یەکەی کۆمەڵایەتیە و تاکە ئامێزی سەرەتا کۆتاییە بۆ هەر کەسێك بەڵام هەبوونی منداڵی نابینا لای هەندێ خێزان وەك نەنگیەك سەیر دەکرێت و مایەی شەرمە بۆیان و بەهۆی ئەم بۆ چونە نەرێنییەوە بۆ خودی ئەندامە نابیناکەیان تەنانەت کاریگەری لەسەر پەیوەندی خێزانەکە لەگەڵ خێزانەکانی تر دروست دەکات و نایانەوێت کەسی منداڵەکەیان ببینێت و دەری ناخەن و پەیوەندیەکانیان سنووردار دەبێت تا دەگاتە ئاستی دابڕان لە هەندێك باردا و زۆر جار یەك لە باوان زیاتر سۆزی بۆ نابیناکە دەبێت و پێوەی سەرقاڵ دەبێت و کاتی خۆی دەگرێت ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەی هاوسەری دروست دەکات (محمود ، ٢٠٠٩ ، ل ٦٤) .

٨- کێشەی خزمایەتی :

بێ گومان بەهۆی پەیوەندیە خوێنیەکانەوە هەموو مرۆڤێك بە چەندین کەسێکەوە بەستراوە و بە بەردەوامیش بەرکەوتنی کۆمەڵایەتی هەیە لە نێوانیاندا بەڵام کەسانی نابینا تووشی کێشە دەبن لەم بەرکەوتنە کۆمەڵایەتیەدا چونکە خێزانی کەسی نابینا هەندێك جار دەسەوسان دەبن لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەندامە نابیناکەیاندا کە پاڵپشتی بن و پەروەردەی بکەن بە جۆرێك دانەبڕێت و دوور نەکەوێتەوە لە خزمەکانیان . (الکاشف ، ٢٠٠٧ ، ل ٨٩)

٩- کێشەی قبوڵکردنی نابینا لای باوانەوە :

زۆر لە باوان لە چرکەساتی زانینی نابینابوونی منداڵێکیانەوە چەندین ساڵ لە هەوڵی نکۆڵی کرندا دەبن بە واتایەك کە چەند ساڵێکی تەمەنیان بەوە دەبەنە سەر کە منداڵەکەیان بگەڕێنن بەسەر دەیان پزیشك بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی نابینایی منداڵەکەیان دەشزانن بێ سودە و نابینایی ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرەو ئەوان نایانەوێ قبوڵی بکەن کە منداڵێکی نابینایان هەبێت (عواده ، ٢٠٠٦ ، ل ٨).

١٠- دووره پەرێزی کۆمەڵایەتی :

هەروەك چۆن بەشێك لە مرۆڤەکان کەمتر کۆمەڵایەتین ئارەزووی دووره پەرێزی و گۆشەگیربوون دەکەن بە سروشت و کەمتر حەزی لە پەیوەندی بەستن و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی لە ناخیان چەکەرەی کردووە جا بە هۆکارێك بێت بابەتی هۆکارێکی دیاریکراو کەبوبێتە پاڵنەر بۆ ئەم دووره پەرێزی یەی ، هەندێك لە نابینایانیش بەهەمان شێوەن بەڵام کێشەکە لێرەدا نی یە ، بەڵکو کاتێك کە دووره پەرێزی نابینایەك بەهۆی نابینابونیەوە بێت لێرەدا کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە چونکە سروشتی خۆی نییە و ڕەنگە هەر ساتێك ئارەزووی تێپەڕاندنی بکات واتە دۆخێکی چارەخوازە و جەختەکە لەسەر چارەسەرکردنی ئەو دووره‌پەرێزیەیە لای هەندێك نابیناکە بە هۆی نابینایەوە دووره‌پەرێزبوون و گۆشەگیرن .

١١- خۆشباوەڕی :

لە خاڵێکدا کۆکن ئەویش خۆشباوەڕیە لای کەسانی نابیناکە هەندێك لە نابینایان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك وتە و بیرۆکە ببنەوە کە لە کەسانی دیکەوە وەری دەگرن و بڕوای پێدەکەن بەبێ هەبوونی هیچ بنەمایەک بۆ ئەو بیرۆکانە کە بەم بارەش دەوترێت خۆشباوەڕی .

ڕەنگە بەهۆی دەسەوسانی نابینایان بەهۆی دۆخەکەیانەوە لە دەرخستنی ڕاستی وتە یا بیرۆکەیەك لە لایەن خۆیانەوە ناچاربن لە دەمی کەسانی دیکەوە وەری بگرن و مەرجیش نیە هەر وشە و بیرۆکەیەك لە لایەن کەسێکەوە وترا ڕاستبێت بۆیە زۆرجار خۆش باوەڕی جگە لەوەی خۆی کێشەیە کێشەی کۆمەڵایەتیشی لێدروست دەبێت بۆ کەسی نابیناکە. لە (رواجعه ، ٢٠٠٤ ، ل ٢٤).

چوارهەم

چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆدی توێژینەوەکە :

میتۆد :

بریتییە لە چەند ئامرازێکی پێوانەیی کە بەکاردەهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو و پێکەوە گرێدراو لە سەرچاوە بنەڕەتی ، لاوەکی ، مرۆیی ، ژینگەیی و هزری بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت لێکدانەوە و شیکاری بۆ پرسەکان بکات (خزاعلە و ئەوانی تر ، ٢٠١٨،ص ٣٢٩).

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پشتی بەمیتۆدی توێژینەوەی بار بەستووە، جۆری توێژینەوەکەش چۆنایەتیبەستووە: توێژینەوەی چۆنایەتیش زیاتر کار لەگەڵ ووشەدا دەکات و بەشێوەیەکی قووڵ لە بابەتەکە دەکۆڵێتەوە و کار لەسەر تێگەیشتنی دیاردەکە و دۆزینەوەی هۆکارەکانی پشت دیاردەکە و دەست نیشانکردنی گرنگترین لێکەوتەکانی دیاردەکە دەکات، و کاریگەریەکانی دیاردەکە دەخاتەڕوو(شوانی، ٢٠١٥، ص١٢٩).

کۆمەڵگای توێژینەوە و هەڵبژاردنی لێتوێژراوانی توێژینەوەکە :

پێش ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی پێویستە توێژەر ئەوەی لەلا ڕوون و ئاشکرابێت کە کۆمەلگا و لێتوێژراوانی توێژینەوەکەی چۆنە و کێ دەگرێتەوە، و ئەو کۆمەڵگایە دەستنیشان بکرێت و پێناسە بکرێت، هەروەها توێژەر بتوانێت ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستی دەهێنێت بەسەر ئەم کۆمەڵگایە جێبەجێ بکرێت و بگشتینرێت(شوانی، ٢٠١٥، ٢٤٣ص).

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە دەست نیشاندەکرێت بە نابینایانی شاری سلێمانی .

لێتوێژراوانی توێژینەوە پێناسە دەکرێت بە بەشێکی دیاریکراو لە کۆمەلگای توێژینەوە جا چەندایەتی بێت یاخود چۆنایەتی ، لێتوێژراوانی توێژینەوە کۆمەڵە تاکێك دەگرێتەوە کە هەڵگری هەمان تایبەتمەندیەکانی کۆمەلگای توێژینەوە بێت (عومەر، ٢٠١٢ ، ٢٤٩ص).

لێتوێژراوانیش دەبنە نمونەی توێژینەوە .

لەم توێژینەوەیە توێژەر پشتی بەستووە بە جۆری نموونەی مەبەستدار، کە نموونەیەکە دەکەوێتە جۆری نموونە نا ئەگەریەکان.

نموونەی مەبەستدار بریتییە لەو جۆرەی نموونە کە تاکەکانی بەشداربووی توێژینەوەکە بەشێوەی تیروپشك دەستنیشان ناکرێن واتە نمونەیەکی نا هەرەمەکیە، کە هەلی یەکسان نادات بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بۆئەوەی بەشێوەیەکی یەکسان بەشداری توێژینەوەکە بکەن ، بەڵکو بە مەبەست هەڵدەبژێردرێن، بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە (عومەر، ٢٠١١، ص٢٣٨).

لێتوێژراوانی ئەم توێژینەوەیە لە (٢٠) کەسی نابینای شاری سلێمانی پێکدێن ، کە (دە) نێر و (دە) مێن، کەبەشیوەیەکی خۆبەخشانە ئامادەبوون ببنە لێتوێژراوی توێژینەوەکەمان لە ناو(١٦٦٢) نابینادا .

لێتوێژراوان خاوەنی سێ خەسڵەتی دیاریکراو بوون ئەوانیش :

أ-تەمەنیان سەروو(٢٥)ساڵ بیت.

ب- هاوسەرداربێت.

ج-خاوەن کاربن لەکەرتی گشتی یان تایبەت.

بەپێی ئەم خشتەیەی لای خوارەوە خەسڵەتەکانی لێتوێژراوان ڕوون دەکەینەوە :

ژ.لێتوێژراو	ڕەگەزی لێ توێژراو	جۆری نابینایی لێتوێژراو
١	مێ	نازگماك
٢	نێر	نازگماك
٣	مێ	نازگماك
٤	نێر	نازگماك
٥	مێ	نازگماك
٦	نێر	نازگماك
٧	مێ	نازگماك
٨	نێر	نازگماك
٩	مێ	نازگماك
١٠	نێر	نازگماك
١١	مێ	زگماك
١٢	نێر	زگماك
١٣	مێ	زگماك
١٤	نێر	زگماك
١٥	مێ	زگماك
١٦	نێر	زگماك
١٧	مێ	زگماك
١٨	نێر	زگماك
١٩	مێ	زگماك
٢٠	نێر	زگماك

ڕێگاکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە :

بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی نابینایان،کە توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانی پشت بەستراوە بە چاوپێکەوتن وەکو ڕێگایەکی زانستی کۆمەڵناسی.

چاوپێکەوتنیش کۆمەڵە پرسیارێك دەگرێتەخۆ، کە بە شێوەیەکی زارەکی لە ڕێگەی گفتوگۆ ئاراستەی لێتوێژراو دەکرێت، پرسیارەکانی چاوپێکەوتن هەریەکە لە ئاراستە و بەها و هەڵچوون و هەستەکان و بیروبۆچوونەکانی تاکەکانن لە کۆمەڵگادا (سەعید، ٢٠١٧، ص٥٤).

چاوپێکەوتن چەند جۆرێکە، جۆری چاوپێکەوتنی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەدا بریتییە لە چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە. چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە واتە دیاریکردنی ژمارەیەك پرسیار سەبارەت بە بابەتی توێژینەوە، لەهەمان کاتدا توێژەر ئازاد دەبێت لە ئاراستەکردنی پرسیاری تریش کە بە باش وگونجاوی دەزانێت، بەو مەرجەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەبێت(عمر، ٢٠١١: ٢٧٢).

توێژەر خۆی نابینایەو دانیشتووی شاری سلێمانیشە بۆیە تارادەیەکی زۆر ئاگاداری کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی نابینایانە لەشاری سلێمانیدا هەربۆیە لای ئاسان بوو بزانێت دەبێت چ پرسیارێك بکات بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لێتوێژراوان هەندێك جیاوازییان هەبوو وەك ڕەگەز، ماوەی نابینایی و جۆری نابینایی ،هەربۆیە چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە باشترین جۆری چاوپێکەوتن بوو لای توێژەر کە هەر چاوپێکەوتنێکیش (٣٠_٥٠) خولەکی خایاند هەر (٢٠)چاوپێکەوتنەکەش تۆمارکراون، کارە مەیدانییەکانیش لە بەرواری ٢٠٢٢/٥/١٠ کە هاوکاتبوو لەگەڵ یەکەمین چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لێتوێژراوی ژمارە یەک تاوەکو ٢٠٢٢/٧/٤ کە هاوکاتبوو لەگەڵ دواهەمین چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لێتوێژراوی ژمارە ٢٠.

پێنجەم

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاسپاردەکان

١-ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

پاش ئەوەی توێژەر بەهۆی چاوپێکەوتنی لەگەڵ لێتوێژراواندا زانیاریەکانی کۆکردەوە و شیکاری کردن ، لە ئەنجامدا گەیشت بەوەی کە نابینایانی شاری سلێمانی بەدەست هەندێک کێشەوە دەناڵێنن لەوانەش :

أ-لەڕووی دەروونیەوە /

١:١ . زۆربەی نابینایانی مێ هەست بە کەمی دەکەن بەهۆی سەختی دەستگەیشتنیان بە زانیارییەکان بەڵام زۆربەی نابینایانی نێر هەست بەکەمی ناکەن وێڕای هەبوونی هەمان سەختی دەستگەیشتنیان بە زانیارییەکانیان .

٢:١ . زۆربەی نابینایانی و نێر و مێ توشی هەستکردن بە نا ئومێدی بوون بەڵام بەهۆکاری جیاواز ، بۆ نمونە نابینایانی نێر بەهۆی نا هاوسەنگی لە پەیوەندی هاوڕێیەتیاندا لەگەڵ کەسانی چاوساغ و بەشێکیشیان بەهۆی ئەوەوە کە کچانی چاو ساغ ئامادەنەبوون هاوسەگیرییان لەگەڵدا بکەن ، هەرچی نابینایانی مێبوون زیاتر هاوسەرگیری نەکردنی کوڕانی چاو ساغ لەگەڵیاندا بێ ئومێدی کردوون و کاریگەربوون پێی بەبەراورد بە نابینایانی نێر .

٣:١ . زۆربەی نابینایانی نێر و مێ ترسیان لە داهاتوی خۆیان هەیە بەڵام بە هۆکاری جیاواز ، بۆ نمونە نابینایانی نێر ترسیان لە تێکچوونی دۆخی ئاسایش و ڕامیاری و دارایی شاری سلێمانی هەیە ، لە کاتێکدا نابینایانی مێ ترسیان لە هاوکاری کردنیان هەیە لە لایەن کەسانی چاو ساغەوە بۆیا توشی ترس و دڵەڕاوێ بوون .

کەواتە نابینایی زۆرتر کاریگەری لەسەر ڕەگەزی مێیینە هەیە بەراورد بە ڕەگەزی نێر وەک دۆخێکی تایبەت ، بەڵام وێڕای ئەم کاریگەربونەی مێیەکان بە دۆخەکەیان و بێزاربوونیان لە سەختی ژیانیان هەریریان لە کۆچکردن بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا نەکردوەتەوە لە کاتێکدا نێرەکان زۆربەیان خواستی کۆچکردنیان هەیە .

ب-لەڕووی خێزانییەوە :

١:٢ . زۆربەی نابینایانی نێر و بەشیکی نابینایانی مێ نیگەرانن لەوەی کە خێزانەکانیان بە بەزەییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن .

٢:٢ . زۆربەی نابینایانی مێ و بەشێک لە نابینایانی نێر خێزانەکانیان هەست بە کەمی دەکەن چونکە کچ یان کوڕێکی نابینایان هەیە .

٣:٢ . زۆربەی نابینایانی مێ خێزانەکانیان پەراوێزیان دەخەن بەڵام زۆربەی نابینایانی نێر خێزانەکانیان ڕۆڵێکی باشیان گێڕاوە لە هاوکاری کردنیان .

٤:٢ . نابینایانی مێ زۆربەیان خێزانەکانیان وەک شەرم دەیان بینن بەڵام لای خێزانی زۆربەی نابینایانی نێر ئەم تێڕوانینە نەبوو.

ج-لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە :

١:٣. زۆربەی نابینایانی نێر هەستدەکەن بوونەتە بارگرانی بەسەر کەسانی دیکەوە بەڵام ئەم هەستە لای نابینایانی مێ بوونی نییە .

٢:٣ . نابینایانی مێ کێشەی نەشیاوی بیناکان بۆ کەسانی نابینا لە دیارترین کێشەکانە لەکاتی چوونە دەرەوەیان لە ماڵ ، بەڵام نابینایانی نێر جگە لە ناشیاوی بیناکان ناشیاوی ڕێگەوبان و منەتکردنی خاوەنکار یا بەڕەوەبەرەکەیان بەسەریاندا کێەی ڕۆژانەیانە لەکاتی چوونە دەرەوەیان لە ماڵ .

٣:٣ . زۆربەی نابینایانی نێر و مێ لە مامەڵەی کەسانی بەتەمەن بێزاربوون کە لەڕووی قسەو هاوکارییەوە خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن .

٤:٣ . لە پرۆسەی خوێندن و فێربوون نابینایان لە ڕەفتاری مامۆستاکانیان ڕەچاو نەکردنی خوێندکاری نابینا لە دروستکردنی بینای خوێندندا و بڕیارە کارگێڕیەکانی زانکۆکانیاندا ، کەمی ئەو بەشو پسپۆڕیانەی کە خوێندکاری نابینا وەردەگرن و کەمی سەرچاوە زانستیەکان کە بە دەنگ تۆمار کرابن یان بە شێوازی نوسینی زبر (برایل) نوسرابن بوونەتە کێشە بۆ نابینایان .

٢-ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان

١. بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق :

گرنگیدان بە دامەزراندنی نابینایان لە کەرت گشتی پسپۆڕیان چونکە وەک کەسی چاوساغ نین بتوانن خۆیان هەموو کارێک بکەن ، خۆ ئەگەر ئامادەبن کاربکەن خاوەن کارەکان زۆربەیان کاریان نادەنێ بۆیە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی دایان بمەزرێنێت یان دامەزراندنیان بکاتە مەرج لەسەر کەرتی تایبەت بە ڕێژەیەکی دیاری کراو .

٢. بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی :

گرنگیدان بە کردنەوەی ناوەندی تایبەت بە شیاندنی نابینایان بۆ کارکردن وبڕوابەخۆبوونیان.

٣. بۆڕێکخراوەکانی تایبەت بە نابینایان :

گرنگیدان بە داکۆکیکردن لە مافی نابینایان زیاترلەوەی کە ئێستا دەیکەن و هەروەها دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان خۆیان و خێزانی نابینایاندا تا متمانەی خێزانی نابیناکان بەدەست بهێنن تاوەکو ئامادەبن منداڵە نابیناکەیان بچێتە ناو ڕێکخراوەکەو ئاشنای هاوژانەکانی ببێت و لە گۆشەگیری ڕزگاری ببێت .

٤. بۆ هەردو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ، ئاوەدان کردنەوە :

گرنگیدان بە دانانی ڕەمپا لە قارغی شۆستەکان و چاککردنی ڕێگەوبان و پێنەدانی مۆڵەتی وەبەرهێنان بە هیچ بەڵێندەرێک کە دۆخی کەسانی نابینا لەبەرچاو نەگرێت لە پرۆژە وەبەرهێنانەکەیدا ، تاوەکو هاتوچۆی کەسانی نابینا لەسەر شەقام و ناو باڵەخانەکان ئاسان بێت.

٥. بۆ خێزانی نابینایان :

گرنگیدان بە پێدانی ڕۆڵ بە ئەندامە نابیناکەیان بە گوێرەی توانای خۆی تاوەکو پشت باخۆی ببەستێت و پەراوێزی نەخەن .

سەرچاوەکان

١. ابراهيم عبدالهادى محمد المليجى ، الرعايه الطبيه و التأهيليه من منظور الخدمه الإجتماعيه مكتبه المعارف الحديثه ، القاهره، ١٩٨٥.

٢. أمثال محمد بشير ، أمثال إبراهيم مخلوق ، الخدمه الإجتماعيه و رعايه المعوفين ، المكتب الجامعى الحديث ، الإسكندريه ، مصر ،١٩٨٣.

٣. ايمان فؤاد الكاشف ، حق أسر الأطفال ژوى الإحتياجات الخاصه فى الحصول على خدمات أرشاديه ، كليه التربيه جامعه بنها ٢٠٠٧.

٤. خالد صالح محمود ، مشكلات الممارسه المهنيه للخدمه الإجتماعيه بدورحظانه المعاقين الكتب الجامعى الحديث ، مصر ، ٢٠٠٩.

٥. الخريشا ، علوج باجى (٢٠٠٩) ، المشكلات الاكاديميه والاجتماعيه والنفسيه التى تواجه طلبه كليه العلوم التربويه بجامعه مؤته فى الاردن وعلاقتها ، ببعث المتغيرات ، جامعه كليه التربيه ،

٦. خزاعله ، عبدالعزيز على ، معن خليل عمروئەوانى تر ، ٢٠١٨، دەروازەی کۆمەڵناسی، و، توانا فریدون، چ ، تاران.

٧. رفا محمد عواده ، الاعاقه التأهيل المجتمعى ، ورقه عمل قدمه الى المؤتمر الفلسطينى للتنميه و اعاده الأعمار فى الطفه الغربيه فلسطين ،٢٠٠٦.

٨. سەعید، پێشڕەو خەلەف (٢٠١٧): دەروونزانی گشتی، چاپخانەی یاد – سلێمانی، چاپی یەکەم.

٩. سيد خير الله ولطفى بركات احمد ، سيكولوجيه الطفل الكفيف وتربيده ، مكتبه الانجلو المصريه ، ١٩٦٧م .

١٠. شوانی، محمد (٢٠١٥): سەرەتایەك بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، چاپخانەی هیڤی- هەولێر، چاپی یەکەم.

١١. على ابراهيم ، (٢٠١٣) ، تربيه المكفوفين وتعليمهم ، القاهره : عالم الكتاب.

١٢. العليوى ، عبدالرحمن (١٩٩٣) : مشكلات الطفوله و المراهقه و أسسها الفسيولوجيه و النفسيه ، بيروت : دار العلوم العربيه .

١٣. عومەر، مەعن خەلیل (٢٠١١): ڕێبازەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا،و: زیرەك ئەحمەد ڕەحمان، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر، چاپی یەکەم.

١٤. عومەر، مەعن خەلیل (٢٠١٢): میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، و: محەمەد شوانی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم.

١٥. فتحى السيد عبدالرحيم وحليم السعيد بشاپى ، سيكولوجيه الاطفال غير الالعادين ، دار القلم ، الكويت ، ١٩٨٢م ،

١٦. فەهمی ، مستەفا (٢٠١٢) دەرون دروستی ، چەند لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە سایکۆلۆجیای گونجان ، وەرگێرانی : سەلام سەعدی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی نارین ، هەولێر.

١٧. ماجده السيد عبيد ، تعليم الاطفال ذوى الاحتياجات الخاصه ، دار الصفاء ، للنشر والتوزيع ، عمان ، بدون طبعه ، ٢٠٠٠،

١٨. المنصورى ، خالد احمد عثمان ، (٢٠٠٨) ، المشكلات النفسيه ، والاجتماعيه ، الاكثر شيوعا وبعث السمات الشخصيه لدى عينه من الطلبه رساله ماجستير غير منشوره ، كليه التربيه ، جامعه ام القرى.

١٩. الهاشمى ، عبدالحميد ، (٢٠٠٣) ، التوجيه والارشاد النفسى ، ص٣ ، جده دار الشروق .

٢٠. هدى سلامه (٢٠٠٩) ، الاليكشها وعلاقتها بالفلق لدى عينه من المراهقين المكفوفين ، رساله.

21. Carolyn , J Hilderth (2009) Association between Media use in A dolescence and Depression in young Adulthood : A Longitudinal Study , JAMA , Chicago

پاشکۆی توێژینەوەکە

فۆرمی چاوپێکەتن

تەوەری یەکەم/ لایەنی دەروونی

١- ئایا بە هۆی ئەوەی کە خۆت جیهانی دەرەوە نابینیت وا هەست دەکەیت تۆ ئاستی شارەزایی و زانیاریت کەمترە لە وانی دیکە ؟
٢- چ کێشەیەک ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە بە بەردەوامیی؟ و پاڵنەری کیشەکانی ژیانی ڕۆژانەت چین؟
٣- چ شتێك لە ژیانت نائومێدی کردووی ؟کەی؟ چۆن ؟
٤- هیچ کات بیرت لە کۆچکردن بەرەو ئەوروپاکردۆتەوە ؟ هۆکارەکان چی بوون ؟
٥- هەڵسوکەوتی خەڵك چۆنە لەگەڵت؟ أ . کاریگەری هەلسووکەوتی خەڵکی چی بووە لەسەرت؟
٦- ئایا لە رووی هاوکاری کردنەوە ترست لە داهاتوو هەیە؟
٧- نابینایی چون کاریگەری داناوە لەسەر جوولە و چالاکی ڕۆژانەت؟
٨-ئایا هیچ کاتێك روویداوە لە دەووروبەرت تورە بیت ؟ چۆن ئەو تورەبوونەت دەبڕیوە ؟

تەوەری دووەم/ لایەنی خێزانی /

١- خێزانەکەت چۆن مامەڵەت لەگەڵدادەکات ؟ چ ڕۆڵێکیان هەیە لە هاوکاریکردنت؟
٢- هەستی خێزانەکەت بەرامبەرت چۆنە ؟ بۆچی ؟
٣- ئەندامانی خێزانەکەت لەسەر چ شتێك ناکۆکبوونە لەگەڵ یەکتری لەسەر تۆ؟
٤- خێزانەکەت چ کاریگەریەکیان هەبووە بۆ دابین کردنی ژینگەیەکی گونجاو تاکو کێشەکانت وەك نابینایەك کەم ببنەوە؟
٥- هەرگیز هەستت بەوەکردوە خێزانەکەت بوونت بەشەرمێک دابنێن و هەوڵی شاردنەوەت بدەن؟
٦- گرنگترین ئەو کەسانەی کێن کە لەناو خێزانەکەت هاوکاریت دەکەن؟
٧- لەکاتی تێکڵاوبووندا لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت وکەسانیتردا مامەڵەیان چۆن بووە لەگەڵت؟

تەوەری سێهەم / لایەنی کۆمەڵایەتی :

١- هیچ کات هەستتکروە بارگرانیت بەسەر کەسانیتر ؟
٢- ئەو کیشانەی چین کە لەمیانی پەیوەندی هاوڕێیەتی تووشت بوونە؟
٣- بازنەی هاوڕێیەتیت زیاتر لەدەوری چ کەسانێکە چاو ساغ یاخوود نابینا؟ چ شتێك پالنەرت بووە بۆ دەست نیشانکردنی بازنەی هاوڕێیەتیت؟
٤- ڕۆژانەکە دێتەدەر لەماڵ ، بۆهاتوو چۆکردن چی کێشەیەکت دێتە ڕێت ؟
٥- لە کارکردندا چی کێشەیەکت ڕووبەڕوو ئەبێتەوە؟
٦- کەسانی دەووروبەر بە چ شێوازێك مامەلەت لەگەل دەکەن؟
٧- ئەو کیشانەی چین کە لە پرۆسەی خوێندن و فێربوون هاتوونەتە ڕێت؟

هۆکارە کانی بڵاوبونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە نێو گەنجاندا توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە لە بواری ماددە هۆشبەرەکانەوەلە هەرێمی کوردستان

واحدە حمەویس نصرالله[1]، ئارام ئەسعەد عبدالرحیم[2]
[1,2] بەشی کۆمەڵناسی ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان ،زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: wahida.wais@univsul.edu.iq

پوختە

دیاردەی بەکارهینان و بازرگانییکردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوە، لە پاڵ تیرۆر و شەڕ وبرسیەتییدا، یەکێك لە قەیرانە گەورەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، دیاردەی گێرۆدەبوون بە ماددە هۆشبەرەکانەوە لە هەموو وڵاتاندا تەشەنەی کردووە کە هەرێمی کوردستانیش لەم دیاردە جیهانییە بێبەش نییە، بە تایبەتی گەنجان و لاوان بە رێژەیەکی زۆر ئالودە ماددە هۆشبەرەکان بوون کە ئەمەش زەنگی مەترسیدارە لە سەر داهاتووی کومەڵگای کوردی و تیکچوونی شیرازی خێزان، بە پشت بەستن بە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی، وردەکلتور، گروپی هاوتەمەنان، هەڵسوکەوتی خێزانی، بێ بەشکردنی رێژەیی، کات بەتاڵەکان کە پەیوەندی بەهۆکارەکانی بڵاوبونەوە ماددە هۆشبەرکانەوە هەیە لە نێو گەنجاندا.ئەم توێژینەوەیەکی لە جۆری وەسفی شیکاری چونایەتیە. وەک چۆن ئالوودەبوون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و تێگەیشتووە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری شێوازی چاوپێکەوتن بەکارهاتووە و چاوپێکەوتن لەگەڵ (١٣)کەسی شارەزا لە بواری ماددە هۆشبەرەکانەوە لە (٣) کەسی پزیشکی دەروونی (٦) توێژەری کۆمەلایەتی(٢) بەرپرسی رێکخراوی ماددەهۆشبەرەکان و(١) داواکاری گشتی(١) بەرپرسی بەرێوەبەرایەتی ماددەهۆشبەرەکان لە هەریمی کوردستان ئەنجامدراوە. بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی داتاکان، شیکاری ناوەڕۆکی لە چاوپێکەوتنەکاندا بەکارهێنراوە. بو کوکردنەوەی دەقی چاوپێکەوتنەکان، پۆلێنکردنی داتاکان بە شێوەیەک کە بابەتی دووبارەبووەکان و هاوشێوەکان لابرێن بابەت سەرەکیەکان دادەنرین ولە ئەنجامەی شیکردنەوە زانیارییەکان بەم دەرئەنجامانەگەیشتین: هۆکارە کانی بڵاوبونەوە ماددە هۆشبەرەکان لە نێو گەنجاندا بریتیە لە هۆکاری کۆمەلایەتی و خێزانی ، سیاسی و ئابوری ، تاک کەسی و دەروونی، لاوازی جێبەجێ نەکردنی یاساکان کە وایە کردوو ماددە هۆشبەرەکان رۆژ بە رۆژ رو لە زیادبوون بکات.

وشە کلیلیەکان : گەنج ، ماددە هۆشبەرەکان ، ئالودە بوون ، ئالودە بوو

ملخص

تعد ظاهرة تعاطي المخدرات والاتجار بها ، إلى جانب الإرهاب والحرب والجوع ، من الأزمات الكبرى في المجتمع البشري. وأصبح الشباب على وجه الخصوص مدمنين على المخدرات، الأمر الذي يشكل إنذارا خطيرا على مستقبل المجتمع الكردي وتدهور الانسجام الأسري،وهذا بناء على نظرية التعلم الاجتماعي ، الثقافة الفرعية، مجموعات الأقران ، السلوك الأسري ، الحرمان النسبي و نظرية الوقت الفراغ، ذوي علاقة بأسباب انتشار المخدرات بين الشباب. وهذا البحث هو بحث هو بحث وصفي تحليلي كيفي، حيث تم من خلاله دراسة الإدمان على المخدرات وفهمه بأعتباره ظاهرة اجتماعية. تم استخدام أسلوب المقابلة لجمع المعلومات وأجريت المقابلات مع (١٣)خبيرا في مجال المخدرات، من بينهم (٣)أطباء نفسيين و (٦) أخصائيين إجتماعيين و(٢)من مسؤولي منظمة المخدرات ومدعي عام ورئيس مديرية المخدرات في إقليم كوردستان. ولتفسير البيانات وتحليلها ، تم استخدام طريقة تحليل المحتوى النوعي من لجمع نصوص المقابلات ، وتصنيف البيانات بطريقة إزالة العناصر المكررة والمتشابهة.وأظهر البحث بأن من أسباب انتشار المخدرات بين الشباب:هي أسباب إجتماعية، عائلية، سياسية، إقتصادية، شخصية، ونفسية ، وهذا بالاضافة الى ضعف القانون، وغيرها، مما يجعل تعاطي المخدرات يزداد يوما بعد يوم.

كلمات مفتاحية: شباب ، مخدرات ، إدمان ، مدمن

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
DOI Link	http://doi.org/10.32410/huj-10452
رێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٢٠ | رێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٩ | رێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠	
ئیمەیلی توێژەر	wahida.wais@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	©٢٠٢٣ پ.ی.د. واحدە حمەویس نصرالله، ئارام ئەسعەد عبدالرحیم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر رەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

Abstract

The phenomenon of drug use and trafficking, along with terrorism, war and hunger, is one of the major crises of human society. Especially young people have become addicted to drugs, which is a dangerous alarm for the future of Kurdish society and the deterioration of family harmony. Based on social learning theory, microculture, peer groups, family behavior, relative deprivation, leisure time related to the causes of drug prevalence among youth. This is descriptive-explanatory research using qualitative and phenomenological methods. As addiction has been studied and understood as a social phenomenon. The interview technique was used to collect information and interviews were conducted with (13)experts in the field of drugs, including (3)psychiatrists, (6)social work-ers,(2)heads of drug organizations, (1) prosecutor and (1) head of the drug directorate in the Kurdi-stan Region. To interpret and analyze the data, qualitative content analysis method was used by col-lecting the text of the interviews, classifying the data in such a way that duplicate and similar items are removed. The reasons for the spread of drugs among young people include social, family, polit-ical, economic, personal and psychological, weakness of the law, etc., which makes drugs increase day by day.

Keywords: Youth, Drugs, Addiction, Addicted

پێشەکی :

دیاردەی ئالودە بوون وەك دیاردەیەکی پرمەترسی گەورەیە، کێشەی زۆری دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەرهەم هێناوە بە ڕادەیەك کە ماددە هۆشبەرەکان پەلاماری زیندوترین و چالاکترین توێژی کۆمەڵگا دەدەن کە توێژی گەنجانن، کە هەر لە سەرەتاوە، ئومێد و خواستەکانیان زیندە بەچاڵ دەکەن و لە کەناری نائومێدی و رەشبینیان نزیك دەخاتەوە، کەسی ئالودە بوو لە ڕاوچیەوە دەکەنە نێچیری خۆیان.

ماددەی هۆشبەر سەرجەم ئەو کۆمەڵە ماددانە دەگرتەوە کە دەبنە هۆی ئالودەبوون و ژەهراوی بوونی کۆئەندامی دەمار، بە کارهێنان و چاندن و دروستکردنیان قەدەغەیە تەنها بۆ ئەو مەبەستانە نەبێت کە یاسا دیاری کردوون کە بۆ چارەسەرکردن بەکاردەهێنرین لە لایەن کەسانی پسپۆرو شارەزا بە پێی یاسای ژمارە (٦٨) لە یاسای سزادانی عیراق ساڵی(١٩٦٢) لێپێچینەوەی یاسایی لە سەر دەکرێت.وە هەموارکراوەی پەرلەمانی کوردستانی عێراق. (Kurdistan-parliament 2020)

ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەرەکانەوە یەکێکە لە دیاردە قیزەونەکانی کۆمەڵگان، کەبە ڕێژەیەکی زۆر گەنجان پێوەی دەناڵینن و هەرێمی کوردستانیش بە دەر نییە لەو مەترسیەی کە بە پێ ی ئەو ئامارانەی کە لەم ساڵانەی دوایدا تۆمار کراون وەئەگەربە شێوەیەکی مەیدانی سەردانی گرتووخانەکان بکەین دەبینین ڕێژەیەکی زۆر لە گەنجان ئالودەی ئەم ماددەیە بوونەتەوە سەرەڕای قەدەغە کردنی بەکار هێنانی و کڕین و فروشتنی ئەم ماددە سزای تووند هەیە بە پێی یاسای چواردەی مادەهۆشبەرەکان، بەڵام رۆژبە رۆژ ئەم ڕێژە روو لە زیادبوون دەکات، ئەویش بە هۆی کرانەوەی سنورەکانی هەرێمی کوردستان بە رووی وڵاتانی دراوسێی وەك ئێران وتورکیا و سوریا دا کە وولاتی ئیرانش یەکیکە لە وڵاتانی (مانگی ئالتونی) کە بە ڕێژەیەکی بەر چاو ماددەی هۆشبەری تێدایە و هەرێمی کوردستانیش سنورێکی دورو درێژی لە گەل وولاتی ئیراندا هەیە و ئەمیش کەم تا زۆر کاریگەری لە سەر هەرێمی کوردستان و گەنجان هەبووە.(خالید کەریمی و هەکارانش،١٣٩٩)

چوار چێوەی گشتی توێژینەوەکە و چەمکەکان

یەکەم/کێشەی توێژینەوە

لە گەڵ فراوانبوونی بازرگانیکردن بەماددەی هۆشبەر لایەنە سیاسیەکان و ڕۆشنبیرەکان لە ئاستییدا بێدەنگندان لە کاتێکدا مەترسیدارترین دیاردەیە و هەرەشەیە بۆ تێکچوونی شیرازەی خێزان و دواکەووتنی کۆمەڵگان و تێکچوونی دۆخی ئاسایشی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕێگە خۆشکەربووە بۆ بازرگانیکرن بە ماددەی هۆشبەر وبڵاووبونەوەی لە ناو گەنجاندا، بە تایبەتی ئیستا لە ناو چین و توێژەکانی لاوان و قوتابیان و مێرد منداڵان روو لە زیاد بوون دەکەن وئەو ماددانەی کە زۆر بەکاردەهینرێت و بازرگانی پێوە دەکریت لە ناو چینی گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا وەکو (حەبی ترامادۆل ، شوشە ، هیروئین و کوکاین و ئەمیفاتین و تریاك) و زور جۆری تر کە بە کاردەهێنرێن ماددە هۆشبەرەکان یەکێك لە ترسناکترین ماددەن لە جیهاندا کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر جەستە هەیە لە ماوەیەکی کەمدا گەنج و لاوان بێهێز دەکات و کاریگەری گەورە لە سەر جەستەی مرۆڤ دروست دەبێت و ڕەنگی دەگۆڕێت و زامی گەورە لە سەر جەستەی دروست دەبیت، و تووش بوو زۆر بە زەحمەت دەتوانیت وازی لێ بهینێت. ئالودەبوون بە ماددەی هۆشبەکانەوە لەلایەنی پزیشکیەوە بە نەخوشییەکی مێشکی دادەنرێت و دەبێتە هۆی گۆڕێنی پێکهاتە و شیوازی کارکردنی میشك و ڕەفتار و بەرزبونەوەی فشاری خۆین و بەرگری لەش دژی نەخۆشی، لاواز دەبێت و توانای بەرگری نامنێت و توشبوون بە نەخوشی ئایدز لە ڕێی بەکارهێنانی دەرزی پیسەوە جگە لەوەی زیانی تەندروستی و زیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لێدەکەویتەوە، کە کاریگەری لەسەر خێزان و منداڵ هەیە و ڕێژەی تاوان و دزی وبە کارهێنانی توندوتیژی وکوشتن و تێکچوونی شیرازەی خێزان و زیاد بوونی ڕێژەی جیابوونەوە و سەرلێشێوان وپشت گوێ خستنی منداڵ، هەروەها هەرەشەیە بۆ دەستریژی سیکسی بۆ سەر کەسانی دەوروبەر و نەمانی توانای کارکردن و دابران لە خوێندن و تیکچوونی باری ئابووری و بە

هەدەردانی داهاتی خێزان (دانش،١٣٨٤، ١٨٧).

بەپێی راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتوەکان(UNODC) کەلە تازەترین ئاماری خویدا لە سەر بەکارهێنەرانی مادەهۆشبەرەکان لە جیهاندا لە سالی (٢٠٢١)بڵاوی کردەوە، نزیکە (٢٧٥) ملیون کەسی کە (٥,٥٪) دانیشتوانی جیهان بەکارهێنەری مادەهۆشبەرەکانن و زیاتر لە (٣٥) ملیون کەس پێویستیان بە چارەسەری پزشکی هەیە ، هەروەها بە پێی راپۆرتی رێکخراوەی تەندروستی جیهانی لە ساڵی(٢٠٢١) دا زیاتر لە (٦٠٠) هەزار کەس بە هۆی بە کار هێنانی حەب ودەرزی ومادەدەی هۆشبەرەوە مردوون (UNODC ،٢٠٢١). لە هەرێمی کوردستانیش مەترسیی بە کار هێنانی ماددەی هۆشبەر تادێت زیاتر دەبێت.بە پێی دواین ئامارەی بەریۆبەرایەتی گشتی نەهیشتنی مادەهۆشبەرەکان لە رێکەوتی(٢٠٢٢/٦/٢٦) بە ژمارە (٣٦٠٧)لە شەش مانگ سەرەتایی ساڵی(٢٠٢٢ ز)(٩٩٩) تومەتبار دەستگیرکراون کە (٦٨٢) کەسیان سزادراون و (٣٣٨) کەسیان دۆسیەکەیان یەک لای نەبوتەوەی و (٤٥) کەسیان ئازارد کراون کە (١٣٢) کیلو ٧٢گرام) مادە هۆشبەریان پی بوو بە ئەوانەی کە دەست بەسەر کراون رێژەی لە(٦٥٪) لە تەمەنی نێوان(١٤بو ٣٣)ساڵی دایە کە رێژەیەکی بەرچاوی بەر گەنجان و لاوان کەوتووە، و ئەمەیش ئەو دەگەینێت کە رۆژ لە دوای رۆژ بەکار هێنانی ماددەی هۆشبەر لە بەرزبوونەوەدایە ، چ ئەوانەی ئالودە بوون و چ ئەوانەی بازرگانی پێوە دەکەن.(راگەیاندنی بەریوبەرایەتی نەهیشتنی مادە هۆشبەرەکان).ئایا هوکارەکانی بەکارهینانی ماددەی هۆشبەرەکان لە لای گەنجان چیە؟

دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

١-کەمیی توێژینەوەی زانستیی ئەکادیمی لە بارەی بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان وکاریگەرییان لەسەر گەنج لە هەرێمی کوردستان.

٢-لەوانەیە ئەم توێژینەوە ببێت بەسەرچاوەیەک بۆئەوپسپۆڕانەی کەگرنگی بەگەنج و مادەهۆشبەرەکان ئەدەن بە دانانی پلان بۆرێگری گرتن وکەمکردنەوەی ئەم دیاریدەیە.

٣-ئەم توێژینەوەیە سەرەتایەکە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە بە شێوازێکی فراوانتر لەلایەن خوێنکارو توێژەرانەوە.

سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

١-زانینی شیوازەکانی بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان لای گەنجان.

٢-زانینی جوری ئەو مادە هۆشبەرانەی کە لە نێو گەنجاندا بڵاووەو بەکاردەهێنریت

٣-زانینی کاریگەریە جیاوازەکانی مادە هۆشبەرلە سەر گەنج و(خێزان و) کۆمەڵگا .

٤-زانینی هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی ماددە هۆشبەرلە هەرێمی کوردستان.

چوارەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان

١-گەنج : لە"المصباح المنير" دا گەنج بریتییە لە چالاکی و هێز و خێرایی (فهمی، ١٩٨٢).(مارغریت مید) (١٩٠١،١٩٧٨) مروڤناسی بە ناوبانگی ئەمریکی پێناسەی گەنجێتی بەم شێوازە دەکات: (دەتوانین بڵێین کاتی گەنجی دادەنریت بە (ئەگەر و ئایا) کە دو تایبەتمەندی خۆیان هەیە ئەویش چاوەروانییە بەربڵاوەکان لە لایەك و بە ئاکام نەگەیشتنەکان لە لایەکی دیکەوە، سەردەمێك کە تێیدا دەسکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان کامڵ نەبوون (شفرز،١٣٩٠، ٢١)

لە روانگەی کومەلناسی گەشەوە تەمەنی گەنج لەوەکاتەوە دەست پی دەکات کە کەسە کە بالغ دەبێت ئەویش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە. چونکە ئەم تەمەنە لە رووی شێوازی هەڵس و کەوت و تێروانینەوە، کۆمەڵی تایبەتمەندی خۆی هەیە (ربانی، ١٣٨٣، ١٦).

پێناسەی رێکاری بۆ گەنج:لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە گەنج ئەوتوێژەن کەتەمەنیان(١٨- ٣٤) ساڵدایە کە بە هۆی بەکارهێنانی یاخود بازرگانی کردن بە مادە هۆشبەرەکانەوە لە ناو چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستاندا دەستەبە سەر کراوەن.

٢- مادەی هۆشبەرە : ماددەی هوشبەرلە وشەی (Narcotic) وەرگیراوە، کە وشەیەکی ئیغریقییە بە واتایی بێهوش کردن و لە هۆش خو چوون دێت کە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوتری(Drug)(الدمرداش،١٩٨٢).

- مادەی هۆشبەر لە کۆمەلێك مادەن کە دەبنە هۆی ئالودەبوون و ژەهراوی کردنی کۆئەندامی دەمار، هەروەها بازرگانیکردن و چاندن یان دروستکردنیان قەدەغەیە جگە لەو مەبەستانەی کە لە یاسادا دیاری کراوە و تەنها لە لایەن ئەو کەسانەوە بەکاردەهێنرێت کە مۆلەتی یاساییان هەیە (المهندی ،٢٠١٣ ، ٢٣).

پێناسەی رێکاری بۆ ماددەهۆشبەر: مەبەست لە مادە هۆشبەرەکان لەم توێژینەوەیەدا ئەو کۆمەڵە مادانە دەگرێتەوە کە دەبنە هۆی ئالودەبوون و ژهراوی بوونی کۆئەندامی دەمار، ویست و ئیرادەو کرداری مرۆڤ لاوازو ناهەموار دەکا و جەستەش پیرو پەککەوتە دەکا بەکار هێنان و چاندن و دروستکردنیان قەدەغەیە تەنها بۆ ئەو مەبەستانە نەبێت یاسا دیاری کردووە.

٣- ئالودەبوون: بریتییە لە دیاردەیەکی دەروونی – کۆمەڵایەتی کە تاکی بەکارهێنەر بە هۆی کۆمەلێك پاڵنەری دەروونی جەستەیی و ژینگەیی بە شێوەیەکی درێژخایەن تووشی دەبێت و دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە خۆی و کۆمەڵگا ، هەروەها بەرزبونەوی رێژەی تاوان و کێشەی جۆراو جۆری دەروونی و کۆمەڵایەتی (محەمەد،٢٠٠٧ ، ٢٧).

- رێکخراوی تەندروستی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە باسی ئالودەبوون دەکات:بریتیە لە حەز یان بەسترانەوە بە شێوەیەکی ناسروشتی و بەردوام کە کەسانێك سەبارەت بە هەندیك لە مادە دەیانبێت (احمدی ١٨٧،١٣٨٣)

پێناسەی رێکاری بۆ ئالودەبوون: بریتیە لە وابەستەبوونی دەرونی، ئۆرگانی بۆ دەرمانێکی دیارکراو کە ناتوانرێت دەستبەرداری ببێت بە هۆی راهاتنی کۆئەندامی دەمارەوە بۆ ئەودەرمانە یاخود ئەو ماددە هۆشبەرە و لە حاڵەتی کشانەوەش لە بەکارهێنانی ئەم دەرمان و ماددە بێهۆشکەرانە دا کاریگەری دەروونی جەستەیی دروست دەکات.

٤-ئالودەبوو: بە واتای گیرۆدەی شتێك دێت(خال،١٣٦٧). ئەمە بە مانای ئەوە دێت کەسەکە لە هیچ هەلو مەرجێکداو بەهیچ جۆرێك بەکارهێنانی نییە بۆ ماددە هۆشبەرەکان.. کەسێك بە هۆی بەکارهێنانی دووبارەوە بەردەوامەوە ئالودەی بە ماددە هۆشبەرەکان بەواتایی کەتر قوربانی هەردەرمانیك یان پشتبەستنی دەروونی بە ماددە هۆشبەرەکان بە ئالودەبوون ناسراوە (محسنی،٤٧،١٣٦٨) .

پێناسەی رێکاری بۆ ئالودەبوو: بریتیە لە وابەستەبوونی دەرونی ,ئۆرگانی بۆ دەرمانێکی دیارکراو کە ناتوانرێت دەستبەرداری ببێت بە هۆی راهاتنی کۆئەندامی دەمارەوە بۆ ئەودەرمان و ماددە هۆشبەرە و لە حاڵەتی کشانەوەش لە بەکارهێنانی ئەم دەرمان ماددە بێهۆشکەرانە کاریگەری دەروونی جەستەیی دروست دەکەن.

توێژینەوە هاوشێوەکان و ئەو تیۆریانەی کە پەیوەندی بە ئالودەبوون بە ماددە هوشبەرەکان لای گەنجان

توێژینەوە هاوشێوەکان

یەکەم/ کریم،لقمان صالح،(٢٠٠٩) بە ناونیشانی (هۆکارو جێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی خراپ بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان).

ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای سلێمانی ئەنجام دراوە، ئامانجی توێژینەوەکەش خستنە رووی زانیاری تایبەت لە سەر مێژوو و پۆلێن و رەوشی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و کۆماری عێراق فیدراڵ و ناو چەکەو جیهاندا، دۆزینەوەی سەرداوەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە سەر ئاستی"تاك، خێزان، کۆمەڵگە" میتود توێژینەوەکە شیوازی تیکەڵ (کمی و کیفی) بەکارهێناوە.توێژەربۆ دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکەی پشتی بە(نموونەی تۆپەڵە بەفرینەی) بەکار هێناوە، نموونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە(١١٠) یەکە کە لە توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە وەرگیراون.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش ئەمانەن:

١- بەشێکی زۆری نمونەی توێژینەوەکە پەشیمانی خۆیان دەربڕیوە لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان.٢-هەندێك لەو زیندانییانە کە حەپ فرۆشن، ناوی نهێنییان هەبوو بۆ ئەوەی کەس نەیان ناسێتەو٣-هەندێك لە زیندانییەکان بۆ کڕینی ماددەهۆشبەرەکان تەنانەت پێڵاو و کەل و پەلی تایبەتی خۆیان لە ناو زیندانداا دەفرۆشت.٤- بونی حاڵەتی دزی لە ناو هۆڵی زیندانەکاندا،بە تایبەتی پێڵاو دزین و تایبەتتر لە ناو هۆڵی گەنجاندا. ٥-هەندێك لە بەندکراوەکان شوێنەواری خۆکوتان و تاتۆ لە سەر دەست و مەچەکییان بەدی دەکرا.٦-.بەدیکردنی حالەتی سواڵکردن لە دەرەوەی زیندان لە لایەن کەسێکی بەکاربەرەوە.

دووەم/الهویش، یوسف بن محمد:(٢٠١٧) هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مادەی هۆشبەرو لەنێو گەنجان و بڵاوبوونەوەی و کاریگەرکەی.

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجی هەبووە لەدیارترینیان زانین و ناسینی جۆرەکانی مادەی هۆشبەر و هۆکارەکانی پەیوەست بە خوگرتن پێوەیەو ئالوودەبوون پێوەی. دۆزینەوەو خستنەڕووی هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی دیاردەی ئالوودەبوون لەنێو گەنجان، دیاریکردنی ئەو شوێنەوارو دواکەوتانەی کەلەو دیاردەیە دەکەونەوە لەسەر گەنجان و خێزانەکانیان، هەروەها دەستنیشانکردنی رۆڵی خێزان و دەزگا پەروەردەییەکان و راگەیاندنیەکان لە پرسی خۆپارێزی لەو دیاردەیە لەم لێکۆڵینەوە توێژەر میتۆدی وەصفی و میتۆدی دوکیۆمینتاری وەستاو لەسەر خستنەڕووی زۆرێك لە ئەدەبیاتی رابردوو لەسەر ئەو دیاردەیە، کەبەرچاو رۆشنیان داوە لەسەر کاریگەری دواجار گەیشتوە بەم دەرئەنجامانە:

١-تاکەکان بەتایبەتی گەنجان بەرێگەی جیاواز دەست بۆ مادەی هۆشبەر دەبەن و دواجار تووشی ئالوودەبوون دەبن پێی، هەیانە کاتێك پەنا بۆ مادەی هۆشبەر دەبات بە ئامانجی سووککردنی بارو دۆخی خۆی کە دووچاری جۆرێك لە نەخۆشی بووە، بەڵام دواجار لەوپێناوەدا دووچاری ئالوودەبوون دەبێت.

٢- هەندێ لەکەسەکان کە دەست بۆ مادەی هۆشبەر دەبات، ئامانجی خۆدەربازکردنە لەو تەنگوچەڵەمەو کێشانەی ژیان کە دووچاری بووە بۆ ئەوەی سەرمەستی بکات و لەبیری بباتەوە.

٣- دەرکەوتەبوونی چەندین رەفتاری نەرێنی و خراب، بەدەرلە خراپ بوونی باری دەروونی و فسیۆلۆژی کەسی ئالوودەبوو

٤- جۆری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ژینگەی گەنج رۆڵی گەورە دەبینێت لە پرسی ئالوودەبوونی گەنجان بەمادەی هۆشبەر.

٥-خێزان و پەروەردەی خێزانی رۆڵی راستەوانەی هەیە لەدووچاربوونی گەنجان بە ئالوودەبوونی گەنجان بەمادەی هۆشبەر.

سێهەم/الرکابی،لمیاو یاسین(٢٠١١) هۆکارەکانی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لەلای خوێندکارانی ئامادەیی.

ئەم توێژینەوەیە لە شاری بغداد/عێراق ئەنجامدراوە، ئامانجی توێژینەوەکەش گەڕانە بە شوێن ئەو هۆکارانەی کە لەپشت بەکارهێنانی مادەی هۆشبەرەکانەوەن لەلای (گەنجان) خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی. میتودی کمی بەکارهاتوو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش بریتییە لە خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٠-٢٠١١) بەهەردوو بەشی ئەدەبی و زانستیەوە، لەشاری بەغداد کەژمارەیان(٥٣٣٦٤) خوێندکار بووە، توێژەر پەیرەوی وەرگرتنی سامپڵی کردووە، نموونە هەرەمەکی سادە بەکارهێناوەکە سامپڵەکەی لە (١٨٠) خوێندکاری لەخۆگرتووە.

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەش ئەمانەن:١-لاوازی بیروباوەڕی ئاینی و پابەند نەبون بە ئاینەواکاریگەری هەبوە لەسەر رەوشی ژیان و رەفتاری بەکاربەرانی مادەی هۆشبەرەکان، کەئەم هۆکارە بەپلەی یەکەم هاتوە.هۆکاری خودی-کۆمەڵایەتی رێخۆشکەربوە بۆ بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر دێت. خێزان و پێگەیاندنی خێزانی ورەوشی خێزانی بەگشتی لە پەنابردنی گەنجانی خوێندکاری ئامادەییەوە بۆ بەکاربردنی مادەی هۆشبەر. کاریگەری هاوڕێ لادەرو خراپ و زیاتر لەگەڵ بوونی ئەوانەی کە رەفتاری نەرێنی و لادەر دەنوێنن.

چوارەم/توێژینەوەی(صالحی، محمد، ١٣٩٠) بە ناونیشانی(زانینی هۆکارەکانی بلاوبوونەوە ماددە هۆشبەرەکان لە ناو گەنجان لە ناو شاری بهشهر).

ئەم توێژینەوەیە لە شاری بهشهرلە ئیران لە پارێزگای مازندران ئەنجام دراوە، ئامانجی توێژینەوەکەش بۆ زانینی هۆکارەکانی بلاوبوونەوەی

مادده هۆشبەرەکانە لە ناو گەنجانی شاری بهشهردا، بە مەبەستی چارەسەرکردنی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ریگەی خیزان و بەرپرسانی وولاتەوە میتود کمی بەکارهێناوە،کومەڵگا توێژینەوەکە هەموو ئەو گەنجانەی کە تەمەنیان لە نێوان(١٨بو ٢٤) سال دەبێت لە قەزای بهشهر کە نزیك (٣٢٣٤) گەنج دەبیت کە بە شیوەی هەرمەکی سادە لە(١٠٠)گەنج دەست نیشان کراوە ولە ریگەی پرسیارنامە و بە شیوەی شیکاری و تحلیل دەرئەنجامەکانی دەست نیشان کردووە.

توێژینەوەکە کەیشتە ئەم ئەنجامانە:

١-گەنجان زیاترین توێژن کە دەکەونە بەر مەترسی دەرمان و مادده هۆشبەرەکان کە لە تەمەنی (١٨ بو٢٤) ساڵیدان.

٢-ئاستی خوێندەواری و روشنبیری کاریگەری باشی هەیە لە سەر گەنجان کە کەمتر پەنا ببەن بو مادده هۆشبەرەکان بە جۆرێك تا ئاستی خوێندەواری بەرزتربێتەوە بەکارهێنان کەم دەبێتەوە.

٣-ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان ،بوونی هاورێ خراپ، لاوازی لێکترازانی پەیوەندیە خێزانیەکان، نەبوونی ئاستی روشنبیری دایك و باوك، ژینگەی دەوروبەر.نەبوونی پەیڕەوو پرۆگرامێکی دروست لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ ڕاکێشانی گەنجان

ئەو تیۆریانەی کە پەیوەندیان هەیە بە ئالودەبوون بە مادده هوشبەرەکانەوە لای گەنجان.

١-تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی(نظرية التعلم الآجتماعى)Social Learning Theory:

پرۆسەی فێرکردنو پەروەردەکردن بە ئامرازی سەرەکی دادەنرێت کە ئەم پرۆسەیە بایەخی پێدەدات لەکاتی بە ئەنجام گەیاندنی کاری لەگەڵ تاکەکان لەناو دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی داکە بریتین لە (خێزان، دایەنگای منداڵان، خوێندنگا، دامەزراوە ئاینییەکان، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن). ئەم فێرکردنەش بریتیبە لە گۆڕانێکی هەمیشەیی و بەردەوام لە ڕەفتاری تاکدا کە ئەمەش لەئەنجامی بەسەرهات و تاقی کردنەوەکانەوە ڕوودەدات کە تاك دەیبینێ لەژیانیدا، هەروەها دادەنرێت بەو چالاکیە ناوەکییانەی کە لە ناوەڕۆکی تاکدا ڕوودەدەن و ناتوانرێ تێبینی بکرێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئەگەر سەیری منداڵا بکەین هەر لە سەرەتای لەدایك بوونییەوە وەك پەڕەیەکی سپی وایە کە هیچ شتێك نازانێ و هەموو پشت بەستنێکی بە کەسانی دەوروبەریەتی، بەتایبەت دایكو باوك و خەمی سەرەکی تێرکردنی پێدوایستییە فسیۆلۆژییەکانییەتی(ابوجادو،١٩٩٨)

دەروننناس)البرت باندورا: ١٩٢٥) لەسەر بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لای گەنجان لەو باوەردایە کە گەنجان ئەکەونە ژێر کاریگەری بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکانەوە بە تایبەتی هاوری نزیکەکان و دایك و باوکی بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان، "باندورا" پێی وایە کە مۆدێلەکانی رۆڵ دەتوانن کاریگەری خۆیان لە بەکارهێنان و ڕەتکردنەوە بەرهەم بهێنن. بۆنموونە، چاودێریکردنی ئەو هاوتەمەنانەی کە حەشیش دەکرن و دەخۆن، زانیاری و شارەزایی پێویستیان بە دەستهێنانی تلیاك نیە.بە پێچەوانەوە چاودێریکردنی هاورێیەك کە بەرگری لە پاڵەپەستۆی هاوتەمەنەکان و موجامەلەکردنەکان دەکات بۆ بەکارهێنانی حەشیشەکان، کارامەیی ڕەتکردنەوەی گەنجان و کارامەیی خۆی بەهێز دەکات، چونکە توانیویەتی ئەو شارەزاییە فێر بێت کە پێویستە بو دووركەوتنەوە لە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان هەیەتی(لیتری ، ١٣٨٤، ١٢٩).

٢- تیۆری ووردەکولتوور(نظرية الثقافة الفرعية Subcultural Theory)

ووردە کولتوور رووبی دەکاتەوە کە خەڵك چۆن کاردانەوەیان هەیە بەرامبەر بە گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و بێبەشکردنی ئابووری بە ژیان لە گەڕەکە نارێکخراوەکاندا بەهۆی شیکردنەوەی شێوازی ژیانەوە بیئومێدی و خەمۆکی ئەندامانی چینە نزمەکانی کۆمەڵگا، ژێر کەلتوورێکی سەربەخۆ دروست دەکات لەگەڵ کۆمەڵێك یاسا و بەهای خۆ. لە کاتێکدا کە کلتوری چینە ناوەندەکان جەخت لە هەوڵی گەورە دەکاتەوە ووردە کولتوور چینەکانی خوارەوە جەخت لە هەست و سۆز و گێچەڵکردن و مەترسی گرتن و بۆیری و ڕازیبوونی دەستبەجێی پێویستیەکان دەکاتەوە نۆرمەکان ووردە کولتوور زۆرجار ناکۆکن لەگەڵ خاڵ هاوبەشەکانی کۆمەڵگا چونکە هەژارانی شارەکە ئەوە دەبینن کە مەحاڵە لەگەڵ خواستە هەڵسوکەوتییەکانی چینی ناوەندی کۆمەڵگادا بگونجێن لە ئەنجامدا دانیشتوانی گەڕەکەکان ناچارن یاسا بشکێنن و پەیڕەوەی لە یاسا لادەرەکان بکەن (مبارکی،٧٩،١٣٨٣). تیۆری گواستنەوەی کولتووری یاخود ووردە کولتوور لە کاریگەری هۆکارەکانی کولتوری لەئالودەبوون بە مادده هۆشبەرەکانەوە دەکۆڵێتەوە و هیچ بابەتی ئەم تیۆرەش زیاترلەسەر ڕەفتاری لادانە لە ناو گەنجانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگادا بە پێی تایبەتمەندییە وردە کولتوورییەکانیان وەکو: پێوەر و بەهاکان، زمان و شێوازی ژیانیان لە هەموو ڕوویەکەوە.کۆهین(١٩٥٥)، کلاوارد وئۆهلین(١٩٦٠) و میلر(١٩٧٥) و ماتزا(١٩٦٤) لەو باوەردان کە گرنگیدان بەوردە کولتور گرینگییەکی تایبەتی هەیە لە ڕوونکردنەوەی تاوانی گەنجاندا چونکە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بە کولتور وڕەفتاری ئاسایی ناسراون لە پێگەیەکی ورد کلتوری تایبەتدا لەوانەی وەك ڕەفتارێکی لادەر لە شوێنێکی دیکە لە ژێر کولتووری دا ڕەچاو بکرێت (احمدی، ١٣٨٨، ١٢).

٣- تیۆری گروپی هاوتەمەنەکان :نظرية كتلة الآقران(Peer cluster theory)

ئەم تیۆری لە لایەن (ئوتینگ وبورالیس) لە ساڵی (١٩٨٦- ١٩٨٧)خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، کە هەندێك لە بابەتەکانی تیۆری ڕەفتاری کێشەئامێزیش لە خۆ دەگرێت بە پێی ئەم تیۆرە تەنیا گۆڕاوی سەرەکی لە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان ، کاریگەریی هاو تەمەنەکانە کە هەڵیانپژاردوون بۆ پەیوەندیکردن لە گەڵیان کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەریی ئەواندا پەڵکیشی مادده هۆشبەرەکان دەبن (بهرامی،٢٠٠٤) .

٤-تیۆری هەڵسوکەوتی خێزانی

(زانا برووك والت Brook ١٩٩٠) ئەم تیۆرە بە تیۆری ئالۆز وەسف دەکەن لەم بارەیەوە خاوەنی جیهانبینی تایبەتی بە خۆیەتی، ناوبراو پێی وایە کێشەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، لەسۆزی خێزانەوە سەرچاوە دەگرێت ، بوونی پەیوەندی سۆزدارانە لە نێوان ئەندامانی خێزان بە تایبەت باوان و منداڵەکانیان ، هەروەها تایبەتمەندی دەروونی ئەندامانی خێزان ، کاریگەری راستەوخۆی هەیە لە سەر بڵاو بونەوەی ئەم دیاردە ، بۆ ئەو مەبەستەش زانا برۆك چوار هۆکارو بۆ وابەستە بوونی خێزانی و سێ پەیوەندی دەستنیشان دەکات و پەیوەندیە خێزانیەکان دەکاتە پێوەر و بنەما بۆ خراپ بەکار هێنان ، لەم بارەیەوە پێی وایە بوونی هەر درزێك لەم پەیوەندیانەدا بۆی هەیە ببێتە ناوەندێکی لەبار بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان (محمدی، ١٣٨٥).

٥-تیۆری بێبەشکردنی رێژەیی(نظرية الحرمان النسبي(The Thyory of relative deprivation

بو یەکەمجار تیۆری زەوتکردنی رێژەیی لە لایەن کۆمەڵناسان جودیس و پیتەر بلاو (١٩٨٢) پێشنیازکراو و بلاو بویەوە.ئەوان چەمکەکانیان لە تیۆری ئانومی تێکەڵ کرد لە گەل ئەوانەی لە مۆدێلی رێکخراو کۆمەڵایەتیدا دۆزراونەتەوە بە بروای ئەوان ، خەڵك لە چینە نزمەکان لەوانە هەست بە دووبەرەکی بکەن لە کاتی بەراوردکردنی باردۆخی ژیانیان لە گەڵ کەسانی دەوڵەمەند، ئەم هەستە بێبەشکردنە دەبێتە هۆی هەستکردن بە نادادپەروەری و نارەزایی و بەخێوکردنی نەبوونی متمانە بە ئەوان هەلی پێشکەوتنیان راگیراوە ئەمەش هەستێکی بێدەسەڵاتی دروست دەکات کە دەبێتە هۆی دوژمنایەتی ودەستدرێژی و دواجار توندوتیژی و تاوان (مبارکی، ١٣٨٣،٧٤). زانایانی تاواناسی پێیان وایە کە نایەکسانی لە داهاتدا،کۆمەڵگا تووشی تاوان دەکات و هەموو رێژەی تاوانیك تێدا زیاد دەکات، چونکە کەلێنی سەرەکی نێوان دەوڵەمەند و هەژارە کە رق و بێ متمانەیی دروست دەکات و باردۆخێکی لەو شێوەیە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی توندوتیژی و تاوان، لەو کۆمەڵگایانەی کە نایەکسانی داهات زیادی کردووە جۆرێك لە سوکایەتی لە کە سانی کەمدەرامەتەوە هەیە کە لە هەندێك لەو یە وە هاندەرێکە بۆ ئەنجامدانی تاوان، هەروەها دەروونناسەکان باسی ئەو دەکەن کە کاتێك گەنجان نیگەرانن لەو باردوخ و ژیانەی کە تێدان،لە ئەنجامدا ئەو کەسانە توشی ئیرەیی دەبن ئەگەر نەتوانن شێوازی شەرنگیزی وترسناك لە کێبرکێی کۆمەڵایەتیدا بەکاربێنن ئەوا چانسی سەرکەوتنی داهاتوویان کەمتر دەبێت بۆیە زۆربەی ئەو کەسانە تاوان و توندوتیژی ئەنجام دەدەن ئەم پرۆسەیە وەك تیۆری زەوتکردنی رێژەیی باسی دەکات(Lettreri، ١٩٨٢،١٢).

٦- تیۆری کات بەتاڵەکان)نظرية الوقت الفراغ (Theory of free leisure

جۆرج زێمێل یەکێك بوو لە کۆمەڵناسە کلاسیکییەکانی ئەڵمانیا، لە تیۆرییەکەیدا سەبارەت بە کۆمەڵناسی کاتە بەتاڵەکانە توانی ڕوونکردنەوە بکات لەسەر بڵاوبوونەوەی ئالودەبوون بە ماددەهۆشبەرەکانەوە لە کۆمەڵگادا. زێمێل پێی وایە لە کولتوری مۆدێرن و لە پرۆسەی مێژووی نوێدا زیادبوونی ئازادیی تاك لە بەندەکانی وابەستەیی چری کۆمەڵایەتی کەسیەوە سەرهەڵدەدات، و شێوەکانی فەرمان و گوێرایەڵیش دەبنە کارەکتەرێکی نوێ و کەس ناچێتە ژێر باری تەواوی ئەوانی ترەوە، وە جۆرەها چالاکیی کات بەسەربردن هەیە کە رێگە بە مرۆڤ دەدات خۆی لە کەسانی دیکە جیا بکاتەوە، کە مێتود و کردارە خێراکانیان ئەم جیاکارییە ناسنامەی کەسی پێکدەهێنن، لە سەر ئەم بنەمایە هەمووان شێوازێکی تایبەت پەیرە و دەکەن بۆ جیاکردنەوەی خۆیان، کە لە ژیانی مۆدێرندا بەرەو پیش دەبات (حسینی ،٢٠١٠، ٤٦) .

ماددە هۆشبەرەکان و گەنج و قۆناغی گەنجی و پێداویستەکانی:

یەکەم : ماددە هۆشبەرەکان

ماددە هۆشبەرەکان جۆراو جۆرن هەرجۆرێکیش چەندین وەرگیراوی هەیە کە هەندێکیان لە رووی تایبەتمەندی وەکو یەکن، هەندێکتریان زۆر لە یەك جیاوازن بۆیە زانایان هەریەك بە پێی پێوەری تایبەت دابەشیان دەکەن، هەندی بە پێ پۆلێنی ماددە هۆشبەرەکان لە سەر بنەمای پێکهاتەکەیان،وەهەندیکی تریان لە سەر بنەمای رادەی کاریگەرییان لە سەر تاك و کومەڵگا و خیزان دابەش دەکەن، بەڵام لە هەریمی کوردستان بە پێی یاساکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مادە هۆشبەرەکانی کردوو بە دووبەش سەرەکی یەکەم مادە هۆشبەر سروشتی و دەستکردەکان ونیمچەدەستکردەکان دووەم کارتێکەرە عەقڵیەکان، مەرجیش نییە هەموو ئەو ماددانە لە هەرێمی کوردستاندا بونیان هەبێت و بەکارێن بەڵام جۆری مادە هۆشبەرەکان زۆرن و بە پێی یاسای حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو جۆرەکانی قەدەغەن جگە لەو ماددانەی کە پزشکین ولە ژیرچاودێری وەزارتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بەکاردەهێنرێن.(یاسای مادەهۆشبەرەکان،٢٠٢٠) لێرەدا پۆلێنی ماددە هۆشبەرەکان بە پێی جۆرو پیکهاتەیان دەکەین.

آ- ماددە هۆشبەرە سروشتییەکان :

مادە هۆشبەر سروشتیەکان کە هیچ چەشنە کارێکی کیمیایی یان لە سەر نەکراوە ئەم جۆرە هۆشبەرانە گەڵاو گوڵ و بەری گیاو رووەکە سروشتیەکان دەگرێتەوە، وەك خەشخاش، شادانە، قات، کۆکا ئەم جۆرە ماددانە زۆربەی کات لە حاڵەتی سروشتیداو بە شێوەی گیایی بونیان هەیە و راستەوخۆ لەو رووەکانە وەردەگیرێن کە ماددەی هۆشبەریان تێدایە، جاچ رووەکی خۆرسك بێت، واتە بە بێ چاندن بروێت(محەمەد،٣٥،٢٠٠٧).

(کەدەستی مرۆڤ تێدا نەبێت) یا خودچێنراو بێت.

خاشخاش: گیایەکی لاسکە بارێك و گەڵاکانی درێژو درشتن، گوڵێکیکی سپی هەیە و بەرزایەکە دەگاتە یەك مەترو بەری ئەو گیایە وەك توپێك وایە کە لە دوای وەرینی گەڵاکانی لە سەر لاسکەی ئەو گیایە دەردەکەوێ.

شادانە: گیایەکە، کە زۆرتر لە گەزنە دەچێ و بەرزاییەکەی دەگاتە دوومەترو گەڵاکانی درێژن دانەیەکیان رەشەو رۆنیکی بۆن پیسی هەیە، رۆنەکەی دەگرن بۆ دروست کردنی سابوون بەکاردەهێنرێت ولە ئەمریکا باشور و هەندیك وڵات (ماریجوانای) پێ دەوترێت (حسینیان، ١٣٩١، ٧) .

قات: شوێنی ڕوواندنی داری قات لە ناوچە وشکاییەکاندایە، بەرزی ئەم دارە یەك تا دوو مەتر لە ناوچە نیوە ئیستواییەکاندا دەگاتە شەش مەتر، تەمەنی تا بیست ساڵ دەگات و درێژی گەڵا کە نزیك (٣تا٩)سم و پانی یەکە (١تا ٥)سم ،دوای لێ کردنەوەی گەڵا و خونچە ناسك و نەگەیوەکانی، هەموو بەیانی یەك دەستە دەکرێن و بۆ پارێزگاری کردنیان دەخرێنە نێو توورەکەیەکی تایبەتی و پاشان دەخرێتە بازار بۆ فروشتن (کریم،١٣٦،٢٠٠٩).

کوکا : ئەم دارە زۆرتر لە ئەمریکای باشورو لە ئاو هەوای تایبەتدا دەڕوێت یەك مەتر ونیو بەرزیەکەیەتی و بەشێکی زۆر لە شاخەکانی پێرۆ وپۆلیفیا پرە لە داری کۆکایە، پیشترخەڵکی ئەو ناوچەیە گەڵای کۆکایان بە شێوەی جووین ومژین بەکار دەهێنا، کۆکا گەڵایەکی نەرم و لووسی هەیە وقەبارەی وەك هێلکە و هێشوە (بەدری ، ٢٠٠٧ ،٤٩-٥٠).

ب- ماددە هۆشبەرە پاڵفتەکراوەکان :

ئەو ماددە هۆشبەرانەن کە لە ماددە ودرەختە سروشتییەکان وەردەگیرێن بەڵام چرییەکەیان زیاتر و کاریگەرترن لە سەر مرۆڤ ئەم جۆرەیان لە هۆشبەرە سروشتیەکان دروست دەکرێن، وەك: مۆرفین ،بەنگ، چەرس، هێرۆیین و هایدرۆ مۆرفین کە لە مۆرفین دروست دەکرێن، ئەو مادە وەرگیراوانە کاریگەری تەندروستی زۆر ترسناکیان هەیە، وەك: ئارەزووی خواردن و زیاد کردنی لێدانی دڵ و لەرزین و فراوانبوونی گلێنەی چاو (کلمن،١٣٨٢ ، ٣٠).

مۆرفین: جەوهەری تریاك، بە مادەی کیمیایی لە تریك جیا دەکرێتەوە و لە تریاك بێ رەنگترە، تامی تاڵە.

هێرۆئین: توزیکی سپییە کە لە مۆرفین دروست دەکرێ و لە مۆرفین و کۆکائین بەهێزترە و بەکارهێنانی مەترسی زۆری هەیە، تووشبووەکان بە شێوەی بۆن کردن یان لە ڕێگای لووتیانەو بەکاری دەهێنن ولە دوای ماوەیەکی کورت شوێنەوارلە سەر تووشبووەکان دادەنێ (سیویلی،٢٠١١، ٨٥)

بەنگ: تۆزێکە لە تێکەڵاوی گەڵاو شاخەکانی تازە گوڵدار بووی شادانە دەیگرن، کە بە هۆی ماددەیەکی کیمیایی کە هەیەتی وەك توتن لە سەر قلیان و دەمنە دەیڕیژن و بەکاری دێنن، دیارە گیراوەکە بەنگاوی پێ دەلێن کە وەك ئاو دەیخۆنەوە و مادەیەکی لێ دروست دەکەن کە لە کاری پزیشکی دا کەڵکی لێ وەردەگرن.

چەرس : ماددەیەکە، وەك بنێشت ، هۆشبەر و کیمیایی لە ڕووەکی شادانە دروست دەکرێ. بۆ ئەو کارە شادانە لە نێو پارچەیەکی زبر دەگوشن تا ئەو ماددەیە لە نێو پارچەکە دێتەدەر و بە کار دەهێنن لە گەڵ جگەر و قلیان (بەدری ، ٢٠٠٧ ، ٧٠).

ج- ماددە هۆشبەرە دەستکردەکان یان کیمیاییەکان

مادە ڕێگە پێنەدراوەکان بە پێی فۆرمۆلی کیمیاویی خۆیان پێناسە دەکرێن، بۆخۆ دزینەوە لەو کۆسپە یاسایانە، کیمیازانەکان نهێنییەکان، پێکهاتەی مولکولی ئەو ماددە ڕێگەی پێنەدراوانە بە مەبەستی بەرهەمهێنانی مادەی وە ك خۆیان لە ژێر ناوی ماددە دەستکردەکاندا دەگۆڕن، ئەو مادانە دەتوانن سەدان جار بەهێزتر لەو مادانەی بن کە لێیان دروست دەکرێن (ئەلیسکەندەر،٢٠٠٧ ،٥٧). ماددە هۆشبەرەکان کە لە کارلێکی سادە لە ماددە دەرهێنراوەکان لە رووەکی مادە هۆشبەرەکە ئامادە دەکرێن، بە جۆرێك کاریگەرییەکەی زۆر لە ماددە سروشتییەکە بەهێزتر، لە لایەن تاقیگەی دەرمان و کۆمپانیاکانیانەوە یان لە لایەن تاقیگەی ناوەندەکانی توێژینەوە، وەك ڤالیۆم و ئەمفیتامیناتەکان.بەڕێگەی کیمیاوی و لە سەر شێوەی حەب و گولاج و شروب و دەرزی بەرهەم دەهێنرێن (صعب، ٢٠١٥). هەریەکە لە "خەوێنەرەکان و ئارامبەخشەکان"دەچنە ئەم خانەیەوە.دەرمانەکانی دژە خەمۆکی Antidepressant drugs"ودژە دڵەڕاوکێ"Antianxiety drugs"ودژەسایکۆت یك Antipsychotic دەگرێتەوە. وەکو : هەڵوەسکارەکان ، ئەمفیتامینەکان ، باربیتۆرەکان ، کپتاگۆن (نیازی ، ٢٠٠٠). بەکار هێنەری ئەم مادە دەستکردانە هەندێک نیشانەی لێ دەردەکەوێت وەك نەخۆشیی پارکێسون و لەرزینی کە بە دەست خۆی نەبێ، لە هۆش خۆچوون، قسەکردنی ناڕوون، لەدەستدانی هاوسەنگی وسەدەمەی مێشك کەچاك نابێتەوە . ئامیفتامین و میتفتامین کاریگەریەکانیان لە رووی دەروونیەوە بریتیە لە: پەرێشانی، خەمۆکی وبەدگومانی، مادەیەك کە تەنانەت بەکارهێنانەکەی بە رێژەیەکی کەمیش دەبێتە هۆی ئازاری میشک، دروستکراوی لێکچووی فین سیکلیدینن کە دەبێتە هۆی بە هەڵەچوونی هەستەکان، خەیاڵاتی بوون و کەموکوری لە تێگەیشتندا (ئەلیسکەندە،٢٠٠٢ ،٥٧).

دووەم/ گەنج وقۆناغەکانی گەنجی

گەنج، بیرو باوەڕ و هیوا و ئاواتە بۆ دواڕۆژ، گەنج سمبول و نیشانەی هێز و گەشەیە، کاتی گەنجێتی کاتی ئەویندارى و تێکوشان و پێشکەوتنە، چینی گەنجان لە هەمانکاتدا بەرهەمن و بەرهەم هێنەریشن، گەنج چینی گۆرانخوازییەو لە هەموو وڵاتێك گەورەترین شەپۆلە بۆ سیاسەتمەداران و دەسەڵاتداران. لە زۆربەی شوڕش و گۆڕانخوازێیەکانی جیهاندا، سەرەکترین فاکتەری بەرهەم هێنان و چاکسازی و چاکخوازی لایەنی ئابوورییە، بەڵام لە کاتی تێکچونی هەروڵاتێك، کە سیاسەتەکەی، توشی گرفتاری گەندەڵی ببێت، ئابووریەکەی بێ سیستەم و بێ بەرنامە ببێت، ئەدەبیاتی پەشێو و بی چوارچێوە بێت، زمان و کولتوور و هەست و بیر وباوەڕی لاوازببێت وتووشی نەهامەتی ببێت، ئەو کاتە گەنجان و لاوان یەکەم و نزیکترینن توێژی کۆمەڵگان کە باج کەی دەدەن (عبدالرحیم،٢٠٢٠ ،٥)

گەنجان گەورەترین توێژی کۆمەڵگان کە لەوبارەیەوە ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری، ئەویش بەهۆی تایبەتمەندیی دەروونی گەنجەوە، زۆر بەکەمی رازی ئەبێت کەلتوری کۆمەڵگا زاڵ بێت بەسەریدا.ئەمەش هەنگاو ێکی گرنگە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەرچەندە هەندێك جار یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە نێگەتیڤە، بەڵام ڕەفتارێکی چاوەڕوانکراوە لە گەنج، لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتی ودەروونی وجەستەییەکانەوە، لە قۆناغی گواستنەوەدایە (سعید،٢٠٠٤ ، ١٦).

بەپێ ئامار رەسمیەکان دانیشتوان سەر رووی زەوی نزیکە (٧)ملیارد کەس زیاترن ولەهەر (٥) کەس لە دانیشتوانی سەر رووی زەوی ئەو کەس کەیان گەنجە کە تەمەنی لە نیوان (١٥- ٢٥) سالێدایە کە دەکاتە رێژەی لە (١٨٪) دانیشتوانی جیهان کە زۆربەی گەنجان، کە زۆربەیان لە کیشوری ئاسیادان و کەمترینیان لە کیشووی ئەوروپادان (بیگی، ١٣٨٤ ، ٧٠).

هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش پشت بەحوکمی برگەی (یەکەم) لە ماددەی یاسای ژمارە یەك ساڵی (١٩٩٩) هەموار کراو لە سەر داوی

ئەنجوومەنی وەرزیرانی حکومەتی هەرێم، یاسای ژمارە چواردەی ساڵی (٢٠١٠) یاسای وەزارتی رۆشنبیری و لاوان لە ماددەی یەکەم لە برگەی چوارەم دا، تەمەنی گەنجیەتی بەم شیوازە داناوە (لاوان: ئەو تۆیژەن کە تەمەنیان لە نێوانی (١٤) ساڵ تا(٣٤) ساڵ دایە) (یاسای وەزارتی وەرزش و لاوان.(٢٠١١) .

وەزارتی پلان دانان ، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە راپۆرتیکدا، پێشبینی ئاماری دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی کرد ووە، لە ساڵی (٢٠٠٩) تا (٢٠٢٠) و رێژەی دانیشتوانی بە پێ تەمەن جیا کردووەتەوە کە رێژەیی گەنجان و لاوان بە پی پێناسەکەی حکومەتی هەرێم دەست نیشان دەکەین، کە بریتی لە رێژەی گەنج، کە تەمەنیان لە نیوان (١٤-٣٤)ساڵی دایە، تا ساڵی(٢٠٢٠) بەم رێژەیە دەکاتە(٢,٢٠٢,٨٦٣) کە دەکاتە(٥,٢٨٪) دانشتوانی هەرێمی کوردستان ، کە گەنج لە کۆی ژمارەی پیشبینی کراوی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کە دەکاتە (٦,١٧١,٠٨٣) ملیون کەس دەبێت تا ساڵی (٢٠٢٠)(دەستەی ئاماری هەرێم).

سێیەم: گەنج و ماددە هۆشبەرەکان:

توێژینەوەکان ئاماژە بە زیادبوونی رێژەی جگەرە کێشان وخواردنەوەی مادە کحولیەکان بێهۆشکەرەکان دەکەن لەنێو گەنجاندا.لە بواری هۆکارە پەیوەندیدارەکان لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکاندا، توێژینەوەکانی ئەم دواییە سەرنجیان لەسەر چەندین هۆکار داوە و هەرچەندە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکاندا جەختیان لەسەر دەکرێتەوە، بەڵام بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان هەندێك جار پەیوەندیان بە پرۆسەی بایۆلۆژی و دەروونیشکارەوە هەیە. هەروەها توێژینەوەکانی پەیوەست بە هۆکارە بایۆلۆژی و بۆماوەییەکان وەك هۆکارێك کە کاریگەریان لەسەر ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان هەیە، بە خێرایی فراوان دەبن (Newcomb،١٩٩٥). لە بواری تاک فاکتەرەکاندا، گرنگی بە پەیوەندی نێوان کێشەکانی خۆرێکخستن و کێشە مەعریفیەکان دراوە وەک بێتوانایی لە پلاندانان، کێشە لە سەرنجدان، تێگەیشتن، سەختی، رق لە خۆ، و کۆنترۆڵی جووڵەیی لەگەڵ خراپ بەکارهێنان، خراپ مامەڵە کردنی. هەروەها هەندێك لە توێژەران فاکتەرە خێزانییەکانیان وەك هۆکارێك بۆ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان رِوون کردۆتەوە و دەریانخستووە کە بوونی کێشەی دەروونی وەك خەمۆکی و دڵەراوکێ لە دایکاندا پەیوەندی بە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان لە منداڵاندا هەیە. بەپێی ئەم دۆزینەوانە پسپۆڕانی بواری خۆپاراستن جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە بەرنامەکانی خۆپارێزی گەنجان لە تەمەنێکی کەمتردا بگرێتەوە بۆ دەستێوەردان، چونکە ئەو بەرنامانەی پێش خوێندنی ئامادەیی گەنجان دەکەنە ئامانج دەتوانن زۆر سەرکەوتوو بن لە رێگریکردن لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و بەکارهێنانی لە تەمەنی پێگەیشتوودا. دارِشتن و پەرەپێدانی بەرنامەکان بۆ رِێگریکردن لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە نێو گەنجاندا پێویستی بە تێگەیشتنێکی دروست هەیە لە بڵاوبوونەوە وهۆکارە پەیوەندیدارەکان بەم دیاردەیە (Springer & Herman Sambrano ،٢٠٠٤).

لە هەرێمی کوردستان بیرە و کحول یەکەم ماددەن کە گەنجان دەیخۆنەوە، پاشان جگەرە و کحول بە رِێژەیەکی بەرزدەخورێتەوە، لەگەڵ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرە نایاساییەکانی ترکە بە دەگمەن پێش تاقیکردنەوەی حەشیش رِوودەدات. لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکاندا، رِەفتاری دایك و باوك زۆر گرنگە لە مەیلی خواردنەوەی کحولی زۆر گەنجاندا، لە قۆناغەکانی دواتردا کوالیتی پەیوەندی نێوان دایك و باوك و منداڵ گرنگە، بەجۆرێك گەنجان گرنگن بەشدارە لە فۆرمەکانی مەترسیدارتر لە بەکاربردن. ئەم جۆرە دۆزینەوانە سەبارەت بە کاریگەری نێوان کەسی زنجیرەیەك رِەفتار، بەها و هەڵوێست بەسوودن بۆ باشتر تێگەیشتن لە سروشتی جموجوڵی بەکاربردن. تایبەتمەندی هاوشێوە هەیە سەبارەت بە رۆڵی رِەفتارە تاوانبارەکان. رِەفتارە تاوانبارانە جیاوازەکان زۆر گرنگن لە دەستپێکردنی خواردنەوەی کحولدا، بەڵام رۆڵێکی کەم دەگێڕن لە دەستپێکردنی ماددە نایاساییەکانی تر(Litieri et al،٢٠٠٤،١٩٤)

تیۆرە دەرونی وبایۆلۆژیەکان سەبارەت بە ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکانەوە باس لە هۆکارە تاکەکەسیەکان دەکەن وەك هۆکاری سەرەکی، لە کاتێکدا تیوریەکان تر هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان وەك هۆکاری سەرەکی دەخەنە رِوو، گۆرانکارییە سەرەکییەکان بریتین لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکان یان هۆکارە دەروونییەکان لە قۆناغەکانی دواتردا.

دیاریکردنی قۆناغەکانی کەڵەکەبوون لە رِەفتارەکانی بەکارهێنانی هەر مادەیەکدا کاریگەری میتۆدۆلۆژی و چەمکی گرنگی هەیە بۆ دیاریکردنی هۆکارەکانی پەیوەست بەو بەکارهێنانەو، یان وەك هۆکار یان وەك دەرئەنجام. رِەنگە پەروەردەی تایبەت ملکەچی بنەما و مێژووی کولتووری بێت.

رِێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە

١ میتودی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە جۆرێکی وەسفکەر-رِوونکردنەوەدایە و بە بەکارهێنانی شێوازێکی چۆنایەتی ئەنجام دەدرێت،هەروەها هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم شێوازە بۆ چەند هۆکارێکە: یەکەم: بە پێی زانیاری توێژەر توێژینەوەیەك بەم ناونیشانە یان بە شێوەیەک توێژینەوەیەك کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوە لە (هۆکارە کانی بڵاوبونەوە ماددە هۆشبەرەکان لە نێو گەنجاندا) نەکراوە وهیچ زانیاریەکی دیاریکراوی پاشخانیشی لەو بارەیەوە نییە. دووەم: بەو پێیەی"رەنگدانەوەی توێژەران سەبارەت بە کردار و تێبینییەکانیان لە بوارەکەدا، تێڕوانینەکان، بێزارییەکان، هەستەکان و پێکهاتەکانیان دەبنە داتایەك کە بەشێک لە لێکدانەوەکە پێکدەهێنن" (فێلیک، ١٣٨٨، ١٨)، هەروەها لێکۆڵینەوەکانی ئێستا لە سروشتی خۆیدا (ئالوودەبووان وەك نەخۆشە کۆمەڵایەتییەکان) بە جۆرێکن کە پێویستیان بە پەیوەندی یەکتر هەیە لە نێوان توێژەر و چاوپێکەوتنەکەدا، بۆیە توێژەر هەوڵدەدات شێوازی توێژینەوەی چۆنایەتی بەکاربهێنێت. (او فلیك) لە گرنگی و پێویستیی شێوازی لێکۆڵینەوەی چۆنایەتی و گرنگیدان پێی دەڵێت "لێکۆڵینەوە لە مانا دەروونییەکان و کردار و ئەزموونە رِۆژانەکان بەقەد بیرکردنەوە لە گێڕانەوە و گوتارەکان پێویستە" (فێلیک هەمان سەرچاوە،١٣) . پەیوەندی کۆمەڵایەتی توێژەر لە میتۆدی چۆنایەتیدا، بە پێچەوانەی میتۆدی چەندایەتییەوە، کە بە گۆڕاوێکی تێکدەر دەزانێت، دیارە بە بەشێک لە مەعریفە دادەنرێت. عەقڵیەتی توێژەر و ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان

لەسەر دەکرێت، دەکەنە بەشێک لە پرۆسەی توێژینەوەکە. ئەم میتۆد بریتییە لە کوکردنەوە ، شرۆفە کردن و شیکردنەوەی زانیارییەکان بە مەبەستی تێگەیشتنێکی قۆل و گشتگیر بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو، لە رێگای پشتبەستن بە ئامرازەکانی وەك تێبینی وچاوپێکەوتن و بەڵگەنامەکان (العزاوی ،٢٠١٦، ١٠٠) . بەمەبەستی کوکردنەوەی زانیارییەکان ئامرازی چاوپێکەوتن بەکارهێنراوە بە ئامانجی گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی نموونەکە کراون بۆ شیکردنەوەی وەلامەکانیش پشت بە ئامرازی شیکاری بابەتی بەستراوە بە پێی ئەم ئامرازە وەڵامەکان پۆلینکراون بە پێی ریزبەندیی پرسیارەکان بەش لێکچووەکان دابەشکراونەتە سەر چەند تەوەرێکی دیاریکراوە دواتر شیکردنەوەی بۆ کراوە لە بەر رۆشنایی وەڵامەکان ئەنجامەکان خراونەتەروو

کۆمەڵگا توێژینەوەکە: کۆمەڵگای توێژینەوەکە، هەموو ئەو تاکە، یان دامەزراوە، یان کەسانی پسپور دەگرێتەوە، کەدەکەونە چوارچێوەی بابەتی توێژینەوەکەوە، بەپێی ئامانجی توێژینەوەکەی توێژەر لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات (ترکی،٢٠٠٦، ١١٠). لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە کەسانی پسپۆری وشارەزا کە (کاریان کردوو لە بواری مادەهۆشبەرەکان) کە (١٣)کەسی شارەزا لە بواری ماددە هۆشبەرەکان کە بریتی بوون لە (٣) پزیشکی دەروونی(٦) توێژەی کۆمەلایەتی و(٢) بەرپرسی رێکخراوی مادەهۆشبەرەکان و(١) داواکاری گشتی و(١) بەرپرسی بەرێوبەرایەتی مادەهۆشبەرەکان لە هەریمی کوردستان ئەنجامدراوە .

٢- نموونە توێژینەوەکە:

توێژەر پێویستە بەرلە دیاریکردنی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دەستنیشانی نموونەی توێژینەوەکەی بکات تا بزانێت ئەو ئامانجانەی کە لە توێژینەوەکەیدا هەوڵیان بۆدەدات ئاراستەی چ دەستەیەکی کۆمەڵگایان دەکات و لەسەرچ بنەمایەك وەریان دەگرێت چونکە نائاشکرایی و ئاڵۆزی و کەمی زانیاری توێژەر لەسەر وەرگرتنی نموونەی توێژینەوەکەی لەوانەیە گرفت لەبەردەم ئامانجەکانیدا دروست بکات. لەم توێژینەوەیەدا توێژەر نموونەی توپەڵەی بەفری سەرا ولێژی وەرگرتوە چونکە لە رێگای کەسانی شارەزا لە بواری ماده هۆشبەرەکانەوە بە ئاسانی نادوزرینەوە ئەگەر لە ریگای کەسانی تر و نەبێت.هەر بۆیە ئەو (١٣) کەسە شارەزایانە لە بواری ماده هۆشبەرەکانەوە وەرگیراون لە قۆناغی تاقیکردنەوەدا کە(٩) کەس بوون هەست بە دووبارە بوونەوەی وەڵامەکان دەکرا.هەروەها بویە لە (١٣) کەسە کە زیاتر وەرنەگیرا لە بەر ئەوە بە ئامانج توێژینەوەکەمان بگەین.

٣-ئامرازەکانی کوکردنەوەی زانیاری

آ -چاوپێکەوتن

چاوپێکەوتن یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی توێژینەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە ژینگەی کۆمەڵایەتیو دەوروبەر. توێژەر پشت بە چاوپێکەوتن دەبەستێت بۆ ئاسانکاری لە بەدەستهێنانی زانیاری ورد و بابەتیی لەسەر کۆمەڵگای توێژینەوەکە، چاوپێکەوتن پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە لەنێوان دوو کەسدایە یەکەمیان توێژەر (Interviewer) وئەوی دیکەشیان کەسی لێتوێژراوە (Respondent)توێژەر بەشێوەیەکی زارەکی راستەوخۆ پرسیاری مەبەستدار ئاراستەی کەسە لێکۆڵراوەکە دەکات و چاوەڕوانی وەڵام دانەوەی لێ دەکات، ئەمە لەکاتێکدا زیاتر سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت کە توێژەر کەشێکی دەروونی گونجاو بۆ بەرامبەرەکەی بڕەخسێنێت بەوەی کە لە پاراستنی نهێنی وەڵامەکان دڵنیای بکاتەوە بۆ ئەوەی وەك پێویست وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە(الحسن، ٢٠٠٥،٩٣).جۆری ئەو چاوپێکەوتنەی کەلەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوە بریتی یە لە چاوپێکەوتنی (رێکخراو) مەبەست لە چاوپێکەوتنەش بەشێوەیەکی وورد پرسیارەکان دیاری کراون، توێژەر ئازادی دەداتە لێکۆڵراو بەمەبەستی قسەکردن لەسەربابەتی توێژینەوەکە.

ب- شیکاری وەڵامەکان

بۆخستنەروو ئەو زانیارییانەی بە دەستهاتوون ئامرازی شیکاریی بابەتی بەکارهێنراوە بەوەی کە لە شیکردنەوەی زانیارییە چونایەتییەکان بەکار دەهێنریت بە مەبەستی رێکخستن ودانانی زانیارییەکان لە سەر چەند بابەتێک یان تەوەرێکی دیاریکراودواتر شیکردنەوەی و شروفەکردنیان لە پێناو دوزینەوەی وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە شیکاری بابەتی لە رێگای تیشکخستنە سەر بەشە هاوبەشەکان دەبێت لە نێوان زانیارییەکان دواتر پۆلینکردنیان بۆ تەوەرەی دیاری کراو(العدسانی ٢٠١٧ ، ٢). کە هەر چاوپێکەوتنی نیو کاتژمێر تا کاتژمێرێکی خایاندوە دوای تۆمار کردنی دەنگ و نوسینەوەی زانیارییەکان بە پێی پرسیارەکانی توێژینەوەکە پۆلێنکراون و بە پێی ئەو تیۆریانە کە باسکراوەن شیکردنەوە بو وەڵامەکان کراوە .

خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە و دەرئەنجام و راسپاردەکان و سەرچاوەکانی توێژینەوەکە.

یەکەم : خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

دوای ئەنجامدانی چاوپیکەوتن لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە ئەو زانیارییانەی کە کوکراوانەتەوە بە پێی پرسیارە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی بڵاوبونەوە ماده هۆشبەرەکان لە نێو گەنجاندا، لە ئەنجامەی وەڵامەکاندا دابەش دەبێت بۆ چەند تەوەریەکی سەرەکی کە شیکاریان بۆ دەکرێت، وە بە پێی گرنگی تەوەرەکان رێزبەندی دەکریت

١-هۆکاری خێزانی و کۆمەلایەتیەکان

چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی هەیە کە وا لە مرۆڤ دەکەن کە لە تەمەنی گەنجیدا تووشی خراپ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان ببێت. وەکو تێکچوونی شیرازەی خێزان و سستی و لاوازی و کەمبوونەوەی پەیوەندیەکان لە ناو خێزان و سنووردارببوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ خزم و هاوکاران و دراوسێیەکان، پابەندنەبوون وگۆینەدان بە بنەماکان، دابونەرێتی خێزانی و بەهاکانی، بێ توانایی و نەبوونی هەستی بەرپرسیارییەتی و دروستبوونی بێ بەندوباری و نەمانی پابەندییە ئایینە ئەخلاقییە کۆمەڵایەتییەکان، بەرزبوونەوەی رێژەی جیابوونەوە ژن و مێرد، و دوا کەوتنی کەمبوونەوەی رێژەی هاوسەرگیری لە نێو گەنجاندە و هەڵەوشانەوەی خێزان و بە سەرپەرشت بوونی منداڵان پەروەردە نەکردنیان، ودروست بوونی توندوتیژی خێزان لە رووی ئازاری جەستەیی ودەروونی سێکسی وە (بختی،٢٠،١٣٨٢) .

(هۆکاری کۆمەلایەتی نەبوونی خۆشەویستی لەلایەن دایك و باوکەوە، لەڕادەبەدەر سۆز و رێگریکردن لە پەرەسەندنی سەربەخۆیی تاک، سنووردارکردنی زۆر، جیاکاری لە نێوان منداڵان، زەبر و زەنگی سۆزداری، لەدەستدانی ئەندامانی خێزان، پەیوەندی نەگونجاو لە نێوان دایک

و باوک یان جیابوونەوە، ئالوودەبوونی ئەندامێکی خێزان، هۆکارە کانی بڵاوبونەوە ماددە هۆشبەرەکانە لە نێو گەنجاندا)((ئا .م .توێژەری کۆمەلایەتی)

لاوازی و خراپی پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی خێزان بە تایبەت نێوان باوك ودایك، وە ململانە بەردەوامەکان و هەستی ڕکابەرایەتی نێوانیان بوونی پەیوەندی نەشیاو لە نێوان دایك و باوك و نەبوونی خێزان وەك ژینگە و سەنتەرێکی گونجاو بۆ ژیانی مرۆڤ هەوڵدەدات زۆربەی کاتەکانی لە دەرەوەی خێزاندا بەسەر ببات ولەو ڕیگایەوە پەیوەندی لە گەڵ کەسانی ئالودە بوو دروست دەکات . (تایبر،١٣٨٣، ١٨٣)

(تەڵاق یان جیابوونەوەی یان مردنی دایك یان باوك یان هەردوکیان ئەمە دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزان وا دەکات کە منداڵەکان سەرگەردان بی سەرپەرشت بن و نەبوونی پەروردەکە باش وا دەکات کە منداڵ تووشی ماده هۆشبەرکان بن.) (د، ن ،توێژەری کۆمەلایەتی)

وە ئاماژە بە تیۆری هەڵسوکەوتی خێزانی، خێزان بەرپرسە لە پێکهێنانی کەسێتی گەنج و خێزان چوارچێوە گشتییەکەیە کە کۆی ڕۆڵە جیاوازەکان فەراهەم دەکات، لێرەوە ئەو خێزانەی کە نەتوانێت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ گەنجدا بکات، ئازادییەکانی گەنج سنووردار بکات، وەك منداڵ مامەڵە لەگەڵ گەنجدا بکات، ئەوا گەنج توشی دڵەراوکێ (قلق) ولەدەستدانی متمانە بەخۆی و بە خێزان دەبێت، هەروەها جیاوازیکردنی نێوان منداڵان لە لایەن دایك وباوك نازپێدانی زیاد ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر گەنج دەبێت، لەگەڵ ئەمانەشدا کێشەی هەژاری خێزانەکان ڕۆڵێ هەیە لە پڕنەکردەوەی پێداویستییەکانی گەنجان کە ئەمەش ترس لە داهاتوو دروستدەکات (غباری ،١٩٨٩).

(خێزان ناوەندێکەی پەروەردەیە بۆ منداڵ لەڕووی گواستنەوەی کەلتوورو دابونەریتەکانەوە وکاریگەری خێزان لە ڕووی دەروونیەوە لەسەر منداڵ زۆر بەهێزە چونکە ڕێزو بەهای خۆی لە خێزانەوە وەردەگرێت بەتایبەتی شێوازی ڕەفتارکردن لەگەڵیدا لە ماڵەوە، چونکە بەهاکان لە سەرەتای تەمەنەوە تێکەڵ بە کەسێتی مرۆڤ دەبن) (م .م، توێژەری کومەلایەتی)

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە گروپە هاوتەمەنەکان لەگەڵ ئەوەی منداڵان دەگەنە تەمەنی هەرزکاری و گەنجی، ئیتر کاریگەری خێزان لە سەریان کەم دەبێتەوە و زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێ بوونیان و گروپی هاوتەمەنەکانیان، ئەم گروپە پێك دێت لە منداڵانی تیپی یاریکردن، گروپ هاوریان گەڕك، گروپ برادەران لە ناو خزمان و بنەماڵەدا ئەم گروپانە لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییە و تارادەیەك لە یەکترنزیکن، لەم گروپانەدا تاکەکان بۆچوونی یەکتری قبوڵ دەکەن بۆ ئەوەی یەکتریان خۆشبوێت و کاریگەریشیان دەبێت لە سەر یەکتری بە هەبوونی هاوری خراپ دەبێتە هۆی بریني پەیوەندەی لە گەڵ ئەندامانی خێزان.

٢-هۆکاری تاك کەسی و دەروونیەکان

- هۆگریەتی هەندێك کەس لە کۆبوونەوەی هاوریان یان کۆبوونەوەی خێزانی ئامادەن کە ماده هۆشبەربەکاربێنن و بەکارهێنانی دەبێتە هۆی ورووژاندنیان و بریاری ئەزموونکردنی دەدات و یەکەم ئەزموون کردنی زوربەری کات ئەرینی و ئیتر وردە وردە دەبیتە بەکارهێنەری مادەی هۆشبەر.کاتێك کەسەکە دوای وەرگرتنی ماددە هۆشبەرەکان هەست بە خۆشی و چێژە وەرگرتن دەکات کە لە کاتی ئاسایی دا ئەو جۆرە هەست لای دروست نابێت بۆیە هەوڵ دەدات بە هەر شێوەیەك بێت ڕۆژێکی تر لە ژیانیدا ئەم هەستە لای دروست بێت کە ئەمەیش چەندجاری دووبارە دەکاتەوە تا دەکاتە قۆناغی ئالودەبون(جمالیان، ١٣٧٨))متمانە بە خۆ نەبوون هۆکار کە تاك کان دەچن بە لای ماده هۆشبەرەکان کاتێك کە نفس زاڵ دەبێت بەسەر عەقل دا ئیتر ئەو متمانەو باوەر بوون لە دەست دەدات و گەنج کە پەنا دەبات بە بەکارهێنانی ماده هۆشبەرە) (ز، م ،دوکتوری دەروونی).

بۆسەلماندنی وەڵامی (دوکتوری دەروونی) ئاماژە بە تیۆری زانا (باندورا) ئەدەین کە پێی وایە هەموو تاکێك کۆمەڵێك گریمانە دادەنێ لەبارەی جۆری ئەو ڕەفتارانەی کە لە بارودۆخە جیاجیاکاندا ئەنجامیان دەدات و دەیگەیەنێتە ئامانجەکانی و دەرئەنجامی، وە ئەم گریمانانەش دەکەوێتە سەر دەرئەنجامی ڕەفتارەکانی و تا چ ڕادەیەك پاداشت و سزای دەست دەکەوێت لەسەری و پێی وایە زۆرترین فێرکردن لەلای تاك لەڕێگای تێبینی کردنی ڕەفتاری کەسانی ترەوە دەبێ و دەرئەنجامی ڕەفتارەکانیان بە تایبەت کە مرۆڤ هەمیشە کاریگەرە بە بیروبۆچوونو ئاراستەکان و فەرمانو هەڵسەنگاندنی کەسانی ترە(Peter، Farrow، ١٩٩٠).

(فشاری زۆری دەمارەکان ، نەبوونی ئاگاداری مرۆڤ لە مەترسییەکانی ماددە هۆشبەرەکان تێکچوونی کەسایەتی وەك گۆشەگیری و نەبوونی متمانە بەخۆبوون، کارەکتەری لەرزۆك و کەم گەشەسەندوو، ئارەزووی ئەزموونکردنی ژیان بەبێ کێشە، هاندانە چارەسەرییەکان بۆ کەمکردنەوەی ئازار بەبێ ڕەچەتەی پزیشك، فێربوون و لاساییکردنەوە) (ج،ع، د.دروونی)

بەبۆچونی لیتوێژراوی دەرونی (ج،ع، د.دروونی) ئەو جۆرە کارو چالاکییەی کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەئارەزووی بۆ ماده هۆشبەرەکان، بەمەبەستی هێورکردنەوەی ماندووبوونی جەستەیی و دەروونی کە بە هۆی زۆری کارە وە تووشی دەبێت بە نموونە لیخۆرین ئوتومبیل ، کار کردن لە کان بەردەکاندا.

٣-هۆکاری سیاسی

بە بۆچونی بەرپرسی ڕیکخراو (ئەوی ئەمرو ڕودەدات هەست دەکرێت وڵاتانی ناوچەکە وەکو ئیران و تورکیا ومادانە دەهێنن ناو کوردستانەوە تا لەو ڕێگایەوە هێزی کوردستان کە لە گەنجان سەرچاوە دەگرێ لاواز بکات و بتوانی بە بێ گرفت سیاسەتەکانی لەم بەشەی کوردستاندا، تووشبووان بە ماددە هۆشبەرەکان کەسانی ترسنۆك، بێ غیرەت، بی ئیرادە و لاواز باردێن کە بۆ بەدەست هێنانی ماددە هۆشبەرەکان ئامادەن هەموو چەشنە کارێك لە خۆفرۆشییەوە تادزی و.... بکەن)(ئ،م، بەرپرسی ڕیکخراو)

بازرگانی ماده هۆشبەرەکان هەمیشە پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، وە وولاتە بەهێزەکانی ئەمرۆی جیهان بۆیان دەرکەوتوە کە بۆ بە دیهێنانی بەرژەوەندییە مرۆیی و ئابووری و کولتوریەکان دەست بەسەرداگرتنی سەرچاوەی سروشتی و ژێر زەویی و زاڵبوون بە سەر وڵاتانی وابەستەدا، بڵاوکردنەوەی ماده هۆشبەرەکان و تووشکردنی چالاکترین چینی کۆمەڵگا کە گەنجان و لاوانن بەو مادانەوا، یەکیك لە دیارترین ئەو ناوچانەی کە کاریگەری لە سەر فاکتەری سیاسی هەیە لە سەر بڵاوبوونەوەی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوەیە ناکۆکی ناوچەیی ڕەگەزی وئاژاوەی ناوخۆییە کە بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی داگیرکاری لە بەرزکردنەوەی ماده هۆشبەرەکاندایە.

هەروەها (کارل مارکس) لە تیۆری کۆمەڵگەدا جەخت لە سەر ئەم بابەتە دەکاتەوە دەلیت: کاتێك هەندێ لە تاکەکان خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن، دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە، ئەوان ئەو دەسەڵاتەیان بۆ پاراستنی پێگەکانی خۆیان و زیادکردنی سامانەکەیان بەکاردەهێنن، لەبەر ئەوە هەرکە نایەکسانیی ئابووری سەرهەڵدەدات، مەیلێکی بەهێز بۆ دەوڵەمەندەکان لە ئارادا دەبێت کە دەوڵەمەندتر بن و تێکرای بونیادی کۆمەڵایەتی و هەروەها پێگەکانیان لەو بونیادەدا جۆرێکی کاریگەر بپارێزن (شارۆن، ٢٠٠٩، ٦٣).
(لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئالودەبوون لە کۆمەڵگادا داگیرکەران بازارێکیان بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان لە ناو ئەم کۆمەڵگایەدا دامەزراندووە و ئەم بازارانە بە هۆی پشتبەستنیان بە دەسەڵاتی داگیرکەری و دەبیتە هۆی ساغ کردنەوە بەرهەمەکانیان) ((ر.و بەرپرسی رێکخراو))

٤-هۆکاری ئابووری

بێکاری وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زەمینەیەکی گۆنجاوە بۆ لادان و تاوان بەتایبەتی ئالودەبوون .بێکاری و هەژاری نەبوونی کارو سەرقاڵ بوونی گەنج بە کارەکەیەوەکەوە و ئەو کات بەتاڵی کە هەیەتی و نازانیت چوون بەسەری بەرێت و خۆی لە گازینۆ چایخانە و شوینانە دەبێنیتەوە کە ماددەی هۆشبەر تێدایە ، چونکە زۆربەی کاتەکانیان لە چایخانەو نیرگەلە خانە کان بەسەر دەبەن و ئەمەش باشترین و گۆنجاوترین شوێنە بۆ فروشتن بەکارهێنانی مادە هۆشبەرکان.
بە بۆچونی لێتوێژراو (بیکاری و هەژار یەکیکی تر لە دەردە کۆشندەکانە لە کوردستاندا دەگۆزرێت بە هەزارن دەرچووی زانکومان هەیە هیچ کاریکیان نیە ئەم وای کردوو زۆربەی گەنجەکانمان روو بەکەنە کافتریاو گازینوکان تووشی مادە هۆشبەرەکان بن)((س.م.بەرپرسی رێکخراو))
جیاوازی چینایەتی لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەبێت دەبێتە هۆی ئەوەی زۆربەی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە بە هۆی جیاوازی چینایەتی لە بواری ئابوریەوە وا دەکات کە گەنجان ئارەزویان زیاتر بیت بو بەدەست هینان و ئالوگوریێ کردن بە مادە هۆشبەرەکانەوە بە مەبەستی بازرگانی و بەکارهێنانیان، بە پێ توێژینەوەکان کۆمەڵگای ئەمریکی زۆرترین رێژەی ئالودەبوونی هەیە بە هۆی بوونی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتییەوە لەو کۆمەڵگایەدا، چینایەتی ئەو کۆمەڵگایە دوژمنایەتی کۆمەڵایەتیش زیاد دەکات و رەنگە مادە هۆشبەر چارەسەرێکی گونجاو بێت بۆ خەڵکی لەم بوارەدا.ئەو کاتەی داهاتەکان بە شێوەیەکی نایەکسان دابەش دەکرێن، هەژاران تا دێت هەژارترو دەوڵەمەندانیش دەوڵەمەنتر دەبن و جیاوازییە چینایەتییەکان زیاتر دەبێن و کەسانێك کە ناتوانن دژی ئەم نادادپەروەریان بوەستنەوە، هەست بە بێبەشبوون دەکەن .و ئیتر زەمینە خۆش دەبێت کە زیاتر رِوو لە ماددە هۆشبەرەکان بکەن (اورنگ، ١٣٩١، ١٢).
(هۆکاریکی تر ئەوەیە کە بەرهەم هێنەران هەوڵ دەدن دەست بکەن بە دابەشکردنی مادە هۆشبەرکان لە لای ئەو کەسانەوە کە لە رووی ماددەیەو زور هەژارن و هیچ ئەزموونێکی بازاری کاریان نیە و سەرەتا ئەو کەسانە فیر دەکەن کە ئالودە بوون و دواتر لە رێگای ئەوانەوە دەست دەکەن بە دابەش کردنی مادە هۆشبەرەکان کە پێویستی بە شارەزایی زۆر نیە و داهاتێکی باشیشی دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە هەژارن.) ((ت، ن، توێژەری کۆمەلایەتی))

٥- لاوازی جێ بەجێ کردنی یاساکان

نەبوونی یاسای جدی قەدەغەکردنی بە رهەمهێنان و کرێن وفروشتن و گواستنەوە و بەکارهێنان دەبێتە هۆی زۆری و هەرزانی مادە هۆشبەرەکان، لاوازی و کەمتەرخەمیی لایەنی پەیوەندیدارەکان لە جێبەجێکردنی یاساکان، بۆیە ئەو وڵاتانەی کە یاسای توندیان هەیە بۆ بەرەنگار بوونەوەی مادە هۆشبەرەکان، هاوڵاتیان کەمتر تووشی دەبن و ئاماری تووشبوانیان زۆر کەمتر ، چونکە یاسا یەکێك لە ئامرازی هەرە گرنگی کۆنترۆڵی ئەندامانی کۆمەڵگایە.
(لە پیش ساڵی ٢٠٠٣ لە هەریمی کوردستان دیاردە ئاڵودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان زۆر کەم بوو ئەویش بە هۆی ئەوە هەرکەسێک ماد هۆشبەر بەکاربەهینایە ئەو لە سیدار دەدرا بەڵام ئیستا یاساکە بەرکار بەڵام جێ بە جی ناکریت و لە ساڵی ٢٠٢٠ هەریمی کوردستان یاسای مادە هۆشبەرکان دەرکردوە بەڵام بە لاوازی چوت بوای جێ بە جێ کردنەوە).((ب ،ع ، داوکاری گشتی))
یەکیك لە هۆکارەکانی خۆوگرتن بە مادە هۆشبەرەکان بەردەستبوونی و هەرزانی مادە هۆشبەرەکانە لە و شوینەدا کە تێدا دەژیت واتە شوینی بەرهەمهێنان و ئاسان دەست کەوتن لاوازی پشکنین و کۆنترۆڵکردن و کۆنترۆڵ نەکردنی سنووری وشکانی وئاوی.و بوونی سنوری جوگرافیایی لەگەڵ وڵاتانی بەرهەم هێنەری مادە هۆشبەرکاندا، ئەمەش هۆکاریکی یاریدەدەرە بو ئالودەبوونی گەنجان. هەروەها کۆچکردن لە وڵاتێکەوە بۆ وەڵاتیکی تر یان کۆچکردنی ناوخۆی لە گۆندەوە بۆ شارە گەورەکان هۆکاریکی ترە کە گەنجان ئالودەی مادە هۆشبەرەکان بن ئەویش بە هۆی ئەو جیاوازی کولتور ئایینی و نەتەوەییەوە کە لە نیوان تاکە کانی نیو کۆمەڵگا دروست دەبێت و ئەو جیاوازیەش وا دەکات کە گەنجان ناچاردەبن وردە وردە رووبکەنە کارە نایاسایی وخراپەکارییەکان وەك قاچاغی بە مادە هۆشبەرەکانەوە بکەن.

دووەم : دەرئەنجامەکەنی توێژینەوەکە :

بەپێی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لەم توێژینەوەیەدا ئەنجام دراون، لە کۆی هەر(١٣) چاوپێکەوتنەکەدا هەموویان جەختیان لە سەر ئەم هۆکارانە کردووتەوە کە دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە نێو گەنجاندا وەکو:(هۆکاری کۆمەلایەتی و خێزانی ، سیاسی و ئابوری ، تاک کەسی و دەروونی، لاوازی جێ بەجێ کردنی یاسا ،....هتد) کە وایە کردوو مادە هۆشبەرەکان رۆژ بە رۆژ روو لە زیادبوون بکەن و بە پێی دواین ئاماری بەریوبەریەتی مادە هۆشبەرەکان کە بەراورد بە ساڵانی رابردوو ئەم رێژەیە رووی لە زیاد بوون بوون کردوە، وهۆکارکانیش کە باس کراون هۆکاری کۆمە کەلایەتی و خێزانی بە پلەی یەکەم دێت و رێژەی تاوان و دزی وبە کارهێنانی توندوتیژی وکوشتن و تێکچوونی شیرازەی خێزان و زیاد بوونی رێژەی جیابوونەوە و سەرلێشێوان و ئیهمال کردنی منداڵ ، وە هەرەشەیە بۆ دەستریژی سیکسی بۆ سەر کەسانی دەوروبەر و نەمانی توانای کارکردن و دابران لە خوێندن و تیکچوونی باری ئابووری و بە هەدەردانی داهاتی خێزان، وە دووەم هۆکاریش سیاسی و ئابوریە بە هۆی کرانەوەی سنورەکانی هەرێمی کوردستان بە رووی وڵاتانی دراوسێیدا، وەك ئێران وتورکیا و سوریا کە وڵاتی ئیرانش

یەکیکە لە وولاتانی (مانگی ئالتونی) کە بە ڕێژەیەکی بەر چاو ماددەی هۆشبەری تێدایە و هەرێمی کوردستانیش سنورێکی دورو درێژی لە گەل وولاتی ئیراندا هەیە و ئەمیش کەم تا زۆر کاریگەری لە سەر گەنجان هەبووە لە رووی سیاسی و بیکار بوونی گەنجان و دانەمەزاندنیان و هۆکاری دەروونی و تاک کەسی گەنجان و حەز و خولاییان بو تاقیکردنەوە ئەو مادانە ونەبوونی هۆشیاری لە سەرکاریگەریە خراپەکانی مادە هۆشبەرەکان و لاوازی یاسای جێبەجێی کردن ئەمانە هۆکاری بلاو بونەوەی مادە هۆشبەرکان لە ناو گەنجاندا.

سێیەم : ڕاسپاردە

١-بو وەزارەتی تەندروستی دامەزراندنی کلینیکی ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و تەرخانکردنی پارە و کارمەندی ڕاهێنراو بۆ یارمەتیدانی ئالوودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان.

٢- بو وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی رەخساندنی زۆرترین هەلی کار بۆ گەنجان

٣-بو وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان بلاوکردنەوەی زانیاری میدیایی گشتگیرو هۆشیاریکردنەوەی گەنجان و هەرزەکاران سەبارەت بە ماددە هۆشبەرەکان بە جۆرێك کە بەرنامەیەکی نووسراو و تایبەت هەبێت لە پەیوەندی لەگەڵ پەخش کردنی فیلم و زنجیرە دراماکانکان کە تیایدا کارەکتەرە بەناوبانگەکان گیرۆدەی ماددە هۆشبەرەکان یان کحولیەکانن.

٤-وەزارەتی ناوخۆ بەرکار کردنی یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتن و خواردنەوەی ماددە کحولیەکان بۆ ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵەوەیە.

سەرچاوەکان :

١ سەرچاوە کوردی

١-بەدری ، مەهدی، ٢٠٠٧ ، ماددەهۆشبەرەکان وبلاو بوونەوەی لە ئێران و رۆژهەلاتی کوردستاندا ,دەزگای توێژینەوەو بلاو کردنەوەی موکریانی ,هەولێر

٢-سعید، شاهۆ ,٢٠٠٤ ، کۆمەڵگای گەنج، کۆمەڵگای پیر: دەربارەی سۆسیۆلۆجیای تەمەن و دەرکەوتەکانی لە کۆمەڵگای کوردی دا, گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (١٦-١٧، چاپخانەی ڕەنج

٣-سیوەلی،لوقمان، ٢٠١١، سێبەر تلیاك ، چاپخانەی بینایی ، سلیمانی،

٤-عبدالرحیم، ئارام ، ٢٠٢٠ز، گەنج لە کۆمەڵگای کوردیدا، چاپخانەی نما، تاران.

٥-خاڵ، شێخ محمدی ،١٣٦٧ ، فەرهەنگی خاڵ ،بەرگی یەکەم ،چاپ فردوسی ،کتابفروشی محمدی سقز

٦-محەمەد، فائیز ئیبراهیم ,٢٠٠٧ ، خووپێوەگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان ، هەولێر ،چاپخانەی خانی،

دووەم/ سەرچاوە عەرەبیەکان

١-أبو جادو، صالح محمد علي ،١٩٩٨،سیکولوجیة التنشئة الاجتماعیة،الطبعة الاولی، دار المسیرة للنشر و التوزیع و الطباعة،عمان

٢-الحسن، احسان محمد ,١٩٩١ ، الاسس العلمیه المناهج البحث الاجتماعی ،الدار العربیه للموسوعات ، بیروت.

٣-المهندی، خالد حمد,٢٠١٣ ، المخدرات النفسیه وجتماعیه واقتصادیه فی دول مجلس التعاون لدول الخلیج العربیه. مرکز المعلومات الجنائیه لمکافحه المخد ارت لمجلس التعاون لدول الخلیج العربیه، الدوحه –قطر

٤-العزاوی ، سالم جاسم محمد، ٢٠١٧ ، البحث الکیفی فی العلاقات العامه ، دراسه تحلیلیه، بغداد ، جامعه البغداد

٥-العدسانی ،هبه، ٢٠١٧ ، تحلیل بیانات البحث ا لنوعی : کبف احلل بینایات ، دراسه تحلیلیه، بغداد ، جامعه البغداد

٦-الدمرداش، عادل ،١٩٨٢ ، الادمان مظاهره و علاجه ,الکویت ,المجلس الوطنی للثقافة و الفنون و الاداب

٧-ترکی، ابراهیم محمد , ٢٠٠٦، دراسات فی مناهج البحث العلمی ,دار الوفاو,اسکندریه,مصر,

٨-جوده ، ظاهر کلالده و محفوظ ,١٩٩٧ ، أسالیب البحث العلمی فی میدان العلوم الاداریه ، دار زهرا ، عمان

٩-صعب، حممد مزعی، ٢٠١٥ ،جرائم المخدرات، بریوت، منشورات زین االحقوقیه.فهمی.

١٠-شارلووت سیمۆر-شمیث ,٢٠٠٥ ، موسوعه علم الانسان (المفاهیم والمصطلحات الانثروپولوجیه): ترجمه والاحرون، مرکزالقومی للترجمه، القاهره.

١١-محمد سید ,٢٠٠٧ ، العولمه والشباب من منظور اجتماعی, دار الوفاو لدنیا الطباعه والنشر.

١٢-نیازی ، محمد ، عبدالمجید بن طاش ,٢٠٠٠ ،مصطلحات و مفاهیم انجلیزیه فی الخدمه الاجتماعیه ،مکتبه العبیکان ،الریاض

سەرچاوە فارسیەکان

١-ابادینسکی، هووارد ,١٣٨٢ ،جامعه شناسی مواد مخدر، مترجم محمد علی زکریایی. تهران: نشر دبیرخانه ستاد مبارزه با مواد مخدر

٢-احمدی، حبیب , ١٣٧٧ ،.نظریه‌های انحرافات اجتماعی، شیراز: انتشارات راز:

٣-احمدی ، د. سید احمد ,١٣٨٣ ، روانشناسی نوجوانان و جوانان، چ ١١، اصفهان، انتشارات مشعل

٤-بیگی، جمال ,١٣٨٤ ، «بهره برداری از اطفال در جرایم مواد مخده ر» ماهنامه دادرسی، سال نهم، شماره ٥٢، مهر و ابان

٥- بهرامی ، هادی ,٢٠٠٤ ، اعتیادو فرایند پیشگیری، چ١،تهران ، انتشارات سمت

٦-حسینیان،ارش , ١٣٩١ ،ماری جوانا –کندوکاری دریافته های علمی ، ویرایش دوم، نشر اینترنتی پاد

٧-خالد کریمی و همکاران،١٣٩٩ ، تجربه زیسته‌ی سوو مصرف مواد مخدر درمیان جوانان، فصلنامه علمی فرهنگ و هنر، ص ٣٣-٥٨، تابستان

٨-فلیک، اووه،١٣٨٨ ، درامدی بر تحقیق کیفی، ترجمه‌هادی جلیلی، چاپ دووم، تهران: نشرانی
٩-شفرز،برنهارد، ١٣٩٠ ، مبانی جامعه‌شناسی جوانان، ترجمه کرامت الله راسخ، نشرنی،چاپ هفتم ، تهران.
١٠-دانش، تاج زمان ، ١٣٨٤، مجرم کیست؟ جرم شناسی چیست؟ ض١٠، تهران ، انتشارات کیهان،
١١- ربانی، رسول ،١٣٨٣، جامعه شناسی جوانان،انتشارات اوای نور، چاپ دوم، تهران

١٢-کلمن،ورنان،١٣٨٢ش ،اعتیادچیست؟معتاد کیست،ترجمه :علیرضا میرفخرایی ،چاپ چوارەم، انتشارات واحدی.
١٣-لیتری، دن جی.سیرزر، مولیه.پیرسون،هلن والشتاین، ١٣٨٤ ،نظریه‌های سوو مصرف مواد مخدر. ترجمه محمد رضایی. تهران: انتشارات جامعه و فرهنگ.
١٤-مبارکی ،محمد ،١٣٨٨ ،بررسی رابطه بین سرمایه اجتماعی وجرمه ،پایان نامه‌ی کارشناسی ارشد شهید بهشتی دانشگاه تهران.
١٥-محسنی، رضا،١٣٦٨ ، اعتیاد جوانان، فرایندها و راهکارهای پیشگیری، نشریه‌ی فرهیختگان، شماره ی ٤٧.
١٦-محمدی، دکتر عباس، ١٣٨٥ ، بزهکاری نوجوانان و نظریه‌های انحراف اجتماعی،نشر علم،تهران.

سێیەم:نامەی ماستەر و دوکتورا

١-کریم ،لقمان صالح، ٢٠٠٩ ، هۆکارو جێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی خراپ بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای سلێمانی ئەنجام دراوە بە مەبەستی بە دەست هینانی پلەی ماستەرنامە زانکۆی سلیمانی ،بلاو نەکراوەتەوە
٢-الرکابی، المیاو یاسین،٢٠١١، اسباب تعاطی المواد المخدرة لدی طلبة المرحلة الاعدادیة دراسة مەیدانیة ، الجامعة المستنصریة ،کلیة التربیة ، مجلة العلوم النفسیة، العد ١٩، البغداد
٣-الهویش، یوسف بن محمد، ٢٠١٧، اسباب انتشارات ظاهرة تعاطی المخدرات بین الشباب و اثارها، المجلة العربیة للدراسات الامنیة، المجله٣٣، العدد٧٠، الریاض
٤- صالح، محمد، ١٣٩٠، بررسی علل گرایش جوانان به مصرف مواد مخدر در شهرستان بهشهر، فصلنامه روانشناسی تربیتی ، دانشگاه ازاده اسلامی واحد تنکابن ، سال دوم ، شماره چهارم ، زمستان ، تهران

چوارەم / سایت الکترونی

١-یاسای پەرلەمانی کوردستان، روژنامەی (وقائعی)، یاسای وەزارتی وەرزش ولاوان www.kurdistan-parliament.org// سالی ٢٠١١-٢٠٢٠\١٩\١٥
٢- یاسای پەرلەمانی کوردستان، روژنامەی (وقائعی)، یاسای بەرنگار بوونەوەی ماددە هۆشبەر وکارتێکارە عەقڵییەکان ،www.kurdistan-parliament.org// سالی ٢٠٢٠- ٢٠٢١\٦\١١

پێنجەم/ سەرچاوە ئینگلیزیەکان

1-Brissing, Peter, Farrow. JA , 1990, a new look at gender difference in drinking and driving in flunkies experiences and attitudes among new among new adolescent.
2- Dan J. Lettieri, Ph.D. Mollie Sayers Helen Wallenstein Pearson, 1980,THEORIES ON DRUG Abu, seselected Contemporary Perspectives NIDA Research Monograph
3- Parsons Talcott,1175, “certam primary sources and patterns of aggression in the social structure of thewestern world”in essages in sociological theoty. Revised edition.
4- Report of the International Narcotics Control Board for 2021 UNITED NATIONS "INCB" New Yor

گەشەکردنی وتار لەسەردەمی ئومەویدا ٤١-١٣٢ك

یاسین حسین محمد[١]،صالح أمین عزیز[٢]
[٢،١]بەشی مێژوو ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان ،زانکۆی هەڵەبجە،شاری هەڵەبجە،هەرێمی کوردستان،عێراق
Corresponding author's e-mail: yaseen.hmhima2019@uoh.edu.iq

پوختە

لەم توێژینەوەیە دا باس لە گەشەکردنی وتار لەسەردەمی ئومەوی یەکان دا کر اوە، وتار ڕۆڵیکی گرنگی هەبووە لە ئاراستەکردنی ڕوداوە مێژوویی یەکان دا، کاریگەری یەکی گەورە هەبووە لەسەر هەست و سۆزی جەماوەر، ئەم توێژینەوەمان لە دوو تەوەرە پێکهاتووە: لە تەوەرەی یەکەم دا ئاماژەمان بە چەمکی وتار کردووە لە ڕووەکانی زاراوەو زمانەوانی یەوە ، داواتر باسمان لە چەند پێناسەیەکی جیاوازی وتار و مێژووی سەرهەڵدانی کردووە، تێیدا ئاماژەمان بە ڕۆڵی یۆنانی یەکان کردووە لە دانانی ڕێساو یاساکانی وتار و وتارێژی دا ، هۆکاری گەشەی وتار لای یۆنانی یەکان و گەشەنەکردنی لای ڕۆمانەکانمان ڕونکردوەتەوە، جۆرەکانی وتارمان دیاریکردووە، دواتر ئاماژەمان بە بایەخدانی عەرەب بەوتار کردووە لە سەردەمی نەفامیدا ، نەبونی دەوڵەتێکی یەکگرتوو بونی ژمارەیەکی زۆر لەخێڵ چی ڕۆڵێکیان هەبووە لە بەرەو پیشبردنی وتاردا ؟ بەهاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام وتار چووە قۆناغێکی نوێوە، چونکە ئەم ئاینە گرنگی زۆری بە وتار داوە،پەیامبەر (ﷺ) و خەلیفەکانی ڕاشیدین سودیان لێبینیوە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی ئاینەکەو ڕونکردنەوەی سیاسەتی دەوڵەتەکەیان. لەتەوەرەی دووەم دا ، ئاماژەیەکمان بە ماوەو سنوری جوگرافی دەولەتی ئومەوی کردووە، هەروەها ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری یەی دەوڵەتەکەی تێکەوتووە ،بووەتە هۆی گەشەسەندنی ژیانی فکری و زانستی ، کۆمەڵێك گروپ دەرکەوتن ، ڕۆڵی سەرەکی یان هەبوو لە بەرەو پیشچوونی وتار لەم سەردەمەدا، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی گرنگترین پێکهاتەو ڕەگەزە سەرەکی یەکانی وتارو گەشەسەندنی لەسەردەمی ئومەوی دا.

ووشە کلیلییەکان: ئومەوی، وتار، گەشەکردن.

الملخص

لقد تناول هذه الدراسة التطور الخطابة في عهد الامويين ، كانت للخطابة دورا مهما في توجيه الأحداث التا ريخية، وله تأثير كبير على احساس ونفسية المجتمع، و يتكون هذه الدراسة من المبحثين ، ففي المبحث الأول تحدثنا عن مصدر الكلمة من الناحية الإصطلاحية واللغو ية ، بعد ذلك تحدثنا عن بعض التعا ريف المختلفة للكلمة وتاريـخ ظهوره وفيها تحدثنا عن دور اليونانيين ونمائه، اوضحناه وحددنا نوعية الخطابة و بعد ذلك تحدثنا عن اهتمام العرب بالخطابة في العهد الجاهلي وعدم وجود دولة موحدة ووجود عدد كبير من القبائل واهتمامهم في تقدم الخطابة، وبظهور الدين الإسلامي الحنيف انحى الخطابة منحى جديدا لان هذا الدين اهتم اهتماما كبيرا بالخطابة، كان الرسول...صلى الله عليه وسلم... وخلفائه الراشدين استفادوا منه لإيصال دينيهم وشرح سياسة دولتهم، امافي المبحث الثاني،، تحدثنا عن العهد للدولة الأموية وحدوده الجغرافية مع هذا المناخ السياسي والاجتماعي والاقتصاد ي التي دخلت فيها الدولة الجديدة أصبح وجوده سببا في تطور للحياة الفكرية والعلمية ، ظهرت المجموعة من الفرق والمذاهب لهم دورهم الأساسي في تقدم الخطابة في هذا العهد ،يعد هذا المبحث محاولة لظهور مكوناته وعناصره الرئيسية للخطابة ونمائه في الفترة الأموية ِ

الكلمات المفتاحية: الاموية ، الخطابة، التطور

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
DOI Link	http://doi.org/10.32410/huj-10453
ڕێکەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/٧ | ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٢٤ | ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	yaseen.hmhima2019@uoh.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	©٢٠٢٣ یاسین حسین محمد، پ.ی.د.صالح أمین عزیز، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

Abstract

In this research we´ve mentioned about the development of discourse during the Umayyad s period. The discourse had an important role in directing the historical events and had a great effect on the people emotion .This our research consists of two parts :In first part we have mentioned the concept of discourse linguistically and idiomatically, afterwards we´ve talked about some different definitions of discourse and the history of it´s appearance, we have refered the Greek´s role in putting the priciple and rules of discourse and discourser in it. We have explaned the reason of the development of discourse by Greeks and undeveloped by Romans .We´ve determined the sorts of discourse and then we have mentioned Arabian care attention to discourse during the ignorance period. Non-existend a united government and having lots of tribes what role have they had to improve the discourse?

With coming of holy Islamic religion the discourse entered a new stage, because this religion has given alot of importance to discourse, .Prophet(peace be upon him)and the caliphs of Rashideen had benefited from discourse to deliver the religion messages and explaning the policy of their country. In second part we have indicated the staying and geographical borders of the Umayyad government and then that political ,social and economic circumstance that the government has involved, it´s caused the development of intellectual and scientific life ,groups appeared , they had the main role in development of discourse from this period, this research is an attempt to indicate the most important component and the main elements of discourse ,it´s development during the Umayyad period.

Keywords: Umayyad, Discourse, development

پێشەکی

وتار یەکیکە لەو هونەرە ئەدەبی یانەی کەمرۆڤ هەرلە سەرتاکانی مێژووەوە پێی ئاشنابووە، ئامانجیشی دروست کردنی کاریگەری یە لەسەر بەرانبەرو ڕازیکردنیەتی، پیغەمبەرانیش (درودی خوایان لەسەر بیت) لەرێی وتارەوە توانیو یانە بانگەواز بۆ ئەو پەیامە بکەن کە پێ یان سپێرراوە. وتار لەسەردەمی ئومەویدا لەگرنگترین هونەرەکانی ئەوسەردەمەبووە، گەشتە لوتکەی گەشانەوە بەبەراورد بەسەردەمەکانی پیش خۆی، بۆیە دەکرێت وتاری عەرەبی لەم سەردەمەدا وەك نمونەیەکی تەواوی وتار تەماشا بکرێت. بەهۆی شەهید کردنی ئیمامی عوسمانەوە(خوای لی ڕازی بێت)(٢٣ك-٣٥ك) ،بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم سەردەمەدا تیك چوو، ئاژاوەو ململانێ و ناکۆکی کەوتە نیوان مسوڵمانانەوە ، سەرەتا لەنێوان عەلی٣٥ك-٤٠ و موعاویەدا ٤١ك-٦٠ك(خوا لێ یان ڕازی بێت)،پاشان گروپ و کۆمەڵەکانی تر بەدەرکەوتن، خەواریجەکان سەریان هەڵدا عەلی و موعاویەیان بەکافردانا، دەمارگیری خیڵایەتی دوو بارە سەری هەڵدایەوە، دواتر بزوتنەوەی زوبێری دروست بوو داوای پۆستی خیلافەی دەکرد، لەنێوان ئەم ململانی یەدا وتار چەکی دەستی هەموو یان بوو ، وتاربێژان تاقم و گروپەکانیان ئاراستە دەکرد. لەژێر ڕۆشنایی ئەم هەل و مەرج و ناکۆکی یە سیاسی یانەدا ، وتار ڕێچکەی خۆی گرت و بەردەوام بوو لەگەشە سەندن تا ئەوەی بوو بە گرنگترین بەشی هونەر لەسەردەمی ئومەویدا.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە ئومەوی یەکان لە بواری وتاربێژی دا هەیان بوو. ئامانجمان دیاریکردنی جۆرەکانی وتارو ڕونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی ڕەوتی هونەری یە لە نێو گروپە جیاوازەکانی سەردەمی ئومەویدا. کێشەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە:پەرەسەندنی وتار لە سەردەمی ئومەویدا چەندە بە بەراورد بە سەردەمی پێش ئیسلام و سەرەتای ئیسلام؟کاریگەری سەرهەڵدانی گروپ و کۆمەڵە سیاسی یە جۆراوجۆرەکان لە سەردەمی ئومەوییەکاندا چییەلەسەر پەرەسەندنی وتار؟ دیارترین تایبەتمەندییەکانی وتاری ئومەوی چین؟و گرنگترین پێکهێنەرەکانی چین؟

گرنگی توێژینەوەکە،ئاماژەدان بە گرنگیدانی ئومەوی بە ئەدەبی عەرەبی بەگشتی و وتار بەتایبەتی، گرنگی دان بەبەها باڵاکان، ئەمەشیان لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەرگرتووە. تیشك خستنەسەر گرنگی وتار بەشێوەیەکی گشتی و وتاری سیاسی بەتایبەتی و ڕۆڵی لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگادا. لەم توێژینەوەدا پشتمان بە ڕێبازی توێژینەوەیەکی مێژوویی شیکاری بەستوە.ئەم توێژینەوەمان لە دوو تەوەرە پێکهاتووە،لەتەوەرەی یەکەم دا: باس لە چەمکی وتار لەڕوی زمانەوانی و زاراوەوکورتەیەك لەمێژوو و سەرهەڵدانی وتار و جۆرەکانی دەکەین،لەتەوەرەی دووەم دا باس لە گەشەسەندن و هۆکارەکانی گەشەسەندنی وتار دەکەین لە سەردەمی ئومەویدا،لە کۆتایش ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە سودمان لە چەندین (سەرچاوەی سەرەکی و سەرچاوەی لاوەکی و نامەی زانستی) وەرگرتووە .

گەشەسەندنی وتار لەسەردەمی ئومەوی یەکان دا

تەوەرەی یەکەم :چەمکی وتار

وتار شێوازێکی ڕونکردنەوەیە. پێویستە بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە ژینگە و ژیانی گشتی یەوە هەیە. وتارلەڕوی زمانەوانی یەوە بەرامبەر بە پەیڤی (الخطابة) ی عەرەبی یەو لە پیتەکانی (خ ط ب) وەرگیراوەو لەفەرهەنگی عەرەبیدا بەچەند مانایەك دێت ابن منظور دەڵێ : بەمانی ئیش یان کردار دێت (ما خطبك؟ما امرك؟)(ابن منظور،١٤١٤ك،ص٣٦) . الزمخشري دەڵێت:ڕوبەڕو گفتوگۆکردنە بە باشترین شێواز(الزمخشری ،١٩٩٨،ص٢٥٥). لە (المعجم الوسيط)دا بەم شێوەیە باسکراوە وتارێژی:ڕەوانبێژی یە کە کەسی قسەکەر لەگەڵ خەڵکیدا دەدوێت بۆ باوەڕپێکردنیان(انیس ،٢٠٠٤،ص٢٤٣).

وتاربێژی(الخطابة): بەشیوەیەکی گشتی لای عەرەبە کۆنەکان بەمەبەستی قسەکردن و ووت و وێژو گفتوگۆی نێوان دووکەس یان زیاتر هاتووە(عكاشة،٢٠٠٥،ص١٣٤). ئەمەش زیاتر بەمەبەستی تێگەیاندنی کەسی بەرامبەر بووە(بوقرة،٢٠٠٩،ص١٣). ئەم زاراوەیەش لە چەند شوینێکی قورئانی پیرۆزدا بەهەمان مانا هاتووە لەوانە: (وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا)(الفرقان:٦٣)،(رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا الرَّحْمَنِ لَا يَمْلِكُونَ مِنْهُ خِطَابًا) (النبأ:٣٧). لە زماناسیدا ، وتار بۆ دەقێکی نووسراو یان گوتراو بە کار دێت ، کە پتر لە رستەیەك بێت و شیکاری پەیام یان بابەتێك بێت. لە پشت هەر وتارێکی زانستی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی ، سیاسی یەوە، بارو دۆخێك هەیە کە هەلوومەرجی هاتنە ئارای بۆ دەرەخسێنێت و خۆیشی بەرهەمی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی ومێژوویە.

وتار زانستی ڕونکردنەوەو ڕەوانبێژی یە، یان هونەری باوەڕپێهێنان و سەرسام کردنی خەڵکە ،چی بە قسە بێت یان بە نوسین، پێناسە گەلێك بۆ وتار کراوە ، لە کۆنترینیان پێناسەکەی ئەرستۆیە، کە دەڵێت:(وتار هێزی باوەڕپێهێنانی مرۆڤەکانە لە هەموو ڕوویەکەوە) (طالیس،١٩٨٠،ص٢٩).وتار جۆرێکە لە جۆرەکانی گفتوگۆو ووت و وێژ،پەیوەندی یەکی توندو تۆڵی بەجەماوەرەوە هەیە ، هونەری بینین و خوێندنەوەی جەمارو باوەڕپێهێنانیەتی. جاحظ دەڵێ:وتاربێژی شتێکە لەهەموو نەتەوەکان دا هەیە،گەورەترین پێویستی سەرجەم نەوەکانە(الجاحظ،١٩٩٨،ص١٢).وتارهونەری ڕازاندنەوەو ڕەوانبێژی یە،یان توانای کۆنترۆڵکردنی بیرو باوەڕی جەمارەو ئاراستەکردنیانە بەو ئاراستەیەی کە وتاربێژ مەبەستی یەتی.پشت دەبەستێت بە هێزی بڕوا پێهێنان و جوانی پێشکەش کردن و کار لەسەر هەست و سۆزو عەقڵ و ئیرادەی بیسەر دەکات و لەگەڵ وبژدانییدا دەدوێت . ئیبن سینا لەکتێبی شیفادا دەڵێت : وتاربێژی ، پیشەی گەورەی گەلان و پێغەمبەران و زانایان و پاشایان و گەورە سیاسی یەکانە(ابن سینا،١٩٥٨،ص٣٧) . زج زجلر دەڵێ : بمانەوێت یان نا، ئەوانەی لە بەرامبەر خەڵکدا بە باشی قسە دەکەن، لەلایەن کەسانی ترەوە بە زیرەکتر دادەنرێن و کارامەیی سەرکردایەتییان هەیەو لە کەسانی تر جیاوازن(السويدان،٢٠٠٤،ص٢١). ئەفلاتۆن دەڵێت: وتاربێژی، والەو کەسانە دەکات کەلێهاتوون لە قسەدا و قسەکانیان دەربڕی بیریانە. بەکەسانی بەهێز دێنەپێش چاو ، ئەم بەهێزی یە یان لە وتاردا پشتیوانیان لیدەکات خەڵك پێ یان سەرسام ببن ، هەرئەمەش وا لە سیاسی یەکان دەکات بگەنە دەسەڵات. (طالیس،١٩٨٠،ص١٥)

ئیبن ڕوشد دەڵێ:وتاربێژی هەوڵی ڕازیکردنە،هەرکەسێك یان هەر ڕەگەزێك ئەنجامی بدات(ابن رشد،١٩٦٧،ص٢٩) .بە بۆچونی احمد محمد الحوفی : وتاربیژی زۆر لەوە فراوانترە کەسنورداربکرێت لە(ڕازیکردن) دا ، مەرج نیە جەماوەر تەنها بینەر یان بیسەر بیت ، چونکە وتار هونەرێکە لە هونەرەکانی نوسین ، مەرج نیە جەماوەریش رازی بکات ، بەڵکو پێویستە وواربێژ ڕای خۆی بخاتەڕوو ، بەجوانی ڕونی بکاتەوەو بەبەڵگەی پێویست پشتیوانی لە ڕاکەی خۆی بکات. لەم کاتەدا جەماوەر ئازادە ڕاکەی وەردەگرێت یان ڕەدی دەکاتەوە ،هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات باشترین وتاربێژ ئەوکەسەیە لەماوەیەکی کەم دا پەیامەکەی بگەیەنێت چونکە بیسەران بێزار دەبن ئەگەر وتارەکە درێژبێت . (الحوفی،ب.س،ص٥-٦)

جۆرەکانی وتار

بەشێوەیەکی گشتی وتار شەش جۆرە کە بریتین لە :(سیاسی ، دادوەری ، سەربازی ،ئاهەنگ ، ئاینی ، زانستی) (محفوظ،١٩٨٤،ص٦٩).

وتاری سیاسی :

ئەم جۆرە وتارانە باسی بابەتی سیاسی دەکەن، وەك سیستمی فەرمانڕەوایی ، کاروباری ناوخۆیی و دەرەکی وولات ، پەیوەستە بە ڕێکخستنی دارایی و کشتوکاڵ و خوێندن و یاسا و دانیشتنەکانی پەرلەمان و هەڵبژاردن و ....هتد لەناو عەرەب دا ئەم جۆرەیان کاتیك گەشەی سەند کە دەمارگیری هۆزایەتی لەنیوان بنەمالەی هاشمی و بنەماڵەی ئومەییەو گروپ و تاقمەکانی تردا پەرەی سەند.) النص،١٩٦٥،ص٩٠).

وتاری دادوەری :

مەبەست لێ ئەو وتارەیە کە لە دادگادا پیشکەش دەکرێت لەلایەن داواکاری گشتی یان پارێزەرانەوە ،تیایدا کێشە هەڵواسراوەکان یەکلایی دەکرێنەوە و ڕاستی و نا راستی دەردەکەوێت.(نواب الدین،١٩٩٢،ص٤٧).

وتاری سەربازی :

زۆربەی ئەم وتارانە لەلایەن سەرکردە سەربازی یەکانەوە ئاراستەی سوپا دەکریت و هانیان دەدەن بۆ جەنگ ، لەنمونەی ئەم وتارانەش، وتارەکەی طارق کوری زیادە لە فتحی ئەندەلوس و وتارەکەی ناپلیۆنە لەکاتی هەڵمەتەکەی بۆ سەر ئیتالیا.(فیاض،٢٠١٢،ص٣٩) .

وتاری ئایینی :

ئەم جۆرە وتارانە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی یە بۆ ئەنجام دانی بەندایەتی . ئەم شێوازە لە رۆژاوا سەری هەڵ نەدا تا دوای دەرکەوتنی مەسیح (سەلامی خوای لێبێت) ، لای عەرەبەکانیش پاش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەرکەوت ، وتارەکانی ڕۆژانی هەینی و جەژنەکان و مەراسیمی حەج و بۆنە ئایینی یەکانی لە خۆ دەگرت . ئەم جۆرەی وتار زۆرترین کاریگەری لەسەر بیسەران هەبووە.(ابا علال،٢٠١٧،ص٩٦).

وتاری ئاهەنگ (الخطابة الحفلية) :

ئەم وتارانە لە بۆنەو ئاهەنگەکان دا پیشکەش دەکران . وەك ئاهەنگی ڕیزلینان و پیرۆزبایی و ئاشتەوایی و هاوسەرگیری و وتارەکانی شانازی کردن بە هۆز و بنە ماڵەو دانانی کاربەدەستان و والی یەکان . ...هتد ئەم شیوازەیان لە زوەوە لەناو عەرەب دا بلاو بو بویەوە .(اباعلال، ٢٠١٦-٢٠١٧ ،ص٩٦).

وتاری زانستی :

ئەم جۆرەیان کەمترین ڕەوانبێژی تیدا بەکاردێت و کارناکاتە سەر هەستی بیسەرانی ، لەم جۆرەدا ووشەی زانستی بەکاردێت و باسی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە دەکارێت و بەدوای ڕاستی یە زانستی یەکانەوەیە. (فیاض،٢٠١٢،ص٩٩).

مێژووی وتار

وتار کۆنەو مێژوویەکی دورو درێژی هەیە ، خوای گەورە مرۆڤی وا دروست کردووە لە ناخیدا توانای دەربڕینی بۆچونەکانی هەبێت ، هەوڵی باوەڕپێهێنانی کەسانی تریش بدات. مێژووی وتاربێژی لەگەڵ سەرهەڵدانی مێژووی مرۆڤایەتی زۆر نزیکن لەیەکەوە ، مرۆڤەکان کاتێك جیاوازی دەکەوێتە نێوانیان لە بیرو بۆچونیان دا ، ئەم جیاوازی یە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ گفتوگۆو موناقەشە و هەوڵدانی هەندێکیان بۆ ڕازیکردنی هەندێکی تریان ، ئەم ڕوداوە خۆی لە خۆیدا دەبێتە سەرەتای مێژووی وتاربێژی.(حسین،٢٠١٦،ص٤١) ڕوداوە مێژووییە یەکان ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە کە وتارەرلەسەرەتای نوسینەوەی مێژووەوە هەبووە ، بۆنمونەلە دۆزینەوە شوێنەواری یەکانی میصردا ، وتاری پاشایان و پیاوانی ئایینی بە ڕێنوسی هێرۆگلیفی نوسراوە ،ئاشوری یەکان وتاریان بەزمانی بزماری نوسیوە . نامە ئاسمانی یەکان وتاری زۆرێك لە پەیامبەرانیان بۆ تۆمار کردووین . پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت) ، لەبەرزترین پلەی وتاربێژاندا بوون ، هەوڵیان داوە باوەڕ بەخەڵکی بێنن بۆ پەرستنی خوای تاك و تەنها و جێبەجێکردنی فەرمانەکانیان(اباعلال،٢٠٢١،ص٣٢) .

لە سەردەمی یۆنان و ڕۆمانەکۆنەکاندا ، وتاربێژی پەرەی سەندووە، لە یۆنان پاش دەرکەوتنی دەوڵەتەشارەکان و ململانێی سیاسی و ڕودانی جەنگ لە نێوانیاندا ،یەکێك لەلایەنە هەرەدیارو گرنگەکانی نێو ئەو ململانێ یە وتاربووە. دەوڵەتی یۆنان ماوەیەکی زۆری لە کێشەوململانێی هۆزو بنەماڵەکان دا بەسەربرد،چەند سەدەیەکی خایاند تا ئەم هۆزانە لێك نزیك بوونەوەو یەکیان گرت . مێژوو گەلێك ڕوداو و شەڕی دورو درێژی تۆمارکردووە لە دیارترینیان ململانێی نێوان ئەسینا و سپارتا بوو، شەڕی نێوان ئەم دوانە بەردەوام بوو تا ٤٠٤ پ.ز بە تەسلیم بوونی ئەسینا و کۆنترۆڵکردنی هەموو یۆنان لەلایەن سپارتاوە کۆتایی هات . وتاربێژی هەمیشە لەڕۆژانی شەڕدا گەشەی سەندووە و بەهێزبووە ، شەڕی یۆنانی لەزۆربەی حاڵەتەکان دا پشتی بە وتار بەستبوو(شلبی،١٩٨١،ص١٤٣) . کاتێك دیموکراتی باڵی کێشا بەسەریۆنان داو ئازادی سیاسی بڵاو بویەوە ، وتاربێژی و شیعر گەشەی سەند ، مامۆستا پەیدابوو خوێندکارانیان فێری وتارو موناقەشە دەکرد، سۆفستائی یەکان بەدەرکەوتن ،ڕاهێنانیان لەسەر ووت و وێژ و گفتوگۆ دەکرد،لەسەدەی دەیەمی پێش زاین دا لە ئیلیادەدا هۆمیرۆس ژمارەیەکی زۆر وتاری لەسەر زاری خواوەندەکان و پاڵەوانەکانەوە باس کردووە (محمد،٢٠١٦،ص٣٧).

ئەرستۆ سەرجەم یاساو ڕێساکانی وتاربێژی لە پەرتوکێکدا نوسی یەوە بەناوی (وتاربێژی)، لەوساتەوە وتاربێژی بوو بە هونەرێکی مەزن و باڵا . یەکەمین کەسانێك کە وتاریان نوسیوە یۆنانی یەکان بوون ، بەڵکو ئەوان ڕێساو یاساکانی وتاربێژی یان داناوە ، ئارەزوی وتاربێژی لەسەردەمی (بیرکلیس سەدەی ٥ پ.ز) دا پەرەی سەند ، ووشەی جوان و پڕمانا زۆر بەکاردەهات ، پێشبڕکێی وتاربێژی هاتە کایەوە، فێربونی وتاربێژی و ڕاهێنان کردن لەسەر پێشکەشکردنی وتار لە دیارترین چالاکی یەکانی ئەم سەردەمەبوو ، لەسەر ئەمەش زانایان ڕێساو یاساکانی ڕەوانبێژی یان هەڵگۆزی و ئەو تێبینی یانەیان دەنوسی کە لەڕیگەیەوە وتار کاریگەری دەبێت وئەو هۆکارانەشیان دیاری دەکرد کە دەبێتە هۆی شکست هێنانی(ابا علال،٢٠٢١،ص٣٢).

وتاربێژی لای ڕۆمانەکان زۆر دوای یۆنانەکان بەدەرکەوت، وتار گەشە ناکات لە ژێر خۆری ئازادیدا نەبێت، لەسایەی دەسەڵاتی ڕۆمانی دا ئازادی پێویست نەبووە . کۆمەڵێك حاڵەتی مەزن تیایدا ڕویدا ڕێخۆشکەربوو بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی وتار و وتاربێژی ، وەك ئەزمەو نارەحەتی پێداویستی یەکانی ژیان . سەرەتای دەرکەوتنی وتاربێژی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی پ.ز بەڵام بەلاوازی دەستی پیکرد بەهۆی سنورداری ئازادی یەوە ، کاتێك ئەدەبی یۆنانی لەناویان دا بڵاوبویەوە ، لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادیدا، ململانێ یەکی توند لەنێوان گەل و چینی فەرمانڕەوادا دروست بوو. لەم کاتەدا وتاربێژی ڕۆمانی گە شەی سەند.(دیورانت،١٩٨٨،ص٢٠٠) ،لەسەردەمی مەسیحی یەت دا

وتاری ئاینی دەرکەوت ، بەڵام لەبەرئەوەی مەسیحی یەت لەژێر فشاردابوو ، وتارەکەشی کپ دەکرایەوە،لەدوای پێغەمبەر مەسیحیشەوە (سەلامی خوای لێبێت) ، حەواری یەکان گەورەی وتاریژانی ئاینی بوون ،لەدوای ئەوانیش پیاوانی ئاینی و ئەسقۆف و قەشەو ڕوهبانەکان بوون. لەسەدەی دووەمی زایندا گرنگی وتاریژی گۆڕا بۆ لایەنی ئاینی ، ململانێ یەکی توند لەنێوان بت پەرستان و مەسیحی یەکان دا دروست بوو . وتاریژانێك دەرکەوتن بەرگریان لەم ئاینە نوێ یە دەکردو بانگەوازیان بۆ دەکرد ، تا وای لێهات مەسیحی یەت لە بت پەرستی زیاتر بڵاو بویەوە ، پاشان هێزی دیکتاتۆریەت گەڕایەوە ،وتاریژی سنوردارکرایەوەو گەڕایەوە سەردەمی سەرەتای ڕۆمانی(ابو زهرة،١٩٣٤،ص٦.) عەرەبەکانیش پشکی گەورەیان بەرکەوتووە لە وتاریژی دا ، بارو دۆخی ژیان و کەش و هەوای ژینگەکەیان ڕۆڵی سەرەکی هەبووە ، لە بونی ئەم پشکە ، سەبارەت بە پێگەی عەرەب لە وتاریژیدا ، زۆرێك لە نوسەران پێ یان وایە عەرەب لە پلەی یەکەم دایە لە وتاریژیدا ، هەروەك جاحظ ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ : ئەم پێشەنگ بونەی بە هۆی زمانەکەیانەوەیە(جاحظ،١٩٩٨،ص٩-١٠). محمد ابو زهرة پێی وایە ئەگەر عەرەب لەپلەی یەکەمی وتاریژی دا بێت بەهۆی ناسکی و جوانی زمانەکەیانەوە بووە ، نەك بونیادنەری بووبێتن، عەرەب لەسەردەمی نەفامیدا خاوەنی زمان پاراوی و ڕەوانبێژی بوون، وتاریژی بەندبوو لەسەر ئەوبارو دۆخانەی بۆیان دەهاتە پێش و وەڵامدەرەوەی داخوازی سەردەمەکەیان بوو(ابو زهرة،١٩٣٤،ص٦). دەکرێت بڵێین: ئەوبەهێزی یەی وتاری عەرەب هەیبوو لەسەردەمی نەفامیدا بۆ بەهێزی زمانەکەیان و هێزی لیدوان و لۆژیکی باش و ووشەی سەرسوڕهێنەر کەلە سروشتی عەرەبەکان دا هەبووە دەگەڕێتەوە(المری ،٢٠١٢،ص١٧).

عەرەبەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی لە چەند هۆزێکی جیاواز پێك هاتبوون ، هەریەك لەم هۆزانە گەورەو سەرۆکێکی تایبەت بە خۆی هەبووە ،حکومەتێك نەبووە پێکەوە کۆیان بکاتەوە، ململانێ و ناکۆکی و شەڕ لەنێوان ئەم هۆزانەدا زۆربوون ، بەهەمان شێوە وەفد(شاند) و بەشداری پرسەو ئاشتەوایی لەنێوانیان دا هەبووە،هەروەها ڕاوێژو ووت و وێژ لە نێوانیاندا هەبووە، سەرەڕای ئەمانەش دۆخی عەرەب و سروشتی ژینگەکەیان هاندەرێکی باش بوو بۆ وتاریژی(شلبی،١٩٨١،ص٤٦) . وتاریژی لەم سەردەمەدا بە بەرگری لە نەفس و ماڵ وناموس و شانازیکردن بە هۆزو خێڵەوە بەناوبانگ بوو. لەم قۆناغەدا شیعر بەبێ وتار ئەستەم بوو ،هەموو هۆزە ناودارەکان وتاریژی تایبەت بە خۆیان هەبوو، هەروەك چۆن شاعیری تایبەتیان هەبوو ، لەسەردەمی نەفامیدا پێگەی شاعیر بەرزتربووە لەپێگەی وتاریژ. کاری ئەمانە زیاتر لەکاتی هاندان بۆ شەڕ ،ناوبژی،ئاشتەوایی و بژاردنی خوێن، وەفا بۆ پاشایان و کار بەدەستان دا بەدەردەکەوتن . ووتەکانی وتاریژان هەست و سۆزی خەڵکانی دەوروژاندو بەو ئاراستەیە دەیبردن کە کاربەدەستان دەیانویست(ضیف،١٩٨٣،ص٢٨) . عەرەبەکان لەسەردەمی نەفامیداخاوەنی گەلیك وتاریژی بەهێزبوون ، لە کاتە گرنگەکاندا پشتیان پێدەبەستن وەك لە کۆبونەوەکان و بانگەوازی شەڕو ئاشتەوایی نێوان بەشەڕهاتووەکان دا ، وتاریژان لە بازارەکان و ئاهەنگەکان و لەگەڵ شاندی پاشاو کاربەدەستەکان دا وتاریان دەخوێندەوە. نەریتیان وابوو وتاریژ بەپێوە دەوەستا لەسەر مینبەر یان تەپۆڵکەیەك یان لەسەر پشتی ئاژەڵێك ، بۆئەوەی دەنگیان دوورتر بڕوات ، پێویست بوو،عەصا یان کەوانی بەدەستەوە بێت و بەیەکێك لەوانە ئاماژە بە گەورەیی و گرنگی مەبەستەکەی بکات،کەسایەتیان کاریگەرتربێت و ڕوی دەم و چاوو جوڵەی جەستەو دەستەکانیان دیار بێت . باش وابوو جل و بەرگیان خاوێن بێت، عەمامەو کەمەربەند ببەستن ،ئەو ووتانەی دەیڵێن خۆیان لەپێش خەڵکی یەوە جێبەجێ بکەن(شلبی،١٩٨١،ص١٦٦).

هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی وتار لای عەرەب دەگەڕێتەوە بۆ :

١– بونی ئەو ئازادی یەی کەلەناو عەرەبداهەبووە.

٢ – لێهاتوویان لە بەکارهێنانی ووشەکان و گونجاوی زمانەکەیان.

٣ – تواناو لێهاتوویان بۆ ڕوبەروبونەوەیان لە بارو دۆخە دژوارەکان ، لەم کاتانەدا تەعبیری جوان دەهاتە سەرزمانیان .

٤ – حەزو ئارەزویان بۆ شەڕو کوشتار . لە نەفامیدا هۆزەکان گەورەبونایە یان بچوك ئارەزوی شەڕو کوشتاریان هەبووە(خان،١٩٨١،ص١١). بەهاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، وتار لە پێگەیەکی بەرزتردا بەدەرکەوت، لەم سەردەمەدا وتار ئاراستەی کۆمەڵگا دەکرا ، ووتەکانی ئەم سەردەمە ئاراستەی عەقڵ دەکرا ، جیاواز لە پێشووتر کە هەست و سۆزی دەبزواند . دەکرێت بڵێین: ئەوبەهێزی یەی وتاری عەرەب هەیبوو لەسەردەمی نەفامیدا بۆ بەهێزی زمانەکەیان و هێزی لیدوان و لۆژیکی باش و ووشەی سەرسوڕهێنەر کەلە سروشتی عەرەبەکان دا هەبووە دەگەڕێتەوە ،ئیسلام ئەم سروشتەی عەرەبی پوختەکرد و دوری خستنەوە لە بت پەرستی و هاوبەش پەیدا کردن و ئارەزوی خراپەو بێڕەوشتی ، کردنی بە کەسانێکی بەهێزو چاکەخواز (ضیف،١٩٦٣،ص١٠٦).

وتاری ئیسلامی لە شانازی بەنەسەبەوە گۆڕا بۆ بانگەواز بۆ شوێنی یەك ئاین کەوتن و یەکسان بوونی مرۆڤەکان، سەرچاوەی سەرەکی وتاری ئیسلامی قورئان و فەرمودەیە، سەرەڕای ئەوەی بانگیان دەکات بۆ بەندایەتی داواشیان لێدەکات دووربکەونەوە لە کارە خراپەکان،قۆناغی وتاریژی ئیسلامی بە هاتنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەستی پێکرد،یەکەم حاڵەتی وەستانی وەك وتاریژ ،دوای دابەزینی ئەم ئایەتەبوو: (فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ) (الحجر:٩٤). دەرکەوتنی ئیسلام و بانگەواز کردن بۆ بنەماکانی ، کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر ژیانی عەرەب،چونکەدەبوایە وازیان لە بت پەرستی بهێنایە و خوای تاك و تەنهایان بپەرستایە. ئەمەش پێچەوانەی ژیانی ئاسایی و داب و نەریتی پێشوویان بوو . ئیسلام جیاوازی چینەکانی کۆمەڵگای نە هێشت و بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە هەموو مسوڵمانان بران، هەموان یەکسانن بەرامبەر بە مافەگشتی یەکان ، هەروەها داوێن پیسی و شەراب خواردنەوەی حەرام کرد، هەربەوەوە نەوەستا هەجو و شکاندنی حەرام کردوو وەسفی زۆر و نا واقیعیشی بە خراپ دانا(المری،٢٠١٢،ص٢١) .

وتاریژی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لەگەیاندنی پەیامەکە و ڕونکردنەوەی بنەماکانیدا ، ئەمەش هۆکارێکی بەهێزبوو بۆ گەشەسەندنی وتار لەم سەردەمەدا.

هەندێ داب و نەریت لە وتاردان دالە پێش ئیسلام دا هەبوو ، پاش هاتنی ئیسلامیش هەر بەردەوام بوو ، وەك پشت بەستنی وتار بێژ بە عەصا ، پیشکەشکردنی وتار لە شوێنێکی بەرزدا ، یان لەسەر ئاژەڵ وەك پێغەمبەر(ﷺ) لە وتاری ماڵئاوایدا.

وتاریێژی لە ئیسلام دا هەندێ داهێنان ودەسکەوتی هەبوو کەپێش تر نەبووە ، وەك دەسپێکی وتار بە سوپاسی خواو درود ناردن بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ) شایەتومان و باسکردنی ئایەتێکی قورئان و فەرمودەیەك، پابەند بوون بە ئاداب و رێساو یاساکانی ئیسلامەوە، فەرامۆشکردنی هەندی مەبەست کەلەسەردەمی نەفامیدا باوبووە، وەك سەرلێشێواندن و شانازی بە رەچەڵەك و دەمارگیری یەوە(الحوفی،ب.س،ص٢٠٤).
پێغەمبەر (ﷺ) باشترین وتاریێژی هەموو عەرەب بووە،وتاری بۆ قورەیش دەداو بانگی دەکردن بۆ ئاینی یەکتا پەرستی . پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە وتاری هەینی واجبکرا،ئەمەش واتە مسوڵمانان لانی کەم هەفتەی جارێك گوێ لەوتار دەگرن.
خەلیفەکان وتاریان وەك ئامرازێکی گەیاندن بەکاردەهێنا،لەرێ یەوە سیاسەتی دەوڵەتیان رووون دەکردەوە(الهاشمی،ب.س،ص١٠٨). لەم سەردەمەدا وتاری ئاینی گەشەی سەند و دوورکەوتەوە لە(سەجع وخۆهەڵکێشان)،لەگەڵ زۆربونی پرۆسەی فتوحاتدا،وتاری سەربازی دەرکەوت.دوای شەهیدکردنی عوسمانی کوڕی عەفان(خوای لێ ڕازی بێت) وتاری سیاسی دەرکەوت . وتاری ئیسلامی بەدەستەواژەیەکی دیار یان نزاو پارانەوەیەك کۆتایی پێدەهات وەك (اقول قولی هذا واستغفرالله لی ولکم) یان (قوموا الی صلاتکم یرحمکم الله.)(خان،١٩٨١،ص٦٢)
تەوەرەی دووەم :گەشەسەندنی وتارلەسەردەمی ئومەوی دا
سەردەمی ئومەوی کەمتر لەسەدەیەك بووە،بەڵام کۆمەڵیك ڕوداوی زۆر گەورە تیایدا ڕویداوە، لەڕوی فراوانخوازی یەوە سنورەکانی فراوان بووە بۆ سنوری نێوان چین و هند لە رۆژهەلاتەوە، بۆ فەرەنسا لەرۆژاواوە ،کەشتی گەلی بیزەنطی یان تێکشکاندو گەشتنە دەریای سپی ناوەڕاست،ئەمە لەکاتێکدا لە ناوخۆی خۆیدا لەشەڕێکی گەورەدابوو لەگەڵ نەیارەکانی وەك (خەواریج،شیعە،موالی،ئەقبات،....هتد)،ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەتەمەنی گەنجێتیدا بووە، بانگەوازی عەباسی دەستی پێکردووە. سەرەڕای ئەمانە دەتوانین بلێین وتار گەورەترین کاریگەری هەبوو لە دژی ئومەوی یەکان و بە خراپ ناساندنیان.
لەگەڵ تەشەنەکردنی وتاری پڕوپاگەندەی سیاسی دژی ئومەوی یەکان ، ئەوان دیبەیت وڕویەڕوبونەوە(المناظرة)یان وەك گەورەترین چەك بەکار هینا بۆ چارەسەری کێشەکان(الفاخوری،١٩٨٦،ص٣٢٠) . لەم سەردەمەدا باشترین هۆکارێك بۆ بڕوا پێهێنان و بەڵگە هێنانەوە تەنها وتارو ووتو وێژو کۆڕو ڕوبەڕوبونەوە بووە.
ئومەوی یەکان لەماوەی (٤١-١٣٢ك،٦٦١-٧٥٠ز)فەرمانڕەوایی یان کرد،لەڕوی سیاسی یەوە لەم سەردەمەدا ململانێ لەسەر پۆستی خیلافەت دروست بوو، دوای شەهیدبوونی ئیمامی عوسمان (خوای لێرازی بێت)ئیمامی عەلی(خوای لێ ڕازی بێت) بوو بە خەلیفە،دەنگی ناڕەزایی بەرزبویەوەو تانەیان لە خەلیفایەتی ئیمامی عەلی دا و داوای ڕاوێژیان دەکرد ،عائیشەو طلحە و زبیر،(خوایان لێ ڕازی بێت) لە یەکەمەکانی ناڕازی یەکان بوون و داوای خۆینی عوسمانیان دەکرد . ئیمامی عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) لە بەصرەلە وتارێکیدا ووتی:من ڕام وایە پەلەنەکەین تا بکوژی عوسمان دەدۆزینەوە ، پاشان دەگەڕێینەوە سەر ڕاوێژ وەك ئەوەی کە عومەری کوڕی خەتاب ئەنجامیدا(خوای لێ ڕازی بیت)(العزام،٢٠٠٢،ص٤). لەلایەکی تریشەوە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان لە شام بەیعەتی بە خیلافەتی عەلی نەدا، داوای تۆڵەی خوێنی عوسمانی دەکرد، لە ووتەیەکیدا ووتی : ئەی خەڵکی شام ئێوە دەزانن کە من والی بووم لەسەردەمی خیلافەتی عومەری کوری خەتاب و عوسمانی کوڕی عەفان دا ،دەزانن کە عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) بە ستەم کوژرا، خوای گەورەش لە کتیبەکەیدا دەفەرموێت : (وَمَنْ قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا) (الاسراء:٣٣).واتە (ئەوەی بەستەم دەکوژرێت ،ئێمە ماف و دەسەڵاتمان داوە بە نزیکەکانی تۆڵەی بسێنن).
هەندێك لە شارەزایانی شام لەوانە ئەبو موسلیمی خەولانی داوای هۆکاری شەڕی موعاویەیان کرد دژبە عەلی،لەکاتێکدا عەلی لە پێشترە بۆ بون بە خەلیفە، موعاویە لە وەڵامدا ووتی: سوێند بەخوا دەزانم عەلی لەمن بەرێزترە،لەمن شایستەترە بۆئەم کارە،بەڵام ئایا عوسمان بەستەم نەکوژراوە؟دەی من کوڕەمامی ئەوم ،جەنگی من تەنها بۆ داوای خوێنی عوسمان و بەدەستەوەدانی بکوژانیەتی(الذهبی،١٩٨٥،ص٢٦٢).
ئەم بارودۆخە بووە هۆی ئەوەی،وتاری ئیسلامی دابەش ببێت بۆ دووبەرەی گەورەوە، یەکەمیان:عێراق،عەلی کوڕی ئەبوتالب(خوای لێرازی بێت)،سەرکردەی وتاریێژان و زمان پاراوترینیان بوو.دووەمیان:شامی،موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان سەرکردەی ئەم ڕەوتەیان بوو. بیرو بۆچونی جیاوازی نێوان لایەن و دەستە جیاوازەکانی ئەم سەردەمە بووە هۆی دروست بونی فیتنەو ئاژاوەو شەڕی ناوخۆیی ،دواتر شەڕی سەفین وڕوداوی ناوبژی(التحکیم) و دروستبونی خەواریجی لێکەوتەوە(ضاعن،٢٠١٦،ص٣٧) ، ئیتر لێرەوە ژمارەیەکی زۆر گروپ و تاقم و حیزبی سیاسی ئۆپۆزسیۆن دروست بوون،دوای کوژرانی حسینی کوڕی عەلی (خوا لێ یان ڕازی بێت) شیعە دەرکەوتن، پاشان زوبێری یەکان و لایەنگرانی عبدالرحمن ی کوڕی ئەشعەس،لایەنگرانی موختاری سەقەفی،موالی،ئەقبات،....هتد دەرکەوتن. ئەم حیزب و گروپانە تەنها بەشمشێر روبەروی بنەماڵەی ئومەییە نەبونەوە ، بەڵکو بەوتاریش ڕوبەڕویان بونەوە،ئەم سەردەمە پێی دەوترێت سەردەمی زێرینی وتاریێژی ، ئەم لایەنانە خەڵکی یان هان دەدا دژی دەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیەو چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین دژیان بەرپابوو(ضاعن، ٢٠١٦، ص٦٥). وتاریێژان بە ئاڕاستەی ڕەوتەکانی خۆیان لێکدانەوەیان بۆ ئایەتەکانی قورئان و فەرمودەکانی پەیامبەر دەکرد (ﷺ).
لەسەردەمی ئومەویدا بۆ یەکەمینجار زانستەکان بەزمانی عەرەبی نوسرانەوە ، هەر لەم سەردەمەدا زمانی عەرەبی کرا بە زمانی ڕەسمی دەوڵەت ، دەوڵەتی ئومەوی فران بوو ژمارەیەك نەتەوەی جیاواز مسوڵمان بون و ئاشنا بوون بە شارستانیەتی ئیسلامی و خۆشیان خاوەنی شارستانیەتی تایبەت بەخۆیان بوون . زانست و زانیاری لەم سەردەمەدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بزوتنەوەی زانستی لەم سەردەمەدا بۆ چوار بزوتنەوەی زانستی دابەشب بوو ئەوانیش : (ئاینی ، مێژوویی، ئەدەبی ، فەلسەفی) . کاربە دەستانی ئومەوی زیاتر ئارەزویان بەلای لایەنە ئاینی و ئەدەبی یەکان دا دەچوو بەتایبەتی شیعر و وتار و چیرۆك، چالاکی یە عەقڵی یەکانیش لە کوفەو بەصرەدا چڕکرابویەوە، هۆکاری بیری (عقلی) یەکێکی دیکەبوو لە پاڵنەرەکانی گەشەی وتار لەم سەردەمەدا،ڕونە کە ڕۆشنبیری ئەم سەردەمە تەنها هی عەرەب نەبوو، بەڵکو موالی یەکان بەشداربوویەکی سەرەکی کلتورو شارستانیەتی ئەم سەردەمەبوون(امین،٢٠١٦،ص١٦١). سودوەرگرتن لە ڕۆشنبیری گەلانی تر بووە هۆی ڕاپەڕینێکی مەزن لە وتاری ئومەویدا ،تەنانەت لە بازاڕو کۆڵان و مزگەوت و شوێنەکانی تریش دا موناقەشەو جەدەلی ئاینی و سیاسی دەکرا، جاحظ ئەمەی ناوناوە هونەری وتاریێژی عەرەب(جاحظ،١٩٩٨،ص٢٤٣).
هەموو شارێکی ئیسلامی خاوەنی ناوەندێکی ئاینی بوو، لەم ناوەندانانەدا گفتوگۆی بابەتە سیاسی و دینی یەکان دەکرا،زانایان بابەتە جیاوازەکانیان بە بیرو باوەڕی خۆیان لێکدەدایەوە، لەئەنجامی ئەمەش گفتوگۆو ووتوێژ دروست دەبوو،بەتایبەتی بابەتەکانی قەدەر و

ئیرادەی مرۆڤەکان و سنوری ئازادیان لەباوەڕدا و گفت و گۆکردن دەربارەی سیفەتەکانی خوای گەورە، گروپەکانی جەبری و قەدەری و مورجیئە سەریان هەڵ دا و لەئەنجامی ئەمەش دیبەیت و مونازەرە سەری هەڵدا کەبەشێکە لە وتار(ضیف،١٩٨٣،ص٦٥).
لەدەرەنجامی ئەمەشدا چەند جۆرێکی وتارێژی سەریهەڵدا،کەهەڵقوڵاوو پێویستی ئەو بارودۆخەبوو، ئەوانیش

وتاری سیاسی و جەنگی:

وتاری سیاسی پێگەیەکی مەزن و کاریگەری یەکی گەورەی لە مێژووی عەرەب دا هەیە. سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی لەم سەردەمەدا دۆخێکی نائارامی سیاسی هەبوو بەتایبەتی سەرەتای دەسەڵاتیان ، ململانێ یەکی توند لەنێوان بنەماڵەی ئومەوی یەکان و ئەوانی دیکەدا هەبووە، جا چ لەڕوی سەربازی یەوە بێت،یان لەڕوی زمان و وتارەوە بێت،ململانێی هۆزگەرایی و ململانێ ی نێوان عەرەب و عەجەم و...هتد. لەم ململانێ یەدا وتار چەکی دەستی هەموویان بوو بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان و تاوانبارکردنی لایەنی بەرانبەریان،لەئەنجامی ئەم ڕوداوانە وتاری سیاسی گەشایەوە،گەشانەوەیەك کە هەرگیز لە هیچ سەردەمێکی تردا نەبووە(ضاعن،٢٠١٦،ص٣٣).ئەمەش بەهۆی دەربڕینی ئەو بیرو بۆچونە جیاوازانە بوو کە تاقم و گروپەکان هەیان بوو سەبارەت بە پۆستی خیلافەت ، ئارەزوو تێکۆشانیان بۆ گەشتن بەو پۆستە،وتارێژی سیاسی باسی شێوازی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی کارو باری دەوڵەتی دەکرد،هەروەها ژمارەیەکی زۆر دیبەیتی سیاسی لەنێوان کاربەدەستان و خەلیفەکانی ئومەوی و سەرکردەکانی ئەم تاقم و گروپانە ئەنجام درا ،تایدا وتارێژانی بنەماڵەی ئومەوی بە وتارەکانیان ڕوبەڕویان وەستانەوەو داوای گوێڕایەڵی و پابەند بونیان دەکرد ، هەندیك جار بە خۆشی و هەندێك جاریش بەترساندن و بەکارهێنانی هەڕەشە،داوایان دەکرد پابەندی بڕیارەکانی ئومەوی یەکان بن چونکە ئەوان خاوەن خاوەن مافی خیلافەتن ، ئەوان خاوەن خوێنی عوسمانن(٢٣ك-٣٥ك)، ئەم شیوازە بەردەوام بوو تا کۆتایی ئومەوی و سەرەتای عەباسی ، ئەم شیوازە لە لایەن موعایەی کوڕی ئەبوسوفیانەوە (٤١ك-٦٠ك) داهێنراو خەلیفەکانی دواتریش لەسەر ئەم شێوازە بەردەوام بوون(شلبی،١٩٨١،ص٢٥٤)، لە نمونەی ئەمەش وەك وتارەکەی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان لە مەدینە کەبە وتارێکی سیاسی ڕووت دادەنرێت،تایدا زۆر بەنەرمونیانی لەگەڵ خەڵکی مەدینەدا دەدوێت.هەروەها دەڵێت ئەگەر لەنێوان من و خەڵکیدا تاڵە مویەك هەبێت ناهێڵم بپچڕێت، هەروەها موعاویە لەنوسراوێکیدا بۆ زیاد بن ابیە نوسیویەتی:نابێت بەیەك شێواز سیاسەت لەگەڵ خەڵکیدا بکەین ، نابێت لەگەڵ هەموواندا نەرم بین، چونکە هەموان دەست دەکەن بە سەرپێچی ، نابێت لەگەڵ هەموان دا توند بین چونکە هەموان بەرەو لەناوبردن دەبەین ، ئەگەر تۆ توند و دڵ ڕەق بیت لەگەڵیان دەبێت من میهرەبان وبەسۆزیم (الاندلسی،١٩٩٤،ص٨٦). وتاری بەتراء واتە کورت بڕی (الخطبة البتراء) ی زیاد بن ابیە (٥٣ك) نمونەیەکە لە وتاری سیاسی سەردەمی ئومەوی، زیاد بانگەوازی بۆ بنەماڵەی ئومەوی دەکردو هەوڵی سەپاندنی ئارامی دەدا بەشێوازێکی توندو تیژ. ئەگەر سەیری وتارەکەی بکەین،تیبینی ئەوە دەکەین زۆر ووریابووە لە دارشتنی وتارەکەیدا، وتارەکەی دابەشکردووە بۆ چەند بڕگەیەك ، هەربڕگەیەکی وا هەست دەکەیت وتارێکی سەربەخۆیە.گەورەترین جیاوازی نێوان ئەم وتارەو وتارەکانی پێش خۆی (لەسەردەمی ئیسلام دا) ئەوەبوو، ئەم وتارە بەهیچ شێوەیەك لەدەرگای ئاین و ڕێساو یاساکانی نەداوە. بەڵکو وتارەکەی پەیوەست بووە بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کێشەو گرفتەکانی ئەو سەردەمە،وتارەکەی دەڵێی سەپاندنی حوکمێکی عورفی یەو ووڵات ڕوبەڕوی باردۆخێکی سەختی لەناکاو بوەتەوە.ئەم وتارەی لەژینگەیەکی شارستانی وکۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزدا پێشکەش کرد،لەکاتێکدابوو موعاویە ئەمی کردە والی بەصرە،وتارەکەی پەیوەندی بەبارۆخی بەصرەوە هەبوو،کە لەگوێڕایەڵی ئومەوی یەکان دەرچوبوون،کەسانی لادەریان زۆربوو،دزی و ئازاردانی هەژاران و لاوازان زۆربوبوو، وتارەکەی بەم شێوازە دەست پێکرد:(دوای ئەوە، نەزانی دەبەنگانەو گومڕایی کوێرانە، زیادەڕەوی یەك کە خاوەنەکەی دەباتە ئاگرەوە، بچوکەکانتان خوی پێوەگرتووەو گەورەکانتان خۆی لێنادات،دەڵێی کتێبی خواتان نەدیوەو نەتان خوێندوەتەوە.....)(ابن الاثیر،١٩٩٧،ج٣،ص٤٥)، لەم وتارەیدا پێویستی کۆمەڵگای بەصرەو لادان لە ئاین و سەرەڕۆیی دانیشتوانەکەی خستە پێش چاو، پاشان ئاماژەی بەو سیاسەتە کرد کە لەمەودوا کاری پێدەکات، نەرم دەبێت لەگەڵیان بەڵام لاواز نابێت، توند دەبێت بەڵام ستەمکارنابێت.

وتاری ئومەوی بە زۆری سیاسی بوو،مەبەستی سەرەکیشی جێگیرکردنی دەسەڵاتی ئومەوی بوو، بە هەمان شێوەی ئومەوی یەکان هەموو لایەن و گروپێکی نەیاریان وتارێژی تایبەت بەخۆیان هەبووە،ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەسەردەمی ئومەویدا وتارێژی سیاسی فراوان بێت و گەشە بکات(احلام،٢٠١١،ص١٥).زۆرێك لەمێژوونوسانی وەك الطبری و ابن الاثیر و ....هتد بیرو بۆچوونە جیاوازەکانی ئەم ڕەوتانەیان بەشێوازی وتار بۆ تۆمارکردووین ،مێژوونوسان نالێن گێڕانەوەوبەسەرهاتی فلان بەڵکو دەڵێن وتاری فلان(احمد،٢٠٠٦،ص١٠٤). گروپی نەیارانی فەرمانڕەوای بنەماڵەی ئومەوی (خەواریج و شیعەو زوبێری ...هتد) هەریەك لەمانە وتاری تایبەت بەخۆی هەبوو وەك هۆکارێك بۆ ڕەخنەگرتن لە بەرامبەرەکەی و ڕونکردنەوەی بیرو باوەڕەکانی خۆی و ڕاکیشانی ڕاو بۆچونی خەڵك بەئاراستەی بەرنامەکانی خۆیان و هاندانیان دژی بنەماڵەی ئومەوی،هەروەك چۆن ژمارەیەکی زۆر یاخی بونیان دژی بنەماڵەی ئومەوی دروست کرد،بەنمونە وەك عبدالرحمن ی کوڕی ئەشعەس لە عیراق و ئیران سەریهەڵ دا، شۆڕشی عبدالله ی کوڕی زوبێر لە حیجاز سەریهەڵداو خەڵکی میصرو عیراق شوێنی کەوتن و زۆری نەمابوو کۆتایی بە دەسەڵاتی بەنی ئومەییە بێنێت، ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە وتار دەبەست و خەڵکیان هان دەدا دژی دەسەڵاتی ئومەوی(ضیف،١٩٨٣،ص٦٤).

خەواریج و شیعە دوو پێکهاتەی سەرەکی سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی بوون،هەریەکە لەمانە کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر ژیان و ئەدەبی ئومەوی.ئەمانە خەڵکیان هان دەدا دژی ئومەوی یەکان و هەوڵیان دەدا پشتیوانی خەڵکی بەدەست بێنن، لەدیارترین وتارێژانی خەواریج ،قطری بن الفجاءة و ابو حمزة الشاری بوون لە مەکەو مەدینە ، قطری یەکێك بوو لەگەورەکانی خەواریج، بەزیرەکی و ڕازیکردنی بەرانبەر ناوبانگی دەرکردبوو، بەباشی لەقورئان تێدەگەشت و کاریگەری زۆربوو لەسەری ، لە وتارێکیدا سوپاس و ستایشی خوای کردو پاشان ووتی :ئاگادارتان دەکەمەوە لە دونیا، شیرین و سەوزە، بە ئارەزوو دەورەدراوە، چاوەڕوانی یەکی کەمە، بەپەرۆشن بۆی، هیواتان لەسەر هەڵچنیوە، ڕازاوەو فریودەرە، نارەحەتی یەکانی کۆتایی نایەو پێی سەرسام مەبن، درۆزن و خەڵەتێنەرە،بەربەستێکی گەورەو بیسنورە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: (وَاضْرِبْ لَهُمْ مَثَلَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أَنْزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ الرِّيَاحُ وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُقْتَدِرًا) (الكهف:٤٥) .(ژیانی دونیا وەك ئەو بارانە وایە کەلە ئاسمانەوە دەیبارێنین و ڕوەکی زەوی بەهۆیەوە

بەیەکدا دێن، لەدوای ماوەیەکی کەم (هەموو ئەو ڕوەك و گژوگیایە) دەبێتە پوش و پەڵاشێکی ووردو خاش ، ڕەشەبا بەملاولادا بڵاوی دەکاتەوە). هۆکاری ئەم وتارە پەیوەستە بەشەڕی توندی نیوان خەواریـج و ئومەوی یەکانەوە، قطری شوین کەوتوەکانی هان دەدات بۆ بەشداری شەڕو پشتکردن لەژیانی دونیاوبەرگریکردن لەبنەماوپرنسیپەکانی خەواریـج(الاندلسی، ١٩٩٤،ص،٢٢٥).

شیعەکان (پشتیوانانی ئیمامی عەلی) لە وتارەکانیان دا بنەماڵەی ئومەوی یەکانیان بە ستەمکار وەسف دەکرد لە فەرمانڕەواییدا،بەتایبەتی یەزیدی کوڕی موعاویە، پێ یان وابو سنورەکانی ئیسلامی بەزاندووە وکار بەبەرنامەی خوا ناکات ، ئەمانە پێ یان وابوو بنەماڵەی بەنو ئومەییە دەسەڵاتی خیلافەیان لە خاوەنە ئەسڵی یەکەی زەوت کردووە کە نەوەی پێغەمبەرن (ﷺ) و هەڵگری پەیامەکە بوون،لەدیارترینی شیعەکانیش موختاری سەقەفی (المختار الثقفی) بوو. کە یەکێك بووە لە وتاربێژانی شیعە و هەوڵی داوە بگاتە دەسەڵات بە هەرنرخێك بێت، خەڵکی هانداوە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕشکردن دژی ئومەوی یەکان(القیروانی،ب.س،ص٥٧)،کاتێك ڕۆشت بۆ کوفە هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ گەشتن بە دەسەڵات، ئەوەشی لەناخیدابوو بەئاشکرا دەریدەبڕی دژی دەسەڵاتی ئومەوی، موختار کەسایەتیەکی سیاسی خاوەن هزربوو، ئەمەش لە دروشمەکەیدا دەردەکەوێت (یا لثارات الحسین)(ئەی ئەوانەی بەدوای تۆڵەی حسینەوەن) ، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بیرمەندێکی سیاسی بووە، لەیەکەم وتاری دا لە کوفە ووتی:(سوپاس بۆ ئەو خوایەی کەبەڵێنی بە خۆشەویسانی داوە سەریان بخات،ودوژمنانیشیان شکست پیبهێنیت، ئەم بەڵینەش تاکۆتایی دونیا بەردەوامە، ئەوانەشی کە بوهتانیان کردوەو قسەیان هەڵبەستووە ڕەنجەڕۆ دەبن، ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێمە ئاڵایەکمان درابێتە دەست و ئامانجێکمان بۆ دیاریکرابێت، بۆ ئەوەیە کە ئاڵاکە بەرزڕاگرین و بەمەبەستەکە بگەین و دەستی لێهەڵنەگرین، ئیمەش بانگەوازی بانگەوازکارانمان بیست) ، هەر لەناو ئەم وتارەدا بنەماو پرەنسیبەکانی جوڵانەوە سیاسی یەکەی ڕونکردەوەو بەم برگەیە کۆتایی بە وتارەکەی هێنا، (سوێند بەو خوایەی کە ئاسمانی وەك سەقفێکی پارێزەرداناوەو زەویشی گێڕاوە بە ڕاستەڕێ یەك و چەند ڕێچکەیەك ، بەیعەتتان بەکەس نەداوە لەمە باشتر مەگەر ئەو بەیعەتە نەبێت کەبە عەلی کوڕی ئەبو تالبتان داوە(البلاذری،١٩٩٦،ج٦،ص٣٩٤). لەم وتارەدا هەست بەوە دەکەین کەڕێگەیەکی ووردوگونجاو لەنێوان هۆکارو ئامانجەکاندا گیراوەتەبەر و لایەنەکانی دورو نزیك لەبەرچاو گیراوە، هەروەها باسی لە پشتیوانی هاووڵاتیان و دەوڵەت کردووە، لەکۆتایی وتارەکەیدا ئاماژەی بەگرنگی ئەم بەڵێن دانەکردووەبۆ خەڵکی کوفە.

بیروە" بۆچونی جیاوازی نێوان لایەن و دەستە جیاوازەکانی نێو دەسەڵاتی ئومەوی سەری کێشا بۆ ململانێی توندو دواتر شەڕی لێکەوتەوە ، پاشان وتاری جەنگی هاتە کایەوە ،هەمیشە شمشێر بۆلێدان و هێزو شەڕ بەکارهاتووە و وتار ئاگری شەڕەکەی هەڵگیرساندووە ، زۆرێك لەسەرکردەکان پەنا بۆ وتاردەبەن بۆ جۆشدانی هەستی سەربازەکانیان ، بەم شیوازە ووردەی سەربازەکانیان بەرزدەکردەوە ، باشتر وابوو سەرکردەکان ووتەی کورت و ڕستەی بەهێزو پەنابردن بۆ خەیاڵی پەخشان ئامێزو شانازی و دەسکەوتەکانی ڕابردوو ئومێد بۆ ئێستاو ئاواتی سەرکەوتن لە داهاتوودا بدەن بەگوێی سەربازەکاندا، دەبوایە دوربکەوتنایەتنەوە لەباسی دۆڕان و تێکشکان(احمد،٢٠٠٦،ص١٠٣). لەنمونەی ئەم وتارانەش وتارەکەی هانی کوڕی قەبیسەی شەیبانی بوو،لەڕوداوی زیقاردا هانی گەلەکەیدا بۆ سوارچاکی و تێکۆشان و دەیووت:(ئەی بەنی بەکر لەناوچونی بەهانەدار باشترە لە ڕزگاربووی هەڵهاتوو.ترسان رزگارتان ناکات لەقەدەر، ئارام گرتن یەکیکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتن،پێشوازی لەمردن باشترە لەهەڵهاتن لێ)(العسکری،١٤٠٨ك،ص٤٢٨).

وتاری ئاینی:

مەبەستمان لەوجۆرە وتارەیە کەبانگەواز بۆ ئاین و بنەماکانی دەکات بەتەواوی، وەك فەرمان بەچاکەو ڕێگری لە خراپەو ئەنجامدانی نویژ و ڕۆژ و حەج و خوێندنی قورئان و ئاشتەوای نێوان ناکۆکەکان و بیرخستنەوەی مردن و ڕۆژی دوایی،ئیسلام گرنگی یەکی زۆری بە وتار داوە،کردویەتی بە پایەیەکی سەرەکی لە نوێژی هەینیدا و پاداشتێکی زۆری بۆ داناوە، بۆ ئەوەی یەکریزی بخاتە نیوان مسوڵمانانەوەو هەفتانە کۆیان بکاتەوە و خێرو چاکەیان بیر بخاتەوەو لە شەڕو خراپەش ئاگاداریان بکاتەوە،لەسەر مسوڵمانان پێویستە لە وتارەکانی نوێژی هەینی و جەژنەکان دا ئامادەبن.خەلیفەو کاربەدەستانیش ئامادە دەبون، ئەم وتارانە زیاتربابی وازهێنان لە خۆشی یەکانی دونیاو پەیوەست بوون بە ڕۆژی دوایی دەکر،باشترین وتاربێژیش لەم ڕوەوەعومەری کوڕی عبدالعزیزبوو(ضیف،١٩٨٣،ص٧٣).جگە لە هەینیش لە نویژەکانی ڕۆژگیران و مانگ گیران دا وتار هەیە، وتار ی ئاینی بەشیکی گرنگی ڕێوڕەسمی حەج پێك دێنێت،مسوڵمانان نوێژی نیوەڕۆو عەسر کورت دەکەنەوەو گوێ لە وتاری حەج دەگرن لە(عەرەفە) هەروەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) لە حەجی ماڵئاوایی دا ئەم کارەی کرد ، خەلیفەکانی ڕاشیدین و کاربەدەستانی دوای ئەوانیش پابەند بون و بەردەوامیان بەم وتارە داوە. (ضیف:١٩٦٣،ص١٠٦)

ئیسلام وتاری وەك چارەسەر داناوە بۆ مرۆڤایەتی بەهۆی لاوازیان بەرانبەر لایەنی ماددی ، ئەو بابەتانەی کە وتاری ئاینی پێکدەهینا لەم سەردەمەدا بریتی بوون لە: ئامۆژگاری ئاینی ، چیرۆکی ئاینی ، دیبەیت و ڕوبەڕو بونەوەی ئاینی کەتێیدا هەوڵی نزیك بونەوەو لێك تێگەشتنی نێوان گروپە ئاینی یە جیاوازەکانی دەدا(ضاعن،٢٠١٦،ص٣٨) .

وتاری کۆمەڵایەتی :

ئەم جۆرە وتارە لە شوێنەگشتی یەکاندا پیشکەش دەکرا لەکاتی بۆنەو ئاهەنگەکان و کۆڕ و کۆبونەوەی خەلیفەو والی و کاربەدەستان دا ، بەمەبەستی گەیاندنی داواکاری و کێشەو پێداویستی یەکانی خەڵکی بەکاربەدەستان،ناوەڕۆکی ئەم وتارانە جیاوازبوون،بەپێی بارودۆخ و بۆنەکان ناوەڕۆکەکانیان دەگۆڕا بۆیە دەکریت وتاری کۆمەڵایەتی بکەین بەچەند بە شێکەوە لەوانە :

وتاری کۆڕو شاندەکان:

ئەم جۆرە وتارە لەبۆنە ئەدەبی یەکاندا پێشکەش دەکرا، وتاربێژان لەویدا باسی بارو دۆخ و ژیانی خەڵکیان دەکرد ، یان وەسف و سەنای فەرمانڕەوایان دەکرد بەمەبەستی بەرزبونەوەی پێگەی خۆیان یان بەدەستهینانی بڕێك خەڵات و دیاری، وتاربێژانی ئومەوی زۆرلێهاتووبون لەگەیاندنی پەیامی پرسەو پیرۆزبایی،گلەیی و گازندە، دۆخی خراپ و بارگرانی خەڵك، چەندین ڕێگەی نوێ و سەرنجراکێشییان بەکاردەهێنا ، بەتوانا بون لەجوڵانی سۆزو بەزەیی خەلیفەو کاربەدەستاندا، وتاربێژانی ئەم بوارە هەوڵیان دەدا بەزمانێکی پاراوو پلەیەکی باڵا لەرەوانبێژی

وتارەکانیان پێشکەش بکەن،گرنگی یەکی زۆریان بە (السجع، سەروادار) دەدا.زیادە رەویان دەکرد لە جوانکاریدا (تأنق) ، بەهێواشی و وورده وورده لەگەل دۆخەکەدا دەڕۆشتن و پەیامەکەشیان دەگەیاند، بەتایبەتی لەکۆتایی یەکانی دەسەڵاتی ئومەوی و سەرەتای عەباسی دا (القیروانی، ب.س، ص٨٨.)، لەبەناوبانگترین وتارخوێنی ئەم بوارەش ئەحنەفی کوڕی قەیس بوو. وتاربێژانی ئەم بوارە ئاماژەیان دەدا بە پەرۆشیان بۆ شەهیدان و وەسفی قارەمانان و خانەدانەکان و پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانیان دەکرد. لەنمونەی ئەم وتارانەش وتارەکەی ئەحنەفی کوڕی قەیسە کەلەگەڵ شاندی بەصرەدا سەردانی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیانیان کرد، ئەحنەف هەستاو ووتی: (ئەی گەورەی باوەڕداران ، خەڵکی بەصرە ژمارەیەکی کەم و داماوو هەژارن، ئێسکێکی شکاون ،بەردەوام بێبارانی و ووشکە ساڵی یە ، بوغزو بەدکاری لەنێوانیاندا زۆرە،دەوڵەمەندەکان خۆیان بێدەنگ و سەرشۆڕ کردووە،هەژارو کەم دەسەکانیش خەریکی ماستاوکردنن،ئەگەر گەورەی باوەڕداران بتوانێ شکاوەکانیان بپێچێت،یارمەتی هەژاران بدات،لە دوزمانی و قسەوقسەڵۆکەکانیان خۆش ببێت، چارەسەری ووشکەساڵی بکات، دەردەکان ئاشکرا بکات و چارەسەریان بکات،بزانە گەورەی گەل دەبێت کۆمەڵێ سیفەتی هەبێت لەخەڵکی ئاسایی دا نیە، سفرەو خوانی بۆهەموانە نەك بۆ کەسانی تایبەت،ئەگەرباشیان کرد لەگەڵیدا سوپاسیان دەکات،ئەگەر خراپەشیان کرد دەیان بورێت،دەبێت کۆڵەکەیەك بێت بۆژێردەسەکانی،بەڵای زەوی و ئاسمانی یان لەسەر لابات،موعاویە ووتی لێرەدا بوەستە ئەی باوکی دەریا(ابا بحر))(ابن عساکر،١٩٩٥،ص٢٢٣) پاشان ئایەتی: (وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِي لَحْنِ الْقَوْلِ)(محمد:٣٠)ی خوێند (واتە هەر بە ئاوازی دەنگەکەیان دا دەزانێ چی یان دەوێت)

وتاری پرسە :

ئەم جۆرە وتارانە زۆربەی جار لەسەر گۆڕستان و لەکاتی ناشتنی مردوو، یان لە کۆڕو کۆبونەوەی پرسە دا پێکەش دەکرا. بەشێوەیەکی گشتی ئەم وتارانە بۆ سوك کردنی باری سەرشانی خاوەن پرسەکان بوو کە دەیانویست لەڕێ یەوە هاو سۆزی و هاوخەمی خۆیان و خەڵکەکە بگەیەنن بە خاوەن پرسەکە لەڕێگەی باسکردنی چاکە و باشی یەکانی مردوەکەوە .وتار بێژ لەم جۆرە وتارەدا ئاماژە بە نارەحەتی مردن و دابڕان دەکات ، داوای ئارامی و لەسەرخۆیی یان بۆ دەکات، لەخوا دەپاڕێتەوە کۆچکردوو بەبەهەشت شادبکات(صفوت،ب.س،ج٢،ص٣٦٣).

هۆکارەکانی گەشەسەندنی وتاری ئومەوی

*بونی فیتنەو ئاژاوە: سەرەتای ئومەوی بەهۆی فیتنەی شەهیدبونی عوسمانە(خوا لێی ڕازی بێت) وە سەری هەڵدا و پاش مردنی موعاویەو دانانی یەزید مسوڵمانان دابەش بوون بۆ گروپەکانی شیعەو خەواریج و ئومەوی زوبێری ، هەمویان خەڵکی یان بۆ بیرو بۆچونەکانی خۆیان بانگ دەکرد.(بوبلوطة،٢٠١٧-٢٠١٨،ص١٦).

*سیاسی:خەلیفەکان و والی یەکان زۆرپێویستی یان بە ڕونکردنەوەی سیاسەتیان هەبوو بۆ ڕازیکردنی شوێنکەوتوانیان، خەڵکی هەمیشە دودڵ و ڕاڕا بوون ، بۆیە کاربەدەستان هەوڵیان دەدا دادپەروەری و چاکەکاری یەکانیان بەرانبەر خەڵکی باس بکەن. (بحار،٢٠١١-٢٠١٢،ص٤٦)

*فتوحاتی ئیسلامی: پێش دەسەلاتی ئومەوی فتوحاتی ئیسلامی وەستابوو ،بەڵام لەم سەردەمەدا دەستی پێکردەو هوچەند ناوچەیەکی زۆریان فەتح کرد وەك باکوری ئەفریقاو باشوری ئەفریقاو ئەندەلوس و .... هتد ،شەڕو فراوانخوازی ڕونە کە پێویستی بە وتارو ڕونکردنەوە هەیە. (الحوفی،٢٠١٦-٢٠١٧،ص٢١٣)

*شاند(الوفد):ژمارەیەکی زۆر لە وەفدەکان سەردانی خەلیفەیان دەکرد بەمەبەستی بەرزکردنەوەی سکاڵا،یان پشتیوانی،یان گەیاندنی هەواڵی سەرکەوتن. (بوبلوطة،٢٠١٧-٢٠١٨،ص١٦)

*سوپاس و پیرۆزبایی وسەرەخۆشی:زۆرێك لەوتاربێژان وەسفی خەلیفەیان دەکرد، پیرۆزباییان لەوالیەکان دەکرد،یان پرسەیان ئاراستە دەکردبە بۆنەی لەدەست دانی ئازیزێکیانەوە،یان پیرۆزبایی و سەرەخۆشی لەیەك کات دا ئەوکاتەی کە خەلیفە دەمردو کوڕەکەی شوێنی دەکرتەوە. (شلبی،١٩٨١،ص٢١٢)

*ئامۆژگاری ئاینی:بانگەواز بۆ ئاین و پابەند بوون پێ یەوەو گفتو گۆی نێوان گروپە ئاینی یەکان(بحار،٢٠١٢،ص٤٧).

*زمان پاراوی عەرەب لەم سەردەمەدا: بەهۆی نزیکیان لەسەردەمی نەفامی و سودوەرگرتن لە ڕەوانبێژی قورئانی پیرۆز،وتاری عەرەبی لەم سەردەمەدا خاوەنی دووسەرچاوەی بەهێزی زمانەوانی بوو. (بحار،٢٠١١-٢٠١٢،ص٤٧)

*ئازادی ڕا دەربڕین:وتارهەمان ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ئەمڕۆی دەگەیاند، ئازادی بەشێك بووە لەسروشتی عەرەب و بەئازادی بەرانبەر بە خەلیفەو والی و کاربەدەستان قسەیان کردووە بەبێ ترس.ئەمەش بەڕونی لە وتارێکی ڕۆژی هەینی موعاویەدا بەدەر دەکەوێت، کاتێك وتاری دەخوێندەوە ووتی: ماڵ ودەسکەوت هی ئێمەیە بەکێمان بوێ دەیدەین و کێشمان بوێت بێبەشی دەکەین،پیاوێك هەستاوەو ووتی نەخێر وانیە، ماڵ و دەسکەوت هی ئێمەیە، ئەگەر بەو شێوەیە مامەڵەی پێوە بکەیت، ئەوا شمشیرەکانمان لە نێوانماندا حوکم دەکات، پاشان موعایە دوای نوێژ بانگی کردو خەڵاتی کرد. (البغوی، ٢٠٠٠ ،ج٥ ،ص٣٧٤)

ئەنجام

*وتار مێژوویەکی دورو دریژی هەیە ، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش نوسین
*یۆنانی یەکان یەکەمین کەسانیك بوون بایەخیان بە وتار داوە.
*بەهۆی ناسکی و گونجاوی زمانەکەیانەوە، وتار لای عەرەب پێگەیەکی مەزنی هەبووە.
* بەهاتنی ئیسلام وتار لای عەرەب زیاتر گەشەی کردووە،
* بەهۆی ئەو بارو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەی سەردەمی ئومەوی یەوە ،وتار گەشتە لوتکەو سەردەمەکەش بەسەردەمی زێڕینی وتار دادەنرێت.

لیستی سەرچاوەکان

١ -القران الكريم
٢- الاندلسی، ابی عمر احمد بن محمد بن عبد ربه (ت ٣٢٨ك)،(١٩٩٤)،العقد الفريد،ط١ ،تحقيق ، احمد امين ، احمد الزين ، و ابراهيم الابياری ، ج٤،القاهرة ، مصر .
٣-ابراهيم انيس و اخرون،(٢٠٠٤) المعجم الوسيط ، ط٤، مكتبة الشرق الدولية ،مصر ،
٤-ابن الأثير ، أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم بن عبد الواحد الشيباني الجزري، عز الدين (ت ٦٣٠هـ)،(١٩٩٧)،الكامل في التاريخ, ط١،تحقيق، عمر عبد السلام تدمري, ج٣،دار الكتاب العربي، بيروت ، لبنان.
٥-ابن سينا، حسين عبدالله (ت ٤٢٨هـ)،(١٩٥٨)،الشفاء، ط٢،تحقيق،احمد فوئاد الاهوانی،الاميرية، القاهرة ،مصر.
٦-ابن عساكر، أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله المعروف (ت ٥٧١هـ)،(١٩٩٥)، تاريخ دمشق، ب،ط,المحقق، عمرو بن غرامة العمروي ، ج,٦٢دار الفكر ،دمشق،سوريا.
٧-ابن منظور، محمد بن مكرم بن على، أبو الفضل جمال الدين (ت ٧١١هـ)،(١٤١٤ك)، لسان العرب ،ط٣،بيروت،لبنان.
٨-احمد، عبدالرحمن،(٢٠٠٦)،البيان الزاهرالى فرسان المنابر، ط٢،مركزالسعيد،حمص،سوريا.
٩-البغوي ,أبو القاسم عبد الله بن محمد بن عبد العزيز بن المرزبان بن سابور بن شاهنشاه (٣١٧ك),(٢٠٠٠),معجم الصحابة، ط١،المحقق،محمد الأمين بن محمدالجكني، ج,٥دارالبيان ،الكويت.
١٠-البلاذري، أحمد بن يحيى بن جابر بن داود (ت ٢٧٩ك)،(١٩٩٦)،جمل من أنساب الأشراف، ط١،سهيل زكار ورياض الزركلي، ج٦،دار الفكر،بيروت.
١١-الجاحظ، ابی عثمان عمرو بن بحر (٢٥٥هـ)،(١٩٩٨) ،البيان والتبين، ط٧،تحقيق وشرح عبدالسلام محمد هارون، دارالخانجی ،القاهرة،مصر.
١٢-الحوفی ،احمد (ب.س)،فن الخطابة ،نهضة ، ب.ط ،القاهرة ، مصر.
١٣-الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان (ت ٧٤٨ ك)،(١٩٨٥)،سير أعلام النبلاء، ط٣، مؤسسةالرسالة ،بيروت ،لبنان.
١٤-الزمخشری ،ابی قاسم جارالله محمود بن عمر بن احمد (ت ٥٣٨ هـ) ،(١٩٩٨)، اساس البلاغة، ط١،تحقيق محمد باسلعيون،السود،دارالكتب العلمية،بيروت،لبنان.
١٥-العسكري ،أبو هلال الحسن بن عبد الله بن سهل بن سعيد بن يحيى بن مهران (ت ٣٩٥ك)،(١٤٠٨ك)، الأوائل، ط١،دارالبشير، طنطا،مصر.
١٦-الفاخوری، حنا: الجامع فی التاريخ العربی ، الادب القديم ، ،ط١، دارالجبل ، بيروت ،لبنان ،١٩٨٦.
١٧-القيرواني ،أبو إسحاق إبراهيم بن علي الحصري (ت٤٥٣ك) ،ب،س، زهر الآداب وثمر الألباب ، ط٤, مفصل بقلم الدكتور زكي مبارك, ج١،دار الجيل، بيروت، لبنان.
١٨-النص، احسان ،(١٩٦٥) ،الخطابية السياسية فی عصر بنی امية ، بەبێ ژمارەی چاپ ،دارالفكر ،دمشق .
١٩-امين، احمد،(٢٠١١)،فجرالاسلام ،،ط٢،مؤسسة هنداوی،القاهرة،مصر
٢٠-بوقرة ،نعمان،(٢٠٠٩)، المصطلحات الاساسية فی لسانيات النص و تحليل الخطاب،ط١،عمان.
٢١-بن رشد، ابو الوليد (٥٩٥هـ) ،(١٩٦٧)،تلخيص الخطابة،ج١،تحقيق وشرح حد سليم سالم،القاهرة،مصر.
٢٢-حسين ،طه و اخرون ،(٢٠١٦)، التوجيه الادبی،ط١، بيروت،لبنان.
٢٣-ديورانت، ويليام جيمس (ت ١٩٨١) ،(١٩٨٨)،قصةالحضارة، و، د.زكی نجيب محمود واخرون، ط١،دار الجبل ،بيروت"لبنان.
٢٤-شلبی ،عبدالجليل عبده،(١٩٨١)،الخطابة و اعداد الخطيب.ج١،دار الشروق، القاهره ، مصر.
٢٥-شوقی ضيف : تاريخ الادب العربی،ج٢(العصر الاسلامی) ،ط٧، دار المعارف ، مصر ، القاهره،١٩٦٣.
٢٦-صفوت, أحمد زكي,(ب.س),جمهرة خطب العرب في عصور العربية الزاهرة،ط١، ج, ٢المكتبة العلمية، بيروت،لبنان.
٢٧-ضيف ،شوقی،(١٩٨٣)، الفن و مذاهبه ،ط١٠،دارالمعارف ، القاهرة.
٢٨-طارق محمد السويدان،فن الالقاء الرائع،ط٣، ٢٠٠٤.
٢٩-طاليس ،ارسطو،(١٩٨٠)،الخطابة،وعبدالرحمن البدوی، ب.ط،دارالرشيد،بغداد.
٣٠-عكاشة ،محمود،(٢٠٠٥)،لغة الخطاب السياسی ،ط١، دارنشر للجامعات ، القاهرة،مصر.
٣١-فياض ،نقولا ،(٢٠١٢)، الخطابة ، ب.ط، مؤسسة هنداوی ، القاهرة،مصر .
٣٢-محفوظ، علی(١٩٨٤)، فن الخطابة و اعداد الخطيب ، ب.ط ،دار الاعتصام ،مصر.

٣٣-محمد، اسماعيل على،(٢٠١٦)،فن الخطابة ومهارات الخطيب،ط٥ ،قاهرة، مصر.
٣٤-نواب الدين ،عبدالرب،(١٩٩٢)، الدراسة النظرية للخطابة ، ط١، دارالعاصمة ،الرياض، السعودية.

نامه زانستی یه‌کان

٣٥-ابا علال ،مولود، (٢٠٢٠-٢٠٢١)، الخطابة السياسية فى القرنين الاول والثانى الهجريين –مقاربة تداولية- (اطروحة دكتورا) ،جامعة احمد دراية ادرار ،الجزائر.
٣٦- ابا علال، مولود،(٢٠١٦-٢٠١٧)، اللسانيات التداولية و نظام الخطابة، (رسالة ماجستير) ،جامعة جيلالى ليابس، سيدى بلعباس، جەزائير .
٣٧- احلام ،عوان،(٢٠١٠-٢٠١١)،فن الخطابة السياسية فى العصر الاموى، (رسالة ماجستير) ،جامعة العربى بن مهيدى، ام البواقى، جەزائير.
٣٨-الخوالدة ،محمد احمد ضاعن ،(٢٠١٥-٢٠١٦)، تطور الخطابة فى ظل التنافس السياسى فى العصر الاموى ، (رسالة ماجستير) ،جامعة فيلادلفيا ، عمان ، الاردن.
٣٩-العزام ،طارق محمد فضله، (٢٠٠٢)،الخطاب الاموى (٤٠-١٣٢/٦٦٠-٧٥٠z) (اطروحة دكتورا) ،جامعة الاردنية ،عمان ،الاردن
٤٠- المرى، عبدالله على جابر،(٢٠١١-٢٠١٢)، الخطابة عند الفاروق ،رسالة ماجستير، جامعة الشرق الاوسط .
٤١- بحار, سمية, (٢٠١١-٢٠١٢),اسلوبية الالتفات فى الخطابة الاموية (الخطبة البتراء لزياد بن ابيه أنموذجا، (رسالة ماجستير) ،جامعة بن مهيدى،ام البواقي ، الجزائر.
٤٢-بوبلوطة ,حسين,(٢٠١٧-٢٠١٨).الخطابة العربية فى العصر الاموى بين المقصدية والتاويل مقاربة تداولية ، اطروحة دكتورا، جامعة الحاج لخضرياتنة، الجزائر.
٤٣- خان ،فوزية عباس،(١٩٨١) ، الخطابة فى العصر الاسلامى (رسالة ماجستير) ،جامعة ،ام القرى ، مكةالمكرمة، السعودية .

مناره، گرنگی و بایەخی لە شارستانیەتی ئیسلامی دا

إكرام شيروان حسين[1]، زريان سالار حمەعارف[2]
[2,1]بەشی شوێنەوار، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Ikram.hussein@univsul.edu.iq

پوختە:
مناره بە گرنگترین و بەرچاوترین پێکهاتەی بیناسازی مزگەوت دادەنرێت، لە دەستپێکی شارستانیەتی ئیسلامی دا و لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) وەکو پێکهاتەیەکی بیناسازی بوونیان نەبووە، بە هۆکاری سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی و سادەیی شێوازی بیناسازی موسڵمانان لە سەرەتای سەدەی یەکەمی کۆچی دا، دوای فتوحات و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە دەرەوەی نیوەدورگەی عەرەبی بەتایبەت لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب، و تێکەڵاوبوون و ئاشنابوونی موسڵمانان بە شارستانیەتە گەورەکانی ئەو سەردەمە، وەک: ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی مەسیحی و ساسانی زەردەشتی و بوزی و هیندۆسەکان لە هیند و خۆرهەڵاتی دوور، وای کرد هەریەك لەم شارستانیەتانە بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری دروست بکەن لەسەر موسڵمانان بە تایبەتی لە بواری بیناسازی دا، کاتێك بینیان کەنیسە و پەرستگاکانی شام و دەوروبەری بورجیان بۆ دروستکراوە وەکو هۆیەکی ئاگادارکردنەوە بەکاریان دەهێنن بۆ کۆکردنەوەی شوێنکەوتەکانیان و ئەنجامدانی پەرستشەکانیان، لەمەوە موسڵمانانیش فیکرەکەیان گواستەوە ناو شارستانیەتەکەیان و مناره‌کانیان وەکو پێکهاتەیەکی گرنگی بیناسازی لە مزگەوتەکانیاندا دروستکرد و لەسەریانەوە بانگ بێژەکان بانگیان دەدا و کاتی نوێژە بە کۆمەڵەکانیان بەبیر موسڵمانان دەهێنایەوە، هەروەها بۆ جاڕدانیش بۆ کاتی شەڕ و جیهاد و هێرشی دوژمن یان ڕووداوێکی پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵگەی شار و لادێکانەوە بەکاردەهاتن.
وشە کلیلییەکان: مناره، مزگەوت، بیناسازی، شارستانیەتی ئیسلامی، کەرپوچ.

الملخص:
تعتبر المئذنة من أهم وأبرز الهياكل العمارية للمساجد، ولم تكن موجودة في بداية الحضارة الإسلامية في عهد النبي (ﷺ)، بسبب الإنشغال في نشر الدعوة الإسلامية وبساطة العمارة الإسلامية في أوائل القرن الأول الهجري، بعد الفتوحات الإسلامية الواسعة في عهد عمر بن الخطاب، واختلاط المسلمين بالمجتمعات المسيحية و الزرادشتية و المجتمعات الاخرى، وتعرف المسلمين على الحضارات العصر العظيمة، وتشمل هذه: الرومان المسيحيين، والفرس الزرادشتيين، والبوذيين و الهندوس في الهند و اقصى الشرق، كان لكل من هذه الحضارات تأثير على المسلمين، وخاصة في مجال الهندسة العمارية، عندما رأوكنائس الشام ذات الأبراج العالية حيث تعلق بها اجراس واستخدموها كوسيلة لتنبة و لجمع أتباعهم للصلاة و أداء عباداتهم او الاعلان عن موت احد افراد مجتمعهم، ومن هذا المنطلق نقل المسلمون الفكرة إلى حضارتهم وقاموا ببناء المئذنة كهيكل عماري هام في مساجدهم، ومنها ذهب المؤذن لتذكير المسلمين بوقت صلاة الجماعة.
الكلمات المفاتحية: المئذنة، المسجد، العمارة، الحضارة الإسلامية، الطابوق.

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
DOI Link	http://doi.org/10.32410/huj-10454
ڕێکەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٧ | ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٤ | ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	ikram.hussein@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	©٢٠٢٣ إكرام شيروان حسين، پ.ی.د.زريان سالار حمەعارف، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

Abstract:

Islamic minaret is considered one of the most important and prominent architectural structures in mosques, and it did not exist at the beginning of Islamic civilization during the era of the Prophet (peace be upon him) because of the preoccupation with spreading the Islamic call/Da'wa and the simplicity of Islamic architecture in the early first century H., after the extensive Islamic conquests in the reign of Omar Ibn Al-Khattab. When the Muslims met the Christian and Zoroastrian and other societies, they were getting acquainted with the great civilizations of this period, including the Christian Romans, the Zoroastrian Persians, the Buddhists, and the Hindus in India and the Far East. Each of these civilizations had an impact on Muslims, especially in the field of architecture. When the Muslims saw the churches of the Levant with high towers, where bells were hung, they used it as a means to call and gather their followers to pray and perform their worship or announce the death of a member of their community. Also, the Muslims built minarets inside or beside the mosques to call the Muslims and remind them of the time of prayers.

Keywords: Minaret, Mosque, Architectural, Islamic civilization, Brick

پێشەکی:

مناره بریتیه له بورجێك یاخود قولەیەکی بەرز، یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی بیناسازی ئایینی لە بیناسازی ئیسلامدا، دوای بنیاتنانی مزگەوتەکان بیناکراون، پێکهاتەی مناره بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە: (بنکە وبناغە،بەدەن لاشە، دەرگا، بالکۆن، گومەز قادرمەو، هەوا کێش پەنجەرە ونەخش و زەخرەفەی جوانکاری ...)، هەڵکەوتەی جوگرافیا و کەرەستەی بیناسازی و پێشکەوتنی هونەری بیناسازی ... کاریگەریان هەبووە لەسەر شێوازی دروستکردنیان بە گوێرەی سەردەمەکان و ناوچەکان، کەرپووچ(خشتی سورەوە کراو) یان بەرد پاڵپشت بە گەچ یان قسڵ بەکارهاتوون لەبیناکردنیان،هەروەها ڕووپۆشکردنیان بە گیراوەی شوشەی ڕەنگاو ڕەنگ بەشێوەی سیرامیک، لە سەرەتادا تەنها مەبەست لە دروست کردنیان بریتی بووە لە ئاگادارکردنەوەی موسڵمانان و پابەندبوون بەکاتەکانی نوێژکردنی بە کۆمەڵ لەمزگەوتدا، بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی کات وفراوان بوونی شارە ئیسلامیەکان و پێشکەوتنی بواری بیناسازی لە شارستانیەتی ئیسلامی دا تەنها لەو چوارچێوەیەدا نەمایەوە، بوون بە ڕەمز و سومبولی شاری موسڵمانان، هەندێك گەورە شاری مێژووی وەکو قاهیرە کە بە شاری منارەکان ناسراوە، وەک دیمشق لەسوریا و شاری سوسە لە وڵاتی تونس، بەهۆی زۆری و جۆراوجۆری شێوازی منارەکان تیایاندا.

مەبەست لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی ڕۆڵ و بایەخی بنیاتنانی منارەیە وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی و گرنگ و دیار لە مزگەوتەکاندا، هاوشان بەدیارخستن و گەڕان بە دوای ئەو پرسیارەی کە: ئایا بۆچی مناره لە شارستانیەتی ئیسلامی دا لە دوای بنیاتنانیانەوە سەردەم لەدوای سەردەم ڕۆڵ و بایەخیان زیاتر بوو، لە ئەرك و وەزیفەیەکەوە کە پێکهاتەیەکی بیناسازی ئاسایی مزگەوتەکان بوون و تەنها بۆ ئەوە بەکاربهێنرێن بانگیان لەسەر بدرێت هەنگاو بنێن بەرەو ئەوەی ببنە ڕەمز و ناسنامەو سومبولی ناوچەکان و بە شێوەیەکی وردی ئەندازەیی بنیاتبنرێن؟.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە تەنها باسی مناره نەکراوە وەکو پێکهاتەیەکی بیناسازی مزگەوت لە شارستانیەتی ئیسلامی دا، بەڵکو باس لە فیکرەی سەرهەڵدانیان، مێژووی بنیاتنانیان، ئامانج چیە لە بنیاتنانیان، گرنگی و بایەخیان، ڕۆڵ و کاریگەریان، و باسکردنی ئەو دەستەواژە جیاوازانەی بەپێی هەڵکەوتەی ناوچەی پێی وتراوە .

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە: پوختە، پێشەکی، شەش تەوەرە: تەوەرەی یەکەم (سەرەتای دەرکەوتنی مناره)، تەوەرەی دووەم (بۆچوونەکان دەربارەی یەکەم مناره لە شارستانیەتی ئیسلامی دا)، تەوەرەی سێیەم (گرنگی و بایەخی بنیاتنانی منارەکان لە بیناسازی مزگەوتەکاندا)، تەوەرەی چوارەم (گرنگترین ئەو زاراوانەی بەکارهاتوون بۆ منارەکان لە شارستانیەتی ئیسلامی دا)، تەوەرەی پێنجەم (شێوازە (الطراز) جۆر بە جۆرەکانی مناره لە شارستانیەتی ئیسلامی دا)، تەوەرەی شەشەم (گرنگترین پێکهاتە بیناسازییەکانی منارەکان)، لەگەڵ دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان.

تەوەرەی یەکەم / سەرەتای دەرکەوتنی مناره:

پاش ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوەڵانی بەرێزی لە مەککەوە کۆچیان کرد بۆ شاری مەدینە، و پاش دروستکردنی مزگەوت و برایەتی نێوان کۆچکەران و پشتیوانان (أنصار والمهاجرین) و فەرزبوونی نوێژ و زەکات و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان، بیر لەوە کرایەوە کە چۆن موسڵمانان بانگبکرێن و کۆبکرێنەوە لە مزگەوتدا بۆ ئەنجامدانی نوێژە بە کۆمەڵەکان، بۆ ئەم مەبەستە هەندێك لە هاوەڵانی بەرێز پێیان باش بوو هاوشێوەی یەهوودییەکان (بوق) بەکاربهێنن بۆ کۆکردنەوەی موسڵمانان، هەندێکی تریان پێیان باش بوو هاوشێوەی مەسیحییەکان ئامێری (ناقوس) جەرەس (زەنگ)بەکاربهێنن (إبن هشام، ١٩٩٥، ص ١٣٥)، چونکە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام یەهودیی و مەسیحییەکان بورجی کەنیسەکانیان بەکاردەهێنا بۆ ئاگادارکردنەوە (البرادوستي، ٢٠٢٢، ص ٤٣)،شوێنەوارناس و مێژوونووسان بۆچونیان وایە بورجی کەنیسە و پەرستگاکان هۆکاری سەرهەڵدانی فیکرەی مناره بوون لە شارستانیەتی ئیسلامی دا (محمود، ٢٠١٣، ص ٤).

ئیبن هیشام لە کتێبە تایبەتەکەیدا دەربارەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس لەوە دەکات: کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوەڵانی لەم گفتوگۆیەدا بوون هاوەڵی بەرێز (عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی کوڕی سەعلەبە) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکرێت من پێشنیارێک بکەم لەسەر ئەو بابەتە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ فەرموو، وتی: لە خەومدا کەسێك هاتە لام و فێری کردم بڵێم: (ألله أكبر، ألله أكبر، ألله أكبر ألله أكبر، أشهد أن لا اله إلا الله، أشهد أن لا اله إلا الله، أشهد أن محمدا رسول الله، أشهد أن محمدا رسول الله، حی علی الصلاة، حی علی الصلاة، حی علی الفلاح، حی علی الفلاح، ألله أكبر، ألله أكبر، لا اله الا الله)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (إنها لرؤيا حق إن شاء الله، فقم مع بلال فألقها عليه فليؤذن بها فإنه أندى صوتاً منك)، واتە: بە ڕاستی ئەمە خەوێکی ڕاستە بە ویستی خوای گەورە، ئادەی

بیلال هەستە و بە دەنگە بەرز و زوڵاڵەکەت بانگمان بۆ بدە)، پاش ئەوەی بیلال دەستی کرد بە بانگدان، (عومەری کوڕی خەتاب) لە ماڵی خۆی گوێی لێبوو و هاتە دەرەوە و چووە خزمەتی پێغەمبەری خوا و (ﷺ) فەرمووی: (والذي بعثك بالحق لقد رأيت مثل الذي رأى) واتە: سوێند بەو زاتەی تۆی ناردووە بە حەق منیش بە ڕاستی هەموو ئەوەم بینی کە بینراوە)، مەبەستی ئەو خەوە بووە کە (عەبدوڵڵای کوڕی زەید) بینیویەتی و لە خەویدا فێری بانگ کراوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: سوپاس بۆ خوای گەورە (إبن هشام، ١٩٩٥، ص ١٣٦).

هەندێك لە مێژوونووسان پێیان وایە شێوازی بیناسازی مزگەوت لەژێر کاریگەری کەنیسەو پەرستگاکانی مەسیحییەکاندا دروست کراون ، یاخود کاریگەری پەرستگای ساسانی (معبدالنار) دروستکراون، ڕۆژهەڵاتناسەکانیش بۆچوونیان وایە مزگەوتی ئومەوییەکان لە دیمەشق کە بنەڕتدا کەنیسەبووە بەناوی (قدیس یوحنا) لەبەشی باکوری ئەم کەنیسەیە دا بورجێکی چوارگۆشەیی هەبووە، دوای گۆڕینی بۆ مزگەوت کاری گەری هونەری بیناسازی مەسیحی لەسەر مزگەوتوو مناره کە بۆیەکەم جار بیرۆکەی مناره‌لەسەردەمی ئومەیەکان سەری هەڵدا لەمزگەوتدا، ئەم ڕەگەزە بیناسازیە بە گوێرە پێشکەوتنی سەردەمەکان گۆرانی بەسەردا هاتووە تاوای لێهات مۆرکی بیناسازی ئیسلامی وەر بگرێت (طرشاوي، ٢٠٠٧، ص ١٠).

بەڵام کاتێك باس لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە شاری مەدینە دەکەین یەکەم مزگەوت بوو بیناکرا، نازانرێت کاریگەری هونەری بیناسازی چ شارستانیەتێکی لەسەربووە، دروستکردنی ئەو مزگەوتە و سەرجەم مزگەوتە سەرەتاییەکانی شارستانیەتی ئیسلامی، بە مزگەوتەکانی (کوفە و بەصرە)شەوە (طرشاوي، ٢٠٠٧، ص ١٢). بۆچوون وایە: بیناسازی مزگەوتەکان داهێنانی موسڵمانان خۆیانە، لە سەرەتادا زۆر بە سادەیی دروستدەکران، بەڵام پاشان بە پێی تێپەڕبوونی زەمەن و پێشکەوتنی هونەری بیناسازی ئەویش پێشکەوتنی بە خۆوە بینی و لەسەر جۆرەها شێواز بیناده‌کران و چەندەها داهێنانی هونەری بیناسازی تێدا ڕووی داوە کە وەرگیرابوون لە شارستانیەتەکانی پێش خۆی مۆرکی تایبەتییان پێ بەخشرا کە هاوتا بێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی شەریعەتی ئیسلامی (طرشاوي، ٢٠٠٧، ص ١٣). سەبارەت بە مناره‌کانیش کە شێواز و تایبەتمەندییەکی جیاوازیان بەخشییە مزگەوتەکان و بوونە ڕەگەزێکی گرنگ لە بیناسازی ئایینی لە شارستانیەتی ئیسلامی دا ، لەسەرەتای بانگەوازدا و پاش کۆچ یەکەم هەنگاوی شارستانی کە نرا بریتی بوو لە دروستکردنی مزگەوت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای لە هاوەڵی بەڕێز بیلالی کوڕی ڕەباح (بیلالی حەبەشی) کرد کە هەستێت و بە دەنگە بەرز و زوڵاڵەکەی بانگ بدات (إبن هشام، ١٩٩٥، ص ١٣٥-١٣٦)، لە سەرەتای ئیسلامەوە تاوەکو وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگبێژەکان دەچوونە سەر بانی مزگەوت یان شوێنێکی بەرزی نزیکی مزگەوت بۆ بانگدان (النعيمي، ١٩٨٨، ص ٢٨٥)، بۆچوونێکیش ئاماژە بەوە دەکات شوێنێکی بەرز هەبووە لە ماڵی (حەفصەی کچی عومەری کوڕی خەتاب) کە ڕوانیویەتی بەسەر مزگەوتەکەدا (واتە لە بینای مزگەوتەکە بەرزتر بووە) یاخود شوێنێ بەرز دیاری بکەن وەك سەربانی مزگەوت یان سەربانی ماڵەکانی دەوروبەری کە بەرزتر بوون لە مزگەوتی مەدینە، باس لەوە کراوە کە سەرەتا سەقفی مزگەوتی مەدینە لە حەسیری دارخورما دروستکرابوو، (رزق، ٢٠٠٠، ص ٣٠٧).

مێژوونووس (مەقریزی) کە لە سەدەکانی (٨-٩ ك) ژیاوە، پێی وایە بیلال لەسەر بانی مزگەوتەکە بانگی داوە، چونکە لەوکات و ساتەدا هیچ شێوازێکی بیناسازی مناره بوونی نەبووە، وە پێی وایە یەکەم شێوازی بیناسازی مناره لە سەردەمی خەلافەتی ئومەوییەکان و بە دیاریکراوی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان دا (٤١ - ٦٠ ك) مناره دروستکراوە، ئەویش پاش ئەوەی فەرمانی کردووە بە عەمری کوڕی عاص والی مصر چوار مناره لە هەر چوار زاویەی مزگەوتی فسطاط (مزگەوتی عەمری کوڕی عاص) دروست بکات، بۆ ئەوەی بانگبێژەکان بانگیان لەسەر بدەن (المقريزي، ١٩٩٧، ص ٨٣١).

گەریدەی موسڵمان ئیبن بەتوتە (م: ١٣٦٩ز) دەڵێت: پاش ئەوەی ئومەوییەکان ناوەندی خەلافەتیان گواستەوە بۆ دیمەشق، خەلیفەکانیان دەستیان کرد بە بنیاتنانی مزگەوتی گەورە و فراوان و شکۆدار کە کەمتر نەبێت لە پەرستگا و کڵێساکانی مەسیحییەکان، و دەیانڕازاندنەوە بە مناره‌ی بەرز و هەیوانی گەورە و پایەی بەرز و میحرابی فراوان و نەخش و زەخرەفەی ئیسلامی (إبن بطوطة، ١٣٧٠، ص ١٢٤). وەک مزگەوتی گەورەی ئومەوی لە شام.

بۆچوونێك پێی وایە دروستکردنی مناره پێش سەردەمی ئومەوییەکان باو نەبووە، فیکرەی دروستکردن و شێوازەکەشی پەیوەندی بە بورجی پەرستگاکانی شامەوە هەبوو (علام، ١٣٨٢، ص ٢٤). بۆچون وایە کارزان و بیناسازەکانی سەردەمی ئومەوی سودیان وەرگرتوە لە بیرۆکەی بورجی کڵێساکانی شام دروستیان کردوونەتەوە وە بەکاریانهێناون بە گۆڕانکارییەوە ،کە گونجاو بووە لەگەڵ بیناسازی ئیسلامی.

تەوەرەی دووەم/

بۆچوونەکان دەربارەی سەرهەڵدانی یەکەم مناره لە بیناسازی ئایینی لە ئیسلامدا و شێوەی مناره سەرەتاییەکان:

سەبارەت بە بنەچە و مێژووی مناره و چۆنیەتی بەرەو پێشچوونی چەند بۆچوونێکی جیاواز هەن لە نێوان مێژوونووسان دا لەوانە: (مەقریزی و ئیدریسی و طبری و ... تاد) هاوڕان لەسەر ئەوەی کە لە سەرەتای ئایینی پیرۆزی ئیسلام و سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هیچ شێوازێکی بیناسازی لە مزگەوتدا بە ناوی مناره بوونی نەبووە، بانگبێژەکانیش بۆ بانگدان چوونەتە شوێنێکی بەرز لە نزیك مزگەوت یاخود سەربانی مزگەوتەکە و بانگیان فەرمووە، پاش ئازادکردنی شاری مەککەش لە ساڵی (٨ ك) بانگبێژەکان دەچوونە سەر کەعبەی پیرۆز و بانگیان دەفەرموو، چونکە مزگەوتەکان لەوکاتەدا شوێنێکی تایبەتیان نەبووە بۆ بانگدان (golvin, 1960, p 52) (رزق، ٢٠٠٠، ص ٣٠٧).

هەندێك لە مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەكەن منارەی مزگەوتی عومەری كوڕی خەتاب لە ناوچەی (دومة الجندل) لە باكوری وڵاتی سعودیە یەكەم منارەی مزگەوتە بنیاتنرابێت لە شارستانیەتی ئیسلامی دا، ئەویش پاش ئەوەی عومەر لەو ناوچەوە لە ساڵی (١٦ك) بەرەو (بیت المقدس) تێدەپەڕێت فەرمان دەكات مزگەوتێك دروست بكرێت بۆ خوداپەرستی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە، پاش دروستكردنی مزگەوتەكەش منارەیەكی بۆ دروست دەكرێت بۆ ئەوەی بانگی لەسەر بدرێت، هەرچەندە نزیكەی (١٤) سەدە بەسەر دروستكردنی ئەم منارەیەدا تێپەڕیوە، بەڵام تاوەكو ئێستەش پارێزگاری لە پێكهاتە بیناسازییەكانی كراوە و ماوەتەوە (طرشاوي، ٢٠٠٧، ص ١٤)، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١).

شوێنی ئەم منارەیە دەكەوێتە گۆشەی باشوری ڕۆژئاوای مزگەوتەكە لە دیواری ڕووگە (قیبلە)، بنكەكەی چوارگۆشەییە و درێژی هەر لایەكی (٣ م)ە، شێوەی قوچەكییە (المخروطية) (واتە لە خوارەوە تاوەكو بەرەوە سەرەوە بڕۆیت بەدەنەكەی بچوكتر دەبێتەوە)، لە بەشی ناوەوەیدا پلیكانەیەكی لولپێچی بە ئاراستەی پێچەوانەی میلی كاتژمێر دروستكراوە ، بەرزییەكەی (١٢,٧ سم) و لە بەردی ناوچەكە مزگەوت و منارەكەش دروستكراون (المعيقل، ١٩٩٤، ص ٢٠٤)، دواتر لە سەردەمی ئومەوییەكاندا بیناسازی منارەكان بە تەواوی دەركەوتن وپەرەیان پێدرا،هەرچەندە زۆرێك لە مێژوونووسان و شارەزایان پێیان وایە مێژووی دروستكردنی یەكەم منارەی مزگەوت لە شارستانیەتی ئیسلامی دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەردەمە، بەڵام سەبارەت بە یەكەمین منارە لە كوێ بووە و لە چ ساڵێكدا دوستكراوە ڕا جیایی زۆر هەیە لە نێوان توێژەراندا.

وێنەی ژمارە (١)
منارەی مزگەوتی عومەر

البلاذري (م: ٢٧٩ك / ٩٨٢ز) لە كتێبەكەیدا (فتوح البلدان) دەڵێت: یەكەم منارە كە دروستكراوە لە شارستانیەتی ئیسلامی دا بریتی بووە لە منارەی مزگەوتی بەصرە (الجامع البصرة)، لە ساڵی (٤٥ك/٦٦٥ز) دروستكراوە لەلایەن والی شارەكەوە زیادی كوڕی ئەبیە بە فەرمانی خەلیفە موعاویەی كوڕی ئەبو سوفیان (البلاذري، ١٩٥٧، ص ٣٥٥-٣٥٦).

ئەمە بۆچوونی زۆرێك لە مێژوونووسانە كە پێیان وایە منارەی مزگەوتی بەصرە یەكەم منارەیە دروست كرابێت لە شارستانیەتی ئیسلامی و تەنانەت جەزیرەی عەرەبیدا، شاری بەصرە و مزگەوتەكەشی لە سەردەمی خەلافەتی عومەری كوڕی خەتاب دا دروستكراوە، بەڵام لە ساڵی (٤٥ ك/٦٦٥ز) پاش ئەوەی مزگەوتەكە نۆژەندەكرێتەوە ئەم منارەیەی لە كەرپوچ و قسڵ (الآجر والجص) بۆ دروست دەكرێت (الخصاونة، ٢٠٠١، ص ٥٨).

هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسانیش پێیان وایە چوار منارەكەی مزگەوتی (عەمری كوڕی عاص) لە شاری فسطاط یەكەمین منارەی بنیاتنراون لە شارستانیەتی ئیسلامی دا، لە ساڵی (٥٣ ك/ ٦٧٢ ز) بە فەرمانی (موعاویەی كوڕی ئەبو سوفیان) داوای لە والی شاری فسطاط (مسلمەی كوڕی مخلد) كرد بەدروستكردنی (طرشاوي، ٢٠٠٧، ص ١٤).

(بلحاج طرشاوی) ئاماژە بەوە دەكات لەناو لێكۆڵەران و مێژوونووسان دا ڕای تر هەیە كە پێیان وایە دەركەوتنی یەكەم منارە لە شارستانیەتی ئیسلامی دا دەگەڕێتەوە بۆ چوار منارەكەی مزگەوتی ئومەوی لە دیمەشق، ئەم منارانە پێشتر بورجی كەنیسەكە بوون و پاش ئازادكردنی شارەكە كەنیسەی بەناوبانگی شارەكەش كراوەتە مزگەوت و بورجەكانیشی وەكو منارە بەكارهاتوون، تەنانەت پێیان وایە ئەم شێوازە لە بیناسازی منارە گوازراوەتەوە بۆ ناوچەكانی باكوری ئەفریقا و وڵاتانی دیكەی ئیسلامی و چاویان لێكراوە، زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان هاوڕان لەگەڵ ئەم بۆچوونەن (السراج، ٢٠١٢، ص ٢٦)، (حجازي حسن علي طراوة) پێی وایە: بە هیچ جۆرێك نە لە مزگەوتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) وە لە نە لە شوێنی تر باسی منارە نەكراوە تاوەكو لە ساڵی (٨٨ ك / ٧٠٦ ز) بە فەرمانی خەلیفەی ئومەوی (وەلیدی كوڕی عەبدولمەلیك) (٨٦ - ٩٦ ك/٧٠٥ - ٧١٥ ز) بورجەكانی كەنیسەكە كراونەتە منارە و بوونەتە یەكەمین شێوازی منارە لە سەردەمی ئیسلامدا، پاش ئەم منارانە لە ساڵی (٩١ ك/ ٧١٠ز) لە سەردەمی (وەلیدی كوڕی عەبدولمەلیك)دا كاتێك (عومەری كوڕی عەبدولعەزیز) والی شاری

مەدینە بوو، هەڵدەستێت بە نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بۆ یەکەمجار چەند منارەیەکی بۆ دروست دەکات، واتە تاوەکو کۆتایی سەدەی یەکی کۆچی ئەم مزگەوتە هیچ منارەیەکی نەبووە (طراوة، ٢٠٠٨، ص ٢١٤-٢١٥).

نوسەر (جنیفەر سکێرس - Jennifer M. Scarce) لە کتێبەکەیدا (کولتووری شارنشینی لە شارەکانی ڕۆژهەڵات) ئاماژە بەوە دەکات: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز چوار منارەی لە هەر چوار لای مزگەوتەکەدا دروست کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی یەکێك لە منارەکان بەسەر ماڵی (مەروانی کوڕی حەکەم)دا دەیڕوانی فەرمانی دەرکرد بە ڕووخاندنی بۆ ئەوەی حەیاو حورمەتی ماڵی مەروان پارێزراوبێت، لە بیناسازی ئیسلامیدا گرنگی زۆر دراوە بە پارێزگاریکردن لە حەرەمی خێزانی و نەبەزاندنی سنوری دراوسیەتی، ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لە هونەری بیناسازی ئیسلامدا و ڕەچاوی ئەو بابەتە بە تەواوی کراوە، بۆ نمونە پەنجەرە و دیواری حەوشەکانیان بڵند بووە، و نەیان هێشتووە دوکان و بازاڕەکان لەنێو ماڵەکاندا دروستبکرێن (سکێرس، ٢٠١٢، ل ٢٢).

لە سەردەمی فەرمانڕەوا (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك)دا لە ساڵی (٩٦ ك/٧١٥ ز) والی فەلەستین (سلێمانی کوڕی عەبدولمەلیك)ی برای لە شاری (ڕەملە) منارەیەك دروست دەکات بۆ مزگەوتی ئەو شارە (الخصاونة، ٢٠٠١، ص ٥٨) (البرادوستي، ٢٠٢٢، ص ٤٧)، ئەم منارانەی باسمان کردن سەرجەمیان دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی یەکی کۆچی، کەواتە زۆربەی سەرچاوەکان ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە بنیاتنانی یەکەمین منارە لە شارستانیەتی ئیسلامی دا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلافەتی ئومەوی (٤١-١٣٢ ك/٦٦٢-٧٥٠ ز) (ئومەوی ئەندەلوس (١٣٨-٨٩٧ ك/ ٧٥٦-١٤٩٢ ز). منارەکانی سەردەمی ئومەوی شێوە چوارگۆشەیی بوون، هاوشێوەی بورجی کەنیسە و پەرستگاکان، تاوەکو ئێستەش لە مەغریب و ئەندەلوس ئەم شێوازە ماوەتەوە، لەوانە: منارەکانی مزگەوتی قەیرەوان لە تونس و مزگەوتی قورتوبە و ئیشبیلیە لە ئەندەلوس، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٢).

ئەمەش لە بنەڕەتدا لە شێوازی بورجی کەنیسەکانەوە وەرگیراون، یاخود هەمان ئەو بورجانە بوون کە پاش ئازادکردنی ناوچەکان کەنیسەکان کراونەتە مزگەوت و بورجەکانیشیان بە هەندێك گۆڕانکارییەوە کراونەتە منارە، کۆنترین منارەی ئەو سەردەمەکە تا ئێستا ماوەتەوە بریتییە لە منارەی مزگەوتی گەورەی قەیرەوان (جامع عقبة بن نافع)، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمان ڕەوا هیشامی کوڕی عەبدول مەلیك (١٠٥ ك) (عمید، ١٩٨٩، ص ١١٠) (الحافظ، ٢٠٠٥، ص ٩١).

وێنەکانی ژمارە (٢)
منارەکانی مزگەوتی (قەیرەوان لە تونس - قورتوبە و ئیشبیلیە لە ئەندەلوس)



ئەم شێوازە لە بیناسازی منارەك لە سەردەمی ئومەوی بەردەوام نەبوو، بەڵکو دوای وەرگرتنی جلەوی دەسەڵات لەلایەن عەباسییەکانەوە لە ساڵی (١٣٢ ك/٧٥٠ ز)، گۆڕانکاری بیناسازی سەری هەڵدا و شێوازی منارەی لولپێچی (الحلزونية) وەکو منارەی (الملوية) لە سامەڕا و منارەی مزگەوتی (ئەحمەدی کوڕی تۆڵۆن) لە مصر کە یەکێکە لە کۆنترین منارەکان لە شارستانیەتی ئیسلامی دا و لەژێر کاریگەری منارەی ملویەدا دروستکراوە پەیدا بوون (مصطفى، ٢٠١٢، ص ٢٣). هەرچەندە مێژوونووسان پێیان وایە ئەم شێوازە لە منارەی لولپێچی لەژێر کاریگەری فارسەکان و لەوانەوە وەرگیراوە، جگە لەوە لە وڵاتێکی وەکو مصر جۆرەها شێواز لە منارە بنیاتنراون و شێوەیەکی جێگیر بوونی نەبووە، لولەیی و لولپێچی و چوارلایی و هەشت لایی دروستکراون (طرشاوي، ٢٠٠٧، ١٠)، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٣).

وێنەکانی ژمارە (٣)
منارەکانی (الملوية) لە سامەڕا و مزگەوتی (ئەحمەدی کوڕی تۆڵۆن) لە مصر



کاتێك خەلیفەی دەیەمی عەباسی (المتوكل على الله) (٢٣٢-٢٤٧ك/٨٤٧-٨٦١ز) مزگەوتە فراوانەکەی لە سامەڕا دروست کرد لە نێوان ساڵانی (٢٣٤ - ٢٣٧ ك/ ٨٤٨ -٨٥٢ز) منارەیەکیشی لە دەرەوەی مزگەوتەکە بە دووری (٢٧ م) لەبەشی باشوری مزگەوتەکە بیناکرد، بەرزیەکەی (٥٠ م)، شێوەی هەرەمییە (المخروطية) و پلیکانەی پێچاوپێچە بەدەوردا دەسوڕێتەوە بە ئاراستەی پێچەوانەی میلی کاتژمێر، شێوازێکی تایبەتی هەیە و جیاوازە لە منارەکانی تری شارستانیەتی ئیسلامی، لە کەرەپوچ دروستکراوە و بە هۆکاری بەهێزی و پتەوی تاوەکو ئێستە ماوەتەوە، چیرۆکی (الملوية) لە سامەڕا کۆتایی نایەت، بەڵکو (ئەحمەدی کوڕی تۆڵۆن) والی عەباسی لە فسطاط لە مصر، مزگەوتێکی دروست کرد لە نێوان ساڵانی (٢٦٣ - ٢٦٥ ك/ ٨٧٦ - ٨٧٩ ز)، توانی شێوازی بیناسازی منارەی ملویە بگوازێتەوە بۆ ئەو شارە و لە مزگەوتەکەیدا هاوشێوەی دووبارە بکاتەوە، بەڵام لە گەورەیی و بەرزیدا ناگاتە ملویەی سامەڕا (الباشا، ١٩٩٩، ص ٢٢٨). بەرەو پێشچوون لە زەخرەفە و شێوازی بنیاتنانی منارەکاندا بەردەوامی هەبوو، چەندین شێوەی لولەیی کۆتایی هاتوو بە شێوە قەڵەمی دروستکران لە ناوچەکانی ئێران و تورکیا (طرشاوي، ٢٠٠٧، ص ١٤).

لە وڵاتی ئێران لەسەرەتادا منارەکان شێوە هەشت لایی بوون، پاشان شێوە لولەییش بڵاوبوویەوە لە سەدەی (١١ ز)دا، و بە زەخرەفەی ئەندازەیی و قاشانی دەڕازێندرانەوە لەسەر هەمان ئەو کەرەپوچانەی کە منارەکەیان لێ دروست دەکرا، و لاکانی کۆتاییان دەهات بە زەخرەفەی موقەرنەصات.

لە سەدەی (١٥ ز) بیرۆکەی دوو منارەیی لە مەدخەلی مزگەوتەکاندا سەری هەڵدا لە وڵاتی ئێران وزۆربەی مزگەوتە گەورەکانی ئەو ناوچەیە دوو منارەیان بۆ دروستکرا، بەڵام منارەکان سادە و خاڵی بوون لە پێکهاتە بیناسازییەکانی وەك بەش بەش و پەنجەرە (طبقات و النوافذ) (عبدالأمير، ٢٠١٠، ص ٥٥١).

لە وڵاتی هیندستانیش لە سەرەتادا مزگەوتەکان بێ منارە بوون، یەکەم شێوەو شکڵی منارەش کە پەیدا بوو لەم وڵاتە بریتی بوو لە لولەیی بەرز و تەسك، و بە بالکۆن (الشرفات) دەرازێندرانەوە، پاشان لە سەدەی (٥ ز) بە دواوە منارەکان کەوتنە ژێر کاریگەری شێوازی ئێرانییەوە، یەکێك لە جوانترین منارەکان لە هندی کۆن بریتییە لە (قطب منار) لە مزگەوتی (قوة الإسلام) لە نزیك (دەهلی) پایتەخت، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (١٣ز)، لە پاش منارەی (الجیرالدا) لە ئیشبیلیە درێژترین منارەیە لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی دا (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤).

وێنەی ژمارە (٤)
منارەی مزگەوتی قوة الإسلام (قطب منار) لە هندستان



لە ئاسیای ناوەڕاستیشدا بە هەمان شێوە منارەکان بە گشتی بریتی بوون لە شێوە لولەیی بەرز و کۆتایی هاتوو بە شێوە هەرەمی (المخروطية) (عبدالأمير، ٢٠١٠، ص ٥٥١) (خلف، ٢٠١٨، ص ٤٣٠).
لە سەردەمانی دواتردا شکڵ و شێوە و بیناسازی منارەکان گەشەی زیاتریان کرد، بۆ نمونە لە وڵاتی عێراق لە ڕووی هونەری و بیناسازییەوە نزیك بوون لە منارەکانی ئێران، بەتایبەت لە سەردەمی سلجوقییەکان دا (٤٤٧ - ٥٩٠ ك / ١٠٥٥ - ١١٩٤ ز) پاش ئەوەی ڕوویان کردە عێراق و لە ناوچەی موصڵ نیشتەجێ بوون (النمري، ١٩٩٧، ص ٧٥).

له سەردەمی ئەتابەکییەکانیشدا (٥٢١ - ٦١٩ ك/ ١١٢٧ - ١٢٢٢ز) مناره‌کان له ڕووی بیناسازی و زەخرەفەوە زیاتر یەك شێوە و شێوازیان وەرگرت، لەوانە: مناره‌کانی (مظفرية، داقوق، شەنگال، حەدبا..تاد)، ئەم منارانە لە ڕووی شێوە و زەخرەفەوە لێکچوون، بنکەکانیان هەشت لایی و بەدەنەکەیان لولەییە، و لە ناوەوەش پلیکانەی لولپێچییان بۆ دروستکراوە (النمري، ١٩٩٧، ص ٧٥)، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٥).

وێنەکانی ژمارە (٥)

مناره‌کانی (شەنگال، حەدبا، مظفریە(چۆڵی)، داقوق)

له سەردەمی عوسمانییەکانیشدا، مناره‌کانی ئەم سەردەمە یەك شێوازیان وەرگرت ئەویش بریتی بوو له شێوە لولەیی باریك و کۆتاییان دەهات بە شێوەی نوکی پێنوسێك، ئەمەش وەکو باسکراوە ئاماژەیە بۆ تاك و تەنهایی خوای گەورە.

له ناوەڕاستی سەدەی (١٤ ز)ـەوە شێوازی مناره‌کان له شارستانیەتی ئیسلامی دا گۆڕانکاری بەرچاویان بەسەردا هات، شێوازی مناره‌ی قاهیرەیی (تێکەڵاو) پەرەی سەند، هاوشان لەگەڵ زیادبوونی بنیاتنانی بیناسازی مزگەوتەکان ژمارەی مناره‌کانیش زیاد بوون. لەو سەردەمەدا کە چڕی دانیشتوانی شارەکان زیادی کرد فەرمانڕەوا مەملوکییەکان کێبرکێیان دەکرد بۆ دروستکردنی مزگەوت و قوتابخانە و خانەقا کە

هەریەکەیان بە یەك یان چەند منارەیەك ڕازێندرابوونەوە، شێوازی فاتمی زاڵ بوو بەسەر منارەکانی ئەوسەردەمە کە ئەوانیش سودیان لە شێوازی جوان و ڕازاوەی مەغریبی وەرگرتبوو، بنکەکەیان چوارگۆشە و ڕازێندراوە بە نەخش و زەخرەفەی گوڵ و ئەندازەیی و موقەرنەصات ... تاد (صالح، وآخرون، ٢٠١٨، ص ٧١١-٧١٢). لە ساڵی (١٩٣٠ ز) نمونەیەکی دیکەی شێوازی منارە لە قاهیرە دەرکەوت، کە لە بەرد دروستکرابوون، لەوانە منارەی (باب زویلة)، کە یەکێکن لەو چەند منارانەی لە قاهیرەدا بەناوبانگن، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦).

وێنەی ژمارە (٦) منارەکانی (باب زویلة) لە قاهرە



بیناسازە مەملوکییەکان تەنها گرنگیان بە نەخش و کەرەستەی بەکارهاتوو نەدەدا لە دروستکردنی منارەکاندا، بەڵکو هەوڵی ئەوەیاندەدا کە تەرزی بیناسازی منارەیان هەبێت تایبەت بەسەردەمی خۆیان جیاواز لەوانەی پێش خۆیان، گرنگییەکی زۆریان دەدا بە دیزاین و ڕازاندنەوەی ڕووی منارەکان،

لە ڕازاندنەوەدا سیستەمی ڕەنگی یەك لە دوای یەکیان بەکاردەهێنا، بۆ نمونە بەردێکی ڕەش و دانەیەکی سور ... تاد، ئەم شێوازە جوانکارییە لە سەردەمی مەمالیکەکان و پاش ئەوانیش لە میصر و شام بەکارهێنراوە پێی دەوترا (سنج معشقة)(صالح، وآخرون، ٢٠١٨، ص ٧١٢).

دروستکردنی منارە لە ئێران و ئەفغانستان و ئەنادۆڵ لە سەردەمی دەسەڵاتی سەلجوقی دا جۆرێك لە هاوشێوە بوون هەبوو لە دروستکردنیاندا، بەدەنی لولەیی یان شێوە لولپێچی زاڵ بوو بەسەر تەرزی ئەم منارانەدا.

عوسمانییەکان دوای هاتنە سەر تەختی دەسەڵات لە ئەنادۆڵ و پێشڕەویان بەرەو ڕۆژئاوا شێوازێکی نوێی تەرزی منارە پەیدا بوو بڵاوبوویەوە بە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە لەژێر قەڵەم ڕەوی عوسمانیەکاندا بوو، تاوەکو ئێستاش ئەم شێوازە بوونی ماوە و بە شێوازی عوسمانی ناسراوە (صالح، وآخرون، ٢٠١٨، ص ٧١٢). ئەوەی جێی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کاتێك عوسمانییەکان شاری قوستەنتینیەیان فەتح کرد و چوونە ناوی لە ساڵی (٨٥٧ ك / ١٤٥٣ ز) یەکێك لە سەرەتاییترین کارەکانیان بریتی بوو لە زیادکردنی چوار منارە لە دەوری کەنیسەی (کاتدرائی) هاگیان سۆفیا تاوەکو سیمای کلێسەی نەمێنێت.

منارەکانی ئەو سەردەمە بەوە دەناسرێنەوە کە باریك و درێژن و کۆتاییان هاتووە بە نوکێکی تیژ (المدبب) هاوشێوەی قەڵەم ڕەصاص، ئەمەش وەکو ئاماژەیەکە بۆ یەکبوون و وەحدانیەتی خودای گەورە، هەروەها زۆربەی مزگەوتەکانی ئەم سەردەمە زیاتر لە منارەیەکیان هەیە بە تایبەتی لە ئەنادۆڵ کە زۆربەی مزگەوتەکان لە هەر چوارلای دیوارەکانی مزگەوتەکە منارەیان هەبوو، وەك مزگەوتی (سلێمانیە) و (سوڵتان ئەحمەد) ناسراوە بە مزگەوتی شین، زۆربەی منارەکانی شێوازی عوسمانی لە چوار بەش پێك دێن، باڵکۆنی لولەیی بچوکیان هەیە و بەشێکیان لە بەشێکی دیکە جاکردووەتەوە و بە مقرنصات بەهێزکراون و ڕازێندراونەتەوە (صالح، وآخرون، ٢٠١٨، ص ٧١٢).

تەوەرەی سێیەم/ گرنگی و بایەخی دروستکردنی مناره له بیناسازی مزگەوتدا:

له سەرەتای بیناسازی ئیسلامی دا مزگەوتەکان بێ مناره بوون، بەڵام دواتر به هۆکاری گەشەکردنی بواری بیناسازی و تێکەڵبوونی موسڵمانان لەگەڵ نەتەوەکانی تر و ئاشنا بوون به شێوازی بیناسازی نوێ، فیکرەی بنیاتنانی منارەش سەری هەڵدا له مزگەوتەکاندا، بوونه ناسنامەی بیناسازی ئیسلامی، لەسەرەتادا له شکڵ و شێوەدا زۆر سادە بوون، له گۆشەیەک له گۆشەکانی مزگەوت دروستدەکران تاوەکو بانگبێژەکان (المؤذنین) بچنه سەریان و بانگ بدەن، بەرزییەکەیان هۆکار بوو بۆ ئەوەی دەنگی بانگەکه بگاته تەواوی دەوروبەری مزگەوت، هەروەها بوونه هێماو ڕەمزی ئاینی به تایبەتی له بیناسازی ئیسلامی دا، جگه لەوە هێمای ئاوەدانی و بۆ بانگەواز و دیاریکردنی مانگی ڕەمەزان سودیان لێوەردەگیرا، و دەتوانرێت وەکو بەڵگەیەکیش ئاماژەیان پێبکرێت بۆ پێکەوتنی بیناسازی ئیسلامی. به تێپەڕبوونی کات له ڕووی ئەندازەیی و شکڵ و شێوەوە پێشکەوتنیان بەخۆوە بینی و بەدەر له ئەرکەکەی، بوونه هێما و ڕەمزی مزگەوتەکان، تەنانەت وای لێهات شارێکی وەکو قاهیرە زۆرترین شێوازی منارەی مزگەوتی تێدا بنیاتبنرێت و به مۆزەخانەی منارەکان بناسرێت (عبدالأمیر، ٢٠١٠، ص ٥٥٠).

نوسەری ئەمریکی (Jonathan Blum-جوناثان بلوم) پێی وایه منارەکان هێماو ڕەمزی ئایینی ئیسلامه، بەڵام ئەم هێمایه یەك فۆرم و یەك شێوەی نەبووە، به درێژایی شارستانیەتی ئیسلامی و دابەشبونی جوگرافی خاکی موسڵمانان فۆرمی بیناسازی منارەکانیش هەمەجۆر بووە (أم بلوم، ١٣٩٣، ص ١٢٣).

بیناسازی به گشتی کۆکراوەی دوانەی ناسراوی (ماددی و مەعنەوی)ین، بیناسازی ئیسلامیش لەسەر ئەو بنەمایەی که بەسەرکەوتوویی توانیویەتی واقیعیەتی عەقڵیەتی ئیسلامی تێیدا به وردی ڕەنگبداتەوە و ناسنامەیەك به کۆمەڵێك تایبەتمەندییەوە به خۆی جیگیر بکات، بیناسازی موسڵمان توانی داهێنەرانه ئەو بیناسازییە ئیسلامییەی هەڵیبژاردووە بیباته ناو دونیای جوانییەوە، چونکه جوانی سیفەتێکی ڕەها بووە لایان، هەر ئەمه وای کردووە بیناسازی موسڵمان له هونەری ئیسلامیدا پێگەیەکی دیاری هەبووە(عبدالأمیر، ٢٠١٠، ص ٥٥٢).

بیناسازە موسڵمانەکان سەرکەوتنی بیناسازییان بەدەستهێنا پاش ئەوەی توانییان شوێنێکی تایبەت بۆ بانگبێژەکان له مزگەوتەکاندا بنیاتبنێن و دەنگی بانگبێژەکان بەرز بکەنەوە بەسەر هەموو دەنگەکانی تر و زیندوویەك بدەن به بیناسازییەکەیان (عبدالأمیر، ٢٠١٠، ص ٥٥٢).

مناره بیرۆکەی فراوانکردنی مەودای ئەو دەنگه ڕۆحییە بوو که بۆ بانگ کردنی موسڵمانان بەکاردەهات بۆ ئەنجامدانی فەریزەیەکی خودایی که نوێژە، ناوەڕۆکی بیرۆکەکه لەوەوە سەرچاوەی گرتووە که بانگبێژ له زەوییەوە بەرزتر بێت تاوەکو دەنگی زیاتر بڕوات و بواری بیستنەکەی فراوانتر بێت و زیاتر بڵاوبێتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکه بۆ فەرمایشتی خوای گەورە: (فِي بُيُوتٍ أَذِنَ اللهُ أَن تُرفَعَ وَيُذكَرَ فِيهَا اسمُهُو يُسَبِحُ لَهُ فِيهَا بِالغُدُوِ وَالأَصَالِ)(سورة النور، الاية: ٣٦)، واته: (ئەو نورەش دەستدەکەوێت لەچەند ماڵێکدا (کەمزگەوتەکانن)، خوا فەرمانیداوە دروستبکرێن و بەرزبکرێنەوە و ناوی پیرۆزی ئەویان تیادا ببرێت له بەیانیان و ئێواراندا) (أمین، ٢٠١٦، ل ٧٠٨).

تەوەرەی چوارەم/ گرنگترین زاراوە و ئەو شوێنانەی بانگیان لەسەر دراوە له سەرەتای ئیسلام دا:

له شارستانیەتی ئیسلامیدا به پێی هەڵکەوتەی جوگرافی خاکی موسڵمانان کۆمەڵێك زاراوەی مێژووویی و شوێنەواری بەکارهاتوون بۆناوی مناره، له دیارترینیان: (المنارة، المئذنة، الصومعة، الأسطوان، الزوراء، المطمار، العساس ...) (عمید، ١٩٨٩، ص ١١٠)، له ناوچەکانی مەغریبی عەرەبی و ئەندەلوس زاراوەی (الصومعة) بەکاردەهێنرێت، له ئەنادۆڵ و ئێران و عێراق و هەرێمی کوردستانیش (المنارة) بەکاردەهێنرێت، له جەزیرەی عەرەبیش زاراوەی (المئذنة) بەکاردێت، زاراوەکانی تریش له سەدەی یەکەمی کۆچیدا له جەزیرەی عەرەبیدا بەکارهاتوون (وزيري، ٢٠٠٤، ص ١٤٤)، لێرەدا هەوڵ دەدەین هەریەك لەم زاراوانەی ئاماژەمان پێکردن تیشك بخەینه سەریان و بیانناسێنین:

١/ الأسطوان: یەکەم بانگبێژی ئیسلام (بیلالی حەبەشی) سەرەتا لەسەر بانی ماڵی ئافرەتێك له هۆزی نەجار بانگی دەدا، پاشان دەچووە شوێنێکی بەرزی شێوە لولەیی (الأسطواني) لەسەر بانی ماڵی دایکی ئیمانداران خاتوو حەفصەی کچی عومەری کوڕی خەتاب، هەروەها ڕیوایەت کراوە که لەسەر بانی ماڵی عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش به هەمان شێوە لەسەر شێوە لولەییەك له بەشی ڕووگەی مزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی فەرمووە (طراد، و الصقور، ٢٠١٦، ص ٣١٥).

٢/ الزوراء: له سەردەمی ئەبوبەکری صدیق و عومەری کوڕی خەتاب دا گەشەیەکی کەمی کرد، بەڵام له سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان دا شوێنێکی بەرز دیاریکرا بۆ بانگدان بەناوی (الزوراء)، الزوراء له شوێنێك بوو نزیك بازاڕی شاری مەدینه، مەبەست لەمەش ئەوەبوو که زۆرترین خەڵك بانگەکه ببیستن، گرنگی لەوەدابوو که بۆ یەکەمجار شوێنێکی تایبەت بنیاتنرا بۆ بانگبێژەکان که جیا بوو له بینای مزگەوت و تایبەت بوو به بانگدان (عزب، ٢٠١٢، ص ٢٦٧).

مێژوونووسی مەغریبی شێخ (عەبدولحەی کەتانی) له کتێبەکەیدا (نظام الحكومة النبوية المسمى التراتيب الإدارية) دەڵێت: له سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان دا لەبەرئەوەی خەڵك زۆر بوو بانگی سێیەمی لەسەر شوێنێکی بەرز زیاد کرد له ڕۆژی هەینی که وەکو وتراوە هێندەی مناره بەرز بووە (الكتاني، ٢٠١٤، ص ١٢٧).

٣/ المطمار: بریتی بوو له سەکۆیەکی شێوە چوارگۆشەیی بەرزی پلەپلەدار، به تایبەت بەکاردەهات بۆ بانگدان، نمونەیەکی له وڵاتی ئوردن دۆزراوەتەوە که لێکنرابوو به بەشی باشوری مزگەوتی (قصر الحلابات)، مێژوونووسان پێیان وایە (المطمار) بەردەوام بووە تاوەکو سەرەتای دەسەڵاتی ئومەوی (Bisheh, G, 2000, p 70).

٤/ الصومعة: صومعه وەرگیراوە له ناوی بورجی پەرستەکان، یان بورجی پاراستن و ئاگاداری له قەڵای ڕۆمانییەکان، یاخود له بورجی کەنیسەی مەسیحییەکان، مێژوونوسان و شارەزایان به هەموویان وتووە (الصومعة)، دانیشتوانی مەغریبی عەرەبی له جیاتی بەکارهێنانی مناره زاراوەی (الصومعة)یان بەکارهێناوە، تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنن، به واتایەکی تر زۆرترین بەکارهێنەری زمانەوانی هەیە له باکووری کیشوەری ئەفریقا، لەوانەشە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە که تاوەکو ئێستا شێوەی منارەکانی ئەو ناوچانە لەسەر شێوەی بورجە کۆنەکانی پێش ئیسلامن، که شێوەیان چوارگۆشەیی بەرز و گەورە و بەهێزن (السراج، ٢٠١٢، ص ٢٩) (خلف، ٢٠١٨، ص ٤٢٣-٤٢٤).

نوسەری کتێبی (المآذن المصریه، نظرة عامة عن أصلها وتطورها ...) ئاماژە بەوە دەکات پرۆفیسۆر (جاستۆن ڤیت) لە توێژینەوەیەکیدا لەسەر زاراوەی صومعه پێی وایە: "دەکرێت ئەم زاراوەیە بۆ جۆرێکی تایبەت لە منارە بەکارهاتبێت" (محمود، ٢٠١٣، ص ٣)، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە زانای جوگرافیناسی ئەندەلوسی ئیبن جوبەیر (م: ٦١٤ ك) زاراوەی صومعەی بەکاریهێناوە بۆ وەسفکردنی پەیکەری (ئەبولهۆل) لە ناوچەی جیزەی وڵاتی مصر، هەروەها بەکاریهێناوە بۆ وەسفکردنی گومەزێك (قبة) لەبەرئەوەی بەرز بووە، هەروەها پێی وایە هۆکاری بەکارهێنانی وشەی صومعه بۆ منارەی مزگەوتەکان لەلایەن موسڵمانەکانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکەمین منارەکان بنیاتنراون لەم ناوچانە شێوەیان چوارگۆشەیی بووە لەسەر شێوە و شکڵی بورجەکانی پەرستگا و کەنیسەکانی شام، کە دواتر ئەم شێوە لە ناوچەی شامەوە گوازرایەوە بۆ مصر و مەغریبی عەرەبی و ئەندەلوس (محمود، ٢٠١٣، ص ٥).

(الصومعة) بە بەراورد لەگەڵ زاراوەکانی پێشووتر کە باسمان کردن بەربڵاوتر بەکارهێنراوە لە شارستانیەتی ئیسلامی دا، لە هەندێك نوسیندا ئاماژە بەوەکراوە صوامعەکان لە شکڵ و شێوە و قەبارەدا لە بورجەکان نزیکتر بوون، بەراورد بە منارەکان کە بچوکتر و نزمتر بوون (طراد، و الصقور، ٢٠١٦، ص ٣١٦).

لە زمانەوانیدا: لە کرداری (صمع)ەوە وەرگیراوە و لەسەر وەزنی (فوعله)یە، وە لە بنچینەدا وشەیەکی سریانییە، وە (الصمع) بە واتای بەرزی هاتووە، پێش هاتنی ئایینی ئیسلام صومعه بینایەکی بەرزی تایبەت بووە بە ڕاهیبەکان، (شبوح، ١٩٩٩، ص ٧١١).

هەروەها خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا باسی سەومعەی کردووە دەفەرموێت: (وَلَولَا دَفعُ اللهِ النَاسَ بَعضَهُم بِبَعضٍ لَهُدِمَت صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذكَرُ فِيهَا اسمُ اللهِ كَثِيرا)(سورة الحج، الايه:٤٠). واتە: (خۆ ئەگەر خوا خەڵکی نەدا بە یەکداو حەق دژی بەتاڵ نەوەستێت، هەرچی شوێنی خواپەرستی جولەکەو مەسیحی هەیە لە خەڵوەتگەو کڵێساو کەنیسە، هەروەها مزگەوتەکانیش کە ناوی خوای زۆر تێدا دەبرێت هەمووی کاو دەکرێت) (أمین، ٢٠١٦، ل ٦٧٤).

٢٦- الطبري ، محمد بن جرير، ١٩٩٤. تفسير الطبري، من كتابه جامع البيان عن تأويل أي القران ط. الأولى. الناشر: مؤسسة الرسالة. بيروت.

٢٧- عبدالرحمن ، د. إسماعيل عبدالرحمن ، ٢٠٠٥. مفاهيم ونظم اقتصادية، د.ط ، الناشر دار وائل، عمان.

٢٨- الغفيلي، عبدالله بن منصور ٢٠٠٩. نوازل الزكاة «دراسة فقهية تأصيلية لمستجدات الزكاة» ط. الأولى، الناشر: دار الميمان للنشر والتوزيع، الرياض - المملكة العربية السعودية.

٢٩- الفنجري ، محمد شوقي ،١٩٩٤ الوجيز في الاقتصاد الإسلامي، ، ط. الأولى . الناشر دار الشروق ، القاهرة.
٣٠-القرداغي ، د.علي محي الدين ٢٠٠٥. إنتاج حكم الاستثمار في الأسهم مع تطبيق عملي على سوق الدوحة للأوراق المالية، الدكتور ، ط. مطابع الدوحة الحديثة . دولة قطر.
٣١- القرداغي، ٢٠١٠ د. علي محي الدين ، حقيبة طالب العلم الاقتصادية، المدخل إلى الاقتصاد الإسلامي ، الكتاب الثاني الجزء الثاني، ط الأولى، شركة دار البشائر الإسلامية للطبع والنشر، بيروت.
٣٢- القرداغي ، د.علي محي الدين ،٢٠١٠. المقدمة في منهج الفقه الإسلامي للاجتهاد والبحث في القضايا المعاصرة في ضوء الثوابت والمتغيرات والمقاصد العامة ، الكتاب الأول ، ط الأولى، الناشر: دار البشائر الإسلامية، بيروت.
٣٣- القلعجي، محمد رواس ١٩٨٨. معجم لغة الفقهاء ، ط. الثانية الناشر: دار النفائس للطباعة والنشر والتوزيع.
٣٤-مسالمة، معتز عبدالله ، دت، المشكلة الاقتصاديَّة بين الاقتصاد الإسلاميِّ والاقتصاد الوضعيِّ أوجه الاختلاف، وأوجه الاتِّفاق. مشروع تخرج لمرحلة الماجيستير، قسم الاقتصاد والمصارف الإسلاميَّة، جامعة اليرموك، الأردن.
٣٥ مؤسسة وشان للصحافة والنشر،٢٠١٩. العلامة الشيخ د. علي القرداغي صوت الإصلاح والتجديد والإحسان، ط الأولى، لندن.
٣٦-النجار ، عبدالهادي ،١٩٧٨ . الإسلام و الاقتصاد ، مجلة عالم المعرفة، العدد ٦٣، يناير ١٩٧٨. الصفحة ١٠.
٣٧- يسري ،د. عبدالرحمن ١٩٧٩ تطور الفكر الاقتصادي. ط. دار الجامعات المصرية، الإسكندرية.
٣٨-سنن أبي داود: سليمان بن الأشعث الأزدي السجستاني، تحقيق: شعيب الأرناؤوط؛ محمد كامل، ط١، ١٤٣٠هـ-٢٠٠٩م، دار الرسالة العالمية، بيروت.

مصادر المواقع الألكترونية:

١- المعجم الوسيط ٢٠٠٤، منقولا من موقع ويكي فقه، الموسوعة الحوزوية: (https://ar.wikifeqh.ir)
٢--القرداغي ، د.علي محي الدين .٢٠٠٩ مقاصد الشريعة في الاقتصاد الإسلامي، دراسة فقهية. المصدر: الموقع الرسمي للدكتور علي محي الدين القرداغي.(https://alqaradaghi.com/)
٣-معجم موقع المعاني (موقع الكتروني) https://www.almaany.com
٤- موقع (Arabi٢١)موقع رسمي.

مقابلات و حوارات:

١-جريدة ئاوينة الكوردية-عدد (٢٢١) تأريخ النشر (٢٠١٠/٤/٢٧) السليمانية، إقليم كوردستان العراق.
٢-(شهادة للتأريخ.. من قرداغ إلى أزهر، ثم إلى دوحة) حوار مطول مع فضيلة الدكتور علي محي الدين القرداغي انتاج المكتب الإعلامي للدكتور علي القرداغي ، سنة ٢٠١٢.
٤-مقابلة للباحث مع الدكتور علي محي الدين القرداغي في مدينه السليمانية بتاريخ ٢٠٢٢/٣/٢٧

خەمڵاندنی ئاوی سەر زەوی لە ئاوزێڵی سیوەیل

ئالان بکر عبدالله[1]، خلیل کریم محمد[2]
[1,2] بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: alan.bakr@univsul.edu.iq

پوختە
ئەم توێژینەوەیە لە زانستی هایدرۆلۆجیادا کراوە و شیکردنەوەی بۆ تایبەتمەندییە هایدرۆلۆجییەکانی ئاوزێڵی سیوەیل کردووە، پشت بەست بە فایلی مۆدێلی بەرزونزمی ژمارەیی(DEM12.5m)ی ئاوزێڵی سیوەیل، بەکارهێنانی پرۆگرامی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS) و نەخشەی تایبەت بەتایبەتمەندی هایدرۆلۆجی و بەکارهێنانی زەوی، پشت بەست بە میتۆدی ژمارەی چەماوەی پاراستنی خاک(Soil conservation service)، لەم ڕێگەیەوە هەریەکە لە بەها تایبەتمەندەکانی سیستەمی(SCS-CN) بۆ ئاوزێڵی سەرەکی و لاوەکییەکان دۆزراوەتەوە، ئاوزێڵی سیوەیل دەکەوێتە ناوچەی پێچ ئاڵۆزەکانی باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، کەوتووەتە نێوان هەردووبازنەی پانی(=٢٥ -٣٤ °٣٥ – ٣٣ c -٥٥ °٣٥)ی باکور و دوو هێڵی درێژی(=٠١ -٢٦ °٤٥ – -٤٩ -٢٠ °٤٦)ی خۆرهەڵات، پلەبەندی ڕێڕەوی سەرەکی لە ئاوزێڵەکە دەگاتە پلەی شەشەم و ڕووبەرەکەی (١٥٤٥کم٢)یە و ، بەگشتی درێژی ئاوزێڵەکە (٨٢.٦کم)ە و ناوەندی پانییەکەشی(١٨.٧٠کم)یە، هەروەها بەرزترین خاڵی ئاوزێڵەکە (٢٧٧٠م)ە لە باکوری ناوچەی لێکۆڵینەوە، نزمترین خاڵیش دەکەوێتە ئاوەڕێژگەی ئاوزێڵەکەوە بە بەرزی (٨١٦م)ە لەئاستی ڕووی دەریاوە، ئامانج لەم توێژینەوەیە خەمڵاندنی ئاوی سەر زەوی و شیکردنەوەی تایبەتمەندییە هایدرۆلۆجییەکانی ئاوزێڵە سەرەکی و لاوەکییەکانە بە مەبەستی هەڵسەنگانی قەبارەی لەبەرڕۆشتنی ئاو. ناوچەی توێژینەوە لە(١١ ئاوزێڵ)ی لاوەکی پێکهاتووە، تایبەتمەندییە هایدرۆلۆجییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر قەبارەی ئاودەرکردن و کۆبوونەوەی ئاو هەیە، لەپاش هەڵسەنگاندنی تایبەتمەندییە هایدرۆلۆجییەکان، ئەو ئاوزێڵانەی ڕووبەرێکی فراوانیان هەیە، دەوڵەمەندن بەدەرامەتی ئاو و بەپێی هاوکێشەی(بیرکلی) خەمڵاندنی قەبارەی لەبەرڕۆشتنی ئاوی ساڵانە لە ئاوزێڵی سیوەیل(١,١١٣ملیار/م٣)یە و تێکڕای ئاودەرکردنی ساڵانە لە ماوەی (٢٠١٢-٢٠١٥) (٦.٦٩م٣/چرکە)بووە.
ووشە کلیلیەکان:(ئاوزێڵی سیوەیل، هایدرۆلۆجیا، SCS – CN)

الملخص
أجريت هذه الدراسة في مجال الهيدرولوجيا قام الباحث من خلالها بتحليل الخصائص الهيدرولوجية لمياه حوض سيويل، اعتماد على ملف نموذج الارتفاعات الرقمية(DEM١٢,٥m) لمنطقة الدراسة ، و استخدام برنامج نظم المعلومات الجغرافية، كما لجأ الباحث الى طريقة صيانة التربة الامريكية و رقم المنحنى بغية الحصول على حجم المياه الجارية خلال السنة وبهذه الطريقة، تقع بين دائرتي العرض (=٢٥ -٣٤ °٣٥ – =٣٣ ؤ٥٥ °٣٥) شمالآ وخطي طول (=٠١ -٢٦ °٤٥ – =٤٩ -٢٠ °٤٦) شرقآ، مراتب القنوات المائية لحوض سيويل تبلغ (٦) ست مراتب في مساحة قدرها نحو(١٥٤٥ كم ٢)ويبلغ طوله(٨٢,٦ كم) وعرضه(١٨,٧٠ كم) وأعلى نقطة في الحوض(٢٧٧٠ م) في شمال المنطقة. تقع أدنى نقطة في منطقة الدراسة على ارتفاع(٨١٦ م)فوق مستوى سطح البحر، الهدف من هذه الدراسة هو تحليل الخصائص الهيدرولوجية لحوض سيويل الرئيسية والاحواض الثانوية من أجل تخمين تدفق المياه فيه. توجد في منطقة الدراسة(١١ حوضا)مائياً ثانويا. الخصائص الهيدرولوجية لهذه الاحواض لها تأثير مباشر على كمية تراكم المياه. استخلصت الدراسة بان الاحواض ذات مساحات كبيرة بالموارد المائية و يبلغ حجم المياه السنوية المتوقعة في حوض سيويل الرئيس((١,١١٣ مليار / م ٣) و بلغ متوسط التصريف السنوي خلال الفترة(٢٠١٢-٢٠١٥) (٦,٦٩م ٣ / ثانية).
الكلمات المفتاحية: (حوض سيويل، الهيدرولوجيا، SCS - CN)

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
DOI Link	http://doi.org/10.32410/huj-10458
ڕێککەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٧ | ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/١٩ | ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	alan.bakr@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاو کردنەوە	©٢٠٢٣ ئالان بکر عبدالله، پ.ی.د.خلیل کریم محمد ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

Ab-

s t r a c t

This study was conducted in the field of hydrology, through which the researcher analysed the hydrological characteristics of the waters of the Sewell Basin, depending on the file of the digital elevation model (DEM12.5m) for the study area, and the use of the hydrological GIS program to find the morphometric characteristics affecting the hydrology of the region. The researcher also resorted to a method Conservation of American soils and curve number In order to obtain the volume of running water during the year and in this way, it lies between two latitudes(35o 34- 29= - 35o 55- 23=)N and two longitudes (45o 26- 01= - 46o 20- 49=)to the east, the water channels of the Sewell Basin are six (6) ranks in an area of about (1545 km2), its length is (82.6 km) and its width is (18.70 km), and the highest point in the basin is (2770 m) in the north of the region. The lowest point in the study area is located at an altitude of (816 m) above sea level. The objective of this study is to analyses the hydrological characteristics of the main Sewell Basin and the secondary basins in order to estimate the water flow in it. There are 11 secondary water basins in the study area. The hydrological characteristics of these basins have a direct impact on the amount of water accumulation. The study concluded that the basins have large areas of water resources, and the expected annual water volume in the main Sewell Basin (1.113 billion / m3), and the average annual irrigation during the period (2012-2015) was (6.69 m 3 / sec).

Key words: (Sewell, Catchment Area, SCS-CN)

ڕێشەکی

خەملاندنی ئاوی سەرزەوی یەکێکە لە کردارە هایدرۆلۆجییە لە پرۆسەی پلاندانان بۆ بەڕێوەبردنی دەرامەتی ئاو ، بەو پێیەی کە پەیوەندی بە ژیانی ئێستاو داهاتووە هەیە، ئەم پرۆسەیە وەك ڕەهەندێکی سیاسی و ئابوری لێی دەڕوانرێت، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی شارەکاندا خواست لەسەر دەرامەتی ئاوی تا دێت ڕوو لە زیادبوون دەکات، ئەمەش پێویستی بە توێژینەوەی زانستی هەیە، بۆ چۆنیەتی کۆکردنەوەی ئاوی باران، و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی لافاو و هەڵسەنگاندنی خەملاندنی دەرامەتی ئاوی، تا بتوانرێت دروێنە بکرێت و لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاربهێنرێت.

ئەم توێژینەوەیە لە بواری هایدرۆلۆجیا ئەنجام دراوە بە بەکارهێنانی بەرنامەی سیستەمی زانیاریە جوگرافییەکان(GIS) و پاڵپشت بە وێنەی ئاسمانی و فایلی مۆدێلی بەرز و نزمی ژمارەیی بە ووردی(DEM12.5m)ی ناوچەکە و جێبەجێ کردنی میتۆدی(SCS – CN)، بۆ خەملاندنی ئاوی ڕۆشتووی ناوچەکە، بەهۆی ئەوەی کە، وێستگەی هایدرۆمەتری لەسەر نیە بۆ پێوانەکردنی بڕی لەبەررۆشتنی ئاو، بۆیە ڕێگای بیرکاری بەکاردەهێنرێت کە پەیوەستە بە خەملاندنی قەبارەی ئاوی ڕێکردوو لەڕێگای زانینی بڕی باران و تایبەتمەندی مۆرفۆمەتری ئاوزێلەکەوە، ئەم شێوازە یەکێکە لە گرنگترین شێواز و ڕێگاکان کە بەکاردێت بۆ خەملاندنی ئاوی ڕێکردوو لە توێژینەوەکانی هایدرۆلۆجیدا، نموونە بەناوبانگەکەی ئەم مۆدێلە لەلایەن بەشی پاراستنی خاکەوە پەرەی پێدراوە(Service Soil Conservation)کە بە شێوازی وەزارەتی کشتوکاڵ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناسراوە و بە کورتی ناوی لێنراوە(SCS – CN).

گرفتی توێژینەوە:

گرفتی سەرەکی توێژینەوە لەچەند پرسیارێکدا دەخەینەڕوو:

١.ئایا ژینگەی سروشتی ناوچەی لێکۆڵینەوە، تا چەند کاریگەری لەسەر تایبەتمەندییە هایدرۆلۆجییەکان هەیە؟
٢.ئایا بڕی داهاتی ئاوی پێوانەکراو و خەملێنراوی ساڵانەی ئاوزێلی سیوەیل چەندە؟
٣.ئایا قەبارەی ئاولەبەررۆشتن لە ئاوزێلەکەدا چەندە؟

گریمانەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پشت بەم گریمانانە دەبەستێت وەك وەڵامێکی پێشوەختەی گرفتی توێژینەوەکە:

١.ژینگەی سروشتی ناوچەی لێکۆڵینەوە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر قەبارە و ئاستی ئاودەرکردن لە ئاوزێلە سەرەکی و لاوەکییەکاندا هەیە.
٢.تایبەتمەندی هایدرۆلۆجی ناوچەی لێکۆڵینەوە کاریگەری بەرچاوی لەسەر ئاستی لافاو و قەبارەی لەبەررۆشتنی ئاو هەیە.
٣.ئاوزێلی سیوەیل، قەبارەی ئاودەرکردنی ساڵانەی بەرزە و لە ژێر کاریگەری بڕی باران دا دەگۆڕێت.

ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە، خستنەڕوی تایبەتمەندییە هایدرۆلۆجییەکانی ناوچەکەیە و قەبارەی ئاو لەبەررۆشتن و داهاتی ئاوی ساڵانەیە، بەمەبەستی دەرخستی مەترسی ڕوودانی لافاو و دیاریکردنی دەرامەتی ئاوی، چونکە ناوچەکە دەکەوێتە ناوچە شێدارەکانەوە و بڕی بارانی ساڵانەی زۆرە، کە دەتوانرێت سودی لێ وەربگیرێت وەك داهاتێکی دڵنیای و پێویست بۆ ئەو شار و پرۆژانەی نزیك ئاوزێلەکەن.

گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە خەملاندنی بڕی ئاولەبەررۆشتنی ساڵانەدایە، چونکە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە ناوچەیەکی شێدار دادەنرێت و دەتوانێت ئاو بۆ ناوچەکانی دەروروبەری دابین بکات.

میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا، پشت بەستراوە بە فایلی مۆدێلی بەرزونزمی ژمارەیی بەووردی(DEM١٢,٥m)ی ناوچەی لێکۆڵینەوە و سیستەمی زانیارییە جۆگرافییەکان (GIS)، لەرێگەی هاوکێشە بیرکاریەکانەوە تایبەتمەندیە هایدرۆلۆجیەکان وەگیراوە و پاشان میتۆدی وەسفی بەکارهێنراوە بۆ خوێندنەوەی ئاوزێلەکەمان و دواتر لە رێگەی شیکاری ناوەرۆك، شیکردنەوە بۆ تایبەتمەندییەکانی تۆڕی ئاودەرکردن و ئاوزێلە لاوەکییەکان کراوە، لە گەڵ ئەوەشدا میتۆدی (تاقیکاری) بەکارهێنراوە.

ناوچەی لێکۆڵینەوە:

ئاوزێلی سیوەیل خاوەن تۆپۆگرافیایەکی ئاڵۆزە و بەشێك لە هەرێمی شاخاوی پێچ ئاڵۆز لەهەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، لەباکورەوە وڵاتی ئێران و لە باشورەوە ئاوزێلی قەڵاچوالانە، لە خۆرهەڵاتەوە لە چیاکانی(سپی کانی و بەردەبۆر)ەوە درێژدەبێتەوە، پاشان لە خۆرئاواوە لە رووباری ماوەت کۆتای پێدێت، رووبەری گشتی ئاوزێلەکە(١٥٤٥کم٢)یە، لە نێوان دوو بازنەی پانی(=١٩ -١٥ ٣٥° – =٥٦ -٤٨ ٣٥°) ی باکور و دوو هێڵی درێژی (=١٢ -٤٨ ٤٤° – =٣٨ -١٩ ٤٦°)ی خۆرهەڵات هەڵکەوتووە. نەخشەی (١).

نەخشەی (١) شوێنی جوگرافی ئاوزێڵی سیوەیل بەپێی هەرێمی کوردستان و عێراق



سەرچاوە/ کاری توێژەر بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.5)، و بە پشت بەستن بە:

١- هاشم یاسین و ئەوانیتر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چاپخانەی تێنووس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل٨١.

٢- فایلی مۆدێلی بەرزونزمی (DEM12.5M)ی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

نەخشەی(٢) دابەشبوونی ئاوزێلە لاوەکییەکانی و پلەبەندی کەناڵەکان لە ئاوزێلی سیوەیلدا



سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی(Arc GIS Map١٠,٥)

خشتەی (١) هاوکێشەی تایبەتمەند بە هایدرۆلۆجی ئاوزێڵی ڕووبار

ژمارە	تایبەتمەندی هایدرۆلۆجی	هاوکێشەی جێبەجێکراو	سەرچاوە
١	ماوەی کۆبوونەوەی ئاو	$TC=\frac{0.75\times(4\sqrt[2]{S}+1.5\times L)}{\sqrt[2]{H}}$	النوايسة، ٢٠١٨، ص٩٥
٢	ماوەی وەڵامدانەوەی ئاو	$T_p(hr)=C_t(L_b\ L_{ca})^{0.3}$	عمران، ٢٠١٨، ص١٢٣٣
٣	ماوەی بناغەی لافاو	٤ × ماوەی وەڵامدانەوە(کاتژمێر)	سعد، ٢٠١٩، ص ٣٧٩ - ٣٨٠
٤	خەملاندنی ماوەی ئاو لەبەڕۆشتن	$T(hr)=N\times hr$	الزوبيدي، ٢٠١٨، ص٩٣.
٥	خێرایی ئاو لەبەڕۆشتنی سەر ڕووی زەوی	$V=\frac{L(M)}{3.6\,Tc(S)}$	میرزا، ٢٠٠٥، ص ٢٥٥.
٦	هاوکۆلکەی لافاو	درێژە چڕی × دووبارەبوونەوەی لقەکانی پلەی یەکەمی ئاوزێڵ	D. JATON, 1980, p14.
٧	بەهای ماوەی نمونەیی دابارین	$\frac{\text{ماوەی وەڵامدانەوە(کاتژمێر)}}{5.5}$	عبود، ص ١٠٣ – ١٠٤.
٨	قەبارەی ئاو لەبەڕۆشتن	(کۆی درێژی کەناڵە ئاوییەکان(کم))× ٨٥,٠	العكام، ٢٠١٦، ص ١٥٤٠.
٩	بەهای بەرزترین هەڵقوڵینی ئاوی	$Q_p(m3/s)=\frac{C_p\ A}{t_p\ (hr)}$	H.M.Raghunath,2006,P150
١٠	هێزی لافاو	$\frac{\text{لوتکەئاوەدەرکردنم٣/چرکە}}{\text{کم ٢ئاوزێڵ}\sqrt[2]{}}$	الدالي،٢٠١٢، ص٣٠٣.
١١	خەملاندنی بڕی داهاتی ئاوی ساڵانەی تۆڕی ئاودەرکردنی ئاوزێڵ	$R=(CIS)^{0.5}\ (W/L)^{0.45}$	خضر، ٢٠١٢، ص ٤٣١ - ٤٣٢
١٢	ماوەی بەرزبونەوەی پلەپلەیی لافاو	$\frac{1}{3}$ × ماوەی بناغەیی لافاو (کاتژمێر)	الزهيري، ٢٠٢٠ص ١٥١-١٥٢.
١٣	ماوەی نزمبونەوەی پلەپلەیی لافاو	$\frac{2}{3}$ × ماوەی بناغەیی لافاو (کاتژمێر)	المشهداني، ٢٠٢٠، ص٨٥ - ٨٦.

خشتەی (٢) هاوکێشەی تایبەتمەند بە میتۆدی(SCS – CN)

ژمارە	تایبەتمەندی (SCS – CN)	هاوکێشەی جێبەجێکراو	سەرچاوە
١	بەهای CN	$CN_{composite}=\frac{(A_1\times CN_1)+(A_2\times CN_2)+(A_3\times CN_3)+(A_4\times CN_4)+(A_5\times CN_5)}{A_1+A_2+A_3+A_4+A_5}$	علوان،٢٠١٤،ص ٦٧.
٢	هاوکۆلکەی (S)	$S=\frac{25400}{CN}-254$	السامرائی، ٢٠٢١، ص ١٧٧.
٣	هاوکۆلکەی(Ia)	$Ia=٠,٢\times S$	John, 85-5. 1985.
٤	قوڵی لەبەڕۆشتن (Q)	$Q=\frac{(P-Ia)^2}{P-Ia+S}$	المشهداني،٢٠٢٠، ص٧٩.
٥	خەملاندنی قەبارەی ئاو لەبەڕۆشتنQV	$Q_v=\frac{(Q\times A)}{1000}$	Soil Conservation Service, D.C,1986.

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ڕۆشنایی ئامانجەکەیدا، دابەشکراوە بۆ سێ تەوەری سەرەکی:

تەوەری یەکەم/ شیکردنەوەی تایبەتمەندییە سروشتییەکانی ئاوزێڵی سیوەیل

یەکەم: تایبەتمەندی جیۆلۆجی:

ناوچەی توێژینەوە وەك بەشێك لەهەرێمی کوردستان و عێراق و بەشێکی کەمی لەگەڵ ئێران، مێژوو و گەشەی تەکتۆنی و بونیاد و پێکهاتەکانی بەستراوەتەوە بەگەشەی تەکتۆنی و جوڵەی پلێتی عەرەبی و ناوچەکانی دەوروبەری، ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە سەر پشتێنەی پێچ ئاڵۆزەکان و نزیك ناوچەی پێداکێشانی پلێتی عەرەبی و ئێرانی، واتە سەر شۆستەی ناجێگیری پلێتی عەرەبی، بەهۆی نزیکی لەناوچەی پێداکێشانی هەردوو پلێتی عەرەبی و ئێرانیەوە، وایکردووە ناوچەکە ئاڵۆزیەکی زۆری پێوە دیاربێت و چینە نیشتووەکانی پێچ خواردوو ڕۆچوون لەسەریەك(AHMAD, ٢٠٠٩, p٣٠). ناوچەی لێکۆڵینەوە بە ناوچەی لێکترازاوەکان ناسراوە، لێکترازاوی سەرەکی، کە ناسراوە بە بە لێکترازاوی زاگرۆسی پاڵنراو، لە باشوری خۆرهەڵاتی ناوچەی لێکۆڵینەوەوە بۆ ناوچەی دەرەگورگان لێژ دەبێتەوە، ئەم لێکترازاوەش چاوگێکی هەمیشەیی چالاکیەکانی بومەلەرزەیە(AL.HASSAM, ١٩٧٥, p٧).جێی ئاماژەیە ئەم درز و شکانانە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی چەندین سەرچاوەی گرنگی کانی و ئاوی لەناوچەکەدا، پێکهاتە و نیشتووە جیۆلۆجییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی تەمەن و جۆرەوە جیاوازن و بەگشتی ئەو نیشتوانەن، کە دەگەڕێنەوە بۆ ماوەی سێیەم (Tertiary deposits) و چوارەم (Quaternary deposits)، ماوەی ژیانی ناوەڕاست، گرنگترین پیکهاتەکانی بریتیین لە پێکهاتەی شلێر، کاتەڕەش، قولقولە، قەمچۆغە، قەندیل، سەرگەڵو، ئۆفیۆلێت، پاشان واڵاش و چینەسورەکان لە زەمەنی نوێدا (چاخی چوارەم)، نیشتووی نوێ لە ژێر کاریگەری ڕاماڵرانی لافاو و ڕووبارەکانەوە نیشتوون، هەموو ئەمانەش بەپێی تایبەتمەندییان کاریگەرییان لەسەر قەبارەی لەبەررۆشتنی ئاو هەیە

خشتەی(٣) تایبەتمەندی پێکهاتە جیۆلیۆجیەکانی ئاوزێڵی سیوەیل بەدوای یەکداهاتنی چینەکانی

کات	چاخ	پێکهاتەی جیۆلۆجی	پێکهێنەرەکانی	ئەستورایی/ م	ڕووبەر/ کم٢	ڕێژە%	توانای لەخۆگرتنی ئاو
چوارەم کوارتێرنەری	پلایستۆسین هۆڵۆسین	نیشتووی ڕووبارەکان و لاپاڵەکان	نیشتووی قوڕ ولیتەو چەو و ڵم بەقەبارەی جیاواز	دەگۆڕێت بەگوێرەی شوێن	٩.٢٤	٠.٥٩	کونیلەدارە و توانای تێپەڕادن و گەنجینەکردنی ئاوی هەیە
سێ یەم سینۆزۆیك	مایۆسین پەلیۆسین	چینە سورەکان	بەردی قوڕی سور و ڵم و کۆنگلۆمیراتی	٢٨٠	٢٠٢,١٢	١٣,٠٨	کونیلەدارە و توانای گەنجینەکردنی ئاوی مامناوەندە
		واڵاش	بەردی رمل و لامیستۆن	١٤٠٠	٤٠,٧٠	٢,٦٣	کونیلەدارە و توانای گەنجینەکردنی ئاوی مامناوەندە
ماوەی ژیانی ناوەڕاست	کریتاسی	قەمچۆغە	بەردی کاربۆنی و شیست و چێرت	١٠٠ – ٢٠٠	١٥.٥٧	١,٠٠	درز و کەلێن و کارستی هەیەو توانای مامناوەندە
		قەندیل	بەردی گۆڕاو(مارڵ و سڵت) بەردی ئاگرین (گابرۆ بازڵت)	٣٥٠	٤,٧٥	٠,٣٠	بێ کونیلەیە، ڕێگرە لە داچۆڕینی ئاو، توانای ئاو لەبەررۆشتنی بەهێزە.
		ئۆفیۆلایت	بەردی ئاگرین گابرۆ بیۆنایت و بازڵتی و بورکانی	١٠٠	٥٥.٣٢	٣.٥٨	کونیلەدارە و توانای گەنجینەکردنی ئاوی مامناوەندە
		سەرگەڵو	بەردی گۆڕاوی شێست	٦٠٠ – ١٠٠٠	١٤٥,٧٦	٩,٤٣	کونیلەدارە و توانای گەنجینەکردنی ئاوی مامناوەندە
		قولقولە	مەرمەڕ و بەردی گۆڕاو و ئاگرین چێرت و لامیستۆن و مارل و شێست	٢٧٠٠	٢٢٤,٢١	١٤,٥١	کونیلەدارە و توانای گەنجینەکردنی ئاوی مامناوەندە
		شلێر	بەردی جیری ڕەنگی کراوە بەلای ڕەساسیدا	٤٥٠٠	٧٣٢,٩٢	٤٧,٤٣	بێ کونیلەیە، ڕێگرە لە داچۆڕینی ئاو، توانای ئاو لەبەررۆشتنی بەهێزە.
		کاتەڕەش	ئەندی بوایت و ڕابیولایت وبەردی ئاگرین ڕایۆلایت و گرانایت و ڕایۆلایتی کوارتزی	١٠٠٠ –١٨٠٠	١١٤,٤١	٧,٤٥	بێ کونیلەیە، ڕێگرە لە داچۆڕینی ئاو، توانای ئاو لەبەررۆشتنی بەهێزە.
کۆ					١٥٤٥	١٠٠	

1- FAO Coordination office for Northern Iraq. Hydrology of Northern Iraq Erbil, Vo.(1), 2003, P 131.

نەخشەی (٣) پێکهاتەی جیۆلۆجی ئاوزێڵی سیوەیل



دووەم: تایبەتمەندی ئاووهەوا: ئاووهەوا لەڕێگەی باران و بەفر و پلەی گەرمیەوە بەیەکێك لەڕەگەزە سروشتیە گرنگەکان دادەنرێت کە، کاریگەری هەیە لەسەر تایبەتمەندیە هایدرۆلۆجیەکانی ئاوزێڵی ڕووبار، باران و بەفر بەسەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ لەبەر ڕۆیشتنی ئاو، هەروەك چۆن پلەکانی گەرماش کاریگەری دەبێت لەسەر چالاکی باران، هەرێمی کوردستان بەگشتی لەژێر کاریگەری ئاووهەوای دەریای ناوەڕاستدایە(قادر، ٢٠١٢، ص٢١)، بۆ نیشاندانی تایبەتمەندییە ئاووهەواییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پشتمان بەهەردوو وێستگەی کەشناسی پێنجوێن و چوارتا بەستووە، کۆی بارانی ساڵانە لە وێستگەی پێنجوێن(١٠٥٧.١ملم)ە، لە کاتێکدا لە وێستگەی چوارتا(٧٤٥.٩ملم)ە، تێکڕای پلەی گەرمی لە وێستگەی پێنجوێن و چوارتا یەك بە دوای یەك(١٣,٦ س° ، ١٦,١س°)ە، بە هەمان شێوە جیاوازی لە نێوان ڕەگەزە ئاووهەوایەکانی تردا دەبینرێت، بەپێی هاوکێشەی وشکی (دیمارتۆن)، تایبەتمەندی شێداری زاڵە، بە جۆرێك بەهای وشکی لە وێستگەی پێنجوێن(٤٤.٧٩)یە، ئاماژەیە بۆ زۆر شێداری، وە لە وێستگەی چوارتا(٢٨.٥٧)ە، تایبەتمەندی ئاووهەوای شێداری هەیە.

خشتەی (٤) تێکڕای ڕەگەزەکانی ئاووهەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان ساڵانی(٢٠٠٥-٢٠٢٠)

ڕەگەز / مانگ	پلەی گەرمی (س°)		با (م/چرکە)		باران (ملم)		شێی ڕیژهیی (%)		بەهەڵمبوون (ملم)	
	پێنجوێن	چوارتا	پێنجوێن	چوارتا	پێنجوێن	چوارتا	پێنجوێن	چوارتا	پێنجوێن	چوارتا
ك٢	٠,٦	٢,٣	٣,١	٢	١٨٦,١	١١٣,٩	٦٤,٩	٦٢,٨	٤١,٤	٤٩,٩
شوبات	٢,٣	٤,٤	٢,٥	٢,١	١٩٧,٤	١٤٠,٨	٥٦,٣	٦٥,١	٥٨,٦	٥٤,٢
ئازار	٧,٠	٨,٧	٢,٩	٢	١٥٨,٦	١١٨,٧	٥٥,١	٥٨,٩	٨٢,٧٠	٨٤
نیسان	١١,٨	١٣,٨	٣,٣	٢,١	١٠٠,٧	٩٢,٥	٤٥,٩	٥٢,١	١٣١,٨	١٢٩,٧
مایس	١٧,٧	١٧,٦	٣,٢	٢,٤	٣٩,٧	٣٩,٧	٣٧,١	٤٥,١	٢٠٦,٤	١٩٢,١
حوزەیران	٢٤,١	٢٦,٩	٣,٣	٢,٥	١,٤	٠,٨	٣٦,٣	٣٦,١	٢٧٦,٤	٣٠٥,٤
تەمموز	٢٧,٣	٣٠,٧	٢,٨	٢,٤	٠,٢	-	٣٣,٦	٣١	٣٦٢,٩	٣٨٥,٣
ئاب	٢٦,٥	٢٩,٤	٣,٥	٢,٥	١,٣	٠,٩	٣٠,٦	٢٩,٤	٣٣١,٣	٣٧٦
ئەیلول	٢١,٩	٢٤,٩	٣	٢	٢,١	٣,٤	٤٩,٧	٣٣.٩	١٩٩,١	٢٩٦,٢
ت١	١٥,١	١٨,٥	٢,٦	١,٩	٨١,٥	٤٦,٥	٥٨	٣٨,٩	١٢١,٥	٢٠٨
ت٢	٦,٦	٩,٩	٢,٤	١,٧	١٢٠,٧	٩١,٦	٥٧,٩	٦٢,٨	٧٥,٦	١٠٨,٥
ك١	٣,٣	٥,٢	٢,٠	١,٤	١٦٧,٤	٩٦,٤	٦٣,٢	٥٣,٨	٥٣,٠	٧٥,٨
تێکڕای ساڵانە	١٣,٦	١٦,١	٢,٨	٢,٠	١٠٥٧,١	٧٤٥,٩	٤٩,٠	٤٧,٤٥	١٩٤٠,٧	٢٢٦٥,١

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:
(١) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای پێنجوێن، بەشی کەشناسی، تۆماری کەشوهەوای ڕۆژانەو مانگانە بۆماوەی ساڵانی(٢٠٠٥_ ٢٠٢٠).
(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چوارتا، بەشی کەشناسی، تۆماری کەشوهەوای ڕۆژانەو مانگانە بۆماوەی ساڵانی(٢٠٠٥_ ٢٠٢٠).

خشتەی (٥) بەهای وشکی وێستگەی لە پێنجوێن و چوارتا بە پێی هاوکۆلکەی دیمارتۆن

وێستگە	کۆی بارانی ساڵانە/ ملم	تێکڕای پلەی گەرمی/ س°	پلەی وشکی	تایبەتمەندی ئاووهەوا
پێنجوێن	١٠٥٧.١	١٣.٦	٤٤.٧٩	زۆر شێدار
چوارتا	٧٤٥.٩	١٦.١	٢٨.٥٧	شێدار

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (٤).

تەوەری دووهەم: شیکردنەوەی تایبەتمەندییە هایدرۆلۆجییەکانی تۆڕی لەبەررۆشتنی ئاو ئاوزێڵی سیوەیل

بەهۆی نەبوونی هیچ وێستگەیەکی پێوانەیەکردنی ئاوی ڕێکردووی سەر ڕووی زەوی، لەڕووی هایدرۆلۆجیەوە ئاوزێڵەکەمان لەچوارچێوەی ئاوزێڵە پێوانە نەکراوەکان(UNGAUGE) هەژمارکراوە، لەپێناو پێشبینیکردنی تایبەتمەندییە هایدرۆلۆجییەکانی ئاوزێڵ، پشت بەستراوە بە هاوکێشەی بیرکاری، کە شیکاری و هەڵسەنگاندن بۆ بەها هایدرۆلۆجییەکانی ئاوزێڵی ڕووبار دەکات، ئەم تەوەرە خۆی لەم باسانەدا دەبینێتەوە:

باسی یەکەم: تایبەتمەندی هایدرۆلۆجی ئاوزێڵی سیوەیل:

مەبەست لێی پێوانەکردنی ئەو ئاوەیە، کە لە ئەنجامی بەردەوامی باراندا بەسەر خاڵێکی دیاریکراوی ڕووی زەوی لە هەر ئاوزێڵێکدا دەڕوات(البهادلي، ٢٠٢١، ص٧١)، داباریو و ئاوی ڕێکردووی سەر ڕووی زەوی دوو پێکهاتەی گرنگن لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی کۆبوونەوەی ئاو، ئەمەش کاریگەر دەبێت بەچەند هۆکارێك وەك چەندێتی بڕی باران و ماوەی باران و جیۆمۆرفۆلۆجی ناوچەکە و تایبەتمەندی مۆرفۆمەتری ناوچەکە و جۆری خاك بەگوێرەی تایبەتمەندی هایدرۆلۆجی(وەك شانەی خاك و کون و درزی خاك و توانای پێدارۆیشتنی ئاو پێیدا بۆ چینە قوڵەکانی)و بەکارهێنانەکانی زەوی و جۆری ڕوپۆشی ڕووەکی، کە هەموویان پێکەوە کاریگەری ڕاستەوخۆییان لەسەر بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی تێکڕایی ئاودەرکردن هەیە(محیبس، ٢٠١٨، ص١١١-١١٢) ، بەپێی داتای ئاماژەپێکراو لە خشتەی(٦) تێکڕای ئاودەرکردنی

ساڵانە لە ماوەی نێوان(٢٠١٢-٢٠١٥)، (٦,٦٩م٣/چرکە)بووە، تێکڕای باران(٩١٢,٦٧ملم)بووە، بەڵام بەرزترین تێکڕای ئاودەرکردن لە ساڵی(٢٠١٢)دایە، بە بڕی(٩,٥٣م٣/چرکە)ە، نزمترین تێکڕاش ساڵی(٢٠١٤)بووە، بە بڕی(٢,٦٥م٣/چرکە)ە، جیاوازی لە زۆری و کەمی تێکڕاکانی ئاودەرکردن لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکیتر دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بڕی باران و ڕێژەی شێ و شێداری و وشکی و تایبەتمەندی ئاووهەوای ناوچەکە، کە زۆرترین بڕی باران بۆ ساڵی(٢٠١٢) دەگەڕێتەوە کەبڕی(٩٩٦,٤ملم) باران باریوە و کەمترین بڕیش بۆساڵی(٢٠١٤) دەگەڕێتەوە، کە بڕی(٨٣٧,٢ملم) باران باریوە.

خشتەی(٦) تێکڕایی ئاودەرکردنی مانگانە و ساڵانە بە(م٣/چ)، لە ئاوزێڵی سیوەیل (٢٠١٢ - ٢٠١٥)

مانگ	تێکڕایی ئاودەرکردنی مانگانە بە (م٣/چ)	وەرز		تێکڕایی ئاودەرکردنی وەرزانە بە (م٣/چ)	ساڵ	تێکڕایی ئاودەرکردنی ساڵانە بە (م٣/چ)	کۆی باران بارین
کانوونی دووەم	٩,٠١	زستان	ك١	٩,٧٠	٢٠١٢	٩,٥٣	٩٩٦,٤
شوبات	١١,٨٨		ك٢				
ئازار	١٩,٥٦		شوبات				
نیسان	١٧,٤٢	بەهار	ئازار	١٤,٧٥	٢٠١٣	٤,١٨	٩٢٤,٨
مایس	٧,٢٨		نیسان				
حوزەیران	٢,٢٧		مایس				
تەموز	٠,٧٥	هاوین	حوزەیران	١,٤١	٢٠١٤	٢,٦٥	٨٣٧,٢
ئاب	١,٢١		تەموز				
ئەیلول	٠,٥١		ئاب				
ت١	٠,٢٤	پایز	ئەیلول	٠,٩٢	٢٠١٥	٦,٤١	٨٩٢,٣
ت٢	٢,٠٣		ت ١				
کانوونی یەکەم	٨,٢٣		ت٢				
تێکڕا	٦,٦٩	تێکڕا		٦,٦٩	تێکڕا	٦,٦٩	٩١٢,٦٧

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:
(١)حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی، بەشی سەرچاوە ئاوییەکان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢/٢/١٥.
(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای پێنجوێن، بەشی کەشناسی، تۆماری کەشوهەوای ڕۆژانەو مانگانە بۆماوەی ساڵانی(٢٠٠٥_ ٢٠٢٠).
(٣) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چوارتا، بەشی کەشناسی، تۆماری کەشوهەوای ڕۆژانەو مانگانە بۆماوەی ساڵانی(٢٠٠٥_ ٢٠٢٠).

باسی دووەم: تایبەتمەندی لافاو:

یەکەم: ماوەی کۆبوونەوەی ئاو(زمن التركيز) (Time concentration): مەبەست لێی پێوانەی ئەو ماوە کاتیەیە کە دڵۆپەکانی باران و ئاو دەگۆڕێت بۆ ئاوی ڕۆشتووی سەر ڕووی زەوی لە دوورترین خاڵی ئاوزێڵەکەوە بۆ ئاوەڕێژگەی ئاوزێڵەکە، بەمەش دەتوانین ئەو ماوە کاتییە هەڵبسەنگێنین کە ئاوزێڵێکی ئاوی لەتوانایدا هەیە بۆ گۆڕینی ئاوی باران بۆ ئاوی ڕێکردوو وە دروست بوونی لافاو(Vol٦٧, ١٩٥٦, p٢٣٤ SCHUMM,)،ماوەی کۆبوونەوەی ئاو لەئاوزێڵی سەرەکی(٣:٨٥ کاتژمێر)، ئەمەش بەهایەکی بەرزە و دەریدەخات کە ئاوزێڵی سەرەکی کاتێکی زۆری پێویستە بۆ کۆبوونەوەی ئاو بەمەش گریمانەی ڕوودانی لافاو لەسەر ئاوزێڵە سەرەکیەکە لاوازە.

دووەم: ماوەی وەڵامدانەوەی ئاو (زمن التباطؤ) ((Tag Time: ئەو ماوەیەیە کە دەکەوێتە نێوان سەرەتای باران و دەستپێکردنی ئاوڕێکردن(سلمان، ٢٠١٤، ص٤٥)، واتە جیاوازی نێوان ئەو دوو ئاستەمان بۆ دەستنیشان دەکات، ماوەی وەڵامدانەوە، یەکێکە لە هاوکێشە گرنگەکانی هایدرۆلۆجیا، کەلە ڕێگایەوە بڕی ئاوی ون بوو لەماوەی وەڵامدانەوەدا دەستنیشان دەکرێت، ماوەی وەڵامدانەوە وەستاوە لەسەر پێکهاتە سروشتیەکان کە ئاوزێڵەکەی لەسەرە وەك جۆری تاوێر و پێکهاتە و درز و شکانەکانی سەر ڕووی زەوی ئاوزێڵەکە، بەجێبەجێکردنی هاوکێشەی ماوەی وەڵامدانەوە بە هاوکۆلکەی (١,٦٥)، تێبینی دەکرێت ئاوزێڵی سەرەکی بەهای وەڵامدانەوەی بەرزە(١٦:٦١ کاتژمێر)ە، ئاوزێڵە لاوەکییەکان بەپێی تایبەتمەندی سروشتیان بەهاکانیان دەگۆڕێت.

سێیەم: ماوەی بناغەی لافاو (Tb): مەبەست لێی بڕی ئەوپەڕی هەڵچوونی ئاوی لافاویە لەئاوزێڵی ڕووباردا، لەسەرچاوەکەیەوە تا دەگاتە ئاوەڕێژگەکەی، کاتێك ئاوی ڕێکردوو دەگاتە ئەوپەڕی زۆربوونی، ئەمەش وەستاوە لەسەر ماوەی وەڵامدانەوەی ڕووبارەکان(عمران و

عبدالرحمن، ١٩٩٩، ص٤١)، واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان ماوەی وەڵامدانەوە و ماوەی بناغەی لافاودا(بروبة، ١٩٩٩، ص٤١)، ئاوزێڵی سەرەکی، ڕووبەرێکی فراوانی هەیە و پلەی لێژی نزمە، لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتەی جیۆلۆجی زیاتر نیشتەنیکردە و درزوشکانی سەر ڕووەکانی زۆرە و هۆکار بووە بۆ ئەوەی بەهای ماوەی بناغەی لافاو بگاتە (٦٦:٤٤ کاتژمێر)،

چوارەم: خەملاندنی ماوەی ئاو لەبەررۆشتن (T): ئاماژەیە بۆ ئەوکاتەیەی کە کە بڕی ئاوی ڕۆشتوو پێوبستی پێیەتی بەتێپەڕبوون بە ڕێڕەوی ئاوزێڵ و لقە لاوەکییەکانی تاوەکو ئاوەڕێژگەکەی(الزوبيدي، ٢٠١٨، ص٩٣)، تێبینی دەکرێت ئاوزێڵی سەرەکی لە دۆخێکی هاوسەنگدایە، چونکە بەهای خەملاندنی ماوەی ئاو لەبەررۆشتنی بەرزە(٨٣:٠٥ کاتژمێرە)ە، سەبارەت بە ئاوزێڵە لاوەکییەکان، لە ژێر کاریگەری ڕووبەرەکانیان، بەهاکانیان دەگۆڕێت، بەجۆرێك ئاوزێڵی(١) بەماوەی(٦١:٥ کاتژمێر)ە، زۆرترین کاتی پێویستە بۆ تێپەڕبوونی ئاو بە لقە لاوەکییەکان هەتا دەگاتە ئاوەڕێژگەکەی، بەڵام ئاوزێڵی(١١) کەمترین ماوەی هەیە کە(١٥:٥ کاتژمێرە)، بەهۆی بچوکی ڕووبەر و کورتی لقە ئاوییەکان و نزیکییان لەیەکەوە، کاتێکی کەمی پێویستە بۆ تێپەڕبوونی ئاو بە لقی سەرەکی و لاوەکییەکانی هەتا دەگەنە ئاوەڕێژگەکانیان، بەمەش مەترسی لافاو لەسەریان زیاترە، هەروەها ئاوزێڵی(٤، ٨، ٩) بەهاکانیان لەیەکەوە نزیکە، بەدوای یەکدابەهاکانیان(١٦:٥، ١٦:٩، ١٦:٦٥ کاتژمێرە).

پێنجەم: خێرایی ئاو لەبەررۆشتنی سەر ڕووی زەوی(م٣/چرکە)(V): خێرایی لەبەر ڕۆیشتنی ڕووبار لەماوەیەکی دیاریکراودا بەیەکێك لە تایبەتمەندییە هایدرۆلۆجیە گرنگەکان دادەنرێت، چونکە ڕاددەی نزیکی ئەملاوئەولای ڕووبارەکان و توانای ئاوەکە بۆ کردارەکانی گواستنەوە و داتاشین و ڕاماڵین دیاری دەکات، بەچەندین ڕێگە دەتوانین خێرایی لەبەررۆشتنی ئاوی بدۆزینەوە خەملاندنی بۆبکەین، بەوەش مەترسی ڕوودانی لافاو لە ڕێڕەوە ئاوییەکاندا دەستنیشان دەکرێت(برايم،٢٠٢١، ل١٤٨)،بەجێبەجێکردنی هاوکێشەی خێرایی لەبەررۆشتنی ئاوی وەك لەخشتەی(٦) دەردەکەوێت کە ئاوزێڵی سەرەکی خێرایی لەبەررۆشتنی ئاوی دەکاتە(٢.٣٨ م٣/چرکە)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دەوڵەمەندی ئاوزێڵەکە بە سامانی ئاوی.

شەشەم: هاوکۆلکەی لافاو (F): شێوەی ئاوزێڵ و تایبەتمەندییە مۆرفۆمەتریەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەرییان لەسەر تایبەتمەندییە هایدرۆلۆجییەکان و بەتایبەت لەسەر هاوکۆلکەی لافاو و بەرز و نزمی بەهاکەیدا هەیە(عواش، ٢٠١٨، ص١٤١) ، ئەم خەسڵەتانەش یان ئەوەیە خێرایی ڕۆیشتنی ئاو لە ئاوەڕۆکاندا زیاد دەکەن و دەبنەهۆی دروستبوونی لافاو یان ڕێگری لەم جوڵەیە دەکات و دەبنە ڕێگر و بەربەستی دروستبوونی لوتکەی لافاو لەڕێڕەوی ڕووبارەکە(راضي،١٩٩٢، ص٤٠)،تێبینی دەکرێت بەهای هاوکۆلکەی لافاو لە ئاوزێڵی سەرەکی(٢,٩٢)ە، ئەمەش بە هۆی بەرزی بەهای درێژە چڕی و فراوانی ڕووبەری کەناڵە پلە یەکەکانی ئاوزێڵەکەوەیە، وایکردووە مەترسی ڕوودانی لافاو لە ئاستێکی نزمدابێت، سەبارەت بە ئاوزێڵە لاوەکییەکان، بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی مامناوەندان.

باسی سێیەم: هاوسەنگی هایدرۆلۆجی:

یەکەم: بەهای ماوەی نمونەیی دابارین (القيمة الزمنية المثالية): ئەم هاوکێشەیە بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی کاتی پێویست لەنێوان داکەوتنی باران و ئاوڕێکردنی سەر ڕووی زەوی، بەهاکەی جیاواز دەبێت بەپێی جیاوازی ئاوزێڵەکان لەژێر فاکتەری بونیاد و پێکهاتەی جیۆلۆجی و لێژی و جۆری خاك(RAGHUNATH, 2006, P150)، سەرباری کرداری دووبارەبوونەوەی باران، بەجۆرێك کاتەکەی زۆر درێژبێت ئەوا لەسەرەتای وەرزدا دەبێت، بەڵام گەر دابارین لەکۆتای وەرزی دروستبوونی لافاودابێت ئەوا ماوەکەی کورتخایەنە، ماوەی نموونەی دابارین بەکاردەهێنرێت بۆ ماوەی ئاوی ڕۆشتوو لەنێوان داکەوتنی باران لەسەر ئاوزێڵەکە و کۆبوونەوەیان لە لق و جۆگە و کەتاڵە ئاوییەکانی ئاوزێڵەکەدا، ئەمەش بۆ زانینی ماوەی دابارین کە هۆکارە بۆ لەبەررۆشتنی ڕووبارە سەرەکیەکە پاش لەدەستدانی لەڕێگەی بەهەڵمبوون و داچۆڕانەوە(عبود،٢٠١٦، ص١٠٣-١٠٤)، تێبینی دەکرێت ماوەی نمونەی دابارین لە ئاوزێڵی سەرەکی(٣:٠٢ کاتژمێر)ە، ماوەیەکی بەرزە، ئەوەش بەهۆی فراوانی ڕووبەر و ئاستی لێژی ڕووی زەوی، بەڵام لەسەر ئاستی ئاوزێڵە لاوەکییەکان بەهاکانیان نزمترە، بەجۆرێك لەئاوزێڵی(١) ماوەی نموونەی دابارین(٢:٢٣ کاتژمێر)ە، ئەمەش بەواتای ئەوەی کە ئەم ئاوزێڵە ماوەکەی زۆرە و ئەگەر ڕوودانی لافاوی کەمە، بەڵام ئاوزێڵی(٤) ماوەی نموونەی دابارین بەدوای یەکدا(٠:٦)کاتژمێرە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بچوکی ڕووبەرەکەی و ئاستی لێژی زەویەکەی، وادەکات ئەگەری ڕوودانی لافاو لە ئاوزێڵەدا کراوەتربێت، ئاوزێڵەکانی(١١، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠) بەهای ماوەی نموونەیی لافاویان نزمەو بەگشتی لەنێوان(٠:٥٧-- ٠:٩٤ کاتژمێرە).

دووەم: قەبارەی ئاو لەبەررۆشتن (هەزار/م٣): بڕی ئاوی دەربەڕیوە لە تۆڕی ئاودەرکردنی وشکدا، کاتێك ڕوودەدات کە چڕی و بەهێزی دابارین لەتوانای وەرگرتنی ئاوزێڵەکە زیاتربێت، بەجۆرێك دەبێتەهۆی کۆکردنەوەی ئاوێکی زۆرتر و دواتر ڕوودانی لافاو و بەخێراییەکی زۆر دەڕوات، کاتێك ئاو لە ئاوزێڵێکدا کۆدەبێتەوە خێرایی ئاولەبەررۆشتن زیاددەکات، وەدەبێتەهۆی ڕودانی لافاو، ئەمەش کاتێك دەبێت کە بڕی ئاوی باران لە ئاوی لەدەسچوو زیاتربێت(الزهيري، ٢٠٢٠. ص٤٥-٤٦) ،ئاوزێڵی سەرەکی قەبارەی ئاو لەبەررۆشتنی(١٨٣٤,٥٥هەزار/م٣) یە، ئەمەش بەهۆی فراوانی ڕووبەری ئاوزێڵەکە و درێژی کەناڵە ئاوییەکان، ئەم بەهایەش لە ئاوزێڵە لاوەکییەکان دەگۆڕێت، بەپێی گۆڕانی ڕووبەر و درێژی کەناڵە ئاوییەکان.

سێیەم: بەهای بەرزترین هەڵقولینی ئاوی: بەیەکێك لە گۆڕاوە گرنگەکانی هایدرۆلۆجی دادەنرێت، چونکە بەرزترین ئاستی ئاودەرکردنی ڕووبار دیاری دەکات، لوتکەی لافاویش دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك فاکتەری وەك توندی و چڕی دابارین و لێژی ڕووی زەوی و شێوەی ئاوزێڵەکە(الحكام و علوان، ٢٠١٧، ص٩٥)،بەجێبەجێکردنی هاوکێشەکە تێبینی دەکرێت لوتکەی ئاودەرکردن بە هاوکۆلکەی(٢,٧٧٨)، لە ئاوزێڵی سیوەیل(٧٥,٢٥ م٣/چرکە)یە، بەمەش بڕی لەبەر ڕۆشتنی تێدا بەرزە و ئاماژەیە بۆ فراوانی ڕووبەرەکەی و دەوڵەمەندی ئاوزێڵەکە بە سامانی ئاوی و کەمی مەترسی لافاو لەسەر ئاوزێڵە سەرەکییەکە، سەبارەت بە ئاوزێڵە لاوەکییەکان جیاوازی لە بەهای بەرزترین هەڵقولینی ئاوی هەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕووبەر و بڕی دابارین و زۆری و کەمی لقە ئاوییەکان.

چوارەم: هێزی لافاو م٣/چرکە/کم٢: پەیوەندییە لەنێوان بەهای لوتکەی ئاودەرکردن و ڕووبەری ئاوزێڵەکە، لوتکەی ئاودەرکردنیش پەیوەستە بە گۆڕاوە مۆرفۆمەتریەکان، وەك چڕی ئاودەرکردن و ڕووبەر و هاوکۆلکەی لێژی و شێوەی ئاوزێڵەکە(الزهيري، ٢٠٢٠، ص١٤٨)،ئاوزێڵی

سەرەکی، ڕووبەرێکی بەرفراوانی پڕ لە گرد وگۆدۆڵکەی هەیە، بەشی سەرەوەی پلەی لێژی بەرزە و هەتا بەرەو ئاوەڕێژگە بڕۆین تێکڕایی لێژی کەم دەکات و بەهای هێزی لافاویش دادەبەزێت، وەك تێبینی دەکرێت بەهای هێزی لافاو پەیوەستە بە ڕووبەری ئاوزێڵەکان، لە ئاوزێڵی سەرەکی هێزی لافاو(١,٩١م٣/چرکە/کم٢)یە، ئەم بەهایەش بە بەراورد بە ڕووبەری ئاوزێڵەکە، ئاستێکی نزمە، بەواتای ئەوەی کە مەترسی لافاو لەسەر ئاوزێڵە سەرەکییەکە کەمە یاخود نیە، سەبارەت بە ئاوزێڵە لاوەکییەکان، سەبارەت بە ئاوزێڵە لاوەکییەکان، جیاوازی زۆر لەبەهاکانیان هەیە، ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ مەودای فراوانی ڕووبەری ئاوزێڵەکان، بەجۆرێك ئاوزێڵی(٨)(٩)(٤) بەهۆی ئەوەی، کە ڕووبەرەکەیان بچوکە، بەرزترین بەهایان هەیە بەدوای یەکدا بەهاکانیان(٨,٠٣م٣/چرکە/کم٢)(٧,٨١م٣/چرکە/کم٢) (٧,٣٤م٣/چرکە/کم٢)ە، ئەمەش بەواتای ئەوەدێت، کە مەترسی لافاو لەسەر ئەم ئاوزێڵانە هەیە، بەڵام ئاوزێڵی(١)(٢) بەهۆی ئەوەی ڕووبەرەکەیان فراوانە بەهای هێزی لافاویان نزمە و بەدوای یەکدا بەهاکانیان(٢,٤٤م٣/چرکە/کم٢) (٣,٥٤م٣/چرکە/کم٢)ە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە مەترسی لافاو لەسەر ئەم ئاوزێڵانە کەمترە.

پێنجەم: خەملاندنی بڕی داهاتی ئاوی ساڵانەی تۆڕی ئاودەرکردنی ئاوزێڵ (ملیار/م٣):

کاتێك بڕی باران لە توانای هەڵمژینی خاك زیاترە، ئەوا بەشێك لە ئاوی زیادە پەرش و بڵاو دەبێتەوە، تا لەکۆتایدا لە جۆگە و کەناڵە ئاوییەکاندا یەکدەگرن و دەبن بەبەشێك لە ئاوپێدەری کەناڵە ئاوییەکان(الجبوري، ٢٠٠٥ ، ص٧٣)،بەهۆی نەبوونی وێستگەیەکی هایدرۆلۆجی و نەزانینی قەبارەی ئاودەرکردن لە دۆڵە وشکەکاندا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، ناچار بووین پشت بە هاوکێشە ئەزموونییەکان ببەستین بۆ پێوانی بڕی ئاوی ڕێکردووی سەر زەوی، هاوکێشە تاقیکارییەکەی(بیرکلی)مان بەکارهێناوە، کە یەکێکە لە باشترین هاوکێشەکان بۆ پێوانەکردنی قەبارەی ئاوی ڕێکردووی سەر زەوی و ئەم هاوکێشەکە کاریگەرە بەهەردوو گۆڕاوی ئاووهەوا و مۆرفۆمەتری(حمادي، ٢٠٠٣، ص١٢٥)، لەخشتەکەوە دەردەکەوێت ئاوزێڵی سەرەکی گەورەترین داهاتی ئاوی پێشبینیکراوی ساڵانەی هەیە بەبەهای(١.١١٣ملیار/م٣)، ئەمەش سامانێکی سروشتی و داهاتێکی نەتەوەیی گرنگە، کە دەتوانرێت بە چەند ڕێگەیەك کۆبکرێتەوە و لە وەرزی وشکدا بەکاربهێنرێت، لە گەڵ ئەوەشدا ئاوزێڵە لاوەکییەکانیش داهاتی ئاوییان بەرزە، بە جۆرێك ئاوزێڵی(١، ٢، ٥) بەدوای یەکدا بەهاکانیان(٠,٨ملیار/م٣)(٠,٦٥ملیار/م٣)(٠,٦٤ملیار/م٣)، کەمترین بڕی ئاوی پێشبینیکراوی ساڵانە لە ئاوزێڵی(١٠) تۆمارکراوە بەبەهای(٠,٠٦ملیار/م٣).

باسی چوارەم: هایدرۆگرافی لافاو:

مەبەست لێی نیشاندانی ماوەی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی پلەپلەیی لافاوە، یەکەی هایدرۆگراف بە(م٣/چرکە) پێوانەدەکرێت و لەڕێگەی ئەم دوو ئاستەوە دەتوانین ئەو ماوەیە دیاری بکەین، کە لافاو پێویستی پێیەتی هەتا بگات بە لوتکە و ئەو ماوەیەش، کە دادەبەزێت و دەچێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی(SABRAMANYA, p139)،ئەم دوو گۆڕاوە لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك فاکتەری سروشتدایە، وەك پێکهاتەی جیۆلۆجی و لێژی و ڕادە و توندی دابارین و ماوەی دابارین و ڕووەکە پۆشاك، ئەمەش بەپێی نمونەی سنایدەر و پشت بەست بەم هەنگاوانەی خوارەوە:

یەکەم: ماوەی بەرزبونەوەی پلەپلەیی لافاو: ئەو ماوەیەیە، کە لافاو پێویستی پێیەتی تا بگاتە ئەوپەڕی لوتکەی ئاودەرکردن، واتە ماوەی بەرزبونەوەی پلەپلەیی کۆبوونەوەی ئاوی بارانە لەهەموو ڕێڕەوە ئاوییەکانەوە، پاش تێربوونی زەوی و بەردەوامی باران هەتا ڕوودانی لافاو لەهەموو دۆڵەکانی ئاوزێڵەکە ڕووبدات(الديوالي، ٢٠١٩، ص١٦٢)، ئەمەش کاریگەرە بە بڕ و ماوەی دابارین و ئاستی لێژی ڕووی زەوی ئاوزێڵەکە، هەتا بڕ و ماوەی دابارین زۆرتربێت و ئاستی لێژی ڕووی زەوی ئاوزێڵەکە زیاتربێت، ئەوا گریمانەی مەترسی لافاو زیاترە، وەبەپێچەوانەشەوە(RAGHUNATH, 1984, P120)،تێبینی دەکرێت ئاوزێڵی سەرەکی بەهای ماوەی بەرزبوونەوەی پلەپلەیی لافاوی بەرزە بەبەهای(٢١:٩٢ کاتژمێر)ە، ئەمەش ماوەیەکی زۆرە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مەترسی لافاو لەسەر ئاوزێڵە سەرەکییەکە کەمە، ئەم بەهایەش لە ئاوزێڵە لاوەکییەکان دەگۆڕێت.

شێوەی(١) ماوەی بەرزبوونەوەی پلەپلەیی لافاو لە ئاوزێڵی سیوەیل و ئاوزێڵە لاوەکییەکان(کاتژمێر)



سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (٦).

دووەم: ماوەی نزمبونەوەی پلەپلەیی لافاو: ئەو ماوەیەیە، کە لافاو پێویستی پێیەتی تا بگاتەوە بە باری سروشتی خۆی، (البارودي،٢٠١٢، ص٦٠)، ئاوزێڵی سەرەکی بەهای ماوەی نزمبوونەوەی پلەپلەیی لافاوی بەرزە بەبەهای(٤٣:٨٥کاتژمێر)ە، ئەمەش ماوەیەکی زۆرە بۆ گەڕانەوەی ئاوزێڵەکە بۆ ئاستی سروشتی بوونی خۆی، سەبارەت بە ئاوزێڵە لاوەکییەکان، جیاوازی لە بەهاکانیاندا دەبێت، بەهۆی ئەو جیاوازیەی، کە لە سروشتی ئاوزێڵەکەدا دەردەکەوێت، بەرزترین بەها لە ئاوزێڵە لاوەکییەکان لە ئاوزێڵی(١)و(٢)دایە، بە بەهای (٣٢:٤٧کاتژمێر) و(٢٥:٦٠ کاتژمێر)ە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ سروشتی بوونی ئاوزێڵەکە و رەخساندنی توانای کۆکردنەوەی ئاوی لە هەریەك لەو ئاوزێڵانەی ماوەییان بەرزە و ڕووبەرێکی فراوانیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا نزمترین بەها لە ئاوزێڵی (١١)دایە، بە بەهای (٨:٣٩ کاتژمێر)و هەردوو ئاوزێڵی(٤، ٨) هەمان ئاستیان هەیە بەبەهای(٨:٧١ کاتژمێر)ە.

شێوەی(٢) ماوەی نزمبوونەوەی پلەپلەیی لافاو لە ئاوزێڵی سیوەیل و ئاوزێڵە لاوەکییەکان(کاتژمێر)



سەرچاوە: کاری توێژر پشت بەست بە خشتەی (٦).

خشتەی (٦) تایبەتمەندی هلیدرۆلۆجیای ئاوزێڵی سیوەیل

ئاوزێڵ	ماوەی کۆبوونەوە /کاتژمێر	ماوەی وەڵامدانەوە / کاتژمێر	ماوەی بناغەیی لافاو / کاتژمێر	خەملاندنی ماوەی ئاو لە بەرڕۆشتن / ك	خێرایی ئاو لەبەرڕۆشتن م٣/چرکە	هاوکۆلکەی لافاو	ماوەی نمونەیی دابارین /ك	قەبارەی ئاو لە بەرڕۆشتن هەزار/م٣	لوتکەی ئاودەرکردن م٣/چرکە	هێزی لافاو	بڕی داهاتی ئاوی پێشبینیکراوی ساڵانە / ملیار/م٣	بەرزبوونەوەی پلەپلەیی کاتژمێر	نزمبوونەوەی پلەپلەیی کاتژمێر
١	٣:٨٤	١٢:٣٠	٤٩:٢	٦١:٥	٢.٤١	٢,٤٥	٢:٢٣	٨٥٤,٢٥	٦١,٦٤	٢,٤٤	٠,٨٢٥	١٦:٢٣	٣٢:٤٧
٢	٢:٣٤	٩:٧٠	٣٨:٨	٤٨:٥	٢.٢٢	٢,١١	١:٧٦	٥٢٧	٦٧,٧٧	٣:٥٤	٠.٦٥١	١٢:٨٠	٢٥:٦٠
٣	١:٠٨	٥:٧٢	٢٢:٨٨	٢٨:٦	١.٩٧	١,٩٣	١:٠٤	١٢٠,٧	٤٤,٢٣	٥,١٣	٠,٢٨٥	٧:٥٥	١٥:١٠
٤	٠:٣٨	٣:٣	١٣:٢	١٦:٥	١.٩٨	٤,٣٢	٠:٦	١٣,١٧	٢٣,٤٤	٧.٣٤	٠.٣٧٢	٤:٣٥	٨:٧١
٥	١:٣٨	٧:١١	٢٨:٤٤	٣٥:٥٥	٢.٠٠	٣,٢٢	١:٢٩	١٦١,٢٤	٥٣,٧٣	٤,٦٩	٠,٦٤٣	٩:٣٨	١٨:٧٧
٦	١:٠٣	٥:٢١	٢٠:٨٤	٢٦:٠٥	٢.٣٠	٣,١٢	٠:٩٤	٤٩,٣٨	٢١,١٤	٣.٤١	٠.٢٢٨	٦:٨٧	١٣:٧٥
٧	٠:٨٨	٤:٧٨	١٩:١٢	٢٣:٩	٢.١١	١,٧٧	٠:٨٦	٤٤,٥٤	٢٥,٦٣	٤,٤١	٠,٢٨٦	٦:٣٠	١٢:٦١
٨	٠:٤٤	٣:٣٣	١٣:٢	١٦:٦٥	١.٩٤	١,٧٥	٠:٦٠	١٥,٥٥	٢٥,٨٦	٧.٢٢	٠.٢٤٢	٤:٣٥	٨:٧١
٩	٠:٤٥	٣:٣٨	١٣:٥٢	١٦:٩	٢.٠٠	١,٢٧	٠:٦١	١٤,٤٥	٢٧,٣٥	٧,٨١	٠,٢٥٧	٤:٤٦	٨:٩٢
١٠	٠:٥٣	٣:٧١	١٤:٨٤	١٨:٥٥	١.٧٦	١,٩٩	٠:٦٧	٢٠,٤	٢٦,٠٦	٦.٦١	٠.٠٦١	٤:٨٩	٩:٧٩
١١	٠:٤٢	٣:١٨	١٢:٧٢	١٥:٩	١.٧٠	٣,٩٨	٠:٥٧	١٣,٨٥	٢٥,٩٤	٨,٠٣	٠,٢٣٤	٤:١٩	٨:٣٩
ئاوزێڵی سەرەکی	٥:٩٤	١٦:٦١	٦٦:٤٤	٨٣:٠٥	٢.٣٨	٢.٩٢	٣:٠٢	١٨٣٤,٥٥	٧٥,٢٥	١.٩١	١.١١٣	٢١:٩٢	٤٣:٨٥

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە فایلی مۆدێلی بەرزونزمی ژمارەیی (DEM)ی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بە ووردی (١٢,٥م)، بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.5)، و جێبەجێکردنی هاوکێشە هایدرۆلۆجییەکان.

تەوەری سێهەم: خەملاندنی قوڵی ئاوی ڕێکردوو بە(ملم)و بڕی ئاوی ڕێکردوو بە(م٣)لە شەپۆلێکی دیاریکراوی باران بەپێی میتۆدی SCS – CN:

پرۆژەکانی پەرەپێدانی سەرچاوە و گەشەپێدانی کشتوکاڵ لەو ناوچانەی کە سەرچاوەی ئاویان بەردەستە، بەڵام وێستگەی هایدرۆمەتری نیە بۆ پێوانەکردنی ئاوی سەرزەوی لەم ناوچانەدا، بۆیە ڕێگای بیرکاری بەکاردەهێنرێت کە پەیوەستە بە خەملاندنی قەبارەی ئاوی ڕێکردوو بە ناسینەوەی قەبارەی بارانبارین(علوان، ٢٠١٤، ص٦٨)، ئەم تەوەرە دابەش دەبێت بۆ چەند خاڵێك:

یەکەم: پۆلێنکردنی ڕووی زەوی و دروستکردنی نەخشەی بەکارهێنانی زەوی(LULC Map)

مەبەستمان ئەو هێما و دیاردە ڕاستەقینەیانەن، کە لەسەر ڕووی زەوی وەکو تایبەتمەندییە سروشتی و مرۆییەکان، هەروەها بە واتای دەستنیشانکردنی جۆرە جیاوازەکان دێت کە لە ئەنجامی چالاکییەکانی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی دروست دەبن، و دیاریکردنی ڕووپۆشی سروشتی زەوی کاتێک چالاکییەکانی مرۆڤ لەسەری پراکتیزە ناکرێت(جمال و کاظم، ٢٠١٩، ص٣١٥).

خشتەی(٧) بەکارهێنان و ڕوپۆشی زەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

جۆری ڕوپۆشی زەوی	ڕووبەر(کم٢)	ڕێژە٪
دارستانی چڕی زۆر	١٧٤.٥	١١.٢٩
دارستانی چڕی مامناوەند	٧٩١.٤	٥١.٢٢
دارستانی کراوە	٨٢.٤	٥.٣٧
گژوگیا	٢١٩.٨١	١٤.٢٢
کشتوکاڵ	٢٢٧	١٤.٦٩
ناوچەی ئاوی	٥.٥	٠.٣٥
زەوی ڕووتەن	٣٥.٩٩	٢.٣٢
نیشتەجێ بوون	٨.٤	٠.٥٤
کۆی گشتی	١٥٤٥	١٠٠

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە نەخشەی(٤) و بەکارهێنانی(Landsat ٨) و((Arc GIS Map10.5.

نەخشەی(٤) بەکارهێنان و ڕوپۆشی زەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە



سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە(Landsat 8) و ڕوونی(١٢.٥)و لەبەرواری ٢٠٢٢/٧/١٤ بە بەکارهێنانی ((Arc GIS Map10.5

دووەم: گروپی هایدرۆلۆجیای خاکی ناوچەی لێکۆڵینەوە: Hydrologic Soil Group
بەمەبەستی دەستنیشانکردنی نەخشەی تایبەتمەندی هایدرۆلۆجی خاکی ناوچەی لێکۆڵینەوە، لەڕێگەی سەردانی مەیدانی(٨نموونە) لەخاکی ناوچە جیاوازەکانی ناوچەی توێژینەوە وەرگیراوە، پاشان لەڕێگەی کاری تاقیگەییەوە شیکردنەوەی بۆکراوە و دواتر ئەنجامەکان داخلی بەرنامەی((Arc GIS Map10.5)کراوە و لەڕێگەی تەکنیکی(GEOSTATISTICAL ANALYST) نەخشەی شانەی خاك بەرهەمهێنراوە، پاشان بەپێی میتۆدی(SCS – CN)گروپەکانی خاك لەناوچەی لێکۆڵینەوە جیاکراونەتەوە، لەخشتەی(٧، ٨) نموونەکانی وەرگیراوی خاك و دابەشبوون و تایبەتمەندی گروپە هایدرۆلۆجیەکان خاك لەگەڵ نەخشەی(٤) خراونەتەڕوو، بەم شێوەیە شیکاری بۆ تایبەتمەندی و دابەشبوونی هەر گروپێکی خاکی ناوچەی لێکۆڵینەوە کراوە.
شێوەی(٣) شوێنی دابەشبوونی پێکهاتەی نموونەکانی خاکی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر سێگۆشەی تایبەت بە پێکهاتەی خاك



Soil Teacher Source; https://www.nrcs.usda.gov/wipe/portal/nerds/detail/soils/survey/Cid=nrcs142p2-054167.

نەخشەی(٤)دابەشبوونی گرووپەکانی هایدرۆلۆجیای خاك لە ئاوزێلی سیوەیل



کاری توێژەر پشت بەست بە شیکاری تاقیگەیی خاك و بەکارهێنانی بەرنامەی((Arc GIS Map10.5و لەڕێگەی تەکنیکی(GEOSTATISTICAL Analyst)

خشتەی(٧) پۆلێنکاری هایدرۆلۆجیای خاك بۆ چەند گروپێك بەپێی پۆلێنکاری(SCS – CN)

گروپی هایدرۆلۆجیای خاك	قوڵی لەبەرڕۆشتنی ئاو	تایبەتمەندییەکانی خاك
A	کەم	چینێکی لمینی قوڵ، لەگەڵ ڕێژەیەکی زۆر کەم لە قوڕ و لیتە.
B	مامناوەند	چینێکی خاکی تێکەڵەیە، کە قوڵیەکەی کەمترە لەقوڵی گروپیA، لەگەڵ تێکڕای داچۆڕانێکی مامناوەند پاش شێداری تەواوەتی خاك.
C	سەروو مامناوەند	چینێکی قورین، کە قوڵیەکی دیاریکراوی هەیە، لەگەڵ تێکڕای داچۆڕانی کەمتر لە مامناوەند پێش تێربوونی خاك.
D	بەرز	چێنێکی قورین، کە ڕێژەیەکی بەرز هەڵئاوسانی خاکی هەیە، لەگەڵ بوونی چێنێکی تەنك لەخاکی نەرم لەنزیك ڕووی سەرەوە.

Resource; Chow. V. T. MAIDMENT D. R. and Mays L.W.1988, Applied Hydrology, M.C. Grow- Hill, New York. USA.

خشتەی(٨) دابەشبوون و ڕووبەری گروپی هایدرۆلۆجیای خاك لە ئاوزێی سیوەیل

ژمارە	گروپی هایدرۆلۆجیای خاك	قوڵی لەبەرڕۆشتن	ڕووبەر/ کم٢	ڕێژە ٪
١	C	سەروو مامناوەند	٤٠٣.٦	٢٦.١٢
٢	B	مامناوەند	٥٤٨	٣٥.٤٦
٣	A	کەم	٥٩٣.٤	٣٨.٤٢
تێکڕا			١٥٤٥	١٠٠

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە (Landsat 8) و بەدیقەی(١٥م)لەبەرواری،بە بەکارهێنانی ((Arc GIS Map10.5و ڕێگەی تەکنیکی(GEOSTATISTICAL ANALYST)، لەگەڵ سامپڵی شیکاری تاقیگەی خاك بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە.

خشتەی(٩)تایبەتمەندی نموونەی وەرگیراو لەخاکی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی گروپی هایدرۆلۆجیای خاك

ژمارە	شوێنی نموونە	هێڵی درێژی	بازنەی پانی	بەرزی بە(م)	ڕێژەی قوڕ ٪	ڕێژەی لم ٪	ڕێژەی لیتە٪	پێکهاتەی خاك	گروپ ی خاك
١	مۆکەبە	٠١= ٤٥- ٤٥°	٢٤= ٤٦- ٣٥°	٨٨٠	٥.٢٨	٦٣,٥	٨,٢	Sandy Clay Loam	C
٢	سیرێ	٠= ٣٤- ٤٥°	٠= ٥٤- ٣٥°	١٠٩٩	٥	٥.٨١	٥.١٣	Loamy Sand	A
٣	کەناروێ	١٨= ٤٨- ٤٥°	٢٨= ٤٤- ٣٥°	٩٨٩	٧	٥.٧١	٢١,٥	Sandy Loam	A
٤	باشماخ	٠= ١٤- ٤٦°	٠= ٣٥- ٣٥°	١٤٠٥	٤,٤	٦٦,٥	١.٢٩	Sandy Loam	B
٥	بناوەسوتە	٥٥= ٥٩- ٤٥°	٥٥= ٣٥- ٣٥°	١٤٣٥	٢٣,٦	٦٩,٠	٧,٤	Sandy Clay Loam	B
٦	باراوا	٠= ٤٦- ٤٥°	٢٢= ٤٥- ٣٥°	١٢٠٨	٤	٧٤,٠	٢٢,٠	Loamy Sand	A
٧	گۆخڵان	٢٥= ٣- ٤٦°	٣٠= ٤٣- ٣٥°	١٢٨١	٢٨,١	٥٦,٥	١٥.٤	Sandy Clay Loam	C
٨	پێنجوێن	٢= ٥٦- ٤٥°	٤٣= ٣٧- ٣٥°	١٣٢٣	٧,٧	٨٠,٠	١٢,٣	Loamy Sand	A
تێکڕا					١٣,٥٢	٧٠,٣١	١٦,١٧	Loamy Sand	

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

١. وەرگرتنی نموونە لەجێگە جیاوازەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لەبەرواری ٢٠٢١/١٢/١٠هەروەها:

شیکاری فیزیای بۆ نموونە وەرگیراوەکان ئەنجامدراوە لەتاقیگەی زانکۆ(شیکاری فیزیای)، بازیان، سلێمانی، لەبەرواری ٢٠٢٢/١/١٢.

2. Soil Teacher Source; https//www.nrcs.usda.gov/wipe/portal/nerds/detail/soils/survey/Cid=nrcs142p2-054167.

سێیەم/ پوختکردنەوەی ژمارەی چەماوەیی (CN) بۆ ئاوزێڵی سیوەیل:

لە پاش بە دەستهێنانی پێداویستییە سەرەکییەکان، بۆ پوختکردنەوەی ژمارەی چەماوەیی(CN) بەهاکە پوخت دەکەینەوە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی(Combines multiple raster) چینی ڕوپۆشی زەوی و کۆمەڵە هایدرۆلۆجییەکانی خاك، بە بەکارهێنانی(ARC MAP GIS ١٠,٥)، بەهای (CN) لە ڕوپۆش و بەکارهێنانە جیاوازەکانی زەوی لە ئاوزێڵی سیوەیل، بەم شێوەیە دابەش بووە، بەهای(CN) لە نێوان(٠ - ١٠٠)دایە، هەرچەند بەهاکەی لە(١٠٠)ەوە نزیك بێتەوە ئاماژەیە بۆ ڕوویەکی تەواو ڕەق خاك و لاوازی توانای خاك بۆ تێپەڕاندن و وەستاندنی کرداری داچۆڕان و دەستپێکردنی لەبەررۆشتن و زیادبوونی قوڵی و قەبارەی ئاوی ڕێکردوو، هەروەها بە بەهای نزیك لە سفر، ئاماژەیە بۆ بەرزی توانای خاك بۆ تێپەڕاندن و توانای داچۆڕان بەرزدەکاتەوە و دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کردرای لەبەررۆشتن و نێوانی هەردوو بەهاکەش واتە بەهای(٥٠) ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی خاك لەنێوان کرداری داچۆڕان و کرداری ڕێکردنی ئاو بەسەر ڕووی زەویدا(AL-GAMDI, 1991) .

خشتەی (١٠) بەهای ژمارەی چەماوەیی (CN)، بە ڕێگای (SCS) دەرهێنراوە

ڕوونکردنەوەی زەوی بەکارهێنراو Land Use Description		گروپی هایدرۆلۆجیای خاك		
		A	B	C
زەوی داچێنراو				
بەبێ چارەسەرکردن لە پارێزگاری خاك		٧٢	٨١	٨٨
لەگەڵ چارەسەری پارێزگاری خاك		٦٢	٧١	٧٨
زەوی لەوەرگای دەستکرد و سروشتی				
بارودۆخی هەژار		٧٧	٨٦	٩١
بارودۆخی زۆر دەوڵەمەند		٣٩	٦١	٧٤
زەوی گیایی				
بارودۆخی باش		٣٠	٥٨	٧١
زەوی دارستانەکان				
ڕووپۆشی کەم و بەبێ نەخۆشی		٤٥	٦٦	٧٧
ڕوپۆشی ئەستور و دەوڵەمەند		٢٥	٥٥	٧٠
زەوییە کراوەکان (ڕووتەن) – گژوگیا – گۆرستانەکان				
بارودۆخی باش: ڕوپۆشی گیایی لە ٧٥٪ زیاتر.		٣٩	٦١	٧٤
بارودۆخی مامناوەند: ڕوپۆشی گیایی ٥٠ – ٧٥٪		٤٩	٦٩	٧٩
ناوچەی بازرگانی و پیشەییەکان لە ٨٥٪ بێکونیلە		٨٩	٩٢	٩٤
ناوچە پیشەسازییەکان ٧٢٪ بێکونیلە		٨١	٨٨	٩١
زەوی نیشتەجێبوون				
تێکڕای بێکونیلەیی	تێکڕای قەبارەی زەوی			
١ – ٨ و زیاتر	٦٥	٧٧	٨٥	٩٠
١ – ٤ و زیاتر	٣٨	٦١	٧٥	٨٣
١ – ٣ و زیاتر	٣٠	٥٧	٧٢	٨١
١ – ٢ و زیاتر	٢٥	٥٤	٧٠	٨٠
١ و زیاتر	٢٠	٥١	٦٨	٧٩
شوێنی وەستانی ئۆتۆموبیل – ڕێڕەوەکان ... تاد.		٩٨	٩٨	٩٨
شەقام و ڕێگاوبانەکان				
شۆستە و ئاوەڕۆی ئاودەرکردنی باران		٩٨	٨	٩٨
ڕێگای چەوی و بەردین		٧٦	٨٦	٨٩
ڕێگای بەجێهێڵراو		٨٢	٨٢	٨٧

سەرچاوە:١- استفان ا. تامپسون، هیدرولوژی برای منابع اب، ترجمه سعید گلیان و حمیدرضا زهبی، چاپ و صحافی شاهرود، چاپ اول، ١٣٩٣ (٢٠١٤)، ص٣٨٩ – ٣٩٣.

2- Vijay P. Singh, Donald K. Fervent, Watershed Models, CRC Press is an imprint of Taylor & Francis Group, 2006,P 364

سێیەم: هاوکۆلکەی ئەوپەڕی توانای گلدانەوەی ئاو لە دوای کرداری ئاو لەبەررۆشتنی سەر ڕووی زەوی(Potential Maximum (S) Retention After Runoff):

هاوکۆلکەی(S) ئاماژەیە بۆ تێربوونی خاك بە ئاو، پاش وەستانی کرداری هەڵمژین و داچۆڕان و دەسپێکردنی کرداری ئاوڕێکردن، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لەنێوان ئەستوری چینی خاکی تێربوو بە ئاو بە پێی جۆری خاکەکە و مەودای توانایی بۆ ئەوپەڕی وەرگرتنی ئاو لەکاتی باران باریندا هەیە(النفیعی،٢٠١٠، ص ١٠٣). بەهای ئەم هاوکێشەیە هەرچەندە لە(سفر) نزیك بێت ئاماژەیە بۆ بێتوانایی خاك بۆ وەرگرتن و پاراستنی ئاو، ئەمەش کاریگەری لەسەر چالاکی لەبەررۆشتنی ئاو لە ناوچەکەدا دەبێت و بڕی لەبەررۆشتنی ئاو زیاد دەکات، بە پێچەوانەشەوە هەرچەندە بەهای هاوکۆلکەی(S) بەرزبێت، ئاماژەیە بۆ توانای خاك بۆ لەخۆگرتن و پاراستنی ئاو، ئەمەش دەبێتەی هۆی کەمبوونەوەی قەبارە و بڕی ئاودەرکردن، بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر بەهای(S) نزیکبوو لە(٢٥٤) ئەوا ئاماژەیە بۆ بەرزی توانای خاك بۆ لەخۆگرتن و پاراستنی ئاو(RANJAN, 2014, P4-5)،لەهرێگەی هاوکێشەکەوە و بە بەکارهێنانی (Arc Map GIS 10.5) و(Raster Calculator)، بەهای(S) دۆزراوەتەوە، بەهای(S) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی ئاوزێلەکان دەگۆڕێت، ئاوزێلی سەرەکی بەهای نزمەو(0.73) یە، ئەمەش بەواتای ئەوەی کە خاك توانای لەخۆگرتنی ئاوی کەمە، بەمەش بڕی لەبەررۆشتن زیاترەبێت، بەڵام لە ئاوزێلە لاوەکییەکاندا جیاوازی لە نێوان بەهاکاندا هەیە. بە جۆرێك بەرزترین بەها لە ئاوزێلی(١) تۆمارکراوە بەبەهای(٣٦.٥٥) و کە ئاماژەیە بۆ توانای خاك بۆ پاراستن و لەخۆگرتنی ئاو، بەمەش قەبارەی لەبەررۆشتنی ئاو کەم دەکات، نزمترین بەهاش لە ئاوزێلی(٨)تۆمارکراوە بەبەهای(٠.٣٢)، کە ئاماژەیە بۆ بەرزی قەبارەی لەبەررۆشتن و کەمی ئاو لەخۆگرتنی خاك

چوارەم: دەرهێنانی هاوکۆلکەی سەرەتایی(احتساب معامل الاستخلاص الاولي) (Ia):

هاوکۆلکەی(Ia) یەکێکە لە هاوکۆلکە گرنگەکانی جیبەجێکردنی سیستەمی(SCS-CN)، لەرێگەی ئەم هاوکۆلکەیەوە هەموو بەهاکانی بڕی ئاوی لەدەسچووی باران بارین دەسنیشان دەکرێت پێش کرداری لەبەررۆشتنی ئاوی سەر ڕوی زەوی، کە بەهۆی ڕووپۆشی ڕووەکی و کۆبوونەوەی ئاوی باران لە ڕووە چاڵاییەکانی ڕووی زەوی لەدەسچوون یاخود بەهۆی کرداری بەهەڵمبوون و داچۆڕان بووە بۆ چینەکانی خاك لەرێگەی درز و شکانەکانەوە، هەر چەند بەهای هاوکۆلکەکە لە (سفر) نزیك بێت، ئاماژەیە بۆ کەمترین بڕی ئاوی لە دەستچوو پێش کرداری لەبەررۆشتن و ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی قەبارەی لەبەررۆشتنی ئاوی سەر ڕووی زەوی، بە پێچەوانەشەوە هەرچەندە بەهای(Ia) زیاتربێت بڕی ئاوی وونبوو زیاد دەکات و قەبارەی لەبەررۆشتن کەم دەکات، وە ئەگەر بەهای(Ia) گەیشتە(٥٠.٨) ئەوا بڕی لەدەسچوونی ئاو یەکسانە بە بڕی ئاوی ڕێکردووی سەر ڕوی زەوی(الزبيدي، ٢٠١٨، ص١٣٤– ١٣٥)، ئەم هاوکێشەیە پەیوەندییەکی بەهێزی بە جۆری خاك و کونیلەداری و چڕی ڕووپۆشی ڕووەکی ناوچەکەوە هەیە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هاوکۆلکەی(S)هەیە، کە پێشتر شیکردنەوەی بۆ کراوە، پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەکە، تێبینی دەکرێت بەهای هاوکۆلکەی(Ia) بەپێی سروشتی تایبەتمەندی ئاوزێلەکان قەبارەی ئاوی لەدەستچوو لەبەررۆشتن دەگۆڕێت، ئاوزێلی سەرەکی بەهای(Ia)نزمە(٠,١٤)، کە ئاماژەیە بۆ کەمی قەبارەی ئاوی لەدەستچوو، سەبارەت بە ئاوزێلە لاوەکییەکان جیاوازی لەنێوان بەهاکانیاندا هەیە، بە جۆرێك ئاوزێلی(٩) بەرزترین بەهای هەیە بەبەهای(١٩.١٨)و ئاوزێلی(٨) نزمترین بەهای هەیە کە(٠.٠٦)ە، بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم ئاوزێلەکان بەهاکانیان نزمە، ئەمە ئاماژەیە بۆ کەمی قەبارەی ئاوی لەدەستچوو، کە ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لەکاریگەری هاوکۆلکەی(Ia) بە هاوکۆلکەی (S)و نەبوونی ڕووتی خاك و لە ڕووپۆشی ڕووەکی، کە قەبارەی ئاوی لەدەستچوو کەمترە بەبەراورد بە قەبارەی ئاوی لەبەررۆشتن.

پێنجەم: پێوانەکردنی قوڵی لەبەررۆشتنی ئاوی سەر ڕووی زەوی (Q):

بۆ ئەوەی پێوانەی قوڵی لەبەررۆشتنی ئاوی سەر ڕووی زەوی بدۆزینەوە، کە یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی سیستەمی(SCS-CN)، پێویستمان بە بڕی باران بارین دەبێت لەماوەی سایکڵۆنێدا، بەبێ لەچاوگرتنی ڕووبەری گشتی ئاوزێلەکە، بەهای قوڵی ئاولەبەررۆشتن دەگۆڕێت بەپێی جۆری خاك و کونیلەداری و ڕووپۆشی زەویەکەی(عبدالقادر، ٢٠١٥، ص١١١)، لەرێگەی ئەم هاوکێشەیەوە دەدۆزرێتەوە(المشهداني، ٢٠٢٠، ص٧٩)، بەپێی هاوکۆلکەی(Q)، ئاوزێلی سەرەکی(٧٠,٨٣ملم)ە، سەبارەت بە ئاوزێلە لاوەکییەکان، بەپێی شێداری خاك و جۆری بەکارهێنانەکانی زەوی، بەهای لەدەستچوون و لەبەررۆشتنی ئاو دەگۆڕێت و بەهەمان شێوەش بەهای قوڵی لەبەرۆشتن لە گۆڕاندایە، بەجۆرێك بەرزترین قوڵی ئاو لەبەررۆشتن لە ئاوزێلی(١٠)دایە بە قوڵی(٧٢.٤٦ملم)، چونکە بەکارهێنانی زەوی لەم ئاوزێلەدا تاڕادەیەکی زۆر دوورە لە دەستێوەردانی مرۆڤ، ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی لەم ئاوزێلەدا تەنها(٣.٢٢٪)کۆی گشتی ڕووبەری ئاوزێلەکە پێکدەهێنێت، لەکاتێکدا زۆرترین ڕووبەری ئاوزێلەکە پێکهاتووە لە گژوگیاو جۆری دارستانەکان، ئەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر داچۆڕانی ئاوی باران هەبووە و بووەتەهۆی زیادبوونی قوڵی ئاوی سەر ڕووی زەوی، لەگەڵ ئەوەشدا نزمترین قوڵی لە ئاوزێلی(٩، ١، ٥) یە، کە قوڵییەکەیان یەك بە دوای یەك (١٨.٥٨، ٤١.٠٧، ٤٤.١٠ملم)ە، چونکە بەهای (S) لەم ئاوزێلانەدا بەرزە و ئاماژەیە بۆ لە دەستچوونی قەبارەی ئاو بە کرداری داچۆڕان و بەهەڵمبوون و کاریگەری ڕووەکی سروشتی، ئەمە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی قوڵی لەبەررۆشتنی ئاو.

شەشەم: خەملاندنی قەبارەی ئاو لەبەررۆشتن(م٣) (تقدير حجم الجريان السطحي(QV)):قەبارەی ئاو لەبەررۆشتن ئاماژەیە بۆ تێکڕای ئاوی ڕێکردوو لە ڕووبەری ئاوزێلدا، بەپشت بەستن بە بەهای قوڵی ئاولەبەررۆشتنی سەر ڕووی زەوی، توێژینەوە لە قەبارەی ئاو لەبەررۆشتن بە یەکێك لە توێژینەوە گرنگەکانی هایدرۆلۆجی دادەنرێت، بەتایبەت لە دیاریکردنی شوێنی بەست و بەنداوەکاندا، کە یارمەتیدەرە بۆ زانینی قەبارەی ئەو لافاوەی کە دەکەوێتە ناوچەی لێکۆڵینەوەوە(HAMEED, ٢٠١٣, p٢٦) ، لەبەررۆشتنی ئاوی لە ئاوزێلی سەرەکی(١٠٩,٤٣م٣) یە، لە ئاوزێلە لاوەکییەکان، نزمترین بەها لە ئاوزێلی(٩)دایە بە بەهای(٠.٢٢م٣)، بەرزترین بەها لە ئاوزێلی(١)دایە بە بەهای(٢٦.٢م٣)،

ئەمەش کۆی ئاوی هاتووی شەپۆلێکی بارانە کە (٧.٧١ ملم) لە (٢٠٢٠/٢/٢٥) باریووە، لە کاتێکدا پێنج ڕۆژ پێش شەپۆلی بارانی تۆمارکراو بڕی باران(٥.١٦ملم)بووە، بەوەش ناوچەکەمان تایبەتمەندی خاکی شێدار وەردەگرێت(AMC١١١)، کە کاریگەری لەسەر لەبەرڕۆشتنی قەباری ئاو هەبووە.

خشتەی (١١) تێکڕای بەهای قوڵی لەبەرڕۆشتنی ئاوی سەر زەوی ساڵانە(Q) و خەملاندنی قەبارەی ئاو لەبەرڕۆشتن (QV) بە میتۆدی (SCS-CN)، بۆ ئاوزێلە سەرەکی و لاوەکییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

ئاوزێلی	بەهای CN	ڕووبەر/ کم٢	ڕێژە %	CN_c	CN - Adjusted	CN_a	S	La	باران/ ملم ٢٠٢٠/٢/٢٥	$(P- la)^2$	P – la + s	Q (mm)	QV (m^3)
١	٨٤,٤	٦٣٣,٧٢	٤٧.١٨	٥٨.٩٨	٨٧.٤٢	٨٧.٤٢	٣٦.٥٥	٧.٣١	٧١,٧	٤١٤٦.٠٧	١٠٠.٩٤	٤١.٠٧	٣٦.٠٢
٢	٨٦,٤	٣٧٠,١١	٢٧.٥٥	٦٧.٣٦	١١٠.٥٦	١١٠.٥٦	٠.٩٠	٠.١٨	٧١,٧	٥١١٥.١١	٧٢.٤٢	٧٠.٦٣	٢.٦٣
٣	٨٩,٣	٧٤,٣٦	٥.٥٣	٦٤.٦٦	٩٣.٧٣	٩٣.٧٣	١٦.٩٩	٣.٣٩	٧١,٧	٤٦٦٦.٢٥	٨٥.٥٣	٥٤.٥٥	٤.٠٥
٤	٨٩,٣	١٠,٢١	٠.٧٦	٨٣.٢٤	١٢٠.٦٦	١٢٠.٦٦	٠.٤٣	٠.٠٨	٧١,٧	٥١٢٨.٥٦	٧٢.٠٤٤	٧١.١٨	٠.٧٢
٥	٨٩,٥	١٣١,٣٤	٩.٧٧	٦١.٣٨	٨٨.٩٥	٨٨.٩٥	٣١.٥٥	٦.٣١	٧١,٧	٤٣٧٥.٨٥	٩٦.٩٤	٤٤.١٠	٥.٧٩
٦	٨٥,٧	٣٨,٤٣	٣.٨٩	٨٣.٩٥	١٢١.٧	١٢١.٧	٠.٤٥	٠.٠٩	٧١,٧	٥١٢٧.٩٩	٧٢.٠٦	٧١.١٦	٢.٧٣
٧	٧٢,٦	٣٣,٧٧	٣.٥١	١٤.٠٨	١١٩.٣٥	١١٩.٣٥	٠.٤١	٠.٠٨	٧١,٧	٥١٢٩.١٣	٧٢.٠٢٨	٧١.٢١	٢.٤٠
٨	٨٢,٠٧	١٣,٨٥	٠.٩٥	٧٨.٨٩	١١٤.٣٤	١١٤.٣٤	٠.٣٢	٠.٠٦	٧١,٧	٥١٣١.٧١	٧١.٩٣٦	٧١.٣٤	٠.٩١
٩	٨٥,٣	١٣,٣١	٠.٩١	٥٠.٠٨	٧٣.٥٩	٧٣.٥٩	٩٥.٩١	١٩.١٨	٧١,٧	٢٧٥٨.٣٥	١٤٨.٤٣	١٨.٥٨	٠.٢٢
١٠	٨٥,٣	١٥,٤٨	١.١٨	١٠٩.٨٥	١٥٩.٢٥	١٥٩.٢٥	٠.٩٤	٠.١٨	٧١,٧	٥١١٣.٩٦	٧٠.٥٧٢	٧٢.٤٦	١.١٢
١١	٨٣,٥	١٠.٤٦	٠.٧٧	٨٤.٠٤	١٢١.٧٥	١٢١.٧٥	٠.٤٥	٠.٠٩	٧١,٧	٥١٢٧.٩٩	٧٢.٠٦	٧١.١٦	٠.٧٤
ئاوزێلی سەرەکی	٨٤.٨٣	١٥٤٥	١٠٠	٦٨.٧٧	٩٩.٧١	٩٩.٧١	٠.٧٣	٠.١٤	٧١,٧	٥١٢٠.٨٣	٧٢.٢٩	٧٠.٨٣	١٠٩.٤٣

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە (Landsat ٨)ی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بەروای (٢٠٢٢/٧/١٤)، لە شەپۆلێکی بارانی (٧١,٧ملم) لە بەروارى (٢٠٢٠/٢/٢٥)، هەروەها فایلی مۆدێلی بەرزونزمی (DEM١٢M)ی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەکارهێنانی (ARC MAP GIS 10.5)، و شیکاری تاقیگەی خاکی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

دەرئەنجام:

ئەم توێژینەوەیە لە بواری هایدرۆلۆجیادا ئەنجامدراوە لە ژێر ناونیشانی (خەملاندنی ئاوی سەر ڕووی زەوی لە ئاوزێلی سیوەیل (بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکانGIS ()، لە کۆتایدا توێژینەوەکە گەشتووەتە چەند دەرئەنجامێك:

١.ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە ناوچەی پێچ ئاڵۆزەکانەوە، کە بەرزترین خاڵی بەرزی (٢٧٧٠م) لە باکوری ئاوزێلەکە لەسەر شاخی کۆترە ڕەش و نزمترین خاڵی بەرزی لە کۆتایی ئاوەڕێژگەی ئاوزێلی سیوەیل بە بەرزی (٨١٦م)ە.

٢.تایبەتمەندییە هایدرۆلۆجییەکانی تۆری ئاودەرکردنی ئاوزێلی سیوەیل، ئاماژە بۆ دەوڵەمەندی ئاوزێلەکە دەکەن لە ڕووی قەبارەی لە بەرڕۆشتن و داهاتی خەملێنراوی ساڵانەی ئاو، لە ئاوزێلە سەرەکی و لاوەکییەکاندا، چونکە تێکڕای ئاودەرکردنی ساڵانە (٦.٦٩م٣/چرکە)یە، و خەملاندنی بڕی داهاتی پێشبینیکراوی ئاوی ساڵانە (١.١١٣ ملیار/م٣)یە، کەواتە قەبارەی ئاودەرکردن بەرزە، هەروەها هەموو هاوکێشە هایدرۆلۆجییەکان ئاماژە بە لاوازی گریمانەی ڕوودانی لافاو دەکەن.

٣.قەبارەی ئاوی ڕێکردوو لە ئاوزێلی سیوەیل بەرزە، ئەمەش بەواتای ئەوەی کە خاك توانای لەخۆگرتنی ئاوی کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا قەبارەی ئاوی لەدەستچوو کەمە، بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم ئاوزێلەکان قەبارەی ئاوی لەدەستچوویان کەمە ، کە ئاماژەیە بۆ نەبوونی خاکی ڕووتەن لە ڕووپۆشی ڕووەکی، کە قەبارەی ئاوی لەدەستچوو کەمترە بەبەراورد بە قەبارەی ئاوی لەبەرڕۆشتن.

ڕاسپاردە

لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەرئەنجامەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، ئەم پێشنیارانە خراوەتەڕوو:

١. بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سروشتی ئاوزێلی سیوەیل، پێویستە هەر پرۆژە و چالاکییەکی مرۆیی، کە ئەنجام دەدرێت، ئامادەکاری بۆ ئاوی سەرڕووی زەوی بکرێت، بە ئاگاییەوە شوێنەکانیان هەڵبژێرن.

٢. ئاوزێلی سیوەیل، بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە، شوێنێکی گرنگ و پربایەخی هەیە، بۆیە پێویستە وێستگەی هایدرۆلۆجی لەسەر دابمەزرێت و ساڵانە داتای پێویست لەسەر هایدرۆلۆجییەکان کۆبکرێتەوە بە مەبەستی پلاندان و سودوەرگرتن لە داهاتی ئاو.

٣. ناوچەی لێکۆڵینەوە، دەوڵەمەندە بە داهاتی ئاوی ساڵانە و قەبارەی ئاودەرکردنی بەرزە، بۆیە پێویستە ئەو پرۆژانەی لەسەر ئاوزێلی سیوەیل کراوە، فراوان بکرێت و کار لە سەر ئاوزێلە لاوەکییەکان بکرێت بە تایبەتی ئەو ئاوزێلانەی کە ڕووبەریان فراوانە.

٤. گەشەپێدانی توێژینەوەی هایدرۆلۆجیا بە بەکارهێنانی میتۆد و تەکنیکی نوێ بە تایبەتی سیستەمی زانیارییە جۆگرافییەکان(GIS) و میتۆدی(SCS-CN) و چاودێری دوور(RS)، چونکە داتای دروست دەدات بە دەستەوە و لەو ڕێگەیەوە شیکارییەکی ورد و زانستی بۆ سیستەمی هایدرۆلۆجیای ئاوزێل بکرێت.

لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوەی کوردی:

١.برایم، سەرباز حولا، ٢٠٢١، مەترسییە جیۆمۆرفۆلۆجییەکانی ئاوزێڵی رووباری بەستەسێن و کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنانی زەوی، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سۆران.

سەرچاوەی عەربی:

١.البارودي، محمد سعيد، ٢٠١٢، تقدير احجام السيول ومخاطرها عند المجرى الاندى لوادي عرنة جنوب شرق مدينة مكة المكرمة(باستخدام نظم المعلومات الجغرافية)، الثامن والاربعون، جمعية الجغرافية المصرية.

٢.بروبة، محمد، ١٩٩٩، فضيل المدلول الجيومورفولوجي للمتغيرات المورفومترية بالحوض الهيدروغرافي لحوض وادي الكبير الرمال(التل الشرقي- الجزائر)مركز دراسات الخليج والجزيرة العربية، عدد ٢١، جامعة الكويت، الكويت.

٣.البهادلي، خولة كاظم جري، ٢٠٢١، تقييم مياه نهر دجلة للاستثمار الزراعي في محافظة ميسان، رسالة ماجستير(غ.م)، كلية التربية – جامعة ميسان.

٤.الجبوري، دلي خلف حميد، ٢٠٠٥، حوض وادي الفضا في المنطقة المتموجة من العراق دراسة في الهيدرولوجيا التطبيقية، رسالة ماجستير(غ.م)، كلية التربية، جامعة تكريت.

٥.جمال و كاظم، سليم ياوز و دلال حسن، ٢٠١٩، استخدام الاستشعار عن بعد ونظم الملومات الجغرافية لتطبيق استعمالات الارض الزراعية والغلطاء الارضي في مشروع ري الجزيرة الجنوبي، مجلة كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة الانبار، المجلد(١)، العدد(٢٥).

٦.حمادي، أحمد عبد الله أحمد، ٢٠٠٣ ، دور العمليات الجيومورفولوجية في تشكيل المظهر الأرضي لجزيرة سقطرى، أطروحة دكتوراه (غير منشورة)، كلية التربية (ابن رشد).

٧.الحكام و علوان، اسحاق صالح - نوال كامل، ٢٠١٧، مقارنة بين طريقتي(GIUF) -(SCS-CN) لتقدير حجم الجريان السطحي لحوض وادي دويريـج باستخدام (GIS)، مجلة كلية التربية للبنات، المجلد ٢٨، العدد١.

٨.الزهيري، نجاح صالح هادي، ٢٠٢٠، التقييم الهيدروجيومورفولوجي لاحواض شمال شرق كلار و أثر في التنمية المستدامة، أطروحة الدكتوراه، كلية التربية للعلوم الانسانية/ جامعة ديالى.

٩.الزوبيدي، مجيب رزوقي فريـح، ٢٠١٨، التقيم الهيدروجيمورفولوجي لاحواض جنوب شرق جبل بيرس واثرها على التنمية المستدامة، اطروحة دكتوراه(غ.م)، الجامعة المستنصرية، كلية التربية، قسم الجغرافية.

١٠.سلمان، ادريس، ٢٠١٤، علي مخاطر السيول في منطقة جازان جنوب غرب المملكة العربية السعودية(منظور جيومورفولوجي)، مجلة جامعة جازان، فرع العلوم الانسانية، المجلد٣، العدد١.

١١.راضي، د. محمود دياب، ١٩٩٢، العلاقة بين التساقط والجريان السطحي للمياه في وادي سمائيل- بسلطنة عمان، قسم الجغرافيا بجامعة الكويت والجمعية الجغرافية الكويتية.

١٢.عبدالقادر، شيما باسم, ٢٠١٥، هيدرولوجية الوديان المائية التي تصب في النهر دجلة/ محافظة نينوى، رسالة ماجستير(غ.م) ، جامعة الموصل.

١٣.عبود، نهرين حسن، ٢٠١٦، هيدروجيومورفولوجية حوض وادي ساورا في محافظة السليمانية، أطروحة دكتوراه (غ.م)، كلية التربية للبنات/ جامعة بغداد.

١٤.علوان، نوال كامل، ٢٠١٤، تقدير حجم الجريان السطحي لحوض وادي دويريـج، رسالة ماجستير(غ.م)، كلية التربية للبنات، جامعة بغداد.

١٥. عمران و عبدالرحمن، انتظار مهدى– هاله محمد، ٢٠١٨، هيدرولوجية الاحواض الشرقية لبحيرة دربنديخان، مجلة العلوم الانسانية، كلية التربية للعلوم الانسانية، المجلد٢٥، العدد الرابع، كانون الاول.

١٦.عواش، اصيل جاسم محمد، ٢٠١٨، الشدة المطرية واثرها على ذروة التصريف لاودية الجزء الشرقي لمحافظة واسط باستخدام نظم المعلومات الجغرافيةGIS, رسالة ماجستير(غ.م), كلية التربية في جامعة واسط.

١٧.محيبس، نادية عبدالحسن، ٢٠١٨، هيدرومورفومترية حوض نهر دجلة، رسالة ماجستير، (غ.م)، جامعة المستنصرية، كلية التربية، قسم الجوغرافيا.

١٨.المشهداني، اسماعيل جمعة كريم ، ٢٠٢٠، التقييم النوعي والكمي للتعرية المائية لحوض وادي زراوة في السليمانية، رسالة ماجستير(غ.م)، كلية الاداب / الجامعة العراقية.

١٩.قادر، ريژين اكرم، ٢٠١٢، اثر عامل التساقط على المياه الجوفية في محافظة اربيل، رسالة ماجستير، (غ،م)، اربيل, كلية اداب، جامعة صلاح الدين.

٢٠.لقاء جبار كاكي الديوالي، ٢٠١٩، امكانية حصاد المياه لوادي خويسة شرق محافظة ميسان، رسالة ماجستير (غ.م)، كلية التربية, جامعة بغداد.

٢١.النفيعى، هيفاء محمد، ٢٠١٠، تقدير الجريان السطحي و المخاطرة السيلية في الحوض الاعلى لوادي عرنة شرق مكة المكرمة بوسائل الاستشعار عن بعد و نظم المعلومات الجغرافية، رسالة ماجستير، كلية العلوم الاجتماعية، جامعة أم القرى – المملكة العربية السعودية.

سەرچاوەی ئینگلیزی:

1.AHMAD, KAMAL HAJI KAREM(2009), DESCRIBTION of stratigraphy, tectonics and boundary condition of the some rock unite in Iraq and Kurdistan during cretaceous and tertiary.
2. AL-GAMDI, S(1991), Estimating Runoff Curve Numbers Of the Soil Conservation Service in Arid and Semi-Arid Environments Using Remotely Sensed Data, A dissertation Submitted to the Faculty of the University of UTAH, USA.
3. FAO Coordination office for Northern Iraq.(2003), Hydrology of Northern Iraq Erbil, Vo.(1).
4.H.M, RAGHUNATH(2006), Hydrology Principles, Analysis, DESIGE, JOHN WILEY, NEW YORK.
5.H.M, RAGHUNATH(1984), Hydrology Principles Analysis and Design, JIHN Wiley, New York.
5.HAMEED M, HM (2013), Water harvesting in Erbil Governorate, Kurdistan region, Iraq, Detection of suitable sites using Geographic information system and Remote sensing, op, cite, p26.
(3)Soil Conservation Service(1986), Urban Hydrology For Small Watershed. Technical Releases 55,2nd, U.S. Department Of Agriculture, WASHINGTON D.C.
6.John(1985), Technical Population glued to SCS Runoff Procedures, Department of Water resource, River WATET Management district. No 85-5.
7.K. SABRAMANYA, Engineering Hydrology, Fourth Edition, McGraw Hill Education (India) Private Limited, p139.
8.RANJAN,THAKURINAH GITIKA SAIKARIA(2014), Estimation of Surface Runoff using NRCS Curve number procedure in BURIGANGA Watershed Assam India- A Geospatial Approach, International Research Journal of Earth Sciences, Volume (2), Issue (5).
9.S. AL.HASSAM, MOHAMMAD ISSAM(1975), COMPARALIVE PETROLOHIC study between MAWAT and PENJIN igneous complexes, NORTHEASTERING, master of science in geology, college of science, un. Baghdad.
10.S. A, SCHUMM(1956), Evolution of Drainage Systems and Slopes in badland and Perth EMBOY, New JERSY GEO, SOC.AM.BULL, Vol67.

سایتی ئینتەرنێت:

1. Soil Teacher Source; https//www.nrcs.usda.gov/wipe/portal/nerds/detail/soils/survey/Cid=nrcs142p2-054167.

کاریگەرییەکانی ڕێژەی ڕووبەری سەوزایی لەسەر گۆڕانکاری پلەی گەرمی ڕووی زەوی لە شاری هەڵەبجە بە بەکارهێنانی GIS/RS

جلال أحمد عبدالكريم[1]، پاكيزه عزيز سعيد[2]
[2,1]بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Pakiza.saied@univsul.edu.iq

پوختە:
بوونی ڕووبەری سەوزایی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بابەتێکی زۆر گرنگە، چونکە پەیوەندی دارە بە لایەنی ژینگەوە کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی و ئاووهەوای ناوچەکەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە ڕێگەی داتاکانی هەستکردن لە دوورەوە (Remote Sensing)و سیستەمی زانیاریە جوگرافی (Normalized Difference Vegetation Index) پشت بەستن بە وێنەی مانگە دەستکردەکانی لاندسات (٧-٨) بۆ مانگی (مایس و ئەیلول) بۆ ساڵی (٢٠٠٢-٢٠٢٠) وە وێنەی مانگی دەستکردی لاندسات (٥) بۆ مانگی (نیسان و ئاب) ساڵی (٢٠١٠). بارودۆخی پۆشاکی سەوزایی و گۆڕانکاریەکانی بخەیەنە ڕوو لە ڕێگەی ئاماژەی جیاکەرەوەی پۆشاکی ڕووەکی (NDVI)بەکارهێنانی باندەکانی (٣-٤-٥)، هەورەها بەکارهێنانی باندەکانی (٦-١٠) بۆ دەرهێنانی پلەی گەرمی ڕووی زەوی(LST)، بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان (NDVI)و (LST) و گۆڕانکارییەکانی (NDVI) و کاریگەری لە سەر گۆڕانکاری (LST) پشتمان بەستووە بە کۆمەڵێك هاوکێشە و جێبەجێکردنیان لە سەر وێنەی مانگە دەستکردەکان لە ڕێگەی پرۆگرامی (RS) و (GIS) لە دەرئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە گۆڕانکاری لە ڕووبەری سەوزاییدا کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر پلەی گەرمی ڕووی زەوی.
ووشە کلیلیەکان:سیستەمی زانیاری جوگرافی، هەستکردن لە دوورەوە، ڕووپۆشی سەوزایی ، جیاکەرەوەی پۆشاکی ڕووەکی ، پلەی گەرمی ڕووی زەوی

Abstract:
vegatation areas in the cities of the Kurdistan region is important to study as it directly impacts environmental factors as well as the lives of citizens and the weather of the area. this study aims to study the land use/cover state with remotely sensed data (RS) and geographical information systems (GIS) using satellite images from landsat 7-8 for the months of May and September of 2002-2020 along with landsat 5 for April and august of 2010. This was conducted through NDVI technology using bands 3-4-5 and bands 6-10 for Land Surface Temperature. To analyse the relationship between NDVI and LST a number of equations were utilised on the satellite images with RS and GIS programs. It was discovered that vegetation has a direct relationship with the temperature of the study area.
Keywords: Geograhpic Information Sestem، Remot sensing، Vegetation، Normalized Difference Vegetation Index، Land Surface Temperture

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
DOI Link	http://doi.org/10.32410/huj-10459
ڕێکەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٢١ | ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/٢٥ | ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	pakiza.saied@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	©٢٠٢٣ جلال أحمد عبدالكريم، پ.ی.د. پاكيزه عزيز سعيد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

الملخص

تعتبر مناطق الغطاء النباتي في مدن إقليم كوردستان مهمة للدراسة حيث أنها تؤثر بشكل مباشر على العوامل البيئية وكذلك على حياة المواطنين والطقس في المنطقة. تهدف هذه الدراسة إلى دراسة حالة استخدام / تغطية الأرض ببيانات الاستشعار عن بعد (RS) وأنظمة المعلومات الجغرافية (GIS) باستخدام صور الأقمار الصناعية من لاندسات ٧-٨ لشهري مايو وأيلول ٢٠٠٢-٢٠٢٠ جنبًا إلى جنب مع لاندسات ٥ لشهر أبريل. وأغسطس ٢٠١٠. تم إجراء ذلك من خلال تقنية NDVI باستخدام النطاقات ٣-٤-٥ والنطاقات ٦-١٠ لدرجة حرارة سطح الأرض. لتحليل العلاقة بين NDVI و LST تم استخدام عدد من المعادلات على صور الأقمار الصناعية مع برامج RS و GIS. تم اكتشاف أن الغطاء النباتي له علاقة مباشرة بدرجة حرارة منطقة الدراسة.

الكلمات المفتاحية: نظم المعلومات الجغرافيه،الاستشعار عن بعد، الغطاء النباتي، مؤشر الغطاء النباتي، درجه حراره سطح الارض.

پێشەکی

ئەم توێژینەوە هەوڵێکی جوگرافیە بۆ دەرخستنی ڕووبەرە سەوزاییەکانی ناو شار و کاریگەرییەکانی لەسەر گۆڕانی پلەی گەرمی لە ناو شاردا لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠)، بۆ ئەم مەبەستەش پشتمان بەستووە بە بەکارهێنانی وێنەی مانگی دەستکردەکان وەك سەرچاوەی داتا بۆ توێژینەوەکە لەڕێگەی زانستی هەستکردن لە دوورەوە (RS) و سیستەمی زانیاریە جوگرافی (GIS)یەکێکە لە ڕێگا نوێ و کاریگەرەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە بواری ژینگە و ئاووهەوا، وە بۆ چاودێریکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ژینگە و درامەتەسروشتیەکاندا دێت، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە کاریگەری ڕووبەری سەوزایی لە سەر گۆڕانی پلەی گەرمی بخەینە ڕوو بۆ ئەم مەبەستەش وینەی مانگی دەستکردی لانسات (٧-٨)(Landsat ETM٧) (Landsat OLI-TRS٨)بەکارهێناوە بۆ مانگەکانی (مایس و ئەیلول) بۆ ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٢٠) وە بەکارهێنانی وێنەی مانگی دەستکردی لاندسات (٥)(Landsat TM٥) بۆ مانگی (نیسان و ئاب) ی ساڵی (٢٠١٠) تەنها، ئەم مانگانە وەرگیراون جونکە لە مانگی (نیسان و مایس) پۆشاکی ڕووەکی لەوپەی گەشە و سەوزبووندان، وە مانگی (ئاب و ئەیلول) پۆشاکی ڕووەکی لەوپەڕی کەبوونە لەبەر بەرزی پلەی گەرمی و نەمانی باران، بەردەوامی ئەنجامدانی چالاکیە مرۆییە جیاوازەکان لە شارەکاندا وەک فراوانبوون بێ پلانی شارەکان و لەناوبردنی ڕووبەری سەوزایی لەسەر حسابی فراوانبوونی خزمەتگوزارییەکانی تری ناوشار هۆکارن بۆ گۆڕانی ژینگەی لەناو شارەکانداهەر لەبەر ئەوەشە ئاوو هەوای شارەکان لە ئاوو هەوای دەوروبەری خۆیان جیاوازترە، چونکە شارەکان شوێنی سەرەکی و فراوانی نیشتەجێبوونی دانیشتوان و ئەنجامدانی کار و چالاکییە جیاوازەکان، لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ژینگەی و بەتایبەتی ڕووبەری سەوزایی پێگەی گرنگی هەیە لە زانستی جوگرافیاو زانستە ژینگەیەکان لە لایەک لە لایەکی ترەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئاوو هەوا و ژیان و کارو چالاکی مرۆڤەکان لەبەر ئەوەیە ئەم لێکۆڵینەوانە زیاتر گرنگی پێبدرێت لەسەر شارەکان بکرێن بۆ باشترکردنی ژیانی مرۆڤ و زۆربوونی ڕووبەری سەوزایی، بێگومان پۆشاکی ڕووەکیش بەردەوام لە گۆڕاندایە ئەم گۆڕانەش کاریگەری هەیە لەسەر ئاووهەوا، بەتایبەتی پلەی گەرمی.

گرنگی توێژینەوە :

١-پۆشاکی ڕووەکی درامەتێکی گرنگە بۆیە کەمبوونەوەی کاریگەری ژینگەی خراپی لێدەکەوێتەوە گۆڕان لە پلەی گەرمی ڕوودەدات، کەم بوون یان زۆربونی ڕووبەری سەوزایی لەشارەکاندا واتە گۆڕان لە ژینگەی شاردا، ئەم گۆڕانە ژینگەیە کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو چالاکیەکانی مرۆڤ و زیندەوەران لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

٢- نەبوونی هیچ توێژینەوەیەک لەم بوارەدا لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەت کاریگەری ڕووپۆشی سەوزایی لەسەر گۆڕانی پلەی گەرمی.

ئامانجی توێژنەوە :

١-لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی ڕووبەر و ڕێژەی ڕووەکی (سەوزایی) وە پۆلێنکردن و دابەشبونیان، لە ناوچەکە و دەرخستنی کاریگەرییان لەسەر پلەی گەرمی.

٢-خستنە ڕووی بارودۆخی ڕووبەری سەوزایی یاخود پۆشاکی سەوزایی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، لە ڕێگەی داتاکانی(RS)و(GIS)، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاماژەی(NDVI).

٣-دۆزینەوەی پەیوەندی لە هەبوونی جیاوازی کات و شوێنی لە پۆشاکی ڕووەکی یان ڕووبەری سەوزایی و پلەی گەرمی لەسەر بنەمای شیکردنەوە و کاریگەری فاکتەرەکان لە سەریان.

٤-دەرخستنی ڕادەی گۆڕانکاریەکانی (LST) (NDVI) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوە.

گرفتی توێژینەوەکە :

١-نەبوونی داتای تەواو لەناو دام و دەزگاکانی شاری هەڵەبجە بەتایبەتی شارەوانی هەڵەبجە لەسەر ڕووبەر و ڕێژەی تەواوی ڕووبەری سەوزایی لە شارەکە دا بۆیە نەمان توانیوە لەم لێکۆڵینەوەدا پشت بە داتاکان ئەوان ببەستین.

٢-گرفتی وێنەی مانگی دەستکردەکان بەتایبەت لە ساڵی (٢٠١٠) بۆ هەردوو مانگی (مایس، ئەیلول) کە وێنەی مانگی دەستکردی لاندساتی(LandsatV)چونکە وێنەکان هێڵی ڕەشی تێدایە لەو دوو مانگەدا ناتوانرێت سوودی پێویستی لێ وەربگیرێت بۆ توێژینەوەکە،

گریمانەی توێژینەوەکە :

١-پێکهاتەی ڕووی زەوی شار هۆکارە بۆ دابەش بوونی جیاوازی ڕووبەری سەوزایی لە شارەکەدا.

٢-هۆکارە جوگرافیە جێگیرەکان بە پێ ی جیاوازی وەرزەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر دابەشبوونی جیاوازی ڕووبەری سەوزایی و پلەی گەرمی، ڕووی زەوی لەشاری هەڵەبجە دا.

٣-هۆکارە جوگرافیە ناجێگیرەکان کاریگەریان هەیە لەسەر جیاوازی دابەشبوونی ڕووبەرە سەوزایی و پلەی گەرمی ڕووی زەوی لە شاری هەڵەبجەدا.

٤-بوون یان نەبوونی ڕووبەری سەوزایی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کاریگەری هەیە لەسەر نزم بوونەوە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ڕووی زەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ،

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە :

١-میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە، بۆ وەسفکردنی بابەت و ناساندنی ناوچەی توێژینەوە باسکردنی تایبەتمەندیە سروشتیەکانی ناوچەی توێژینەوە.

٣-میتۆدی شیکاری ئاماری بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی شوێنی بۆ داتا ژمارەییەکان وێنەی ئاسمانیەکان) کە لە مانگە دەستکردەکانەوە بەدەست هاتووە.

١-ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

١-١شوێنی جوگرافی و فەلەکی (ئەسترۆنۆمی):

لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەی شوێن گرنگی هەیە لە بواری جوگرافیاداجونکە شوێنی ناوچەکە بەپێی ناوچەکانی دەوروبەری و فاکتەرە سروشتیەکان دەردەخات، واتە هێز و گرنگی سروشتی و ئابووری و سیاسی ناوچەکە دەخاتە ڕوو (طالب، ٢٠٠٥، ص٢٤) ، هەر شارێك سیفات جوگرافی و تایبەتمەندی خۆیی هەیە کە جیاوازە لە شارەکانی تر ئەم جیاوازیەش بەهۆی شوێن و جێگەوەیە، مەبەست لە شوین بەمانایی پەیوەندی شار و دەوروبەرەکەیەتی لە دەرەوەی سنوری ئاوەدانی شوێنیش جێگیربە پێچەوانەی جێگاوە کە هەمیشە لە گۆڕاندایە ئەم شارە لەڕووی کارگێریەوە سەر بە پارێزگای هەڵەبجەیە و ناوەندی پارێزگاکەیە، لەڕووی فەلەکی (ئەسترۆنۆمی)یەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (_٤٥ =١٢° ٣٥- _٥٨ =٠٨° ٣٥) باکوری گۆی زەوی وە هێڵی درێژی (_٥٥ =٥٧° ٤٥- _٥٥ =٠١° ٤٦) خۆرهەڵاتی گۆی زەوی(کاری توێژەر داتای نموونەیی بەرزی و نزمی ژمارەی ی (DEM-٣٠) وەرگیروە لە سایتی (www.usgs.gov)، وە بەرنامەی (GIS - ArcMap 10. 8). وە ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە (٢٦,٧٤) کم٢، وەك لە نەخشەی (١) و (٢) دیارە.

شوێنی ئەسترۆنۆمی بەپێی هێڵەکانی درێژی و پانی گرنگترین هۆکاری دەست نیشانکردنی کەش و هەوای ناوچەکەیە دادەنرێت ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر توندی و بری تیشکی خۆر کە پشت دەبەستێت بە دوو هۆکاری سەرەکی کە ئەوانیش گۆشەی کەوتنی تیشکی خۆر و کاتژمێرەکانی دەرکەوتنی تیشکی خۆرە، ئەمەش دەبێتە هۆی دیاریکردنی پلەی گەرمی و پەستان و کاریگەری لەسەر ڕەگەزەکانی تر(سعید، ٢٠٢١، لا ١٢-١٣)،هەڵکەوتەی شوێنی شاری هەڵەبجە بەشێوەیەکە کە کەوتووەتە نێوان ناوچەی شاخاوی بە تایبەتی لە باکوریی خۆرهەڵات و باشور و باشوری خۆرهەڵات کە بە شاخەکانی هەورامان و شنرۆ و باڵامبۆ دەورە دراوە، وە لەبەشی خۆرئاوا و باکوری خۆرئاوای دەبەستریتەوە بە دەشتی شارەزوورەوە کە ڕووی زەویەکەی نزمترە، وە سنوری ئەم پاریزگایە دەگاتە سەر دەریاچەی دەربەندیخان، کەواتە هەتا لە بەشی باکوری خۆرئاواوە بەرەو باشوری خۆرهەڵات بڕۆین ڕووی زەوی شاری هەڵەبجە بەرزتر دەبێتەوە لە ئاستی ڕووی دەریا، بەرزترین خاڵی (٩٤٠) مەترە لە ئاستی ڕووی دەریاو وە نزمترین خاڵی (٥٩١) مەترە لە ئاستی ڕووی دەریاوە، واتە جیاوازی نێوان بەرزترین خاڵ و نزمترین خاڵ دەکاتە (٣٤٩) مەتر کاری توێژەر داتای نموونەیی بەرزی و نزمی ژمارەی ی (DEM-٣٠) وەرگیروە لە سایتی (www.usgs.gov)، وە بەرنامەی (GIS - ArcMap 10. 8)..

نەخشەی (١)
شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەستن بە:
١- حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوبەرایەتی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید، بەشی هونەری.
٢-حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوبەرایەتی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید، بەشی پلاندانان.
٣- حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوبەرایەتی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید، بەشی ڕووپێووی، داتایی بلاونەکراوە.
٤-بەرنامەی (Arc GIS 10. 8).

نەخشەی (٢)
شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری هەڵەبجە



سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەستن بە:
١- حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوبەرایەتی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید، بەشی هونەری.
٢-حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوبەرایەتی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید، بەشی پلاندانان.
٣- حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوبەرایەتی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید، بەشی ڕووپێووی، داتایی بلاونەکراوە.
٤-بەرنامەی (Arc GIS 10. 8).
ئاماری جیاکردنەوەی پۆشاکی ڕووەکی (NDVI)(Normalized Difference Vegetation Index):

ئەم ئامارە بە شێوەیەکی گشتی بەکاردەهێنرێت بۆ دەرخستنی بارودۆخی پۆشاکی ڕووەکی لە ڕیگەی لێکدانی بانده جیاوازەکانی وێنە ئاسمانیەکان، بۆ شیکردنەوەی و پۆلێنکردن و دیاریکردنی جۆر و دابەشبوونی جوگرافی و باردۆخی تەندروستی ڕووەك و گۆڕانکاری لە بارودۆخی پۆشاکی ڕووەکی لە ناوچەیەکی دیاریکراو بە درێژایی چەندین کات، هەورەها چەندین دیاردەی تری وەك ووشکە ساڵی و بەبیابانبوون(الحمداني، ص٩٨).

وە ئەم شێوازە (NDVI) بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٧٢) لە لایەن (Dr. Rouse John) بەڕێوبەری سەنتەری هەستکردن لە دوورەوە لە زانکۆی تەکساس بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە بیابانەکانی ئەفریقا(سلیم، ٢٠٢١، لا٩٠)، ئەم شێوازە پشت دەبەستێت بە هاوکێشەیەك لەسەر بنەمایی پەیوەندی نێوان تیشکی نزیك ژێرسووری (NIR)، وتیشکی سووری بینراو (R)، هۆکاری بەکارهێنانی

ئەم دوو جۆرە بانده دەگەڕێتەوە بۆئەوەی پۆشاکی ڕووەکی بەرزترین و زۆرترین ڕێژەی هەڵگەڕانەوەی تیشك ئەنجام دەدات لە کاتی بەرکەوتنی تیشکی نزیك ژێرسووری (NIR)، بە پێچەوانەوە بەرزترینی ڕێژەی هەڵمژینی تیشکی لەکاتی بەرکەوتنی و تیشکی سووری بیندراو (R)، بەهاکانی (NDVI) دەکەوێتە نێوان ڕێژەکانی (+١ تا -١) (الغماز، ٢٠١٠، ص٤٩)، بە جۆرێك بە های (NDVI) نزیك ببێتەوە لە مووجەب واتە (+١) ئاماژەیە ڕێژە و چڕی ڕووپۆشی ڕووەکی لەو ناوچەیەدا زۆر بەرزە، بەڵام هەرچەندە بەهای (NDVI) لە سالبەوە نزیك ببێتەوە واتە (-١) ئاماژەی لەو ناوچەیدا چڕ ی و ڕیژەی ڕووپۆشی ڕووەکی لەو ناوچەیەدا زۆر کەمە و ناوچەکە ڕووتەن و بێ ڕووەکە(حمادة ٢٠١٠ ،ص ٧).

پێوەری جیاکردنەوەی پۆشاکی ڕووەکی (NDVI) لەڕێگەی ئەم هاوکێشانەوە جێ بەجێ دەکرێت:

Landsat 4-7،NDVI = (Band 4 – Band 3) / (Band 4 + Band 3))Saied، 2013، p21)Landsat 8-9،NDVI = (Band 5 – Band 4) / (Band 5 + Band 4).

(NDVI) : بەمانایی پێوەری جیاکردنەوەی پۆشاکی ڕووەکی دێت.

(Band٥) : بەواتای (NIR) کورتکراوەی (Near-Infrared) واتا تیشکی نزیک ژێر سوور.

(band٤) : واتە(R) کورتکراوەی (Red) واتە تیشکی ژێر سووری نزیک.

(٣band) : واتە(R) کورتکراوەی (Visible)(Red) واتە تیشکی سووری بیندراو(Donald I.M. Enderle and Robert C. WeihJr، 2005،p65-66)

لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم هاوکێشانە نەخشەیەکمان دەست دەکەوێت کە بە نەخشەی پێوەری جیاکردنەوەی پۆشاکی ڕووەکی دێت بەهای بەدەست هاتوو لە (NDVI) لە نێوان (+١ بۆ -١) دایە هەر ژمارەیەکیش ئاماژەیە بۆ جۆرێک پۆشاک لە خشتەی (١) دیارە، بۆ بەهای (NDVI) لەم خشتەیەدا پشتمان بەستووە بە نەخشەکانی بەرزترین و نزمترین بەها (NDVI) کە لە ساڵانی لێکۆڵنەوەدا بەکارمان هێناوە

خشتەی (١) بەهای بەدەستهاتووەکان لە نەخشەی (NDVI)

بەهای NDVI	جۆری پۆشاک	Class (پۆل)	
-٨٧.٠ _ ٠,١٢	زەوی بنیاتنراو	(Built-up land)	
0.12_٠,١٨	زەوی ڕووتەن	(Barren Land)	
٠,١٨ _ ٠,٣٢	گژوگیا و دەوەن، ڕووەکی بڵاو	(Shrub and Grasslas)	
٠,٣٢ _ ٠,٦٤	پۆشاکی ڕووەکی چڕ	(Vegetation area)	

سەرچاوە: کاری توێژەر پیشت بەستن بە وێنەی مانگی دەستکردی لاندساتی (٥،٧،٨)، بە بەکارهێنانی بەرنامەی (GIS Arc Map 10. 8).

پەیوەندی نێوان ڕووپۆشی ڕووەکی (NDVI)و پلەی گەرمی ڕووی زەوی(LST)لە مانگی (مایس)ساڵی ٢٠٠٢:

ئەوەی لە نەخشەی (٣) دیارە ئەوەیە نەخشەکە لە ڕەنگی قاوەیی زۆر کاڵەوە یاخود ڕوونەوە دەست پێ دەکات کە نزمترین (LST) هەیە، بۆ ئەو ناوچانەی کە ڕەنگی قاوەی تۆخ (تێر) کە بەرزترین (LST) هەیە لەو ناوچەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ناوەندی شارەکە بەو ناوچانە دادەنرێن کە فێنکترن لە مانگی (مایس) ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ڕووکاری شارەکان (پێکهاتەی ڕووی زەوی) چەندە کاریگەرن بۆ دابەشکردنی (LST) لە شارەکاندا، بە تایبەتی ئەگەر لەو ناوچانەی کە ڕووپۆشی سەوزایی زۆرن وە سروشتی ئەو کەرەستانەی کە بۆ بیناکان لە شارەکاندا بەکاردەهێنرێت وەک بەرد، گڵ، خشت هەروەها قیر و کۆنکرێت هەموو ئەمانە شارەکان پێکدێنن لەگەڵ ڕووپۆشی زەوی وەک ناوچەی سەوزایی لە شارەکاندا وەك لە نەخشەی ژمارە (٤)دیارە کە نەخشەی (NDVI)ناوچەکەیە، ئەمانە هۆکارن بۆ گۆڕانی (LST)، ناوەندی شارەکە ئەو ناوچانە کە بەڕەنگی قاوەی کاڵتر دەردەکەون چونکە هەتا ساڵی (٢٠٠٢) زۆربەی ئەو بینا (خانووە) یانەی کە لەو ناوچانەدا هەبوون دروستکرابوون لە گڵ واتە سەربانەکانیان گڵ بوو، جگە لەوەش لە نەخشەی کۆنی دروستکردنی بیناکاندا لە شاری هەڵەبجە بەشێکی زۆر کە نزیک ٣٠٪ ڕووبەری بیناکان دەکران بە سەوزایی(کاری مەیدانی توێژەر)، هەروەها کۆڵانەکانیان تەسک بوون وە بەشێوەیەکی کۆڵانەکان بەخۆڵ و گڵ داپۆشراون و کۆنکرێت و چیمەنتۆ نەبوون، هەروەها هەر ماڵێکیش لەبەردەم ماڵەی خۆیدا نەمامێك یان دوو نەمامی دەناشت، تا ساڵی (٢٠٠٢) ئەمانەچەندهۆکارێکی نزمبوونەوەی (LST)بوون، هەروەها لەکاتی ڕووداوی ١٩٨٨/٣/١٦ کە کە شارەکە وێران بوون، وە بەشێک لە بیناکانی نیشتەجێبوون لەو کارەساتەدا وێران بوون و زەویەکانیان بووبوون بەگڵ، ئەمەش وادەکات ڕووبەری زەوی گڵی لە شاری هەڵەبجەدا زیاد بکات کە سیفەتی گڵ وایە پلەی گەرمی سەر ڕووەکەی زۆر بەرز نابێتەوە توانای ڕووانی گژووگیا و دەوەنی کورتی هەیە (حسن،١٩٩٠، ص ١١٣) لەو ناوچانەدا، وا دەکەن (LST) ئەو ناوچەیە نزمتر بێت بە بەراوورد بە ناوچەکانی تر کە ئەم سیفەتەیان نییە، سەبارەت بە ناوچەکانی دەوروبەری شارەکە بەزەوی ڕووتەن ناوزەند دەکرێت توانای ڕووانی بۆ گژو گیا و دەوەن و درەخت کەمترە چونکە بەشێکی زۆریان لەبەردەڵان و زەوی دێم بەرهەم ناسراون ئەو توانایەیان نیە بۆ سەوزبوونی ڕووپۆشی سەوزایی لەسەریان (الزرکە، ٢٠٠٠، ص١١٤) ئەمەش هۆکارن بۆ ئەوەی بە ڕەنگی قاوەیی تۆخ دەربکەون، وەک لە نەخشەی (٣) دیارە، هەروەها لە خشتەی (٢) پەیوەندی نێوان (NDVI) و (LST) ڕوون دەکاتەوە، لەم توێژینەوەیەدا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (٢٦) خاڵمان وەرگرتووە، لە هەر ناوچەیەك بەهای (NDVI)زۆربێت بەهای (LST) نزمە وە بە پێچەوانەوە، وەک بۆمان دەردەکەوێت گەڕەکەکانی باکور و خۆرهەڵات و باکوری خۆرهەڵاتی، باشووری خۆرهەڵات و باشور گەرمن بەڕەنگی قاوەی تۆخ(تێر) دەردەکەون، تۆماری بەرزترین پلەی گەرمی لەم مانگە بریتیە لە (٣٨,٠٣)°س، وە نزمترین پلەی گەرمی بریتیە لە (٢١,٤١)°س، مەودای نێوانیان بریتییە لە (١٦,٦٢)°س، خشتەی (٢)دا تایبەتە بە پەیوەندی و بڕی گۆڕانی ڕووپۆشی زەوی پلەی گەرمی ڕووی زەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

خشتەی (٢)

پەیوەندی نێوان (NDVI) و (LST) لە مانگی (مایس) ساڵی (٢٠٠٢)

LST	NDVI	ژمارە	LST	NDVI	ژمارە	LST	NDVI	ژمارە	LST	NDVI	ژمارە
27.56	0.244	٢١	24.24	0.5	١٥	28.64	0	8	33.68	0.170	1
27.28	0.441	٢٢	24.80	0.454	١٦	32.37	-0.005	9	27.56	0.422	2
34.2	0.015	٢٣	30.25	0.25	١٧	29.72	0.318	10	25.08	0.317	3
34.7	0.039	٢٤	25.91	0.431	١٨	30.7	0.205	11	26.74	0.525	4
34.45	0.025	٢٥	28.91	0.281	١٩	31.84	0.152	12	32.37	0.24	5
24.24	0.544	٢٦	31.32	0.140	٢٠	27.56	0.380	13	28.64	0.297	6
						26.46	0.447	١٤	30.25	0.142	7
			٢٩,٢١	تێکڕای (LST)				0.26		تێکڕای (NDVI)	

سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەستن بە بە پرۆگرامی بەرنامەی (Gis-Arc Map 10.8)، وێنەی مانگی دەستکردی (Landsat 7).

نەخشەی (٣)
دابەشبوونی (LST) لە مانگی (مایس) ساڵی ٢٠٠٢



نەخشەی (٤)
دابەشبوونی (NDVI) لە مانگی (مایس) ساڵی ٢٠٠٢



سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەستن بە بە پرۆگرامی بەرنامەی (Gis-Arc Map ١٠,٨)، وێنەی مانگی دەستکردی (Landsat ٧).

پەیوەندی نێوان ڕووپۆشی ڕووەکی (NDVI)و پلەی گەرمی ڕووی زەوی(LST)لە مانگی (نیسان) ساڵی ٢٠١٠:

بەسەرنجدان لە نەخشەی ژمارە (٥) دەبینین کە دابەشبوونی (LST)زۆر جیاوازە لە مانگی (مایس) ی ساڵی (٢٠٠٢)، چونکە لێرەدا بەرزترین پلەی گەرمی لە گەڕەکەکانی ناوەندی شار تۆمار کراوە وە نزمترین پلەی گەرمیی گەڕەکەکانی دەوروبەری (باکور و باشور و باکوری خۆرهەڵات و باشوری خۆرهەڵات و باشوری خۆرئاوا) شاری هەڵەبجە تۆمار کراوە وە بە هەمان شێوەش نەخشەی (NDVI)جیاوازە وەك لە نەخشەی (٦) دیارە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک:

یەکەم دەتوانین بڵێین لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق ساڵی (٢٠٠٣) کە ڕوویدا زۆربەی دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری شاری هەڵەبجە گەڕانەوە بۆ سەر خانووەکانیان یاخود (خانووە ڕوخاوەکانیان) وە دەستیان کرد بە دروست کردنی خانووەکانیان کە ئەمەش وای کرد بەشێک لەو خانوانەی کە لە خشت و گڵ دروست کرابوون گۆڕان بۆ بینایەک کە پێکهاتەکانیان بریتی بوو لە چیمەنتۆ و بلۆک و کۆنکرێت کە ئەم پێکهاتانە بڕێکی زۆر تیشکی خۆر دەمژن و دەیدەنەوە، بە بەراورد بە گڵ و خشت(حسین، ٢٠١٠،لا٨-٩)، ئەمەش هۆکاری بەرزبوونەوەی (LST).

دووەم هۆکار هاوڵاتیان بۆ ئەوەی خانووەکانیان گەورە و فراوان بێت هەموو ڕووبەری سەوزایی ناو بیناکانیان تێکدا چەندین ساڵ بوو سەوزایی بوون لەناو حەوشەی ماڵەکانیان، ئەمەش واتە کەمبوونەوەی ڕووبەری سەوزایی لە گەڕەکانی ناوەندی شاری هەڵەبجە پاش ئەم ساڵانە جارێکی تر دەستیان کردەوە بە نەمام ناشتن و دروستکردنەوەی سەوزای کە ئەمەش ئەنجامەکەی لەمانگی (مایس) ی ساڵی(٢٠٢٠) بەڕووی دیارە، زۆربوونی ڕووبەری سەوزایی.

تۆماری بەرزترین پلەی گەرمی لەم مانگە بریتیە لە (٢٣,٢٥)°س، وە نزمترین پلەی گەرمی بریتیە لە (١٧,٤٧)°س وەک لە نەخشەی ژمارە (٥) دیارە، وە ماوەی نێون بەرزترین و نزمترین پلەی گەرمی مانگی (نیسان)ی ساڵی (٢٠١٠) ماوەیەکی زۆر کەم بە بەراورد بە پلەی گەرمی مانگی (مایس) ساڵی (٢٠٠٢) کە مەودای نێوان بەرزترین و نزمترین پلەی گەرمی مانگی(نیسان) ساڵی (٢٠١٠)بریتیە لە (٥,٧٨)°س، وە مەودای نێوان بەرزترین و نزمترین پلەی گەرمی مانگی (مایس) ساڵی(٢٠٠٢) بریتیە لە (١٦,٦٢)°س، کە ئەمە ماوەیەکی یەکجار زۆرە، لەبەر ئەم هۆکارەش ڕەنگی نەخشەی (٣) مانگی (مایس) ی ساڵی(٢٠٠٢) بەڕەنگی قاوەی تۆخ تر دەردەکەوێت بە بەراورد بە نەخشەی (٥) مانگی (نیسان) ی ساڵی(٢٠١٠)، خشتەی (٣)دا تایبەتە بە پەیوەندی و بڕی گۆڕانی ڕووپۆشی زەوی پلەی گەرمی ڕووی زەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

خشتەی (٣)
پەیوەندی نێوان (NDVI) و (LST) لە مانگی (نیسان) ساڵی (٢٠١٠)

ژمارە	NDVI	LST	ژمارە	NDVI	LST	ژمارە	NDVI	LST	ژمارە	NDVI	LST
1	0.28	21.50	8	0.164	21.06	١٥	0.036	20.61	٢١	0.25	21.06
2	0.34	19.72	9	0.314	19.72	١٦	0.1	20.61	٢٢	0.328	20.17
3	0.27	19.28	10	0.338	19.72	١٧	0.041	20.61	٢٣	0.222	19.72
4	0.31	21.06	11	0.19	21.06	١٨	0.102	20.61	٢٤	0.260	18.38
5	0.28	20.61	12	0.066	21.50	١٩	0.298	20.17	٢٥	0.412	18.83
6	0.33	20.17	13	0.227	20.17	٢٠	0.358	20.43	٢٦	0.394	20.17
7	0.03	21.06	١٤	0.352	19.28						
تێکڕای (NDVI)			٠,٢٤			تێکڕای (LST)			٢٠,٢٨		

سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەستن بە بە پرۆگرامی بەرنامەی (Gis-Arc Map 10.8)، وێنەی مانگی دەستکردی (Landsat 5).

نەخشەی (٥)
دابەشبوونی (LST) لە مانگی (نیسان) ساڵی ٢٠١٠



نەخشەی (٦)
دابەشبوونی (NDVI) لە مانگی (نیسان) ساڵی ٢٠١٠



سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەستن بە بە پرۆگرامی بەرنامەی (Gis-Arc Map 10.8)، وێنەی مانگی دەستکردی (Landsat 5).

پەیوەندی نێوان ڕووپۆشی ڕووەکی (NDVI)و پلەی گەرمی ڕووی زەوی(LST)لە مانگی (مایس) ساڵی (٢٠٢٠)

بۆ دەرخستنی (LST) لە مانگی (مایس)ی ساڵی (٢٠٢٠) دا پشتمان بەستووە بە وێنەی مانگی دەستکردی لاندساتی ٨(Landsat ٨) بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی (LST) سەرنج دەدەینە نەخشەی ژمارە (٧) وە خشتەی ژمارە (٤)، دەبینین بەرزترین پلەی گەرمی بریتیە لە

(٢٥,٨٣)°س، وە نزمترین پلەی گەرمی بریتیە لە (١٩,٣) وە مەودای نێوان بەرزترین و نزمترین پلەی گەرمی بریتیە لە (٦,٥٣) °س، هۆکاری ئەم جیاوازی لە پلەی گەرمی لە هەمان گەڕەکدا لە سەر نەخشەی (LST) دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕووپۆشی سەوزایی لەناو ئەو گەڕەکانە و ئەو ناوچانەی کە لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەکەیە وەك لە نەخشەی (٨)دیارە، چونکە لەم ساڵانەی دوای بەتایبەتی دوای ساڵی (٢٠١٢) پرۆژەکانی دروستکردنی باخچە و نەمام ناشتن سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەکەمان زۆر زیادی کردووە، بڕوانە خشتەی (٥) و (٦) کەواتە بوون و نەبوونی ڕووپۆشی سەوزایی هۆکاری سەرەکی جیاوازی پلەی گەرمی ڕووی زەوی (LST) لە هەمان گەڕەکدا لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەکەمان،خشتەی (٤)دا تایبەتە بە پەیوەندی و بڕی گۆڕانی ڕووپۆشی زەوی پلەی گەرمی ڕووی زەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

خشتەی (٤)

پەیوەندی نێوان (NDVI) و (LST) لە مانگی (مایس) ساڵی (٢٠٢٠)

ژمارە	NDVI	LST	ژمارە	NDVI	LST	ژمارە	NDVI	LST	ژمارە	NDVI	LST
1	0.34	25.11	8	0.16	21.77	١٥	0.22	22.20	٢١	0.23	22.30
2	0.24	24.14	9	0.19	22.43	١٦	0.21	21.72	٢٢	0.31	21.66
3	0.35	20.45	10	0.34	21.64	١٧	0.17	22.57	٢٣	0.39	20.36
4	0.32	22.8	11	0.34	22.21	١٨	0.16	21.75	٢٤	0.31	21.32
5	0.34	22.24	12	0.32	22.23	١٩	0.14	22.07	٢٥	0.42	21.42
6	0.36	22.33	13	0.22	22.29	٢٠	0.21	22.17	٢٦	0.28	21.56
7	0.31	22.01	١٤	0.28	22.82						
تێکڕای (NDVI)			٠,٢٧			**تێکڕای (LST)**			٢٢,١٣		

سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەستن بە بە پرۆگرامی بەرنامەی (Gis-Arc Map 10.8)، وێنەی مانگی دەستکردی (Landsat 8).

نەخشەی (٧)
دابەشبوونی (LST) لە مانگی (مایس) ساڵی ٢٠٢٠



نەخشەی (٨)
دابەشبوونی (NDVI) لە مانگی (مایس) ساڵی ٢٠٢٠



سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە بە پرۆگرامی بەرنامەی (ARC Gis-Arc Map 10.8)، وێنەی مانگی دەستکردی (Landsat 8).

خشتەی (٥)
بڕی گۆڕانی ڕووبەر و ڕێژەی پۆشاکی ڕووەکی (سەوزایی) (گژوگیاو دەوەن و و ڕووەکی بڵاو) و (ڕووپۆشی ڕووەکی چڕ)
لە نێوان هەردوو مانگی (مایس) و (ئەیلول) دا لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٢) و (٢٠٢٠) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

جۆری ڕووپۆش	٢٠٠٢ مایس ڕووبەر(کم)٢	٢٠٠٢ مایس ڕێژە %	٢٠٠٢ ئەیلول ڕووبەر(کم)٢	٢٠٠٢ ئەیلول ڕێژە %	٢٠٢٠ مایس ڕووبەر(کم)٢	٢٠٢٠ مایس ڕێژە %	٢٠٢٠ ئەیلول ڕووبەر(کم)٢	٢٠٢٠ ئەیلول ڕێژە %	بڕی گۆڕانی ڕووبەر لە مانگی مایس هەردووساڵی (٢٠٠٢) و (٢٠٢٠) کم٢	بڕی گۆڕانی ڕووبەر لە مانگی ئەیلول هەردووساڵی (٢٠٠٢) و (٢٠٢٠) کم٢	بڕی گۆڕانی ڕووبەر لەڕێژەی ڕووبەر لە مانگی مایس هەردووساڵی (٢٠٠٢) و (٢٠٢٠)%	بڕی گۆڕانی لەڕێژەی ڕووبەر لە مانگی مایس هەردووساڵی (٢٠٠٢) و (٢٠٢٠)%
گژوگیا و دەوەن و ڕووەکی بڵاو	6.5	24.29	0.86	3.24	11.23	41.98	3.27	12.24	+ 4.73	+ 2.41	+ 17.69	+ 9
پۆشاکی ڕووەکی چڕ	9.44	35.16	0.45	1.64	11.01	41.19	1.25	4.67	+ 1.57	+ 0.8	+ 6.03	+ 3.03
کۆ	15.95	59.45	1.31	4.88	22.24	83.17	4.52	16.91	+ 6.3	+ 3.21	+ 23.72	+ 12.03

خشتەی (٦)

بڕی گۆڕان لە ڕووبەر و ڕێژەی هەردوو یەکەی ڕووپۆشی زەوی (گژوگیا و دەوەن و ڕووەکی بڵاو) و (ڕووپۆشی ڕووەکی چڕ) لە نێوان هەردوو مانگی (نیسان) (ئەیلول)، (مایس) و (ئەیلول) دا لە نێوان ساڵانی (٢٠١٠) و (٢٠٢٠) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

جۆری ڕووپۆش	2010 نیسان ڕووبەر(کم)٢	٢٠١٠ نیسان ڕێژە %	٢٠١٠ ئاب ڕووبەر(کم)٢	٢٠١٠ ئاب ڕێژە %	٢٠٢٠ مایس ڕووبەر(کم)٢	٢٠٢٠ مایس ڕێژە %	٢٠٢٠ ئەیلول ڕووبەر(کم)٢	٢٠٢٠ ئەیلول ڕێژە %	بڕی گۆڕانی ڕووبەر لە مانگی مایس هەردووساڵی (٢٠١٠) و (٢٠٢٠) کم٢	بڕی گۆڕانی ڕووبەر لە مانگی ئەیلول هەردووساڵی (٢٠١٠) و (٢٠٢٠) کم٢	بڕی گۆڕانی لە ڕێژەی ڕووبەری لە مانگی مایس هەردووساڵی (٢٠١٠) و (٢٠٢٠)%	بڕی گۆڕانی لە ڕێژەی ڕووبەری لە مانگی مایس هەردووساڵی (٢٠١٠) و (٢٠٢٠)%
گژوگیا و دەوەن و ڕووەکی بڵاو	11.27	42.17	1.37	5.12	11.23	41.98	3.27	12.24	0.04-	0.19-	1.9+	7.12+
پۆشاکی ڕووەکی چڕ	8.02	29.98	0.73	2.74	11.01	41.19	1.25	4.67	2.99+	11.21+	0.25+	1.93+
کۆ	19.29	72.15	2.10	7.86	22.24	83.17	4.52	16.91	2.95+	11.02+	2.15+	9.05+

پەیوەندی نێوان ڕووپۆشی ڕووەکی (NDVI)و پلەی گەرمی ڕووی زەوی(LST) لە مانگی (ئەیلول) ساڵی (٢٠٠٢):

بۆ دەرخستنی (LST) لە مانگی (ئەیلول)ی ساڵی(٢٠٠٢)دا پشتمان بەستووە بە وێنەی مانگی دەستکردی لاندساتV(Landsat V) بەسەرنجدان لە نەخشەی ژمارە (٩)، بەرزترین (LST) بریتیە لە (٤٨,٢٢)°س، نزمترین (LST) بریتیە لە (٢٨,٦٤)°س، وە مەودای نێوان ئەم دوو (LST) بریتیە لە (١٩,٥٨)°س، ئەم مەودای (LST) زۆرە هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ بوون و نەبوونی ڕووپۆشی ڕووەکی و پێکهاتەی کەرەستەی بیناسازی و جیاوازی ڕووپۆشی زەوی لە ناوچەکە، نزمترین (LST) لە گەڕەکەکانی ناوەندی شار تۆمار کراوە چونکە لەم ساڵانەدا کەرەستەی بیناکان بەشێکی زۆریان لە گڵ دروست کراون، وە سەربانی خانووەکانیان گڵ بووە، کە سیفەتی گلیش وایە پلەی گەرمی بەراورد بە کۆنکرێت و چیمەنتۆ پلەیەکی نزم وە توانای هەڵمژینی تیشکی خۆری زۆر نییە وە زووش سارد دەبێتەوە بە بەراوورد بە چیمەنتۆ و قیر، وە بەشێک لە ڕووبەری خانووەکانیان دانراوە بۆ سەوزایی و چیمەن و دار و درەخت، وەك لە نەخشەی (١٠) دیارە، خشتەی (٧)دا تایبەتە بە پەیوەندی و بڕی گۆڕانی ڕووپۆشی زەوی پلەی گەرمی ڕووی زەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

خشتەی (٧)

پەیوەندی نێوان (NDVI) و (LST) لە مانگی (ئەیلول) ساڵی (٢٠٠٢)

ژمارە	NDVI	LST	ژمارە	NDVI	LST	ژمارە	NDVI	LST	ژمارە	NDVI	LST
1	-0.08	45.62	8	-0.02	35.74	١٥	-0.09	44.90	٢١	-0.08	45.14
2	-0.10	45.14	9	-0.10	45.38	١٦	-0.10	42.48	٢٢	-0.09	42.48
3	0.02	35.74	10	-0.1	44.66	١٧	-0.09	43.70	٢٣	-0.10	41.75
4	-0.10	45.38	11	-0.05	42.73	١٨	-0.07	44.18	٢٤	0.10	37.27
5	-0.10	45.62	12	-0.09	42.97	١٩	-0.06	40.03	٢٥	0.04	37.52
6	-0.10	45.62	13	-0.08	41.75	٢٠	-0.08	45.62	٢٦	0.24	32.89
7	-0.05	43.46	١٤	0.04	41.26						
تێکڕای (NDVI)			٠,٠٤٩			تێکڕای (LST)			٤٢,٢٧		

سەرچاوە:کاری توێژەرپشت بەستن بە بە پرۆگرامی بەرنامەی (ARC Gis-Arc Map 10.8)، وێنەی مانگی دەستکردی (Landsat 7).

نەخشەی (٩)
دابەشبوونی (LST) لە مانگی (ئەیلول) ساڵی ٢٠٠٢



نەخشەی (١٠)
دابەشبوونی (NDVI) لە مانگی (ئەیلول) ساڵی٢٠٠٢



سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەستن بە بە پرۆگرامی بەرنامەی (ARC Gis-Arc Map 10.8)، وێنەی مانگی دەستکردی (Landsat 7).

پەیوەندی نێوان ڕووپۆشی ڕووەکی (NDVI)و پلەی گەرمی ڕووی زەوی(LST) لە مانگی (ئاب) ساڵی (٢٠١٠):

بەسەرنجدان لە نەخشەی (١١) دەبینین کە بەرزترین (LST) برتییە لە (٥١,٣)°س، وە نزمترین (LST) برتییە لە (٣١,١٦)°س، تێکڕای بەرزترین و نزمترین (LST) برتییە لە (٢٠,١٤)°س،کە ئەم مەودایە مەودایەکی زۆرە لە ناو سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەکە، گەڕەکەکانی ناوەندی شاری هەڵەبجە (ناوچەی لێکۆڵینەوەکە) نزمترین پلەی گەرمیان تێدا تۆمار کراوە، بەڵام هەرچی دەوروبەری گەڕەکەکانی ناوەندەی شاری هەڵەبجە هەموویان بەڕەنگی قاوەی تێر یان زۆر تۆخ دەردەکەون کە نیشانەیە بۆ ئەو ناوچانە کە بەرزترین پلەی گەرمیان تێدا تۆمار کراوە، تاوەکو ساڵی (٢٠١٠) بەشێکی کەم گۆڕان بەسەر فراوان بوونی شاری هەڵەبجەدا هاتووە، بەوپێیەی لە دوای ساڵی (٢٠١٢) گۆڕانکاری تەواو لە فراوانکردنی شاردا ڕووی دا، بۆیە تاوەکو ساڵی (٢٠١٠) گۆڕانەکان لە ڕووپۆشی سەوزایی لە شاری هەڵەبجەدا زۆر بە سیستی بەرە و زۆربوون هەنگاوی دەنا وەك لە نەخشەی (١٢) دیارە، لەدوای ئەو ساڵە (٢٠١٠) زۆربوونی ڕێژەی سەوزایی لە ماستەر پلانی شاردا بەشێکی گرنگ بووە هەمیشە لە سنوری گەڕەکەکاندا باخچەی نوێ دروستکراوە، هەر لەبەر ئەوەیە تا ساڵی (٢٠١٠) مەودای گەرمی زۆربووە، ئەم مەودای گەرمیە بە بەراورد بە ساڵی(٢٠٠٢) زۆربووە، چونکە خەڵکی لە کاتی دروستکردنی خانووەکانیان ڕووبەری بیناکەیان فراوانتر دەکرد بۆیە ئەو دارانەی یان ئەو ڕوبەرە سەوزاییانەی کە ڕێگربوونایە لەبەردەم زیادبوونی بیناکانیان هیچ گرنگیان پێ نەدەدا و لەناویان دەبرد، وە یاسایەکی وەها نەبوو سزای ئەوکەسانە بدات کە ئەوکارانە دەکەن و دارەکان دەبڕنەوە، بەڵام لە کاتی ئێستا بۆ ئەوکردارە سزای خۆی هەیە ئەویش غەرامەیە بە پارەیەکی زۆر، خشتەی (٨)دا تایبەتە بە پەیوەندی و بڕی گۆڕانی ڕووپۆشی زەوی پلەی گەرمی ڕووی زەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

ئەمانە هۆکار بوون بۆ زۆربوونی مەودای گەرمی لەم ساڵەدا کە ئەمەش گۆڕانێکی ژینگەی خراپ بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٠) ئەم مەودایە دا دەبەزێت کە کەئەمەش گۆڕانێکی گرنگە چونکە ڕووبەری سەوزایی لە شاری هەڵەبجەدا زیادی کردووە.

خشتەی (٨)

پەیوەندی نێوان (NDVI) و (LST) لە مانگی (ئاب) ساڵی (٢٠١٠)

ژمارە	NDVI	LST	ژمارە	NDVI	LST	ژمارە	NDVI	LST	ژمارە	NDVI	LST
1	-0.01	46.60	8	0.05	40.24	١٥	0.21	39.86	٢١	-0.02	48.06
2	0.00	48.0	9	0.09	37.15	١٦	0.32	33.59	٢٢	0.01	46.24
3	-0.02	49.15	10	0.34	33.59	١٧	-0.01	43.64	٢٣	0	46.60
4	0.005	44.76	11	0.42	34.39	١٨	0.048	35.58	٢٤	-0.01	45.87
5	0.02	46.24	12	0.01	38.70	١٩	-0.02	49.51	٢٥	0.11	39.86
6	0.027	44.02	13	-0.05	40.24	٢٠	0.01	46.60	٢٦	0.04	44.39
7	-0.018	39.86	١٤	-0.01	46.24						
تێکڕای (NDVI)			٠,٠٥٩			تێکڕای (LST)			٤٢,٦٥		

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە بە پرۆگرامی (Gis-Arc Map 10.8)، وێنەی مانگی دەستکردی (Landsat 5)

نەخشەی (١١)

دابەشبوونی (LST) لە مانگی (ئاب) ساڵی ٢٠١٠



نەخشەی (١٢)

دابەشبوونی (NDVI) لە مانگی (ئاب) ساڵی ٢٠١٠



سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە بە پرۆگرامی (Gis-Arc Map 10.8)، وێنەی مانگی دەستکردی (Landsat 5).

پەیوەندی نێوان ڕووپۆشی ڕووەکی (NDVI)و پلەی گەرمی ڕووی زەوی(LST)لە مانگی (ئەیلول) ساڵی (٢٠٢٠):

بەسەرنجدان لە نەخشەی (١٣) ئەوا دەبینین تێکڕای تۆمارکردنی بەرزترین و نزمترین پلەی گەرمی بەبەراورد بە ساڵانی ڕابردوو گۆڕانکاری بەسەرچاوی بەسەردا هاتووە، بەجۆرێک بەرزترین گۆڕانی (LST) بریتیە لە (٤٤,٩٧)°س، وە نزمترین گۆڕانی (LST) بریتیە لە (٢٩,٢٣)°س، کە مەودای گەرمی نێوانیان بریتیە لە (١٥,٧٤)°س، کە ئەمەش کەمترین مەودای گۆڕانی (LST) بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردووی لێکۆڵینەوەکەمان. باکوری خۆرئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوەبەرزترین (LST) تێدا تۆمار کراوە چونکە ئەو ڕووبەرە زەوییە کراوە بە شوێنی فڕێدانی پاشماوەکانی شاری هەڵەبجە کە بە ڕەنگی قاوەیەکی زۆرتۆخ دەردەکەوێت لەو شوێنە هیچ جۆرە ڕووبەرێکی سەوزایی لێ نیە وەم لە نەخشەی (١٤) دیارە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە شوێنی فڕێدانی پاشماوەکانی شارە هەمیشە بەشێک لەو شوێنە دەسوتێ بەهۆی دروست بوونی گازی زۆر لەو شوێنە، دووکەڵ ئەو ناوچەیە داگیر دەکات، کەواتە نەبوونی دارو درەخت و سەوزایی هۆکارێکی بەرزبوونەوەی (LST)، ئەو ڕووبەرانەی سەوزایی و دار و درەختی لێیە لەسەر نەخشەکە بە ڕەنگی کاڵی قاوەی دەردەکەوێت، وە گەڕەکەکانی ناوەندی شاریش بەڕەنگی قاوەی زۆر کاڵ دەردەکەون کە گۆڕانی (LST) نزمە، ئەمش بەهۆی جیاوازی پێکهاتەکانی پۆشاکی زەوییە لەو ناوچەیە کە پۆشاکی ڕووەکی باش هەیە لەو ناوچەیە وە پێمکهاتەی بیناکان وایە لو ناوچەیە گەرمی زوو وەردەگرن و زوویش دەیدەنەوە، وە گەڕەکەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا باشوری خۆرهەڵات بەڕەنگی قاوەی تۆخ دەردەکەوت کە بەرزترین پلەی گەرمیان تێدا تۆمار کراوە بە سەرنجدان لە نەخشەی ژمارە (١٣)، هۆکاری ئەو بەرزی(LST) لەو گەڕەکانەی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ئەو گەڕەکانە لە دوای ساڵی (٢٠١٢) دروست بوون وە بەشێکی زۆری ئەو گەڕەکانە زەوییەکانیان دەستکاری کراون بەشی سەرەوەی زەویەکانیان لابراوە واتە خاکی بەپیتی ئەو ناوچەیە لابراوە و کراون بە زەوی ڕووتەن و بەردەڵان کە توانای سەوزبونی گژووگیا و دار و دەوەنیان نییە، لەبەر ئەوە هیچ جۆرە ڕووبەرێکی سەوزایی لەو گەڕەکانەدا نیە، وە هیچ باخچەیەکیش دروست نەکراوەن، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕووبەری سەوزایی زۆر زۆر کەمە یان هەبێت درەختی تاک و بڵاوە،شێی خاک، پێکهاتەی ڕووی زەوی، زۆری ڕووەک کاریگەرییەکی بێ ئەندازەیان لەسەر پرۆسەی گەرمکردنی ڕووی زەوی هەیەلە ئەنجامی کەمی ڕێژەی شێ و کەمی ڕووەک کە تایبەتمەندی زەوییە ڕووتەنەکان وا دەکات کە پلەی گەرمی ڕووی زەوی (LST) بەرز بێت (فاید، لا٣٣٢)، گەرمی خۆر ڕاستەوخۆ هەڵدەمژرێت و زەوی بە خێرایی گەرم دەبێتەوەئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی (LST) ی بەرزترە، لە لایەکی دیکەوە تایبەتمەندییەکانی ڕووی شار وەک شەقامی ڕێگاوبان، بینا، کۆنکرێت و هتد مەیلی هەڵمژینی گەرمییان هەیە و بە هێواشی ئازادی دەکەن، بە شێوەیەکی جیاوازتر، ناوچە ئاوەدانکراوەکان مەیلیان هەیە گەرمی هەڵمژرا و زۆر زیاتر لە پۆلەکانی تری ڕووپۆشی زەوی ڕابگرن، لەگەڵ ڕووتەنەکان ناتوانن گەرمی بۆ ماوەیەکی زۆر ڕابگرن، بۆیە دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن کە زەوییە ڕووتەن و زەوییە کراوەکان گەرمترن لە زەوییەکانی ناوچە ئاوەدانکراوەکان، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا تایبەتمەندییە ڕووکارەکان لە ناوچە شارییەکان زۆر خاوتر لە پۆلەکانی تری ڕووپۆشی زەوی گەرم دەبن و سارد دەبنەوە، ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ناوچە ئاوەدانکراوەکان کەمتر بەهای پلەی گەرمی زەوی (LST) تۆمار دەکەن کاتێک بەراورد دەکرێن بە زەوییە ڕووتەنەکان، بەڵام ناوەندی شار بە پێچەوانەوە نزمبوونەوەی پلەی گەرمی بەهۆی بوونی ڕووبەری سەوزایی زۆرە لەو گەڕەکانە، فراونبوونی شار لەسەر زەوی بێ بەرهەم و ڕووتەنەکان زیاد بووە بەشێك لەم زەویانە کراون بە باخچە و ناوچەی سەوزایی ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر نزمبوونەوەی (LST) بەشێوەیەکی گشتی، خشتەی (٩)دا تایبەتە بە پەیوەندی و بڕی گۆڕانی ڕووپۆشی زەوی پلەی گەرمی ڕووی زەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

خشتەی (٩)

پەیوەندی نێوان (NDVI) و (LST) لە مانگی (ئەیلول) ساڵی (٢٠٢٠)

ژمارە	NDVI	LST	ژمارە	NDVI	LST	ژمارە	NDVI	LST	ژمارە	NDVI	LST
1	0.14	40.37	8	0.13	42.36	١٥	0.08	40.17	٢١	0.129	41.51
2	0.11	39.71	9	0.20	38.09	١٦	0.14	39.88	٢٢	0.317	33.34
3	0.12	37.47	10	0.04	40.20	١٧	0.17	38.93	٢٣	0.312	34.32
4	0.19	30.99	11	0.30	36.71	١٨	0.32	35.02	٢٤	0.122	41.38
5	0.16	32.60	12	0.11	42.81	١٩	0.12	41.86	٢٥	0.064	39.82
6	0.12	40.03	13	0.10	42.19	٢٠	0.13	39.10	٢٦	0.071	38.32
7	0.124	41.68	١٤	0.11	41.04						
تێکڕای (NDVI)			٠,١٥			تێکڕای (LST)			٣٨,٨٤		

سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەستن بە بە پرۆگرامی بەرنامەی (Gis-Arc Map 10.8)، وێنەی مانگی دەستکردی (Landsat 8).

نەخشەی (١٣)
دابەشبوونی (LST) لە مانگی (ئەیلول) ساڵی ٢٠٢٠



نەخشەی (١٤)
دابەشبوونی (NDVI) لە مانگی (ئەیلول) ساڵی ٢٠٢٠



سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەستن بە بە پرۆگرامی بەرنامەی (ARC Gis-Arc Map 10.8)، وێنەی مانگی دەستکردی (Landsat 8).

دەرئەنجام

١-گۆڕان لە تێکڕای بەرزترین و نزمترین(LST) و مەودای (LST)ڕوویداوە لەماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەدا وەک دەبینین لە مانگی (مایس) ساڵی (٢٠٠٢) بەهای (LST)بریتیە لە (٣٨,٠٣ – ٢١,٤١)°س کەمەودای (LST) بریتیە لە (١٦,٦٢)°س، بەهای بەڵام بەهای (NDVI) بریتیە لە (٠,٦٤- ٠,١٤)، (LST)، لەمانگی لەمانگی (نیسان)ی ساڵی (٢٠١٠) دا بریتیە لە (٢٣,٢٥-١٧,٤٧) °س کە مەودای (LST)بریتیە لە (٥,٧٨)°س، مەودای (LST) زۆردابەزیوە هەرچەندە بەهای (NDVI)لە نێوان (٠,٤٩- -٠,٠١٩) ، بەڵام لە مانگی (مایس) ساڵی(٢٠٢٠) بەهای (LST) بریتیە لە (٢٥,٨٣ – ١٩,٣٧) کە مەودای (LST)بریتیە لە (٦,٤٦) °س، کە بە بەراورد بە مەودای (LST) کەمێک زۆرترە ، بەڵام بەهای (NDVI)لە مانگی (مایس) ی ساڵی (٢٠٢٠) بریتیە لە (٠,٥٤ – ٠,١).

٢-گۆڕان لە تێکڕای بەرزترین و نزمترین و مەودای (LST) ڕووی داوە لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەدا، وەک دەبینین بەهای (LST)لە مانگی (ئەیلول)ی ساڵی(٢٠٠٢) بریتیە لە (٤٨,٢٢ – ٢٨,٦٤)°س، کە مەودای نێوانیان بریتیە لە (١٩,٥٨)°س، هەروەها بەهای (NDVI) بریتیە لە (٠,٥١ - -٠,١٥)،بەهای (LST) لەمانگی (ئاب) ی ساڵی (٢٠١٠) بریتیە لە (٥١,٣ -٣١,١٦)°س، کە مەودای نێوان بریتیە لە (٢٠,١٤)°س، کەمەودای (LST) بە بەراورد بەمەودای (LST) ساڵی (٢٠٠٢) بەرزتربووە ئەوا بەهای (NDVI)لە مانگی (ئاب)ی ساڵی(٢٠١٠)بریتیە (٠,٤٩- ٠,٠٨٧-)، بەڵام بەهای (LST) لەمانگی (ئەیلول)ی ساڵ(٢٠٢٠) بریتیە لە (٤٤,٩٧-٢٩,٢٣)°س کە مەودای نێوان بریتیە لە (١٥,٧٤)°س کە ئەم مەودای ساڵی(٢٠٢٠) بە بەراورد بە مەودای (LST) ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠١٠) دابەزیوە واتە (LST) دابەزینی بە خۆوە دیوە، (NDVI) لەمانگی (ئەیلول)ی ساڵی(٢٠٢٠) بریتیە لە (٠,٤٦ – ٠,١).

٣-دەرەئەنجامەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە بە زیادبوونی بەهای (NDVI) لە ساڵانی لێکۆڵینەوەدا بەهای (LST) دابەزیوە واتە پەیوەندییەکی پێچەوانە (سالب) یان هەیە، وە بە پێچەوانەوە، کەواتە ڕووبۆشی سەوزایی ڕەنگدانەوەی ئاووهەوای ئەو ناوچەیە کە لێی دەژی،

پێشنیار:

١-پێویستە ئەو درەختانە بنێژرێت کە لەگەڵ ئاووهەوای شاری هەڵەبجە گونجاون و هەمیشە سەوزن بەرگەی جیاوازی زۆری مەودای پلەی گەرمی دەگرن.

٢-پاراستنی ئەو باخانەی کە لە ئەنجامی فراوانبوونی شاری هەڵەبجە کەوتوونەتە ناو سنوری شارەوانی هەڵەبجەوە، بە هەرچ هۆکارێك بووە ئەو باخانە لە ناو نەبرێت، نەکرێنە شوێنی خزمەتگوزارییەکانی تر.

٣-دابینکردنی ئاوی ئاودێری پێویست بۆ ئەو باخچە و نەمامانەی کە ساڵانە لە شارەدا دەنێژرێن لە بۆنە جیاوازەکانی هەڵەبجەدا، وە دوورخستەوەی ئەو ئاژەڵانەی کە لەناو شاردا بە خێودەکرێن.
٤-جێ بەجێ کردنی یاسای پاراستنی سەوزایی بەسەر سەرجەم هاووڵاتیانی شاردا بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە سەوزایی لە ناو دەبەن.
٥-هۆشیار کردنەوەی تاکی کۆمەڵگا لە لایەن حکومەت و ڕێکخراوەکانەوە بۆ زیاتر پاراستنی سەوزایی لە ناو لە هەموو ناوچەکەدا.
٦-دانانی مەرج لە کاتی کردنەوەی هەر بینایەك لە سنوری شارەوانی کە بە بڕی (٪١٥-٪٢٠) ڕووبەری زەوییەکەی بکاتە ڕووبەری سەوزایی.
٧-کار بکرێت بۆ زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی لەناو شارەکە، وەگرنگی پێدانی زیاتر بە لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتی زیاتر کردنی ڕووەری سەوزایی پشت بەستن بە شارەزایان و لێکۆڵەرەوەان لەو بوارەدا هەروەها دەکرێت لە کاتی بیناتنانی زیاتری خزماتگوزاریی ڕەنگە کالەکان بەکاربهێنرێت (لە بیناکان و ڕێگاو شەقامەکان.....هتد) جونکە کەمتر تیشکەکان هەلدەمژن بەبەراورد لە ڕەنگە تۆخەکان .

لیستی سەرچاوەکان:

نامە و تێزەکان: زمانی کوردی

١- بەختیار أحمد حسین. (٢٠١٠). ناوچە سەوزاییەکانی ناو شاری سلێمانی لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، کوردستان،لا٨-٩.
٢-رشید حاجی محمد سلیم. (٢٠٢١). کاریگەری ووشکە ساڵی لەسەر پۆشاکی ڕووەکی لە هەرێمی دەشتایی لە پارێزگای هەولێر لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠) بە بەکارهێنانی (RS-GIS)، زانکۆی ساڵاحەین، هەولێر، کوردستان، لا٩٠.
٣- پاکیزە عزیز سعید. (٢٠٢١). کاریگەری ئاووهەوا لەسەر نەخشەی تەلارسازی لە پارێزگای سلێمانی، توێژینەوەیەك لە ئاووهەوای پراکتیکی، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، لا ١٢-١٣.

پەرتوك: زمانی عەرەبی:

١-جزا توفیق طالب. (٢٠٠٥). المقومات الجیوبولتیکیة للأمن القومی فی إقلیم کردستان، مرکز کردستان للدراسات لإستراتیجیة، السلیمانیة، ص٢٤.
٢- قتیبة محمد حسن. (١٩٩٠). علاقة التربة بالماء والنبات، دار الحکمة للطباعة والنشر، الموصل، ص ١١٣.
٣- محمد خمیس الزرکه. (٢٠٠٠). الجغرافیه الزراعیه، دار المعرفه الجامعه للطبع للنشر والتوزیع، الاسکندریه، ص١١٤.
٤- یوسف عبدالمجید فاید، جغرافیة المناخ و النبات، دار النهضة العربیة، بیروت، لبنان، بدون السنة، لا٣٣٢.

زمانی عەرەبی: ماجستیر

١- فراس الغماز. (٢٠١٠). استخدام تقانات الاستشعار عن بعد ونظم المعلومات الجغرافیية في تأثیر الدراسة الجافف في الزراعة بعض المحاصیر البعلیة وانتاجیتها، رسالة ماجستیر، منشورة، دمشق، کلیة الهندسة الزراعیة، جامعة دمشق، ص٤٩.
٢-صفاء عبدالجلیل کامل حمادة. (٢٠١٠). الخصائص الفبوغرافیة وتأثیرها علی الغفاء النباتي في محافظة نابلس بأستتخدام نظو المعلومات الجغرافیة(GIS) و االستشعار عن بعد(RS)رسالة ماجستیر، غیر منشور، فلستین، نابلس، کلیة الدراسات العلیا، جامعة النجا الوطنیة، ص ٧.
٣- مهند ریاض سلمان الحمداني، الاستخدام تقنیات لاستشعارعن بعد فیتصنیف والغطاء الارضی استتخدامات الارض في قضتاءالکوفة، رساله ماجستیر، غیر منشوره، کوفه، کلیه الاداب، جامعه ذی قار، ص٩٨.

In English

1- Donald I.M. Enderle and Robert C. WeihJr.(2005). Integrating Supervised and Unsupervised Classification Methods to Develop a More Accurate Land Cover Classification، Journal of the Arkansas Academy of Science، Vol. 59،p65-66.
2- Pakiza Aziz Saied.(2103). Detection of Urban Expansion and its impact on Land Surface Temperatures in Sulaymaniyah City-Kurdistan Region، Master، unpublished، Sheffield Hallam University، p21.

سایتی ئەنتەرنێت

1- www.usgs.gov.

داموودەزگاکانی حکومەت

١- حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوبەرایەتی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید، بەشی هونەری.
٢-حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوبەرایەتی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید، بەشی پلاندانان.
٣- حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوبەرایەتی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید، بەشی ڕووپێووی، داتایی بلاونەکراوە.

کلتووری سیاسیی هەرێمی کوردستان
فاکتەر و خەسڵەتەکان

ڕەشاد سەبری میران[1]، کوردستان محمد محمود[2]
[1,2]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: rashad.meran1@su.edu.krd

پوختە
کولتووری سیاسی ئاراستەیەکی تیۆرییە بۆ خوێندنەوە و ڕوانگەی خەڵکە بەرامبەر سیاسەت و سیستەمی سیاسی کۆمەڵگا کە فاکتەرێکی گرنگە لە دیاریکردنی جۆری سیستەمی سیاسی وڵات و ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە جێگیرکردنی دیموکراسیدا. تا ئێستا لە کوردستان کەمتر بایەخ بە کاریگەریی کولتوور لەسەر سیاسەت و سیستەمی سیاسی دراوە. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "کولتووری سیاسیی هەرێمی کوردستان، خەسڵەت و فاکتەرەکانی" کە لە هەمان کاتدا، یەکەم توێژینەوەشە لەم بوارەدا، سەرەتایەکە لەم پێوەندییەدا و تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی کولتووری سیاسیی هەرێمی کوردستان. ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی خەسڵەت و فاکتەرەکانی کولتووری سیاسیی هەرێمی کوردستانە کە لە دواجاردا لە سیاسەت و سیستەمی سیاسیی هەرێمدا ڕەنگیان داوەتەوە. توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی شیکارییە بە پشت بەستن بە میتۆدی مێژووی و دکیۆمێنتاری.
وشە کلیلییەکان: کلتووری سیاسی، کلتووری سیاسیی هەرێمی کوردستان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خێڵ، ئایین.

Abstract
Political Culture is perception and approach of people in relation to politics and political system, which at the same time is an important factor in determining the type of political system and plays an important role in stabilizing democracy. So far, less importance has been given to the role of culture in politics and determining the type of political system in Kurdistan. This research is titled political culture of Kurdistan factors and features, which is also the first research on this topic. The purpose of the research is to show the features and factors of the political culture of the Kurdistan region, which is finally reflected in its politics and political system. Analytical research has been done based on historical and library methods.
The key words: Political Culture, Political Culture of Kurdistan Social Structure, Region, Tribe.

ملخص بحث
الثقافة السياسية هي تصور الناس و منهجهم فيما يتعلق بالسياسة و النظام السياسي و هي فى الوقت نفسة عامل مهم فى تحديد نوع النظام السياسيو تلعب دورا مهما في الاستقرار اليمقراطية. حتي الآن, تم اعطاء اهمية اقل لدور الثقافة في السياسة و تحديد نوع النظام السياسي في كردستان. هذا البحث بعنوان الثقافة السياسية في كوردستان و عواملها و خصائصها و هو ايضا البحث الاول في هذا الموضوع. الغرض من البحث هو اظهار خصائص و عوامل الثقافة السياسية لاقليم كوردستان و التي تنعكس اخيرا في نظامها السياسي و السياسة. تم اجراء بحث تحليلي علي المناهج التاريخية و المكتبية.
الكلمات المفتاحية: الثقافة السياسية، الثقافة السياسية لاقليم كوردستان، البنية الاجتماعية، القبلية، الدين

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
DOI Link	http://doi.org/10.32410/huj-10460
ڕێکەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٢١ | ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/٢٠ | ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	rashad.meran1@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	©٢٠٢٣ پ.د. ڕەشاد سەبری میران، کوردستان محمد محمود، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

پێشەکی

کولتووری سیاسی ئاراستەیەکی تیۆرییە بۆ دەرخستنی کارلێکی نێوان کولتوور و سیاسەت کە دەرهاویشتەی کۆمەڵێك فاکتەری مێژووپی، جوگرافی، ئەزموونی سیاسی، ئابووری و نەریت و بەهاکانی کۆمەڵگایە. دەرئەنجامی ئەم کارلێکە دەبێتە هۆی جێگیرکردنی شێوازێکی بیرکردنەوە و هەڵوێستی سیاسی کە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

کولتووری سیاسی تایبەتە بە شیکردنەوەی ڕەهەندە سیاسییەکانی کولتوور لە کۆمەڵگادا. ئەم ئاراستەیە گەڕانەوە و بایەخدانە بە کولتوور لە شیکردنەوەی دیاردە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگادا. مێژووی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی جەنگی یەکەم و دووهەمی جیهانی کە عەقڵی مودێرن و دیموکراسی لە جیهانی هاوچەرخدا خستە ژێر پرسیارەوە. جەنگی یەکەم بووە هۆی سەرهەڵدانی فاشیزم و نازیسم لە ئەوروپا. جەنگی دووهەمی جیهانیش ململانێی توندی لیبراڵیزم و کۆمۆنیزمی بەدواوە بوو.

خودی جەنگەکان، کاریگەرییەکان و دۆخی ئاڵۆزی پاشتر، کۆمەڵێك پرسیاری دروست کردن. ئەم پرسیارانەش پێویستیان بە وڵامی نوێ بوو کە تیۆر و بیرۆکە کۆنەکان نەیاندەتوانی وڵامیان بدەنەوە. خەمی گەورەی سیاسییەکان، ڕای گشتی، زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکانی ڕۆژئاوا، دیموکراسی و پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی بوو.

پێش جەنگ هەموو هەوڵەکان بۆ سەرخستنی دیموکراسی و پەرەسەندنی سیاسی و ئابووری لەسەر پەرەدان بە دامەزراوەکان، یاسا و دەستوور چڕ ببوونەوە و پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و دەسەڵاتدارانیش پێیان وابوو ئەگەر بێتو وڵات بەدامەزراوەیی بکرێ و پەرە بە یاسا و دەستوور بدرێ، دیموکراسیش بە دامەزراوەیی دەکرێ و ئابووریش پێش دەکەوێ.

ساڵی ١٩٦٣ دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان. بڵاوبوونەوەی کتێبی کولتووری مەدەنی، ئاراستە سیاسییەکان و دیموکراسی لەناو پێنج نەتەوەدا، لە نووسینی گابریەڵ ئاڵمۆند و سیدنی ڤێربا ناوەندە ئەکادیمییەکانی جیهانی لیبراڵی هەژاند. ئاڵمۆند و ڤێربا بۆ یەکەمجار لەو کتێبەدا چەمکی کولتووری سیاسیان هێنایە ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە و لەڕێی ئەم چەمکەوە بە میتۆدێکی زانستی، سیستماتیك و لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی دەریانخست کە سەرکەوتنی دیموکراسی بەندە بە کولتووری سیاسیی وڵاتانەوە. ئەوان بە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارانە، لەناو پێنج وڵات (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بریتانیا، مەکسیك،ئیتاڵیا و ئەڵمانیا) سەلماندیان کە کولتووری سیاسی فاکتەری سەرەکی سەرکەوتنی دیموکراسییە. ((Almond & verba, ١٩٨٩:٣. ئەوە یەکەمجار بوو کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، تیۆرێك ئاماژە بەوە بکا کە کولتوور پێش فاکتەرە ئابووری، دامەزراوەیی و یاساییەکان، ڕۆڵی هەیە لەسەرخستنی دیموکراسیدا.

کولتووری سیاسی تیۆرێکی گرنگە بۆ شیکردنەوەی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی. کۆمەڵگایەك کە سەرەڕای چەندەها دامەزراوەی سیاسی و یاسایی، پێشکەوتنی مادی، تەکنۆلۆجیا و ئابووری، بەڵام لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، داخراو و نادیموکراتیکە. توێژینەوەکە پێی وایە کولتووری سیاسی فاکتەرێکی کاریگەرە لەسەر ئەم دۆخە داخراو و نادیموکراتیکەدا و ئامانجی توێژینەوەکەش دەرخستنی فاکتەر و خەسڵەتەکانی کولتووری سیاسی هەرێمی کوردستان و کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی سیاسی و کۆمەلایەتیی هەرێمی کوردستانە.

پێناسەی کولتووری سیاسی

دەستەواژەی کولتووری سیاسی لە دوو چەمکی کولتوور و سیاسەت پێکهاتووە و هۆکاری داهێنانی ئەم دەستەواژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوە و پێناسەی نوێ لە کولتوور و سیاسەت لە ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ لە جیهانی ڕۆژئاوا. پێشتر سیاسەت تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵات و حکومەتدا پێناسە دەکرا، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاراستەی ڕەفتارگەرایی لە سیاسەتدا، سیاسەتیش وەك کایەکانی دیکەی کۆمەڵگا ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی گرتە خۆ (رفیع، ١٣٩٧: ٤١ . ٢٣).

هێندێك کەس کولتوور بە دابونەریت بیروبڕوا و بەهاکانی کۆمەڵگا پێناسە دەکەن. هێندێك کەس پێیان وایە کولتوور بریتییە لە هێما و ئوستوورەکانی کۆمەڵگا. هێندێك کەسی دیکەش بازنەی کولتوور زۆر بەرفراوان دەکەن و بە خوێندنەوە و تێگەیشتنی مرۆڤی دادەنێن لەسەر ژیان، کۆمەڵگا و جیهان (قیصری، ١٣٨٨، ٩٤ . ٩٥).

بە گشتی دەکرێ کولتوور بەوە پێناسە بکەین کە بریتییە لە سیستەمێکی بەهایی، ڕوانگە، دابونەریت. فەلسەفە، هونەر، داهێنان کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا هاوبەشە و وەك میراتێکی مێژووپی درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات.

باوترین و کۆنترین پێناسە لە کولتووری سیاسی، پێناسەکەی ئاڵمۆند و ڤێربایە. ئەوان کولتووری سیاسیان بە ئاراستە و ڕوانگەی خەڵك بەرامبەر سیستەمی سیاسی پیناسە کردووە (Almond &Verba,1989:13).

لۆشن پای، کولتووری سیاسی بە کۆمەڵە ڕوانگە و بیروبۆچوونێك پێناسە دەکات کە ئەرکیان ڕێکخستن و ئاراستەکردنی پرۆسەی سیاسی و دیاریکردنی چوارچێوە و ڕێوشوێنە بۆ سیستەمی سیاسی (پای، ١٣٧٠ : ٩ . ١٠). بەپێی پێناسەی ئالێن بای و گای پیتزەر کولتووری سیاسی بریتییە لە ڕوانگەی و بەهاکانی کۆمەڵگا کە تایبەتن بە سیستەمی سیاسی و پرسە سیاسییەکانی کۆمەڵگا (بال و پیتزر، ١٣٨٤ : ٧٣). ستیفان دی. تێنسی کولتووری سیاسی بەو ژینگە عەقڵی و هزرییە پێناسە دەکات کە سیاسەت تێیدا گەشە دەکات(تنسی، ١٣٧١ . ٣٩).

کولتووری سیاسی تێگەیشتنە لە ڕیشەی کۆمەڵایەتی دیموکراسی و چۆنییەتی گۆڕانی ئەم ڕیشە کۆمەڵایەتییانە لەڕێی گۆڕانکاریی کولتووریەوە. ئەم گۆڕانکارییە کولتووریانە دەرئەنجامی سیاسیی گرنگیان بەدواوەیە و زیاتر ڕێگا بۆ بەشداری و ڕۆڵی سیاسیی تاك خۆش دەکەن. (Inglehart & Welzel,2003: 56).

کولتووری سیاسی لە هەر ڕوانگەیەکەوە پێناسە کرابێت لە چەند خاڵی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە کە بریتین لە ڕوانگە، بیروبڕوا و تێگەیشتنی خەڵك لە سیاسەت و سیستەمی سیاسیی کۆمەڵگا کە پاشخانێکی بەهێزی تیۆری و پراکتیکی بۆ هزر و ڕەفتاری سیاسی دادەڕێژن. کولتووری سیاسیی دەرئەنجامی مێژووی سیاسی .کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایە و ڕەنگدانەوە هزروبیری هاووڵاتیانییە لە بڕیار و ستراتیجییە سیاسیەکانی کۆمەڵگادا.

ئەو پاشخانە مێژووێی . سیاسییەی کولتووری سیاسی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەڵکەوتی جوگرافی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، و عەقڵییەتی کۆمەڵگا کە لەڕێی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوازرێتەوە (اخوان کاظمی، ١٣٨٨ : ٢٣٠ . ٢٣١).
کولتووری سیاسیی کۆمەڵگای کوردیش هاوشێوەی کۆمەڵگاکانی دیکە، لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژووییدا جێگیر بووە و کاریگەریی لەسەر عەقڵییەت و سیاسەتی کورد داناوە و ڕوانگە و ئاراستەی تاکی کورد بەرامبەر سیاسەت و سیستەمی سیاسی دیاری دەکات.

کولتووری سیاسی لە هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان پێکهاتەیەکی ئیداری- سیاسی- نەتەوەیی نوێیە کە پاش ڕاپەڕینی جەماوەری ساڵی ١٩٩١ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا سەریهەڵدا و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس (٢٠٠٣) لە دەستووری نوێی عێراقدا بە ڕەسمی دانی پێدانرا.
هەرچەندە ژمارەی نامەکانی ماستەر و دکتۆرا لەسەر کولتوور, بە تایبەت لە پاش ساڵانی ٢٠٠٠هوە زۆرن، بەڵام لەسەر کولتووری سیاسی تەنیا وتارێکی وەرگێڕدراوی پرۆفیسۆرڕەشاد میران، پێشەنگی لێکۆڵینەوەکان لەسەر کولتووری کورد لەبەردەستە (میران، ٢٠١٠: ل ١٦٠ . ١٨١). دکتۆر جەمال نەبەزیش لە کتێبی قوتابخانەی کوردی سوسیالیزم (٢٠٠٢، ل ٢١) تەنیا ئاماژەی بە کولتووری سیاسی کردووە. جەبار قادر لە نامەی ماستەرەکەی بە ناوی کولتوور و سیاسەت (٢٠١٥), باسی یەکەمی بەشی پێنجەمی تەرخانکردووە بۆ کولتووری سیاسی. دکتور هیوا حاجی خدر لە کتێبیSocial Capital,Civic Engagement and Demicratization in Kurdista لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی بە کولتووری سیاسی کردووە، بەڵام ناوبراو تەرکیزی لەسەر سەرمایەی کۆمەڵایەتییە (khidr, 2020:2).
بەڵام چەندین سەرچاوەی کۆنتر کە زیاتر دەچنە خانەی لێکۆڵینەوە لەسەر کەسایەتی نەتەوەییNational Character.، ئاماژەیان بە چوارچێوە و خەسڵەتەکانی کولتووری کورد کردوە. کۆنترین سەرچاوە لەم پێوەندییەدا، شەرفنامەی شەرەفخانی بەدلیسییە (١٥٩٧). شەرەفخان لە پێشەکیی کتێبەکەیدا، ئاماژەی بە خەسڵەتەکانی کورد کردووە: ئازایەتی و نەترسی، خۆبەزلزانی، دەست پان نەکردنەوە، بایەخ نەدان بە ژیان و پارە، میواندار، دووبەرەکی و نایەکگرتووی، نەبوونی مەرجەع، منداڵ زۆری، قەناعەت (بدلیسی,١٣٧٧: ل١٩ . ١٢).
ئەحمەدی خانی (١٦٥١ . ١٧٠٧) لە "مەموزین"دا، باسی ئازایەتیی کورد دەکات و هۆکاری ژێردەستەیی و بێدەوڵەتیی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ نایەیەکگرتووی (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨:ل ٤٨ . ٤٤). "عادات و ڕسوماتنامەی کوردان"ی مەلامەحمودی بایەزیدی(١٨٥٨)یەکەمین سەرچاوەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کولتوور و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی. بایەزیدی کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان دابەش دەکا بەسەر چوار چیندا: ڕەوەند، کورد، کرمانج و نیشتەجێ. باسی جیاوازیی شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی ڕەوەند و نیشتەجێکان دەکات. کورد بەبێخەم دەزانێ کە بیر لە پارە ناکاتەوە. ئاماژەی بە گرنگی و پێگەی چەك کردووە لای کورد کە بۆ کڕینی چەك دەچنە ئەستەمبوڵ. تەنانەت مەلا و فەقێش چەکیان هەیە. کرمانج و ڕەوەندی هەکاری، بادینان و بۆتان بۆ ئاودەستیش چەك دەبەن. یەکێك لە خەسڵەتەکانی کورد کە بایەزیدی ئاماژەی پێکردووە، قارەمانی و ئازایەتییە لە شەڕەکاندا کە لە کۆڕوکۆبوونەکانیاندا بۆیەکدیی دەگێڕنەوە. باسی پێگەی سەرۆك خێڵەکان دەکات لای ئەندامانی خێڵ. ئاماژە بە جیاوازیی ژنی ڕەوەند و ژنی کرمانج دەکات کە ژنی کرمانج هیچ ناکەن و ژنی ڕەوەند هەموو کارەکانی لە ئەستۆیە. ئازایەتیی کورد لە شەڕکردن، تۆڵەکردنەوە. ئازاتربوونی ڕەوەندەکانی هەکاری، بۆتان و ئامێدی و سۆران لە چاو کوردەکانی موش، بایەزید, قارص و یەریڤان. ململانێی نێوان ڕەوەند و نیشتەجێکان لەو خەسڵەت و دیاردانەن کە لە کتێبەکەدا ئاماژەیان پێکراوە. (بایەزیدی، ٢٠١٥: ل ٣٦ . ٢٦).
ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدە ڕووسی، بریتانی، ئەڵمانی و فەڕەنسییەکانیش کەنووسینەکانیان سەرچاوەی بەسوودن بۆ کوردۆلۆگی، لە ڕوانگەی خۆیانەوە ئاماژەیان بە خەسڵەتەکانی کەسایەتیی کورد کردووە. شەڕانگێزی، خێڵایەتی، پیاوکوژی، میوانداری، ئازادیی ژن... (سندی، ٢٠٠٨: ل ٤٩ . ١١).
هاوکات لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١)، دیاسپۆرایەکی کورد لە دەرەوەی کوردستان و بەتایبەت لە وڵاتانی سوشیالیستی سەریهەڵدا. بەشێك لەو دیاسپۆرایە لە زانکۆ جیاوازەکانی وڵاتانی ئەوروپا، دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە لە سەر کورد و بەشێك لەو لێکۆڵینەوانەش ڕاستەوخۆیا ناڕاستەوخۆ لەگەڵ باسی سیاسی و مێژووییی پێوەندییان بە کولتوورەوە بوو. کتێبی کوردستان و کوردی دکتۆر عبدالرحمن قاسملو کە ساڵی ١٩٦٦ وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی یەکێك لە کارە جوانەکانی دیاسپۆرای کورد بوو کە بۆ یەکەمجار کوردێك پیکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردی شی دەکردەوە.
یەکێك لە دەسکەوتە گرنگەکانی بەیانی ئازاری ١٩٧١، دامەزرانی کۆڕی زانیاریی کورد بوو لە بەغدا کە شەپۆلێکی نووسین و وەرگێڕانی لەسەر کورد و کۆمەڵگای کوردی لێکەوتەوە. مەسعود محەممەد، کەسایەتیی دیاری ناو کۆڕی زانیاریی کورد بە نووسینی دوو کتێبی مرۆڤ و دەوروبەر (١٩٧٣) و کۆکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی (١٩٧٣)، هەنگاوێکی مەزنی هاویشت و مەسەلەی کولتووری هێنایە ناو شیکردنەوەی ئەدەب، دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە. لە مرۆڤ و دەوربەردا هۆکاری خۆبەکەمزانینی چەپی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆڕۆحی تێکشکاوی کەسایەتیی کورد (محەممەد، ١٩٧٣: ل: ٣٢) کەسایەتییەك کە لە سەر زاراوە ئامادەیە شارێك بکاتە دوو کەرت (هەمان سەرچاوە، ل:٦٥). لەو کتێبەدا کە زیاتر ڕەتکردنەوەی ماتریالیزمی مارکسییە، بەهێنانەوەی نموونەیەك لە گوندێکی ڕانیە، ئەو بۆچوونەی مارکسییەکان ڕەت دەکاتەوە کە پێیان وایە ئابووری بناغەی ژیانە.- مەسعود محەممەد دەڵێ لە ساڵی گرانییەکەدا لە گوندێکی ڕانیە کە کەس ئامادەنەبووە پارەی خۆی خەرج بکات، ژنێك لە برسان دەیهەوێ زێڕەکەی هەرزانفرۆش بکات، کەس لێی ناکڕێ. بەڵام کاتێك ویستویەتی لەو گرانی و بێپارەییەدا، قورئانەکەی بفرۆشێ، قورئانەکەیان لێ کڕیوە چونکە لای خەڵکەکە زۆر بەنرختر بووە لە زێڕەکە (سەرچاوەی پێشوو، ل: ٦٦). نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٧٥ و شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤) و دوو ئیدارەیی (١٩٩٨ . ٢٠٠٥)، لەو ڕووداوە گرنگانە بوون کە جیهانی ڕۆشنبیریی کوردیان هەژاند و بۆ گەڕان بە دوای هۆکارەکانی نسکۆ و شەڕی ناوخۆ, مەسەلەی"کولتووری سیاسی" زەقکرایەوە.
هەرچەندە هیچ کام لەو نووسەرانە ئاماژەیان بە کولتووری سیاسی نەکردووە، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکانیاندا باسی کاریگەریی کولتوور کراوە لەسەر شکستەکە و پێیانوایە شکستەکە یا شەڕی ناوخۆ تەنیا پێوەندی نییە بە شکستی یەك حیزب و یەك کەس,بەڵکو ریشەیەکی قووڵی

مێژووێی هەیە و پێوەندیی بە کولتووری سیاسییەوە هەیە.
لەو کتێبانەی پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول نووسراون، دەکرێ ئاماژە بکەین بە قوتابخانەی سۆشیالیزمی کوردیی جەمال نەبەز کە لە هەمان کاتدا مانیفستێکی سیاسی بوو. جەمال نەبەز لەو کتێبەدا سەرچاوەی عەقڵییەتی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ هزری زەردەشت و پێیوایە کولتووری کورد، ناسنامە و شوناسی خۆی هەیە و پێویستی بە قەرزکردن لەمولەو نییە. ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆی لە کولتووری سیاسی نزیك دەکاتەوە.
ئیمپراتۆریای لم (١٩٩٨) و ناسیۆنالیزم و خێڵ، کولتوور و ناسیۆنالیزم (٢٠٠٨) لە نووسینی دکتۆر ڕەفیق سابیریش خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ سیاسەت و مێژووی سیاسی هاوچەرخی کورد. ڕەفیق سابیر لەو کتێبانەدا، پاشخانی کۆمەڵایەتی و کولتوور دەکاتە فاکتەری سەرەکی بۆ شیکردنەوە و دەرئەنجامەکانی و پێی وایە کولتووری کورد فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ دۆخی نالەباری سیاسی و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد.

فاکتەرە کاریگەرەکانی کولتووری سیاسی کورد

١. جوگرافیا

کەشوهەوا، بەرزی و نزمی، سەرما و گەرما، ڕووبار و چیا، بە درێژایی مێژوو، ڕۆڵی گرنگیان لە دیاریکردنی کولتووری سیاسی کوردستاندا هەبووە. مرۆڤ بەپێی هەڵکەوتە و باری جوگرافیای شوێنی نیشتەجێبوون، شێوازی ژیانی دیاری دەکات. کەواتە جوگرافیا کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر کولتوور بە گشتی و کولتووری سیاسیش بە تایبەت. شێوازی ژیانی کوردێکی چیایی جیاوازە لە عەرەبێکی بیابان، ئەمەش دەبێتە هۆی دوو کولتوورِیی جیاواز. لەسەر ئەو کاریگەرییە دەکرێ ئاماژە بکەین بە زێی گەورە کە بۆتە هۆی دابڕانی بادینان و سۆران و دوو شێوەزاری جیاوازی دروست کردووە .باری جوگرافی یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی سەرهەڵدان و چەسپاندنی سیستەمی خێڵایەتی لە کوردستان. چیای بەرز، ڕووبار و کەشوهەوای ناخۆش بوونە هۆی دابڕانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لە یەکتر و ئەمەش وایکردووە هەستی نیشتمانیی کورد لاواز بێ (محەممەد،١٩٧٣:ل ١٤٣) و کورد بیر لە دامەزراندنی دەوڵەت نەکاتەوە (قەرەداغی،٢٠٠٠: ل ١٧ . ١). بەگشتی جوگرافیا بۆتە هۆی دروستبوونی کولتوورێکی سیاسی نایەکگرتوو و پارچەپارچە لە کوردستان کە تا ئێستاش لە هەرێمێکی بچووکی سێ پارێزگاییدا ناتوانێ لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوو و یەکپارچەدا خۆی ڕێکبخاتەوە.

٢. مێژوو و ڕووداوە سیاسییەکان

هێندێك کەس کاریگەریی مێژوو لەسەر کولتووری سیاسی کورد دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی میدیا و پێیان وایە کولتووری سیاسی کورد بەرهەمی ئەم مێژووە درێژخایەنەیە (نەبەز، ١٩٨٦ و قادری، ٢٠١٧). د. زەکەریا قادری لە نامەی دکتۆراکەیدا (عقل سیاسی ایران و هویتخواهی کردها) پێی وایە عەقڵی سیاسی کورد پێچەوانەی عەقڵییەتی سیاسی ئێرانی کە عەقڵییەتێکی میتافیزیکی و ئاسمانییە، عەقڵییەتێکی دنیایی و زەمینییە و شەرعییەتی سیاسی لای کورد لەسەر بنەمای گرێبەست بووە نەك شەرعییەتی ئاسمانی و ئایینی (قادری، ٢٠١٧: ل ١٤).
مێژوو یادەوەری هاوبەش لای خەڵك دروست دەکا و شوناسی هاوبەش دینێتە کایەوە و دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی ئێمە لە ئەوان. جەنگی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی و دامەزراندنی چەندین دەوڵەتی عەرەبی و لەوانەش عێراق، لەو ڕووداوە مێژووییە گرنگانەن کە کاریگەرییان کردۆتە سەر کولتووری سیاسی کورد و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد. کولتوورێکی سیاسی لە دەرەوەی ئیرادەی خێڵ سەریهەڵدا کە لەلایەن چینی شارنشین و ڕۆشنبیرەوە ڕەنگڕێژ کرابوو.

٣. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، ئەو دامەزراوە جێگیر و بەردەوامانە دەگرێتەوە کە دبنە هۆی کارلێکی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکتردا. بە واتایەکی تر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یاسا و ڕێساکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ ڕێك دەخات (Wilterdink and Form,2022)
ڕەفیق سابیر خێڵ و ئایین بە فاکتەری سەرەکی کۆمەڵگای کوردی دادەنێت کە پێکەوە لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژووییدا، کیوێکی مەزنی کولتووری سیاسی و شێوە مودیلێکی بەموتڵەقکراوی دەسەڵاتیان داهێناوە کە تا ئێستاش لە ناو کولتوور و عەقڵی سیاسی و ئایدۆلۆجیای دەوڵەتدا وزەی خۆیان پاراستوە (سابیر، ١٩٩٨ : ١٤).
سیستەمی خێڵایەتی لەسەر بنەمای هیرارشی ڕاوەستاوە. لە سیستەمی خێڵەکیدا، تەمەن، ڕەگەز و خوێن سێ توخمی سەرەکین کە هەرسێکیان دەبنە هۆی پێکهێنانی کولتوورێکی سیاسیی ملکەچ و داخراو. بچووك ملکەچی گەورەتر لە خۆیەتی و ژنیش ملکەچی پیاو کە لە دواجاردا دەبێتەی سەرهەڵدانی عەقڵییەتی دیکتاتۆری و خۆسەپاندن.
سریع القلم کولتووری سیاسی ئێران لە بنەڕەتدا بە کولتوورێکی خێڵەکی دادەنێت و هۆکاری بێمتمانەیی، گەندەڵی و مەراییکردن دەگەڕێنێتەوە بۆ کولتووری سیاسی خێڵەکی ئێران (سریع القلم، ١٣٧٧ : ٤٣.٣٤).

٤. شکستی بەردەوامی بزاڤی سیاسی کورد

شکستی بەردەوامی بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد، کولتوورێکی سیاسی بەرهەمهێناوە کە کورد خاوەن پرۆژەی گەورەی سیاسی و نیشتمانی نەبێت. تایبەتمەندیی ئەم کولتوورە سیاسییە بریتییە لە چاوپۆشی و پەردەپۆشکردنی ئامانجی ستراتیجی و نەتەوەیی لەبری خەبات و قوربانیدانی بێهودە بۆ دەسکەوتی لاوەکی و ناستراتیجی. ئەم کولتوورە سیاسییە لە چوارچێوەی حیزب تێناپەڕێ و هۆکارە بۆ ململانێی توندی

حیزبایەتی و شەڕی ناوخۆ.
لەلایەکی دیکەوە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی هەستی خۆبەکەمزانینی کورد و متمانەنەکردن بەخۆ.

٥. ڕژێمی حوکمڕانی لە عێراق

ڕژێمە جیاوازەکانی دەسەڵات لە عیراق فاکتەرێکی کاریگەرن لەسەر کولتووری سیاسیی هەرێمی کوردستان. عێراق لە ماوەی یەك سەدە لە تەمەنی سیاسیی خۆی، چەندین ڕژێم و دەسەڵاتی گۆڕیوە. کودەتا، دیکتاتۆری، تیرۆر و شەڕ خەسڵەتی سەرەکیی ئەو ڕژێمە سیاسییانە بووە. هەڵوێست و سیاسەتی ئەم ڕژێمانە بەرامبەر بە کورد کاریگەریی زۆر نێگەتیڤی داناوە لەسەر کولتووریی سیاسیی کورد. بەتایبەت پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵانی (١٩٧٥ . ١٩٩١) توندوتیژی ڕژێمی بەعس بووە هۆی سەرهەڵدانی کلتووری ترس و تۆقین و وەك دژکردەوەیەك بەرامبەر سیاسەتی بەعس، کولتووری سیاسیی شۆڕشگێڕانەی کورد سەریهەڵدا کە شۆڕش و خەباتی چەکداری کردە میتۆدی سەرەکیی ڕزگاربوون لەو دۆخە ناهەمواره سیاسییە.
کولتووری سیاسیی شاخ لە دوای ڕاپەڕین گوازرایەوە بۆ شار کە دەرئەنجامەکەی بە شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی کۆتاییهات. کولتووری سیاسیی شۆڕشگێڕانە لە جیاتی دیالۆگ و گرتنەبەری میکانیزمی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات، پەنا بۆ چەك و سەپاندنی هێز دەبات. بەشێك لەو توندوتیژییەی ئەمڕۆکەی کۆمەڵگای کوردستان ڕیشەی لەو کولتوورە سیاسییە شۆڕشگێڕانە دایە.

٦. ئایین

ئایین بریتییە لە کۆمەڵە هێمایەك کە هەستی ملکەچبوون یا ڕێزێکی تێکەڵ بە ترس لەناو شوێنکەوتوانیدا دروست دەکات و پێوەندی بەو ڕێورەسم و پەرستنانەوە هەیە کە بڕواداران ئەنجامی دەدەن (گیدنز، ١٣٨٨ : ٧٧٠ . ٧٦٨). ئایین بە گشتی لە سەرجەم کۆمەڵگاکاندا، ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕەنگڕێژکردنی کولتووری سیاسیدا هەیە. بە تایبەت لە کۆمەڵگای کوردیدا کە کۆمەڵگایەکی نەریتییە ئەو ڕۆڵە بەرفراوانتر و کاریگەرترە. ئایین و دامەزراوە ئایینییەکان لە چوارچێوەی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوونی سیاسیی تاکدا دەبنە هۆی بنیاتنانی عەقڵییەتی کۆنەپارێزی و گوێڕایەڵی (Mofidi, 2019:45-65). تا ناڕاستی دەیەی ١٩٩٠ و شەڕی ناوخۆ لە کوردستان، بەهۆی باڵادەستی لایەنی نەتەوەیی لە هوشیاری و خەباتی کورددا، دەوری ئایین زۆر زەق نەبوو. هێندێك کەس بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لەلایەن شێخ و مەلاوە سەرۆکایەتیی کراوە (قانع، ٢٠١٨: ل ٧٠ . ٦٧). ئەوانیش کولتوورێکی سیاسییان بەرهەمهێناوە لەسەر بنەمای موریدایەتی کە سەرۆك دەکات بە ڕەمز و حەقیقەتی ڕەها لای خەڵك

٧. ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و سەرهەڵدانی کولتوورێکی سیاسیی نوێ

ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستان، گەورەترین کاریگەریی هەبوو لەسەر کولتووری سیاسیی لە کۆمەڵگای کوردیدا. بەرهەمی ڕاپەڕین دامەزرانی سیستەمێکی "نیمچەسەربەخۆ" بوو بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان. دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەرهەمی ڕەنج و خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد بوو، کولتووری سیاسیی کوردیی خستە ناو چوارچێوە و فۆرمێکی دیکەوە. ئەو کولتوورە سیاسییەی کە پێشتر لەسەر بنەمای ڕزگاری نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم و شۆڕشگێڕی ڕاوەستابوو گۆڕا بۆ پرسی بنیاتنانی سیستەمێکی سیاسیی دیموکراتیك و ڕزگاربوون لە دیکتاتۆری و ژێردەستەیی.

خەسڵەتەکانی کولتووری سیاسیی پێش ڕاپەڕین

١. شۆڕشگێڕی

خەسڵەتی سەرەکیی کولتووری سیاسیی پێش ڕاپەڕین، شۆڕشگێڕییە و پشتی بەستبوو بە چەك و خەباتی پارتیزانی . دۆخی شۆڕشگێڕی زیاتر لەسەر بنەمای هەست و ئیحساسە تا هوشیاریی سیاسی. لە خەباتی پارتیزانیدا حیزب و سەرۆکی حیزب پیرۆز دەکرێن و دەبن بە"شوناس" بۆ شۆڕشگێڕان. بۆیە پارتیزان لە بەرامبەر هێرش یا ڕەخنە بۆ سەر حیزب و سەرۆکەکەی زۆر هەستیارە و وەك چۆن ئامادەیە بەرامبەر دوژمن بوەستێتەوە، بەرامبەر بە ڕەخنەگران و ناحەزانی حیزب و خەڵکیش دەوەستێتەوە. پارتیزان حیزب و ئایدیۆلۆگیای خۆی دەکات بە حەقیقەتی ڕەها و خۆی و حیزبەکەی بە ڕزگارکەری گەل دادەنێت لە چەوسانەوەی نەتەوەیی و چینایەتی . بەرهەمی ئەم دۆخە، سەرهەڵدانی کولتوورێکی سیاسییە کە بڕوای بە دیالۆگ نییە، چەك بە یەکلاکەرەوەی کێشەکان دادەنێت و خۆی دەکات بە نوێنەری گەل و کەمتر ڕێگا بە ڕەخنە و داواکاری خەڵك دەدات.

٢. چەپ و ڕادیکاڵ:

لەگەڵ دامەزرانی حیزبی شیوعیی عێراق لە ساڵی ١٩٣٤، هەر زوو چالاکی ئەو حیزبە گەیشتە دوورترین شوێنەکانی کوردستان (ئەبوتارا، ٢٠٢٠). حیزبی شیوعیی عێراقیش هاوشێوەی سەرجەم شیوعییەکانی جیهان، داوای نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتی دەکرد. دروشمی سەرەکیی شیوعییەکان تا ١٩٩١یش هەر یەکگرتنی کرێکارانی جیهان بوو. بەم شێوەیە چینایەتی کرا بە ئامانجی یەکەمی حیزبایەتی. ئەم دروشمە کولتوورێکی سیاسیی کۆسمۆپۆلیتی دروستکرد لە ناو ڕۆشنبیرانی کورد کە زۆر بەرفراوانتر و گەورەتر بوو لە کولتووری گوند و خێڵ و تەنانەت شاریش.- لە ڕووی پێوەندییەوە لەگەڵ جیهانێکی گەورەتر تێکەڵبوو.
کاریگەریی چەپ لەسەر کولتووری سیاسیی کورد ئەوەندە زۆر بوو کە لە پێڕەو و پرۆگرامی پارتی دیموکراتدا، تا کۆنگرەی یازدەی ساڵی ١٩٩٣، ئاماژە بە تیۆریی مارکسی-لینینی کراوە بۆ چارەسەری کێشەکان (ژیر، ٢٠٠٦،ل: ٢٥). بەشێك لە کێشەکانی ناو مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ١٩٥٨ و دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت لەسەر چەپایەتی و کوردایەتی بوو (ڕەشید، ٢٠١٧ : ١٤٠).

کولتووری سیاسی حیزبە چەپەکان لەسەر بنەمای سەنترالیزمی دیموکراتیك ڕاوەستاوە. واتە بڕیار لە سەرەوەی هەرەمی حیزب دەدرێ و لە خوارەوە دەبێ جێبەجێ بکرێت. حیزب خۆی بە نوێنەری چینی هەژار، جووتیار و کرێکاران دادەنێ، بۆیە ئەو مافە بە خۆی دەدات لایەنی بەرامبەری (سەرمایەدار) لەناوببات. هەڵبژاردن و کۆنگرە لە حیزبە چەپەکاندا شتێکی ڕۆتینە. ڕەخنەگرتن لە هەرەمی حیزب لادانە لە بنەماکانی مارکسیزم -لنینیزم.

بەرهەمی ئەم پێکهاتە و سیستەمی حیزبایەتییە، بنیاتنانی کولتوورێکی سیاسی سەرەڕۆ و نادیموکراتیکە کە پێش بە گەشەی هزر و سەرخستنی دیموکراسی دەگرێت.

٣. ناسیۆنالیزم

هەرچەندە سەرجەم حیزبەکانی پێش ڕاپەڕین کەم و زۆر لە ژێر کاریگەریی هزری مارکسی-لنینیندا بوون، بەڵام کوردایەتی هزریی زاڵی ڕای گشتی بوو. کوردایەتیش ئامانجەکەی دامەزرانی کیانێکی سیاسی بوو لە چوارچێوەی ستراتیجی"دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" کە تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٧٥ دروشمی سەرەکی بزووتنەوەی سیاسیی کورد بوو. بەرهەمی کوردایەتی بۆ کولتووری سیاسیی کوردستان، پێداگری لەسەر کوردبوون، خەبات و شوناسی نەتەوەیی بوو. حەماسەت، پێشمەرگە، چەك و چیا بەرهەمی ئەم کوردایەتیەن و بوون بە توخمی کارای کولتووری سیاسیی ئەو دەم. ئەم کولتوورە نەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕی کۆڵنەدەری پەروەردە کرد کە پەرەی بە ئازایەتی و شانازیی نیشتمانی دەدا و نیشتمانپەروەری ڕەگەزی سەرەکی ئەو کولتوورە سیاسییە بوو.

٤. عەلمانی:

کولتووری سیاسیی هەرێم پێش ڕاپەڕین، کولتووریکی تاڕادەیەك عەلمانی بوو. الهاشمی هۆکاری ئەو عەلمانییەتە دەگەڕێنێتەوە بۆ پێوەندیی نوخبەی سیاسیی کورد لەگەڵ ڕۆژئاوا و زاڵبوونی هزری ناسیۆنالیزم بەسەر بزووتنەوەی سیاسیی کورددا (الهاشمی، ٢٠١٣ : ١٢٩).

ئاڕاستە سەرەکییەکانی کولتووری سیاسیی پێش ڕاپەڕین، چەپ و کوردایەتی بوون کە دوای ڕاپەڕین دۆخەکە بە تەواوی گۆڕا و گەڕانەوە بۆ ئایین وەك دیاردەیەکی بەرفراوان سەریهەڵدا (ئیروانی، ٢٠٠٢:ل ١٧٢). شەری ناوخۆ، باری ناهەمواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری وایکرد ئایین ببێتە پەناگەیەك بۆ خەڵکەکە و حیزبە ناسیۆنالیستەکانی سەردەمی شاخیش ئەو بڕەوی جارانیان نەما. لە ئەنجامدا ئایین بووە ئەڵتەرناتیڤی ناسیۆنالیزمی کوردی.

خەسڵەتەکانی کولتووری سیاسیی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١

ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و دامەزرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕووی سیاسی و مێژووییەوە، دەسپێکی قۆناغێکی نوێ و سەرهەڵدانی کولتوورێکی سیاسیی نوێ بوو. جوگرافیای حیزبایەتی، لە شاخەوە گۆڕا بۆ شار. سەردەمی پراکتیزەکردنی دروشمەکانی شۆڕش بوو. چاوەڕوانی خەڵك لە رزگاریی نەتەوەییەوە گۆڕا بۆ دابینکردنی ژیان و ئاسایش. بەها پیرۆزەکانی شاخ، کاڵبوونەوە. هەڵبژاردن، حکومەت، پەرلەمان، دیموکراسی، بیروڕای ئازاد، ڕاگەیاندنی ئەهلی، خزمەتگوزاری، بەشداریی سیاسی، ئۆپۆزیسیۆن، خۆپشاندان و .... هتد لەو چەمکانەن کە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هاتوونە ناو پانتایی کولتووری سیاسیی کوردەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی یەکەم هەڵبژاردنی ئازادی مێژووی کوردستانە کە لە ڕێکەوتی ١٩ی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ بەرێوەچوو (ڕەئووف، ٢٠١٨: ل ٣٣). بەڵام هەر زوو ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە هاوشێوەی زۆربەی وڵاتە نادیموکراتیکەکان، گرژیی تێکەوت و دوای ڕێکەوتنێك لە نێوان دوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردستان (پارتی دیموکرات و یەکیەتیی نیشتمانی) مودێلی سیاسیی فیفتی فیفتی (پەنجا بە پەنجا) لە کوردستان پیادە کرا.

حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان بەهۆی شەڕی ناوخۆ (ئایاری ساڵی ١٩٩٤) زۆری نەخایاند و شەڕەکە بووە هۆی هەڵوەشانەوەی حکومەت و سەرهەڵدانی دوو ئیدارەیی. ئیدارەی سلێمانی و ئیدارەی هەولێر کە زیاتر بە زۆنی زەرد و زۆنی سەوز بەناوبانگن. شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی کولتوورێکی نوێی سیاسی بەرهەم هێنا. دەکرێ سەردەمی دوای ڕاپەڕین بەسەر دوو قۆناغدا پۆلین بکەین.قۆناغی یەکەم: قۆناغی شەڕ و برسیەتی (١٩٩١ . ٢٠٠٣) و قۆناغی دووەم: قۆناغی بووژانەوەی ئابووری و یەکخستنەوە (٢٠٠٣ . ٢٠٢٢)

قۆناغی یەکەم

تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم قۆناغە، شەڕی ناوخۆ و برسیەتی بوو. شەڕ و برسیەتی خەڵکێکی زۆری ناچارکرد پەڕیوەی هەندەران بن. بژێوی ژیانی زۆربەی خەڵك یا لەسەر یارمەتی ئەو ڕێکخراوە خێرخوازە بیانییانە ڕاوەستابوو کە هاتبوونە کوردستان یا لەسەر داهاتی دوو حیزبە سەرەکییەکە بوو.

ئەو کۆمەڵگایانەی کێشەی ئابووریان هەیە کۆمەڵگای ماددیین (Material Society)- خەڵك لەم کۆمەڵگایانەدا، تەنیا بیر لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان دەکەنەوە. خەمی سەرەکیی خەڵك بژێوی ژیان و ئاسایشە. کولتووری سیاسیی ئەم کۆمەڵگایانە، کولتووریکی داخراوی سیاسییە کە بیر لە دیموکراسی و بەشداریی سیاسی ناکاتەوە. ئەو کۆمەڵگایانەش کە لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێزن بە کۆمەڵگای پۆست ماددی (Post Material) بەناوبانگن- کولتووری سیاسیی ئەم کۆمەڵگایانە کەوتۆتە قۆناغێکەوە کە پێداویستییە سەرەکییەکانی دابینکراون و بیر لە کواڵێتی ژیان و بەهای بەرزتر دەکاتەوە. (Englehart,1977: 4) . لەوانە- لەباربردنی مناڵ، پاڕاستنی ژینگە، پرسی هاوڕەگەزخوازی، دژایەتیکردنی شەڕ و فرۆشتنی چەك

هەرچەندە ئەو قۆناغە دە ساڵی خایاند، بەڵام کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر هزر و بیری خەڵك دانا. کولتوورێکی نوێی سیاسیی بەرهەمهێنا کە دەکرێ لەم چەند خاڵەدا کورتی بکەینەوە:

١ . بێ متمانەیی و گومان
شەڕی ناوخۆ، دوو ئیدارەیی و ململانێی حیزبی، کولتووری سیاسیی بێمتمانەیی لای خەڵك دروستکرد. ئەو هەستە گەرم و شۆڕشگێڕانەی پێشتر بەرامبەر بە حیزبەکان لە شاخ لە ئارادابوو، جێگەی خۆی دا بە گومان لە سیاسەت و ستراتیجیی حیزبەکان.
٢ . هەڵگەڕانەوە لە کوردایەتی:
شکستی حیزبە سیاسییەکانی شاخ لە سەرخستنی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کورد، هەڵگەڕانەوەی خەڵکی لە کوردایەتی لێکەوتەوە. لە کولتووری سیاسیی ئەو دۆخە نوێیەدا، کوردایەتی و نیشتمان کاڵبوونەوە. دەرئەنجامی ئەو کولتوورە سیاسییە شکستی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو، وایکرد ئینتیمای خەڵکەکە بۆ کوردایەتی لاواز بێ. یەکێك لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەو هەڵگەڕانەوەیە لە کوردایەتیی، ئەوە بوو کە لە دۆخی شپرزەی عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ساڵی ٢٠٠٣، لە جیاتی دامەزرانی دەوڵەت و گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان، خەڵك ڕوویانکردە هێنان و کڕینی سەیارەی علوج.

٣ . گەشەی ئیسلامی سیاسی
ڕەوشی پڕ لە قەیرانی کوردستان دوای شەڕی ناوخۆ لە ١٩٩٤،هاوکاتبوو لەگەڵ گەشەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا. لە کوردستانیش بەهۆی شکستی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی و حیزبە ناسیۆنالیستەکان، کەشەکە لەباربوو بۆ گەشەی ئیسلامی سیاسی.
بە ڕاگەیاندنی دەسپێکی چالاکیی سیاسیی ئاشکرای حیزبی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان (١٩٩٤)، فەزای ڕۆشنبیری و کولتووری سیاسیی هەرێم کەوتە ژێر کاریگەریی پرۆژەی "دەعوە"ی ئەم حیزبەوە. هەرچەندە پێشتر بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان لە گۆڕەپانەکەدا بوو و لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا بەشداریکرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی حیزبێکی چەکداربوو و بۆخۆشی یەکێك بوو لەلایەنەکانی شەڕی ناوخۆ، نەیتوانی وەك پێویست خەڵك بەلای خۆیدا ڕاکێشێ. بەڵام یەکگرتوو، لەڕێی دوو پرۆژەی خێرخوازی و دەعوەوە، توانی هەم خەڵکی ئاسایی و هەم خەڵکی خوێندەواریش ڕابکێشێ.
لە هەڵبژاردنەکانی قوتابیان لە قۆناغی دوو ئیدارەییدا (١٩٩٤ . ٢٠٠٥)، ڕێکخراوی یەکگرتووی قوتابیانی سەر بە یەکگرتوی ئیسلامی نزیکەی ٢٠٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا (غەفوور، ٢٠١٢: ٣٣). یەکگرتوو لە ڕێی پرۆژەی دەعوەوە هەوڵەکانی خۆیی لە قوتابخانە ئامادەییەکان و زانکۆکان چڕ کردەوە و تا ساڵی ٢٠٠٠ توانی هەم کادیری پێویست و هەم جەماوەری پێویست بۆخۆی دەستەبەر بکا.
شکستی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی، کولتوورێکی سیاسیی بەرهەمهێنا کە هێرشی سەرەکیی بۆ سەر عەلمانییەت بوو. ئۆباڵی شکستەکانی کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی کوردی خستە ئەستۆی عەلمانییەتەوە؛ ئێستاش لە ڕای گشتیی کوردستاندا، عەلمانییەت یەکسانکراوە بە کفر و دژەئایین.
لایەکیتری پرۆژەی دەعوەی ئیسلامییەکان لە مزگەوت و ئامادەیی و زانکۆکان، بریتیبوو لەهێرشکردنە سەر ڕۆژئاوا . بەشێك لەو پرۆژەیە، دوو حیزبە سەرەکییەی کوردستانی بە بەکرێگیراوی وڵاتانی ڕۆژئاوا دادەنا کە خەریکی بڵاوکردنەوەی ماسۆنییەت، بێڕەوشتی و مەسیحییەتن. بەرهەمی ئەم هزرە، سەرهەڵدانی کولتوورێکی سیاسی بوو لەسەر سرینەوەی لایەنی بەرامبەر و دوژمنایەتی لەگەڵ توخمە سەرەکییەکانی دیموکراسی وەك ئازادی بیروڕا، تیلۆڕانس و ڕێزگرتن.
پێوانەی ئیسلامی سیاسی بۆ خوێندنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگا، گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو. بۆ ئەوان هەموو شتێك لە ڕابردوودا، مەوجودە و ئێستا و داهاتووش بەدەست مرۆڤەوە نییە (ڕەواندزی،٢٠١٠، ٤) و ئەوەش دەبێتە هۆی بەپیرۆزکردنی ڕابردوو و سەرهەڵدانی کولتووری سیاسیی ڕەهاخوازی و کۆنەپارێزی کە دژایەتیی نوێبوونەوە و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسییە.

قۆناغی دووهەم

ئەم قۆناغە بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس (٢٠٠٣) دەست پێدەکات . دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بودجەیەکی تایبەت لە فرۆشی نەوتی عێراق بۆ کوردستان تەرخانکرا کە بووە هۆی بووژانەوەی ئابووری و ژیانی خەڵك. دەستی حکومەتەکانی هەولێر و سلێمانی کراوەترکرد بۆ پێشکەشکردنی هێندێك پرۆژەی خزمەتگوزاری.
بەم شێوەیە دۆخی نالەباری ئابووری کۆتاییهات و سیمای شار و گوندەکان گۆڕان؛ خەڵکێکی زۆری گوندەکان هاتنە ناو شارەکانەوە. شارەکان گەورەتر بوون و کردنەوەی مۆڵ و پارك دیاردەی نوێ بوون لەناو شارەکان. مووچەی فەرمانبەران، بە مەدەنی و سەربازییەوە، یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی گۆڕانی شێوازی ژیان بوو لە شارەکان . دوو ئیدارەیی کۆتاییهات و ڕێککەوتنامەی ستراتیجیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان تاڕادەیەك ململانێی حیزبایەتی هێورکردەوە و دوو حیزبەکە لە دوو هەڵبژاردندا بە لیستی هاوبەش بەشداریانکرد. گەشەی ئابووری و باشتربوونی باری ژیان، بە ڕادەیەك خەڵکی لە بەسترانەوە بە حیزب ڕزگارکرد.
دەکرێ خەسڵەتەکانی کولتووری سیاسیی ئەم قۆناغە، لەم چەند خاڵانەدا کورت بکەینەوە:
١ . بەشداریی سیاسی و هەڵبژاردن: دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، هەڵبژاردن جارێکی دیکە کرایەوە پێوەری سەنگی حیزبەکان و پێکهێنانی حکومەت. تا ئێستا چەندین هەڵبژاردن کراون و حیزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات توانیویانە لەڕێی هەڵبژاردنەوە بچنە ناو دەسەڵاتەوە. ڕای گشتیش لەڕێی خۆپیشاندان و دەنگدان بە حیزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات، لە ئاستێکی کەمدا توانیویەتی فشار بخاتە سەر دەسەڵات. ساڵی ٢٠٠٩ بە دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، چەمکێکی نوێ بەناوی ئۆپۆزیسیۆن سەری هەڵدا کە بەرامبەر بە دەسەڵات، خۆیی بە نوێنەری خەڵك ڕاگەیاند. دوای گۆڕانیش چەند حیزبێتر چوونە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنەوە. سەرهەڵدانی دیاردەی ئۆپۆزیسیۆن، ڕۆڵی هەبوو لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمدا.

٢ .كاڵبوونەوەی حیزبایەتی
گۆڕانكارییە سیاسی، ئابووری و كۆمەڵایەتییەكانی پاش ساڵی ٢٠٠٣، ڕێككەوتنامەی ستراتیجی نێوان پارتی و یەكیەتی و ڕەخنەی خەڵك لە ئیدارەی هەرێم، بووە هۆی دابەزینی ئینتیمای خەڵك بۆ حیزبە دەسەڵاتدارەكان. لە یەكەم هەڵبژاردنی هەرێمی كوردستان (١٩٩٢)، دوو حیزبە دەسەڵاتدارەكەی هەرێم (٨٩٪) دەنگەكانیان مسۆگەر كرد، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٤)، ئەم ڕێژەیە دابەزی بۆ (٥٥٪). (ڕەئووف،٢٠١٨: ل ٢٤٥)
٣ .گەشەی تاكایەتی (خوودیزم)
بووژانەوەی باری ئابووریی خەڵك و كاڵبوونەوەی حیزبایەتی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆكەی تاكایەتی(خوودیزم). تاكایەتیش لەسەر بنەمای ئازادی و پاراستنی بەرژەوەندیی تاك ڕاوەستاوە. بە واتایەكی دیكە، تاكایەتی بایەخدانە بە ڕوانگە، هەڵوێست و شێوازی ژیانی دڵخواز لەلایەن تاكەوە كە تاك خۆی بڕیاردەرە نەك كۆ.
٤ . دوورکەوتنە لە سیاسەت
لە نێوان ساڵانی (١٩١٩ . ٢٠٠٣) كۆمەڵگای كوردستان، كۆمەڵگایەكی تەواو سیاسی بووە. بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە لە ئەنجامی كۆمەڵێك فاكتەری ئابووری، سیاسی و كۆمەڵایەتی و لە هەموویان گرنگتر، خوودیزم خەڵك زیاتر بیر لە ژیانی تاكەكەسیی خۆی دەكاتەوە تا تێوەگلان لە سیاسەت. ڕێژەی بەشداریی خەڵك لە دوا هەڵبژاردنەكانی هەرێم لەچاو یەكەم هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩١ و هەڵبژاردنەكانی پاش ساڵی ٢٠٠٣، بە شێوەیەكی بەرچاو دابەزیوە (ڕەئووف، ٢٠١٨: ٢٤٥).

٥ . بەرزبوونەوەی هوشیاریی سیاسی
كۆی ئەو فاكتەرانەی سەرەوە وایانكردووە ئاستی هوشیاریی سیاسیی كورد لەو قۆناغەدا بەرز بێتەوە.ئەنجامی لێكۆڵینەوەكانی دامەزراوەی (WVS) كە بە سەرپەرشتیی ڕۆناڵدا ئینگلهارت لە عێراقدا كراوە، ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەكاتەوە. بۆ نموونە، ٧٢٪ی بەشدارانی ڕاپرسییەكە لە ناو كورد پێیان وایە دیموكراسی سیستەمێكی زۆرباشە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ناو عەرەبدا، ٥٥٪. یا لە وەڵامی ئەو پرسیارەی كە ئایا دەبێ كەسایەتییە ئاینییەكان پۆستی سیاسی وەرگرن، لە ناو كورددا, ڕێژەی ٣٨٪ بەشدارانی ڕاپرسییەكە هاوڕا بوون لەگەڵ ئەم پرسە، بەڵام ئەو ڕێژەیە لەناو عەرەبدا دەگاتە ٦٩٪؛ لە سەر توانای ئایین بۆ چارەسەری كێشە كۆمەڵایەتییەكان، ٨٤٪ ی بەشدارانی عەرەب هاودەنگن لەگەڵ ئەوەی ئایین توانای چارەسەری كێشە كۆمەڵایەتییەكانی هەیە، بەڵام ئەو ڕێژەیە لەناو كورددا- ٥٤٪؛ لەسەر گوێڕایەڵی ژن بۆ پیاو، ٩٢٪ ی بەشدارانی عەرەب، پێیان وایە دەبێ ژن گوێڕایەڵ بێت، لە كاتێكدا ئەم ڕێژەیە لە ناو كورددا- ٧٣٪؛ لەسەر دیموكراسی ئیسلامی ٤٧٪ شیعەی عێراق لەگەڵیدان، بەڵام ئەو ڕێژە لە ناو كورددا- ٢١٪. (حەكیم، ٢٠١١:ل ٢١٨ . ١٥٣).

ئەنجام

كولتووری سیاسی فاكتەرێكی گرنگە لە داڕشتنی سیاسەت، وستراتیجی سیاسی و لەوانەش گرنگتر، لە دیاریكردنی جۆری سیستەمی سیاسیدا. كولتووری سیاسیش بۆخۆی ڕەنگدانەوەی كۆمەڵێك فاكتەرە. كولتووری سیاسی هەرێمی كوردستان بەرهەمی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی، جوگرافیا، ئایین و مێژووی سیاسی پڕهەورازونشێوی نەتەوەی كوردە.
جوگرافیای كوردستان بۆتە هۆی دابڕانی ناوچە جیاوازەكانی كوردستان لە یەكتر. ئەم دابڕانەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی ناوچەگەری لە ئاستی سیاسی و كۆمەڵایەتیدا و ئاستەنگ بووە لەبەردەم دروستبوونی عەقڵییەتی وێناكردنی كوردستانێكی یەكپارچە و یەكگرتوودا. پێكهاتەی كۆمەڵایەتیی خێڵەكی كوردستان كە لەسەر بنەمای هیرارشی و عورف ڕاوەستاوە، وایكردووە سیستەمی سیاسی هەرێم ئێستاش خاوەن دەستوور و یاسا نەبێت و میكانیزمەكانی بەڕێوەبردن و ڕێكخستنی دەسەڵات لەسەر بنەمای بڕیار و بەرژەوەندی تاكەكەسی بەڕێوە بچن. لە سیاسەتی كوردستاندا هاوشێوەی خێڵ سەرۆكی حیزبەكان وەك باوك و براگەورە بڕیار دەدەن و خەڵك ڕۆڵێكی ئەوتۆیان نییە و دەبێ گوێڕایەڵی بڕیاری گەورەكان بن.
مێژوو و ڕووداوە سیاسییەكانی كوردستانیش یەكێكی دیكە لە فاكتەرەكانی كولتووری سیاسیی هەرێمن كە كاریگەرییەكی قووڵیان لەسەر سیاسەت و سیستەمی سیاسی هەرێمی كوردستان داناوە. دەرئەنجامەكەشی بڵاوبوونەوەی هزری نادیموكراتیك، پەنابردنە بەر چەك ، بۆ یەكلاكردنەوەی كێشەكان و دەمارگرژیی سیاسی و حیزبایەتی بووە. گرنگترین ڕووداوی كاریگەری ناو كولتووری سیاسی كوردستان، ڕاپەڕینی ١٩٩١ بوو كە لە سەرەتادا چاوەڕوان دەكرا هەستی متمانەكردنی تەتەوەیی بۆ كورد بگەڕێنێتەوە، بەڵام شەڕی ناوخۆ و دووئیدارەیی كاریگەرییەكی زۆر نێگەتیڤیان لەسەر سیاسەت و سیستەمی سیاسی هەرێمی كوردستان دانا كە تا ئێستاش ئاسەواری هەر نەبڕاوەتەوە. ئایینیش وەك فاكتەرێكی گرنگی كولتووری سیاسی لە سیاسەت و سیستەمی سیاسی هەرێمی كوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە. بەتایبەت دوای ڕاپەڕین و شەڕی ناوخۆ و بەهۆی ئەو بارە ناهەمواره سیاسی و كۆمەڵایەتییەی بەسەر كوردستاندا زاڵ بوو كە هاوكاتیش بوو لەگەڵ گەشەی ئیسلامی سیاسی لە ناو جیهانی ئیسلامدا، بووە هۆی پەرەدان بە گوتارێكی سیاسی لەسەر بنەمای ڕەتكردنەوەی بەها كولتووریيە لیبرالەكان. وەك ئازادیی تاك، تیلۆرانس و ڕێزدانان بۆ جیاوازیی هزر و بیر. بنیاتی هیرارشی كۆمەڵگای كوردی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی كولتووری سیاسی ملكەچبوون و گوێڕایەڵی.
بەگشتی دەكرێ بڵیین كولتووری سیسای هەرێمی كوردستان كە زادەی ئەو ئەو كۆمەڵە فاكتەرانەیە كولتوورێكی سیایی نادیموكراتیكە و زیاتر پشت بە عورف و عادەت دەبەستێ تا یاسا و دامەزراوە ڕەسمییەكانی هەرێم.

لیستی سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

١)بایەزیدی، مەلامەحمود (٢٠١٥) عادات و رسووماتنامەی اکرادیە (داب و نەریتی کورد)، وەرگێڕانی لە رووسیەوە، پ.د. شوکریە رەسوڵ ئیبراهیم، چاپخانەی پەنجەرە، چاپی دووەم، تاران
٢)حەکیم، موراد (٢٠١١)، رەوشی بەهاکان لە عێراق لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری ڕۆنالد ئینگلهارت، نامەی دکتۆرا، بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر
٣)ڕەشید، سەلاح (٢٠١٧)، دیداری تەمەن، مام جەلال لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.
٥)ڕەواندزی، ئیسماعیل ئیبراهیم، دەربارەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان (٢٠١٠)، http://www.pukmedia.com/peshhat/ .peshhat.htm
٦)ژیر، کامیل (٢٠٠٦)، کوردایەتی بیر و بزاڤە، چاپخانەی بابان، سلێمانی
٧)سابیر، رەفیق (١٩٩٨)، ئیمپراتۆریای لم، سوید لە بڵاوکراوەکانی ڕابوون.
٨)سندی، بەدرخان (٢٠٠٨)، کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا، وەرگێڕانی د. ئیسماعیل ئیبراهیم، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.
٩)عەبدوڵڵا، نەجاتی (٢٠٠٨)، مەم و زین، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر
١٠)غەفوور، عومەر عەلی (٢٠١٢)، زستان و بەهاری ئیسلامی سیاسی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و وڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر
١١)قانیع، مەریوان وریا (٢٠١٨)، دەسەڵات و جیاوازی، چاپی سێهەم، ناوەندی ئەندێشە، چاپخانەی تاران
١٢)قەرەداغی، عەتا (٢٠٠٠)، کۆمەڵگای کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی، بڵاوکردنەوەی لەلایەن نووسەر.
١٣)محەممەد، مەسعود (١٩٧٣)، مرۆڤ و دەوروبەر، بڵاوکردنەوەی https://bradost.com
١٤)میران، رەشاد (٢٠١٠)، چەند بابەتێکی ئیتنۆ.کۆمەڵایەتی، بەرگی یەکەم، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك
١٥)نەبەز، جەمال (٢٠٠١)، هێندێك لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم، بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی میدیا" ژمارەی (٢٠)، چاپی دووهەم، هەولێر.
١٦)ئەبوتارا (٢٠٢٠)، بەشێك لە مێژووی حیزبی شیوعی، بەرنامەی ڕووداو و مێژوو، کەناڵی https://nrttv.com nrt,.
١٧)ئیرەوانی، موسلیح (٢٠٠٢)، ئایین و ناسیۆنالیزم، ڕۆڵ و کاریگەری و پەیوەندی نێوانیان لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری. مەیدانییە لە سۆسیۆلۆژیای ئایین، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر

لیستی سەرچاوەکان بە ئینگلیزی

1) Almond,G.A and Verba, S,(1989),Civic Culture: Attitudes and Democracy in Five Nations, Princeton University Press.
2) Inglehart, R &Welzel, C (2003), Political Culture and Democracy: Analyzing Cross – Level Linkages, Comparative Politics,.36(1).
3) Inglehart, R (1977), the Silent Revolution, Changing Values and Political Styles among Western Publics, by Princeton University Press.
4) Khedir, Hiwa Haji (2020), Social Capital, Civic Engagement and Democratization in Kurdistan, Palgrave Macmillan.
5) Mofidi, Sabah (2019), Religion and Political Culture in Eastern Kurdistan , Soran University, Center for Middle Eastern Research, Journal of Middle Eastern Research 2.
6) Wilterdink, N. and Form, . William (2022, August 16). social structure. Encyclopedia Britannica. https://www.britannica.com/topic/social-structure

لیستی سەرچاوەکان بە زمانی فارسی

١)ازغندی، علیرضا (١٣٨٥)، درآمدی بر جامعه شناسی ایران، تهران، نشر قومس.
٢)بال، آلن.ر و پیترز، ب. گای (١٣٨٤)، سیاست و حکومت جدید، ترجمه عبدالرحمن عالم، تهران، نشر قومس
٣)بدلیسی، شرفخان (١٣٧٧), شرفنامه تاریخ مفصل کردستان به اهتمام ولادیمیر ولیامینوف زرنوف، انتشارات اساطیر، چاپ اول. تهران
٤)پای، لوسین (١٣٧٠)، فرهنگ سیاسی و توسعه سیاسی، ترجمه مجید محمدی، نامه فرهنگ، شماره ٥ و ٦.
٥)تنسی، استفان دی (١٣٧٩)، مبانی علم سیاست، ترجمه علیرچا ملك محمدی، تهران، نشر دادگستر
٦)رفیع، حسین، فرهنگ سیاسی (١٣٩٧)، یك بررسی مفهومی و نظری، فصلنامه سیاست، سال پنجم، شماره هفدهم.
٧)زکریا (هێرش)، قادری (٢٠١٧)، عقل سیاسی ایرانی و هویتخواهی کردها، چاپ سوم، انتشار از سوی نویسنده.
٨)سریع القلم، محمود (١٣٧٧)، مبانی فرهنگ عشیرەای ایران، اطلاعات سیاسی و اقتصادی، شماره ١٣٥ و ١٣٦.
٩)قیصری، نورالله (١٣٨٨)، نخبگان و تحول فرهنگ سیاسی در ایران دوره قاجاریه، تهران مرکز اسناد انقلاب اسلامی.
١٠)گیدنز، آنتونی (١٣٨٨)، جامعەشناسی با همکاری کارن بردسال با تجدید نظر کامل و روزآمدشده، ترجمه حسن چاوشیان، تهران، نشر نی.